


Raman
145
June 2009
A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information Directorate

RAMAN

145

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ساڵی سێزدە/حوزەیرانی ٢٠٠٩

خاوەن ئیمتیاز

شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر

ئازاد عەبدولواحید

بەڕێوەبەری هونەری

سەرکەوت وەلی

مۆتیف و پۆرتریت

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی

## ● سەروتار


– نوێخوازی ئێمە.. نوێخوازی ئەوان/ سەرنووسەر/ 3


## ● دەق


– سەمای سنەوبەرەکان/ دڵشادی عومەر کاکی/ 5
– هێشوو هێشوو درۆ ئەگرم/ چنوور نامیق/ 6
– تۆ/ هۆشەنگ شێخ محەمەد/ 8
– خەو لێهەرمی/ بێری بهار/ 9
– لوسی/ لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 10
– مرۆ تاکەی دەتوانێ وەک خۆی بێ/ ناسر وەحیدی/ 12
– سڤێتلانە/ مارف خەزنەدار/ 15
– پیاوە گرگنەکە/ بەکر دەروێش/ 19
– ئەرقینا دل/ لۆرین. س. دۆغمان/ 22
– کچ/ لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید ئیبراهیم ڕەشید/ 24


## ● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (هۆمەر دزەیی)/
ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 28


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– سووژەی دیکارتی: پێشینە، تایبەتمەندی و دەرئەنجامەکانی/
د. بەختیار سەجادی.. لە ئینگلیزییەوە: قوتبەدین ئەحمەدی/ 43


## ● دۆسیە

**(دۆسیەیەک لەبارەی مام هەژارەوە)**


– لەبارەی ئەم دۆسیەی مام هەژار/ سەرنووسەر/ 55
– یادێک لە مام هەژار/ فەلەکەدین کاکەیی/ 56
– هەژار و سەفەری موکریان/ ئەحمەدی قازی/ 60
– بەرەو موکریانی هەژار، شیعرێک لە ترۆپکی شیعری کوردیدا/
سەعید نەجاری (ئاسۆ)/ 66
– شیعری هەژار و هەژاری شاعیر/
کامەران جەوهەری – هەڵوەدا/ 75
– لایەنە بەرجەستەکانی کەسایەتی هەژار/ د. سەباح بەرزنجی/ 85
– یادێک و گەشتێک بە هێندێ لە بەرهەمەکانی هەژاردا/
حوسێن ئیبراهیمی/ 93
– هەژار، خەییام.. وەرگێڕان، هێرمێنۆتیک/ سەلاحەدین حوسێن
پەناهی/ 99
– لە سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی ڕا، هەتا وەرگێڕانی
قورئان/ ناسر عەلی یار/ 104
– هەژار و پەخشانی کوردی/ عەلی ڕەزا نوسرەتی/ 110
– هەژار و ئایین/ محەمەد ئەحمەدیان/ 114
– هەژار لە بەرەو موکریاندا/ عەلی گوڵی/ 118


## ● وتار


– مرۆڤ لە ڕۆمانی (خەونی پیاوە ئێرانییەکان)دا/
ئارام سدیق/ 120


## ● هزر و فەلسەفە


– مایستەر ئیکهات پێشەنگی سۆفیزمی ئەڵەمان/
د. حەمید عەزیز/ 125


## ● مێژوو


– هۆزی لەک لە مێژوودا/ عەباس سلێمان سمایل/ 134


## ● هونەر


– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 138
– تەمیرە/ مەنووچێهر جیهانی/ 142


## ● خوێندنەوەی کتێب


– قەڵای سپی/ هاشم سەراج/ 151
– شیعر و ڕۆڵی لە بەشاکارکردنی ئەدەبییانەی پرۆسەی
ئەنفالدا/ محەمەد ساڵح مستەفا/ 154


## ● زاراوەسازی


– ئەمپریٚسیۆنیزم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 158


## ● سووکە لەنگەر


– ڕەخنە و ڕەخنەسازی/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# نوێخوازی ئێمە.. نوێخوازی ئەوان

**سەرنووسەر**

* کورد میللەتێکە زیاتر لە بواری شیعردا چانسی خۆی تاقی کردووەتەوە و ئەسپی خۆی تاو داوە و خۆی پێ هەڵداوەتەوە، لەبەر ئەوە پێی وایە لەو بوارەدا زیاتر لە هەموو بوارەکانی دیکەی داهێنان و مەعریفەت کاری کردووە، بۆیە زۆرترین قسە و باس و بانگەشەکانی هەر لەو بوارەدا قەتیس ماون و گیرساونەتەوە، ئێمەش زیاتر لە هەموو بوار و کایەکانی دیکەی ناو دنیای داهێنان هەوڵ دەدەین لەو تایبەتمەندییە نزیک ببینەوە و قسەی لە بارەوە بکەین، چونکە پتر شەڕ فرۆشییەکە بەرۆکی ئەو بوارەی گرتووە، بە تایبەتیش کاتێک دەبینین ئەو شیعرە بە چ دەدرێک دەبرێ و چۆن ئەمڕۆکە دەنگە شیعرییە ڕۆشنبیرەکان، لەگەڵ دەنگە لەرزۆک و لاواز و نا ڕۆشنبیرەکان تێکەڵی یەکتر بوون، تەنانەت ئەو دەنگە نا ڕۆشنبیرانە چۆن دەستیان ناوەتە بینە قاقای شیعری کوردییەوە و لە دەنگە جددییەکانیش زیاتر ناوودەنگیان پەیدا کردووە، لەکاتێکدا ئەو شیعرانەی ئەوانە دەینووسن هیچ جۆرە تایبەتمەندی و دەگمەنی و زیندوویی و تاموبۆیەکی تایبەتی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە.

* هەمیشە ئەو کێشەیە لە ئارادا بووە و ویستوویانە شیعر بەگژ شارستانیەت و ژیوار و مەدەنیەتدا بکرێ، ئەو قسەیە بەو مانایە کراوە کە شیعر بەرهەمی ژیانی سادەیی و گوندایەتی و فەلاحەت و کشتوکاڵ بێ، بۆیە شیعر وا وێنا کراوە گوایە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و زانستگەلی نوێ و بیر و هزری ئاوێتە و نوێ نەبووە و نییە، لە کاتێکدا نوێخوازە ڕاستەقینەکان هەمیشە ئەوەیان دووپاتە کردووەتەوە و لەگەڵ ئەو ڕایەدان کە شیعر دژی تەکنۆلۆژیا و مەدەنیەت و زانستە نوێیەکان و هزرە ئاوێتەکان نییە، چونکە شیعر لەو سەردەمەدا جەوهەرە، نەک ڕووکەش و ڕواڵەت، ئەو جەوهەرەش لە دوو ناوەندەوە سەرچاوەی گرتووە کە یەکێکیان لۆگۆسی (عەقڵی) و ئەوی دیکەیان ئیرۆسی (حسی)یە، شیعری نوێخوازانەش لە هەردوو ناوەندەوە هاتووە و بە تەنیا یەکێکیان نییە، بە واتای شیعری نوێخوازانەی سەردەم هەڵکشانە لە ئیرۆسەوە بەرەو لۆگۆس. بەداخەوە شیعری نوێخوازانەی لای ئێمە زۆرتر لەسەر لایەنی ئیرۆسی گیرساوەتەوە و پەلی بۆ لایەنی لۆگۆسی نەهاوێشتووە، بۆیە نوێخوازییەکەمان لە پرۆسەی بە ڕۆشنبیربووندا (مثاقفة) بەدوور بووە و هەر لەسەر یەک ڕەهەندی و تەنکاو ماوەتەوە و کاری کردووە.

* داخەکەم ئەوانەی ئەمڕۆکە شیعر دەنووسن وا دەزانن ئەو نوێخوازییەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن و جاڕی بۆ دەدەن تەنیا لەناو شیعردا گیری خوادووە، چونکە ئەوانە وادەزانن شیعر تەنیا گەمەیەکی وشەبازانە و زمانەوانییە، لەکاتێکدا کە واژەیەک دەهێنن جاری وا هەیە بەبێ ئەوەی لەمانایەکەی تێگەیشتبن لەگەڵ کۆمەڵێ وشەو واژەی دیکە تێکەڵی دەکەن و ڕستەی لێڵ و هەڵماوی لێ دەخولقێنن، بەڵام ئەوانە قەت ناتوانن ڕستەی شیعری نوێ بکەنەوە، چونکە بە تەواوی لە چەمکی (نوێخوازی) نەگەیشتوون.

* ئەو جۆرە شاعیرانە دەبێ باش لەو ڕاستییە تێبگەن کە (نوێخوازی) پێش ئەوەی لەناو شیعردا بەرپا بکرێ، دەبێ لەناو عەقڵ و دنیابینی خۆیاندا بەرپای بکەن. من ناچێتە عەقڵمەوە کەسێک جیهانبینییەکەی بۆ دنیا کۆن و لاسایی کەرەوانە بێ، بتوانێ لاف و گەزافی نوێ بوونەوەی شیعر لێ بدات، چونکە هیچ نوێ بوونەوە و نوێخوازییەک نایەتە دی ئەگەر نوێخوازی لە هەڵوێستدا نەبێ،

هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر بە گرفت و ئاریشەکانی مرۆڤ و ژیان و گەردوون و ڕووداوەکان. شاعیر پشتیوانی لە هەڵوێستێکی نوێ نەکات ناتوانێ شیعر و ئەدەبیات نوێ بکاتەوە، چونکە نوێ کردنەوەی (هەڵوێست) بۆ خۆی وەرگرتنی هەڵوێستێکی عەقڵانییە و دەبێتە مایەی نوێ کردنەوەی عەقڵ.

* نوێخوازەکانی ئێمە دوای ڕواڵەت و توێکڵ کەوتوون، بۆیە نوێخوازییەکەیان هەڵوێستێکی عەقڵانی نییە لە پرۆسەی نوێ بوونەوە، جار هەیە بەکاڵی و بەکوڵاوی و بە برژاوی لە کتێبی (الأطروحة الفنطازية)ی د. عەلی ئەلشوک کە کتێبەکەی ساڵی ١٩٧٢ چاپ کردووە وەردەگرن و لاسایی ڕووکەشانەی دەکەنەوە، ئیدی هەر لە شیعری (وێنەیی) و (ئەلکترۆنی) و (کۆنکرێتی) و چی و چی لەوێ ڕادەگوێزن و بە نوێخوازی و نرت و نوێیی پێمانی دەفرۆشنەوە، ئەم کارانەشیان چونکە بەشێک لە دنیابینی ئەوان نییە و لە قەناعەتەوە نەهاتووە، بۆیە بە کرێ و بە بێدەنگی تێدەپەڕن و کەس ئاوڕیان لێناداتەوە و هیچ کاریگەری و جێ پەنجەیەک لەسەر هەندەسە و ڕوخساری شیعری کوردیمان بەجێ ناهێڵن.

* لە دنیادا هەموو نوێخوازییەکان لە هەر بوارێکدا بووبن، تەنانەت لە بواری زانست و زانیاریشدا بن پێوەندییان بەیەکەوە هەبووە، ئەوەی بیەوێ نوێخوازی لەناو شیعر و ئەدەبیاتدا دەست پێبکا، دەبێ ئاگای لە هەموو هەڵکشان و داکشان و هەوراز و نشێوێکی بوارەکانی دیکەی نوێخوازی هەبێ، سا ئەو نوێخوازییە لە بواری فەلسەفە و زانستگەلی مرۆڤایەتیدا بێ، یان لە بواری زانستگەلی سروشتی و نوێخوازی بواری میتۆد و هونەر و شێواز و...تاد بێ تا دەگاتە نوێخوازی لە ئاکار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی نوێخواز، تا دێتە سەر نوێخوازی لە دنیای ئەدەب و نوێخوازی نێو جیهانی شیعر، کە حاڵی شیعری کوردی ئێمە ئەوە نییە، بۆیەشە زۆرجار تووشی شڵەژان دەبێ و پاشەکشە دەکات و بەپاش دەکەوێ، هۆیەکەشی هەر ئەوەیە کە نوێخوازییەکەمان ڕووکەشە و تەنیا هی بواری شیعرە و لە کایە و بوارەکانی دیکە دابڕاوین، ئەگەرنا ئەوە نوێخوازییەکەی لە بواری شیعر نووسیندا جاڕی بۆ دەدەین، نوێخوازییەکی فراوانتر و قووڵتر و کاریگەرتر دەبوو، باشتر ڕەگوڕیشەی بەناو زەویدا دادەکوتا، لەژیان دانەدەبڕا و وا سارد و سڕ نەدەهاتە پێش چاو و ئەوەندەش زوو زوو تووشی تەنگژە نەدەهات.

* نوێخوازی کورد (وەک وتم تەنیا خۆی بە نوێخوازیی بواری شیعرەوە خەریک کردووە) کە نوێخوازییەکەی سەرپێی و ساکارە و لە تەنکاودا کار دەکات و تەنیا گیرۆدەی واژە و وشەیەکی نوێیە کە چۆن لەناو شیعرە نوێیەکەی خۆیدا بەکاری بهێنێ، بۆیە لە نوێخوازی بواری عەقڵ و زانست و هەڵوێست و هەڵسوکەوت و تاد.. دابڕاوە، هەربۆیەش شاعیری نوێخوازی ئێمە هەڕی لە بڕی ئەو دنیایە ناکاتەوە، بێجگە لە زمانی کوردی (ئەویش بە نیوە و ناچڵی و سنوورداری) زمانێکی دیکە نازانێ و هەوڵیش نادات فێری ببێ تا بەو زمانە بخوێنێتەوە. (شاعیری نوێخوازی!) کورد، واز لە دەقەکانی بێنە، وەرە سەر خۆی نازانێ جلوبەرگ لەبەر بکات، نازانێ گوێ لە مۆسیقا بگرێ، نازانێ چێژ لە تابلۆیەکی هونەریی وەربگرێ و نازانێ پیاسە بکات و لە ئەتەکێتی نان خواردن و قسەکردن نازانێ، نازانێ بکۆکێ و تەوالێت و مەغسەلە بەکاربهێنێ نازانێ و نازانێ و نازانێ و...، ئیتر نازانم ئەوانە چۆن دەچنە ڕیزی نوێخوازانەوە؟

* نوێخوازی کورد تەنیا توێکڵ و ڕواڵەتی نوێخوازی وەرگرتووە و لە جەوهەری نوێخوازی بە دوورە، بۆیە سانتیمەترێک کار لە گۆڕان و بەرەوپێشڤەچوونی کۆمەڵگا ناکات، لەبەر ئەوەی چەمکی (یاخی بوون) بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی بە (نوێخوازی) تێدەگات، واتە ئەگەر بنێشتی خوارد و نەعلی لەبەر کرد و چووە سەر شانۆ و شیعری خوێندەوە، خۆی پێ دەبێتە یاخی بوویەکی (نوێخواز)، یان ئەگەر قژی دانەهێنا و خۆی چڵکن کرد و بایەخی بە جلوبەرگی بەری خۆی نەدا و لە خۆی گۆڕا، پێی وایە (نوێخواز)ە، لە بیری دەچێ هەموو یاخی بوویەک نابێتە نوێخواز، بەڵام هەموو نوێخوازێک یاخی بووە بەسەر بنەما کۆن و باوەکاندا. بە کوردییەکەی ئێمە میللەتێکی ئاخر شەڕ و نەگبەت و لە ئۆمەت نەچووین، هەمیشە عەقڵمان لەچاومان بووە، کاتێک دەبینین (ئێلوار) لەو کاتەی کە سەر بە بزووتنەوەی دادائی و سریالیستەکان بووە و لەناو پەیتوونێک سەری خۆی سفر تاشیوە و بە دەرپێیەکی شۆرتەوە بە پێوە ڕاوەستاوە و بەناو بازاڕێکدا خولاوەتەوە و ماسولکەکانی قۆڵ و بازووی خۆی نیشانی خەڵکەکە داوە، پێی وابووە بەم کارە خۆی بە خەڵکی دەناسێنێ و بەم ئەتوار و یاخی بوونە شیعری بەرز و جوان و گەورەی نووسیوە، بەڵام ئەم ڕووداوەی بە ڕێکەوت من لە دووتوێی کتێباندا خوێندوومەتەوە، ئەمڕۆکە کەم کەس هەیە بیزانن و بیستبێتیان، ئەوەی ماوەتەوە دەقی شیعرەکانیەتی ئەگەر بایەخیان هەبێ، ئەوە لە ڕووی هونەری و داهێنان و تایبەتمەندییەوە ماونەتەوە، دەنا کەس لەبەر ئەو ڕەفتار و کردەوانە ئەویان پێ شاعیر نییە. چوزانم.. خۆکردنە دەعەجانی و لچ و لێو قوپاندنەوە و چاو زەق کردنەوەش کەسێکی پێ نەکراوەتە شاعیری چاک و نوێخواز.

* شاعیرەکانی ئێمە (چەند دانەیەکیان لێ دەرکەین)، با نەڵێین وەک (ئەدۆنیس) و (سەلیم بەرەکات) و (مەحموود دەروێش) و کێ و کێ، هەر نەبێ بە قەدەر شاعیرە لاوەکانی تەنیشت خۆمان کە لەوڵاتی عیراقدان دەبوایە کاریان بکردایە، ئەوجا ئەوەندە گەزنەفەیان لێ بدایە. تۆ وەرە تەماشای کەسێکی وەک (خەزعەل ئەلماجدی) و (ئەدیب کەمالەددین) و (زاهیر جیزانی) و...و... تاد بکە بزانە سەرەڕای شیعرەکانیان چۆن کاریان لەسەر تیوریزەکردنی نوێخوازی شیعر کردووە و چۆن چەندین باس و لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە نووسیوە، کەسیشیان وەک (نوێخوازانی!) لای خۆمان خۆیان سەرگەردان نەکردووە و بە وتە و ئەتواری ناجۆر دنیایان پڕ نەکردووە، ئەوەندەی بە دنیابینی نوێ و بە کاری زۆر و جدی و بە دەقی ناوازە و تێڕوانینی قووڵ و جوان نوێخوازن و هەوڵی نوێخوازبوون دەدەن.

# سەمای سنەوبەرەکان

دڵشادی عومەر کاکی
(ئەڵمانیا)

که بێ هوودەیی خەبەرم دەکاتەوە
بەدەست ژیانەوە ماندووم
ژیان بەڕێکردنیش
کارێکی یەکجار سەختە
* * *
زۆرجار لە بێ ئارامیدا
سەوڵەکانی هیوا
بازووەکانم دەجووڵێنن
* * *
لە خۆشنوودییەکانمدا
ژیان کورت کورت و
نیگەرانیم
درێژ درێژ دەبێتەوە
* * *
که تامی شیرینییەکان و
ڕەنگ و بۆی جوانییەکان
ئاوادەبن
ئیتر چراکانیش
فوو لە ئێمە دەکەن
* * *
هیچ گوناهێک
بەقەدەر گوناهی خۆمان
دڵی خۆمان
گوناهبار ناکات
* * *
تاریکی
بە تەنیا تیشک دەزانێ
چۆن
ڕووت و قووتی دەکاتەوە



# هێشوو هێشوو درۆ ئەگرم

چنوور نامیق

هەڵمەوەرێ سەر سێبەری
درەنگ کەفتووم
درۆیەکم
لە درەختێکی ڕووتەڵە کەوتمەوە
جەستەم لانەی مەوسیمەکانی
لاو لاوە
چاوم تەڕە
وەک هاتنی ڕاڕای باران
درۆیەکم
زیاتر لە تینوێتی زەوی
فوارەی گریان ئەناسم
وەرزێکی زۆر دوورە ساڵم
مەیلە و پاییزێ زەرد ئەبم
حەشری گەڵاکانی ژیان
لەناو سپێدەی عەشقدا
زەردم ئەکا
چیتر مەیە
درۆیەکی دنیادیدەم
کۆنتر لە مێژووی عەشق ئەگەم
هێلانەی گەرمی ویساڵم
حەزی باخەوانی نەفام ئەمشێوێنێ
چیتر
نازی پەنجەکانم
لەسەر لێوت جێ مەکەوە
خومارە بێ مەیلی نیگام
لەژێر قورسایی
ئەمری خەو
لێو بەبارم بۆ ئەو ماچەی
سووریی لێوم لەسەر دانا.
درۆیەکم
لەگەڵ هەرەسی هەر عەشقێک
لێوم ئاڵتر ئەوین ئەگرێ
باڵاشم میوەی یاساغتر
مەیلە و هاتنێ
زەرد ئەبم
درۆیەکم
پڕم لە ڕاستی نەوتراو
جوانتر لە کچانی مەرقەس
ماچت ئەکەم
بەم ناوەختە و لەم دووڕیانی ویساڵە



ڕێم پێ مەگرە
ئەمشەو تا لەلام میوانە
کێویلە بۆنی خەو ئەگرم
جەستەم پڕە لە هاوینی
نیگاکانت
ڕوحم ئەڵهای تەزینی لێوانت ئەکا
عومرم پڕە لە ئاهەنگی
پڕ دوو دڵی
ژێر کەپرەکانی ئەوساکە
برژانگم لە کەفوکوڵی
درۆ ساردەکانی ڕێژنە
لەرز گرتوومی
ڕووم پڕە لە تامی ماچ و
تەماشام لە وەرزی نەهات
بەم درەنگ وەختە
مەیەوە
ئەمشەو تا لەلام میوانە
نا نامەوێ
دوا وەرزی وەریوی ڕوحم
لەناو دەستتا جێ بمێنێ
لانەلانی ڕێی ژوانمە
ئەگەر ڕێژنە ڕوخسەتم دا
تاوێ ئەڕۆم
دارەدارەی ڕۆیشتنمە
ڕاڕایی دڵی داگرتووم
ئەمێستا باران ئەکەمە
ئەو گەواڵە خەمەی جاران
وەکو شاژنی دارستان
ئەیکەمە بەر
دە پێم بڵێ کەینێ و لە کوێ
ئەم هەورانە بکەم بە ماچ
بە ئیزنی خەڵوەتگەی باخان
ئەمشەو تا لەلام میوانە
چیتر
گەڵا چوار وەرزییەکانی تەمەنم
لێ مەکەوە
بە چۆڕاوگەی چاوی ڕێژنە
دەسنوێژ بە دیدارم
مەشۆ
گەواڵە خەمەکانی تۆ
عومرێکە دایانپۆشیوم
بینینم بەرایی نادا
جارێکی تر تێر نیگات بم
لانەلانی ڕێی ژوانمە و
هێشوو هێشوو
درۆ ئەگرم
درۆی نیسان
درۆی کۆتایی ساڵی عیشق
بارین و نەبارینی باران
لەرزینی جەستەم وەکو بی

تۆش بەدەستە ساردەکانت
مەمشێوێنە
ئەمشەو لەرز و تا دایگرتووم
ماڵێکی تازە چێ ئەکەم
هێلانەیەک
لە گەڵای شیعری نەوتراو
لە پووشی وەرزێکی نادیار
خەمێک لە خەیاڵی شێواو
ڕامئەژەنێ
پیاوێک لە سێبەری کەوتووی بن دارەکان
دەستم ئەگرێ
کراسێک لە گەواڵە خەمم
ئەکاتە بەر
ئەو هەمیشە پێی ئەوتم
ئەو گەواڵە خەمە ئیتر مەکەرە بەر
پێی ئەوتم
ئاگاداربە
ئەو تاریکییە نەتخواتەوە
ماڵێکم لە گەڵای شیعر و
وردە هێلانەی خەم چێ کرد
وەلێ بەداخەوە
ئەم تاو لەرزە
پڕی کرد لە وردە مێژوو
ئەمێستا یەکە شاژنی دارستانم
هەوری لاری چاوی ئاسمان
ئەدەم لەسەر
ئەمێستا ژوان داڵدەیە و
خاڵیتر لە چاوەکانم
چاوەڕێیە
بە ڕوخسەتی سەخاوەتی
ڕێژنە و ژوان
زەردەپەڕی چاوەکانم مەخۆرەوە
پەیتا پەیتا
درۆی پایزی ئەمشوات و
درۆی هاوینی ئەمنۆشێ
قەیرە درۆیەکی ڕووتم
تامی درۆی هەموو پیاوێک ئەناسمەوە
لانەلانی دوا ڕۆینمە و
سەرم هێلانەی شێواوی
پەنجەکانتە
دڵم پڕە لە سوێراوی
دوێنێمان و
لێوم لە ماچی بە بار و
دییەم لە هەورەکانی تۆ

**٢٠٠٨/١٢/٦ هەولێر**

# تۆ

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**

نزانم تۆ لە دارسێویکی ڕەش بەربوویتەوە
یان لە پەلکە ڕێحانێکی شینباو؟

تۆ لە لاسکی گوڵە گەنمێکی کەسک گوڵت گرتووە
یان لە گوڵە باغێکی سوور، وەریوی؟

نزانم تۆ لە قۆزاغەی پەپوولەیەکی قاوەیی هاتیتە دەر
یان لە ماڵی کنێرێکی تەڕ بە شەونم؟

تۆ لەسەر پشتی گیابەند گەورەبوویت
یان لە باغەڵی ڕەزی کوریکە خۆخێک؟
تۆ لە هەوای نەیشاپوورەوە لەگەڵ با هاتیتە ئێرە
یان لە بخوورێکی سەمەرقەندەوە
لەگەڵ چوارینەیەکی خەیامدا
گەیشتییە ڕوحم؟

تۆ لەچی پەیدابووی ئەی هەمووی ڕەنگەکان؟
تۆ چیت.. لەو بێ تۆییەدا ئەو چێژە دەبەخشییە گیانم؟
تۆ لەچی کەوتیتەوە؟
دەبێت تۆ کچێک بیت، دایکت هەتاو و باوکت جەهەنەم
دەبێت تۆ کچێک بیت، باوکت کافر و دایکت شەیتان
دەبێت تۆ لە نەوەی فیرعەونەکان بیت و
خاڵەکانت بکوژانی حەللاج

یان دەبێت تۆ کچی ئایەتەکانی خواوەندێک بیت مەست
بە ترێ و
شەراب
ئەگەر وانیت
ئەی بۆ هەموو دەمێ
مەستم بە شەرابی پەرچەم و خەونی لێوەکانت
بۆ هەموو دەمێ حەز دەکەم بە ئاگری جەهەنەمی دووریت
خۆشەویستیم بسووتێنی؟
بۆ حەز دەکەم پێش قیامەتی وەرزەکانت لە
فرمێسکەکانت
بمخنکێنی؟
ئەگەر وا نیت ئەی بۆ حەز دەکەم باخوسیانە بەعەشقی تۆ
لە خاچم دەن؟



# خەولێهەڕمی

**بێری بهار**
**(ئامستردام)**



دیسا شەڤ دناڤا خوە دە قەهری.
خەوا شەڤێ لێ هەڕمی...

عەورێن بار (ان) گران،
ژ شەڤێ رەشتر،
ب سەر دە دگری،
لەهیا هێسران د حەرکە هێدی هێدی،
وەک بچە دزیا فەقیران،
ل کۆلانێن بێخوەدی،
هێدی هێدی دلڤینن سڤێر نەکێن پووش...

خەوهەڕمی،
دژواری،
د دل دە دلیزە،
هەمان شانۆییێن واتە شوور،
قەتلا گومانان دکە،
ب پەیڤ و هەڤۆکان...

هەر تشت ب سەر دەتێ،
سەر دبە قوبک.
گرەکی بلند، سەر سپی.
هەمان خەرابی جهێن خوە دزانن،
شەڤڕەشی،
خەوهەڕمی،
غەریبی،
و...
دناڤ گەرما هلمەکە تیننناس،
ل نک تە درێژ،
دەستێن خوە درێژ بکە،
وێ ماچی بکە.
هلما ئەڤینەکە،
هورک،
وەک کولیلکەکە هەسپان،
هەری سپی، چاڤبەلەک،
ئەوە مانیا ل دووری مایین،
کو تە،
بێ وەلات د ئەگلینە،
سیا هەملەکە گەرمە،
تە ل دووریتیێ ب شیر و هنگڤ،
خوەدی دکە..

**ئەڤ هەلبەستە ژ دیوانا «قەشەم» رووپەلێن (٣٧–٣٨) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٢)یێ و ژ وەشانێن «سی» و «ئاڤاگۆن» بووە و ل چاپخانەیا ئەنگین ب رێنڤیسا لاتینی ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن.**

**(ڕامان)**

# لوسی– Lucie

ئەلفرێد دو موسێ
لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر

**هاورێ ئازیزەکانم، کە ئەم دنیایە جێ دەهێڵم،
شەنگەبییەک لەسەر گۆڕەکەم بڕوێنن،
گەڵا چاو بە فرمێسکەکانیم خۆش ئەوێن،
مات و سیسییەکەیم لا ئازیز و ئارامە،
سێبەریشی سووک و ناسکە بۆ،
ئەو شوێنەی لێی ڕاکشاوم،**

ئێوارەیەک، بە تەنیا بووین، لە نزیک ئەو ڕوونیشتبووم
سەری خوارکردبووەوە و لەسەر شەشتارەکەش
وێڕای خەون بینین، دەستە سپییەکانی شەپۆلیان ئەدا،
تەنیا گمەگمی ئەهات، ئەتگوت دەنگی لێکدانی باڵە
لە هەناسەیەکی دوورەوە دێ، بەسەر دەوەنەکەش دەخشێ
نەوەک باڵندەکان بەخەبەر بێنێ.
شەهوەتی تەڕی شەوانی خەمبار لەچواردەورمان
لە شکۆفە و پەرداخی گوڵ دەڕژا
داربەڕووی هەزار ساڵە، بە ئەسپایی
لەبن لقە چاو بە فرمێسکەکانی دەهەژایەوە
گوێمان لە شەو ئەگرت، پەنجەرەی واڵا
بۆنی بەهاری بۆ دەهێنایین.
با کەڕولاڵ بوو، دەشتیش کپ و مات
بە تەنیا بووین، ڕادەماین، پانزە ساڵی بووین،
سەیری لوسیم کرد، ڕەنگ سیس و قژئاڵتوونی بوو
هەرگیز دووچاوی ئەوەندە هێمنم جوانتر لە
شینی ئاسمانی نەبینیوە،
کە زایەڵەیان دەگەیشتە قووڵایی خاک و
لاژەوەردیان دەخستە ڕامان،
جوانییەکەی مەستی ئەکردم، لەم دنیایە تەنیا ئەوم خۆش ئەوێ،
بەڵام وامدەزانی خۆشەویستییەکەم دەبێ
وەک خۆشویستنی خوشک بوایە،
چونکە ئەوەی لەو دەدرەوشایەوە پڕ بوو لە شەرم
دەمێک بێدەنگ بووین، دەستم بەدەستی کەوت
بینیم هەنیەی غەمبار و دڵگیری خەون ئەبینێ
لەگیانم هەستم پێ ئەکرد، لە هەر جووڵەیەک
دەبێ چەندی پێ بچێ لە هەموو ئازارێک ڕزگاربین،
بە ئاشتی و بەختەوەری بگەین.
لاویی لە ڕوخسار، لاویی لە دڵ



مانگ بەناو ئاسمانێکی بێ هەور هەڵدەکشا
لەناکاو ئاسمانی پڕ کرد لە ڕەنگی زیوین
لە چاوەکانم وێنەی خۆی بینی دەگەشایەوە
ئەتگوت زەردەخەنەی فریشتەی هەیە، ئینجا،
کەوتە گۆرانی چڕین،
کەوتە گۆرانی چڕین و وەک:
تایەکی سووتێنەر گیان هەڵکێشێ
گۆرانی بۆ ئەو هەستە ئەگوت
وەک بیرەوەرییەکی غەمبار و قووڵ
وەک دڵێکی پڕ لە خورت و لاویی ئەزانێ ئەمرێ،
ئەو هەستەی پیشان ئەدا کە دێدەمۆنای(١) ڕاچڵەکاند،
نێوچەوانی پڕ لەنیگەرانی خستە سەرمەچەکی،
وەک دوا هەنسک و هەناسەی شەوان...

کچی ئازار، ڕیتم، ڕیتم
زمان کە بۆ خۆشەویستی دایهێنا بلیمەتی
دەڵێن لە ئیتاڵیاوە هاتووە، ئاسمانەکانیش لەوەوە دێن.
زمانی ئارامی دڵ، تەنیایی و بیر
کچی نیگەران و سێبەری ترساو
کە تێئەپەڕێ تارای خۆی لانادا و لەنیگایان ناترسێ
کێ ئەزانێ بڵێ منداڵێک، ئەتوانێ ببیستێ، بڵێ،
لەناو هەناسەی خودا بێت لە دایک ئەبێ کە هەڵئەمژێ،
غەمبار وەک دڵی، ئارام وەک دەنگی
لەناکاو نیگایەک، فرمێسکێک کە ئەڕژێ،
پاشماوەکەی نهێنییەکە خەڵک هیچی لێ نازانێ
وەک شەپۆلەکان، شەو، دارستان،
بە تەنیا بووین، ڕادەماین، سەیری لوسیم کرد
زایەڵەی خۆشەویستییەکەی موچڕکی پێدا ئەهێنایین
سەری قورسی پڕ لە نیگەرانی خستە سەر شانم
لەدڵەوە هەست ئەکا دێدەمۆنا ڕائەچڵەکێ،
چەند ساویلکەی؟ دەگریێ، لەسەر لێوە پەرستراوەکانت
لێگەڕای بە غەمباری لێوەکانم دانێم،
ئازارەکەت ماچەکەی من بوو
ئەوها ماچت دەکەم، سارد و ڕەنگ پەڕیو،
ئەوها دوو مانگ دواتر، چوویتە ناو گۆڕ،
ئەوها گوڵی پاک و بێگەردم، هەڵوەری،
مەرگیشت زەردەخەنەیەکی ناسک بوو وەک ژیانت
هێشتا لەبێشکەدا بووی گەڕایتەوە لای خودا.
نهێنی ئارامی تۆ بێگوناهیت بوو
گۆرانی، خەونەکانی خۆشەویستی، پێکەنین، پەیڤی منداڵان
تۆش بریتی بووی، لە دڵگیرییەکی نەناسراو
کە بەرگری لەخۆی نەئەکرد،
وای لە فاوست کرد لە دەرگای مارگرێت(٢) دوو دڵ بێ،
ئەی پاکی ڕۆژانی بەرایی چیت بەسەرهات؟
دەبا گیانت، منداڵ، پڕ لە ئاشتی قووڵ بێ،
ماڵئاوا، پەنجەی سپی سەر ژێ، ماڵئاوا،
چیتر لەشەوانی هاوین با نایبا.

**هاوڕێ ئازیزەکانم، کە ئەم دنیایە جێ ئەهێڵم،**
**شەنگەبییەک لەسەر گۆڕەکەم بڕوێنن،**
**گەڵا چاو بە فرمێسکەکانیم خۆش ئەوێن،**
**مات و سیسییەکەیم لا ئازیز و ئارامە**
**سێبەریشی سووک و ناسکە بۆ**
**ئەو شوێنەی لێی ڕاکشاوم(٣)**

پەراوێز:

(١) دێدەمۆن، یان دێسدەمۆن- **Desdemone**، نموونەی بەرجەستەی خۆشەویستیی ڕەهاو بێگوناهی لەباربراوە، کەسایەتییەکی تراژیدی درامای ئۆتێللۆی شکسپیرە کە لەساڵی ١٦٠٤ نووسراوە. ئۆتێللۆ کە عاشقی دێدەمۆن بووە، دوای ئەوەی بە یەک دەگەن، گومان لە دێدەمۆن دەکا، لەپای ئەمەوە دەیخنکێنێ، پاشان بۆی دەردەکەوێ کە خۆشەویستییەکەی دێدەمۆن بۆ ئەو زۆر پاک و بێگەرد بووە، سەرەنجام ئۆتێللۆ خۆشی دەکوژێ.

(٢) فاوست و مارگرێت؛ فاوست داستانێکی میللی ئەڵمانییە (ژەرمەنی)، لەزۆر کاری ئەدەبی و هونەری سوودی لێ وەرگیراوە. فاوست، یان دکتۆر یۆهان فاوست، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و ناوێزە بووە، بۆ گەڕاندنەوەی بۆ سەردەمی لاوی پەیمان لەگەڵ شەیتان دەبەستێ، بەرانبەر بەم کارە شەیتان کە لەم داستانە ناوی: مێفیستۆفێلێس-ە- **Mephistopheles**، ئەگەر سەرنەکەوێ گیانی خۆی پێشکەش بکا. فاوست مارگرێتی خۆش دەوێ، مارگرێت عاشقی فاوستە، ڕەمزی خۆشەویستی پاک و بێگەردە، لەبەر سادەیی و پاکی خۆی فاوست بەجێی دەهێڵێ و پشتگوێی دەخا. ئەم وێنەیەش لەلای ئەلفرێد دو موسێ بەو مانایە دێ: هەموو ئەوانەی خۆشەویستی پاک و بێگەردیان هەیە دەبنە قوربانی، یان قوربانیی خۆشەویستی پاک و بێگەردی خۆیانن.

٣- ئەم قەسیدەیە ڕووداوێکی پاکی خۆشەویستی واقیعی بووە لەسەردەمی دو موسێ ڕووی داوە، ئەویش لەشێوەی لاواندنەوە و خۆشەویستی ناکام دایڕشتووە.

- ئەلفرێد دو موسێ- **AIFRED DU MUSSET**، بەیەکێ لە شاعیرە ڕۆمانتیکە نایابەکانی ئەدەبی فەرەنسایی و ڕۆژئاوایی دادەنرێ. قەسیدەکانی بەوە ناسراون کە زۆر ڕۆمانسین- **Outrance Romantique**. ئەمەش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری دو موسێ-یە. شاعیر ساڵی ١٨١٠ لەپاریس لەدایک بووە، لە ١٨٥٧/٥/٢ هەر لەپاریس کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوەی تەنیا شیعرەکان:

**- Andre LAGARDE, L.Michard, XIX siecle. Bordas. 1973**.



# مرۆ تاكەی دەتوانێ وەک خۆی بێ

**ناسر وەحیدی**
**(بۆكان)**

ئەو بەیانی زوو وەک هەموو ڕۆژێکی تر لەخەو هەڵدەستێ، یەکسەر دەچێتە ئاشپەزخانە سەماوەرەکە هەڵدەکا. دەچێتە حەمام خۆی دەداتە دەستی نەرمی شیلەوگەرمی ئاوی بێ هەست و خوست. هەست بە ڕەهاییەکی سووک پاش گیرێکی قورس دەکات، چەشنی غلۆربوونەوەی گابەردێکی قورس لە شوێنێکی بەرز. وەخۆ هاتبۆوە ئەو قورساییەکی وای نەبوو. باش وایە هەست بکا بە ڕەهایی پەڕێک بە حەواوە. سەرمای ئاوەکە شێرەی پێدەگرێتەوە. بە حەولەوە دەچێتە ئاشپەزخانە بە پەلە کولێرەیەک، کەمێک پەنیر لە یەخچاڵ دەردێنێ. لیوانێک ئاوی گەرم و چایەکی لیپتۆن و دوو کەوچک شەکر. بەدەم قاوەڵتێوە چاوێک بە سەردێڕی درشتی ڕۆژنامەی دۆینێدا دێنێ کە سەری نەپەڕژابوو بیخوێنێتەوە بێ ئەوەی شتێکی وەبەرچاو بکەوێ قەدی دەکات. نابوویە سەرمێزی ئاشپەزخانە.

دەچێتە بەر مێزی خۆ جوان کردن کەمێک سپیاو بە فلّچە لە ناوچاوان و لاڕوومەتی دەساوێ،کوڵمەکانی سوور بوو. کەمێک تۆختری دەکات. سەرە قەڵەمێک لە مژۆل و برۆی دەدا، سەری شانە دەکا پرچی بە جیر دەبەستێ و بە گیرە لە پشت سەری قایم دەکا. جلی لەبەر کردبوو. شەڵوار، مانتۆ، مەقنە و گۆرەوی ڕەش. بەر لە وەدرکەوتن، سەری ژووری خەوەکەی دەدا. پەردەی ژوورەکە لادراوە.خێرا دەست وەبەر سینگ و بەرۆکی خۆی هەڵدەدا و هەڵدەترووشکێ چاو لە خۆی دەکا. جلی تەواوی لەبەر دابوو. مەقنە و مانتۆ و شەڵوار و گۆرەوی. بە پەلە پەردەکە دادەداتەوە، هەرچەند دەکا نایەتەوە بیری پەردەکەی لادابێ. جێ و بانەکەی لەسەر تەختەکە ڕێک دەکا هەستی دەکرد لە ژێر چاوەدێری دایە. ئیتر پەردەیەک نییە بیپارێزێ دەستی تێکەڵ دێ لاقی لە شتی نادیار هەڵدەنگوێ سەرەنگرێ دەدا.

کەوشی لە پێ کردبوو. لەپێپلیکان دێتە خوار، لەبەر دەرکەی حەوشە بەر لەوەی دەرکە بکاتەوە ئیستێک دەوێستێ. بەپەلە پاش و پاش بە پلیکانەکاندا گەڕابۆوە بۆ نێو ماڵەکەی، دەچێتە بەر ئاوێنەی ڕووشۆری چاو لە خۆی دەکا. قژی لە ژێر مەقنەکەی وەدیار نەکەوتبوو. کوڵمەکانی لە ڕۆژان سوورتر دەچن. گۆشەی مەقنەکەی بەتف تەڕ دەکا دوو سێ جار بەسەر کوڵمەکانیدا دێنێ. کوڵمەی خوێنی تێدەچزێ. کوڵمەی سوورتر بوون. گۆشەی مەقنەکەی تەڕ دەکاتەوە. بەپەلە و توندتر دوو سێ جاری کە کوڵمەکانی دەسمێ سەیری چاوی دەکا. چاوەکانی ڕەشتر بوو. شێرەی ئاوەکە بەر دەداتەوە. چوار پێنج شڵپ ئاو بە دەموچاویدا دەکا. سەرهەڵدێنێ لە ئاوێنەکەوە تەماشای چاوی دەکا. مستی دەقووچێنێ بە قامکی شادەی چاوی هەڵدەگلۆفێ. شەش حەوت شڵپ ئاوی بە دەموچاویدا کردبوو. لە ئاوێنەکەوە چاو لە چاوی دەکا. بە هەولەی بەر ڕووشۆرییەکە کەمێک هەڵیدەگلۆفێ و ویشکی دەکاتەوە. هەولەکە دەخاتەوە شوێنەکەی خۆی. سەیری چاوی دەکا، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون. خۆی دەکا بە ژووری خەودا لەسەر تەختی خەوەکەی دادەنیشێت. چاو بە ناو دیوەکەدا دەگێڕێ. چاوی لەسەر مێزی ئارایشەکەی قەتیس ببوو. لەسەر تەختەکە هەڵدەستێ لەبەر ئاوێنەی مێزەکە دادەنیشێ چاو لە خۆی دەکا. هەڵبزڕکابوو، قوتوویەک سووراو و سپیاو، فلچەیەکی چووکە، سێ شووشەی سوور، سەدەفی و کەسک مانیکۆر، دوو قەڵەم ماتیکی گۆشتی قەڵەمی چاو هەمووی ڕادەماڵێتە سەر گۆڤارێکی بیانی ژنان کە وێنەی مەلەکەی جوانی دنیای تێدا چاپ کرابوو. دەچێتە ئاشپەزخانە. غلۆری کردبووە نێوسەتڵی زبڵەوە.

لیوانێک ئاوی گەرم تێدەکا.چایەکی دەهاوێتە نێو. لەسەر مێزی نانخواردن دادەنیشێ. مێشکی بەدەم دەنگی چرکەچرکی خولەکەی کاتژمێرەکەوە ڕادەژەنێ نیو سەعات لە کاتی کارەکەی تێپەڕی بوو. هەڵدەستێ دەچێتە ژووری خەوەکەی، پەردەکە لادەدا. چاو لە پەنجەرەکە دەکا. داخرابوو. شووشە و مەحاجەرە لە جێی خۆی بوو. خێرا پەردەکە دەکێشێ. بە نێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ. لە ژووری خەوەکەوە بۆ ئاشپەزخانە لیوانە چایەکە وەک قیل ڕەش هەڵگەڕابوو. ببووە دەمی مردوو. قلْپی دەکاتە نێو کاسەشۆرییەوە. بەهەموو پەنجەرەکاندا دەگەڕێ. هەموو داخرابوون. پەردە دادرابۆوە.

دەچێتە ژووری خەو لەسەر تەختەکە دادەنیشێ. تەلەفۆن زەنگی لێدابوو. یەک دوو... حەوت. تەلەفۆن بێ دەنگ ببوو. پاش ئیستێک زەنگ لێدەداتەوە یەک دوو... حەوت. بێدەنگ ببوو. دووبارە تەلەفۆن زەنگی لێدەدا، پڕی کردبوو بە تەلەفۆنەکەدا. دەیکێشێ. سیمەکەی لە دووشاخەدا دەپسێنێ. تەلەفۆنەکە بەرەو ئاشپەزخانە هەڵدەدا. لەسەر تەختەکە دادەنیشێ. دەستی لەسەر ئەژنۆی بووبووە کۆڵەکەی چەنەی. بیردەکاتەوە. کەسی نییە تەلەفۆنی بۆ بکا. ژمارەکەشی نەداوە بە دایرەکەی. تەنیا خۆی جارجار، پاش حەسانەوەی کار ئەگەر تاقەتی هەبێ، سەر دەخاتە سەر یەکێک لە هاوکارەکانی بە ناوی «ی». دڵداری لەگەڵ دەکا. «ی» تکای لێ کردبوو خۆی پێ بناسێنێ چاویان بەیەک بکەوێ، ئەگەر بە یەک ڕازی بن، وتبووی دەیخوازێ. ئەم قەت تەنیا سەرەداوێکی ناداتێ. بەرەو ئاشپەزخانە هەڵدەستێ. بە داوێنی مانتۆکەی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێتەوە. جێ قامکەکانی لەسەر گووشیەکە پاک دەکاتەوە، تەلەفۆنەکەی خستبووە نێو سەتڵی زبڵەوە. دەچێتە ژووری خەوەکە لە سەر تەختەکە دادەنیشێ. چاوی بە میچی ژوورەکەوە دەدوورێ. بیر دەکاتەوە. بیر لە هەموو ماوەی ژیانی، ئەوەندەی لە بیرەوەری دایە. لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ لەم ڕۆوە بۆ سەرەتا دەیدۆزێ. خاڵێکی ڕەش لە زەینیدا سەر هەڵدەدا، پەرە دەسێنێ. وەک خۆرە کەوتبووە گیانی. بە پەلە دەچێ دەرکی گەنجەی لیباسەکان دەکاتەوە. قوتوویەکی چووکە لە تەبەقی بنەوەدا دەردێنێ بە قوتووەکەوە دەچێتە ئاشپەزخانە. شەمچەیەک هەڵدەگرێ بۆ مەبال. سەری قوتووەکە لادەبا. پرێسکەیەکی لێ دەردێنێ. پرێسکە بۆن دەکا. نێو سییەکانی پڕ بوو لە بۆنی نەرمی عەتری یاس. تاوێک بەسەر دڵییەوەی دەنێ. دەستی دەلەرزێ بەسەر دڵیدا شۆڕ دەبێتەوە. لەسەر کاسەی مەبالەکە پرێسکە دەکاتەوە. چلێک شەمچە هەڵدەکا. نۆ لاپەڕە کاغەزی نووسراو یەک بە ئاوری یەک ئاوری دەدا. نۆ نامە، نۆ مانگ دڵداری سەرەتای لاوی بوو. خاڵێکی ڕەش دەنیشێتە ناوچاوانی کاسەی مەبالەکە بە پەلە دەچێتە ئاشپەزخانە. گۆڤارەکە لە نێو سەتڵی زبڵەکە دەردێنێ، دەگەڕێتەوە. لقێکی تر هەڵدەکا دەینێ بەسەر بەرگی گۆڤارەکەوە. ئاور بڵێسەی سەند بوو. وێنەی مەلەکەی جوانی وردە وردە ڕەش هەڵدەگەڕێ، ون دەبێ. دەستی

دەسووتێ گۆڤارەکە لە دەستی بەر دەبێتەوە. موچوڕکێکی پێدا هاتبوو. کاتێک وێنەی ئیلیۆس پریسلی دەبینێ. دوو دڵۆپ فرمێسک دەتکێتە سەر وێنەکە. بەرگرییان نەکردبوو لە سووتان. ڕەشیی سیمای سپی مەباڵەکە داگیر دەکا.ئاوەکەی بەردا بۆوە. مەباڵەکە سووتوو و ڕەشایی هەڵدەلووشێ. پشوویەکی کێشابوو.

دەچێتە ژووری خەوەکەی لەسەر تەختەکە دادەنیشێ. بە نێو بیرەوەرییەکانی ڕۆچووبۆوە. هەڵدەستێ بەدەم بیرکردنەوەوە. بە نێو ژوورەکەدا یەک دوو جار دێ و دەچێ. لە ژووری خەوەوە بۆ ئاشپەزخانە، لە ئاشپەزخانەوە بۆ ژووری خەو. قامکەکانی دەستی یەکە یەکە دوو سێ جار تەقاندبوو. لە ژووری خەوەکە زەفتێک چاوی پەلکێش دەکات. قامک دەنێ بە دوگمەکەیدا. «مرا ببوس، مرا ببوس برای آخرین بار» ئەم گۆرانییە بیرەوەری یەکەم ژوان و ئاخر ژوانی بوو. لەگەڵ گراوەکەی دەچنە باخی گشتی، لە سووچێک هاتوچۆی کەمی بە سەرەوەیە دادەنیشن. بەردەمیان هەمەجۆر گوڵەباخی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەبێ. مەست ببوون بە بۆنی عەتری گوڵەباخ و تەڕی لە ئەوین. پاشان قۆڵ دەکەنە نێو قۆڵی یەک و بە نێو باخەکەدا پیاسە دەکەن. دوو بەستەنی لاسکدار دەکڕن. لە بڵێندگۆی دووکانەکەوە دەنگێکی نەرم و بەسۆز وتبووی «مرا ببوس» هەریەکەیان زمانێک بە بەستنیەکەیدا دەهێنێ و چاو لەوی تر دەکات. ئەم دەڵێ ئەوە یەکەم جارە گوێم لەم گۆرانییە دەبێ. دەنگی زۆر خۆشە. پرسیبووی کێیە. بە یەکەوە دەچن ئەم نەوارە دەکڕن. دەنگی گۆرانیبێژەکە لە قوڕگیدا خنکا بوو. زەفتەکە دەکووژێنێتەوە. نەوارەکە دەردێنێ قاپەکە بە پێلەقە دەشکێنێ. شریتەکەی شیتاڵ شیتاڵ دەکا. دەچێتە ئاشپەزخانە. خستبوویە نێو سەتڵی زبڵەکە.

دەچێتە ناو ژووری خەوەکەی لەسەر تەختەکە دادەنیشێ بیری کردبۆوە لەو شتانەی نەهاتبوونەوە بیری. دڵنیا دەبێ دەبنە هۆی سەرئێشەی. دەیەوێ بیانسڕێتەوە شرت و گومیان کا. زۆر بۆ مێشکی دێنێ بە نێو ماڵەکەدا دێ و دەچێ. لە نێو ژووری خەوەکەی لە بەردەم گەنجەی پۆشاکەکان دەوێستێ. دەرکەی کرا بۆوە. مەمکەوانە و ژێرکراسێکی پڕتەقاڵی دەکەوێتە بەرچاو. مێشکی ختووکە دابوو. نێو جلەکان دەدۆزێ جلە ڕەنگییەکانی ژێرەوەی، سەوزی خەیاری، سوور، پڕتەقاڵی، لیمۆیی هەمووی جیا دەکاتەوە. دەچێتە ئاشپەزخانە گرمۆڵەیان دەکاتە نێو دەڵقێکی ڕەش، زارکی دەڵقەکە گرێ دەدا. دەیخاتە ناو دلّقێکی ڕەش. خستبوویە نێو سەتڵی زبڵەکە. لەسەر کورسی ئاشپەزخانە دادەنیشێ. بیر دەکاتەوە. چرکەچرکی کاتژمێری ئاشپەزخانە مێشکی دەرزی ئاژن دەکا. بە دەم سووڕی چرکە ژمێرەکەیەوە بە دەوری ئاشپەزخانەکەدا، خۆی، ماڵەکە، کۆمەڵگا، بیرەوەرییەکانی، زەماندا دەخولێتەوە. سەری لە گێژەوە دێ. چاوی ڕێشکە و پێشکە دەکا. هێڵنجی دابوو. غار دەدا بۆ بەر کاسەی قاپشۆری. دوو سێ قولّپ زەرداو قلّپ دەکاتە ناو کاسەکە. بە دەستی دەمی سڕی بوو. زاری تاڵ دەبێ. لیوانی خاڵی چاییەکە دەبینێ. دەستی دەداتێ دەیگرێتە کاتژمێرەکە. شریخەیەک و کاتژمێرەکە بە حەواوە سەرەوژێر ببوو. ئەگەر لە بن میچی ئاشپەزخانەوە سەیری بکەی لەسەر نۆ سەعات و نۆ خولەک و نۆ چرکە دەوێستێ.

کارەکانی سەرژمێر دەکا. جلە ڕەنگییەکانی ژێرەوەی. نۆ نامەی ئاشقانە. نەواری گۆرانی «مرا ببوس.» سووراو و سپیاو، مانیکۆر. ماتیک، گۆڤاری مەلەکەی جوانی، وێنەی قۆڵ ڕووت و لینگ ڕووتەکانی. وێنەی ئیلیۆس پریسلی کە شێوەی دۆستەکەی دەدا و شەوانە دەهاتە خەونی. وای لەو شەوانەی هاتبۆوە خەونی. موچوڕکی پێدا دێ. دەلەرزێ لە بەیاد هێنانەوەی ئەو شەوانە دڵنیا دەبێ مردووی قەبرستانی کۆنی لێ زیندوو دەکرێتەوە. دەرچوونی نەبوو.خەلاسی نەدەهات. چاو لە خۆی دەکات مانتۆ، شەڵوار، گۆرەوی ڕەش- دەست لە سەری دەدا - مەقنە جلی تەواوی لەبەر دابوو. یەک دوو تەکان. لە پەتەکە دەدا.

چووبووە بەر بانیژەی ئاشپەزخانە، پەتکێک کە بۆ جل هەڵخستن ڕایەڵی کردبوو کردبۆوە. پەنجەرەکەی داخستبوو. کورسییەکی لە ئاشپەزخانە هەڵگرتبوو. چووبووە ژووری میوان. لەسەر کورسییەکە سەرێکی پەتەکەی قووڵفە کردبوو و سەرەکەی تری توند بە قولّفەی پانکەی بن میچەکەوە گرێدا بوو. پەتەکە دەکاتە ملی. کورسی ژێر لاقی دەخزێنێ. بە حەواوە هەڵواسرابوو. دوو سێ سووڕ دەدا. بەرچاوی وردە وردە زەرد دەبێ. زەردی زەردی زەرد.



# سڤێتلانە

مارف خەزنەدار

**(لەم ڕۆژانەدا کەوتمە ناو هەندێ نووسراوی کۆنم. ئەم چیرۆکەم دۆزییەوە. لە ڕۆژی ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ لە شاری سانت پیترسبورگ نووسراوە. لەناو فایلی نووسینەکانم لەبیر کراوبوو. بۆ یەکەمین جارە لە دوای ٤٢ ساڵ بەبێ دەستکاری وەک خۆی بڵاوی دەکەمەوە.)**

لە ماوەی ژیانی هاوڕێیەتی و لە پاشاندا بوونیان بە ژن و مێرد لەگەڵ نینا ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێی لەو ژنە نەبووە بە وشەی «جوان» وەسفی پیاوێک بکات. ئەمەی لەبەر ئەوە نەبوو نەوەکو مێردی نووسەری پێی گرژ بێ و وا بزانێ ژنەکەی حەزی لە پیاوێک کردووە، بەڵکو ئەمە جۆر و شێوە و شێوازی قسەکردنی بوو. لە باتی ئەمە بۆ پیاو سیفەتی «چاک» و «ئازا» و «ژیر» و «تێگەیشتوو» و هی تری لەم بابەتەی بەکار دەهێنا، کەچی بە پێچەوانەوە بۆ ژن هەندێ جار لە سینەما و شانۆ و پارک و بازاڕ و شەقامدا سیفەتی «جوان»ی بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی بە دڵی بوایە، ئەمە کیژۆڵەیەکی بچووک، یان عازەب، یان ژنێکی بە تەمەن بوایە بەلایەوە گرنگ نەبوو.

ئەو ڕۆژە چیرۆکنووسی مێردی نینا سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ گەیشتە نزیک دەرگای ماڵی خۆیان، وەکو گەلێ جار ژنە ڕووسە قەڵەوەکە لەپێش بەرمیلەدارینەکەی سەر عەرەبانە دانیشتبوو. پەرداغی بیرەی لە دەوری تورومپەی بەرمیلەکە ڕیز کردبوو، دوو سێ کەس چاوەڕوانی ئەوە بوون بیرەی ساردیان بۆ تێبکات. بیرە خواردنەوەی سەر شەقام بۆنوبەرامەیەکی تایبەتی هەبوو، لەسەر برسییەتی هەندێ جار چێژی دەدایە ئەو نووسەرەی هەمیشە بۆ ناوەڕۆکێک

دەگــەڕا بۆ نووســـینەوەی بەرهەمــێکی ئەدەبی بیکات بەسەرچاوە.

لە کـــاتی وادا ئەگـــەر نینا هەســـتی بەوە بکردایە هاوسەرەکەی بیرەی خواردۆتەوە، لەگەڵ نان خـواردندا قـاپێک شـەرابی عـەننابی لەسـەر مـێزی نان خـواردن دادەنا، بەناوی ئەوەی ئەگەر مێردەکەشی نەخواتەوە ژنەکە چەند قومێک هەڵدەقوڕێنێ بۆ ئەوەی خواردنە خۆشەکە بە گیانیان بکەوێ.

بەدەم نان خواردنەوە نینا گوتی:

– ئای لەبیرم چوو پێت بڵێم ئەمڕۆ ژنێک بۆ کارکردن هاتە لامـان، ئەوەندە جـوان بوو نە بکەی و نە بخـۆی، تەنیــا دەبێ تەمــاشــای بکەی. باوەڕ بکە وەک لە تۆم بیستووە و قسەیەکی نەستەقی ڕۆژهەڵاتییانە برای خۆی حەزی لێ دەکات. گوتم:

– ناوی چییە؟

– سڤێتە، کورت کراوەی سڤێلانە وەکو دەیزانی.

– واتە ڕووناک.

– بەڵێ، بە ڕاستی ڕووناکە.

هاویـن تازەبـوو،، دەیانـگوت وەرزی ســــەر پـلاژ و مەلەوانی دەستی پێ کردووە. ڕۆژی شەموو بوو کە نینا لەسەرکار گەڕایەوە ماڵێ گوتی:

– سـڤێـتـەم بۆ بەیانی بۆ نان خـواردن بـانگ کـردووە. سەر لە سبەینێوە لەسەر پلاژ یەکتری دەبینین و پاش مەلە کردن بۆ نان خواردن دێینەوە ماڵی خومان.

نووسەر و نینای خێزانی لەسەر پلاژ جێگەی سڤێتەیان دۆزییەوە. بە مایۆ و سوخمەی مەلەوانی لەژێر چەترێکی ڕەنگاوڕەنگ لەسـەر لم پاڵ کـەوتبـوو، کـە ئەوانی دی هەڵسایە سەر پێ. نینا سڤێتەی بە هاوسەری ناساند. لەو دەمەدا نووسەری بەتوانا سڤێتەی وا هاتە بەرچاو ئەگەر ڕۆدینی پەیکەرتەراشی بلیمەت مۆدێلێکی وەکو سڤێتەی دەست بکەوتایە پەیکەرەکان ڕەندتر و جوانتر دەبوون. ڕەنگە ئەوپەڕی شـــادی لەوە دابێ پیـــاو بۆ یەکـەمین جـار چاوی بە جـوانێک بکەوی بەجلی مـەلە لەسەر ئەو پلاژەی زێی نیڤا لەو جێیەی کە دەرژێتە ناو کەنداوی فینلەندەی زەریای بەڵتیق.

مەلە و گەمە و گاڵتەی ناو ئاو، بیرە و ماسی وشک کـراوی ژێرچەترە ڕەنگاوڕەنگەکە لەگـەڵ قـسە خـۆش و شیـرینەکـانی سڤـێـتـە تێکەڵ بە یەکـتری بوون. باسی ڕووداوی غـــەمگین نەدەکـــرا، هەمـــوو بزووتنەوە و کـردەوەیەک بزە و پێکەنین بوو، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا شنەیەکی نەرم و نهـێنی نامـرادی لە ترووسکەی چاو و پشکووتنی لێـو و هەناسەی کە لەگـەڵ دووکەڵی جگەرە دەهاتە دەرەوە لە سڤێتەدا بەدی دەکرا. لەو دەمەدا سڤێتە لای نووسـەر بوو بە هەڵهـێـن و ئەفـسانە و دیاردەیەکی شـاراوە، بوو بە سـەرچاوەی ئیلهـام و سـۆز. سـۆزێک لەپێناوی بەخـتـیـاری ئەو. لە دواییـدا کـە بەسەرهاتی سڤێتەی بۆ ئاشکرا بوو سۆزەکەی گەرمتر بوو بەرانبەری.

لەماڵی نووسەر سێ قۆڵی لە دەوری مێزی خواردەمەنی و ڤۆدکا و کۆنیاک دانیشتن. سڤێتە ڕووی کردە نووسەر و بەگاڵتە و پێکەنینەوە گوتی:

– تۆ بەختیـاری، لەگەڵ دوو ژنی جواندا نان دەخۆی و ئەگەر بتەوێ دانسیشیان لەگەڵدا دەکەی.

ئەم دانیشتنە بۆ نووسەر تەنیا حەسانەوەیەکی گیانی و ئارامێکی دەروونی و دۆزینەوەی مرۆڤێکی جوان و چاکی وەکو سڤێتە نەبوو، بەڵکو دەستکەوت لەوە گرنگتر و بە نرختر بوو، ئەویش ئەوەیە لێرەدا بە کورتی تۆمار دەکرێ.

سڤـێـتە تەمـەنی پێنج ساڵان بووە کە باوکی چووە بۆ مــەیدانی جــەنگی ڕووس و ئەڵمـــان (١٩٤١). لەو جـــەنگەدا نەگـــەڕاوەتەوە. دایکی ئەندازیاری هێـــڵی شەمـەندەفـەر بووە، دریغی لە پەروەردە کـردنی کـیـژی نەکـردووە. لە دوای کوژرانی مـێردی لە مەیدانی جەنگ شووی نەکردۆتەوە. لە تەمـەنی بیست ساڵیدا سڤـێتـە ئامۆژگای چنینی قوماش و تەونی تەواو کردووە، ئینجا شووی بە ئەفسەرێکی ئەندازیاری چەکی سوپایی سووک کردووە. هێشتا بووکی ناو پەردەی پێنج مانگی بووە کە مێردیان بۆ کوژاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی میللەتی هەنگاریا (١٩٥٦) بردووە، ئەوجا لەپاش ون بوونی مـێردی هەتا هەتایە، بە مـــاوەیەکی کـەم دایکـیـشی کـۆچی دوایی کـــــردووە، بەڵام زۆری پێ نەچووە هەواڵی کـــوژرانی هاوسەریشی پێ گەیشتووە، ئیتر بە تاقی تەنیا لەسەر ڕووی ئەم زەوییە ماوەتەوە.

سڤێتە دەیوت: لە منداڵیدا بەختیـار بووم، ئەگەرچی باوکیشم نەبوو، بەڵام هەستم بەهیچ بۆشاییەک نەدەکرد، دایکم بە تێر و تەسەلی بەخێوی کردم، هیچ ناخۆشییەک لە ژیانمدا نەبوو، ئەوە ناڵێم لەبەر جوانیم لاو و هەرزەکار هەندێ جار ژیانیان لێم لێڵ دەکرد.

سڤێتە لە جەنگ زۆر دەترسا، باوکی چووە و نەگەڕاوەتەوە، مێردی چووە و نەگەڕاوەتەوە، وای دەزانی دایکیشی لە جەنگدا کۆتایی پی هاتووە. لەپاش کوژرانی مێردی بیری لە هەموو شتێک کردۆتەوە ئەوە نەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان جارێکی تر شوو بکاتەوە، بەڵام لە دوای چوار ساڵ ڕۆژگار لە کابرایەک نزیکی کردەوە دەتوت مێردە کۆنەکەیەتی زیندوو بۆتەوە. بە ئەدگار و ناوەرۆک لەوی دەکرد. کارگەری زانستی بوو لە بنکەی لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی سەر بە ئەکادیمیەی زانستی. ئەم شووکردنە وەکو خەو وا بوو بەلای سڤێتەوە. نزیکەی نۆ مانگ لەگەڵ زانای گەنج ژیا.

هەموو جار دەردی دڵی بۆ نووسەری هاوڕێی هەڵدەڕشت، بە زۆری دەیوت: هەر ئەوەندەم چاکە کردووە بەرانبەر بەخۆم، لە سەرەتاوە بڕیارم دابوو منداڵم نەبێ، بۆ ئەوەی کەسێکی تر تووشی ئەشکەنجە و ئازاری ژیان نەکەم.

بە ئاه و هەناسەی قووڵەوە، سڤێتلانە بەدەنگێکی کزی نووساو دەیوت:

– شەوێک هاتن بردیان، نە سبەی و نە دوو سبەی نەگەڕایەوە، تائێستاش ئەوە چوار ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و هەر نەگەڕاوەتەوە، ناشگەڕێتەوە، ئەو دەسگا تیرۆریەی «کا گێ بێ»ی پێ دەڵێن، ئەوەی بچێتە ناویەوە نایەتە دەرەوە.

لەو ڕۆژانەدا سڤێتە لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بوو، بەڵام لەکچی بیست ساڵی دەکرد، دوو شووی کردبوو، لەگەڵ هەردووکیاندا ساڵێک و سێ مانگ ژیا بوو.

نووسەر و نینای خێزانی ئارەزووی ئەوەیان دەکرد سڤێتە هاوڕێ و دۆستیان بێ، حەزیان دەکرد هاوسەرێکی بۆ پەیدا بکرێ، بەمە خۆی ئاسوودە دەبێ و ئەوانیش لە هەندێ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی ڕزگاریان دەبێ. ژنێکی یەکجار جوان و ناسک و لە ڕووی وەکو سڤێتە لەلایەن ئەو ژن و مێردەوە پارێزگاری نەدەکرا. خۆی مەیلی بۆ پیاو نەبوو، ئارەزووی شوو کردنی نەدەکرد، بۆیە ئەوان هەوڵیان دەدا ئەگەر ئەویان لەگەڵدا بوایە ڕێگەیان بۆ هاوڕێکانیان خۆش نەدەکرد، چاویان پێی بکەوێ، چونکە کەم پیاو هەبوو لە کۆمەڵێکی ئەورووپاییدا سڤێتەی بدیایە گیرۆدەی نەبوایە و دڵی بۆی خورپەی نەکردایە، خۆشی ئەوەی پێ خۆش بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە هەندێ لە پیاسەکانیان نینا لەلای ڕاست قۆڵی دەکرد بە قۆڵی نووسەری مێردی و سڤێتەش لەلای چەپ. ئەم دیمەنێکی ئاسایی بوو.

نزیکەی شەش مانگ بەسەر هاوڕێیەتی بنەماڵەی نووسەر و نینا تێپەڕیبوو لەگەڵ سڤێتەی جواندا. جەژنی لە دایک بوونی نینا نزیک بوو. بڕیاریان دابوو بە سێ قۆڵی پێشوازی ئەم جەژنە بکەن، سڤێتە حەزی نەدەکرد کەسی چوارەمیان لەگەڵدا بێ.

سەرەتای مانگی کانوونی یەکەم بوو. ئەو زستانە سارد و وشک و بەفری زۆر بوو، بەم جۆرە زستانەیان دەوت «زستانی ڕووسی». دروست کردنی خواردن بۆ سێ کەس کارێکی قورس نەبوو. شەمپانیا و کۆنیاکی گورجی پێنج ئەستێرەیان لەسەر مێزی نان خواردن دانا. هەندێ زەڵاتەی ڕووسی بە گۆشتی مریشک و ماسیەکی فارشیرۆڤی نەخشی مێزی خواردنیان کێشا بوو. ئەم خواردنە بریتییە لەوەی ماسییەکە دەگروون، گۆشتەکەی لە ئێسقان جیا دەکەنەوە، ئینجا قیمەی دەکەن، بە سیر و پیاز و بەهارات سووری دەکەنەوە و گۆشتەکە لەناو پێستەی ماسیەکە دەکەنەوە و بەتاڵی کەرەوز دەیدوورنەوە و جارێکی تر سووری دەکەنەوە.

خواردنەوە و خواردن لەسەرخۆ، قسەی هێمن و خۆش، دانسی نەرم و وردی ڕۆمانتیکیانە سێ کوچکەی لە عالەمی واقیع بۆ عالەمی خەیاڵ بردبووە دەرەوە و لە تەنگو چەڵەمە و ناسۆری ژیان دووری خستبوونەوە. نووسەر و نینا دەیانزانی بیر لە چی دەکەنەوە، بەڵام نەیان دەزانی سڤێتە بیر لە چی دەکاتەوە. لەم دانیشتنەدا زۆر لەسەر خۆ و کەم دوو بوو، جلی جوان و ڕازاوەی لەبەر کردبوو، بەڵام سووراو و ئارایشی نەکردبوو، دەیوت:

– ئەمە لەبەر جوانی نییە، هەر بە سروشت حەز لە ماکیاژ ناکەم.

نینا بە گاڵتەوە پێی دەوت:

– دەزانم ماکیاژ ناکەی، بەڵام لەبەر من دەبوو بیکەی، چونکە جەژنی لەدایک بوونی منە.

– نابینی لەبەر تۆ جلی جوانم لەبەر کردووە!

ئیتر هەموو خەندە و سۆز و پاکی و مرۆڤایەتی بوو، سێ چوار سەعات لەم کونجی نادیارییەدا ژیان و کاتێکی خۆشیان بەسەر برد. ئینجا ڕوویان کردە دەرەوە، ناو بەفر

و سەهۆڵبەندان، بەرەو میترۆ کەوتنە ڕێ. دەبوو نینا بگەیەننە ماڵی دایکی، چونکە بۆ ڕۆژی دوایی بۆ ڕێک خستنی ناوماڵ و بۆ پێشوازی ئاهەنگی سەری ساڵ یارمەتی دایکی دەدا.

بەم جۆرە گەیشتنە ماڵی دایکی نینا. لەوێ چایەی ڕووسییان خواردەوە. نینا لای دایکی مایەوە، نووسەر و سڤێتەش دیسانەوە کەوتنە ناو میترۆ. لەنزیک ماڵیان هاتنە خوارەوە، بە دەستووری ئەوان وەکو هەموو جارێک دەبوو سڤێتە تا بەر دەرگای ماڵیان بەڕێ بکرێ.

لەم کاتەدا نووسەر نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، هەروەها سڤێتەش نەیدەزانی بیر لەچی دەکاتەوە، هەر یەکێکیش لە هەردووکیان لە هاوڕێکەی نەدەپرسی بیر لە چی دەکاتەوە تا گەیشتنە بەر دەرگای گشتی باڵەخانەکە. دوو سێ جاری تریش لەوە پێش تا بەر ئەو دەرگایە بە ڕێی کردبوو. لەوێ وەستا بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکات، بەڵام هەڵوێستی ئەو بەبێ ئەوەی قسە بکات ئەوەی دەگەیاند نووسەر بچێتە ژوورەوە. تا بن داڵانەکە دەستی گرت، نووسەر هێشتا بە تەمای ئەوەبوو پشتی تێبکات، کەچی نەیزانی چی هێزێک پاڵی پێوە نا بە قسەی بکات، چونکە ئەوەندە سۆزی بەرانبەری بەهێز بوو بەزەیی پێدا دەهاتەوە، وای دەزانی ئەگەر بە قسەی نەکات تاوانێک بەرانبەری دەکات.

هەموو شت هێمن، هەموو شت نەرم، هەموو شت ورد، کشومات بوو. دەنگی هەناسە دەهات. لە پێپلکانەکان چوونە سەرەوە، دەنگی پێیان نەدەهات. سڤێتە دەرگای کردەوە، گڵۆپی هۆڵی داگیرساند، بەرەو تاکە ژووری ماڵەکە چوون، تاریک بوو، هەناسەی لە هەناسەی نووسەر نزیک کردەوە، چاوی لێڵ بوو، پەیکەری ناسک و بێگەرد، ئەوەی لەسەر پلاژ پێنج شەش مانگ لەمەوبەر چاوی پێی کەوت بوو. ئەم جارەیان ئاوەڵکراسی نایلۆن، لەسەر ئەو کراسی ئاوریشمی پەمەیی، ئینجا چاکەتی خوری مۆر، لەسەر ئەویشەوە پاڵتۆی خۆڵەمێشی تووکنی ڕووسی، ملپێچی فەروو، کڵاوی تووکنی سبیری. سڤێتە لەناو ئەم هەموو جلوبەرگە نقوم ببوو، تەنیا چاوە گەورە جوانەکانی دیار بوون.

سڤێتە لەو دەمەدا لەو مروارییە بێگەردەی دەکرد کە پیرێژنی سەد ساڵە لە باپیری باپیری بۆی مابووەوە و لەسەد پریاسکەی پێچا بوو. پیرێژن ئەوەندە مرواریيەکەی خۆش دەویست لە هەموو ژیانیدا سێ چوار جار لەم هەموو پریاسکانە دەری هێنابوو بۆ ئەوەی بە بینینی مروارییە خۆشەویستەکەی شاد بێ، بەڵام نووسەر لە هەموو ژیانیدا تەنیا جارێک گیانی لەگەڵ گیانی سڤێتە تێکەڵ بە یەکتری بوون. ئەو دەیزانی سڤێتەی خۆش دەوێ، بەڵام نەیدەزانی سڤێتەش ئەوی خۆش دەوێ.

بەیانی زوو لەخەو هەڵساو بە ئەسپایی خۆی گۆڕی و چووە دەرەوە. ئێوارە کە نینا گەڕایەوە ماڵێ، لە هاوسەری پرسی:

– دوێنێ تا کوێ سڤێتەت بەڕێ کرد؟
– تا بەر دەرگای ماڵیان.
– سەیرە ئەمڕۆ نەهاتبوو بۆ سەر کار.
– نازانم.

چوار ڕۆژ سڤێتە نەچووبووە سەر کار ئەوجا ڕووی کردبووە ئەوێ بۆ ماڵئاوایی دوایی. کارگێڕ و هەموو مووچەخۆرانی دیبوو، دەستی لە ملی نینا کردبوو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە داوای لێ کردبوو لێی ببوورێ، ئیتر پشتی لە خەڵکەکە کردبوو. هەرچەند کردبوویان شتێک لە دوا ڕۆژییەوە بزانن، بەڵام هیچی پێ نەوت بوون.

لەپاش چەند ڕۆژێک نینا چووبووە ماڵیان بۆ ئەوەی سۆراغی بزانێ، هاوسێکانی وتبوویان سڤێتە باری کرد بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێ بۆ کوێ.



# پیاوە گرگنەکە

بەکر دەرویش
(خورماتوو)

من بۆخۆم هیچ کەیفم بەو پیاوە نایەت کە پێی دەڵێن " ئوستادی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی " پیاوێکی گنەی کورتە باڵای گرگنە، سەرێکی زلی هەیەو ڕیشێکی سەکسوکەی داناوە، هەمیشە لەژێر جانتایەکی قایشی ڕەشی بە قەولی خۆی ئیتاڵیدا نکەی دێت، چاویلکەیەکی زەڕەبینی لە چاوە، بە پەتێک وەک مەمەی منداڵ لەملی خۆی هەڵواسیوە، ئەو پیاوە دەغەزارە ئوستادی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییە، من کە قوتابییەکی کلاسەکەی ئەوم، هیچ دەمودەنووکم لە گەڵیدا باش نییە و دانوولەم لەگەڵیدا ناکوڵێ، ئەم ئوستادی فەلسەفەیە لام وایە پیاوێکی ترسنۆک بێت، چونکە زۆر ڕقی لە تەنیاییە و هەمیشە دژی ئینسانە تەنیاکان دەدوێ، بێجگە لەوەی ڕۆژانە لە وانەکانیدا دوو سێ موحازەرە تەنیا قسە لەسەر وشەگەلی وەک: خێزان چەترە بۆ ئینسان، ماڵ و خێزان ئینسانێکی کامەران، ڕەفیقان شادی بەخشانی ژیان، دەستەوایی و برایەتی، خۆشەویستی و دۆستداری هاوولاتیان و... نازانم چی و چیتر دەکات، من زۆربەی کتێبەکانی حەمیدی ڕەحیمپوورم خوێندووەتەوەو هەڵوێستەم لەسەر کردووە، هیچیانم پێ باش نییە، تێناگەم ئەم ئوستادە بۆچی وا لە خوتوخۆڕایی، دژی هەندێ شت دەوەستێ و سووک و ڕسوای دەکات؟ لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بەناوی (کۆمەڵگەیەکی منەوەر، گەلێکی بەختەوەر) کە ساڵی پار لە سلێمانی دەزگای سەردەم بۆی چاپکردووە لە لاپەڕە (٤٥)دا دەڵێ: " ئینسانی تەنیا ئینسانێکی خۆپەرست و ترسنۆکە، حەزی لەبەرپرسیاریەتی و چوونە ژێر باری لێپرسینەوە نییە، بۆیە هەمیشە گۆشەگیر دەوەستێ و ڕقی لە کۆمەڵەکەیەتی، چونکە ناتوانێ وەک تاکێکی سادەو ساکار ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهێنێ، ناتوانێ ئازایانە بەرانبەر بە تەنگژەکانی ژیان بووەستێ " هەر

ئەم ئوستادی فەلسەفەیە لە کتێبیکی تردا بەناوی (تەنگەژەکانی مرۆڤی تەنیا) کە دەزگای ئاراس ساڵی٢٠٠٧ بۆی چاپ کردووە لە لاپەڕە (١٠٣) دا دەنوسێ " مرۆڤ بە مرۆڤەوە جوانە، هاوکاری و هاوتەبایی ژیان خۆشتر دەکەن، باری گرانی گوزەران و زیندەگی سووک و ئاسان دەکەن، کاتێک مرۆڤەکان بە پاڵ یەکەوە کاردەکەن و تێدەکۆشن جوانتر و باشتر کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بە کۆمەکی یەکترو هاوکاری کردنی یەکتر هەنگاو بە هەنگاو لە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە و ڕەها نزیک دەبنەوە " ڕۆژێک لێم پرسی: ئوستاد تۆ بۆ ئەوەندە ڕقت لە ئینسانی تەنیایە؟ ئایا پێت وا نییە ئەمە دژایەتی کردنێکی ئاشکرای ڕوح بێت؟ کەللە زلەکەی تۆزێ بۆ پێشەوە داگرت و لە پشتی چاویلکە زەرەبینەکەیەوە سەیرێکی کردم و وتی: چونکە مرۆڤە تەنیاکان مرۆڤگەلێکی تەمبەڵ و تەوەزەلن. منیش وتم: پێت وا نییە تەنیاکان ئازادانەتر دەژین لەوانەی ژیانێکی بە کۆمەڵی مێگەل ئاسا دەژین؟ قسەکەمی بە دڵ نەبوو، بۆیە بە هەڵچوون و تووڕەبوونەوە وتی: بە پێچەوانەوە ئەوە تەنیاکانن دەیانەوێ ئاژەڵانە بژین، ئەوە ئەوانن دەیانەوێ نەکار بکەن و نەماندوو بن، تەنیا وەک حەیوان بخۆن و بخەون، هەستە برۆ دەرەوە جارێکی تر نەیەیتە موحازەرەی من، چەنەبازی دەم درێژ؟! یاروەلی وتی: پیاوەگرگنەکان زۆربەیان ئاوان کاتێک تۆزێ مشتومڕیان لەگەڵدا دەکەی، تاقەتیان نامێنێ و یەکسەر تووڕە دەبن، یا ئەوەتا تۆمەتێکت دەدەنە پاڵ و بەخائین و زەندیق تۆمەتبارت دەکەن، یان لە مەجلیسەکانیان دەتکەنە دەرەوە، ڕاست دەکەی ئەمڕۆ ئوستادی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ئاوای کرد، منی لە پۆلەکە کردە دەرەوە، من نەک ئێستا ئەو دەرمەدەنێ، من بۆ خۆم دەمێکە دوور لەو پیاوە گرگنانە تاکوتەنیا دەژیم، تەنیایی شکۆمەندی ڕوحە، ئەوەی مرۆڤەکانی لەدەوری یەکتر گردکردۆتەوە، ئەوە خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی نییە وەک ئوستادی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بۆی چووە، ئەوە ناچاریی ورگە وای کردووە مرۆڤەکان لەدەوری یەکتر کۆببنەوەو ناچارانەش بۆ ئەوەی بژین بەرگەی گەمژەیی و گرگنی یەکتر بکەن، حوسامەدین کە ئێمە بەقەشە حوسام بانگمان دەکرد، وتی: ڕوحی تەنیاو ئازاد ناتوانێ کۆیلانە بژی، مرۆڤی تەنیا ناتوانێ لە پێناوی دوو ڕۆژ ژیانی زیاتردا بچێتە ژێر باری هەموو بارداریێک، ئەو وەک مۆمە، تەنیا دەژی و تەنیا دەسووتێ و تەنیا دنیا ڕووناک دەکاتەوە، مرۆڤی پڕ لە جوانی و تەنیایی پێی وایە ئینسان بە تەنیا لە دایک دەبێت و بە تەنیا دەژی و بە تەنیاش دەمرێ، جەلیل گەرمیانی هەڵیدایەو وتی: کەوابوو مرۆڤ تەنیایە، موحسین زرگوێزی وەڵامی دایەوە: تەنیایی گەوهەری ئینسانی ڕاستەقینەیە، ئەو کەسەی لە ئازاری تەنیایی بترسێ ئینسانێکی گرگن و ترسنۆکە، ناتوانێ کەڵەکێویانە بژی، منیش کاتێک ئاوا بیردەکەمەوە خۆم زۆر لە دووری ئەو کەسانەوە دەبینم، کە لەترسی تەنیاییدا باسی خێزان و دۆست و هاوەڵ و کۆمەک و یارمەتیدانی یەکتر دەکەن، بیر کردنەوەی زیاترم لەم جۆرە شتانە پتر دوورم دەخاتەوەو تەنیاتر دەمهێڵێتەوە، لەو دوورەوە تەماشای ئەوانە دەکەم وا لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوە، یان ئەوانەی گلەیی و گازندە لە بەختی خۆیان دەکەن گوایە تاکو تەنیان و دۆست و ڕەفیقیان نییە، گلەیی لەوە دەکەن تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیان پشتیان تێکردوون و خۆشیان ناوێن، تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەک باوک و براو کەسوکار تەماشایان دەکەن، ئەو بەستەزمانانە دەیانەوێ بازنەی ترسی دەوری خۆیان بە قڕ و قەرەباڵغی مرۆڤگەلێکی وەک خۆیان ترسنۆک پڕکەنەوە، لە جیاتی ئەوەی وەک مۆم بسووتێن و بە گڕی تاریکی و ترسی تەنیاییدا بچنەوە، دێن لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوەو بە هاوار و فیغان خۆیان دەخەڵەتێنن، گوایە ئەوان ئینسانگەلێکی سوودبەخش و خۆشەویستی خەڵکن، ڕووناک ئەو کچەی هەمیشە پانتۆڵی کابۆی لەپێ دەکردو جاجگی دەجاوی وتی: ترسنۆکن ئەوانەی لە تەنیایی هەڵدێن و دەچنە پاڵ ئەو کەسانەی کە نازانن ئەوان لە خۆیان تەنیاترن؟! ئەوانیش بۆ شاردنەوەی تەنیایی خۆیان گوێ لەمان دەگرن و دالدەیان دەدەن، وەک کاک بەکر وتی مرۆڤ ئەگەر لەبەر ناچاری زگی نەبووایە، هیچ کات ئامادە نەبوو، دەست لە ئازادی خۆی هەڵگرێ و لە خانەی تەنیایی بێتەدەر، منیش قسەکەیم تەواو کرد و وتم: بێتەدەر و ببێتە کۆیلەی نێو قرەقەرەباڵغی کۆمەڵگە، ئینسانە داهێنەرو پاڵەوانەکان هەمیشە غەریب و نامۆن، تاکو تەنیا بوون، ئەوان ناچن لە نێو قرەقەرەباڵغییەکاندا خۆیان بشارنەوە، تاکو چاوی تەنیایی نەیانبینێت، بە

پێچەوانەوە ئەوان وەک دڵۆپی ئاو وان بەردی ژیان چەند ڕەقوتەق بێت بە سەبری ئیرادەی خۆیان هەڵیدەکۆڵن، جهانگیر غەمگین وتی: ئوستادی فەلسەفە هەمیشە بەقرو قەرەباڵغی دەوری کەیفی خۆشەو بزە دەیگرێ، یاروەلی هاتەوە قسەو وتی: لەوە سەرم سوڕماوە هەمیشە کۆمەڵێ قوتابی دوای کەوتوون و بە قسەکانی گەشکە دەیانگرێ و پێیدا هەڵدەدەن، بەخوا ئوستادە نەک گاڵتە، ئەمڕۆ ئوستادی فەلسەفە وای گوت و وای فەرموو، موریدانی ئوستادی فەلسەفە هەمیشە بە کۆمەڵ دێن و دەچن، بە کۆمەڵ بیردەکەنەوە کار دەکەن و دەخۆن، زۆر لە تەنیایی دەترسن، ئەگەر یەکێک باسی تەنیاییان لەلا بکات وا دەزانن باسی دێو و درنجیان بۆ دەکات لە ترساندا لەرزیان لێ دێت، دەمودەستیان دەلەرزێ، سەریان لێ دەشێوێ و فرتەی بۆ دەکەن، کاک یاروەلی تۆ بڕوانە ئوستادی فەلسەفە هەمیشە وەک مریشکی کڕ ڕەوێڵەیەک قوتابی بە دوایەوەن، سەری زمان و بنی زمانیان زەم و ڕەفت کردنی ئینسانە تەنیاکانە، ئەو ئینسانانەی کە تەنیا گوێ لە ئاوازە جوانەکانی نێو ناخی خۆیان دەگرن و کاریان بەسەر کەسی ترەوە نییە، من لە دوا گفتوگۆمدا لە گەڵ ئوستادی فەلسەفەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەو، ئینسانە تەنیاکان تەنیا لە ڕوانگەی جەستەو بوونیانەوە دەبینێ، ئەو پێی وایە ئینسانی تەنیا ئەوانەن کە گۆشەگیرن و دوور لە خەڵک هەڵوێست دەگرن و تێکەڵی خەڵک نابن، ئەو نازانێ من مەبەستم لە تەنیا تەنیایی ڕوحە، نەک تەنیایی جەستە، ڕەنگە ئینسانێک لە نێو هەزاران کەسدا بێت، بەڵام هەست بە تەنیاییەکی گەورە بکات ! ئینسانی تەنیا ئەو کەسەیە کە بە ئاسانی لە نێو قڕو قەرەباڵغییەکاندا دەنگی خۆی گوم ناکات و زوو ون نابێت، بەڵکو هەمیشە گۆرانی خۆی دەچڕێ و گوێ لە گۆرانی خەڵکانی دیکەش دەگرێ، تەنیایی تەنیایی ڕوحە نەک جەستە، کەریم عاشق کە تا ئەو کاتە تەنیا گوێی دەگرت، هاتە پێشەوەو وتی: ڕەنگە ئێستا کۆمەڵێ لەوانەی کە دوای ئوستادی فەلسەفە کەوتوون لە قووڵایی ڕوحیاندا تەنیایی شمشاڵی غەمۆکی بژەنێ و ئاواتە خوازبن بۆ خۆیان بژین و ئازادانە ئاوازەکانی ڕوحیان بژەنن، ئوستادی فەلسەفە ئەو ساڵەی منی دەرنەچواند و ساقیتی کردم گوتبووی: با بچێ بۆ خۆی هەر بلوێری تەنیایی ڕوحی بژەنێ، ئێستا ئیتر بەتەواوی تەنیاو ئازادە، ئوستادی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی نازانێ من کاتێکیش لە پۆلەکەی ئەوداو لە نێوان سەدان قوتابیدا گوێم لە موحازەرەکانی ئەو دەگرت لە ئێستا تەنیاتر بووم، ئەم ئوستادە کەی لەوە تێدەگا من کاتێک تەنیام ئەوە ئازادم و هیچ هەست بە تەنیایی ناکەم، ئایا ئینسان لە ئازادیدا هەست بە تەنیایی دەکات؟ کاتێک مرۆڤ تەپوتۆزی بن پێی کۆمەڵگە لە خۆی دەتەکێنێ و بۆ چەند ساتێک بۆ خۆی دەژی ئەوکات تەنیا نییە؟ قەشە حوسامەدین وەڵامی دایەوەو وتی: بەپێچەوانەوە ئەوکاتە ئەو ئازادەو هەرچی دەکات لەبەر ڕووناکی مۆمی ڕوحی و ئاوازی مۆسیقای دڵی خۆی دەیکات، ئەوەی دەیکات لەبەر ترسی ئەم و ئەو و خاترجەمی کەس نییە، کار و کردەوەکانی خوڕەی ئاوی ویژدانیەتی دەڕژێتە نێو چۆمی ژیانییەوە، ئینسانە تەنیاکان لە قەناعەتی خۆیانەوە زێدو نیشتمانی خۆیان خۆشدەوێ، لە وەجدی ڕوحیانەوە ڕێزی کۆمەڵگەکەیان دەگرن، لە ئاستی پیرۆزییەکانیدا سەر دادەنوێن، منیش پشتگیریم کردو وەک یەکێ قسە بۆ ئوستادی فەلسەفە بکات وتم: نەک لەبەر مامەخوللەیی، یان پولوپارە، ئینسانی تەنیا ئەی ئوستادی فەلسەفە وەک مۆم وایە تەنیا دەسووتێ و تەنیا دنیا ڕووناک دەکاتەوە، تەنیاییش تەنیایی جەستە نییە، تەنیایی مانای ئەوە نییە تۆ بەتاکو تەنیا دوور لە خەڵک بژی، نەخێر تەنیایی ئەوەیە تۆ لە نێو ئاپوورەی خەڵکدا بیت و ڕوحت مردوو بێت، هەست بەبێزاری و مردنی حەز و ئارەزووەکانت نەکەی.

# ئەرقینا دل



**لۆرین. س. دۆغان**
**(نسێبین)**

نیڤێ شەڤێ یە. ل ئۆدەیا کو د هەر قونجکا وێ دە. لڤین هاتنە راخستن، کۆفلەتێ مالێ کەتیە خەوەکە گران. ل دۆرا سۆبا شێلکی، کو ژ زوو دە یە ئاگرێ وێ تەفیایە، پەڕەنگ بوونە خوەلی. سۆسێ، حامدۆ و زارۆکێن خوە د ناڤ جهان دە، ژ سەرما خوە کرنە پچک. لڤینێن هەفت زارۆکێن کو تەمەنێ وان د سەر هەڤدوو رە نە، وەکە مۆریکا د بەر هەڤدوو رە هاتیە رێزکرن. زارۆکێن کو لحێف ل خوە کرنە کۆمک، دەست و لنگێن وان دناڤ هەڤدوو دە وندا بوویە. و هەر نەقلا کو سەرێ تلییێ لنگێن زارۆکا تازی دمینە، بێهشی خوە لحێفێ ژ سەر هەڤ دکشلشێنن..

شەڤ گران بوویە... خەوێ خوە ل دۆرا لاشان پێچایە... لێ ژ شەڤا خوەدێ ڤە، خەو ب چاڤێن حامدۆ نەکەتیە و ل بەر خەفکێ ڤەکەتیە! ژناڤ جهێ خوە یێ کو ل پشتا دەری هاتیە راخستن، ب ئاوڕێن پسیکەکێ، چاڤێن خوە یەکۆ یەکو ل سەر کوفلەتێ خوە رە دگەڕینە و تەڤگەرێن زارۆکێن خوە یێن کو کەتنە خەوێ دە دشوپینە. خوشینا دەنگێ بایێ دەرڤە وی درجفینە. فکارا کو زارۆک وێ ب دەنگێ بایێ دەرڤە رە شیار ببن. سەهۆی دخە دلێ وی. چەند جارا لحێفێ دکشێنە سەرێ خوە. لێ پشتی کێلیەکێ، دیسا ب نەپەنی سەرێ خوە ژ بن لحێفێ دەردخینە و هەتا ل دەنگێ هەلما زارۆکان گوهدار دکە. حامدۆ کو ژ خەوا زارۆکان ئەولە دبە. ب دزیکا ژ ناڤ جها رادبە و وەکە کو پێل تیتکا بکە. ب سەرێ تلییێن لنگێن خوە بەر ب لڤینا کو سۆسێ دناڤ دە رازایە، دچە... دبەر گاڤێن خوە یێن نەپەن رە، دبێژە، «ئەڤ سەکباڤ، نزانم چما جهێ من ئەوقاس دووری خوە ددەینە!»

حامدێ کو لەهیا ترس و هەیەجانێ ل خوینا وی رابوویە، ملێ سۆسێ ب هێدیکا، د هەژینە، سۆسێ ب ملهەژینا

خوه ره، جهـ ده ژ خوه شیار دبه. چاڤێن وێ یێن کو ل سەر سەرێ خوه ره حامدۆ دبینن، بەل دبن. بەریا کو حامدۆ تشتەکی ببێژه، سۆسێ بهێرس:

– خوەدێ نەهشتۆ، قەی نها چاخێ ڤێ یەکێ یە؟!

حامدۆ ب دەنگەکی نزم:

– وی دەرپێی ژ خوه بشەمتینه.

سۆسێ:

– کورۆ وێ زارۆک شیار بن.

– دەنگێ حامدۆ، هنەکی ب بەرز دبه:

– بەریا ئەز د دەڤێ باڤێ تە ده.. زووکـــــا وی دەرپیی...

– سۆسێ دەستێ خوه دبه بەر دەڤێ خوه:

– هششت کورۆ... بەلقتیۆ، وێ زارۆک رابن...

سۆسێ، بەریا کو گوتنا دووڤەدرێژ ببه و ئەڤ یەک ببه سەدەما کو زارۆک ژ خوه شیار بن، دەرپێ خوه ژ خوه د شەمتینه.

سۆسێ و حامدۆ ژ ئالیەکی ڤە کارێ خوه دکن و ژ ئالیێ دن، چاڤێن وان ل سەر لڤینێن زارۆکان دلەیزن! کو حامدۆ کارێ خوه تەمام دکه، ژ سەر سۆسێ رادبه و ب بێهنفرەهی دچه ناڤ لڤینا خوه. وەکە کو بارەک ژ سەر ملێ وی رابووبه. د ناڤ لڤینا خوه ده، خوه ڤەدزەلینه. سۆسێ پشتی کو دەرپێ خوه دکشینه خوه، دکه گۆتەگۆت. «کوچکێ کوچک، دیسا وەکە بەرازەکی بازدا سەر من!».

کەچکا کو لڤینا وێ نێزی دیا وێ یە، ژ پستەپستا دێ و باڤێ خوه شیار بوویه... و هەمـوو تەڤگەرێن دێ و باڤێ خوەییێن بەریا بیسکەکێ، دبن لحێفێ ره. ب دزیکا شۆپاندیه. ب ڤێ یەکێ ره کەچکێ تا گرتیه و ماد لێ زەر بوویه. خوێدانەکە هوورک و جەمدی خوه ل لاشێ وێ پێچایه... کەچکا دەهـ سالی دبن لحێفێ ده درجفه! دلێ وێ یێ کو ئەرق هاتنێ، دکە کو د دەڤێ وێ ره دەرکەڤه. کەچک ب ئەرقینا دلێ خوه ره، ب یەک جارێ ره لحێفێ ژ سەر خوه داڤێژه و بەر ب سەرشۆکێ ڤە باز دده. ئەرقینا کەچکێ، سۆسێ دترسینه. سۆسێ ژ ناڤ جهێ خوه دهلپەکە و ب هلکەهلک دبێژه:

– چ بوو کەچێ؟ چ بوو؟..

– ئەرق، ئەرق..

– چ بوو هاوار؟ د نیڤێ ڤێ شەڤێ ده...

– ئەرق، ئەرق...

ڤەرشینا کەچکێ کو لحێف و دۆشەک ل بەر خوه برنه، ناسەکنه و بهێن ب هوندر دکەڤه. سۆسێ:

– وەکە چاڤبرچیان، هنگی ئێڤاری تە ماسی خوارن.

کەچکا کو دەستەکی وێ د دلێ وێ دەیه و دەستێ دن، د زەنگەلۆرکا وێ دە یە هەی دڤەرشە:

– ئەرق، ئەرق، ئەرق...

گۆتەگۆتا سۆسێ ناسەکنه:

– نە کو هوون ل سەر خوارنێ روودنن، هوون نزانن رابن. وەکە باڤێ خوه...

چاڤ ل کەچکێ سۆر و فرەهـ دبن:

– تەرکێ باڤێ من...

گۆتنا کەچکێ، سۆسێ ژ کراسێ وێ دەرخینه.

– کەچێ عەییە ژ تە ره، بێناموس!

ڤەرشینا کەچکێ ناسەکنه:

– ئەرق، ئەرق، ئەرق ق، ئەررقق...

سۆسێ ب قیرین:

– هاواره قەی جنا ل تەخست!

چاڤێن کەچکێ یێن کو د وەجهێ سۆسێ دە ئالقینه، فرەهتر دبن. کەچکا کو تو دبێ قەی پیرهەبۆکەک دیتیه، دهەلچنه. کەچک ب هلکەهلک و د دەربەکێ دە دبێژه:

– تەرکێ باڤێ من چقاس مەزنه!

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (کراسێ تەنک) رووپەلێن (٥٥–٥٨) هاتیە وەرگرتن، پەرتووک ل سالا (٢٠٠٧)ێ ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا هاتیە چاپ و بەلاڤکرن. چیرۆکنڤیس ژێ (لۆرین) ل سالا (١٩٧٥)ێ ل باژارێ نسێبینێ ژ دایکبوویه و، دەرچوویا زانکۆیا دیجلەیێ یە- بەشا بایۆلۆژی.**

**«رامان»**



# کچ

ئۆ. هەنری
له ئینگلیزییەوە: ڕەشید ئیبراهیم ڕەشید

بە پیتی زێڕین لەسەر کلێشەی دەرگای ژووری ژمارە (٩٦٢) ئەو وشانە نووسرابوونەوە: «ڕۆبێنس و هارتلی، دەلالەکان» نووسیارەکان ڕۆیشتبوونەوە. کاتژمێر لە پێنج لایدابوو. ئەو ئافرەتانەی کارەکەری ڕۆژی بوون بەشێوەی ڕەوتی ئەسپە ڕەسەنەکان هەنگاویان بەرەو باڵەخانەی فەرمانگەکە هەڵدێنا کە بیست و یەک نهۆم بوو و سەری چوو بووە ناو هەورەوە، ڕۆنی شەمەندەفەر تێکەڵاو ببوو و لە پەنجەرە نیوە کراوەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. ڕۆبێنس تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، دڵدارێکی کەمێک قەڵەو بوو، هۆگری نواندنی شانۆگەرییەکان و ئوتێلی پاڵم رووم بوو، وای پیشان دەدا کە ئیرەیی بەژیانی خۆشی هاوبەشەکانی دەبات کە ڕۆژانە لە دەرەوەی شارەوە بۆ ئیش بۆ ناو شار دەهاتن.

ڕۆبێنسن گوتی ئەمشەو بڕیارم داوە لە هێلێکی شێداردا کارێک بکەم «ئێوەی کوڕوکاڵی دەرەوەی شار، ئێوە دەبن بە پیاو لەگەڵ کوللەکانتان و مانگەشەوان و خواردنەوەی سارد و شتەکانی بەربێلایی دەرەوەش.»

هارتلی تەمەنی بیست و نۆ ساڵ بوو، جددی بوو، لاوازبوو، جوان و کەللەڕەق بوو، ئاهی زۆر هەڵدەکێشا و کەمێکیش چارەی قورس بوو.

هارتلی گوتی، «بەڵێ ئێمە بە فلۆراڵ- هەرست هەمیشە شەوانی ساردمان هەیە، بەتایبەت لە شەوانی زستاندا.»

پیاوێک بە سیمایەکی نهێنییەوە هاتە ژوورەوە یەکسەر بۆ سەرەوە بۆ لای هارتلی چوو. «دۆزیمەوە لە کوێ دەژیەت»، ئەو قسەی وەکو موژدەهێن بەنیوە چرپە بە گوێی هارتلیدا چرپاند، ئەوەی کە سیخوڕ دەیکات لە ڕوون کردنەوەی کارەکەیدا بۆ هاوەڵەکانی. هارتلی بە تووڕەییەوە چاوی لێ بزکردەوە بۆ ئەوەی بێدەنگی بکات ئەویش بێدەنگ بوو، لە هەمان کاتدا ڕۆبێنسن داردەستەکەی هەڵگرت و بۆینباخەکەی بەگیرە توند کرد کە حەزی لێ بوو، بە ڕووخۆشییەوە بۆ ماڵئاوایی سەرێکی لەقاند و بۆ ناو شارە خۆشەکەی چووە دەرەوە.

سـیـخـوڕەکـە کـە لە خـەڵکی دابڕابوو بۆ فـرۆفـێڵ بە دەنگێکی سروشتییەوە گوتی «ئەوە ناوونیشانەکەیە» هارتلی کـاغـەزێکی لە دەفـتـەری پیسی بیرەوەرییـەکانی سـیـخـوڕەکـە لێکردەوە. ئەم وشـانـەی لەسـەر نووسی «ڤـیـڤـەین ئارلینگتـون ژمـارە ٣٤١ ڕۆژهەڵات.. ئەو شەقامە، سەرپەرشتی خانمی. مکومەس.»

سـیـخـوڕەکـە گـوتی «هەفـتـەیەک دەبێت بۆ ئەوێی گواستۆتەوە. بەڕێز هارتلی ئەگەر هیچ بەدواداچوونێکت دەوێ بە نهێنی بکرێت، ئەوە من دەتوانم ئەو کـارەت بۆ بکەم وەک کـارێکی جـوان بەو ئاراسـتـەیە وەکـو هەر کەسێکی دیکەی ناوشار. تەنیـا ڕۆژی حەوت دۆلاری لەگەڵ خەرجی ڕۆژانە تێدەچێت. دەتوانم ڕۆژانە زانیاریت بە ڕاپۆرتێکی چاپکراو بۆ بنێرم»

هارتلی قسـەی بە دەلاڵەکە بڕی و گـوتی «پێـویست ناکات لەسـەری بڕۆی» مـەسـەلەکە بەو جـۆرە نییـە. من تەنیا ناوونیشانەکەیم دەویست. چەندت بدەمێ»

سـیـخـوڕەکـە گـوتی کـرێی کـاری ڕۆژێک «دە دۆلار تەواوە.»

هارتلی پارەکەی دایە پیاوەکە و بە ڕێی کرد. لە پاشان فەرمانگەکەی بەجێ هێشت و لەسەر شەقامی برۆدوەی سـواری قـەمـەرەیەک بوو. لە یەکـەم شـاڕێی گـەورەی سەفەری ئەم سەر و ئەو سەری شار قەمەرەیەکی بەرەو ڕۆژهەڵات گـرتبـوو کـە لەسـەر شـەقـامـێکی فـراوانی پڕ درەخت دایبەزاند، کە خانووە کۆنەکانی ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوە گەورە و شکۆمەندەکانی ناو شاری حەواندۆتەوە، چەند ڕیزە خانوویەکی کەمی بڕی. یەکسەر هات بۆ سەر ئەو خانووەی کە لێی دەگەڕا. شوقەیەکی تازە بوو. لەسەر بەردی هەرزانی دەرگـای حـەوشـە ئەو ناوە خـۆشـە هەڵکەنرابوو «ڤالام برۆسا» چەند پەیژەیەکی ڕزگار بوون لە ئاگر بەشێوەیەکی زیگزاکی بە پێشەوەی خانووەکەدا هاتبووتە خوارەوە.. ئەو پەیژانە بە کەلوپەلی ماڵەکان و جلی وشک و ئەو منداڵانەی بە گـەرمـای چلەی هاوین وەدەر نرابوون بارکرابوون.

لێرە و لەوێ داری لاسـتـیکی زەرد هەڵگەڕاو بە کـوێ جیاجیا سەریان دەرهێنابوو، دەتگوت سەریان لێ شێواوە و نازانن سـەر بە چ جـیـهـانێکن- ڕووەک، ئاژەڵ، یان هونەر.

هارتلی دوگـمـەی زەنگی مـاڵی «خـانمی مکومـەس»ی داگرت. ئاڵقەڕێزەی دەرگاکە خرۆشاو دەستی کرد بەقڕە قڕ...

ئێسـتـا بەشێـوەی مـیوان دۆستی، ئێسـتا بەشێوەی گوماندارییەوە، هەروەکو لە دڵەڕاوکێدا بێت داخوا چۆنی پێشـوازی لێدەکرێ، دۆستـانە یاگێلانە. هارتلی چووە ژوورەوە و بەسـەر پلیکانەکـانـدا سـەرکـەوت بەدوای ئەوانەدا کـە لە برادەرانیـان دەگـەڕان لەناو شـوقـەکـانی شاردا.. ئەوە لە هەڵسوکەوتی منداڵێک دەچوو کە سەر دەکەوێتە سەر دارسێوێک لە کوێ گەیشتە سەر ئەو شتەی دەیەوێت ڕادەوەستێت.

لەسـەر قـاتی چوارەم ڤـیـڤـەینی بینی لەناو دەرگـایەکی کراوەدا ڕاوەستابوو. بە سەرلەقاندنێک و ڕوویەکی گەش و خـەندەیەکی خـۆشـەوە بانگهـێشـتی هارتلی کـرد بۆ ژوورەوە. کـورسـییـەکی لە نزیک پەنجەرەکەوە بۆ دانا بۆ خۆشی زۆر بەسـەنگینی و لار و لانجە و شۆخـوشـەنگی لەسەر ڕاخەریک دانیشت.

هارتلی چاوێکی ڕەخنە و ڕێزی خێرای بڕییە ڤیڤەینەوە پێش قسـەکـردن و لە دڵی خـۆیدا بەخـۆی گـوت کـەوا ئەزموونی لەهەڵبژاردندا بێگەردە.

ڤیڤەین تەمەنی دەوروبەری بیست و یەک ساڵ دەبوو. لە پاکترین ڕەسەنی ساکسۆنی بوو. هەر تاڵە موویەکی پاک و بێگەردی لە قـژی تۆپەڵ بووی لەبەر سـاف و لووسی و جـوانی سـروشـتی دەدرەوشـایەوە. لە گونجاوییەکی تەواودا لەگەڵ پێستە سپییەکەی و چاوە شینەکـانی کـە دەریایەکی شـینی مـەند بوون بەسـەر جیـهـانیـاندا دەڕوانی بە ئارامـیـیـەکی زیرەکـانەی پەری دەریا، یان فـریشـتـەی جـۆگـەیەکی شـاراوەی چیـایەک. جەستەیەکی بەهێز و جوانییەکی سروشتی تەواوی هەبوو. لەگەڵ باکووریەتی ڕوون و ئاشکرایدا.

قسە لەڕوویی و ڕەنگی ڕوخساری گشتی هێشتا چەند خەسڵەتێکی دانیشتووانی کەمەرەی تێدا بەدی دەکرا، وەک خاوی و بێ تاقەتی شۆڕ بوونەوەی لە ڕاوەستانیدا و سادەیی لەخۆشەویستیدا و لەخۆ ڕازی لە قەناعەتدا کە تەنیا بە هەناسەدان ئاسوودە دەبوو، بەڵام ئەگەر کەسێک داوای مـافێکی بۆ کردبایە، ئەوە بۆ ژیان بەڕێوەبردن بوو بۆ ئەوەی ئارەزوومەندی یەکسـانی بێت لەگەڵ گوڵێکی نایاب و جـوان، یان کـۆترێکی سـپی ڕەنگ شـیـری و جواندا لەناو هاوەڵە جوان و هۆشیارەکانیدا.

کـچـەکـە کراسـێکی سـپی کـەمـەر تەسکی دەبەردابوو لەگەڵ تـەنوورەیەکی ڕەشدا – کـە ڕووپۆشی خۆپاراستنی

کچێکی ساده و ژنی دۆقێک بوو.
هارتلی بەملکەچییەوە دە کچەکەوە ڕامابوو گوتی ڤیڤەین «وەڵامی دوایین نامەی منت نەدایەوە. دوای نزیکەی هەفتەیەک گەڕان کە تۆم دۆزییەوە بۆ کوێ ڕۆیشتووی ئەم نامەیەم نووسی. بۆ منت بەو شێوەیە لە دڵەڕاوکێدا هێشتەوە، لەکاتێکدا دەتزانی کە من چەندە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بینین و گوێ ڕاگرتنم لە قسەکانت؟»
کچەکە بەخەواڵووییەوە لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد.
کچەکە بە دوو دڵییەوە گوتی: «نازانم چیت لەگەڵ بڵێم. بەرژەوەندییەکانی ئەم نمایشەت تێدەگەم، هەندێک جاریش هەست دەکەم کە دڵنیام لەوەی کە لەگەڵ تۆ بەختەوەر دەبم و قەناعەتم پێت دێت، بەڵام دووبارە گومانم هەیە. من لە شار لەدایک بووم و دەترسم خۆم بە ژیانی ئارامی لادێوە ببەستمەوە.»
هارتلی بەتامەزرۆییەوە گوتی کچە خۆشەویستەکەم «من بەتۆم نەگوت تۆ هەموو شتێکت دەبێت هەر شتێک دڵت ئارەزوو بکات و دەسەڵاتم هەبێت بتدەمێ پێت دەدەم؟ دەتوانی بێی بۆ ناو شار بۆ شانۆ، بۆ ئیشوکاری بازاڕ، بۆ سەردانی برادەرانت تاکو چەندی مەبەستت بێت، دەتوانی باوەڕم پێ بکەی، ناتوانی؟»
کچەکە گوتی ئەوەندەی لەتوانادا بێت، چاوی وەرگێڕا بۆ لای هارتلی و بەخەندەوە گوتی «دەزانم تۆ دڵسۆزترین پیاوی، ئەو کچەی دەست تۆ دەکەوێ کەسێکی بەختەوەر دەبێت. من کاتێک لەلای مونتگومیری بووم هەموو شتێکم لەبارەی تۆوە زانیوە.»
هارتلی بەڕووی خۆشەوە هاواری کرد، «ئاخ» لەچاویدا دیار بوو کە بەسەرهاتی کۆنی هاتۆتەوە یاد: «ئەو ئێوارەیەم چاک بیردێت کە یەکەم جار بوو تۆم لەلای مونتگومیری بینی. خانمی مونتگومیری هەموو ئێوارەکە بەتۆی هەڵدا، دەیگوت بۆ من، هێشتا ئەو مافی تەواوی خۆی پێ نەداوی. من هەرگیز نان خواردنی ئەو ئێوارەیەم بیرناچێت. ڤیڤەین وەرە بەڵێنم بدەیێ من تۆم دەوێت. هەرگیز پەشیمان نابیتەوە کە لەگەڵ مندا بیت. هیچ کەسێکی دیکەماڵی وا خۆشت ناداتێ.»
کچەکە ئاهێکی هەڵکێشا و بەسەر دەستە نووشتاوەکانیدا دەڕوانێ.
گومانێکی دڵ پیسی کوتوپڕ بەسەر مێشکی هارتلیدا هات. تەماشای ڤیڤەینی کرد و بەشێوەیەکی توندوتیژ لێی پرسی پێم بڵێ «ئایا کەسی دیکە هەیە..
ئایا کەسێکی دیکە لە ژیانی تۆدا هەیە؟»
ڕەنگێکی سووری وەکو ڕەنگی گوڵەباخ بەسەر گەردن و کوڵمە جوانەکانی ڤیڤەیندا ڕاکشا. کچەکە کەمێک بەشڵەژاوییەوە گوتی بەڕێز هارتلی «نەدەبوایە ئەو پرسیارە بکەی» بەڵام پێت دەڵێم. کەسێکی دیکە هەیە.. بەس هیچ مافێکی نییە.. بەڵێنی هیچم پێ نەداوە.»
هارتلی بەتوندی داوای لێکرد «ناوی چییە؟»
«تاونسێند»
هەرتلی بە چارەیەکی قورس و کاکیلەیەکی شەتەک دراوەوە هاواری کرد «ڕافورد تاونسێند. ئەو پیاوە چۆن هاتووە تۆ بناسێ؟ دوای ئەوەی ئەو هەموو شتەم بۆ کردووە..»
ڤیڤەین خۆی بەسەر چوارچێوەی پەنجەرەکەدا خوار کردبۆوە و گوتی «ترومبێلەکەی بێ کەم و زیاد لەخوارەوە ڕاوەستا.» ئەوە بۆ خۆیشی هات بۆ وەڵامی پرسیارەکە.
«ئۆهـ، نازانم چ بکەم!»
زەنگی شوقەی چێشتخانەکە دەستی بە تەقەتەق کرد. ڤیڤەین خێرا ڕۆیشت بۆ ئەوەی ئاڵقەڕێزەی دەرگاکە بکاتەوە.
هارتلی گوتی تۆ لێرە بمێنەوە. «من لە هۆڵەکە پێشوازی لێدەکەم.»
تاونسێند وەکو بەگزادەیەکی ئیسپانی دەچوو لەناو قوماشە تویدییە بریقەدارەکەیدا، بە شەبقەی پەنەمی و سمێڵە ڕەشە با دراوەکانی بە پلیکانەکاندا سەرکەوت کاتژمێر سێ بوو. گێلانە لەبەردەمی هارتلی ڕاوەستا و تەماشای کرد. هارتلی زۆر بە ڕەقی پێی گوت «بگەڕێوە دواوە» بە پەنجە ئاماژەی بۆ پلیکانەکان کرد بەرەو خوارەوە.
تاونسێند! گوتی «هەلاو» بە درۆ سەرسامی خۆی نیشان دەدا، «مەسەلە چییە؟ چ دەکەی لێرە پیرە پیاو؟»
هارتلی بەتووڕەییەوە دووبارە گوتی بگەڕێوە دواوە، لەڕێی خۆتەوە بگەڕێوە.
«یاسای جەنگەڵە. دەتەوێ پارچە پارچەت بکەم؟
ئەم نێچیرە هی خۆمە.»
تاونسێند بەخۆ هەڵکیشانەوە گوتی، هاتووم لوولەساز ببینم لە بارەی تۆڕی ئاوی گەرماوە کەمەوە. هارتلی

گوتی «زۆر باشە تۆ دەبێ پلاستەری درۆیانت هەبێت بۆ ئەوەی بەگیانە ناپاکەتییەوە، بنووسێنی، بەڵام لە ڕێی خۆتەوە بگەڕێوە.» تاونسێند بە پلیکانەکاندا سەرە و خوار بۆوە، تاڵترین وشەی لەدوای خۆی بەجێ هێشت و سەر بەرەو خوار بە پلیکانەکاندا داوێنی بێ هیوایی لەدوای خۆی ڕاکێشا. هارتلیش گەڕایەوە لای دلّدارەکەی.

بە توندوتیژی گوتی «ڤیڤەین، ئەتۆ دەبێ بۆ من بی. هیچی دیکە ڕەتت ناکەمەوە و کاتیش بەفیڕۆ نادەم».

کچەکە پرسی «کەی منت دەوێت».

«ئێستا. هەر ئێستاکە بتوانی ئامادە ببی»

کچەکە بە هێمنی لەبەردەمی ڕاوەستاو چاوی دە چاوانەوە بڕی. گوتی، پێت وایە تەنیا بۆ ساتێکیش دێم بۆ ناو ماڵەکەت تاکو هیلویس لەوێ بێت؟ هارتلی هەروەک لێدانێکی چاوەڕوان نەکراوی بەرکەوتبێ گرژ بوو. هەردووک قۆڵی دەبەریەک هەڵکێشاو لەسەر فەرشەکە یەک دووجار هاتوچوو.

«ژنەکە دەڕوات.» بەناوچاوانێکی گرژەوە ئەوەی ڕاگەیاند.

چەند دڵۆپێک لەسەر ڕوخساری ڕاوەستابوون. بۆ دەبێ ڕێگا بدەم بەو ئافرەتە ژیانم بخاتە کەساسییەوە؟ هەرگیز ئەوەتای ئەو ئافرەتەم ناسیوە ڕۆژێکم نەبینی لەکێشە ڕزگارم بووبێ. تۆ ڕاست دەکەی ڤیڤەین. هیلویس دەبێ دەربکرێ پێش ئەوەی بتوانم بتبەم بۆ ماڵەوە، بەڵام ئەم ژنە دەڕوات، بڕیارم داوە. لە دەرگای ماڵی خۆم دەیکەمە دەرەوە.

کچەکە پرسی «کەی ئەوە دەکەی؟»

هارتلی دانی دەچیرەوە بردن و بڕۆی پێکەوە وێک هێنانەوە.

گوتی «ئەمشەو، بەبی دوو دلّی. ئەمشەو دەریدەکەم»

لەپاشان ڤیڤەین گوتی: «وەڵامی منیش بەڵێیە و هەر کاتێک ویستت وەرە بە دوامدا» ڤیڤەین بە خۆشەویستی و دلّسۆزییەکی ئاشکراوە تەماشای ناوچاوی کرد دلّسۆزی لەناو چاوەکانیدا بەدی دەکرا. هارتلی بەزەحمەت باوەڕی دەکرد کە خۆ بەدەستەوە دانی ئەو کچە ئاوا خێرا تەواو دەبێت.

هەرتلی بەهەست و سۆزەوە گوتی «پەیمانم پێ بدە و سوێندم بەشەرەف بۆ بخۆ» ڤیڤەین بە نەرمی دووبارەی کردەوە «بەشەرەفم سوێند دەخۆم و بەڵێنت دەدەمێ»

هارتلی لە ناو دەرگەکە ئاوڕی لێدایەوە و بە شادمانییەکی زۆرەوە تەماشای کرد، بەڵام هێشتا هەروەک یەکێک وابوو کە بەزەحمەت باوەڕی بە بناغەی ئەو دلّخۆشییە هەبێت. هەرتلی بە پەنجەی شایەتمانی بەرزکردەوە و بۆ وەبیر هێنانەوە گوتی «بەیانی» کچەکەش بە خەندەیەکی باوەڕ و دلّپاکییەوە وتەکەی دووبارە کردەوە «بەیانی» لە ماوەی کاتژمێرێک و چل خولەکدا هارتلی لە فلۆراڵ – هەرست دابەزی. ڕۆیشتنی خێرای لەماوەی دە خولەکدا گەیاندییەوە دەرگای حەوشەی ماڵێکی لادێیی چکۆلەی جوانی دوو نهۆمی لەسەر چیمەنێکی فراوان و چاک خزمەتکراو بیناکرابوو.»

لەنیوەی ڕێگاکە بۆ ماڵەوە دەچۆوە، تووشی ئافرەتێک بوو بە قژێکی زۆر ڕەش و هۆنراوە و کراسێکی سپی هاوینەی درێژ کە بەبێ هۆیەکی ئاشکرا هارتلی نیوە خنکاو کرد.

کە گەیشتنە ناو هۆڵەکە، ئافرەتەکە گوتی:

«دایکم لێرەیە. نیو کاتژمێری دیکە ترومبێلی بەدوادا دێت. بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ هاتبوو، بەڵام نانی نیوەڕۆ نەبوو.»

هارتلی گوتی، چەند شتێک هەیە دەبێ پێت بلّێم. وام بیر لێکردۆتەوە کە بە لەسەرخۆیی لەلای تۆ بیدرکێنم، بەڵام تاکو دایکت لێرە بێت، نابێ ئەوە بزانرێت».

ڕاوەستاو شتێکی بەگوێی ئافرەتەکەدا چرپاند.

ژنەکەی هارتلی قیژاندی. دایکی بەڕاکردن هاتە ناو هۆڵەکەوە. ژنە قژ ڕەشەکە دووبارە قیژاندییەوە– قیژەیەکی خۆشی ئافرەتێکی بەنازی زۆر لەبەر دڵان.

ئۆی دایە! شێتانە هاواری کرد، چیت بە خەیاڵدا دێت؟ ڤیڤەین دێت چێشتمان بۆ لێ بنێت! ئەوەی کە ساڵێکی تەواو لەگەڵ مونتگومیری ماوەتەوە. ئێستا هاوەڵە، خۆشەویستە، ژنەکە قسەکانی تەواو کرد «پێویستە ڕاستەوخۆ بچی بۆ خوارەوە بۆ ناو چێشتخانە و هیلویس دەربکەی» ئافرەتەکە بەدرێژایی ڕۆژێ سەرخۆش بوو.

**سەرچاوە:**

**Website: WWW.American Lite rature.com/Henry**

## هۆمەر دزەیی:
## ژێیەکانی دەنگی من زیاتر لەگەڵ گۆرانی ڕۆژئاوایی دەحەسێنەوە.. ئاوازی کلاسیکی کوردییش لەبەر سەنگینی هەموو چینەکان پێشوازییان لێ دەکرد

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

**(١ – ٢)**



هۆمەر دەزیی ناوێکی درەوشاوەیە لە دنیای هونەری گۆرانیدا، خاوەنی ستایلێکی تایبەتە لە گوتندا. یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی لە تەک قادر دیلان و شەماڵ سائیب و فوئاد ئەحمەد و باکووری هەوڵی داوە گۆرانی کوردی نوێ بکاتەوە. دەرچوون لە قاڵبی گۆرانی فۆلکلۆری کە گوێچکەی بیسەری کوردی لەسەر ڕاهاتبوو، لەو کاتانەدا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو کاتێک دەیەوێ ڕێچکەیەکی نوێ بگرێتەبەر.

هۆمەر دزەیی سەرەڕای وتنی گۆرانییەکانی بە ستایلێکی نوێ، خاوەنی باکگراوەندێکی ڕۆشنبیری و هونەری چاکیشە کە زەمینەی بۆ نوێ کردنەوەی گۆرانییەکانی خۆش کردووە، هەر بۆیەش هەڵبژادردنی تێکستی شیعرەکان و ئاوازەکانی خۆی زۆر بە وردی ئەنجام دەدات.

ئەم هونەرمەندە ئەگەرچی دەمێکە خەریکی کاری هونەرییە، کەچی لەچاو ئەو مێژووە دوور و درێژەی لەو بوارەدا هەیەتی بەرهەمی کەمە، بەڵام بەرهەمەکانی بەرهەمی چاک و جۆرەکین، بۆیەش لەناو دڵ و دەروونی گوێگران جێگەی خۆیان کردووەتەوە و لەبیر ناکرێن.

دەمێک بوو دەمویست بۆ گۆڤاری ڕامان گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ تۆمار بکەم، ئەم دەرفەتە نەدەڕەخسا تا بەم دوایییانە توانیم لە هەڤپەیڤینێکی دوورودرێژدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری بکەمەوە، فەرموون باپێکەوە وەڵام و بیروڕایەکان سەبارەت بەو پرسە گرنگانە بخوێنینەوە.

**ڕامان:** سەرەتا بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ سازکردنی ئەم دیمانەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** زۆر سوپاستان دەکەم کاک ئازاد، پێ خۆشحاڵم کە لەنزیکەوە یەکترمان ناسی و خۆشحاڵ دەبم دوو قسە بۆ گۆڤارە خۆشەویستەکەی ڕامان بکەم.

**ڕامان:** پێم باشە لەوەوە دەست پێ بکەین کە ئێستا نیمچە کۆدەنگییەک پەیدابووە لەسەر ئەوەی گۆرانی و موزیکی کوردی لە پاشاگەردانی دایە و پاشاگەردانییەکە وای کردووە مۆرک و ڕەسەنایەتی ئەو هونەرە وردە وردە بەرەو دواوە بڕوا. ئێوە وەک خاوەن ئەزموونێک لە بواری گۆرانی گوتن پێتان وایە چ بکەین باشە بۆ ئەوەی ڕووی گەشی ئەو هونەر و ڕەسەنایەتییە بۆ گۆرانی کوردی بگێڕینەوە؟

**هۆمەر دزەیی:** حەز دەکەم پێشەکی تێبینییەک بدەم، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە پتر لە پەنجاو ئەوەندە ساڵەیە لە دەرەوەی وڵات دەژیم، واتە زیاتری تەمەنم لە دەرەوە (لە ئەوروپا و ئەمریکا) بەسەر بردووە و کەمتر لە کوردستان بووم، حەتمەن تۆ کە زۆر لە وڵاتێکدا، یان لە نێو کۆمەڵانی جۆراوجۆری جیهاندا بژی، دەبێ فەرهەنگ و کولتووری ئەو وڵاتانە لە هەموو ڕوویەکەوە کارت تێبکەن، بۆیە کە قسەدەکەم، قسە و بیروڕایەکانم بە بەرنامە و بە بەڵگە نەبێ حەز ناکەم خۆمی لە قەرە بدەم. بۆیە ئەو قسەیەشم کرد، چونکە بە بیروڕای من تا ئێستا لە کوردستان مێژوویەکی، یان بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە پیاو بتوانێ لە بواری هونەری کوردیدا پشتی پێ ببەستێ. هەمووی بۆچوونە و هەر کەس بە بیروڕای خۆی شتێکی گوتووە، تەنانەت بەخۆم کە ئێستا قسەت بۆ دەکەم هیچ شتێکی ئاوام بەدەستەوە نییە، هەمووی لێکدانەوەی خۆمانە، لێکدانەوەش خۆت دەزانی لەوانەیە هەندێکی ڕاست بن و هەندێکی هەڵە بن، لەوانەیە لە سەتا پەنجای ڕاست بن و سەتا پەنجای هەڵە بن، چونکە هیچ شتێکت بە بەڵگە بەدەستەوە نییە. ڕۆژئاواییەکان وا نین، ئەوان بەگشتی هەموو شتێکیان بە بەڵگە و دەلیلە، نەک لە بواری هونەردا، لە بواری مێژوو، زمانەوانی، سیاسەت، لە هەموو شتێکدا بەڵگەیان بەدەستەوە نەبێ خۆیانی لە قەرە نادەن، لەبەر ئەوە کە پرسیاری ڕەسەنایەتیم لێ دەکەیت من نامەوێ بەناو بکەوم.

**ڕامان:** ئیش کردن لە دنیای هونەر بۆ خۆی وەک ئیش



**هۆمەر دزەیی – ئازاد عەبدولواحید**

کردن لە دنیای ماتماتیک و فیزیا و کیمیا نییە، کاری داهێنەرانە لە بواری هونەر و ئەدەبدا گفتوگۆیەکی کراوەیە، واتە قسەی تۆ دەبێتە تەواوکەر بۆ بیروڕای کەسانی پێش خۆت و هی دواتریش دەبێتە تەواوکەر بۆ قسەکانی تۆ، بەواتای یەکتر دەوڵەمەند دەکەن و یەکتر ناسرنەوە. بۆیە هەر بیروڕایەکت هەبێ ئەوە ئەنجامی کەڵەکە بوون و کۆبوونەوەی ئەو ئەزموونەیە کە لە ماوەی چل، پەنجا ساڵدا بەدەستت هێناوە، ئەمە ئەنجامی باری سەرنجی تایبەتی خۆتە. من زۆر بە گونجاو و لەباری دەزانم وەک هونەرمەند و کەسایەتییەکی خاوەن ئەزموون ڕاوبۆچوونەکانت باس بکەیت، چونکە ئەو قسانەی تۆ لە خۆڕا نەهاتوون. تکایە بۆچوونەکانت بە ڕاشکاوی بڵێ.

**هۆمەر دزەیی:** بە دڵنیاییەوە بۆچوونەکانم بە ڕاشکاوی دەڵێم.

**ڕامان:** جارێ مەبەستم لە پاشاگەردانی زۆری و بۆرییە، وەک خۆت دەڵێی زۆریی ئەو هونەرمەندانەیە کە بەناو دەکەون، بۆیە زۆرجار بۆرەکە زۆرترە لە کارە نەوعییەکان، ئەوەش باری سەرنجێکی شێواو لەلای گوێگرانی کورد دروست دەکات، کە وای لێ بکات بڵێ فەوزایە، بە تایبەتی ئەوەی قوڕەکەی خەست کردووەتەوە و پاشاگەردانییەکەی زەق کردووەتەوە، نەبوونی ڕەخنەیە. ئێمە ڕەخنەگرێکی هونەریمان نییە وەک چۆن لای ئەوروپاییەکان و عەرەبەکان و فارسەکان و لە وڵاتانی دەوروبەرمان هەیە. کاتێ هونەرمەند دەبینێ پێوەری ڕەخنەیی هەیە و ڕەخنە دەگیرێ، دەنگ و ئیش و کارەکانی گۆرانیبێژەکان شی دەکاتەوە، وردە وردە هونەرمەندان هەست بە بەرپرسیاریەتی زیاتر دەکەن، واتە

که هەنگاوێک دەهاوێین زۆر حیسابی بۆ دەکەن ئینجا ئەو هەنگاوە دەنێین لە ترسی ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەگرەکان، یان خەڵکی خاوەن چێژ و سەلیقە نەبنەوە. بەداخەوە ئەو پاشاگەردانییە ئەنجامی نەبوونی ڕەخنەگرە، زۆری و بۆری و زۆر دیاردەی دیکەش دێنە پێش کە دواتر قسەی لێ دەکەین، حەز دەکەم تۆ لەم ڕووە بیروڕای خۆت بڵێی؟

**هۆمەر دزەیی**: تۆ لێرە دوو خاڵت وروژاند یەکێکی پاشاگەردانی و ئەوەی دیکەیان ڕەسەنایەتییە. پێم وایە ئەو دووانە هەردووکیان بەرلەوەی دەست پێ بکەین پێویستیان بە پێناسەکردن هەیە. مەبەستمان لە پاشاگەردانی چییە؟ ئەی مەبەستمان لە ڕەسەنایەتی چییە؟ کێ بڕیاردەدات پاشاگەردانی هەیە؟ کێ شتێکی بەدەستەوەیە بڵێ ئەمە ڕەسەنە، ئەمە ناڕەسەنە؟ ئەمانە زۆر زۆر گرینگن بەرلەوەی ئینسان بچێتە ناو بابەتێک و باسیان لێوە بکات بۆ ئەوەی هەر لەخۆڕا بەناو نەکەوێت. ئەو پاشاگەردانییەی کە تۆ باسی دەکەی، پێم وایە هەر لەو زۆری و بۆرییەوە هاتووە کە من و خەڵکانی دیکەش ڕۆژانە ئاگامان لێیە و گۆرانی و مۆزیکی ئەمڕۆی لەچێژ خستووە و بۆتە بێ زەوقی و بەڕەڵڵایی، بەڵام پیاو قسەیەک بۆ دزیش بکات. هەزاران.. ناڵێم ملیۆنان گەنجی ئەمڕۆکە ئەوەی پێ خۆشە، ئەو بەزمەی پێ خۆشە، لەوانەیە کەسانێکی وەک من و تۆ و چەند کەسێکی دیکە ئەوە بە پاشاگەردانی بزانین، بەڵام زۆر گەنجیش هەن ئەوە بە پاشاگەردانی نازانن. ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم هەر سەردەمێک لە مێژوودا پیاوی خۆی و چێژ و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خۆی هەیە. تۆ ئەگەر سەیری مێژووی ئەورووپا بکەی، لە دوای تەمەنە تاریکەکان، واتە تا ساڵانی ١٤٠٠کان و ئەمانە ئیتر وردە وردە ئەورووپا لە خەو هەڵسا و ڕێنسانس دەستی پێکرد. ڕێنسانس بە مانای دووبارە لە دایک بوونەوە و ڕابوونەوەیە، چونکە بەرگی نووستنیان لە خۆیان داماڵی و سەرلەنوێ بە بەرگی مەعریفە و زانست و زانیارییەکی نوێوە هاتنەوە کۆڕی مرۆڤایەتییەوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆڤایەتیدا بکەن، چونکە خۆت دەزانی زەمانی گریکەکان و ڕۆمانەکان، دنیا، دنیای ئەوان بووە. ئەو شتە جوانانەی ئەوان بەجێیان هێشتووە بەڵگەی ئەوەن کە دنیا دنیای ئەوان بووە، بەڵام لەدوای پەیدابوونی مەسیحییەت ئەو شتانە قەدەغە کران. پەیکەری کچی ڕووت و مەمکی ڕووت و ئەو شتانەی لەپەرستگا یۆنانییەکان زۆر بە ئاشکراو بە زەقی بەشێک لە کولتووری یۆنانییەکان بوو، ئەمانە هەمووی بەفەرمانی پاپا قەدەغە کران. ئیتر هەزار ساڵ ئەوروپاییەکان لە تەمەنی تاریکیدا ژیان تا ڕێنسانس هات. لە ڕێنسانسیشدا دنیا گۆڕا و ئەویش نزیکەی ١٥٠ ساڵی خایاند. پاش ڕێنسانس بوو بە بارۆک، نزیکەی ١٥٠ ساڵیش بارۆک بوو، ئەویش مۆرکی تایبەتی خۆی هەبوو. بارۆک بوو بە کلاسیزم، کلاسیزم بوو بە ڕۆمانتیزم. ڕۆمانتیزمیش بوو بە ڕیالیزم، ڕیالیزمیش زۆر شتی لێ بۆوە وەک سوریالیزم و بەدەیان بەزمی دیکە سەریان هەڵدا تا گەیشتە مۆدێرنیزمی ئەوڕۆکە. با زۆر درێژەی نەدەمێ ئەوە پێشینەیەک بوو، باکگراوەندێک بوو بۆ قسەکانی خۆم. لە هەموو دنیادا چێژی خەڵک لەگەڵ گۆڕینی سەردەم دەگۆڕێ. نەک هەر لە بواری هونەری موزیکدا، بگرە لە بواری بۆیەکاری، ئارکیتەکتوور، شیعر و ئەدەبیات و جلوبەرگ و سەروقژیشدا.

## لە هەموو دنیا چێژی خەڵک لەگەڵ گۆڕینی سەردەم دەگۆڕێ، نەک هەر لە بواری موزیکدا، بگرە لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا

**ڕامان**: لە قسەکەمدا مەبەستم لە پاشاگەردانی ئەوە نییە زەوقی گەنجان لای لێ نەکرێتەوە و لەبەرچاو نەگیرێ، بەڵکو مەبەستم لە پاشاگەردانی ئەو کۆدەنگییەیە کە ئێستا لەناو هونەرمەندان و مۆسیقاژەنان و گوێگرانی باشدا هەیە کە زۆربەی هەرە زۆریان پێیان وایە ئەو پاشاگەردانییە هەیە. مەبەست لە پاشاگەردانی پاشەکشێیە. پاشەکشێکە لەوەدایە وەک عەرەب دەڵێ: (کل من هب و دب) ئەوەی دێ دەست دەداتە گۆرانی گوتن. کەناڵی زۆرمان هەیە، ڕێگەی تۆمارکردن زۆرە. ئەگەر پارەیان هەبێ باشە، ئەگەر نەیانبێ بۆی قەرز دەکەن و پارەی بۆ پەیدا دەکەن بۆ ئەوەی گۆرانی تۆمار بکەن و کلیپ دروست بکەن. تەلەفزیۆنی زۆر و ڕادیۆی زۆرمان هەیە. دەنگ نەشازە، شیعری گۆرانییەکە، شیعر نییە. ئەوە خاڵێک، خاڵی

دووەم من لەگەڵ ئەوەدام نوێخوازی لەناو گۆرانی کوردیدا هەبێ و ئیش بۆ گەنجەکان بکرێ و بەرەو لای خۆمان و هونەرەکەمان ڕایان بکێشین، بەڵام هەر کارێک دەکەین دەبێ دیراسە کراو بێ. پێناسەی ڕەسەنایەتیش لای من بە مانای ئەوە نییە ئێمە تەنیا بگەڕێینەوە لای فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوایەتی خۆمان، چونکە ئەمەش تاڕادەیەک لێمان قبووڵ دەکرێ، دوای ئەوە سەردەم داوای شتی نوێمان لێ دەکات. ڕەسەنایەتی بەمانای لێ زێدەکردن دێ. تۆ کە کارێکی داهێنانەرانە دەکەی دەبێ زێدەکردنت هەبێ لەسەر ئەوەی پێشتر کراوە. ئێستا ڕەسەنایەتی هونەرمەند لەوەدایە کە تا چەند لێ زیادکردنی بۆ سەر کەلەپووری نەتەوەی خۆی هەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەو پاشاگەردانییە هەر لە کورد نەقەوماوە، لە سەرانسەری دنیا وای لێ هاتووە. هونەرمەندە کۆنەکان دادەنیشن هەر گلەییانە، بڕۆ بۆ ئەڵمانیا، تورکیا، ئەمریکا، بڕۆ بۆ ناو عەرەب، هەموویان هەر گلەییانە. هەمان گلەیی و گازندەیان هەیە، بەڵام ناشتوانن هیچ بکەن، ئەوە شەپۆلێکە دێ و دەڕوا و ناچاریشین و هیچ کۆمەڵگایەکیش خۆی لەبەری ناگرێ و دەبێ ڕاپێچەکی بدا. ئەوەی لە ئێمە قەوماوە لەوانیش قەماوە، تۆ دەڵێیت ڕەسەنایەتی هونەرمەند لەوەدایە کە تا چەند لێ زیادکردنی هەبووە بۆ سەر کەلەپووری نەتەوەکەی خۆی. باشە بۆچی هەر لە بواری موزیکدا شتی نوێ نەخراوەتە سەر کەلەپووری نەتەوەیی؟ ئەی شیعر؟ ئەدی ڕۆمان؟ ئەدی بۆیەکاری و شێوەکاری؟ ئەدی ئارکیتەکتوور (هونەری خانەسازی)؟ ئەدی جلوبەرگ و سەروپرچ و پێڵاو؟ پێم ناڵێیت ئەو بوارانە چییان خستووەتە سەر کەلەپووری میللی؟ بۆچی هەر تەنیا بەرۆکی هونەرمەندانی بواری موزیک بگرین؟ بەڵێ منیش دەڵێم لێ زیاد کردن هەیە، بەڵام کوردی نییە. شت هەمووی گۆڕاوە. گۆڕانەکەش جیهانییە، هەموو کۆمەڵێکی گرتۆتەوە. جیهانی ئەمڕۆ جیهانی سەد، دووسەد ساڵی پێشتر نییە کەس ئاگای لە کەس نەبێ. ئەمڕۆ دنیا ئەوەندە بچووک بۆتەوە، وەک گوندێکی لێهاتووە کە تەواوی دانیشتوانی گوندەکە ئاگایان لە یەکتری هەیە. دنیاش ئەوەندە بە لۆقی درێژ درێژ و خێرا دەڕوات کە تۆش ئەگەر پێ هەڵنەنێیت لە کاروان بەجێ دەمێنی، چونکە هونەر و فەلسەفە و زانستە مرۆییەکانی دیکە پێویستیان بە لێ وردبوونەوە و ڕامان هەیە و



**نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ - هەولێر**
**ڕانکوچۆغەیەکی گوڵ گوڵی لەبەردایە، لەبەردەم مایکرۆفۆن**

ناچاریشی دەبێ بەگەڵ ڕەوتی خۆشڕۆی دنیا بکەوی، بۆیە بەرهەمەکان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی جاران تاڕادەیەک زڕ دەردەچن. بەلای منەوە ئەمە سروشتییە و ئاساییە، خۆ ئێمە لە کۆمەڵانی دیکەی دنیا زیاتر نین. ئەوەی بەسەر ئەوان هاتووە، با بەسەر ئێمەشدا بێت، (مردن لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە).

**ڕامان:** بەڵام ئەوان یەک شتیان لە ئێمە جودایە، بۆ نموونە ئێرانییەکان، حەتمەن ئاگاداری ئەوە هەی، ئەوان ئەنجوومەنێکیان لە ئاستی هەموو ئێراندا هەیە، بەناوی ئەنجوومەنی گۆرانی و مۆسیقا و ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە بڕیار لەسەر چارەنووس و ڕەوتی مۆسیقا و ئاراستەی گۆرانی سەرتاپای ئێران دەدەن، ڕێگە نادرێ چێژی خەڵکی تێک بدرێ.

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ هەر گۆرانییەک بێتە ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن لێژنەیەک بڕیار دەدات کە قبووڵی دەکەن، یان قبووڵی ناکەن.

**ڕامان:** لێرە وانییە، لای ئێمە لەناو هەر کەناڵێک دۆستێک، برادەرێک، ناسیاوێک، خزمێکت هەبێ ئیشت دەڕوا. جاری وایە لایەنی حزبیشی تێدەکەوێ. ئێرانییەکان لە ڕێگەی ئەو ئەنجوومەنە باڵایەوە دەتوانن گۆرانی خۆیان پۆلێن بکەن، گۆرانی جاز و پۆپیشیان هەبێ، هەموو ئەو جۆرە ستایل و گۆرانیانەیان بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی گوێگرانیان هەبێ، لەو شوێنانەشدا کە دەزانن چارەنووسی مۆسیقای میللەتەکەیان بەرەو هەڵدێر دەڕوا، پێشی پێ دەگرن و دەوڵەتیش پشتگیریان لێ دەکات، گرفتە گەورەکە ئەوەیە

ئێمە ئەوەشمان نییە.

**هۆمەر دزەیی:** تەنیا تێبینییەک لەسەر قسەکانی تۆ، ئێستا لە ئەمریکا و ئەوروپاش بە تایبەتی ئەوەی کە خەریکی موزیکی کلاسیکە، یان بڵێین فۆلکلۆری وڵاتی خۆیەتی، پارەی وەدەست ناکەوێ وەکو ئەوەی مایکل جاکسۆن و ئەمانە، یانی ئەو جۆرە گۆرانییەی کە زەوقی تێدا نییە دەڵێن، بەمە پارەیەکی زۆریان وەدەست دەکەوێ. ئەوانەی کە گۆرانی پۆپ دەڵێن ملیۆنێرن، بەڵام ئەوەی خەریکی گۆرانی کلاسیکە مەگەر وەکو پاڤارۆتی گۆرانیبێژی ئۆپێرایی زۆر بەناوبانگ بێ، ئەوە شتێکی ترە، دەنا ئەوانی دیکە ئەو پارەیەیان وەدەست ناکەوێ. خەڵکەکە پشتی لەوە کردووە و حکومەتیش هیچی پێناکرێ. شتەکە بۆتە بازرگانی کردن، کاڵای بازرگانیش دەبێ زوو زوو بگۆڕێ، ئەگینا بازاڕی دەمرێ.

**رامان:** لەو بارودۆخەدا کە حاڵی گۆرانی گوتن و موزیکی ئێمە ئاوابێ، تۆ هەست ناکەی هەندێک لەو گۆرانیبێژانەمان نە رۆشنبیرییەکی هونەریان هەیە، نە ئامێرێک دەزانن، نە دەزانن چ شیعرێک بۆ گۆرانییەکانیان هەڵبژێرن؟

**هۆمەر دزەیی:** با قسەیەکت پێ بڵێم گۆرانیبێژە کۆنەکانی خۆمان زۆریان نەخوێندەوار بوون، تەنانەت لە ئەوروپاش دوو سەد، سێ سەد ساڵ لەوە پێش زۆر کەسی مەیلەو نەخوێندەوار هەبوو. یەکێکی وەک کاوێس ئاغا نەخوێندەوار بوو، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، حەسەن زیرەک، ئەوانە زۆریان نەخوێندەواربوون. حەیرانبێژ و لاوکبێژ و بەیتبێژەکانمان زۆریان نەخوێندەوار بووین.

**رامان:** ئاخر ئەوانە جۆرێکن لە ریزپەڕ، مامۆستاشیان هەبووە.

**هۆمەر دزەیی:** زەمانی پێشان ئەوانە هونەرمەندی گەورە بوونە، زانین و رۆشنبیری ئەو زەمانە هەر ئەوەندە بوو. ئەگەر مەلایەک نەبوایە، یان میرزایەک نەبووایە دەنا خەڵکەکە نەخوێندەوار بوون. بلیمەتی و ریزپەڕی ئەوان لەوەدایە کە بەو توانا سنووردارەی لەبەردەستیاندا بووە، بێ خوێندنی ئەکادیمی، بێ پارە و پووڵ، بێ ئامێری موزیک، ئەوان ئەو هەموو لاوک و بەیت و هۆرە و حەیرانانەیان داناوە کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە بووەتە کلاسیک، کتومت وەک هونەرمەندانی موزیکی کلاسیکی رۆژئاوا. من پێم وایە کە تۆ بلیمەتیت لەناو خوێندا هەبێ، بەهرە و لێهاتوویيت تێدا زابێ، رێگایەک هەر دەدۆزیتەوە ئەو بەهرەیەی پێ دەربخەیت. کانی لەناو زگی چیادا کونێک بۆ خۆی هەر پەیدا دەکات پێیدا بتەقێتەوە، بورکانیش هەروەها، بەڵام کانییەک کە سەرچاوەکەی دوور و قووڵ بێ لە رووبەر رەنگە هەرگیز هەتاو نەبینێ، زۆر هونەرمەندی بەهرەداریش لە مێژوودا، لە مێژووی هەموو میللەتێکدا هەبوون کە ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساوە و بە داخەوە بەبێ دەنگی نوقمی دەریای بێ بنی فەوتان بوون. هونەرمەندانی ئەورۆ کارەکەیان زۆر بۆ ئاسان کراوە و تەواوی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن وا لە خزمەتی ئەواندایە، بۆیە کە دەبینین بەرهەمی هونەرمەندانی جاران بەو هەموو دەردەسەرییەی کە بۆیان چەشتووە زۆر بەهادار و گرینگترە لە بەرهەمی ئەوانەی ئەورۆ کە بە سووک و ئاسانی بەرهەمەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێ، هەر بۆیەشە هونەری ئەمرۆ وەک بڵقی سەر ئاو وایە، چەند بەخێرایی قوت دەبێتەوە، ئەوهاش بەخێرایی فش دەبێتەوە.

**رامان:** لەو زەمانەدا تۆ لەگەڵ ئەوەدا نیت هەر هونەرمەندێک کە ڕوودەکاتە ئەو بوارەوە باکگراوەندێکی رۆشنبیریی باشی هەبێ؟

**هۆمەر دزەیی:** لەسەدا سەد خۆشترە و باشترە ئەگەر بێتو باکگراوەندێکی رۆشنبیریی هەبێ، سوود بەخشترە. ئەگەر بێتو فەرهەنگێکی موزیکی هەبێ، بزانێ مێژووی موزیک چۆن بووە ئەوە زۆر باشە، بەڵام هەموو کاتیش وا نییە (ئیلویس پریسلی) لێخوڕی لۆری بوو. کابرایەک پێی گوت دەنگت خۆشە، گۆرانی گوت، هیچ باکگراوەندێکیشی نەبوو، تەنیا گیتاری دەزانی.

**رامان:** عەرزم کردن دەبێ کەسانێک هەبن ئەو بەهرانە بدۆزنەوە و خزمەتی ئەو دەنگانە بکەن و ئاوازیان بۆ دابنێن و بۆیان تۆمار بکەن، واتە ئەو قۆناغانە دەبێ ئاسانکاریيان بۆ بکرێت. ئەو گۆرانیبێژ و هونەرمەندانەی ئەورۆ بێجگە لەوەی دەبێ ئەو پاشخانەیان هەبێ، دەبێ پشتیوانیشیان لێ بکرێ.

**هۆمەر دزەیی:** من ناڵێم دەبێ، جیاوازی لەنێوان دەبێ و باشترە هەیە. بەلای منەوە باشترە، سوود بەخشترە هەم بۆ خودی هونەرمەندەکە و هەم بۆ خەڵکەکەش، بەڵام کە نەیبوو و لێهاتوو بوو، هونەرمەند بوو، بەهرەدار بوو بەمانای ئەوە نییە، چونکە باکگراوەندێکی موزیکی نییە بڵێین ئەو کەسە فاشیلە. پێشتر باسی هونەرمەندی بێ باکگراوەندم کرد.

**ڕامان**: من زۆر جار دەبینم کەسەکە دەنگێکی خۆشی هەیە، بەهرەدارە، توانای هەیە، بەڵام نقوومی ناو لاسایی کردنەوە بووە، جێی سەرنج نییە، لەبەر ئەوە بەو بەهرەیە ناتوانێ هەندێک شت هەیە بیکات، بۆ وێنە ناتوانێ بەخۆی لەنێو دیوانە شیعراندا بۆ شیعری جوان بگەڕێ، یان وەک هەندێک گۆرانیبێژ خۆی شیعری گۆرانییەکانی خۆی بنووسێ. نەدەتوانێ بچێتە لای ئاوازدانەرێکی باش بۆ ئەوەی دەستگیرۆیی بکات، نەشارەزای مەقاماتە، بۆیە زۆربەی شتەکانی دیکەشی سەقەت دەبێ، ئەو کەسانە لە ناو بەهرەکەیان بە قەتیسی دەمێننەوە و هەندێ جار بەهرەکەشیان پووچ دەبێتەوە.

**هۆمەر دزەیی**: وەک پێشتر گوتم بەهرە وەک کانی وایە کونێک، درزێک هەر دەدۆزیتەوە لێی بتەقێتەوە، بەڵام باشترە ڕێگای بۆ خۆش بکرێت. کانی هەیە کە لەناو زگی چیادایە، بەڵام دوورە لە ڕووبەر و ڕەنگە نەگاتە دەرەوە. بەهرەش دەبێ مشتومالّ بکرێت و ئاسانکاری بۆ بکرێت دەنا وەکو کانییە قووڵەکەی ناو زگی چیا ڕەنگە بپووکێتەوە و هەرگیز گەشە نەکات.

## ڕۆشنبیریی هەموو دنیا کاری تێکردووم

**ڕامان**: ئەی تۆ هاوکێشەی ڕەسەنایەتی و نوێ بوونەوە چۆن دەبینی؟

**هۆمەر دزەیی**: ئاخر لێرە دیسان دەکەوینە نێو کێشەیەک. ڕەسەنایەتی چییە؟ موزیکی ڕەسەنی کوردی چییە؟ دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئینجا بچینە ناو باسەکەوە. مەبەستت لە ڕەسەن چییە؟

**ڕامان**: ڕەسەنایەتی وەک پێشتر گوتم مەرج نییە هەموو گۆرانییەک بگەڕێتەوە سەر فۆلکلۆر و کەلەپووری کۆنمان ئینجا پێی بڵێین ڕەسەن، ڕەسەنایەتی لە لێ زیادکردندایە. واتە تۆ لەناو قالّب و بازنەی لاسایی کردنەوە و چاولێکەری گۆرانی و هونەری پێش خۆت و دەورووپشتی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی و هەوڵ بدەی ڕێچکەیەکی تایبەت بەهۆی دەنگ و چرین و میلۆدییەکانت، تایبەتمەندییەک بۆ خۆت بدۆزییەوە، یان بڵێین ڕەنگی ئەو تایبەتمەندییە بۆ خۆت برێژی و لە کەسێکی دیکە نەچێت.

**هۆمەر دزەیی**: کەواتە لێرەدا زیاتر مەبەستت ستایلە، شێوازە، تایبەتمەندی هونەرمەندەکە خۆیەتی نەک ڕەسەنایەتی موزیکی نەتەوەیی، لە وەڵامی ئەم پرسیارەتدا دەڵێم بێ گومان زۆر گرینگە لە گوتن و لە ئاواز دانانیشدا ستایلی تایبەتی خۆت لە گۆرانیدا هەبێ، بەڵام بەداخەوە ئەم تایبەتمەندییە نەک هەر لای کورد، بگرە لای میللەتانی دیکەی جیهانیشدا زۆر کەم بۆتەوە، بەڵێ هێشتا هونەرمەندان هەن کە ستایلی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو ستایلە بە دڵی هەموو کەس بێت هەر لەبەر ئەوەی کە بەهی هونەرمەندی دیکە ناچێ. من گۆرانی سەرکەوتوو بە چوار ڕەگەز (عنصر) دەبینم: دەنگی خۆش، وشەی خۆش، ئاوازی خۆش و ئەدای چاک. ئەگەر ئەم چوار مەرجە لە گۆرانییەکدا هەبوو، پێم وایە گۆرانییەکە دەبێ سەرکەوتووبێ. زۆر گۆرانیبێژ هەنە گۆرانی خەڵکی دی دەڵێین، بەڵام بەشێوەی تایبەتی خۆیان دەیڵێن. ئەمە بەلای منەوە زۆر ئاساییە و ڕەواشە. لەوانەیە خۆشتریشی بڵێن. ئاوازێک کە بۆ کچێکی دەنگخۆش داندراوە، چی تێدایە ئەگەر کچێک، یان کوڕێکی دەنگخۆشی دیکەش بیڵێ، بەڵکو خۆشتری دەڵێ؟

**ڕامان**: من شێوازی ئەو کەسەم بەلاوە گرینگە، کۆمەڵە گۆرانیبێژێکی کلاسیکمان هەن، گۆرانیبێژێکی نوێ بێت گۆرانی بڵێ و لەناو فەلەکی ئەوانەی پێش خۆی بسوورێتەوە، یان هیچ لێ زیادکردنێکی بۆ هونەری ئەوانەی پێش خۆی نەبێ و نەتوانێ ستایلێکی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پێی بناسرێتەوە بۆچی هەبێ؟

**هۆمەر دزەیی**: بەڵێ لێرە باسی ڕەسەنایەتی ئاوازی کوردی ناکەی، باسی ڕەسەنایەتی کەسەکە دەکەی، کە ستایلی تایبەتی خۆی هەبێ.

**ڕامان**: ڕەسەنایەتی لای من ئەوە نییە کە گۆرانیبێژ بچێ لە فۆلکلۆر و گۆرانییەکانی ئایشە شان و مریەم خان و دایکی جەمال و مەلا کەریم و ئەوانە زاکیرەی خۆی لە گۆرانی فۆلکلۆر و ڕەسەن پڕ بکا و ئینجا بێ گۆرانی بڵێ، هەرچەندە دانەبڕان لە ڕەگوڕیشە بۆ خۆی گرنگە، بەلای منەوە ئەوە بەس نییە و ڕەسەنایەتی نییە بەقەد ئەوەی دەبێ بەشێوەیەکی تایبەتمەندانە لێ زیاد کردنی خۆی هەبێ، لێ زیاد کردن لەسەر ئەو گۆرانیبێژانەی پێش خۆی و ئەو سەردەمەی کە بەخۆی ئیشی تێدا دەکات.

**هۆمەر دزەیی**: بە بیروبۆچوونی من دەبێ ئێمە بەر لە

هەموو شتێک ئاواز و گۆرانی کوردی پۆلێن بکەین و بزانین چۆنە. ئاخر بەستە هەیە، حەیران هەیە، بەیت هەیە، لاوک هەیە گۆرانی بەزم هەیە، گۆرانی فۆلکلۆری هەیە ئی دروێنە و گۆرانی گۆیبندان هەیە کە بۆ هەڵپەرکێ و شتی وا بەکاردێ، لەپێشەوە دەبێ ئەوانە پۆلێن بکرێن. پۆلاندنەکەشی مەرج نییە هەمووی تەواوبێ، من بەبۆچوونی خۆم هەندێک ئاوازی کوردیم بەسەر چەند پۆلێنێکدا پۆلێن کردووە. ئێمە کلاسیکمان هەیە، ئەو کلاسیکانە بەلای منەوە بریتین لەلاوک، حەیران، بەیت، قەتار و ئەڵڵاوەیسی و سیاچەمانە و هۆرە، ئەو شتە کلاسیکییە کۆنانە کە بەڕاستی نەمرن، لە هەموو زەمانێکدا دەست دەدەن و وەکو ئۆپێراو موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایی وان، ئەوەش جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە. لەوانەیە گەنجەکان پێیان خۆش نەبێ، لاوک و حەیران و ئەمانە شتێکی تایبەتین و بەڕاستی نەمرن، زۆریش مێژووییە باسی مێژوو دەکات. لاوک مێژووی نووسراوەی کوردە، باسی شەڕ و شۆڕی میرانی کورد و قارەمانەتی کوردە، یان حەز لێکردوویی وەکو ئوستوورە و مەلحەمەیەکی دوورودرێژ کە بەشەوان تەواو نابێ. بەیت هەمان شت. حەیرانیش شتێکی ترە، ئەمانە بەکلاسیکیان دادەنێم و لەڕووی هەیکەل و فۆرم و ناوەڕۆکەوە کوردیی ڕەسەنن. ناڵێم لە ڕووی تەکنیکی موزیکی، چونکە ئەمانە لەسەر مەقام دانراون کە بە فارسی پێیان دەڵێن (دەزگا)، بە عەرەبی پێیان دەڵێن (مەقام) چ حەیرانە، چ بەیتە لەسەر بناغەی مەقامات دانراون، جا ئەوە نە هاوەندە، بەیاتە، سێ گایە، چوارگایە، لەسەر ئەو بناغەیە داڕێژراون.

**ڕامان**: کەواتە گۆرانی و موزیکی ئاوازی کلاسیک، هەمووی لەسەر بناغەی تەکنیکی موزیک دانراوە کە کوردی نییە؟

**هۆمەر دزەیی**: بەڵێ هەرچەندە ئەمانە گۆرانی ڕەسەنی کوردین، لاوک کەسی دیکە نییەتی، حەیران کەسی دیکە نییەتی، بەڵام بنەما موزیکییەکەی ڕۆژهەڵاتییە بە زۆریش ئێرانییە. کە دەڵێم (ایران زمین) مەبەستم فارس نییە. لەوانەیە کوردی بێ، لە وانەیە فارسی بێ، لەوانەیە ئازەری بێ، بەڵام زۆر کۆنە. بۆ وێنە سەردەمی ساسانییەکان دوو هونەرمەندی زۆر گەورە هەبوون کە تائێستاش ناویان لەناو مێژووی موزیکی ئێراندا ماوە یەکیان باربۆت بوو، یەکیان نەکیسا. ئەم دوو هونەرمەندە گەورەیە لە دیوانی (خوسرەو پەرویز) شای



**نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ – هەولێر**
**لە دەستە ڕاست: هۆمەر دزەیی، لە تەنیشتی جەمال خەزنەدار**

ساسانییەکان لەوێ هونەرمەند بوون و کاریان دەکرد و تائێستاش ناویان ماوە. جا ئەوانە هەندێک دەڵێن کورد بوون هەندێک دەڵێن یەکیان کورد بووە، ئێمە نازانین، بەڵگەمان بەدەستەوە نییە، لەخۆوە وابڵێین، کورد بووبن کورد نەبووبن ئێرانی بوون، ئێرانی بەخۆت دەزانی بریتییە لە میللەتانی جیاجیا، جا لێرەدا مەبەستم گۆرانییە کلاسیکییەکانمانە چ بەیت چ لاوک و چ حەیران چ قەتار و ئەڵڵاوەیسی، ئەمانە هەموویان لەسەر بناغەی مەقام دانراون. مەقامیش لە بەغدایێ بە خۆت دەزانی مەقاماتی عیراقی کوبانچی و یووسف عومەر و ئەمانە شتیان هەیە. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی جیاوازییەکی وای لەگەڵ هی ئێمە نییە و لەسەر هەمان بنەما دانراون، یان بەیاتە، یان حوسێنییە، یان نەهاوەندە، یان ئەم شتانەیە. کەواتە بناغەکە، مەقاماتەکە ناتوانین بڵێین کوردییە، بەڵام هەیکەلەکەی کوردییە. تا ئێستا دنیاگەڕاوم حەیرانم نەبیستووە. لاوکم نەبیستووە، بەڵام بەیت هەیە. لە ئازەربایجان بەیت هەیە پێی دەڵێن (عاشق).

**ڕامان**: ئەوە سەبارەت بە کلاسیکییەکان. ئەی گۆرانیبێژی ئەوڕۆ نابێ لێ زیاد کردنی لەسەر گۆرانیبێژەکانی پێش خۆی هەبێ تا ببێتە درێژە پێدەری ئەوانەی پێش خۆی؟

**هۆمەر دزەیی**: من لە مێژووی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوادا خوێندوومەتەوە و فێری بووبم ئەم لێ زیاد کردنە بەردەوام هەبووە و پرۆسەیەکی مێژوویی بووە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ. هایدن کە یەکەم کەڵە کۆمپۆزەری سەردەمی کلاسیک بووە، زۆر شتی تازەی لە کۆمپۆزەری ناوداری سەردەمی بارۆکی پێش خۆی (باخ) زیاد

کردووە. مۆزارت و بیتهۆڤن شتی نوێیان لە کارەکانی هایدن زیاد کرد. لیست و برامز و ڤاگنەر کە کۆمپۆزەری سەردەمی ڕۆمانتیک بوون زۆر شتی تازەیان خستە سەر کارەکانی هونەرمەندانی پێش خۆیان وەک بیرلیۆز و شۆپان و شومان و ئی تریش.. ئیتر ئەوەی کە من فێری بووبم ئەوەیە کە ئەو لێ زیاد کردنەی تۆ باسی لێوە دەکەیت لە بواری کلاسیکدا هەبووە و هەر دەشبێ، بەڵام نەمزانیوە مایکل جاکسن، شتێکی تازەی خستبێتە سەر گۆرانییەکانی فرانک سیناترا. ڕاستە مایکل جاکسن جووڵەی سەیر سەیری بە شان و مل و لینگەکانیشییەوە دەکرد و فرانک سیناترا شتی وای نەدەکرد، بەڵام نازانم ئایا مەبەست لە لێ زیادکردن ئەمەیە؟ بەلای منەوە چێژ و زەوقی خەڵک وا دەخوازێ ئەم ستایلە زیاتر ببێ بە باو، لەوەی کە پێشان لەبەردەم مایکرۆفۆن ڕادەوەستان و بەڕێز و حورمەتەوە، بە گران و سەنگینییەوە گۆرانی خۆیان دەگوت. عەدنان کەریم کە ستایلی تایەر تۆفیق و عەلی مەردانی هەڵگرتووە و غەزەلیاتی کەلەشاعیرە کلاسیکەکانمان دەڵێتەوە و دەچڕێ کە بە نەزمی دەروێشی و تەکیە و خانەقایان دەگوتران، چ لێ زیادکردنێکی خستۆتە سەر تایەر تۆفیق، یان عەلی مەردان؟ من هیچ لێ زیادەیەک نابینم، بەڵام دەمخۆشانەش لە عەدنان کەریم دەکەم کە بەو دەنگە بەسۆزەی خۆی ئەو غەزەلیاتانە دەڵێتەوە.

بە کورتی حەز دەکەم ئەوە بڵێم (لێ زیادکردن) لە بواری موزیکی سەنگین Sirious Musieدا حیسابی بۆ دەکرێت، بەڵام باوەڕ ناکەم موزیک و گۆرانی و بەزمی ڕۆژانە ئەم حیسابەی بۆ بکرێت. ئەم گۆرانیانە ناکەونە ناو خانەی موزیکی گران و سەنگین و کلاسیکەوە.

**ڕامان**: ئەوەی عەدنان کەریم وتنی مەقامەکانی عەلی مەردان و تایەر تۆفیقە بە ڕوحیەتی خۆی.. ئەی بەڕای تۆ لاوک و حەیران دەکرێ بە نۆتە بنووسرێنەوە؟

**هۆمەر دزەیی**: ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە. من لەکاتی خۆیدا کتێبێکم لەسەر حەیران بلاوکردۆتەوە و چوار سیدیشی لەگەڵە، سێ چوار مانگ لەوە پێش بلاوم کردەوە. لە هوتێل چوارچراش کۆڕێکم گرت، برادەرانیش زۆر هاتن، لەوێدا باسی ئەوەم کردووە. پێم وایە شت نییە بە نۆتی مۆسیقا نەنووسرێتەوە، بەڵام یەک شت هەیە زۆر گرینگە، لاوک و حەیران و بەیت و ئەمانە دەبێ تۆ ئازادی بدەی بە لاوکبێژەکە، کە ئازادیت داین، دەست و پێی نەبەستییەوە بەو شتەی کە نۆتە لەبەر چاوێتی، چونکە ئەگەر سەیری نۆتە بکات دەبێ لەگەڵ نۆتەکە بڕوا، بەڵام خۆشیی ئەو جۆرە گۆرانییە کلاسیکییانە لەوەدایە کە وەستایی خۆی تێدا دیارە کابرای هونەرمەند دەبێ تەفەنوناتی تێدا بکات.

لەوانەیە لە ئاواز دەربچێت. ئەمە لە موزیکی کلاسیک لەلای موزیکارە کلاسیکەکان هەبووە. لەوانەیە لە ئاواز دەربچێت، بۆ وێنە حەسەن زیرەک زۆرجار ئاوازەکەی دەزانی چۆنە، بەڵام دەردەچوو های هۆیەکی بۆ دەکرد، کەچی ئەوەندە زیرەک بوو دەیزانی لەکوێ دێتەوە ناو ئاوازەکە بۆ ئەوەی ئاوازەکە لەنگ نەبێ. ئەو وەستاییە هونەرییە گۆرانییەکە زۆر خۆش دەکات. ئینجا تۆ بە نۆتە نووسیتەوە تاموچێژی ئەم جۆرە گۆرانییە ناهێڵییەوە.

## یەکەمین مامۆستای من مەڕ و بزن بوون

**ڕامان**: ئەو مەقاماتانەی کە باست کردن جۆرێکن لە هاوبەشی، هاوبەشی مەقامەکان لەنێوان کورد و عەرەب و تورک و فارس و گەلانی ڕۆژهەڵات، بەڵام ڕوحیەت دەمێنێ، بۆ وێنە سەبای فارسی و سەبای تورکییش هەیە، سەبای کوردیش هەیە کە بە ڕوحیەتێکی کوردانە گوتراوە.

بێینە سەر ئەو ژینگەیەی ئێوەی تێدا پەروەردە بووە، ڕەنگە ئەو ژینگەیە زۆر بۆتان لەبار نەبووبێ، یان لەوانەیە لەناو خێزانی خۆتان، یان بنەماڵەکەتان زۆریان پێ ناخۆش بووبێ گۆرانی بڵێی، یان ڕوو بکەیتە بواری هونەر. دەمەوێ بزانم لەگەڵ ئەو تەگەرە و کۆسپانەی هەبووە، ژینگەکەت چەند هاوکارت بوون، یان خۆت چەندە پێداگربووی لەسەر ئەوەی زیاتر وەک هونەرمەندێک لەو بوارەدا دەرکەوی؟ ئایا ئەوە بۆتە هۆی بەرهەم کەمیت؟ چونکە هەست دەکەم لە چاو ئەو تەمەنە زۆرەی لە مەیدانی هونەردا کارت کردووە بەرهەمت کەمە؟

**هۆمەر دزەیی**: قسەکەت زۆر جوانە. ئەو ژینگەیە کە من لێی گەورە بووم، هەم ڕێگریشی تێدا بوو هەم هاندەریش بوو، بەخاڵی دووەم دەست پێدەکەم. بۆچی هاندەر بوو؟ جارێ من لە گوندی دوو گردکان لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایک بووم، ئەو زەمانە بە خۆت دەزانی مەکینەی دروێنە و تەراکتەر و ئەو شتانە زۆر کەم بوو، بە سواری وڵاغ هاتوچۆ دەکرا و دروێنە بە داس بوو. ئەو شتانە بە واتای ژینگەیەکی فۆلکلۆری تەواوبوون. ئەو

شوێنەی کە من لێی لە دایک بووم و لێی گەورە بووم، بۆ وێنە ڕەنگە پێت سەیر بێ بڵێم یەکەم مامۆستای من مەڕ و بزن بوون. بۆ دەڵێم مەڕ و بزن! شەوانە تۆ هەر بە خەیاڵ لەسەربان نووستووی، هاوینە لە پڕێکدا نیوەشەو شوان دەچوو مەڕەکەی ڕادەدا، چونکە ئەو وەختە هاوین بوو پێش ئەوەی هەتاو هەڵبێ و دنیا گەرم دابێ مەڕەکەیان دەبردە شەوێنێ دەیانلەوەڕاند، لە دەرەوەی ئاوایی پێش مەلا بانگدان، یان پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێ دەیانهێناوە، ئینجا کە مەڕیان ڕادەدا زەنگوڵی ملی نێری و بەرانان دەزرینگایەوە، من منداڵ بووم و هێشتا نەچووبوومە مەکتەب بۆ خوێندن ئەوە لە گوێما دەزرینگایەوە، هەستێکی زۆر زۆر سەیری پێدەدام، دیارە بە زگماک حەزم لە هونەر بووە، موچوڕکیکی بەناخمدا دەهێنا. لە هەندەرانیش وەختێک سبەینان دەنووستم، ڕۆژانی یەکشەمە کە زەنگی کڵێسا لێی دەدا و خەڵک دەستی منداڵەکانیان دەگرت و دەچوون بۆ کڵێسا یەکسەر منی دەگەڕاندەوە بۆ منداڵی کە لە گوندەکەی خۆمان گوێم لە زەنگی ملی نێری و بەرانان دەبوو.

ئەمە یەک، دووەم سەپان دوورە پەرێزە، دیسان سەپان پێش مەلا بانگدان، پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێ دەچوون دروێنەیان دەکرد، دیسان من لەسەربان بووم دەنگی زوڵاڵ و خۆشی ئەو سەپانانە کە بەکرەییان دەگوت، بەکرەیی جۆرێکە لە ئاوازی دروێنە، سەرپاڵە دەیلێ و ئەوانی دیکە لە پشتەوە بۆی دەگێڕنەوە. ئاوازێکی زۆری ئەوانم ئەزبەر کردووە و لەبەرمە، بۆ وێنە یەکێک لەوانە لە سیدییەکدا هەیە.

**(هایە هایە چەند بە درێ خۆم حەباندی**
**هۆی جوانێ چەند بەدرێ خۆم حەباندی)**

ئەوە لەسەر ڕیتمی ئاوازی دروێنەیە. ئەوەش دیسان شنەی شەماڵ ئەو ئاوازە خۆشەی لەو دوورەپەرێزانە دەهێنا نێو ئاوایی و بە گوێچکەما دەیچرپاند و هەستێکی خۆشی لەلا دروست دەکردم. ئەوە دوو. سێ: مامۆستای سێیەمم قەرەج بوو. خۆت دەزانی لە دێهاتی کوردەواری دۆم و قەرەج ساڵی دووجار بەدێهاتەکاندا دەگەڕان و ڕەشماڵیان دادەکوتا و سەنعەتی خۆیان جا هونەر بوایە، فڕفڕۆکەیان بکردایە، بێژنگ و سەرەندیان بکردایە، هەر شتێکیان بکردایە، یان گۆرانییان دەگوت و موزیکیشیان لێ دەدا و هەڵپەڕکێشیان دەکرد. دۆم و قەرەج کە دەهاتنە لای ئێمە، من عاشقیان بووم، بەوە



**نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ - میونیخ**

دیارە لە زگماکدا ئەو هەستە کە حەزم لە موزیک بووە لەگەڵم بووە. دەچوومە ناو ڕەشماڵ لەگەڵیان دادەنیشتم و گوێم لە موزیکەکانیان ڕادەگرت. خوێندەواریش نەبووم تا شتەکانیان بنووسمەوە، گوێم لێ ڕادەگرتن و حەزم لە مۆسیقاکەیان دەکرد. لەبیرمە دایکم چەندین جار زەلامێکی بەدوادا دەناردم بچمەوە بنووم، هەر نە دەگەڕامەوە تا نیوەشەو وەختی نووستن ئەوجا دەگەڕامەوە، دایکم زۆر لێم تووڕە دەبوو. تا ڕۆژێکی گوتی کوڕم وەڵڵاهی تۆ ئاخری دەبی بە (تیاترۆ) (بە خەندەیەکەوە)، دڵی دایکیش قەت درۆ ناکات و ئاخیری هەر بووم بە تیاترۆ. ئیتر ئەمەش دۆم و قەرەج. چوار: ئەو حەیرانبێژ و لاوکبێژانەی کە هەندێکیان لەگوندەکەی خۆمان هەبوون، حەیرانبێژی چاکی لێ بوو وەکو پیرداوود ئاغا و زایەری مام زێندینی، کەریم ئاغا و ئیسماعیلی حاجی کەریم، ئەوانە حەیرانبێژی بەناوبانگی گوندەکەمان بوون، ئەمانەش بە خۆت دەزانی لەسەر خەرمانان، لەسەر جۆخینان دادەنیشتن و دەستیان بە حەیرانان دەکرد و دیسان هەمان هەستیان بۆ دەهێنام کە هەستێکی پڕ لە خۆشی بوو. پێنج: تەکیە و خانەقای ماڵە خاڵوانم. من دایکم سەیدە و لە ساداتی بەرزنجەیە و کۆییە، بۆیە زۆرجار لەگەڵ دایکم ڕۆژانی جەژن، یان دەچووینە کۆیە، یان دەچووینە گوندەکانی دەوروپشتی کۆیە و بەینی هەولێر و کۆیە. هەڵەجە و ڕەسووڵ بسکۆڵ و ئاخوڕە و ئەو گوندانە کە ماڵە خاڵوانم لەوێ گوندیان هەبوو، یان دەچووینە کەرکووک، یان سلێمانی و ئەو شوێنانەی کە خزم و کەسی ساداتی بەرزنجەی دایکمی تێدابوو. لەو جێیانەش بەخۆت دەزانی دەف ژەنی و شەڕە شیعر و شیعر خوێندنەوە و غەزەلیات شتێکی باوە. شێخ زادەکان

زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردییان لەبەر بوو. وەفایی و ئەدەب و ئەمـــانەیان هەمـــوو ئەزبەر بوو. بەدەنگیش دەیانخوێندەوە و شێخیش خۆی حەزی لەو شتانە دەکرد. جـحـێـڵـەکـانی بانگ دەکـرد و دەیگوت کـورِم وەرن غەزەلیات بە دەنگ بخوێننەوە. من لە دەوروبەرێکی ئاوا هاندەر گەورە بووم. بابڵێین شـتـەکـە بەزگـماک تێـمدا هەبوو، بەڵام ئەگەر شـتـێکیش هەبێ دەبێ مشـتـومـاڵ بکرێ. ئەگەر بەهرەیەک مشتومالّی نەکەی وەک پێشتر تۆ فەرمووت لەوانەیە بفەوتێ و پووچ بێتەوە و نەمێنێ، بەڵام ئەگەر دەوروبەرەکە وابوو، مشتوماڵ دەدرێ و گەشە دەکات. خۆشبەختانە ئی من مشتوماڵ کراو گەشەی کرد. ئەوە لایەنە هاندەرەکـە، بەڵام رێگرەکـە چی؟ بەخـۆت دەزانی ئێمە لە ئاغازادەکانی دزەییانین، بۆ ئاغاش شتی کلاسیک قەدەغە نەبوو. زۆر ئامۆزای خۆم هەیە یەکیان بۆ نموونە خەزوورم حوسێنی عەلیاغا هەزار رەحمەتی لێ بێ، جەمیلی عـەلیاغـای برای، فارسی عـەلیاغـا، سێ برابوون هەتا بلّـێی دەنگیـان خـۆش بوو، هەتا بلّـێی حـەیرانبـێـژی چاک بوون. لاوکـبـێـژیش هەبوون حەمەدمەندۆ، کاوێس ئاغا ئەمانە قەدەغە نەبوون، عەیب نەبوو، نزمی نەبوو، سـووکی نەبوو، چونکە لاوک هی گوێبیندان نییـە. لاوکبێـژ هەبوو دەهاتە دیوەخـان هەتا سبـەینێ لاوکی دەگوت. ئاغـاش دانیـشـتبـوو گـوێی رادەگرت. لاوک و بەیتبێژەکان مێژوویان دەگێراوە. باسی جددی، پیاو چاکی و پیاوەتی، بۆ ئاغا شتێکی خۆشە. (حەسەن زیرەک) زۆرجار دەهاتە قـەپڵان گـوندی مـاڵی ئامۆزام، چونکە زۆر هاورێی کـاک فـارسی ئامۆزام بوو. کە عـەلیـاغـای بابی فـارس بهـاتبـایە، حـەسـەن زیرەک نەدەبوایە گۆرانی بڵێ، چونکە گۆرانی گوتن سووکی بوو. عەیب بوو لە مەجلیسی ئاغا دەست بە گۆرانییان بکات هەر جوان نییە، ئەمە بۆ کوڕی جحێڵان دەستی دەدا نەک بۆ مـەجلیسی پیـاوی گـران، بەڵام ئەگـەر لاوکبـێـژێک، حـەیرانبـێـژێک بهـاتبـایە، ئەوە بە کـەیفی ئاغـا بوو. جـا مەبەستم ئەوەیە گۆرانییە کلاسیکییەکان دەگوتران، بەڵام جۆری دیکە سووک بوون و لەلادێ زۆر عەیب بوون.

**رامان:** هیچ رێ کەوتووە تۆ حەیران و لاوک بڵێی؟

**هۆمەر دزەیی:** بەداخەوە، من زۆرم حەز لە لاوکە، زۆرم حەز لە حەیرانە و دیراسەتیشم لەسەریان هەیە، بەڵام پێم وابێ من قـورگـێکی بۆ لاوک و حەیران گونجاوم نییـە، دەتوانم بە راشکاوی پێت بڵـێم ژێیـەکـانی دەنگی من، دەنگێکی کوردی نییـە، بۆ گۆرانی کوردی بـاش ناشێ، لەوانەیە پرسیار بکەی دەنگی کوردی چییە؟ یانی چی؟ دەنگی کـوردی پێم وایە دەبێ ئەو وەستـاییـەت هەبێ کـە زەخت و زۆر لە ژێیەکان بکەی، یان بیکەیتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاوازی کـوردی بگونجێ، بەڵام گـۆرانی رۆژئاوایی دەنگێکی لەسـەرەخـۆی دەدوێ کـە نەرمـوگـەرم، بەبێ زۆر لەخۆ کردن و خۆ کوشین بێ، پێویست ناکات هاوار بکەی و دەمـاری ملت زەق بێـتـەوە. بە داخـەوە زۆر گـۆرانیـبـێـژ ئەوە دەکـەن و لەچێن و تەبەقـەی دەنگی خـۆیان دەردەچن. پێم وایە ئەوە بووە کە من نەتوانم حەیران و لاوک و شتی وا بڵـێم. زیاتر خـولیـام کـەوتە سـەر گـۆرانی رۆژئاوایی، چونکە زانیم لەوێدا ژێیـەکـانی دەنگم دەحـەسـێنەوە. ئەڵبـەت گۆرانی رۆژئاواییش ئەمرۆ وەک جاران نەماوە، ئەوەی ئەمـرۆ هەمـووی هاتوهاوار و قـیـژاندنە. من ئەوە ناڵێم.

**رامـان:** هیـچ بیـرت لـەوە کـردۆتەوە ئەو یادەوەریانەی خـۆت لە منداڵـیـەوە تا رۆژی ئەمـرۆ بنووسـیـتـەوە؟ ئەزمـوونی خـۆت بنووسیـتـەوە، یان بیـر لەوە بکەیتـەوە هەندێک جار لە بارەی هونەری گۆرانی، مەقام، موزیک، بیـروڕای خـۆت دەربـبرِی، بۆ ئەوەی بتـوانی بەشـێـوەیەکی سەرەتاییش بێ بەشداری لە بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەکی هونەریدا بکەیت؟

**هۆمەر دزەیی:** نەک هەر بیـرم لەوە نەکـردۆتەوە لە زۆر دانیـشـتن و چاوپێکەوتنی ئاوا، ئەو قـسـانەم گـوتووە و کتێبیشم لەسەر نووسیوە و موحازەرەشم لەسەر داوە. بە تەمـام هەمـوو بیـرەوەری خـۆم چاپ بکەم، بەڵام ئێـسـتـا شتێکم بەدەستەوەیە لەسەر موزیکی کلاسیکی رۆژئاوا، لەو مـوزیکی کـلاسـیکیـیـەدا زۆر لەو شـتـانەشم باس کردووە. یادەوەری خۆم و جۆرە بەراوردکـارییـەک لەنێوان مۆسیقای رۆژئاوایی و مۆسیقای کوردیم کردووە، بەڵێ ئەو شتانەم کردووە و حەزیشم لێیە.

**رامان:** تۆ تەمەنێکی زۆرت لە ئەورووپا بەسەر بردووە، هونەرمـەندانێکی زۆری کـوردیش لە هەر چوار پارچەی کـوردسـتـــان لە ئەورووپا پەرِاگـەندەن و هەریەکـەیان کەوتووەتە شارێک و سووچێکی ئەو دنیایە، پێت باشە رێکخـــراوێک ســـەنتـــەرێکی هونەری هەبێ ئەو هونەرمەندانە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگـەڵ یەکـتـر بکەن و جار بـەجار کلیـپـێکیـان بۆ بکرێ، یان بیـرورِا لەگـەڵ یەکـتـر ئاڵوگـۆر بکەن، هیچ نەبێ بەو شێوەیەی ئێستا دەیبینین بزر نەبن؟

**هۆمـەر دزەیی:** خـۆت دەزانی کـوردەکـانی ئەورووپا

زۆربەیان ئەوانەی کە پەنابەرن، یان لە ئەڵمانیان، یان لە سویدن، یان لە ئینگلستانن، یان لە فەڕەنسان، لەو وڵاتانەن و ئەوانەش تا ئەندازەیەک توانیویانە بۆ خۆیان کلیپ و شتی ئاوا دروست بکەن، بەداخەوە تا زەمانێک من لە ئەوروپا بووم، شتی وانەبوو.

**ڕامان**: بەڵام ئێستاش زۆر کەس هەن، هونەرمەندی چاک بوون و بەرهەمی باشیان هەبووە، بەڵام کە چوونەتە ئەوروپا بزر بوون، ئەو هونەرمەندانە دەڵێن ئێمە ئەو هەموو ئاوازدانەر و مۆسیقاژەنانەمان پێ کۆ نابێتەوە. لەبەر ئیش و کار و سەختی گوزەران، ڕەنگە بەپێی پێویست ئیمکانیەتی نەبێ کلیپێک بکات، یان ئاوازێکی نوێ پێشکەش بکات، بەڵام سەنتەرێکی هونەری لەوانەیە بەلانی کەم پشتگیریان لێ بکات و کۆیان بکاتەوە و ناو بەناو بیانهێنێتەوە پێشەوە؟

**هۆمەر دزەیی**: خۆی گۆرانیبێژ کە چووە شوێنێک، دەبێ گرووپی خۆی هەبێ. بۆ وێنە من چەند کۆنسێرتێکم لە سوێد و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا بۆ کرا، کە چووم بێ ئەوەی یەک کەسم لەگەڵ بێ، لەوێ گوتیان دانیشە دوو سێ ڕۆژ مۆسیقاژەنت بۆ دێنین. هێنایان هەندێک دەیانزانی، هەندێک نەیاندەزانی ئامێربژەنن، وەرە بەو زستانە تا سەعات دوازدەی شەوێ لەگەڵیان دانیشە، لەگەڵ چوار پێنج ڕۆژی کۆنسێرتەکە دەنگم دەکەوت، جا ئەوە شتێکی زۆر خراپە، ئێستا گۆرانیبێژانی بەناوبانگی دنیا گرووپی خۆیان هەیە، مەسرەفیشیان دەکرێ و ئەوەی کە کۆنسێرتەکەی بۆ سازکردوون، هەڵبەتە حسێبی ئەوەشی کردووە کە چەند کەسی لەگەڵە، هوتێل و فڕۆکە و ئەوانە و ئی خۆیشی پارەی هەمووی دەدا و لە ماڵی خۆیان پێش ئەوەی بگەنە کۆنسێرتەکە هەموو ڕاهێنانێکی خۆیان کردووە. ئەوکات بەبێ خەم دەچێ کۆنسێرتەکەی خۆی دەکات، نەک حەفتەیەک زووتر من لەوێ دانیشم و هەر ڕاهێنان بکەم و دەنگم دابەزێ.

عەدنان کەریم باسی ئەوە دەکات دەڵێ گرووپی کامکاران ئەوەندە دەست ڕەنگینن هەرکە هێدفۆنەکەی خستە سەر گوێچکەی دەڵێ میشک و سەرودڵم تێر بووە لە مۆسیقا، من یەکجار گۆرانییەکەم گوتییە دوایی کە بۆیان لێ داومەتەوە پێویستی نەکردووە دووبارەی بکەمەوە. بە ڕاستی گرووپ لە خزمەت کردنی هونەرمەندی گۆرانیبێژدا کاریگەری هەیە.

**ڕامان**: پێم خۆشە باسی ئەوەم بۆ بکەی بۆ گۆرانیت کەمە، زۆربەی هونەرمەندانی ئێمە کە دەگەنە تەمەنێک،



**نەورۆزی ساڵی ١٩٦٩ - دەرەوەی بەغدا**

بەتایبەتی تەمەنی شێست و پێنج-حەفتا بەهۆی جگەرەکێشانەوە بێ، یان بەهۆی ئەوەی ئاگایان لە قوڕگی خۆیان نابێت، سۆلفێج ناکا، بایەخ بە قوڕگی خۆی نادا زۆرجار لە دەنگ دەکەوێ، بەڵام سووربشە و دەڵێ گۆرانی دەڵێم و هەر گۆرانیبێژم. لێرە من نامەوێ نموونە بێنمەوە، تۆ بۆ ئەو جۆرە کەسانە چ دەڵێی؟ دواتر لەگەڵ کەمیی بەرهەمت، هەست ناکەی دەنگت کەوتبێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست لەگۆرانی گوتن هەڵبگری؟

**هۆمەر دزەیی**: با بێینە سەر خاڵی یەکەم کە من هەروەکو پێشتر باسم کرد، هاندەرم هەبووە، ڕێگریشم هەبووە، ڕێگرەکەم وەکو نەریتی بنەماڵە، ڕاستە نەیاندەهێشت من گۆرانی بڵێم، هەوڵێکی یەکجار زۆرم دا. باسی ژینگە و کەشەکەم بۆ کردن کە چۆنیان پەروەردە کردم، بەڵام بەداخەوە کە گەورە بووم ویستم ببم بە هونەرمەند، ببم بە گۆرانیبێژ هەر نەبێ ببم بە موزیکژەن، لەماڵەوە نەیانهێشت. کە سێی ناوەندیم تەواو کرد (ئەوسا لە کەرکووک) دەمخوێند ویستم بچمە پەیمانگا، ئەو وەختە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەرچووی سێی ناوەندییان وەردەگرت. ئەوەندەی خۆم هێناو برد و گوتم ئامادەیی تەواوناکەم. لێم گەڕێن بابچم موزیک بخوێنم، کە ئەوەم تەواو کرد دەچمە ئیتاڵیا لەوێ موزیکی کلاسیک دەخوێنم. بەتەمای گۆرانی کوردی نەبووم، نەیانهێشت. گوتیان ئێمە وەکو دەنگخۆش هیچ لاریمان نییە بۆ بۆنەکانی خۆمان وەکو نەورۆز و شتی وا گۆرانی بڵێی. لە چلەکاندا لە هەولێر و لەکۆیەش ساڵی

چل و هەشت، هەر جەنابی مام جەلال دەڵێ یەکەم جار کە یەکترمان ناسی لە کۆیە لە ساڵی چل و هەشت یەکترمان دی. کە من گوێم لە دەنگی تۆ بوو زۆرم پێ خۆش بوو. ئەوەبوو نەیانهێشت گوتیان ئەگەر تۆ بچیتە هونەرە جوانەکان بخوێنی بۆت دەبێتە پیشە، ئەوە نابێ، تۆ دەچی دکتۆری دەخوێنی، موهەندیسی دەخوێنی بخوێنە، بەڵام نابێ هونەر بکەی بە پیشە.

کە لە بەغدا بووم ساڵی پەنجاو چوار شێخ حوسێنی قەرەداغی هەزار رەحمەتی لێ بێ ئەوکاتە بێژەر بوو، بانگی کردم گوتی دەنگت خۆشە پێم باشە چەند گۆرانییەکت بۆ تۆمار بکەم.

داوام لە کاکم کرد، گوتی بچۆ قەیناکە، بەڵام نێوی تەواوی خۆت مەڵێ و فلسێکیش وەرنەگری، چونکە دەبێتە چاوەش. ئەو شتانە وای لێکردم ئێستەش بۆم ببێتە کەسەر و حەسرەت لە دڵمدا. کە ئامادەییشم تەواو کرد ویستم بچمە (ڤیەننا) موزیک بخوێنم نەیانهێشت، ئیتر ئەوە رێگرەکانم بوون. جا بێمەوە سەر پرسیارەکەت، بۆچی بەرهەمم کەمە؟

من گۆرانیبێژ نەبووم بە پیشە، کە دابنیشم وەکو گۆرانیبێژێک. زیاتر هیوایەتم بووە و جاروبار شتێکی خۆشم بۆ هاتووە، خەیاڵێکم بۆ هاتووە، شیعرێکم بۆ هاتووە. کردوومە بە گۆرانی، یان گۆرانییەکی رۆژئاوایی بەدڵم بووە، کوردیم بۆ داناوە. لە پەنجاکان کە لە کەرکووک بووم. پەنجاو دوو- پەنجاو سێ هێشتا تەمەنم پازدە، شازدە ساڵ دەبوو گۆرانی ئیسپانی هەبوو زۆر زۆر خۆش بوو، وشەی کوردیم بۆ دانا و گوتم تۆماری دەکەم. ئیتر من نەکەوتمە ناو کۆمەڵێکی هونەری، بەڵکو کار و خوێندنی خۆم هەبوو. خوێندنی خۆم لە زانستی سیاسەت لە ئینگلتەرا تەواو کرد، بەڵام وەکو هیوایەت جاروبار شتێکی خۆشم دەگوت. باخچەی پاشا و زۆر بەرهەمی دی هەمووی بە رێکەوت بۆ نەورۆز و بۆنەکان بانگیان دەکردم و دەیانگوت وەرە گۆرانی بڵێ، ئیتر خۆشبەختانە شتەکە ناوبانگی دەردەکرد و خەڵک بەدڵی بوو. ئەگینا من وەکو پیشە گۆرانیبێژی پیشەیی نیم، لەبەر ئەوەیە کە شتم کەمە. ئێستاش من هیچ رێگرێکم نییە ببمە گۆرانیبێژ، بەڵام تازە بەو تەمەنە زەحمەتە و پێ راناگەم. مەسەلەی دەنگەکانیش گوتت دەنگ دەگۆڕێ، بەڵێ حەتمەن دەنگ بە گەورەیی دەگۆڕێ. دەموچاو پیردەبێ، سەروقژت سپی دەبێ، بەخۆت پیردەبی، لەرەی ژێیەکانی دەنگیشت دەگۆڕێ. زۆر گۆرانیبێژیش هەیە دەنگی ناکەوێ.

**رامان**: بۆ وێنە من گوێم لە دەنگی مشکۆ بووە، لە تایەر تۆفیق بووە هەتا دوا ساتەکانی ژیانیان دەنگیان هەروەک خۆی ماوەتەوە.

**هۆمەر دزەیی**: ئەوە دەکەوێتەوە سەر تاکەکان هەروەکو ئینسان، هەندێک کەس هەیە درەنگ پیر دەبێ.

**رامان**: کە دەڵێم هونەرمەند دەبێ باکگراوەندی رۆشنبیری باشی هەبێ، تۆ دەبینی قورگی کەوتووە و ناتوانێ شتێکی باش پێشکەش بکات و لێ زیادکردنی هەبێ، ئەگەر لەبەر خاتری هونەری میللەتەکەشی نەبێ، بۆ خودی هونەرەکەی لێ زیاد کردن بێ بۆ ئیشەکانی رابردووی خۆی. ئەگەر ئەو رۆشنبیرییەی هەبوو، هیچ نەبێ دەتوانێ پشوویەک بدات. کاتێ دەبینێ دەنگی کەوتووە بۆ مکوڕ و سووربێت لەسەر گۆرانی گوتن؟

**هۆمەر دزەیی**: بەڵێ بەڵام هەندێک کەس هەن قسەی خۆمان بێ کە دەنگخۆشن کاتێ دەنگیشیان دەکەوێ خۆشییەکەی هەر تێدا دەمێنێ. وەکو دەڵێن ئەگەر مزگەوت بشرووخێ میحراب هەردەمێنێ، واتە بە تەواوی دەنگی گڕ نابێ. حەسەن زیرەک لەدوا دوایی ژیانیدا دەنگی گڕ ببوو، بەڵام بەو گڕییەش هەر خۆش بوو. (ئوومو کەلسووم)یش هەروا.

**رامان**: ئی وایە دەنگی خۆش نییە، بەڵام شێوەی چڕین و ئەدای باش بووە، لەو تەمەنەشدا ئەداکەشی نامێنێ و وازیش ناهێنێ.

**هۆمەر دزەیی**: وایە بەڵام نەفەس کورت دەبێ، زۆر گۆرانی هەیە کە ئێستا دەیڵێم دە پازدە ساڵ لەوە پێش بمگوتبایە بەیەک نەفەس دەمگوت، بەڵام ئێستاکە کەرت دەبێ، چونکە هەناسەم دەپچڕێ و دەبێ دابنیشم و ئەوەی کە ئەندازیاری دەنگە هەمووی لێک بپەستێتەوە و ئەو پچڕ پچڕییە بخاتەوە سەر یەک. ئەوە کاری تەمەنە.

**رامان**: تۆ ساڵانێکی زۆرت لە هەندەران بەسەر بردووە. هەندەران چ سوودێکی بەهرە و هونەرەکەت گەیاند و چی لەوێ فێربووی؟

**هۆمەر دزەیی**: لە بواری هونەر وەکو لە دەستپێکی ئەو دانیشتنەماندا گوتم زۆر شتی فێرکردم لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە پیاو دەبێ بە بەرنامە و بە بەڵگە بۆ شت بچێ. واتە سەربەخۆ بە ناو نەکەوێ. ئەمە بۆ من ئێستا زۆر گرینگە لەبەر ئەوە من، ئەگەر بەڵگەم بەدەستەوە نەبێ ئێستا خۆم لە قەرەی زۆرشت نادەم. لەوێندەرێ هەموو شتێک بە بەڵگەیە. ئەمە یەک، دووەم ئەو

ماوەیەی کە من لە ئەوروپا بووم دیتم بەم دواییە کورد زیاد بووە، لە پاش ڕووخانی سەدام، کە کورد هەڵدێ بۆ وڵاتان. من کە ساڵی ١٩٥٧ چوومە (ڤییەننا) یەک کوردی لێ بوو، یەک تاقە کورد دکتۆر وریا ڕەواندزی کە ئێستاش هەر لەوێ ماوە و خانەنشینە، تەمەنی نزیکی هەشتای کردووە، من دووەم کەس بووم. ئێستا شارێکی وەکو (ڤیەنا) و دەوروپشتەکەی ١٥٠ هەزار کوردی لێیە. یەک نەفەر دوو نەفەر لە کوێ و ١٥٠ هەزار نەفەر لە کوێ؟ ئێمە لە پەنجاکان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووین لە ئەوروپا، ناوەڕاستی پەنجاو شەش و حەوت و ئەمانە، خۆمان بکوشتبایە کە ساڵانە کۆنگرەمان دەبوو لە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکان سی کەس تا چل کەسمان بۆ کۆ دەبۆوە. لە شارێکی وەک ڤیەننا بە هەموومان چوارکەس لەوێ کۆ دەبووینەوە. لە بەرلین، لە پاریس، یان لە ئینگلتەرا کۆنگرەمان دەبەست، ئێستاکە بە هەزاران کوردی لێیە، لەبەر ئەوە زەمانی من هونەری کوردی زۆر سنووردار بوو، یان بۆ کێت دەگوت؟ بۆیە من هەر لە منداڵییەوە خولیام کەوتە سەر مۆزیکی کلاسیکیی ڕۆژئاوا. هەمیشە دەچووم بۆ ئۆپێرا، هەمیشە دەچووم بۆ کۆنسێرتەکان، یان هەر گۆرانیبێژێکی ئۆپێرا. گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی وەکو پاڤارۆتی، دیارە پاڤارۆتی هێشتا پەیدا نەبوو، ئەو ئی ئەم دواییانەیە، (ماریا کالاس) هەبوو، (دیتریش فیشەر دیسکاو) ئەڵمانی، ئەلیزابێت شڤارتسکۆپف، من هەمیشە دەچووم بۆ کۆنسێرتەکانیان، یان بۆ ئۆپێراکانیان ئەگەر بهاتنایە، یان بۆ مۆزیکی کلاسیکی هەر جارێ کە تەماشای بەرنامەی حەفتانەم دەکرد لە ڕۆژنامەکان، چ بەرنامەیەکیان هەبایە دەچووم و لەو نمایشانەدا ئامادە دەبووم. من زۆر بەوە دڵخۆشم کە فەرهەنگێکی مۆزیکی کلاسیکم وەدەست کەوت، ئەمە یەکێکی دیکە بوو لەو سوودانەی کە لە ئەوروپا وەرم گرتووە.

**ڕامان**: کەواتە ئەوروپا خزمەتی هونەرەکەتی کردووە و بەرەو پێشەوەی بردووە و زیانی پێ نەگەیاندووی؟

**هۆمەر دزەیی**: نەخێر زیانی پێ نەگەیاندووم، بە پێچەوانەوە من ئێستا زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە ئێستا بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکی یەکجار زۆرە لە دەرەوە دەژیم و هەموو ئەوروپاش گەڕاوم، کاتێ تۆ دەگەڕییت ئیتر تووشی ئەو هەموو فەرهەنگە دەبیت، بە زمانی جیا جیا ئاشنا دەبیت، زۆر بەوەش خۆشحاڵم کە هەشت تا دە زمانی بێگانە دەزانم، چونکە لە هەر وڵاتێک بووم زمانەکەی فێردەبووم و چێژم لێ وەردەگرت، کە دەچووم بۆ ئیتاڵیا میللەتێکی دیکەیە و گۆڕانێکی دیکە و ڕەوشێکی دیکەی هەیە. دەچووم بۆ فەڕەنسا زمانێکی دیکە و کولتوورێکی دیکە و شتێکی دیکە بوو، ئەم هەمە کولتووره زۆر خۆشە، چونکە هەمەڕەنگ بوو. جا ئەوە زۆر کاری تێکردووم و زۆریشم پێ خۆشە، ئێستا من دەتوانم بەخۆم بڵێم کە بەدەر لەوەی وەکو کوردێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەرم، بەڵام لە هەمان کاتدا گلۆبالیست و کۆزمۆپۆلیتم، بەو حسێبەی کە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری هەموو دنیا کاری تێکردووم. هەندەی یەک دنیا گۆرانی تورکیم پێ خۆشە، بەعزێ جار دەگریەم، گۆرانی فارسی بۆی دەگریەم. هەندێکی عەرەبی، ئەوانەی ئێستا نا، تا بڵێی پێم خۆشن. گۆرانی ئیسپانی و ئیتاڵی کۆن، هی ڕووسی بۆی دەگریەم. ئەوە سەر بڵندییە بۆ من.

**ڕامان**: بۆیە گوتم زیان پێ کەوتن، چونکە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی ئێمە کە دەڕۆن هونەرمەندی ناسراون و پێ گەییون، لەوێ دەکەونە پەراوێزی ژیانەوە، پەیداکردنی بژێو و کەوتنە ناو گێژاوی ژیانێکی نوێ و شارستانیەتێکی نوێ. دیارە بەو هۆیەوە کە تۆ زووتر لەوێ بووی بۆ تۆ باشتر بووە؟

**هۆمەر دزەیی**: بەڵێ ئێستا ئەوان هەقیانە.

**ڕامان**: زۆریان خەریکە لەبیر دەچنەوە. جا تۆ باسی سەرەتاکانی خۆتت کرد کە لەناو ئەو ژینگەیەتدا زۆرتر گۆرانییەک پەسند بووە کە بەکلاسیک ناوت برد، واتە حەیران و لاوک و ئەو شتانە.

**هۆمەر دزەیی**: تو خودا ڕاوەستە قسەکانی خۆت لەبیرمەکە، دوو جۆر گۆرانی کوردی هەیە، لە ڕۆژئاواش دوو جۆر هەیە، جا بۆیە من شانازی بەوەوە دەکەم کە ڕۆشنبیری کولتوورێکی ڕۆژئاواییم هەیە، چونکە یەکسەر دەتوانم لەگەڵ ئەوەی وڵاتی خۆم بەراوردی بکەم. لە ئەوروپا دوو جۆر گۆرانی هەیە. یەکیان (سیریەز میوزیک) یانی مۆزیکی جددی و سەنگین، ئەوەی دیکەش مۆزیکی سووک. وەک ئەوانەی ئێستا مایکل جاکسۆن و مادۆنا و ئەوانە دەیانڵێن کە وەکو بڵقی سەرئاون، ساڵێک دوو ساڵ لەسەر زاران دەبن و لە پاشان لەبیر دەکرێن و کەس باسیشیان ناکات، بەڵام (سیریەز میوزیک) ئەو ئاوازە کلاسیکیانەیە کە هەتا هەتایە کەس لەبیریان ناکات، کوردیش وایە. کوردیی ئەوەی باسمان کرد، ئەم ئاوازە کلاسیکانەی کوردی زۆر

زۆر سەنگین بوون و لەلای هەموو چینێکی (هەم ئاغاو بەگزادە و هەم سەوادی میللەت) پێیان خۆش بوو، چونکە بەند و هەوایەکی ڕێزدار بوو، بەڵام گۆیندەیەک، یان گۆرانیبێژێکی بەستە ئەوەی کە لە شارەکان ئارەقی لەسەر دەخۆنەوە و چەقەنەی بۆ لێ دەدەن، ئەوە لە کۆمەڵگای کوردەواری شتێکی ناپەسند بوو، هەر عەیبیش بوو.

**ڕامان**: پرسیارەکەی من لەوەدایە کە لەو ژینگەیە بەو شێوەیە لەسەر هونەری سەنگین گوێچکەت ڕاهاتووە، دواتر چۆن خۆت دۆزییەوە و توانیت ئەدای گۆرانی ڕۆژئاوایی بکەیت و بەو ستایلە بیڵێی، یان خەڵکانی تر تۆیان دۆزییەوە و بەو شێوەیە پێشکەشیان کردیت؟

**هۆمەر دزەیی**: نەخێر خۆم خۆم دۆزییەوە. من پێشتر وتم هەستم کرد کە دەنگی من زیاتر لەگەڵ ئاوازی ڕۆژئاوایی دەگونجێ. ژێیەکانی دەنگی من زیاتر لەگەڵ گۆرانی ڕۆژئاوایی دەحەسێنەوە. ناتوانم بەو شێوەیە دەنگی خۆم بۆ گۆرانی کوردی هەڵبرم. ئەمە یەک، دووەم، هەندێک شت هەیە زگماکە، لەناو خوێنتدایە. ئەوکات منداڵ بووم نە ئینگلیزیم دەزانی، نە فەرەنسیم دەزانی، هێشتا عەرەبییش فێرنەببووم، ڕادیۆم دەکردەوە دەمدیت گۆرانییەکی ئەوروپاییە زەینی خۆم دەدایێ و ڕام دەگرت، لە گوندێکی وەکو دووگردکانی ئێمە کێ دەیزانی گۆرانی ئینگلیزی چییە؟ گۆرانی فەرەنسی چییە؟ بە خۆشم نەمدەزانی، بەڵام پێم خۆش بوو. نەشمدەزانی ئەسڵەن زمانەکە چییە، جا خۆم خۆم دۆزییەوە. لە کەرکووک لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٤ کە ناوەندیم دەخوێند، خۆشبەختانە دیسان کەوتمە ناو کەش و ژینگەیەکی مەیلەو ڕۆژئاوایی، بۆچی؟ کۆمپانیای نەوت I.P.C (ئای پی سی) پڕ بوو لە کارمەندی ئینگلیز. لە خوێندنگاکەی خۆشمان ئەوکەسانەی لەگەڵمان بوون زۆریان ئاشووری بوون، باوکیان لەکۆمپانیای I.P.C کاریان دەکرد. ئیتر لەبەر ئەوەی ئینگلیز و خەڵکی دیکەی زۆر لێ بوون، هەندێک دوکان هەبوون گۆرانی ڕۆژئاواییان دەفرۆشت. من دەچووم قەوانەکانم لێدەدا. قەوانی ڕۆژئاوایی، ئینگلیزی بوو، ئیسپانی بوو، ئیتاڵی بوو دەمکڕین و لە ماڵەوە گوێم لێ دەگرتن. لەگەڵ کاکە سەعدی برام کە وەک خۆم زۆر حەز لە گۆرانی ڕۆژئاوایی دەکات، پێکەوە گوێمان ڕادەگرت. لەو ڕۆژەوە ئیتر حەیرانی موزیک و گۆرانی ڕۆژئاوایی بووم.

ئەوە وای لێ کردم بە جۆرێک ببم بە دزە باو. بۆچی بوومە دزە باو؟ ڕاستە من لاوکم زۆر پێ خۆش بوو، بەڵام کە دیتم گۆرانی کوردی هەر لە ڕادیۆی بەغدا لەنێو ئەو گۆرانی فۆلکلۆر و کلاسیکانە گیری خواردووە، کە گوێم دەدایە ڕادیۆی دنیا دەمدیت شتی تازە بابەتیان هەیە، دەمگوت کوردی هەژار بۆ وابێ؟

**ڕامان**: لە ناو هونەری کوردیدا دیاردەی نوێ بوونەوەی گۆرانی زۆرتر لە سەرەتای شێستەکان و کۆتایی پەنجایەکان دەست پێدەکا، زۆرجار باسی قادر دیلان و شەماڵ سائیب و باکووری فوئاد ئەحمەد دەکرێ کە لەفۆلکلۆر هاتوونەتە دەرێ، ئەوانە چۆن گۆرانییان داناوە و شیعری نوێیان دۆزیوەتەوە و ئاوازیان بۆ داناوە، نوێخوازی لەگۆرانی کوردیدا لەوێوە ڕا دەستی پێکردووە، زۆر کەرەتی دیکەش سەری هەڵداوە و بزر بووە، تۆ ئەوە چۆن دەبینی؟ نوێ بوونەوە لە گۆرانی کوردی هیچ بنەمایەکی هەبووە؟ بنەمایەکە بەڕای تۆ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ یان بە قەزاو قەدەر و بە ڕێکەوت و لە خۆڕا هاتووە، کابرایەک شتێکی گوتووە و بەڕێکەوت نوێ دەرچووە؟

**هۆمەر دزەیی**: من چۆن باسی خۆمم کرد و چۆن گوتم بوومە دزە باو بە هەمان شێوە کاک (شەماڵ سائیب) و کاک (فوئاد ئەحمەد) و خەڵکانی دیکەی وەک ئەوانیش بوونە دزەباو، ئەوانیش گەنج بوون، ئەوانیش بێزار و وەڕەز بوون، ئەوانیش جحێل بوون دەیانویست شتی تازە بابەت بێنن، بەڵام یەک جیاوازی لە بەینی من و کاک شەماڵ و کاک فوئاد هەزار ڕەحمەتیان لێ بێ هەبوو، من ئاراستەیەکی ڕۆژئاواییم وەرگرت، شەماڵ سائیب زیاتر بەعەرەبی کاریگەر بوو. بە فەرید ئەتڕەش و ئەوانە، هەرچەندە خۆشم گۆرانییەکی فەرید ئەتڕەشم لە پەنجاکان تۆمار کرد، بەڵام دواتر لێی پەشیمان بوومەوە، شەماڵ و ئەوان زیاتر ئاراستەکەیان ڕۆژهەڵاتی بوو، ئی من بەرەو ڕۆژئاوا بوو.

**ڕامان**: واتە نوێ بوونەوەکان بنەمایان هەبوو؟

**هۆمەر دزەیی**: بەڵێ بنەمای هەبوو، زۆر زۆر ئاسایی بوو، زۆر کەسیش پێی خۆش بوو، چونکە دزەباو بوو، چونکە لە لاسایی کردنەوە هاتبووە دەرێ. گەنجەکان پێیان خۆش بوو، بەڵام پیرەکان نا. هی وا هەبوو دەیگوت ئەوە چییە؟ (ڕەسووڵ گەردی) دەیگوت وەڵڵا کاک عومەرم زۆر خۆش دەوێ، بەڵام حەیف کوردی بە ئینگلیزی دەڵێ.

**ڕامان**: تۆ زیاتر گوێگری گۆرانی، یانی موزیکی

ئەبستراکت، کامیان زیاتر دەتجوولێنێ؟

**هۆمەر دزەیی:** هەردووکیان، چیم پێ خۆش بێ، چ (ئینسترۆمنتاڵ)، واتە ئامێری بێ و چ (ڤۆکاڵ) بێ، واتە دەنگی بێ، کە شتەکە خۆش بوو بەلای منەوە گرینگ نییە، چونکە دەنگی بەشەر و دەنگی ئامێر هەردووکیان هەروەکو یەکن. خۆشە، دەنگە. جا ئەو دەنگە خۆشە چ لە ئامێرەوە بێ و چ لە قورگی ئینسانێکەوە بێ بۆ من جیاوازی نییە.

**رامان:** تۆ کە گوێ لە گۆرانی دەگری (هەر گۆرانییەک) مۆسیقا و جۆری چرین و ئەدا و دەنگ سەرنجت رادەکێشن، یان وشەکان؟

**هۆمەر دزەیی:** من وەک پێشتریش گوتم بەبیروبۆچوونی خۆم چوار (ئیلیمێنت)م داناوە بۆ سەرکەوتنی ئاوازێک، یەکەم دەبێ دەنگەکە خۆش بێ. دووەم دەبێ شیعرەکەی خۆش بێ، سێیەم دەبێ ئاوازەکە خۆش بێ، چوارەم (پرێزنتەیشن) یانی چۆنیەتی دەربرین (ئەدا). زۆر گۆرانیبێژ هەن دەنگیان هەتا بڵێی خۆشە، بەلام نازانن ئەو دەنگە خۆشەی خۆیان بقۆزنەوە، نازانن چۆن قورگی خۆیان لە شوێنێکی تایبەتی ئاوادا هەڵسوورێنن و جۆرە هونەروەرییەکی تێدا بکەن. ئەوە بە ئەزموون فێری دەبن، بەلام زۆربان بەداخەوە نازانن، بۆیە ئەو چوار ئیلیمێنتە ئەگەر لە ئاوازێکدا بەدی کران، دەنگ خۆشی، وشەی خۆش، ئاوازی خۆش، ئەدای چاک، ئەگەر ئەو چوار رەگەزەی تێدا بوو، پێم وایە ئاوازەکە دەبێ سەرکەوتوو بێت.

**رامان:** ئێمە لە بواری شیعری لیریک، یان بڵێین ئەو شیعرانەی تایبەتن بە گۆرانی، خەڵکی تایبەتمەند بەو بوارانەمان کەمە، واتە بواری دانانی شیعر بۆ گۆرانی، شێوازێکیش پەیدا بووە ئاوازەکە دادەنرێ، دواتر وشەکان بۆ ئاوازەکە دەنووسن. هەرچەندە تائێستا چەند حاڵەتێکی دەگمەنی ئاوا رووی داوە و زۆرتر شیعر دەچێتە بەر دەستی ئاوازدانەر و ئاوازی لەسەر دادەنێ، بەلام تۆ وەکو خۆت لەماوەی گۆرانی گوتنی خۆتدا ئەو ئاستەنگانەی بۆ دانانی شیعر تووشت بووە، یان شێوەی هەڵبژاردنی شیعر گرفتێک بووە بۆتان؟ ئاخۆ لەو بارەیەوە قسەیەکت هەیە بیکەی؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەو گۆرانییە تازانەی کە بەم دواییە گوتوومن و پێشتر باسم کردن، کەمی شیعر و وشەکانی ئی خۆم بوون، بەلام ئێستاکە بە تەمای چەند سیدییەکەم زۆربەی شیعرەکان، زۆربەی وشەکانی ئی خۆمن. بەراستی ئاستەنگی تێدا نابینم، زۆر بە ئاسانی بۆم دێن.

**رامان:** بەخۆت ئەو بەهرەیەت تێدا هەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ ئەو بەهرەیەم تێدا هەیە و ئەو گرفتەم نییە.

**رامان:** ئەوە نیعمەتێکە بۆ خۆی. ئەوەندەی من ئاگام لێیە زۆربەی هونەرمەندەکان لەم رووەوە گرفتیان هەیە. قادر زیرەک-ی رەحمەتی دەهاتە لام و دەیگوت شیعری باشم دەوێ، بەلام بە دەستم ناکەوێ، من شیعری ئەختەرم دایە و پێشنیاری شیعری نالی-م بۆ کرد. تا ئێستا تەواوی ئەو گۆرانیانەی تۆمارت کردوون ژمارەیان چەندە و ئەگەر یادەوەرییەکت لە بارەی تۆمارکردنیانەوە هەیە، حەز دەکەم بەدەم ئەم ژمارەیەوە قسەیان لەسەر بکەی. ئایا لە تۆمارکردنی ئەو گۆرانیانەت رازیت، ئەگەر رازی نیت، رەنگبێ هەر رازی نەبی، چونکە تەکنیکی ئەو زەمانە باش نەبووە، بۆچی هەوڵت نەداوە ئەوانە بەشێوەیەکی نوێ دووبارە بکەیتەوە؟

**هۆمەر دزەیی:** جارێ من یەکەم گۆرانیم بۆ رادیۆ، جگە لەوەی کە بۆ نەورۆز و شتی وا گۆرانیم گوتووە لە چلەکان، لەساڵی ١٩٥٤ بوو بە تەواوی و زۆر بە وردی لەبیرمە ٢٤ی دیسەمبەری ئەم مانگە، یانی ٢٤/١٢/١٩٥٤ رادیۆی بەغدا هەشت گۆرانی بۆ تۆمار کردم، هەر ئەو ئێوارەیە دووان سیانێکیان لێ دا، ئیتر بەدوای ئەوە ماوەی یەک دوو هەفتەی پێ نەچوو هەر هەشتیان لێ دا. هەندێکی فۆلکلۆر بوون، هەندێکی شیعری شاعیرانی کلاسیکی بوون، یەکێکیان شیعری خۆم بوو، منداڵیش بووم، ١٦-١٧ ساڵ بووم، ئاوازەکەش ئی فەرید ئەترەش بوو، ئێستەش شیعرەکەم ماوە، بەلام ئەو گۆرانیانە بەداخەوە نەماون. شەماڵ سائیب کە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لە رادیۆی بەغدا دەست بەکاربوو جارێکیان پێکەوە دانیشتین، سی چل ساڵ دوای ئەوە گوتی من خۆم، بەدەستی خۆم هەموو گۆرانییەکانتم کوژاندەوە، کە ئەوەش لەسەر داخوازی خۆت بوو. راستییەکەی کە چووم بۆ ئەورووپا ئەودەم بیرم لێ کردەوە و نامەم بۆ نووسین و گوتم ئەو گۆرانیانەی من لێ مەدەن، کاک شەماڵ گوتی کە تۆ ئەوەت بۆ نووسیم من بەدەستی خۆم رەشم کردنەوە، (جا ئەو وەختە شریتی گەورە هەبوو) هەموومان رەش کردەوە. گوتم جا رەشتان نەکردبایەوە، با هەر بمابایە و لێتان نەدابایە، ئەوە یەکەم مێژووی تۆمارکردنی گۆرانییەکانی منە لە ساڵی ١٩٥٤.

# سووژەی دیكارتی: پێشینە، تایبەتمەندی و دەرئەنجامەكانی

د. بەختیار سەجادی
لە ئینگلیزییەوە: قوتبەدین ئەحمەدی
(سنە)

(١ - ٢)

**ئاماژەی وەرگێر:**

ئەم نووسینەی بەردەست وەرگێڕانی دەقی سیمینارێكی د. بەختیار سەجادی-یە كە لە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١/٢٣ لە كۆلێژی زمانەكان و ئەدەبیاتی زانكۆی ئێگزێتێر لە بریتانیا پێشكەشی كرد . لەم سیمینارەدا لێكۆڵینەوەیەكی ئاكادیمیك ئاراستە كرا لە سەر ڕوانینی دیكارت بۆ سووژەی بیركەرەوە كە دواتر لە گوتاری فەلسەفیدا بە سووژەی دیكارتی ناوبانگی دەركرد. ناوی ئەسڵی سیمینارەكە "سووژەی دیكارتی: تایبەتمەندییەكان، دەرئەنجامەكان و بۆچوونە ڕەخنەییە هاوچەرخەكان" بووە، بەڵام من ئەو ناوونیشانەی سەرەوەم بۆ داناوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی بەڕێزی بكەم بۆ ناردنی دەقی سیمینارەكە بۆ من.

**هەندێ سەرنجی سەرەتایی**

ئەگەر پێداچوونەوەیەكمان بە سەر هەڵكشان و گەشەسەندنی ئەم دواییانەی تیۆری ئەدەبی هاوچەرخدا هەبێ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە زاراوەی سووژە - نەك هەر لە بۆچوونی دەروونناسانەدا بۆ ئەدەب، بەڵكو تەنانەت لە بۆچوونەكانی دیكەشدا وەكو بۆچوونی كۆمەڵناسانە، هەڵویستی خوێنەر و خوێندنەوەی فێمێنیستیی بەرهەمە ئەدەبییەكان - گرنگایەتییەكی سەرنجڕاكێشی بە خۆیەوە بینیوە. ئەگەرچی زاراوەی 'سووژە' بە هۆی خوێندنەوەی دەروونشیكارانەی بەرهەمە ئەدەبییەكان لە لایەن ژاك لاكان-ەوە بە چەشنێكی داهێنەرانە پێناسەكرا و بەشێوەیەكی كاریگەر لە تیۆری

ئەدەبی مۆدێرندا هاتە ئاراوە، سەرچاوەکەی، یان باشتر وایە بڵێین بەکارهێنانی دنیاداگری ئەم زاراوەیە، بۆ بەرهەمە فەلسەفییەکانی سەرەتای سەردەمی مۆدێرن دەگەڕێتەوە.(١) بەم بۆنەوە، لە کاتی لێدوان لە سەر پێناسە جۆراوجۆرەکان و بەکارهێنانی جیاوازی زاراوەی سووژە، لە تیۆری ئەدەبی هاوچەرخدا، پێویستە ئاماژە بە دەلالەتی فەلسەفی و گرنگایەتی واتایی ئەم زاراوەیە بەو جۆرەی کە لە لایەن فەلسەفەکارانی مۆدێرنیتەوە باسی لەسەر کراوە بکرێ.

تیۆری ئەدەبی هاوچەرخ لە ژێر مۆرکی هەست پێکراوی فەلسەفەی هاوچەرخدایە کە بەچەشنێکی هاوکات هەم لە بەشە جیاجیاکانی خوێندندا دەرکەوتووە و هەم لە ژێر کاریگەریی ئەواندا بووە؛ ئەم شێواز و بوارە جۆراوجۆرانە بریتین لە دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زمانناسی، مرۆڤناسی و هەندێک قوتابخانەی فیکری وەکو مارکسیزم و فێمێنیزم. ئەگەرچی بەزۆری بۆچوونێکی نێوانبواری لە لێکۆڵینەوەکانی ئێستادا لە پێوەندی لەگەڵ بەشە زانستییەکانی سەرەوەدا پێڕەوی دەکرێ، بەڵام هەر هەموویان لە ژێر کاریگەرێتی گەشەسەندنە سەرەکییەکانی فەلسەفەی مۆدێرندان. سەرەڕای ئەوەش، هەموو لە تایبەتمەندییەکی دیکەدا بەشدارن کە ئەویش شیکاری و بەکارهێنانی زاراوەی سووژەیە.

لە لایەکی دیکەوە، هەروا کە ڕوون و ئاشکرایە، ئەو لقە زانستییە تایبەتیکراوانەی سەرەوە لە پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا لە ڕواڵەتی سەربەخۆی هەنوکەییاندا لە ئارادا نەبوونە. هەموویان لە لقێکی زانستییەوە بە ناوی فەلسەفە هاتوونەتە بوون کە هەموو بەشەکانی دیکەی لە خۆ گرتبوو. کەواتە، بە مەبەستی ئەوەی بە وردی لە زاراوەی سووژە تێبگەین، بەو چەشنەی کە هەم لە تیۆری ئەدەبی هاوچەرخدا و هەم لە بوارەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکاندا بەکارگیراوە، بەو ئاکامە دەگەین کە دەبێ بە ناچاری چاوێک بەو ڕەوتەدا بخشێنین کە ئەم زاراوەیەی تێدا پێناسەکراوە و لە لایەن فەلسەفەکارانی مەزنی سەردەمی مۆدێرنەوە کەڵکی لێوەرگیراوە.

بەم پێیە، ئەرکی ئێمە ئێستا ئەوەیە لە بیروڕای فەلسەفەکارانی چاخی مۆدێرن بدوێین کە زاراوەی سووژەیان هێنایە ئاراوە و ناساندیان و لە بەرهەمەکانیاندا بە زۆری ئاماژەیان پێدا. سەرەڕای ئەم بابەتەش، دەبێ هەروەها ئاماژە بەو پێش زەمینانەش بکرێ کە تێیاندا بەو بۆچوونانە گەیشتوون. لەم ڕووەوە، توێکاری ئێمە لە سەر سووژە لە ڕاستیدا ڕەچەڵەکناسی نەشونمای سەرەکی بیروبۆچوونی مرۆڤی مۆدێرنە بۆ سووژە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. کەواتە، پێویستە، لە پێشدا لەم بابەتە بدوێین کە چلۆن فەلسەفەی مۆدێرن بەگشتی، لە نەشونمای پێناسە جۆراوجۆرەکانی سووژەدا دەورێکی هەرە بەرچاوی گێڕا.

## تێبینییەک لە سەر مۆدێرنیتە (٢)

مۆدێرنیتە لەم توێژینەوەیەی بەردەستدا واتە بزووتنەوەیەکی درێژخایەن و فەلسەفی و کۆمەڵێک بیروڕا کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم لە ئینگلیزو ڕۆژئاوای ئەوروپادا سەریهەڵدا و هاتەئاراوە. مۆدێرنیتە ڕێگە خۆشکەری پێشکەوتنە دواییەکانی زانستەکان و مەدەنییەت بوو کە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە شێوازی ژیان، هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا پێک هێنا. ئەگەرچی بە توندی کەوتە بەر ڕەخنەی شوپێنهاور و پاشان بەتایبەتی فردریک نیتشە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا و ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە دەیەی ١٩٣٠دا ، مۆدێرنیتە بەردەوام بوو لە ئاڵوگۆڕەکانی خۆی و تەنانەت هەتا یەکەمین دەیەکانی سەدەی بیستەمیش پێڕەوی دەکرا و ڕەخنەی لێنەدەگیردرا.

ئەگەر بمانەوێ لە نێو بیردارێژەرانی ئەم شەپۆلە فەلسەفییەدا ئاماژە بۆ چەند کەسێ بکەین، ئەوە دەبێ ئاماژە بە ئەمانە بکرێ: فرانسیس بەیکن لە سەرەتای سەدەی حەڤدەم لە ئینگلیز و ڕێنە دیکارت لە ناوەڕاستی هەمان سەدەدا لە فەرەنسە. توماس هابز لە ئینگلیز لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە و جان لاک لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا لە پەرەپێدەرانی ئەم بزووتنەوە فەلسەفییەن. تەشقی ئەم بزووتنەوەیە لە بەرهەمەکانی ئیمانوێل کانت لە سەدەی هەژدەدا و جورج ویلهێلم فردریک هێگڵ لە سەدەی نۆزدەدا بەدی دەکرێ.

ئەو چوارچێوە سەقامخواردووە فیکرییەی کە پاڵپشتی فەلسەفەی مۆدێرنیتەیە لە بەرهەمەکانی دوو نەریتی جیاوازی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بەدی دەکرێ: نەریتی

فەلسەفی ئانگلۆ ساکسن (Anglo-saxon) و نەریتی فەلسەفی ئەوروپایی ( continental)(١) نەریتی فەلسەفی ئانگلۆساکسن دەگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی ئەزموونخوازی ئینگلیزی کە لە لایەن جان لاک، دەیوید هیوم، جۆرج برکلی و جان ئیستوارت میل- ەوە دامەزرێنراو پەرەی پێدرا و پاشان لە ژێر ناوی فەلسەفەی شیکارانە لە لایەن فەلسەفەکاران و مەنتیقناسانێک وەکو گوتلوب فریگە و برتراند ڕاسل - ەوە درێژەی پێدرا. لە لایەکی دیکەوە، فەلسەفەی ئەوروپایی دەگەڕێتەوە سەر بەرهەمەکانی ڕێنە دیکارت، گوتفرید لاینبیتس، یووهان فیختە و هێگڵ. ئیمانوئێل کانت ئەو فەلسەفەکارەیە کە لە بەرهەمەکانیدا خاڵی یەکگرتوو و تایبەتمەندیی هاوبەشی لە بیرە سەرەتاییەکانی نەریتی فەلسەفی ئانگلۆساکسون و ئەوروپایی دەبنیرێ.

سەرچاوەی فەلسەفەی مۆدێرنیتە بە چەشنێکی ئاسایی زیاتر پێوەندیدراوە بە دامەزراندن و هاتنەئارای ئەم بزووتنەوەیە لە بەرهەمەکانی ڕێنە دیکارتدا. جگە لەم بابەتەش، دیکارت یەکەمین فەلسەفەکاری مۆدێرنە کە بە وردی و پوختی چەمکی سووژەی بەواتای مۆدێرنەوە لێکداوەتەوە. دژیارەکانی دیکەی نەریتی فەلسەفەی مۆدێرن، یان لە ژێر کارتێکردنی دیکارتدا بوونە، یان لانی کەم لە لۆژیکی دووفاقەی ئەو لە سەر مرۆڤ بێ خەبەر نەبوونە. بە وتەیەکی دیکە، دابەشکردنی مرۆڤ بۆ جەستە و زەین گەلێک کاریگەر بووە لە سەر فەلسەفەکارانی دیکەی سەردەمی مۆدێرن کە لە لاپەڕەکانی ئەم توێژینەوەیەی بەردەستدا بە وردی دەخرێتە بەرباس.

لە بەرهەمێکیدا بە ناوی گوتارێک لە سەر میتۆد (A Discourse on the Method) (١٦٣٧)دیکارت گوزارە بەناوبانگەکەی بیر دەکەمەوە کە واتە هەم-co) gito ergo sum)ڕاڤە دەکا کە لە دواییدا بووە هۆی هاتنە ئارای گوزارەی دووەمی من شتی بیرکەرەوەم (sum res cositans).لە گوزارەی (cogito ergo sum)یان بیر دەکەمەوە کەواتە هەم دا وای دادەنێ کە بیرکردنەوە خۆی هەم مەرجی بوونە و هەم ناوەندی بوون. کە وابوو، ئایدیای گرنگایەتی زەینی بیرکەرەوە و دەرەنجامی ئەم بیرۆکەیە کە پێگەی بەرزی جەستەی بیرکەرەوە لە چاو جەستەی بیرنەکەرەوەدایە، نەک تەنیا دەورێکی بەرچاو لە چوارچێوەی فیکریدا ئەگێڕێ، بەڵکو بنەمای بەڵگەیەکی دیکەی فەلسەفی بیچمدەدات. ئەم گۆشە نیگایە پاشان زۆرتر لە بەرهەمێکی دیکەیدا بە ناوی دژایەتییەکان و وەڵامەکان(Objections (1652) and Replies)بەم چەشنە پەرەی سەند:

ڕەنگە، بۆ نموونە، بەو دەرئەنجامە نەگەم کە چونکە پیاسە دەکەم، بوونم هەیە جگە لەمەی کە ئەم هۆشیارییەی پیاسە کردن خۆی لە خۆیدا جۆرە بیرێکە. دەرئەنجامەکە دیار و دەرکەوتەیە تەنیا ئەگەر بە پێوەندی لەگەڵ شارەزاییدا بەکاربهێنرێ نەک پێوەندی بدرێ بە بزاوتی جەستەوە کە بڕە جارێک لە دۆخی خەیاڵکردا قەت ڕوونادات، سەرەڕای ئەم ڕاستییەی کە من بۆ خۆم وای بۆ دەچم کە پیاسە دەکەم. کە واتە، بەپێی ئەم ڕاستییەی کە من پێم وایە پیاسە دەکەم بە جوانی دەتوانم بە دەرئەنجامی هەبوونی زەین بگەم کە ئەم بیرەی هەیە، نەک هەبوونی جەستەیەک کە پیاسە دەکا. ئەم بۆچوونە لە بارودۆخی دیکەشدا ڕوودەدات.(٣)

لە لایەکی دیکەشەوە، گوزارەی دواینی دیکارت لە هەمان بەرهەمدا، من شتی بیرکەرەوەم-sum res co gitans، بووە هۆی هاتنە ئارای ئیدەی ئامرازی بوونی زەین. مەبەست لە ئامرازی بوونی زەین ئەوەیە کە زەین تەنیا وەکو ئامرازێک بۆ ئاوەزی مرۆڤ لە بەرچاو دەگیرێ. بەم پێیە زەین، لە چەمکی دیکارتیدا زەینێکی ئەقڵانی و بەڵگەسازە. لە وەها زەینێکی ئەقڵانیدا جێگەوپێگەیەک بۆ هەست، یان عاتیفە لە گۆڕێدا نییە. کەوابوو دڵ وەکو بەشێک لە جەستە کە بەپێی نەریت ناوەندی هەست، یان عاتیفەیە گرنگایەتی خۆی لە گۆشە نیگای دووفاقە و جووتخوازانەی زەین جەستەی دیکارتدا دەدۆڕێنێ. کەواتە لە ڕاستیدا پێگەی بەرزی زەین لە چاو جەستە لە وەها بەستێنێکدا واتە پێگەی بەرزی ئەقڵ بەسەر هەست و عاتیفەدا:

کاتێ گوتم: یانی، من زەینێکم، یان بوونەوەرێکی خاوەن مێشکم، یان ئاقڵ و بەئاوەزم، مەبەستم لە بەرکارهێنانی ئەم زاراوانە تەنیا توانایی نەبوو، بەڵکو ئەو شتانەی بوو کە بە چەشنێکی سروشتی لەگەڵ وزە و تواناکانی بیردا یەکدەگرنەوە. ئەمە ئەو هۆکارەیە کە دوو زاراوەی یەکەم بەشێوەیەکی باو لە لایەن هەموانەوە

وەردەگیرێ؛ ئەو دوو زاراوەکەش زۆر جار بە هەمان شێوە هەستی پێدەکرێ. جۆرێکیش باسم لەم خاڵە کردووە و لە زۆر شوێندا وەها ڕاڤە هەڵگرانە لێکم داوەتەوە کە پێم وایە جێگای هیچ چەشنە گومانێکی تێدا نەماوە. (٤)

دابەشکردنی مرۆڤ بۆ جەستە و زەین لە لایەن دیکارتەوەو باوەڕی بە پێگەی بەرزی زەین بە سەر دڵدا لە سەر هەندێ دووانەی لێکدژ کاریگەر بوو کە لە دوایین قۆناغەکانی فەلسەفەی مۆدێرندا هاتە ئاراوە. بەشێک لەم دووانە لێکدژانە، ناوەند/پەراوێز، سووژە/بابەت و مرۆڤ/سروشت، بە چەشنێکی فرەپات و بە شێوەیەکی ئەقلانی لە مۆدێرنیتەدا پێڕەوی کران و یەکەمین بەشی ئەم دوانە لێکدژانە لە چاو دووەمینەکەیانەوە پێگەیەکی بەرزتری بۆ دانرا.

ئەقڵانیخوازی سەدەی حەڤدەیەم نەک هەر لە سەدەی دوایدا وەکو شێوازێک درێژەی پێدرا، بەڵکو تەنانەت پێشکەوتنێکی فەلسەفی زیاتریشی بە خۆیەوە بینیی. بیرۆکەی ئەقڵخوازی دیکارت کە پێکهێنەری بنەما سەرەکییەکانی مۆدێرنیتە بوو بەکارهێنرا، گەشەی سەند و پاشان تا ڕادەیەک لە لایەن بەرەی دوایی فەلسەفەکارانی ڕۆژئاواوە کەوتە بەر ڕەخنە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە لایەن فردریک نیتشەوە بەرپەرچ درایەوە. لە لاپەڕەکانی دواییدا هەروەها کاریگەرییەکانی ڕەخنەی دیکارت و پێناسەی ئەقڵخوازی مرۆڤ و ئیدەکانی لە سەر سووژە زۆرتر دەخرێتە بەر نرخاندن.

سەرهەڵدانی چاخی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەدا، پێشکەوتنی بزووتنەوەیەکی فەلسەفی دیکە بوو کە نزیکایەتییەکی تەنگانەی لەگەڵ ئەقڵخوازی سەدەی حەڤدەمدا هەبوو. ئیمانوئێل کانت بە ڕای هەمووان وەکو کەسایەتی سەرەکی و بیردارێژەری سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنرێ. لە وتارە بەناوبانگەکەی (١٧٨٤)یدا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە: ڕۆشنگەری چییە؟ (An Answer to the Question: What is Enlightment)، ئەم سەردەمە بە ڕزگاری ڕەگەزی مرۆڤ لە دۆخی خۆکردی کەمینە پێناسە دەکا. (٥) بە بۆچوونی کانت، ڕۆشنگەری واتە گەیشتن بە پێگەی بەرزی پێگەیشتوویی ئاوا پێگەیشتووییەک واتە سووربوون و ئازایەتی مرۆڤ بۆ بە کارهێنانی [تێگەیشتوویی] بەبێ یارمەتی کەسێکی دیکە.

سەردەمی ڕۆشنگەری ئەم بیرۆکەیەی خستەڕوو کە بەکارگرتنی ئەقڵ لە لایەن مرۆڤەوە سەرەکیترین هۆکار بوو بۆ لە ناوچوونی بیروباوەڕی پووچ و دواکەتوو. لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە پێیان وابوو کە ئەقڵی مرۆڤ توانی ئەو لە کۆتی کۆنباوەڕی لە سەر ڕاستییە لێنەکۆڵدراوەکان ئازاد بکا. سەرەڕای ئەم بابەتە، ئەقڵی مرۆڤ بە پێی فەلسەفەی کانت نەک هەر هەتوانی چارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگەی هەبوو، بەڵکو بەها بناغەییەکانی ژیانیشی دامەزراند. کە وابوو، ڕۆشنگەری لایەنی بۆچوونی پێشکەوتنی مرۆڤی گرت و سەرەتاییخوازی ڕەت کردەوە. (٦)

ڕۆشنگەری بەگشتی بە تەشقی مۆدێرنیتە دادەنرێ. مۆدێرنیتە کە لە خۆگری هەم ئاکامی چاک و ئەرێنی و هەم ئاکامی خراپ و نەرێنی بوو، تیشکی خستە سەر بڕێک لایەنی ژیان و زەینی مرۆڤ و لە بڕێک لایەنی دیکەی چاوپۆشی کرد. بۆ نموونە، یەکێک لە پێش گریمانە بنەڕەتییەکانی مۆدێرنیتە جیاوازی مرۆڤ بوو لە سروشت کە لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی پێداگری دیکارت و کانت بوو لە سەر زەین، ئەقڵ و تەکووزیی لە لایەکەوە و چاوپۆشی کردن لە هەست و عاتیفە و سروشتی بوونی مرۆڤ لە لایەکی دیکەوە. ماری کلاگس ئاماژە بەم تایبەتمەندییانە دەکات و دەنووسێ:

مۆدێرنیتە لە بنەڕەتدا دەربارەی نەزم و تەکووزییە، دەربارەی ئەقلانییەت و ئەقڵخوازییە، دەربارەی سازکردنی تەکووزییە لە نێو پشێویدا. گریمانەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە خوڵقاندن و سازکردنی ئەقلانییەت بەندە بە خوڵقاندن و سازکردنی نەزم و تەکووزییەوە و هەتا تەکووزیی کۆمەڵگایەک زۆرتر بێت کارکردی کۆمەڵگاکە باشترە، واتە کارکردی ئەقلانیترە. (٧)

بەم بۆنەیەوەش، فەلسەفەی مۆدێرنیتە، بەتایبەتی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا بۆ ناساندنی سووژە، تیشکی خستە سەر بنەمایەکی ئەقلانی. جەختی مۆدێرنیتە لە سەر ئەقلانییەت، تەکووزی و خودی بیرکەرەوە لە ئەنجامدا بووە هۆی پێک هاتنی سووژەیەکی ئەقلانی کە هەڵگری ئاوەزمەندێتی و تەکوزی بوو. ئەمانە، لە هەر ڕوویەکەوە، تایبەتمەندییە گشتییەکانی سووژەن. بۆ نموونە، سووژەی ئەقلانی سەدەی حەڤدەیەم جیاواز بوو لە

سووژەی ئەقڵانی سەدەی حەڤدەم. جگە لەمەش، چەمکی تەکووزێتی دواتر بە شێوازگەلی جۆراوجۆر بە درێژایی مێژووی چاخی مۆدێرن بەکار هێنرا و پێناسەکرا. بەم چەشنە، مەبەست لەم ئاوڕدانەوەیە لە سەر مۆدێرنیتە ئەوەیە کە نەک هەر بەوردی و پوختی پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەمکانە بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە لە لاپەڕەکانی ئەم توێژینەوەیەی بەردەستدا ئاماژەیان پێدرا، بەڵکو تەنانەت تیشک بخەمە سەر شیکاریی لایەنەکانی دیکەی سووژە.

## سووژەی دیکارتی: سووژەی بە ئۆبژەکراو پێشەکی

ڕێنە دیکارت (١٦٥٠-١٥٩٦) یەکەمین فەیلەسووفی مۆدێرن بوو کە بە واتایەکی مۆدێرن سووژەی هێنایە ئاراوە، ناساندی و کردی بە چەمکێکی دنیاداگر. کاریگەری تیۆری دیکارت لە سەر سووژە ئەوەندە بەرز و بەرچاو بوو کە زاراوەی سووژەی دیکارتی دواتر لە لایەن ئەو بەرە فەلسەفییانەوە کە بە شوێن ئەودا سەریان هەڵدا بە زۆری و بەچەشنێکی بەرفراوان کەڵکی لێوەرگیرا و لەباری تیۆریکەوە پەرەی پێدرا. جگە لە فەلسەفە، ئەم مێتۆدە زانستییەی دیکارت ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی زانستەکان لە چاخە نوێکاندا گێڕا.

یەکێک لەو زاراوانەی کە قورساییەکی گرنگی لە فەلسەفەی دیکارتدا بەدەست هێنا، سووژە بوو. شیکاری ڕەسەن و ڕاستەقینەی دیکارت لە سەر سووژە وەکو گۆڕانێکی بە برست لە مێژووی ئەم زاراوەیەدا دادەنرێ و هەموو لێکۆڵینەوەیەک لە سەر پێش مێژووی سووژە، لە واتایەکی فەلسەفی مۆدێرندا، دەبێ سەرەتاکەی لە چوارچێوەی فیکری دیکارتدا دەستەبەر بکات. دەبێ هەروەهاش تیۆری دیکارت هاوتەریب دەگەڵ ڕۆڵی ئەو لە سەر بیری زانستیدا ئەزموون بکرێ. بە داهێنان لە فەلسەفە، لۆژیک و بیرکاریدا، بۆچوونی دیکارت هەم بۆ پرسە زانستییەکان و هەم بۆ فەلسەفییەکان بە پێچەوانەی فەلسەفەکارانی پێش خۆی بوو.

دیکارت نەک هەر پێشەنگێک بوو لە هێنانە کایەی مێتۆد و پێناسەکردنی ئایدیالەکانی زانستی مۆدێرندا، بەڵکو هەروەتر یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی مۆدێرن. ئەو جۆرەی کە نۆرمەن سمیس پتر لە یەک سەد ساڵ لەمە پێش لە بەرهەمێکیدا بە ناوی توێژینەوە لە فەلسەفەی دیکارتی دا ڕایگەیاند:

بە فەلسەفەی دیکارت دەسپێکێکی نوێ هاتە ئاراوە: کۆمەڵێک پرسی نوێ سەریان هەڵدا و لەو ڕووەوە کە بۆ یەکەمین جار بوو دەگەڵ ئەم پرسانەدا بەرەنگار دەبووەوە بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن ناوزەد کرا. بۆ تێگەیشتن لە پێگەی ئەو دەبێ بنوارینە ئەوەی کە چلۆن لە هۆکارەکانەوە کە تەنیا بۆ خۆیان تا ڕادەیەک فەلسەفین، «ڕوانگەیەکی نوێ بۆ خود» و «ڕوانگەیەکی نوێ بۆ سروشت» سەریان هەڵداوە و گرنگی دەداتە پێداچوونەوەی پرسەکانی مەعریفە. (٨)

زاراوەی خود کە لەو گوتە گێڕدراوەی سەرەوە ئاماژەی پێدرا دەگەڵ زاراوەی سووژەدا نزیکایەتییەکی تەنگانەی هەیە کە لەم لێکۆڵینەوەی بەر دەستدا کەڵکی لێوەرگیراوە. ئەم دوو زاراوەیە هێندە لێک نزیکن کە دەکرێ هەڵگری یەک واتا بن و لە جێ یەکتریدا دانیشن.

هەر بۆیەش، لەو ڕووەوە کە باشتر لە سووژەی دیکارتی تێبگەین دەبێ ڕوانگەی ئەو بۆ خود هەڵسەنگێنین. ئەم ڕوانگە نوێیە بۆ خود بەدیهێنەری گۆڕانکاری بوو و ڕوانگەی کۆن لە سەر خود بەو شێوەیەی کە فەلسەفەی سکۆلاستیک، یان قوتابخانەیی پێناسەی کردبوو ڕەت کردەوە. کە وابوو لێرەدا پێش زەمینە فەلسەفی تیۆلۆژیکەکانی فەلسەفەی دیکارت، بە ئاماژە دان بە بەستێنە رووناکبیرییەکان کە تێیاندا دیکارت ڕوانگەی خۆی بۆ سووژە هێنایە ئاراوە، دەخرێتە بەرباس.

## پێش زەمینە فەلسەفی تیۆلۆژیکەکان

یەکەمین هەنگاوم لە شیکاری سووژەی دیکارتیدا چاوخشاندنێکە بە سەر بۆچوونی دژ بە سکۆلاستیکی دیکارت لە پێناسەکردنی مرۆڤ و پێگەی ئەو لە دنیادا. ئاوا پێش زەمینەیەکی فەلسەفی، دەبێ لە پێشدا لە سەر سکۆلاستیسیزم و بیرۆکە پێوەندیدارەکانی ڕامانێکی هەبێ. سکۆلاستیسیزم، واتە فەلسەفەی قوتابخانەیی، شێوە ڕوانینی فەلسەفی زاڵی سەدەکانی ناوەڕاست، ڕوانگەیەکی لە سەر مرۆڤ ئاراستە کرد کە بەردی بناغەی فێرکاری مەسیحییەتی چەرخەکانی ناوەڕاست بوو.

فەلسەفەی چەرخەکانی ناوەڕاست بە چەشنێکی بەرفراوان لە ژێر کاریگەری تیۆلۆژی مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو. هەر بۆیەش نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان فەلسەفە و ئایینناسی سەردەمی چەرخەکانی ناوەڕاستدا پێکهاتبوو. فەلسەفەی چەرخەکانی ناوەڕاست، باشتر وایە بڵێین، تا ڕادەیەکی زۆر بەسترابووەوە بە تیۆلۆژی مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاستەوە. ئەگەرچی سکۆلاستیسیزم بە زۆری ئاماژەیە بۆ فەلسەفەیەک کە خوازیاری ئاشتی، یان ڕێک کەوتنی ئەرەستۆ و کتێبی پیرۆز بوو، بەڵام ڕوانگەی لە سەر مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی کلێسای کاتۆلیکدا بوو.(٩)

یەکێک لە چاکترین شێوازەکان بۆ تێگەیشتن لە چەمکی مرۆڤی چاخەکانی ناوەڕاست ئەوەیە کە بە دوای پێگەی مرۆڤ لە زنجیرەی مەزنی بووندا بگەڕێین، کە بیرۆکەیەکی زاڵ بوو و لە لایەن کلیساکانەوە لایەنگری لێدەکرا و پەرەی پێدەدرا. زنجیرەی مەزنی بوون کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیسان هەڵسەنگێندرایەوە، بە ڕەگەز دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن. (١٠) زنجیرەی مەزنی بوون' هێڵکارییەک بوو سەبارەت بە تەکووزیی هەموو بونەوەرێک، گیاندار و بێ گیان، بینراو و نەبینراو لە دنیادا. ئەو جۆرەی کە بە ناوەکەیدا بۆمان دەردەکەوێ «زنجیرەی مەزنی بوون» وای دادەنێ دنیا ئەو شوێنەیە کە بوون تێیدا بە پێی پلە و پایەیە.

ئەگەرچی وێکچوونێک لە نێوان بیرۆکەی زنجیرەی مەزنی بوون و فەلسەفەی دیکارتدا بە لە بەرچاوگرتنی گەورەیی خودا لە ئارادایە، ئەم وێکچوونە لە هیچ پرسیارێکی دیکەی فەلسەفی لە هەردووکیاندا نابینرێتەوە. زنجیرەی مەزنی بوون لە خۆگری چەندین ئاڵقەیە؛ لە نزمترینەوە هەتا بەرزترین و یەکەمین پلە، بەرزترینە و بارەگای خودایە. لە فەلسەفەی دیکارتیشدا خودا کامڵ و تەواو لە بەرچاو دەگیرێ. دیکارت لە سێیەمین تێڕامانیدا تێڕامانەکانی فەلسەفەی یەکەم دەنووسێ:

... تاقانەیی، نائاڵۆزی، یان جیانەبوونەوەی هەموو ئەو ئاوەڵناوانەی خودا، یەکێکە لە گرنگترین تەواوەتییەکان کە من بەوەدا هەست بە بوونی دەکەم. بێ گومان ئایدیای تاقانەیی و بێ کەموکوڕی، بەبێ هیچ هۆکارێک لە مندا جێگر نابێ ئەگەر بەرەو ئایدیاکانی دیکەی کامڵ بوونم نەبا، بۆیە کە هیچ هۆکارێک نەیتوانیوە بەرەو هەڵوێستی دژ، یان ڕووبەڕووبوونەوە و جیانەبوونەوەی تەواوەتییەکان دنەم بدات و هەست بەوە بکەم کە نازانم چین.(١١)

ئەگەرچی بە پێی زنجیرەی مەزنی بوون و فەلسەفەی دیکارت مرۆڤ خاوەن کەسێتییەکی دووفاقەیە، بەڵام لە ناوزەد کردن و هەڵسەنگاندنی وزە و لێهاتوویی ئەوەی کە بە چەشنێکی سروشتی لە باریدایە جیاوازن. بە پێی زنجیرەی مەزنی بوون، وا بیر لە مرۆڤ دەکرێتەوە کە خاوەنی هەم جەستەیەکی لە ناو چووە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پلەیەکی نزمدا، وەکو هەر چەشنە گیانلەبەرێکی دیکە، ڕابوەستێ و هەم ڕوح کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی و گەیشتن بە پلە و پایەی بەرز وەکو فریشتەکان. لە فەلسەفەی دیکارتدا جەستە و زەین وەکو دوو لایەنی جیاوازی کەسێتی مرۆڤ دێتە ئەژمار؛ لە گۆشەنیگای ئەوەوە، دەبێ لە نێوان زەین و مێشکدا جیاوازی دابنێین. بەو جۆرەی کە لە زنجیرەی مەزنی بووندا ناسێندرا، زەین لە فەلسەفەی دیکارتیدا هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە دەبێتە هۆی نزیک بوونەوەی ئەو لە ڕوح . دیکارت ئاوا زەین بەڵگەمەند دەکات:

من چی دیکەم؟... ئەز، خۆ، پێکهاتەی ئەو ئەندامانە نیم کە بە جەستەی مرۆڤ ناسراون. تەنانەت تۆزقاڵە هەڵمێکیش نیم کە دەچێتە نێو ئەندامەکانەوە و پێیاندا بڵاوە دەکات با، ئاور، هەوا، هەناسەیەک، یان هەر شتێک کە من لە خەیاڵمدا وێنای دەکەم؛ دەزانم کە بوونم هەیە؛ پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم منە چییە کە من دەیناسم؟ ئەگەر ئەم منە بە وردی و پوختی سەری لێ دەربکرێ ئەو جۆرەی کە تا ئێستە لێیگەیشتووین، دەی ئەوسا بە تەواوەتی لێم ڕوونە کە ئەم زانیارییەی من نەبەستراوەتەوە بەو شتانەوە کە من هەنووکە بێ خەبەر بم لە بوونیان؛ کەوابوو ناتوانێ بەسترابێتەوە بە هەرکام لەو شتانەوە کە من لە خەیاڵمدا وێنای دەکەم. بەم چەشنە تێدەگەم کە هیچ کام لەو شتانەی کە خەیاڵ وزەم پێدەدا بیانقۆزمەوە پێوەندی بە هەموو ئەو زانیارییانەوە نییە کە من بۆ خۆم هەمە، کەوا بوو زەینیش دەبێ زۆر بە وردی دابڕابێ لەو جۆرە شتانە ئەگەر بتوانێ تا ئەو جێگایەی کە بۆی هەیە بە ڕاشکاوی هەست بە سروشتی خۆی

بکات.(١٢)

فەلسەفەی دژ بە سکۆلاستیسیزمی دیکارت، لە شێوە روانینیدا بۆ مرۆڤ و وزەکانی بە روونی هەست پێدەکرێت. لە کاتێکدا کە لە چاو فەلسەفەی سکۆلاستیکەوە مرۆڤ وەکو جیهانێکی بچووکی دیاریکراو چاوی لێدەکرا، ئیدی بە لای دیکارتەوە بەو چەشنە سەیر نەدەکرا. مرۆڤ، کە لێرەدا مەبەست زەینی مرۆیە ئەو جۆرەی کە لە فەلسەفەی دیکارتدا مانای پێبەخشراوە، وەکو جیهانێکی بچووک چاوی لێدەکرێ کە هەم ئازادە و هەم بە شوێن راستییەوەیە. بەشێکی زۆری فەلسەفەی دیکارت، بە تایبەت تێڕامانەکانی فەلسەفەی یەکەم تەرخان کراوە بۆ لێدوان لە سەر گەڕانی مرۆڤ بە شوێن راستیدا بە یارمەتی سەربەخۆیی خۆی و زەینی بیرکەرەوە و ئازادی. یەکەمین دێرە بە ناو بانگەکانی تێڕامانەکانی وەها روانگەیەک بە شێوەیەکی گونجاو روون دەکەنەوە:

چەند ساڵ لەمەو پێش کەوتمە بەر شالاوێکی زۆری بیروڕای نابەجێ کە لە منداڵیمدا بە ڕاست دامنابوون و بە هۆی سروشتی گومان لێکراوی سەرجەم بینا گەورە و باڵەخانەکانەوە کە لە پاشاندا کردبوونمە بنەمایەک بۆ ئەم چەشنە روانینە، تێگەیشتم کە پێویستە لە وەرزێکی ژیانمدا هەموو شتێک بە تێکڕایی بڕووخێنم و دیسان لە بیناوە دەست بکەمەوە بە دانانەوەی بنەڕەتێکی ڕێکوپێک ئەگەر بمەوێ شتێک لە زانستەکاندا دابمەزرێنم کە خۆڕاگر بێ و تارادەیەکیش بەردەوام.(١٣)

لە کاتێکدا کە تواناکانی مرۆڤ لە هاتنە ئارای تێگەیشتنی سەربەخۆی خۆیدا نزم کرایەوە و تەنانەت برەجارێکیش لە لایەن سکۆلاستیسیزمەوە بەرپەرچ دەدرایەوە، دیکارت ئاوڕی لێدایەوە و باوەڕی بە وزەی زەینی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەو پرسیارە فەلسەفییە قەدەغە کراوانە بوو کە نەهۆ بێ وەڵام مابوونەوە. هەر بۆیەش، پیشەی فەلسەفی دیکارت، لە سروشتی ناوەکی خۆیدا، دژ بە یەکێک لە گریمانەکانی سکۆلاستیسیزم بوو کە ئەویش باوەڕ بە کەسێتی جیهانی بچووکی مرۆڤ بوو. هەروەهاش هەر چەشنە هەوڵێک بۆ شکاندنی تێگەیشتنی مرۆڤ بە پێی فێرکارییەکانی کلێسا کە لە لایەن مامۆستایانێکی ئایینی وەکو ئالبێرتۆ مەگنێس، تۆماس ئەکویناس و دۆن سکات-وە ڕێکخرابوو لە لایەن کلێساکانەوە بە چەشنێکی ڕەسمی مەحکووم کرا.

فەلسەفەی سکۆلاستیک، فەلسەفەی مامۆستایانی ئایینی، لە سەدەی حەڤدەمدا لە ئاستێکی باڵادا ڕێزی لێدەگیرا و وەکو وانە دەوترایەوە. دیکارت، فەلسەفەی سکۆلاستیکی لە کۆلیژی جزیۆویتی لا فلێچ لە ئانجۆ خوێند، ئەو دەمەی کە لەوێ قوتابی بوو. دواتر لە بەرهەمێکیدا بە ناوی گوتارێک لە سەر میتۆد بنەماکانی فەلسەفەی سکۆلاستیکی خستە بەر ڕەخنە. دیکارت، پاش پێداچوونەوە بە هەموو ئەو شتانەدا کە لە کۆلیژ خوێندبووی، لە سەر ڕەوتی فەلسەفە ئەمەی خوارەوەی نووسی:

نابێ سەبارەت بە فەلسەفە شتێک بڵێم غەیری ئەوەی، کاتێ کە تێگەیشتم بۆ چەندین سەدە لە لایەن باشترین بیرکارانەوە پەروەردە کراوە و جگە لەوەش شتێکی تێدا نییە کە لێنەکۆڵدرابێتەوە، کەوا بوو سووژەیەک لە گۆڕێدا نییە کە گومانی لێکرابێ و منیش ئەوەندە بوێر نەبووم کە دەسکەوتێکی باشتر لەوان مسۆگەر کەم ... هەروا کە لە بوارەکانی دیکەی زانستدا بە کەڵک وەرگرتن لە فەلسەفە بنەماکانی خۆیانیان دارشت، منیش بەو دەرئەنجامەی گەیشتم کە بنەمایەکی پتەو لە سەر ژێرخانێکی لەرزۆکی ئەوتۆ دانامەزرێ.(١٤)

دیکارت بە دەربرینی روانگەی ڕەخنەگرانە لە سەر فەلسەفەی سکۆلاستیک ئەم بابەتەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بنەمایەکی پتەو لە سەر ژێرخانە لەرزۆکەکانی فەلسەفەوە کە هەموو شتێک تێیدا سووژەیە و کێشەهەڵگر، دانانرێ. دیکارت لە بەرهەمەکانی دیکەیدا بەردەوام سکۆلاستیسیزمی خستە بەر ڕەخنە. هەروەها کە ڕاجێر ئاریۆ لە بەشێکی بە ناوبانگ لە کتێبی خوێندنەوەی کەمبریج بۆ دیکارتدا، دەنووسێ زۆربەی ئەو سووژانەی کە پێوەندییان بە بیری سکۆلاستیکەوە هەبوو لە لایەن دیکارتەوە خرانە بەر ڕەخنە:

ئەو چوار توخمی ڕەت کردەوە و گوتی کە تەنیا یەک جۆر مادە لە ئارادایە کە دەکرێ هەموو چەشنەکانی ڕاڤە بکرێ وەکو دەرکەوتە جیاجیاکانی ئەو ماددەیە. جگە لەمە، دیکارت سێ بنەمای ئەرەستۆیی ماددە، بیچم و

لەناوچوونی وەرنەگرت جگە لە بوونێکی ئەقلانی کە خاوەنی زەینە، بیرۆکەی بیچمە بناغەییەکانی ڕەت کردەوە. (١٥)

لە لایەکی ترەوە، بیری سەرەکی و باوی مەسیحییەت، واتە پرسی ڕەنجی مرۆڤ کە بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانسدا بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو، وەکو کۆسپێک لە سەر ڕێبازی گەڕانی مرۆڤدا، هەم بۆ حەقیقەتی فەلسەفی و هەم بۆ ڕاستی زانستی وابوو. بەپێی ئەم واتایە، بە بۆنەی گوناهی سەرەکییەوە کە مرۆڤ لە بەهەشتدا کردی، دەبێ بە سەر زەوینەوە ڕەنجەڕوبێ. داکەوتن و دابەزینی مرۆڤ لە ئاکامی یەکەمین گوناهەوە بوو کە خواردنی میوەی داری قەدەغەکراو (واتە داری زانست) بوو لە لایەن ئادەم و حەواوە. ئەگەرچی هەندێک سەرچاوە بۆ گوناهی سەرەکی لە هەر دوو بەشی کتێبی پیرۆز وەعدی کۆن و وەعدی نوێ (بۆ نموونە، زەبوور ٥١:٥ و ماتیوو ٧:١٧) دیاری کراون، بەڵام هەم سوننەتی مەسیحییەتی کاتۆلیک و هەم پرۆتێستان بۆ فامکردنی ڕوونتر دەربارەی ئەم بیرە سەرەکییە ئایینییە پشت دەبەستنە ئاگوستین قدیسی یەکەم. ڕەنگە یەکەمین دێرەکانی بەهەشتی ونبووی جان میڵتن (١٦٦٧) ئەم بابەتەمان زیاتر بۆ ڕوون بکاتەوە:

**یەکەمین لاساری مرۆڤ، میوەی**
**ئەو دارە قەدەغەکراوە، چێژی کوشندەی**
**مەرگی کردە خەڵاتی دنیا**
**بە لە دەست دانی باخی عەدەن**
**کەوتە بەر نەفرەتی خودا، دە بخوێنن**
**پەری شیعری ئاسمانی**
**دەمانباتەوە ئەو شوێنەی لێ بووینە. (١٦)**

بە گوێرەی ئەم مۆتیڤە، مرۆڤ لە هاتنە دنیایدا گوناهبارە و داکەوتنی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی بە هۆی گوناهێکی بەو جۆرەوە بوو. بەم پێیە، مرۆڤ بە چەشنێکی زگماکی و سروشتی، گوناه کردنی لەگەڵدایە. دەبووا مرۆ بە سەر زەوینەوە لە ڕەنج و کوێرەوەریدا بایە، هەر بۆیە، وەکو نیشانەیەک لە بەزەیی خودا، مرۆیەکی مەزنتر (واتە عیسای مەسیح) نێردرا بۆ هەڵگەڕانەوەی پلەوپایەی مرۆڤ.

یەکێک لە ئاکامەکانی باوەڕێکی ئەوتۆ ملکەچی مرۆڤ بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. بەپێی ئەم ئوستوورە ئایینییە، بەو بۆنەوە کە مرۆ لە سەرەتادا وازی لە ژیان و لە شوێنی حەقیقەت واتە بەهەشت هێناوە، گەڕانی بە دوای حەقیقەتدا شتێکی بێ کەڵکە، وێڕای ئەوەش ئایدیایەکی لەم چەشنە هەستێکی ناهۆشیاری سەبارەت بە تاوان و ڕەنج لە مرۆڤی مەسیحی چەرخەکانی ناوەڕاستدا بەدی هێنا کە ئەوی لە داڕشتن و داهێنان بێوەری کردبوو.

شێوازی ڕوانینی دیکارت بۆ زەینی داهێنەری مرۆڤ، لە هەر ڕووەوە نەک هەر دوورە لەو پێش زەمینە ئایینییەی سەرەوە، بەڵکو لەگەڵ بڕێک لەو گریمانە و بیرۆکانەدا جیاوازە، بۆ نموونە سێیەمین یاسای ئەقڵی دیکارت لە گوتەیەک لە سەر میتۆد (١٦٣٧)دا بەڕوونی دەربڕی باوەڕی ئەوە بە زاڵ بوون بە سەر خۆیدا و بێوەری کردنی خۆی لەو بیرۆکانەی کە پشت بە وزەی بیری مرۆڤ نابەستن.

سێیەمین یاسای ئەقڵیم ئەوە بوو کە لەباتی ئەوەی چاوەڕوانی بەخت و شانس بم، هەردەم تێکۆشاوم زاڵ بم بە سەر خۆمدا، لە باتی گۆڕینی تەکووزی دنیا لە هەوڵی گۆڕینی هیواکانمدا بوومە و بە گشتی بەشوێن ئەوەدا بوومە بێمە سەر ئەو باوەڕەی کە شتێک لە وزەی ئێمەدا نییە جگە لە ئەندێشەکانمان و بە لەبەر چاوگرتنی ئەو شتانەی کە دنیای دەرەوەمانی تەنیوە، تا ئەو ڕادەیەی کە پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە تێکۆشاین هەتا باشترین هەوڵەکانمان بێنینە دی کە لە هەمووشیاندا سەر ناکەوین و سەرکەوتن لە هەموو شتێکدا بە تەواوەتی نەگونجاوە. (١٧)

بەم پێیە و بە گشتی فەلسەفەی دیکارت، وەکو قۆناغێکی سەرەکی لە ڕەوتی سەربەخۆیی ئەندێشەی نوێی ڕۆژئاوادا لە بەرچاو دەگیرێ. ئەگەرچی دیکارت قەت لە ئایین لای نەداوە و لە چەندین پاژی بەرهەمەکانیدا لە پیشاندانی باوەڕی بە خودا وردبینە، ناوبانگ و ئالاهەڵگری بۆ داڕشتنی کۆمەڵێک یاسای نوێ بۆ پێشکەوتنی زانستی تەنیا و تەنیا، بە پێی ئەقڵ و وزەی بیرکەرەوەی مرۆ بووە هۆی هاتنە ئارای ڕوانگەیەکی ئینسانی سیکۆلار. کەوا بوو، فەلسەفەی دیکارتی بە چەشنێکی ئاسایی وەکو کزکەرەوەی تەوژمی ئایین، ڕەخنەگری سکۆلاستیک و پێشەنگ لە گەشەسەندنی زانستی و فەلسەفی نوێدا دادەنرێ.

## پێش زەمینە ڕۆشنبیرییەکان

چوارچێوەی تیۆریکی دژ بە سکۆلاستیکی دیکارت هاوتەریب و هاندراوی ڕوحی زاڵی مرۆڤخوازانەی سەردەمی ڕێنیسانس بوو. مرۆڤخوازی هەم بۆ سەرهەڵدان و هەم بۆ وەڵامدانەوە بە بیرۆکەی زانستی و فەلسەفی دیکارت بەستێنێکی ڕۆشنبیرانەی گرنگی هێنایە ئاراوە. بە واتایەکی تر، دیکارت نەک هەر تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی دایە ئارمانی مرۆڤخوازی بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بکاتە ناوەندی دنیا و کێشە فەلسەفییەکان، بەڵکو تەنانەت لە بەرهەمەکانیشدا پێڕەوی لە بیرۆکەی ئارمانی مرۆڤخوازییەوە کرد. خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی کاریگەری ئەندێشەی چاخەکانی ناڤین لە سەر لێکۆڵینەوە جیاجیا ئاراستە کراوەکان و جەخت لە سەر ژیانی ئەم دنیایە وەکو دژایەتی لەگەڵ پێداگری چاخەکانی ناڤین لە سەر گرنگی ژیانی ئەو دنیا هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی بەستێنی ڕۆشنبیرانەی سەرەتای سەدەی حەڤدەمن کە تێیدا دیکارت پێگەیشت و پەروەردە بوو.

جگە لەمانە، فەلسەفەی ئەزموونخوازی سەرەتایی سێر فرانسیس بیکۆن (١٥٦١-١٦٢٦) پێش زەمینەیەکی دیکەی ڕۆشنبیرانە بوو لە بەردەستی دیکارتدا. لە هەر ڕووەوە، دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێ کە دیکارت سەر بە سوننەتی فەلسەفی ئەزموونخوازی بریتانیایی نییە کە لە لایەن بیکۆن-ەوە دامەزرێنرا و لە سەدەی حەڤدەمدا لاک و برکلی پەرەیان پێدا. ئەزموونگەرێتی بیکۆن وەکو پێش زەمینەیەکی ڕۆشنبیرانە بۆ فەلسەفەی دیکارتی دادەنرێ، تەنیا لەو ڕووەوە کە بیرۆکەی دیکارت بۆ دامەزراندنی میتۆدۆلۆژییەکی نوێ بۆ فەلسەفە وەکو ئەو کارەی بیکۆن بوو لەو بەستێنەدا. (١٨)

پێشتر لە یۆتۆپیاکەیدا بە ناوی ئاتلانتیسی نوێ (١٦٢٤) هیوای بیرۆکەیەکی لێکۆڵینەوەیی نوێ دەربڕیبوو. دیکارتیش لە چەند یاسایەک بۆ هەڵوێستی زەین- دانانی (١٦٢٨) و چاپی (١٧٠١) - بەڕوونی هیوای دامەزراندنی میتۆدێکی نوێ بۆ بیرکردنەوە و کۆمەڵێک یاسای نوێ بۆ نەشونمای زانستی دەربڕیبوو:

### یاسای یەکەم I

دەبێ مەبەستی خوێندنەوەکانمان ڕاستەوخۆیی زەینمان مسۆگەر بکات، بۆیەش دەبێ بۆچوونێکی پتەو و ڕاستەقینەمان لە ئاست سەرهەڵدانی هەر جۆرە کێشەیەکدا بۆ دەستەبەر بکات.

### یاسای دووەم II

دەبێ تەنیا سەر قاڵی ئەو بابەتانە بین کە وزەی ڕۆشنبیرانەی ئێمە وادەنوێنێ بە چەشنێکی گومان لێنەکراو لێهاتووە لە زانینیاندا.

### یاسای سێیەم III

هەر چەشنە سووژەیەک کە بۆ هەڵسەنگاندن لە بەرچاوی دەگرین، دەبێ لەوە نەکۆڵینەوە کە کەسانی تر پێیگەیشتوونە، یان بۆ خۆمان بە گۆترەمان داناوە، بەڵکو لەو شتەی بکۆڵینەوە کە بەڕوونی و ئاشکرایی لە ڕێگەی ئیشراق و بە دەرئەنجام گەیشتنەوە پێدەگەین و هەستی پێدەکەین. بۆیەش شێوازێکی دیکەی بە دەست هێنانی زانست لە ئارادا نییە.(١٩)

جگە لە مرۆڤخوازی و ئەزموونگەرێتی، پێش زەمینەیەکی دیکەی ڕۆشنبیرانە بۆ پرۆژەی فەلسەفی دیکارت گومانگەرێتی بوو کە لە بەرهەمی برێک لە لێکۆڵەران و توێژەرانی سەردەمی ڕێنیساندا هاتە ئاراوە. لە هەر ڕووەوە، جیاوازییەک لە نێوان لایەنگری دیکات لە ئەزموونگەرێتی و مرۆڤخوازی لە لایەکەوە و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی ئەو بۆ گومانگەرێتی لە لایەکی دیکەوە بەدیدەکرێ. بە واتایەکی دیکە لە کاتێکدا کە لە نێوان فەلسەفەی مۆدێرنی دیکارت هەم لە سوننەتی ئەزموونگەرانە و هەم مرۆڤخوازانەی ڕێنیسانسدا بابەتی لێکچوو دەبینین، ئەو سوننەتی فەلسەفەی گومانخوازانەی درێژخایەنی خستە بەر ڕەخنە کە، هەروەها، لە چاخی خۆیدا زاڵ بوو. بێرنارد ویلیامز، بەو جۆرەی کە لێرەدا دەکەوێتە بەر سەرنجتان، ئاماژە بە سوننەتە جیاوازە گومانخوازانەکانی سەرەتای سەدەی حەڤدەم لە یادەوەری دیکارت، پرۆژەی لێکۆڵینەوەی پاراو (١٩٧٨) دا دەکات:

لە ڕێنیسانسدا، گێژەنێک لە وەڵامە گونجاوەکان بۆ ئەم پرسیارە "ئەو وزەگەلەی بەرەو تێگەیشتنمان دەبەن چین"، هاتە ئاراوە. زۆربەی بیرمەندانی ڕێنیسانس، بە تایبەت لە ئیتاڵیادا، ئەوەیان بە ئەرکی خۆیان زانی کە هێنانە

ئارای تێگەیشتن تەنیا سەبارەت بە ڕابردووی کلاسیک نییە، بەڵکو هەروەتر بووژاندنەوەی بیروڕای تێگەیشتنە کە لە ڕابردوو لە ئارادا بووە. ڕەنگە بڕێک لەم نووسەرانە بە ڕێکەوت پێداچوونەوەیەکی کورتیان بە سەر تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی یۆنانی سەدەی پێنجەمی بەر لە زانییندا بووبێ ... سۆفیستەکان ئەفسوونی ماتریاڵە شکخوازانەکان بوون کە لە سەدەی حەڤدەمدا لە ڕێگەی بەرهەمەکانی سێکستۆس ئێمپریکیووس (دوو سەد ساڵ پاش زایینێ)ەوە ناسێندران. لێنەهاتوویی بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان هێزی وشە و وزەی بەڵگاندن (کە ئەو کات وەکو ئێستە لە پاریسدا زاڵ بوو) خۆی گەیاندە سەرلێشێواوی گومانخوازانەی سەردەمی دیکارت. (٢٠)

پرۆژەی فەلسەفی دیکارت دژ بە هەموو نەریتە گومانخوازەکانی فەلسەفە بوو؛ واتە، هەم سۆفیستەکانی یۆنانی کۆن و هەم ئەوانەی سەردەمی خۆی. زاڵ بوون بە سەر گومانەکاندا یەکەمین قۆناغی گرنگە لە پرۆژەی فەلسەفی دیکارتدا. هەر لەو ڕووەوەیە کە لە سەرەتای هەر دوو بەرهەمی گوتارێک لە سەر میتۆد و لە تێرامانەکان لە سەر فەلسەفەی یەکەمدا ئاماژەی بە هێزی زەینی مرۆ لە زاڵ بوون بە سەر گومانەکاندا کرد. بە پێچەوانەی ئەوەی سۆفیستەکان، مەبەستی دواییی دیکارت گەیشتن بە دڵنیایی بوو. مەبەستێکی ئەوتۆ لە میتۆدۆلۆژی دیکارتدا تەنیا لە وزەی ئەقڵی مرۆڤدا بەدی دەکرێ. دیکارت لە سەرەتای پرۆژە فەلسەفییەکەیدا لە سەر کۆتایی هێنان بە کێشەی دووفاقەیی گومان و دڵنیایی پێیداگرت. هەر بۆیەش، لە دوەمین ڕامانەکەیدا بەم ئاکامە گەیشت:

ئەو شتەی کە چکۆلەترین گومانم لەوەیدا نامێنێ هەڵەیە، وەردەگرم؛ بەم چەشنە بەردەوام دەبم هەتا شتێکی دیاریکراو دەبینمەوە، یان ئەگەر شتێکی دیکەم بۆ نەکرا، لانی کەم دڵنیا دەبم کە دڵنیاییەک لە ئارادایە. ئەرەشمیدۆس بۆ گواستنەوەی زەوین خاڵێکی نەگۆڕ و گیرساوی دەویست؛ منیش دەتوانم بۆ شتی مەزن بەهیوابم ئەگەر لە دۆزینەوەی شتێکدا، بەهەر ڕادە چکۆلە، بەردەوام بم کەچی دڵنیایییە و گومان هەڵنەگر. (٢١)

لە لایەکی دیکەوە، دیکارت ئاگاداری زۆربەی جموجووڵ و پێشکەوتنەکانی سەردەمی خۆی بوو. لە بڕێکیان کاریگەری وەرگرت و بڕێکیشیانی خستە بەر ڕەخنە. بۆ نموونە، لە بەشی پێنجەمی گوتارێک لە سەر میتۆددا ڕاڤەیەکی دوور و درێژی بۆ دوایین پێشکەوتنەکانی پزیشکی تەرخان کرد. چەند بەشێک لە کتێبە لاتینییەکەی ویلیام هارڤی لە سەر بزاوتی دڵ و خوێنی وەرگرت و ڕەخنەی لە بڕێک لە بەڵگاندنەکانی کتێبەکە گرت کە لە ساڵی (١٦٢٨) دا چاپ کرا بوو. (٢٢) جێی سەرنجە بزانین ئەم کتێبە بەشێکە لە فەلسەفەی سروشتی کە لە قوتابخانەدا خوێندبووی. لە لایەکی دیکەوە، لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ مێرسێنە، ٢٨ی ژانوویەی (١٦٤١)، کتێبی فەلسەفی ئای، بی. مۆرینێس-ی لە سەر گەردوون، کە لە ١٦٣٥دا چاپ کرابوو، خستبووە بەر ڕەخنە: کتێبەکەی م. مارین-م خوێندەوە. هەڵەی بەرچاوی ئەوەیە بە چەشنێک لەگەڵ بێ کۆتاییەکاندا دانووستان دەکا کە دەڵێی زەینی ئەو لە سەرەوەترە و توانیویە ساماندارێتی بناسێ. (٢٣)

ئەو نموونانەی سەرەوە بە ڕوونی ئەوە پیشان دەدەن کە دیکارت مرۆڤی سەردەمی خۆی بووە و ئاگای لەو شتانە هەبووە کە لە ماوەی ژیانیدا ڕوویان داوە و زانیویەتی چ شتێک بۆ هێنانە دی پێشنیار دەکات. لە یەکەمین لاپەڕەکانی بنەماکانی فەلسەفەدا (١٦٤٤)، بە ئاماژە بەو هەڵانەی کە فەیلەسووفەکانی پێشووتر کردبوویان، دەیزانی کە خەریکە کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی نوێ دێنێتە ئاراوە. جگە لەمانە، هیوای خۆی بۆ کەشف و دۆزینەوەی نوێ لە ئەندێشە تایبەتییەکانیدا دەردەبڕێ:

وەکو گەنجێک، لەو کاتەیدا کە دۆزینەوە دیار و دەرکەوتووەکان کەوتنە بەر سەرنجم، لەو هەوڵەدا بووم کە بۆ خۆم لێیان ڕامێنم کە ئاخۆ، تەنانەت، بەبێ خوێندنەوەی دانەرێک دەمتوانی هەر هەمان دۆزینەوەم هەبێ؛ لە جێبەجێکردنی ئەم هەوڵەدا هێدی هێدی بۆم دەرکەوت کە من لە هەندێک یاسای دیاریکراو کەڵک وەردەگرم. (٢٤)

دۆزینەوە، وشەیەکی بەردڵ کەوتوو لە سەردەمی ڕێنیسانسدا، هەنووکە بۆ دیکارت دڵبزوێن بوو. ئەمە و هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دیکارت زۆرتر لە هەر بیرمەندێکی تر لەو پێش زەمینە ڕووناکبیریانەی کە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا

دەستەبەر کرابوون، کاریگەری وەرگرت. لە هەر ڕووەوە، پێم وانییە کە وەکو کەسایەتییەکی سەردەمی ڕێنیسانس ناوزەد بکرێ، چونکە بە دڵنیاییەوە ئاماژە بۆ کۆمەڵە یاسایەکی نوێ و میتۆدۆلۆژی نوێ لە بەرهەمەکانیدا دەکا. سەرەڕای ئەم بابەتە، ئەو جۆرەی کە لە درێژەی باسەکەدا دەخرێتە بەر سەرنج، تیۆری سووژەی ئەو، وەکو یەکەمین هەوڵەکان بۆ ئاخافتن لە سەر پلەوپایەی مرۆڤ لە چاخی مۆدێرندا لە بەرچاو دەگیرێ. کەوابوو دەبێ دیکارت لە بەرەی یەکەمین کەسایەتییە پێشەنگەکان لە زانست و فەلسەفەدا لە ماوەی نێوان تێپەڕین لە ڕێنیسانسەوە بۆ سەردەمی مۆدێرن بێتە ئەژمار.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**١- مەبەستم لە سەردەمی مۆدێرن لەم لێکۆڵینەوەی بەردەستدا ئەو قۆناغە مێژووییەیە کە دوابەدوا و لە کۆتایی، ڕێنیسانس لە ئینگلیز و ئۆرووپای ڕۆژئاوادا، بە تایبەت لە فەرەنسە دەستی پێکرد. ئەگەرچی ئەڵمانیا، لە فورمی سیاسی و جوگرافیایی هەنووکەیی لە ڕێنیسانسدا ئامادە نەبوو، کەچی فەیلەسووفە ئەڵمانییەکان دەورێکی گرنگیان لە پێشکەوتنی فەلسەفەی مۆدێرن لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا گێڕا. لە لایەکی دیکەوە، ئیتاڵیا ئەو شوێنە بوو کە ڕێنیسانس لەوێوە سەری هەڵدا، خۆی بە فەلسەفەی مۆدێرنەوە خەریک نەکرد، بەو چەشنەی کە ئەو وڵاتە ئاماژە پێدراوانەی سەرەوە گرنگیان پیدا. ڕێنیسانس، وەکو بزووتنەوەیەکی ئەورووپیایی لە هونەر و ئەدەبیاتدا سەری هەڵدا، گەشەی سەند و بە سەر خولە جیاجیا مێژووییەکانی ناوەڕاستی سەدەی پازدە تا بەشی ناڤێنی حەڤدەمدا توایەوە. بەم پێیە، مەبەست لە سەردەمی مۆدێرن بە گشتی ئەو سەردەمەیە کە لە ئینگلیز و ئەوروپای ڕۆژئاوا بە شوێن سەرەتای سەدەی حەڤدەمدا دەستی پێکرد.**

**٢- زاراوەی مۆدێرنیتە یەکەمین جار لە لایەن شاعیری هێماخوازی فەرەنسی چارلز بۆدلێرەوە، لە کاتی دەربڕینی ڕێزی خۆی لەمەڕ جوانیێتی شێوازی مۆدێرن لە پیشانگایەکی نیگارکێشی لە ساڵی (١٨٤٦)دا، هاتە ڕۆنان. لە ساڵی (١٨٦٣)دا بۆدلێر وتارێکی بە ناوی نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن چاپ کرد کە تێیدا تیشکی خستبووە سەر چەمکی مۆدێرنیتە. لەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستدا، لە پێشدا هەوڵدراوە شوناسێکی ڕوون و جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە دەستەبەر بکرێ کە لە چەمکە پێوەندیدارەکانی دیکەی وەکو مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزەیشن کە بە زۆری لە باتی ئەو بەکار دەبرێن جیای کاتەوە. مۆدێرنیتە بەستێنێکی بۆ سەر هەڵدانی مۆدێرنیزم، بزووتنەوەی هونەری و ئەدەبی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و یەکەمین دەیەکانی سەدەی بیست، پێک هێنا. بە پێی فەلسەفە و لۆژیکی مۆدێرنیتە، مۆدێرنیزەیشن، پرۆسەی مۆدێرن بوونی پیشەسازی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمە.**

**3- Rene Descartes, Meditations on First Philosophy with Selections from the Objections and Replies, trans. and ed. John Cottingham, Cambridge: Cambridge University Press, 2005, p. 68.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٠.**

**5- Immanuel Kant, ?An Answer to the Question: What Is Enlightenment?? in Kant?s Political Writings. trans. H. B. Nisbet, ed. Hans Reiss, Cambridge: Cambridge University Press, 1970, p. 54.**

**٦- ئایدیای پێشکەوتن و پێوەندی بە شوناسی سووژەوە لە سەدەی هەژدەیەم لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، دواتر لەم خوێندنەوەیەدا دەخرێتە بەرباس. ئاوا بۆچوونێک لە لایەن ماکس هۆرکهایمر و تیۆدۆر ئادۆرنۆوە لە دیالێکتیکی ڕۆشنگەریدا بەچەشنێکی بناغەیی کەوتە بەر ڕەخنە. بڕوانە بۆ:**

**Dialectic of Enlightenment, trans. Edmund Jephcott and ed. Gunzelin Schmid Noerr, New York: Continuum, 1994, pp. 3-43.**

**7- Mary Klages, Literary Theory: A Guide for the Perplexed, New York: Continuum, 2006, p. 168.**

**8- Norman Smith, Studies in the Cartesian Philosophy, London: Macmillan and Co., 1902, p. 3.**

**٩- ئەگەرچی سکۆلاستیسیزم بە زۆی بە ئاشتی سازی نێوان فەلسەفەی ئەرەستۆ و کتێبی پیرۆز پێناسەکراوە، ڕوانگەی لە سەر مرۆڤ هەر هەبوو کە مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئاست مرۆڤدا هەیبوو. بە واتایەکی دیکە، لە کاتێکدا کە بیرۆکەی سکۆلاستیک لە سەر فیزیک بە زۆری ئەرەستۆیی بوو، میتافیزیکەکەی هەر مەسیحی مایەوە. بڕوانە بۆ:**

C. H. Lohr, ?The Medieval Interpretation of Aristotle? in The Cambridge History of Later Medieval Philosophy: From the Rediscovery of Aristotle to the Disintegration of Scholasticism, ed. Norman Kretzmann et al, Cambridge University Press, 1982, pp. 80-97.

10- See, Arthur O. Lovejoy, The Great Chain of Being: A Study of the History of an Idea, Cambridge, MA: Harvard University Press, 1992, pp. 24-33.

11- Rene Descartes, Meditations on First Philosophy, trans. and ed. John Cottingham, Cambridge: Cambridge University Press, 2005, p. 34.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٨ - ١٩.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل١٢.

14- Rene Descartes, A Discourse on the Method, trans. Ian Maclean, Oxford: Oxford University Press, 2006, p. 10.

15- Roger Ariew, ?Descartes and Scholasticism: The Intellectual Background to Descartes? Thought? in The Cambridge Companion to Descartes, ed. John Cottingham, Cambridge:Cambrifge University Press, 1992, pp. 65.

16- John Milton, Book I of Paradise Lost, in The Norton Anthology of English Literature, Vol. I. ed. M. H. Abrams et al, 5th ed., New York: W. W. Norton, 1986, p. 1447.

17- Rene Descartes,  A Discourse on the Method, p. 23.

١٨- هەروا کە ئیبیان مەکلین لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکا، مەبەست لە فەلسەفەی سروشتی لە سەدەی حەڤدەمدا زانستە؛ واتە، گەڕان بە دوای مەعریفەی هۆداردا لە لێکدانەوەی سروشتدا. هەمان سەرچاوە. ل iiv

19- Rene Descartes, Rules for the Direction of the Mind, in Descartes Philosophical Writing, trans. and ed. Elizabeth Anscombe and Peter Thomas Geach, London: Nelson University Paperbacks, 1972, p. 153.

20- Bernard Williams, Descartes: The Project of Pure Enquiry, Harvester Press, 1978, p. 27.

21- Rene Descartes, Meditations on First Philosophy, p. 16.

22- The complete title of Harley?s book is An Anatomical Disputation Concerning the Movement of the Heart and Blood in Living Creatures, trans. Gweneth Whitteridge, Oxford: Oxford University Press, 1976.

23- Rene Descartes, Letter to Mersenne, in Descartes Philosophical Writing, p. 264.

24- Rene Descartes, Private Thoughts, Ibid., p. 3.

# له بارەی ئەم دۆسیەی مام هەژار

مام هەژار لەناو مێژووی بزاڤی ڕووناکبیریی کوردیدا کارەکتەرێکی گرنگە. بێجگە لە زمان زانینەکەی ڕووناکبیرێکی ئینسایکلۆپیدیایی بوو، لە زۆر مەیداندا جێ دەستی دیارە. ئێمە لە گۆڤاری ڕامان-دا بەدرێژایی سالانی ڕابردوو لە زۆر ژمارەدا ناو بەناو وتار و لێکۆڵینەوەمان سەبارەت بەو کەسایەتییە بڵاو کردووەتەوە. ئەم ساڵ ڕۆژانی ٩-١٠/٣/٢٠٠٩، لە شاری سنەی پایتەختی ئەردەڵان و لە هۆڵی (الفجر) ماوەی دوو ڕۆژ سیمینارێک بۆ بیرئانینی مامۆستا هەژار لەلایەن ڕێکخراوی جەوانانی پێشڕەوانی ماف بەڕێوەچوو.

ئەگەرچی نووسەرانێکی زۆری باشوور بۆ ئەم سیمینارە بانگ کرابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی خەرجیی چوون و هاتنەوە دەبوو لەسەر نووسەرەکان خۆیان بێ، بۆیە لە چەند کەسێک بترازێ، نووسەری دیکەی بۆ نەچوو، واتە وەک سیمینارەکانی دیکە قەڵەباڵغی لەسەر دروست نەبوو. ئەوانەی لێرەوە چوون: [د. شێرکۆ بابان، د. عەبدوڵڵا ئامێدی، د. سەباح بەرزنجی، د. ئەنوەر قادر، ئازاد عەبدولواحید، نامیق هەورامی، چنار نامیق، ئاری عەبدوللەتیف] بوون، کە لەهەولێر و سلێمانییەوە چووبوونە ئەوێ.

نامیق هەورامی نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، وتاری کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری خوێندەوە کە دەقەکەی لەو دۆسیەیەدا بڵاوکراوەتەوە. من بۆ خۆم کەڵکێکی زۆرم لەو سەفەرەم وەرگرت، جگە لە بەشداربوونم لە سیمینارەکەدا، لەوێ بە خزمەتی دۆستان و نووسەرانێکی زۆر گەیشتم، کە بەشێکیان لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیشەوە هاتبوون، وەک جارەکانی پێشوو برایانی ئەودیومان لەناو لێشاوی لوتف و مەحەبەتی خۆیان نقوومیان کردین کە هەموو جارێ بەرانبەرمان دەینوێنن و شەرمەزارمان دەکەن. ئەوەی لەو سەردانەمدا زۆر سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام ئەو دیاردە بەرجەستەیە بوو کە خۆی لە ئامادە بوونی ئەو هەموو لاو و جەوانە، ئەو هەموو ئافرەتەدا دەنواند کە بەدرێژایی دانیشتنەکانی سیمینار بەیانیان و ئێواران و جاری وا هەبوو تا درەنگانێ لەناو هۆڵەکە دەمانەوە و هەر هەموویان بەتامەزرۆیی و بە تاسووق و ئیشتیاقەوە گوێیان لە کۆڕگێڕان و بیروڕاو قسەکانیان ڕادەگرت و هۆڵەکەیان بەجێ نەدەهێشت.

دانیشتنی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکەم ٩/٣/٢٠٠٩ بەو بۆنەیەوە بە کۆمەڵێک وتاری کردنەوەی سیمینار دەستی پێ کرد، لەناویاندا وتاری دەستەی جەوانانی پێشڕەوانی ماف هەبوو کە لەلایەن (کاوە ئەسەدی) خوێنرایەوە، ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەرنامەکە دەستی پێ کرد و لیژنەی هەڵسەنگاندن کە بریتی بوون لە بەڕێزان: (ئەحمەدی قازی، دکتۆر ئەردەڵان، فەتاح ئەمیری، کولسووم عوسمان پوور) چوونە سەر شانۆ و بەڕێزان: (دکتۆر عەزیزی، ناسر عەلی یار، سەلاح حوسەین پەناهی) وتار و لێکۆڵینەوەکانیان خوێندەوە. ڕۆژی دووەم ١٠/٣/٢٠٠٩، لیژنەی هەڵسەنگاندن کە بریتی بوون لە (ئازاد عەبدولواحید، کامبیز کەریمی، دکتۆر جەباری) لیژنەی هەڵسەنگاندن و لێدوان و قسە کردن بوون سەبارەت بە وتار و لێکۆڵینەوەی بەڕێزان: (ماجید مەردۆخ ڕۆحانی، سەعید نەجاڕی (ئاسۆ)، عەلی نوسرەتی، محەمەد ئەحمەدیان). لە دوا دانیشتنی سیمینارەکەشدا لیژنەی هەڵسەنگاندن ئەم بەڕێزانە بوون: (ماجید مەردۆخی ڕۆحانی، دکتۆر پارسا، دکتۆر عەبدوڵڵا ئامێدی، عەدنان بەرزنجی)، کە ڕووبەڕووی هەڵسەنگاندنی بابەتی ئەم بەڕێزانە کرانەوە: (دکتۆر ئەسعەد ئەردەڵان، دکتۆر سەباح بەرزنجی، جەبار ئەسلانی). لەکۆتایی سیمینارەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن دامەزراوەی پێشڕەوانی ماف و زەینەب خانمی خوشکی مامۆستا هەژار بەخشرایە بەشداربووان و میوانەکان.

شایەنی باسە هەموو وتارەکانی ئەم سیمینارە کە لێرەدا ئاماژەیان بۆ کراوە لەو دۆسیەیەدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە و بەشێکی دیکەشیان پێشتر خۆمان ڕاستەوخۆ لە نووسەرەکانمان وەرگرتوون، وتارەکەی کاک ماجید ڕۆحانی نەبێ کە سیدییەکەی بەدەستمان نەکەوت، ئەگەرچی زۆریش هەوڵمان دا تا لە تەک ئەو وتارانەی ئێرانەدا بڵاوی بکەینەوە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشانە لە ڕێکخراوی جەوانانی پێشڕەوانی ماف دەکەم کە توانییان یادێکی جوان و شایان بە مام هەژار لە شاری سنەی جواندا بکەنەوە و ئەو حەمکە نووسەرانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لەسەر خوانی مام هەژار کۆ بکەنەوە. جارێکی دیکەش ئافەرینیان پێ دەڵێین کە توانییان لەبن سایەو سێبەری مام هەژار چەند باس و خواسێکی گرنگی ئەوڕۆیی بورووژێنن و لە پەنای جاڕنامەی مافی مرۆڤ و مافی کولتووری میللەتان باسی زۆر مافی خوراوی مرۆڤی کوردی ستەمدیدە و کولتوور و زمانە بێ نازەکەی بخەنەوە سەر خوانی باس و لێکۆڵینەوەوە.

**«سەرنووسەر»**



# یادێک لە مام هەژار

**فەلەکەدین کاکەیی(*)**

سوپاس بۆ پەروەردگار بۆ ڕووناکبیرانی میللەتی کورد کە ناهێڵن یادی زانا و بیرمەندانی گەورەی وەک مام هەژاری موکریانی فەرامۆش ببێ، بەڵکو هەمیشە یادە پڕشنگدارەکەی دەکەنەوە.

ڕەنگە چاوەڕوان بن دەربارەی شیعر، یان لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانە بەنرخەکانی مام هەژار بنووسم، بەڵام خۆم بە شایانی ئەوە نازانم، چونکە حەوسەڵە و وەختی زیادی دەوێ، بەڵام ڕێگەم بدەن، سەرپێیی چەند سەرگوروشتەم لەگەڵ ئەم کەسایەتییە بلیمەتە بگێڕمەوە، کە بەر لە چل و دوو ساڵ یەکەم جار لە بەغدا بە دیداری شادبووم، دواجار لە ساڵانی ١٩٧٢ی زایینی، واتە سی و حەوت ساڵ بەر لە ئێستا، تا چەند ڕۆژێک بەر لە ماڵاوایی لەم دنیایەدا، هەمیشە یەکدیمان بینیوە و زۆران جار پێکەوە بووینە.

ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە شاری بەغدا بوو، مام هەژار لەگەڵ شادڕەوان ڕەفیق چالاک و کۆمەڵێک نووسەری

نەوڕەسیو خەریکی دەرهێنانی هەفتەنامەی (برایەتی) بوون، کە پاشکۆی ڕۆژنامەی عەرەبی زمان (التآخي) بوو، کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچوو.

من ڕۆژانە، بە عەرەبی لە (التآخي) دەمنووسی، زۆرینەی نووسینەکانم بە ڕەنگ و بۆی عیرفانی و سۆفیگەری، هەندێکیشی سەبارەت بە فەرهەنگی کورد، بەتایبەتی زەردەشت بوو، کە لەو سەردەمەدا کەس نەیدەتوانی بە ئاسانی لە پەیامی فەرهەنگی زەردەشت ئەویش لە عیراقی ئەو سەردەمەدا بدوێ. بە کوردیش کەم باسی دەکرا، جا چ بگات بە عەرەبی.

مام هەژار پشتگیریی دەکردم. بێ گومان لە زمانی عەرەبییدا شارەزابوو. نووسینەکانی ئەو سەردەمەم پەخشانی هونەری شیعر مانەند بوو، هەندێ جار بە ڕەمز و ڕاز دەمنووسی، کەم کەس پەی بە مەبەستی دەروونیم دەبرد.

مام هەژار لە سەرەتای هەفتاکانەوە یەکەمین سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو، کە بۆ ئەو زەمانە بە دەسکەوتێکی گرنگی ڕۆشنبیرانی کورد دەژمێردرا. من ساڵی ١٩٧٢ بە ئەندامێتی یەکێتی نووسەران وەرگیرام. سەرەتا وەریان نەگرتم، لە دەستەی یەکێتییەکەدا گوتبوویان کە فلانە کەس (واتە بەندە) پتر بە زمانی عەرەبی دەنووسێ، هەربۆیەش بە ئەدیبێکی کورد ناژمێردرێت، هەرچەندە یەکەمین چیرۆکم (واتە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیم) ساڵی ١٩٦٢ (واتە چل و شەش ساڵ بەرێ) بە زمانی کوردی بڵاوبووەوە، دوای ئەوەش کەم و زیاد بابەتی کوردیم بڵاوکردبۆوە.

دواجار پێیان گوتم کە وەختێک مەسەلەی وەرگرتنم، یان وەرنەگرتنم لە یەکێتی نووسەران بە مام هەژار گەیشتبوو، ئەمان فەرمووبوویان یەکسەر وەری بگرن و ناسنامەی یەکێتی پێبدەن، چونکە کوردە، دەزانم کە چ کوردێکە، بە عەرەبیش بنووسێ هەر بە کوردی بیردەکاتەوە، بابەتە عەرەبییەکانی لەسەر کورد و کوردستانە. کەواتە: گفتوگۆ هەڵناگرێ. وەریبگرن و تەواو.

مام هەژار بە دیدی ڕوونی فرە ئاسۆ تەماشای فەرهەنگ و ناسنامەی ڕۆشنبیریی دەکرد. بەخۆی هەر بە کوردی دەینووسی و هانی هەموانی دەدا بەکوردی بنووسن، بەزمانی سادەی خۆیان بنووسن. دواجار کە لێی



نزیکتر بوومەوە کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەو و ئیتر بایەخم بە نووسینی کوردی دەدا، هەرچەندە تائێستا، لە هەمان کاتدا، بەزمانی عەرەبیش دەنووسم بە تایبەتی بۆ ڕوونکردنەوەی کێشە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد، تا ڕای گشتی عەرەبی ئاگادار بێ. ئێستاش هەفتانە وتارێکم هەیە کە بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەیەکی (بە چەند سەد هەزار تیراژ) لە (لەندەن) بڵاو دەبێتەوە. هەفتانەش بە لانی کەم دوو وتار بەزمانی کوردی دەنووسم.

ببوورن، قسە بۆ سەرخۆم ڕایکێشام، مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵکو دەمویست شێوەیەکی ئەندێشەی شاد ڕەوان مام هەژار بگێڕمەوە.

ساڵی ١٩٧٤یش (سی و پێنج ساڵ بەرێ) زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد شارەکانیان بەجێ هێڵاو چوونە پاڵ موقاوەمەتی گەلی کوردستان بەرانبەر هێرشی تازەی ڕژێمی حزبی بەعس کە ساڵێکی پڕ لە مەینەت و ئازاری خایاند.

ئەوکاتە سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی (التآخي) بووم لە بەغدا. منیش هاتمە چیا، لە ناوچەی چۆمان و گەڵاڵە بنکە و بارەگامان دامەزراندەوە. مام هەژار بەر لە ئێمە لەوێ بوو. یەکەمین کارمان ڕێکخستنەوەی دامودەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بوو، ئەویش لەژێر بۆردومانی فڕۆکە و تۆپ و هەڕەشەی توندی ڕژێمی بەعسدا.

لە ئاداری ١٩٧٤ ئەندامانی یەکێتی نووسەران، کە بە چیا گەیشتبوون، کۆبوونەوە، بۆ تاووتووکردنی هەلومەرجی تازە و پلان و نەخشەی چالاکی ئاییندەمان. مام هەژار و برایم ئەحمەد و شەهید ساڵح یووسفی و حوسێن عارف و چەند نووسەری ناسراوی دیکە دەستەیەکیان بۆ ڕێکخستنەوە پێکهێنا و بەیاننامەیەکیان نووسی، ئەندامانی ئامادەبوو ئیمزامان کرد کە (٧٩) نووسەر و شاعیر بووین.

لەو ماوەیەدا مام هەژار لە بەشی کوردی ئێزگەی دەنگی کوردستان دامەزرا، کاری ئەو ئەوەبوو هەموو وتار و بابەتی سیاسی و ئەدەبی کوردی ئێزگەکە بخوێنێتەوە و لە ڕووی زمانەوانییەوە بژاری بکات. مام هەژار خۆشحاڵ بوو بەو ئەرکە، وەکو قوتابییەکی تازە، لە هەموومان باشتر، گوێ ڕایەڵی دەوام و ئامادەی ڕۆژانەی کار دەبوو.

ئەو لەگەڵ بژاری زمانەوانی و هەڵەچنی، ڕێنومایی بە نووسەرە گەنجەکان دەدا تا جوانتر بنووسن.

تەوەرێکی سەرەکی ژیانی مام هەژار بایەخدان بوو بە زمانی کوردی، بەتایبەتی هانی دەداین بە زمانی کوردی پەتی سادە و ڕەسەن بنووسین، لەو دەمەدا چەند چیرۆکی کورتم بە زمانێکی سادەی دێهاتی گەرمیانی نووسی، کە لەلای مام هەژار پەسەند بوون. ئارەزووی هەبوو بەو شێوە زارە بنووسین.

ئەوەی لێرەدا بە یادم دێتەوە کەسایەتیی خۆڕاگرانە و بڵند ڕەوشی مام هەژار بوو، کە لەو وەختانە دەردەکەوت فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق بە ئاسانی چۆمان و حاجی ئۆمەران دەگەیشت. ئێمەومانان زۆربەمان خۆمان دەشاردەوە، یان خۆمان دەدایە پەنایەکی نزیک، هەرچەندە پەناگای ئەستوورمان نەبوو، بەڵام ئا لەو کاتانەدا، ئەگەریش فڕۆکەکان بۆمبیان بهاوێشتبا، کە لە هاشوهووشیدا دیار بوو بەرەو خوار دێن، مام هەژار لەسەر ئەو تاشەبەردەی لەسەری دادەنیشت نەدەجووڵایەوە، دەتگوت پارچەیەکی بەردەکەیە، تەنانەت ئەگەر خەریکی حەلکردنی وشە یەکبڕەکان بیا، ئەوە هەر لەسەر ئەوە دەڕۆیشت. ئەو زۆری حەز لە پڕکردنەوەی خاڵی وشەیەکبڕەکان بوو.

ئەو دیمەنانەمان لەلا سەیر بوو، هەربۆیەش ڕێزی بەرزمان لە چاونەترسی و خۆڕاگری مام هەژار دەنا. جارێکیان نهێنی ئەم هەڵوێستە بوێرانەیەم لێ پرسی، گوتی: ئەوە لە بارزانی فێربووم... دواتر زانیم کە بارزانی وەها بووە، ئەبەد لە هێرش و بۆردومانی فڕۆکەکان خۆی نەشاردۆتەوە، لەو جێگەیەی دانیشتووە هەر لەوێ ماوەتەوە تا شەپۆلی بۆردومانەکان بڕاوەتەوە. تۆزقاڵێک گوێی پێنداوە، لە جێگەی خۆی نەبزووتووە.

دوای کارەساتی ١٩٧٥ (بەر لە سی و چوار ساڵ) مام هەژاریش لەگەڵ ئێمەی کوردی عیراق ئاوارەی ئێران بوو، هەروەها (هێدی) شاعیریش. کەواتە ئەمانە سێ چوار ئاوارە بوونە. لە مەهابادەوە بۆ بەغدا و هەولێر و سلێمانی. لەو شارانەشەوە بۆ چیاکان. ئەمجا بۆ ئێران، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی نەمر، لە ڕێگەی کەناڵی رابیتەی پەناهەندەکانەوە توانی دەزگاکانی ئەو سەردەمەی ڕژێمی شاهەنشاهی ڕازی بکات تا ڕێگە بدەن لەگەڵ مام هەژار و مام هێدی و چەندین کەسی تری



وەک ئەوان، هەروەکو پەناهەندەی کوردی عیراقی موعامەلەی ئیداری بکەن. هەرچەندە کارێکی (نەشودەنی) بوو، وەکو دەڵێن، بەڵام بارزانی سوور بوو لەسەر داواکەی، تا قبوڵیان کرد.

ئەوەبوو ئیتر مام هەژار لە خانوویەکی گەڕەکی عەزیمیەی کەرەج گیرسایەوە، تا کۆچی دوایی هەر لەوێ مایەوە. منیش چەندین ساڵ لەوێ بووم، دەرفەت بوو تا زوو زوو سەر لەمام هەژار بدەم، کە وەک مامۆستایەکی هێژا زۆر شتی لێوە فێر بووم.

ببوورن لێرەدا دەمەوێ بەکورتی بەچەند تێبینییەک وتەکەم کۆتایی پێ بهێنم:

**(١)** تا ئێستا ژیانی مام هەژار کتێبێکی نیمچە خوێنراوەیە. زۆر نهێنی و لایەنی دیکەش هەن کە بەنیوەچڵی بۆی بەجێ هێشتووین. لە (چێشتی مجێور)دا بەشێکی ژیان و بیروبۆچوونی خۆی گێڕاوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی باشتر لێی تێبگەین دەبێ پێشەکییە گرنگەکانی بۆ (شەرەفنامە) و (مەموزین)ی خانی و (دیوانی مەلای جزیری) و (قانون در طب) و (هەنبانە بۆرینە) بخەینە سەریەک، یان لە تەک چێشتی مجێوردا، پێکەوە لەچاپ بدرێنەوە، ئەمجا ڕەنگە لەنیوەی ژیانی تێبگەین، هێشتاش چەندین چاوپێکەوتن و وتاری خۆی دەمێنێتەوە، کە لە هەر جێگەیەکیدا چەندین خاڵی دیکەی خستووەتە ڕوو.

**(٢)** مام هەژار مرۆڤێکی بیرمەند (هزرڤان، هزروەر)، واتە: موتەفکر بوو، کە لە ئەوروپا بەو کەسانە دەڵێن (فەیلەسووف). ئەو جیهانبینی تایبەتمەندی خۆی هەبوو، تەنیا شاعیرێکی سادە، یان پەخشاننووس نەبوو. بێ گومان بایەخی زیادی بە جواننووسی (جوانکاری) و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی دەدا، واژە و وشەی ڕەنگاوڕەنگی ڕەنگینی گشت شێوەزارەکانی کوردی دەهێنایە ئاراوە و زیندووی دەکردنەوە. هەربۆیەش دەڵێم کە هەژار خاوەنی مەکتەبێکی تایبەتمەندی شێوەی نووسینە، خاوەن هونەرێکی دەگمەنە، لەزماندا بلیمەتە. دیارە زمانیش ئامانی بیروهۆشە. واتە: مرۆڤێکی ڕۆشندڵ و ڕۆشن ویژدان بوو.

زیندووکردنەوەی زمان و ئەو کەلەپوورەی بووژاندییەوە (هی خانی و بەدلیسی و جزیری و هی تر)، نیشانەی

میهرەبانی و خۆشویستنی بێ سنووری ئەو بووە، بە زمان و فەرهەنگی میللەتەکەی، لەتەک ئەوەشدا دەرمارگیر نەبوو، ڕەگەزپەرست و (موتەعەصب) نەبوو، بەڵکو مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز بوو. ئەو تەنیا بەرانبەر زۆردار و ستەمکاران زمانی زبری بەکاردەهێنا.

**(٣)** ئەو سەردەمەی مام هەژار قورئانی پیرۆزی بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕا، زۆرجاران ڕووبەڕووی پرسیاری چاوەڕوان نەکراوی ئەو دەبوومەوە. لەو دەمەدا بە شەوق و زەوقەوە ڕۆژانە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی بە زمانی کوردی دەهۆنییەوە. لە پرسیارە وردەکانی تێگەیشتبووم کە مام هەژار کەوتووەتە لێواری دەریای عیرفان و تەسەوفەوە.

ئەو هەرچەند منی بدیبا پرسیاربارانی دەکردم، دەربارەی ژیان و بوون و ئەم دنیایە و مەنزڵی ڕوح و ئاکامی بەشەرییەت.

زۆرباش فامم بەسەر ئەوەدا دەشکا کە مام هەژار خەریکە لە قاوغی جاران دەربچێت. هەوایەکی عیرفانی لە مێشک و دەروونی دابوو، بەڵام من خۆم بەو بارەدا نەدەبرد، ئەویش بە ئاشکرا نەیدەپرسی. ئەوەندە دەزانم کە ئەو دەیزانی من لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە (واتە: چل و سێ ساڵ بەرێ) بەزمانی عەرەبی دەربارەی عیرفان و تەسەوف دەمنووسی و هەندێ جار دوورتر دەڕۆیشتم و قووڵتر دەبوومەوە. ئەو دەیشیزانی کە من هەمیشە دەربارەی عیرفان دەخوێنمەوە چ بە زمانی عەرەبی، یان کوردی، یان فارسی (ئەوکاتە بڕێک شارەزای فارسیش ببووم).

مام هەژار، لە دوورەوە، وەها دەهاتە بەرچاو کە هەندێ جار دەم لە (کوفر و ئیلحاد) دەدا، بەڵام لە گەوهەردا وەها نەبوو. ئەو لە بێزاری و ڕق و پەستی لە ستەم و زۆرداری و بێبەشی میللەتەکەی زمانی زبری وەهای بەکاردەهێنا، کە هەموو کەس تێی نەدەگەیشت.

هەر بۆیەش لەلام سەیر نەبوو کە مام هەژار بە لێواری عیرفان گەیشتووە. واتە: دەمزانی لە (فیطرەتی) پاکی ئەودا باوەڕێکی خاوێن و زوڵاڵ بە پەروەردگار هەیە.

بەهەرحاڵ، ئەو لە دنیای زاهیر نەماوە، نامەوێ لەوە زیاتر، بەو بوارەدا بڕۆم، چونکە شێوێکی خەتەرناک و پڕ مەترسییە. ناشمەوێ ئێستا دوای خۆی، مۆرکێکی پێوە بنێم کە ئاسان نییە، بەڵکو دەڵێم کە ئیرادەی بۆ بارزانی



نەمر هەر لەو ڕوانگەیەوە بوو.

ئەوەندەش دەڵێم کە مام هەژار لەدوایین پلەی ژیانیدا بە ئاستێکی ڕوونتر و بەرزتری بیروهۆش و ئیدراک گەیشتبوو، کە جیاواز بوو لەوەی (بە زاهیر) دەیانناسی.

ئەمە هەرچەندە بە ئاشکرای ئاشکرا نەدەچووە سەر ئەو حاڵەتە و بۆی نەدەگێڕامەوە، بەڵام من لە قووڵایی دەروون و ویژدانەوە هەستم دەکرد کە مام هەژار بەرەو جیهانێکی بەرزتر و جوانتر، ڕۆیشتووە، زۆریش شادمان بوو بەو حاڵەتە. خۆشحاڵی خۆی نەدەشاردەوە.

* **وەزیری ڕۆشنبیرییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.**



# هەژار و سەفەری موکریان

**ئەحمەدی قازی**
**(مەهاباد)**

مەڵبەندی موکریان لە کۆنەوە مەکۆی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی بەناوبانگ بووە و لەو نێوەدا ژیان و بەسەرهاتی سێ کەڵە شاعیری ناو بەدەرەوە کە بریتین لە هەژار و هێمن و هێدی کە هەرسێکیان لەبەر هۆکاری سیاسی و زۆری ڕژێمی پەهلەوی ناچار زێد و نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشت، زۆر سەرنجڕاکێشە. ئەو سێ بەڕێزە بە دوو هۆی سەرەکی لەسەردەمی ئێمەدا زۆرتر لە هەموو شاعیرانی کوردستانی ئێران و تا ڕادەیەکی زۆریش کوردستانی باشوور، ناوبانگیان دەرکردووە و ئاسەواریان بڵاوکردۆتەوە و سەرنجی خوێنەرانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. هۆکاری یەکەم لەو ناو دەرکردنەدا ئەوە بووە کە هەر کام لەم شاعیرانە دەهەڵسووڕانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و کاری فەرهەنگی و بزاڤی نەتەوەییدا چالاکییان نواندووە و تا کۆتایی ژیانیان ساتێک لە تێکۆشان ڕانەوەستاون. هۆکاری دووەمی ناو بە دەرەوە بوونیان ئەو شیعر و بەرهەمە نووسراوانەیە کە زۆر ئازایانە باسی ڕۆژە ڕەشی و ژێردەستی و کلۆڵی گەلی کوردیان بەگوێی کۆمەڵانی گەلدا چرپاندووە و هانی هەستان و خرۆشانیان داوە و هەر ئەو نەترسی و نیشتمانپەروەرییەش بۆتە هۆی ئاوارەبوون و دەربەدەری و چەرمەسەری زۆر بۆ هەرسێکیان.

دەتوانین ئاماژە بەزۆر هۆکاری دیکەش لەمەڕ ئاوازە و ناو بەدەرەوەیی ئەوان بکەین بۆ نموونە، زمان پاراوی و هەڵبژاردنی شێوازێکی خۆماڵی و نزیک لە زمانی جەماوەری زۆرینە و بەیانی دەردی گەل بە زمانی ئاشنا و دوور لە فەخر فرۆشی و تێکەوە پێچراوی، بێجگە لەم لایەنانە، دەتوانین لە قاودانی گەندەڵی و خیانەتی گەل فرۆشان و زۆر بابەتی تری لەم چەشنە وەک هۆکاری خۆشەویستی ئەوان بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. هەروەها بنیادنانی ئاسەوارەکان لەسەر

بنەمـایەکی خـەڵکانی و فـۆلکلۆری و کـوردانە. لەم بەسـتێنەدا بوونەتە هۆی پێشـوازی جەمـاوەری زۆری خەڵک لە ئاسەوارەکانیان. هەرچەند ڕادەی خۆشەویستی و ناوبانگی ئەم سێ شاعـیر و نووسـەرە لەناو خـەڵکدا وەک یەک نییـە، بەڵام هەرسـێک کـەس دەکەونە ڕیزی شاعیرانی خەباتگێڕ و لە بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەم سەردەمەدا هاوڕێ و هاوبەشن.

مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە بە قـووڵی و لە هەموو ڕوانگەیەکـەوە- باری زمـانی، جـوانکاری، ناوەڕۆک، کارتێکردن- باسی کەسایەتی و ئاسەواری ئەو بەڕێزانە بکەم. چون ئاشکرایە بە نووسراوەیەکی لەم چەشنە و بەم مەبەستە خۆی دەگەیەنێتە قەوارە و بارستایی کتێبێکی گەورە و قەبە کە دە حەوسەڵەی ئەم وتارەدا نییە. ئەوەی من دەمـەوێ لێـرەدا بە کـورتی باسی بکەم. گـەڕانەوەی خەیاڵی هەرسێک شاعیرە لە مەنفاوە بۆ موکریان: من پێم وایە ئەو بابەتە کـە هەرسـێک شـاعـیـر ئاوڕیان لێداوەتەوە گرنگترین و جوانترین بەشی سەرجەمی ئاسەوارە شیعرەکانیانە و هەڵدەگرێ بە وردی وەک گرنگترین بەرهەمی پڕ لە ئەفراندن و چێژ و بەهرەمەندی، بخرێنە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوەی توێژکاران و زانایانی داهاتوو. ئەوەی من لێـرەدا دەینووسم تەنیـا ڕچە شکاندنێکە لەم بوارەدا و هیچی تر.

گەڕانەوەکەی هەژاری نەمر لە سەفەرێکی خەیاڵ بزوێن بە ناوی «بەرەو موکریان»دا خۆی دەنوێنێ و هێمن دەگەڵ شەپۆلی پڕ سۆزی ناڵەی بلوێری مەولانای ڕۆمی کە لە هەڵبـڕان و جـودایی سکالایەتی (ناڵەی جـودایی) دەگەڕێتەوە موکریان و هێدی دەگەڵ «کاروانی خەیاڵ» ئەم گەڕانەوەیە دەست پێدەکا.

لە هەرسێک گەڕانەوەدا، ناوەڕۆکی هاوبەش گەلێک بەرچاون. هەرسێک شاعیر «غوربەت» و «دوورە ولاتی و هەڵبڕان» لە خۆشەویستان و خزم و کەسوکاران و زێد و نیشتمان، هەڵیاندەپێچێ و بارگەی سەفەریان پێ تێکدەنێ و بەرەو موکریان ڕەپێچەکیان دەدا، بەڵام ئەم هەستی غوربەتە و ئەم دەردی دوورییە لە هەرسێکاندا وەک یەک بەهێز نییە، بەتایبەتی لای هێدی زۆر هەستی پێ ناکرێ و لەلای هێمنیش بەقەدەر هەژار کوڵ و جۆش ناخاتە ناو دەروونی شاعیر.

بابەتێک لە گەڕانەوەکانی هەژار و هێدی-دا زۆر بەرچاوە کە لە گەڕانەوەکەی هێمن-دا نابیندرێ. هەژار و هێدی هەڵگری پەیامی مەڵبەندی شۆڕش و خەباتن بۆ مەڵبەندی موکریان کە لە حاڵی حازردا خامۆشە و ئاگری خەباتی تێدا ناگرێ. ئەگەر بە وردی لەم دوو



گەڕانەوەیەی (هەژار- هێدی) بڕوانین، ئەوەمان بە جوانی بۆ دەردەکەوێ کە هەردووک شاعیر هانی هەستانەوە و ئاوەدان کردنەوەی سەنگەر و هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شۆڕشێک دەدەن کە ماوەیەک لەمەوبەر لێرەدا بەڕێوەچوو بوو، بەڵام ئێستە خامۆش و کپە و گڕ و بڵێسەی دامرکاوە.

**١- هەژار و بەرەو موکریان:**

ئەو مەسنەوییە لە ٥٢٦ تاک پێکهاتووە و لە ٥٧ لاپەڕەی دیوانی «هەژار بۆ کوردستان»دا جێگەی گرتووە. درێژترین شیعری هەژارە و بە هەموو بارێکدا و لە هەموو ڕوانگەیەکەوە: (جوانکاری، سنعاتی شیعری، ناوەڕۆک، واژە و ڕێکەوەندی جوان، ناسک خەیاڵی و ئەفراندن و...) بەرزترین بەرهەمی قەڵەم و هزر و ئەندێشەی شاعیرە. هەژار لە ئەنگوستە چاوی سەرەتای شەوێکی بەهاریدا کە هێشتا مانگ سەری لە ئاسۆ وەدەرنەناوە و ئەستێرەکان گەش و ڕووناکن کەڵکەڵەی سەفەری موکریان دەکەوێتە سەری. پاش نەخشاندنی تابلۆیەکی ڕازاوەی پڕ لە مۆسیقای شەوگاری بەهاری و دەرکەوتنی مانگ لە ئاسۆ، خەیاڵی خاو دەورووژێنێ و داوای لێدەکا بە سواری شنەبا دەخزمەت بووکی شەوگاردا بەرەو موکریان وەڕێ کەوێ:

**دە ئەتۆش هەستە خەیاڵی خاوم**
**من ئەگەر تۆم نەبێ زۆر داماوم**
**لەم هەژارخانەیە بمهێنە دەرێ**
**ببە دەشت و دەرێ بگێڕە سەرێ**
**دەست و بردێ شنەبام بۆ زین کە**
**جێم دەگەڵ خۆت لە هەیف دابین کە**
**سەیری خاکی موکوریم دێ بە دلا**
**تا نەچووین خۆم و دڵ و تۆش بە گلا**
**سەری هەڵبێنمەوە لەو مەڵبەندە**
**گەرچی لەش دوورە، لەوێ دڵ بەندە**

بەم جۆرە هەژاری تامەزرۆی دیداری یاران و شوێنی ئاشنای جاران، لەسەر نەرمە زینی پشتی شنەبا دەخزمەت شاژنی شەوگاردا دەگەڕێتەوە موکریان و لە لاجانەوە کە لانکی یەکەم دڵداری و دڵ و دۆڕاندنی بووە وەژوور دەکەوێ:

**دەشتی لاجانە بەهەشتی پێشووم**
**هونەرم گەر هەبێ لەوڕا تێشووم**
**ئێرە بوو لانکی یەکەم دڵداریم**
**لێرە هەڵبوو سەرەتای خەمباریم**

گڕ و تینی یادی یەکەم دڵداری شاعیری ناسک خەیاڵ لە دەشتی لاجان پێ بەست دەکا و بەدەنگی دێنێ و ڕازی یەکەم ئەوینی پێ ئاشکرا دەکا.

**نرخی ماچێکی دڵ و دینم دا**
**ئەمە چەرخی بەهەموو ژینم دا**
**تووشی دەردی دڵی دڵداران بووم**
**شیاوی ناو کۆمەڵی خەمباران بووم**
**گەنج و سامانی هەژاریم کە هەیە**
**سوودی سەوداسەری ئەو سەردەمەیە**
**بیری سەرشێت و سەری شێواوم**
**چم نەبوو پاکی ئەوین پێی داوم**
**شەوەکەی کورتە دەبا واز بێنین**
**دڵی هار چیدی نەهاروژێنین**

پاش ئەوەی بەبێ مەیلییەوە یەکەم ژوانگەی ئەوین بەجێ دێڵێ لە یەکە یەکەی ئەو قوناغ و شوێنانەدا کە پێیاندا ڕۆیشتووە، هەڵوێستەیەک دەکا و یادی ئەو ڕووداوانە دەکاتەوە کە بەسەری هاتووە. لەچیایەکی پشت گوندی «ماسوو»، یان «ماسوێ»دا باسی دڵداریمان بۆ دەگێڕێتەوە.

**ماسوو، ئەو کێوە هەوارگەی دڵ بوو**
**جوانێ لەو نێوە گوڵی سەرچڵ بوو**
**لێک دەهاڵاین دەسەمل شەوگاران**
**ئەو بەناز من بەنزای دڵداران**

بەدوای بەجێ هێشتنی ماسوو، قازی ئاوا و پردی سووردا دەگاتە باغی مکایل و ئەو گرەبەردەی بەنهێنی و دوور لە چاوی سیخوڕ و چەتە، کتێب و گۆواری کوردی دەگەڵ هەڤاڵان دەخوێندەوە و لە ئەشکەوتێکی ئەم کێوەدا کلاسی زمانی کوردییان بەڕێوە دەبرد.

**گرە بەردێ هەیە لەو بەرگردە**
**ڕوو بە کوردایەتی بۆ من پردە**
**دوور لە چاوی چەتە کوردیم دێنا**
**لێرە دەمخوێندەوە خۆم ڕاهێنا**

لەتایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی گەڕانەوەی هەژار بۆ موکریان ئەوەیە، کە هیچ ڕووداوێک، هیچ کەسایەتییەک، هیچ بیرەوەرییەک، یان شوێنێک بەجێ ناهێڵێ، سەر بە هەموو کون و کاژێرێکی تەمەنی ڕابردوودا دەکاتەوە. لە ڕاستیدا دووبارە لە دایک دەبێتەوە، پێ هەڵدەگرێ، دەرس دەخوێنێ، لە کووچە و



کۆڵاندا یاری دەکا، دەبێتەوە فەقێ و هاتوچۆی خزمەت مامۆستایان لە مزگەوت و حوجرە و خانەقاکاندا دەست پێدەکاتەوە، دڵداری دەکا و دەکەوێتە گەڕیانی سیاسەت و کوردایەتی و لەمەودوا هەموو بەهرە و هێز و توانای خۆی بۆ خزمەت بەگەل و نیشتیمان تەرخان دەکا.

زۆرترین بەشی ئەم گەڕانەوەیە تایبەتە بە شاری مەهاباد و ڕووداوەکانی، لە هەرای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)ڕا دەست پێدەکا، پاش سکاڵا و فرمێسک هەڵوەراندن بۆ شەهیدان و دووپات کردنەوەی گفت و بەڵێن و پابەندی بە ئامانج و بیروبڕوا، بە شاردا دەگەڕێ و باسی خۆی و ڕابردوومان بۆ دەگێڕێتەوە و ڕوو بەمەهاباد دەڵێ:

**گەرچی کەوتیتەوە بەر چنگوڕی دەڵ**
**گەرچی هێندێک لە چەمت بوونە چەقەڵ**
**زۆر کوڕی وات هەبوو خۆیان بەخشی**
**خوێنی گەشیان گوڵی تۆی پێ نەخشی**
**گۆڕی پیرۆزی حوسێن و قازی**
**باشترین بەڵگەیە بۆ شانازی**

ئەو جار شارەکە دەلاوێنێتەوە و مژدەی دوارۆژی ڕووناکی پێدەدا:

**نەچی دڵمەند بی لەوەی هاتە سەرت**
**زۆر کەسی وات هەیە بمرن لەبەرت**
**ئەوی پێی وایە کە تۆی بۆ دەخورێ**
**ئەبێ تاڵاوی بە دەمدا بکرێ**
**لاوە کوردت هەیە ئاڵا هەڵکا**
**لاوەیی ناشێ دەس تێکەڵ کا**
**دەڕەوێ تۆز و تەمی ژێر دەستی**
**دەیگرین ڕەشبەڵەکی سەربەستی**

لەم وتوویژەی دەگەڵ شاری مەهاباددا حاڵ و ڕۆژی خۆی ئاوا بۆ شارەکە دەگێڕێتەوە:

**من بەبێ تۆم کە دەپرسی چۆنم**
**لە تەشەن دایە برینی کۆنم.**
**دوور لە باڵات لە ژیانم زیزم**
**سیس و بابردە گەڵای پاییزم**
**کاتی وا نەبووە لە دڵما لاچی**
**تا ژیان ماوە لە بیرم ناچی**
**غەمکت بگرێ گەر لێت لادەم**
**لەو جیهانیش بە بەهەشتت نادەم**

**بۆ سولەیمانی کە نالی نالی**
**وەک مە نەیچێشتووە تامی تاڵی**

پاش ئەو بەڵێن تازەکردنەوەیە، دەکەوێتە گەڕانی کووچە و کۆڵان و گەڕەکەکان و دەگاتە بەردەرکی ماڵی باوان و دەڵێ:

**ماڵەکەم یادی جوانی خێر بێ**
**هەرکەسێ ئەمنی لەتۆ کرد کوێر بێ**
**سێبەری باب لەسەرم بوو ئەودەم**
**باغی شادی لەبەردم بوو ئەودەم**
**دوورخرام وا لەکەس و خوشک و برام**
**گێژی تاریکە شەوم دوورە چرام**

شاعیر، هەروەک گوتمان لەم گەڕانەوەیەدا هیچ شتێک لەبیر ناکا، تەنانەت ئەم یاری و سەرگەرمی و گەپو گاڵتانە کە ئەودەم باو بوون و ئێستا لەبیر چوونەتەوە، دەخاتەوە بیرمان و ناوی هەموو گەڕەکەکانی مەهاباد، یان سابلاغی ئەو سەردەمەمان بۆ دەنووسێتەوە و دەتوانین بێژین ئەم سەفەرنامەیە لە باری واژە و زاراوە و ناسینی مێژووی مەهاباد و هێلی ئەو سەفەرنامەیە سەرچاوەیەکی بەنرخە و لە زۆر ڕەهەندەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

ناوی چەند یاری ئەو سەردەمە:

**ئیوهیە، تەوغییە، شەگگە و چک و پک**
**لیکی زاری دەلکاندم تک تک**
**وەک «هەلووک» لێرە و لەوێ هەڵدەبەزیم**
**«سواپ» و «شیشۆقە» بوو چارەی وەرەزیم**
**«مەرزەقم» یار و هەواڵ «مەڕ مەڕ» بوو**
**«قۆچەقانیم» چەکی ڕاو و شەڕ بوو**
**«قازەڵێ» و «هەنزەلی» و «ئاورۆچکە» بەگشت**
**«تۆپە ڕاکرن» و «کەری سووری» بە پشت**
**یان «مەلا تەق تەقە» یان «هەنگڵە شەلە»**
**جێژنە بوو ئەو هەلە ڕۆیی بە پەلە**

پاش تۆمارکردنی ناوی «یاری»یەکان، گەڕەکەکان ناو دەبا و بە ناو بازاڕدا دەخولێتەوە و ڕێگەی دەکەوێتە بەستێنی قەراغ چۆمی ڕوون و زوڵاڵی ئەو سەردەمەی سابڵاغ، ئەودەم شارەکە تۆڕی لوولەکێشی ئاوی نەبوو، ئاوی ماڵەکان زۆرتر بە گۆزە و لەسەر شانی کیژ و کچی لاو دابین دەکرا. شاعیر کە دەگاتە ئێرە دەڵێ:

**دڵە سەیرێکە لە دەم بەستێنێ**
**دیدە مەستێک لە منت نەستێنێ**



**چاو کەژاڵانی لە چەم ئاو دێنن**
**دەم بە جادوون دڵان دەڕفێنن.**

بەڵام هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا، هەژار بۆ مەبەستی گرنگتر گەڕاوەتەوە موکریان، ئەو لە بێ دەنگی و داڕماوی و داماوی ڕووناکبیران و هەستیارانی موکریان تووڕەیە و گەڕاوەتەوە بزانێ هۆی ئەو بێ هەست و خوستییە چییە و چۆن دەکرێ کۆتایی پێ بێنێ و خامۆشی قورس و گران تێک بشکێنێ. بۆ ئەم مەبەستە ڕوو دەکاتە کۆمەڵگەی شار و دەپرسێ.

**هۆنەر و نووسەرەکانت لە چییان**
**چۆنە تا سەر بەهەوای تۆ نەژیان؟**
**«خاڵەمین» زیرەک و پسپۆڕی چییە؟**
**چاوی سوور و تەڕی وشک و سپییە**
**«سەوزەسیس نێوی دەنێ کاری بەجێ**
**نیوە نووزەی مەم و سیامەند و خەجێ؟**
**«هێمن» ئەو بولبولە سەر بێ تووکە**
**بۆچی لێی نایە چ جووکە و نووکە؟**

لەم بەشەدا زۆرتر لۆمەی هێمن دەکا و ڕەخنەی لێ دەگرێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە پلەو پایەی ئەدەبی و شاعیری و کۆمەڵایەتی ئەو لەهەمووان سەرترە و بێجگە لەوەش هەڤاڵی گیانی گیانی بوون و لە ساڵانی پێش کۆمارەوە پێکەوە هاوبیر و هاوسەنگەر بوون و بێ یەکتر هەڵیان نەدەکرد و لە بزاڤی فەرهەنگی سەردەمی کۆماریشدا دەوری بەرچاویان هەبوو. لەبەر ئەوە وەک بۆ خۆی دەڵێ: «دەبا بیشێلم» دەست دەکا بە شێلانی و بانگی دەکا بگەڕێتەوە ناو کۆڕی خەیات.

**کوانێ ئەو سینگە کە ماژینۆ بوو؟**
**سەر لە مەیدانی نەبەردا گۆ بوو**
**کاکە مەرجی من و تۆ کوا وابوون؟**
**کەی تیانا بوو لە یەکدی جیا بوون؟**
**بیر و پێنووس و دەس و دڵ یەک بوو**
**دوانەیەک بووین و بەدەم یەک چەک بوو**
**ئێستەکەش نەچوو بچێ، چوو ڕۆیی**
**وەرەوە ناو گەل و خزم و خۆیی**
**با دەسەو مل مەلی بێچاران بین**
**هەر «هەژار هێمنە»کەی جاران بین**

پاش ئەم لۆمە و لەقەمە بە دوایین نیگای پڕ حەسرەت و دڵی بە کوڵ لەسەر داشامەجیدەوە، دەڕوانێتە شار و

ناوی چەند گەڕەک و باغ و مێشە و باغچە وەبیر دێنێتەوە و ئەوجار بە یەکجاری ماڵاوایی دەگەڵ شار دەکا و بەرەو ڕۆژهەڵاتی مەهاباد وەڕێ دەکەوێ:

**سا، مەهاباد بە ئومێدی دیدار**
**تاکو دەتبینمەوە ئازا و ڕزگار**

لەو بەشەی سەفەرەکەیدا بە شیلاناوێ و لاچین و بە تەنیشت کێوی «زاوابووک»دا تێدەپەڕێ و دیسان دەچێتەوە ناو گەڕی داوەت و زەماوەندی هێمن و دەست دەکاتەوە بەسەما و هەڵبەز هەڵبەزی پێشووی:

**داوەتم دێننەوە بیر «زاوا بووک»**
**وەک سەری هێمنی بۆر و بێ تووک**
**لێرە «لاچین» وەرە «شیلاناوێ»**
**کۆنە لانمانە بمێنین تاوێ**
**شایی هێمن بوو هەژار هەڵدەبەزی**
**دۆیەکی هاتە دەس و مێشکی تەزی**

لێرە بەدواوە گوند و چیا و مەڵبەندە جۆراوجۆرەکان وەک دێیەکانی سارەوانان، بەسری، ئیساکەند، خانەقای شەرەفکەند، ئاجی کەند، تەرەغە و چەند شوێنی تر بەجێ دێڵێ و دەگاتە بۆکان و لە هەر کام لەو شوێنانەدا هەڵوێستەیەک دەکا و لە گۆڕستانی خانەقا دەگەڵ گڵکۆی باوکی دەکەوێتە وتووێژێکی قووڵ و باسی هەژاری و ژێر چەپۆکەیی گەلی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوجار دەگاتە بن چیای تەرەغە و پێی دەڵێ:

**تەرەغە کێوی لەمێژینەی کورد**
**کۆنە هاوڕازی سەفین و هەڵگورد**
**«ئاگری» و «پیرسن» و «مازی» و «ماسۆن»**
**خزمی «پیرانی» کەس و کاری تۆن**
**لە لوڕستانەوە تا پشت «تورۆس»**
**گەلێ زۆرن بنەماڵەی «زاگرۆس»**
**کورد هەزاران و هەزاران ساڵە**
**سایە پەروەردە ئەژین لەو ماڵە**
**ئێوە بوون پشت و پەنا و داژداری**
**نان بدە و یار و دژی بەدکاری**
**پەندی پڕ بایەخی پێشینانە**
**«کورد لە تەنگانە تەلانی لانە»**
**«چیای مەزن لێی هەبێ بزن و هەرزن»**
**نابەزن بۆ کەس و هەر سەر بەرزن**

لەم بوارەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەژار زۆر بە وردی سەرنجی بۆ لای گرنگی و دەوری چیای ئەستەم



لەمانەوەی گەلی کورددا ڕاکێشراوە و ئەوەیە کە بەڕێز و حورمەت گرتنێکی زۆرەوە چیاکان دەکاتە بەرگوێ خۆی و لەگەڵیاندا دەدوێ و بە بەژن و بالایان هەڵدەڵێ. بەدوای ئەم پەسن دانەدا دەچێتە قووڵایی مێژووی کوردستان و باسی ئەو هێرشکەرانە دەکا کە ویستوویانە کوردستان هەڵلووشن و گەلی خاشەبڕ بکەن، بەڵام چیای مەزن و بەرەکەت و بژێوی نێو دۆڵ و دەرەکانی، پلانی دوژمنانی بەتاڵ کردۆتەوە و خۆیان تێداچوون و کورد بەسەر بەرزی بەسەر قەیران و نەهامەت و ئاستەنگەکاندا زاڵ بووە.

**ئێوە دیتان بە سەتان خوونکاران**
**زۆر و بیست هەو هەو و خرمەی سواران**
**پانی پاڵ داوە دەمێ «بانی پاڵ»**
**ڕێوی لێ کردنە کوێخا بە خەیاڵ**
**عەرەبوو هات بەسەرا وەک سێلاو**
**بێ بەزەیی دڵ ڕەشی فێڵبازی بە داو**
**چەنگی چەنگیز و بەخوێن پاراو بوون**
**بۆ هەلاکوو، بەرەگە و سەر ڕاو بوون**
**جارێ تەیموور بە شەلی سەر دەکەوت**
**تیری کوێری کەڤری بەردەکەوت**
**شا عەباس ویستی سمێڵ بابڕکا**
**کێو لەبن بێنی گەلی کورد قڕکا**
**زۆر گەماڵ داویە گەمارۆی ناومان**
**ئێمە هەر ماین و ئەوان بەدناومان.**

ئەو جار بە هومێد و هیوای زۆرەوە لەسەر بنەمای هەرمان و هەبوونی کورد دەڕوانێتە دواڕۆژ و بەشێوەیەکی سەمبۆلیک دەگەڵ تەرەغە دەدوێ و هیوای دواڕۆژی لە دڵدا زیندوو دەکاتەوە:

**تەمی خەم نەگری بڵێیی چارە ڕەشم**
**شۆڕشی کورد هەیە من دوورەبەشم**
**دڵ پتەو بە، بەهیوای ڕۆژی خۆش**
**ئاوەدان دەبنەوە نێو سەنگەری تۆش**
**تازە دەکرێتەوە دوژمن کوشتن**
**ژەنگی سەر دڵ ئەسرێ خوێن ڕشتن**
**خوات لەگەڵ بێ تەرەغەی قیت و قۆز**
**جەژنی ڕزگاری نزیکت پیرۆز**

لە کۆتایی سەفەر و لە ئاخرین مەنزڵیدا کە بۆکانە، پاش پرسینی حاڵی هێندێ لە دۆستانی پێشوو، هەڵوێستەیەک دەکا بۆ ئەوەی سەیری جوانی بکا. ئەوەش

بۆ شاعیری ناسک خەیاڵ و جوانی پەرست کە وێڕای کەڵکەڵەی خەبات و هاندانی گەل بۆ ڕزگاری ئەفراندنی جوانی و هونەر و شاکار بۆ ئەو، کارێکی سروشتییە. تکا لە مانگ دەکا کە بە لەز و پەلە نەبێ، وچانی پێ بدا سەیرێکی جوانە شۆخوشەنگەکانی بۆکان بکاتەوە:

**مانگە هەرچەند بە لەزی، ئەیزانم**
**لێم گەڕێ تۆزێ تریش بڕوانم**
**سەر بکێشم بە بڕێک ماڵاندا**
**چاو بگێڕم بە خەت و خاڵاندا**
**کیژە بۆکانی خەواڵووی نازن**
**پاوو پووز ڕووتن و پێسیر وازن**
**زەردە مەم دیارە کە خاوەن خەوتوون**
**بۆ پشوودان لە کراس دەرکەوتوون**
**پرچی ئاڵۆز کە لەسەر لەشیانە**
**شەوە زەنگ داگری ئاوی ژیانە**
**دڵە خۆ تێرکە لەسەیری جوانی**
**ڕێت هەیە چەند بەخەیاڵ بڕوانی**

سەرەنجام سەفەر دەگاتە کۆتایی و دەبێ ماڵاوایی بکا و بگەڕێتەوە هەرێمی شۆڕش و کارەسات و غوربەت. مانگەشەوی سەفەر ڕوو لە تەواو بوونە و بەرەبەیانی ڕۆژێکی تازە لە نزیک بوونەوەدایە. میعراجی شاعیر کۆتایی پێ دێ و ماڵاوایی دەست پێدەکا.

**گیانە مەودا کەمە ئاسۆ سوورە**
**بیر نەبوورێتەوە ڕێمان دوورە**
**وەختە لێڵایی لەبەرچاو بڕەوێ**
**خێڵی شەو کۆچەرە، ڕۆژ دەردەکەوێ**
**بە هومێدم کە بە ڕۆژی ڕۆشن**
**تیشکی ئازادی خەمان داپۆشن**
**ئەی موکریان بە خودات دەسپێرم**
**یادگار وەرگرە ئەشکی سوێرم**
**بێ منیش خۆش بە مەکۆی بیرەوەریم**
**تو بەجێ هێشتنە هۆی کوێرەوەریم**

لێرەدا سەفەرەکەی هەژار بۆ موکریان کۆتایی پێدێ و شاعیر دەگەڕێتەوە مەڵبەی شۆڕش و خەبات. هەروەک ئاماژەمان پێکرد ئەو سەفەرە وەبیر هێنانەوەی زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردووی ئەو ڕێبوارەمان بۆ دەگێڕێتەوە و بە وردی وەک ژیاننامەیەک ژیان و بەسەرهاتی هەژارمان پێ دەناسێنێ و دەتوانێ لەم ڕوانگەیەوە یارمەتیمان بدا و لەوە تێ بگەین کە ژیان و هەڵسووڕانی شاعیر بە دەوری چ تەوەرێکدا خولاوەتەوە



و ئامانجی لەژیان و چالاکی چ بووە؟ ئەو سەفەرنامە بێجگە لەلایەنی ژیاننامەیی، هەڵگری پەیامی هانی هەستانەوە و تێکۆشانە و ئەو پەیامەش ئەوەندە کاریگەرە کە هێمن خۆی بۆ ڕاناگیرێ و بەرەو مەڵبەندی شۆڕش و خەبات وەڕێ دەکەوێ. شاعیرێک بەناوی هێمنەوە دەجوابێکدا بۆ هەژار نووسیبووی:

**پێت گوتم بولبولی سەر بێ تووکم**
**پێت گوتم نایە چ جووکە و نووکم**
**پێت گوتم باڵ و پەڕم هەڵبوەرێ**
**زەمزەمەم کردووە بۆ حاشەکەرێ**
**تەشەر و تانە وەهای پێکاتم**
**سەرم هەڵگرت و بەرەو ڕووت هاتم**

نووسەری ئەم وتارە باشی لەبیرە کە شیعری «بەرەو موکریان» بە دەسخەت لە مەهاباد و شارو گوندەکانی موکریاندا دەستاودەست دەگەڕا و دەخوێندرایەوە و هاندەر و پاڵنەرێکی گرنگ بوو کە زۆر کەسی ناردە ناو ڕیزی خەباتگێڕانی ئەو سەردەمە و تەنانەت دەتوانم بڵێم کە شۆڕشە کەم تەمەن و جوانەمەرگەکەی ساڵانی ٤٧-١٣٤٦ تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کارتێکردنی ئەم شیعرە پڕ ناوەرۆکەی هەژاردا هەڵایسا.



# بەرەو موکریانی هەژار
# شیعرێک لە ترۆپکی شیعری کوردیدا

ئاسۆ
(بۆکان)

زۆرجار لە ئەم لاو ئەو لام بیستووە کە دەڵێن هەژار شاعیر نەبوو، شیعری چاکی نییە. هەر وەرگێڕان و پەخشانی بەهێزە. هەر باسەواد بوو. هەر عەرەبی زان بوو دەنا ناگاتە هێمن. خودا عەفووی کا بۆ خۆشی لەبەر شکستە نەفسی چەند جار لە دیمانەکانیدا فەرمووی: «من شاعیر نیم». ئەم قسەیە چووەتە گوێی دڵڕەقانی شیعرنەناسی ئەمەک نەزانێ کە خزمەتەکانی هەژار بە ئەدەبی کوردی چ لەم دیو چ لەودیو کەمڕەنگ دەکەنەوە و لەسەر جەستەی ئەم گوناحە گەورەیە هەندێ ڕادەوەستن تا خەڵک تۆزێ بیانبینێ. ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستا هەژار دانیشتبێتن، دەزانن ئەو ڕەحمەتییە ناو و شۆرەت و زەم و تەعریفی وەلا نابوو و گەیشتبووە ئاستێ لە مەعریفەت و ناسین لە دنیا و سیاسەت و ئەدەب کە وەک هەڵۆیەک لە بەرزاییی ڕا هەموو شتێکی لەژێر باڵی خۆیدا دەدیت. بە تایبەت قسەی دژ کارەکانی هەروەک قسە بە ئاسمان گوتن دەهاتە بەرچاو. جا بۆیە، یان گوێی نەدەدانێ، یان ئەگەر بشینووسیبایە هێندە توند و ددان شکێن دەینووسی دەیانگوت هەژار بێ ڕەحمانە و بێ ئەدەبانە ناحەزەکانی دەکوتێ. بڕواتان هەبێ هەژار ناحەقی نەبوو، چونکە ئەو کەسی ناخۆش نەدەویست، هەر کەس مامۆستا ناخۆشی ویستبێ عەیبێکی هەبووە. ئەوە ئەوان بوون حەسوودییان بە پلە و پایەی هەژار دەهات و ئەویان دەدا بەر پلاری تیر و توانج. هەڵبەت دژ کارەکانی لەوەشدا دەیانگوت هەژار شاعیر نەبوو ڕاستیان دەکرد. هەژار فەیلەسووف بوو، زانایەکی زمانی بوو. ئەگەر پێی بلێین شاعیر، سووکمان کردووە هەرچەن لەلایەن حکومەتی سەربەخۆی مەهابادیشەوە نازناوی شاعیریی میللی پێ درابوو- هەژار لەنێو

جەغزێکدا دەژیا کە شاعیری بازنەیەکی چکۆلەیە لەنێویدا.

من لێرەدا نامەوێ هەر بە قسە بە بەژن و باڵای هەژاردا هەڵبڵێم. ناشمەوێ بێ بەڵگە قسە بکەم، دەمەوێ ئەو ڕەخنەگر و توێژەرانەی ئاسیا و ئەورووپا چۆنیان باسی لقەکانی شیعر و دابەشکردنیان کردووە، قسەکانی ئەوان دووپاتە بکەمەوە و بە بەژن و باڵای شیعری بەرەو موکریانی ببڕم کە پێم وایە تاقە شیعر و شاکاری مامۆستا هەژارە و تا ئێستا هیچ شاعیرێ نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە هەژار لەم مەسنەوییە (٦٠٠) بەیتییەی پێی گەیشتووە، نە لە شیعری ئەمڕۆدا، نە لە شیعری دوێنێدا. با ئەوەشتان عەرز بکەم من بڕوام لەسەر کۆن و نوێ بوونی شیعر وەک ئەو کەسانە نییە کە دەڵێن شیعری تازە دەبێ بە فۆڕمی تازە بنووسرێتەوە. شیعر قسە نییە. شیعر شیعری قسەیە، شیعرێ لە ساڵی ٢٠٠٢دا دانرێ هەر تازەیە مەگەر بیروبۆچوون و فەلسەفەی کۆنی تێدا گونجاوبێ، شیعرێکیش ساڵی ٢٠٠٨ بنووسرێ بە بیری کۆن هەر شیعرە، ئەدی ئەوە وەزن و قافیە و قاڵب نییە شیعر تازە و کۆن بکاتەوە. قافیە و کێش هەندێ گرانە، کاری هەر کەس نییە، هەرچەند هەموو کەس دەیەوێ ببێتە شاعیر، جا بۆیە ئەوڕۆ شیعر لەسەر ڕێبازی ئەسڵی خۆی نەماوە و ئەوڕۆ شاعیری چاک بە زەرەبینیش وەگیر ناکەوێ. با لە مەبەست دوورنەکەومەوە.

یەکێ لەو مەبەستە سەرەکییانەی کە لێکۆڵەران لەمێژە بڕوایان پێ هەیە، دابەشکردنی شیعرە بەپێی ناوەڕۆک و پەیام و وتەیەک کە ئەو بابەتە ئەدەبییە پێیەتی، نەک قاڵب و قافیە و پیتی کۆتایی شیعرەکان وەک ئێمەی ڕۆژهەڵاتی کە شیعرمان بەم پێیە نێو دەنا. ئەم شێوەی ئێمە چەند لایەنی خراپی هەبوو، یەکەم زۆر زوو لەبەین دەچوون. دووەم نەماندەتوانی هەڵدان و گەشەکردنی لایەنێ لە ئەدەب، یان کزی و هاتنەخواری بابەتێ لە ئەدەب بناسین و بدۆزینەوە، بۆ وێنە بزانین لە چ چاخێکی مێژوویێدا حەماسە زۆر بووە، شیعری عاشقی کز بووە، ئەدەبی سۆفیگەری باو بووە، یان شیعری وێنەیی و ڕووداوی بایەخی پێ دراوە، یان نەدراوە. لێکۆڵەرانی ئەورووپایی شیعریان بەم چوارخانە دابەش کردووە ئەویش بەپێی ناوەڕۆک و باری عاتیفی مەبەستی شیعرەکان، ئیدی ئەم بەشکردنە سنوور ناناسێ و تایبەتی بە



گەلێک، یان وڵاتێکی تایبەتییەوە نییە. لە ئەدەبی هەموو وڵاتاندا هاوبەشە و دەکرێ بەکاری بێنین، چوارخانەکە ئەمانەن:

**یەکەم**: ئەدەبی پێشانگایی، واتە سینەما و شانۆ کە لەم دواییانەدا لە ڕۆژهەڵات هاتە ئاراوە و بە داخەوە بە تێکڕای ڕۆژهەڵاتییەکان لەم بەستێنەدا بەقەد ڕۆژئاواییەکان سەرکەوتوو نین.

**دووەم**: ئەدەبی تەعلیمی، یان فێرکاری کە زۆر لە شیعری ئێمە لەم بازنەیەدایە.

**سێیەم**: ئەدەبی ئەوینداری، یان لیریکی- غەنایی کە بەشی پتری شیعری ئێمە لەم بەستینەدا دەخولێتەوە.

**چوارەم**: ئەدەبی پاڵەوانەتی، یان حەماسی کە جگە لە هەندێ لە بەیتەکان نەبێ لە ئەدەبی نووسراوەدا ئەم بەشەشمان لاوازە، بەڵام ئەوەی هەیە زۆر چاکەو بە تایبەت مەبەستی سەرەکی وتارەکەی من لەسەر ئەم بابەتەی شیعری بەرەو موکریانە کە هەژاری ڕەحمەتی بە لووتکەی گەیاندووە. جا ئێستا بە جیاجیا لەسەر سێ بابەتی دوایی لەنێو شیعرە شاکارەکەی بەرەو موکریانی هەژار دەدوێم و پێم خۆشە ئەوانەی لەسەر شاعیریی مامۆستا دڵیان گەردی تێدایە هەندێ وردتر بیربکەنەوە و تێبگەن، هیچ کەس لە شاعیرانی ئێمە بە تایبەت لەم شیعرەدا بەم لووتکەی شاعیرییەتییە نەگەییوە.

## ١- لایەنی فێرکاری، یان تەعلیمی لە شیعری بەرەو موکریاندا

لە پێشدا پێویستە بڵێم شیعری فێرکاری شیعرێکە کە بۆ پەرەپێدانی مەتڵەبێ کە شاعیر دەیەوێ لەسەری بدوێ هەوڵ دەدا کە خوێنەر و گوێگر فێری بن، واتە شاعیر فێرکار و مامۆستایە و گوێگر و خوێنەر شاگرد، شاعیر پەیام و وانەکەی خۆی کە لە قاڵبی شیعرێک و نووسراوەیەکدا بە گوێی شاگردانی، واتە بیسەر و خوێنەردا دەچرپێنێ و لە ڕاستیدا فێریان دەکا وەک ئەو دەڵێ وابن. فێربن ئەم زانیارییانەی شاعیر گوتوونی لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا ڕەچاوی بکەن. زۆربەی پەیامەکانی شیعری فێرکاری کوردی ئێمە ئەمانەن: چاکەکردن و دووری لە خراپە بەپێی یاسا و ئایین و نەریتی خۆمان دژایەتی لەگەڵ نەفامی و نەزانی، نزیکایەتی لە مەعنەویات و ڕەچاوکردنی ڕەوشتی گەورە پیاوانی باش و بەکەڵک و ئایینی. جا بزانین مامۆستا

هەژار لەم بەستێنەدا چی فێری شاگردەکانی، دەکا هەرچەندە ئەو هێندە حەول و دەولی لە پێناوی وڵاتی خۆشەویستیدا بوو کە بدا لە ئامۆژگارییە کانیشی لەوانەیە بچنە خانەی حەماسەتەوە کە لە پاشان لەسەری دەدوێم.

**ڕاپەڕێ کۆمەڵی ژێ-کاف کردی**
**چەپەڵی و دیلی لە داوێن شردی**
**باغەکەت پڕ لە نەمامی بەر هات**
**کاتی خوێن ڕشتن و دانی شەڕ هات**
**دوژمنت گەرچی بە زۆری و کزەبوو**
**دۆستە بێگانەکەش ئەو دەم قزە بوو**

کە پێم وایە ئەم فێرکارییە سیاسییە کەس وەک هەژاری نەیزانیوە و نەیوێرایە بە کراسی ناسکی شیعر چل ساڵ لەمەوبەر بیدرکێنێ.

**ناهومێدی کوڕی کورد ناناسێ**
**باش دەزانێ کە لە خوێن مژ ڕاسێ**
**خوێن ڕژا ڕۆڵە کوژا کەللە پژا**
**خوێن ڕژان خۆشە کە ئابڕوو نەڕژا**
**نەچی دڵمەندبی لەوەی هاتەسەرت**
**زۆر کەسی وات هەیە بمرن لە بەرت**
**دوژمنت پێوە نەبێ بۆی دەلوێ**
**کوڕە کورد خەنجەرەکەی بۆ دەسوێ**
**ئاو نییە خوێنی شەهیدان، نەوتە**
**هەڵ دەبێ و هەل لەژیان هەڵکەوتە..**
**لاوی ئازاو کوڕی ڕەندومەندت**
**زۆر کچی گوڵ بە دەم و لێو قەندت**
**شان بە شان دەست لە دەسا گۆڤەندە**
**ڕێکییەک دێنەوە شەندە و مەندە**

کە لێرەدا مامۆستا بە عاشیرەت بەو مەسەلە کۆنەی کە کورد دەڵێ: شەندەلەمەندە کەمتر نییە. دەیەوێ گەلی کورد حاڵی کا کە کورد هیچی لە تورک و فارس و عەرەب کەمتر نییە کە ئەوان خاوەنی ئاو و خاک و سەربەخۆیین و ئێمەش هەر ژێردەستەی وانین، بەڵام لە کوردەوارییدا بە تایبەت لە موکریاندا هەندێ یاری منداڵانە و لاوانە هەبوون کە شەوگاری هاوین و ڕۆژگاری پاییز و زستانیان پێ ڕادەبوارد کە ئێستا هیچ کامیان نەماون و پێشکەوتی زەمان و هێرشی فەرهەنگی بێگانە دایماڵین و لە یادانی بردنەوە، بەڵام خۆشە هەژار وەک



ئەدەبی تەعلیمی ئەم یارییانە بیری خەڵک دەخاتەوە و بۆ بەرەی داهاتووی دەگێڕێتەوە، خۆزگە دڵسۆزی وا هەبووایە ئەم یارییانەی لە پیرە پیاوان کە لاوانی ئەو سەردەمە بوون بپرسیایە و چۆنیەتی کردنی یاری و کایەکانیشیان بنووسیایەتەوە، با هەر لەبەین نەچووبان، شایەد بەرەی داهاتوو کەڵکیان لێ وەردەگرت. هەژار دەفەرموێ:

**خواس و سەرقووت و لەخۆڵا گەوزیو**
**پیتی، «چووی» پەل بوو بەدەستی قەڵشیو**
**«ئیۆهی» و «تەوغی» و «شەککە و چک و پک»**
**لیکی زاری دەلکاندم تک تک**
**وەک «هەلووک» لێرەو لەوێ هەڵدەبەزیم**
**«سواپ» و «شیشۆقە» بوو چارەی وەڕەزیم**
**«مەزرەقم» یار و هەواڵ «مەڕ مەڕ» بوو**
**«قۆچاقانیم» چەکی ڕاو و شەڕ بوو**
**«خازەڵێ» و «چەترەڵ» و «ئاو ڕۆچکە» بەگشت**
**«تۆپە ڕاکرن» و «کەری سووری لە بەپشت**
**یان «مەلا تەق تەقە»، یان «هەنگڵەشەلە»**
**جێژنە بوو ئەو هەلە ڕۆیی بە پەلە**
**جەغز و سووڕدانێ بە دەوری خۆما**
**لەم هەموو چەرخە خولێکم بۆما**
**تازە وا بوومەتە گۆچان بە دەسێ**
**لێم وەدی دێنەوە «حوالەی مەرەسێ»**
**ڕۆژی ماندوو بە خەیاڵی شەو بووم**
**شەو لەبەر بەزم و گەمەم بێ خەو بووم**

مامۆستا هەژار کاتێ بە خەیاڵ لە هاوەڵە شاعیرەکانی دەپرسێ کە دەکاتە یادی هاوڕێ و برای سیاسی و شیعری و خۆشەویستی لە هەمووان خۆشەویستتری، واتە مامۆستا «هێمن» زیادە لە هەمووان و زیاتر بۆ هەموویان هەندێ گلە و بناشتی شاعیرانە ڕەد و بەدەڵ دەکا کە زۆر کەسی دوڕنەناس بە دژایەتی دەزانن و دەیانەوێ بە درۆ بیسەلمێنن کە مامۆستا هەژار ڕقی لە هێمن بووە و بە کینەوە ئەم شیعرانەی بۆ گوتووە، بەڵام ئەگەر جوان شیعرەکە بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە هەژار، هێمنی لە هەمووان زۆرتر خۆش دەوێ و بەم گازندەیە بانگی دەکا بۆ لای خۆی و دەیەوێ هەر هەژار و هێمنەکەی جاران بن. دیارە هێمنیش لە هەمووان باشتر لەو شیعرە حاڵییە و

دەست لە هەمـــوو شت دەشـوات و بە پیـری ڕوودەکـاتە عیراق و دەبێتە ئەو هێمنەی ئێستا لە لووتکەی شیعری موکریان جێگەی هەیە. من ئەم شیعرانە بە نێوی ئەدەبی فێرکاری لێرەدا دەهێنم مەبەستم ئەوە نییە هەژار لەگەڵ هێمن چ دەڵێ و هەژار بەم شیـعرانە هێمنی شاعیـر و هەزاران هێمنی بەرەی داهاتوو ئامۆژگاری دەکا و پێیان دەڵێ:

**نیشتمان هەر کەسێ بۆی بمرێ نەمرد**
**لەشی سەر دۆشەکە هیچ بەهری نەبرد**
**نیشتمان وەک مەلە نووسەر باڵە**
**هەر مەلێ باڵی نەبێ جێی چاڵە**

جا گوێ گرن لەگازندە مێژووییەکەی هەژار لە هێمن کە بە پێی لێکدانەوەی هەژار و هێمن نەناسان دژایەتییە دەنا لە ڕاستیدا بانگهێشتی هێمنە بۆ لای خۆی:

**لێم گەڕێ دڵ بە زووخاو و خوێنم**
**با لە دوور دوورە برا بدوێنم**
**کاکە مەرجی من و تۆ کوا وا بوون**
**کەی تیانابوو لە یەکدی جیا بوون**
**هەرچی دەرد و کوڵە بەمن بکەوێ**
**تۆ وەکو خۆشی بەجێ مێنی لەوێ**
**بیرو پێنووس و دەس و دڵ یەک بوو**
**دوانەیەک بوون و بەدەم یەک چەک بوو**
**تۆ ئەوینداری تەلان و بەرد بووی**
**ئەی شای گەردن و زێڕی زەرد بووی**
**بولبولی کورد وەکو قەل دەنوێنێ**
**بێزی بێ بۆ کوڕی شا بخوێنێ**
**باڵی بشکێ و پەڕ و پۆی هەڵبوەرێ**
**مەل بکا زمزەمە بۆ جاشە کەرێ**
**ئەوە چت کردووە بێ من هێمن!**
**تیرو تانەت فرە لێمن پێمن**
**نەتکرا بدڕی لەخۆت ئەو پەردەی**
**دەست لە گۆشتاو و پڵاوێ بەردەی**
**لێم ببوورە کە ئەوەندە بەر لۆمی**
**شینە بۆ خۆمی دەکەم تۆش خۆمی**
**ئێستەکەش نەچووە بچێ چوو ڕۆیی**
**وەرەوە ناو گەل و خزم و خۆیی**
**بۆ گەلت بێژە هەتا ڕۆژی مەرگ**
**بێ منەت بێ تەمەن و نان و بەرگ**
**با دەستە و مل مەلی بێچاران بین**



## هەر هەژار هێمنەکەی جاران بێ

دیارە باری تەعلیمی شتەکە دەگاتە کامە ڕادە کە هەر شاعیرێ گوێی لەم شێلانەی دوو شاعیری گەلی هەبێ قەت قەت دڵی نایە وەک هەژار و هێمن نەژی. ئەگەر مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمنی ناخۆش ویستبا لە شینگێڕەکەیدا ئەم میسرعە مەحشەرەی بەشێوە ڕێنووسی کوردی بە پیتی ئەبجەد بە عادەت مێژووی بۆ دانەدەنا کە هەر کاری هەژار و هیچ کەسی دیکە. لەدوایین بەیتی شیعرەکەدا دەفەرموێ منیش وەک تۆ قەڵسم لە ژیان. بۆ چت جێ هێشتم هێمن گیان کە میسرەعی دووەم دەبێتە ١٣٦٥ ساڵی مردنی مامۆستا دیارە ئەوەی ژمارەی حیسابی ئەبجەد دەزانێ دەبێ ئەوەش بزانێ کە «چ» و «گ» لە ئەبجەد دا نییە، بەڵام «چ» و هەروەک «ج» ژمارەی لە ٣یە و «گ» وەک «ک» ژمارەی ٣٠یە، بەم بەشەی خوارەوە و ئەم دوایین فاکتە کۆتایی بە بەشی تەعلیمی دێنم و دەچمە سەر بەشی ئەوینداری. گۆیا سەردار عەزیز خانی بۆکان بیستوویە کەوە شەلەیەک کە لە خوێندنیدا بۆ ڕاوەکە و پێوەکردنی هاوڕەگەزانی زۆر ئازا بووە و بەنرخی ٣٠ زێڕ فرۆشراوە دەیکڕێ و لەبەرچاوی مشتەریەکە و بازەکاندا ملی هەڵ دەکەنێ و دەفەرموێ «هەرکەسێ بیەوێ هاوڕەگەزانی خۆی بکا بە داوەوە قیمەتی ئا ئەمەیە» بڕواننە ئەم بەشە لە شیعری بەرەو موکریان کە مامۆستا بە خەیاڵ دێتەوە بۆکان.

**بەس خەواڵوو بە خەیاڵ بڕوانە**
**شاری بۆکان وەکو بووکان جوانە**
**مێشەیە باغە گوڵستانە چەمە**
**لاوی لاو لاوە کچی غونچە دەمە**
**ئاوی چاوێ لە دڵی ئەو دایە**
**چاوی قرژاڵی لەبەر هەڵنایە**
**مانگ لە مێژ ساڵە لە ڕێدا فێرە**
**وەک تریفەی مەلەوان بێ لێرە**
**تۆش بچۆ گیان و دڵیش ئامادەن**
**ترسوو داماڵن و خۆ پێ دادەن**
**مار و جرجی عەجەمو نایەنە بەر**
**شەو لەترسا لە کونان نایەنە دەر**
**ئەو قەڵایەی کە بەرز و وێستاوە**
**دوور لە ئێستاکە هەوارگەی پیاوە**

**سەر سەراو کۆشکی گەلێ سەرداره**
**بۆته بەردار چ خودا بەر داره**
**پیاو نەمان و ئەوی مان خوێڕی بوون**
**هێرو وڕفێری خرەی زێڕی بوون**
**کورده نامووسی فرۆشرا بە چڵه**
**گای شڵە گشتی لەخۆ بوونە ملە**
**هەرکەسەی ببووە کەوی دەست دوژمن**
**دەیەویست میللەتەکەی خۆی قڕ بن**
**دان دران تاکو لە کێو کەو دەفڕێ**
**کاتێ تاران سەری وانیشی بڕێ**
**کەوی سەرداری لەبیرمان ماوه**
**کە لەسەرچی سەری هەڵقرتاوه**
**بەسە خوێ ڕێژی بەسەر زاماندا**
**با بنۆڕین وە هەموو لاماندا**
**ئیستە یاران وەکو جاری جاران**
**شەونشینیانە لە پای دیواران**
**ئەمجەد و قاضی و مەلا ڕێی حەسار**
**کێ بەداخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەسار...**
**خێوی کەو خاسەکەوێ لە شوێنێ**
**بەدڵ «ئاواتە» کە بۆم دەخوێنێ**
**ڕاوکەری تەپلە لەسەر لەو ناوه**
**لە گەڕە و داوی لە دەورەی داوه..**

**٢- لایەنی لیریکی و ئەویندارى بەرەو موکریان**

ئەم بەشە لە شیعر کە لە کوردیدا ئەویندارى پێ دەڵێن و لە عەرەبیدا غەنایی و لە ڕۆژاوا «لیریک». بەو شیعر و هەڵبەستانە دەڵێن کە دەکرێ لەگەڵ ئامێرێکی مۆسیقا کەڵکی لێ وەربگیردرێ، یان بە واتایەکی دیکە باسی هەست و نەست و و بیر و هزری شاعیر دەکا و شاعیر لەگەڵ شەخسی شاعیریەتی دەروونی دەدوێ. منی شیعریەکەی هەر خودی خۆیەتی و گریان و پێکەنین و خۆشی و ئازارەکانی خۆی بە شیعر پیشان دەدا بەرانبەر بە خودا- کۆمەڵ- بنەماڵە- مرۆڤ- نیشتمان- بەشەرییەت و...

زۆر کەس پێیان وایە شیعری ئەویندارى دوای ئارامشی بنیادەم لەپاش شەڕ و هەڵاو گرفت و کێشە سیاسی و لێک هەڵبەزینەوەکانی بنیادەم داهاتووە، بەڵام ئەوەی ڕاستییەکەی بێ شیعری دڵی شاعیرە. لەم بەستێنەدا شاعیر ئەو شتە دەخولقێنێ بە جەوهەری



فرمێسک و قەڵەمی مژۆڵ لەسەر سپیایی پەڕەی کاغەزی دڵی دەیانووسێتەوە، هەر کات کە بەرچاوی خوێنەر کەوت و بەدڵ چەشتی، وەک سیمکەشی هەستەکە بەویش دەگوێزرێتەوە و بۆ لای ئەویش ڕادەگوێزرێتەوە. بابزانین هەژاری ڕەحمەتی لەم بەستێنەدا چ گەوهەرێکی لە شیعرە نایابەکەی بەرەو موکریاندا پێشکەش بە خوێنەران و کۆمەڵی کوردەواری کردووە.

کاتێ بەخەیاڵ سەیری بۆکان و دەوروبەر دەکا لە داوێنی کێوی پیر محەمەدی بوغدەداغی دەچێتە سەر قەبری یەکەم خێزانی کە بەجوانە مەرگی کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا شاکارێ دەخولقێنێ کە بەبێ ڕووبنی عەرزو بکەم لە شینگێڕی نیزامی بۆ خێزانەکەی لە زمانی قارەمانێکی داستانەکەی دەگێڕێ چی وای کەمتر نییە. لە پێشدا ئەوە بزانین بە بڕوای کۆنی خەڵکی ناوچەکە وا باو بوو کە ئەگەر گیانلەبەرێکی حەڵاڵ گۆشت وەکو مریشک و مەڕ و شتی وا لەسەر خاکی ئەو پیر محەمەدە سەرببڕدرێ و خوێنەکەی لەگەڵ خۆڵەکە لێک درێ مەڵهەمێکە برینی تیراوێ و بیرۆ و شتی پێستی پێ چاک دەبێتەوە. جا گوێگرن هەژار وەک ڕۆشنبیرێکی کورد لەم بڕوا عەوامانە ئاوا عالمانە و شاعیرانە کەڵک وەردەگرێ.

**یادی جوانە مەرگێک**

**پیر موحەممەد تەڕە تیراوێی دڵ**
**قۆز و هەتوانی دەست خوێنە و گڵ**
**گیانە پڕ سۆیە برینێ دەرکا**
**گەشە خوێناوێ لە چاوم سەرکا**
**جوانەمەرگێ هەیە لەو داوێنە**
**خاکی نمدار کەممەوە بەو خوێنە**
**جەرگی تۆ و بەرگی ژیانی من بوو**
**گەوهەری نەرمونیانی من بوو**
**بەر لە ڕۆژانێ ئەوم پێ ناسی**
**سەر لەسووڕا بوو بەگێژی و کاسی**
**دەس لە دڵ تەنگتر و نازشێواو بووم**
**زۆر لە داماوی پتر داماو بووم**
**گیان لە خوێڵینێ گومانا وێڵ بوو**
**بواری بەر باری بە دیمەن لێڵ بوو**
**داری ئاوات و هومێدان باریک**
**تەم تەنیبووی سەر و بەرچاو تاریک**



له پرێ بەریەکی نازدار و شەپاڵ
ئاسکێ ناسکی شیرین خەت و خاڵ
بوو بە دەس گرتەم و شایی شاندام
ڕووبەڕووی باغی ژیانی هاندام
ڕابەرم بوو لە ڕچەی دڵ پتەوی
ورە بەر بوونی نەبوو ببووە کەوی
کیژی تۆ بوو بە فریشتەی بەختم
تەختی کرد کەند و کلۆی ڕای سەختم
تای ژیانی لەژیانم هاڵاند
تا ئەوم بوو لەژیان نەمناڵاند
شەو چرایەک بوو لە ڕۆژی ڕەشما
بەختێ بێدار بوو لەناو باوەشما
کیژەڵووکەی ڕەشەبای مەرگی نەکاو
گشتەکەی کردەوە یەکباد و خاو
هەڵوەری سوورە گوڵی بولبولی دڵ
شینی بۆ ماوە لە جێی چۆڵی چڵ
تازە پەروانە دەسووتا باڵی
بای نەهات شەوقی شەماڵی ماڵی
یار لەگەڵ بەختی هەژار ڕێک کەوتن
دوور لەمن چون و لەخاکا خەوتین
گەرچی خوای گەورە بەزەی خۆشی نارد
گەرێ گەردوون چ بوو تاوانی بژارد...
هێشتە تا با لە موکریانەوە دێ
نیازی سەردانە بەلای گیانەوە دێ
دڵ دەورێنێ لە سووکی ئەو ناوە
سەرە تیریکی تیا جێ ماوە
جاروبار خوێن دە دەڵێ و دێتەوە سۆ
خوێن و گڵ تێکەڵە هانامە بەتۆ
پیری دڵچاک ئەوە خۆت و ئەوە دڵ
دڵە ئارام بە لە دەرمان مەکە سڵ.

بەڵام هەر لەو بەشە لە شیعری بەرەو موکریاندا کاتێ ڕوودەکاتە شاری بۆکان ئا بەم چەشنە هەست و سۆزی دڵی هەڵدەقوڵێ و مانگ دەکاتە سەنگی سەبووری خۆی و لەگەڵی دەدوێ.

مانگە هەر چەن بەلەزی ئەیزانم
لێم گەرێ تۆزێ تریش بڕوانم
سەربکێشم بە برێک ماڵاندا
چاو بگێڕم بە خەت و خاڵاندا
کیژە بۆکانی خەواڵووی نازن
پاو پووز ڕووتن و پێسیروازن
زەردە مەم دیارە کە خاوەن خەوتوون
بۆ پشوودان لە کراس دەرکەوتوون
پرچی ئاڵۆز کە لەسەر لەشیانە
شەوەزەنگ داگری ئاوی ژیانە
مانگ ئەگەر تیشکی بدا ڕێ نوێنە
شنەبا بسک و کەزی بزوێنە
هەلە تا چاوی خەواڵوو مەستن
تا جەزایرچی بەیان بێ هەستن
دڵە خۆ تێرکە لە سەیری جوانی
ڕێت هەیە چەن بە خەیاڵ بڕوانی

هەروەک عەرزم کردن خۆشەویستی دایک و وڵات و کێو و کەژ و نیشتمانیش هەر لە بازنەی ئەدەبی ئەویندارى، یان لیریکدا جێگەی دەبێتەوە، بەو شەرتە هەتا باسی زوڵم و ستەمی زاڵان و لێقەومان نەکا، دەنا دەچێتە نێو بازنەی حەماسەوە چونکە قەهرەن لە وەها کاتێکدا باسی قارەمانەکانی نەتەوەش دەکرێ کە قارەمانەتی یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی حەماسەیە، کاتێ مامۆستا هەژار دەگاتەوە مەهاباد لە شیعری موکریاندا سنووری ئەوین و حەماسە وەها تێکەڵ دەکرێ کە بە هیچ هێرمۆنێتیک و لێکدانەوەی لێک جیا نابنەوە دێرەکانی ئاخری ئەم فاکتە بە تەواوی دەچنە خانەی حەماسەوە، بەڵام بۆ نەپسانەوەی شیعرەکە هەر دەیهێنمەوە:

دڵە وا شاری موهابادە وەرە
کابەتە ڕووگەتە کڕنۆشێ بەرە
تۆزێ لەو خاکە بەسەر خۆتا کە
تۆزی پیرۆزە لەدونیا تاکە
تۆزی چاوی دڵی نابینایە
لێرە کڵ بوو کلەکەی سینایە
لە چ جێ ناوی موهاباد بێنی
بۆ هەموو چاوێ بەرز دەنوێنی
هەر هەبی شاری نەبەردی و مەردی
جوانترین پارچە بەهەشتی هەردی
ڕەوەز و لانی پڵینگ و شێران
جێی بەخوێن ڕشتنی خوێن مژ فێران
باوەشی گەرمی بداق سوڵتانی
لێرەوە تێپەڕی غەوسی سانی
گیانی خۆی داوە بە تۆ شێخ بابا
باوی شادی بوو ئەگەر ئەو مابا...

گوللە سێ تیری تفەنگی سمکۆ
کەللە سەربازی لەتۆ کردن کۆ...
ڕەگ و خوێن، هێز و دڵی ئەژنۆ بووی
خەو پەڕین و دنە دەر هەتۆ بووی
کیژۆڵانێ کە بە خێوت کردن
کێ دەزانێ چییە ترسی مردن؟
ئەو کچەی خشڵی سەری پەلکی گوڵێ
گرژی ڕووی دوژمن و ئاگر لە دڵێ
ڕۆژی خۆشی کە نرەی دەم چەمەنن
ڕۆژێ مەیدان بە مەرگ پێ دەکەنن.

**٣- لانی حەماسە لە شیعری بەرەو موکریاندا**

«حەماسە» لە مانادا بە مانای ڕەشیدی و دلێری و مەردانە و نەبەزی و چالاکی نەتەوایەتی دێت. حەماسە چوار تایبەتمەندی سەرەکی هەیە یەکیان پاڵەوان- دووەم چیرۆک- سێیەم نەتەوایەتی- چوارەم کاری کەس نەکردوو، واتە (خارق العادة) ئەگەر بڵێم ئەم وتارەم تەنیا لەبەر ئەم لایەنەی شیعری بەرەو موکریان نووسیوە درۆم نەکردووە. ئێمە ئەدەبی حەماسیمان کەمە بە شیعری شاعیران، بەڵام مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی کاتێ لەگەڵ هاوڕێیەکانی بۆکانی دەردی دڵ دەکا یادی دەورانی شاخ و پێشمەرگایەتییان بۆ دەگێڕێتەوە و دەگاتە ئەو ئاستە لە حەماسەدا کە فیردەوسی ئەگەر بمایە پتر شانازی بە کوردی دەکرد. تەمەشا ئەم حەماسە ڕاست و قووڵە.

**بیری ئەم ناوە لەبیریان ماوە**
**یان لە پای ڕازەوە هەڵدێراوە**
**هیچ لەبیریانە لە لێڕی بیران**
**جەنگی سەرچامە لەبەر پێی پیران؟**
**ڕۆژ بە ڕوومانەوە وەک کوێنی ڕەش**
**لاشە ئەتلایەوە لە خوێنی گەش؟**
**لە فڕۆکانەوە بۆمبا باران**
**کڵ و پێشمەرگە بە ئاگر خاران**
**لە تەقە و دووکەڵی گەرمی گڕی شەڕ**
**خوای ترس پشتی هەڵات کوێر و کەڕ**
**کێ پەنای گرت لەڕەهێڵەی تۆپان**
**چەن سەکەت بووی عەرەب و جاش تۆیان**
**سەردەمی خەنجەری کورد هاتەوە گەڕ**
**سەری ویشکی دەبڕی و گۆشتی تەڕ..**
**باوی بوو گاڵتە بە مردن کردن**



**کورد وەسەر کەوتن و دوژمن مردن**
**دێتە بیریان کە لەسەر نوێنی سەنگ**
**ببووە لای لایی شەوان دەنگی تفەنگ...**
**دەست و چاو ئێستە ئەوەن تێروپڕن**
**صەد هەژار ڕەنگە بە پووشێ نەکڕن**

جگە لە بیرەوەری و عاشیرەی تیژ تێپەڕی جوگرافیایی و مێژوویی ئەم چەند بەیتەی خوارەوە، چونکە لەباری نەتەوایەتی و گەورەیی گەلی کورد دەدوێ و بیری خەڵک دەخاتەوە لە زمانی سەنگ سەبووری وەک کێوی تەرەغە کە گەورەترین کێوی موکریان و زادگای خۆبەتی شانازی میللی بەو پەڕ دەگەیەنێ بڕواننە ئەم بەشە:

**تەرەغە! کێوی لەمێژینەی کورد**
**کۆنە هاوڕازی سەفین و هەڵگورد**
**تەرەغە چۆنی سەرت هەر بەرزە**
**لێک جیابوونەوەمان چە وەرزە..**
**کۆشکی زارا کە بەخاڵ نەخشاوە**
**هەژدیهای نەمری لەداوێن ماوە؟**
**خۆش بووە پێمەرەکەی فەرهادی**
**بۆ سەری دوژمنی ڕێی ئازادی؟..**
**ئاگری و پیرس و مازێ و ساسۆن**
**خزمی پیرانی کەسوکاری تۆن**
**لە لوڕستانەوە تا پشت تۆرۆس**
**گەلێ زۆرن بنەماڵەی زاگرۆس**
**کورد هەزاران و هەزاران ساڵە**
**سایە پەروەردە ئەژین لەو ماڵە**
**ئێوە بوون پشت و پەنای دژداری**
**نان بدە و یار و دژی بەدکاری**
**پیاوەتی و مایە ژیانی ئێوەن**
**مانەوەی ناوونیشانی ئێوەن**
**کێوی جوودێ لە گەڕی تۆفانا**
**گەمیەکەی نووحی لەسەر سەر دانا**
**پەندی پڕ بایەخی پێشینیانە**
**کورد لە تەنگانە تەلانی لانە**
**چیای مەزن لێی هەبێ بزن و هەرزن**
**نابەزن بۆ کەس و هەر سەر بەرزن**
**ئێوە دیتان بە صەدان خونکاران**
**زۆرو بیست هەو هەو و خرمەی سواران**

**پانی پاڵ داوە دەمێ «یانی پاڵ»**
**ڕێوی لێ کردنە کوێخا بە خەیاڵ**
**گەلێ وەک «ئەسکەندەر» و زۆر وەک (زەنەفۆن)**
**دانی هەڵبڕیەوە ئەم کوردە بخۆن**
**عەرەبو هات بەسەرا وەک لێشاو**
**بێ بەزەی دڵڕەشی فێڵبازی بەداو**
**چنگی چەنگیزی بەخوێن پاراو بوون**
**بۆ «هەلاکۆ» بەرەگەو سەر ڕاو بوون**
**جارێ «تەیموور» بەشەلی سەردەکەوت**
**تیری کوێری کەڤری بەر دەکەوت**
**«شا عەباس» ویستی سمێڵ بابڕکا**
**کێو لەبن بێنێ گەلی کورد قڕکا**
**نادریش سووڕی لەزۆر جێگادا**
**بە هەڕو گیڤەوە خۆی لێ بادا**
**زۆری زۆردار کە سەرێک پێو وێران**
**بەملی وردەوە لێو هەڵدێران**
**زۆر گەماڵ داویە گەمارۆی ناومان**
**ئێمە هەر ماین و ئەوان بەدناو مان**
**هاتن و چوون زلی زۆر خاوەن زۆر**
**کوردستان گر بەخەیاڵ و کورد خۆر**
**شیرت و گوم بوون و هەموو ڕابوردن**
**کوردستان هەر هەیە کورد هەر کوردن**
**بەڵگە بۆ چەنگە چەمووش و تۆڕێک**
**دێتە دی لێرەو لەوێ چەن گۆڕێک**
**خواردنی کورد و چیا دژوارە**
**دەرنەچوون فیل و نەهەنگ لەم بوارە**
**تازە وا مشک و تولە و وشتری گەڕ**
**بەتەمان بیکەنە جێ مۆڵ و گەوەڕ**
**خاک بەسەریان بێ وەکو پێشواویان**
**دەبێ بی هێننەوە هەرچی جوویان**
**شل نەما کوردە پەڵووڵەی دوێنێ**
**ئێستە وا توندە ددان دەشکێنێ**
**سەردەمێ خاوی مەلا و خانان بووی**
**پاروە خۆشەی ڕەمی بێگانان بووی**
**ئێستە ئەو تاوە لە ئاوابوونە**
**شێری کەڵنیازی لەلایان ڕابوونە**
**تۆڕی دیلی لە پەلان هەڵدەدڕێ**
**کێ بەشی خواردووە گورچووی دەبڕێ**
**دێتە گویت گەرچی کڕ و بێدەنگی**



**دەنگی پێشمەرگەت و زەبر و زەنگی**
**داد و هاواری عەرەب لەو لاوە**
**تینی بۆمباو کەڤری تاواوە**
**ئەمە بوولێڵەیە بۆ ڕۆژی ڕوون**
**بانگەوازیانە کە ڕۆڵەت زیندوون**
**بێنی خوێن دووکەڵە شینەکەی بارووت**
**با کە بۆت دێنێ لەسەر خۆت بێ پشووت**
**تەمی خەم نەگری بلێیی چارە ڕەشم**
**شۆڕشی کورد هەیە من دوورە بەشم**
**ئاوەدان دەبنەوە ناو سەنگەری تۆش**
**دڵ پتەو بە بەهەوای ڕۆژی خۆش**
**ئاگرت هەڵبێ وەکو ڕابردووت**
**لاشی دوژمن دەکەمە ئاور دووت**
**ڕۆژ دەبێ ناوی هەژار نامێنێ**
**سازی و ئازادی لە ڕووت دەخوێنێ**
**خوات لەگەڵ بێ تەرەغەی قیت و قۆز**
**جێژنی ڕزگاری نزیکت پیرۆز**

بەڵام وەک دەڵێن مەنجەڵی مێردان بەچل ساڵە دێتە کوڵ، مامۆستا هەژار خۆی دەیزانی دڵ و بیری ئەو ئاوێنەی دوارۆژی کۆمەڵە لە پەنجەرەی چاوی دووربینی هەژارەوە چل ساڵ لەمەوبەر ئەم ڕۆژەی بەدی کردووە ڕەزانی بەرخ هەتا سەر لەبن سەوەیدا نامێنێتەوە. ڕۆژێ سازی و ئازادی لەسەر هەمرو کێوانی کوردستان و بەتایبەت تەرەغەی سەر بەرزی ئەو دەخوێنێ و مزگێنی دوارۆژی ڕووناک بۆ گەلی دێنێ و بەشکستە نەفسییەوە دەفەرمێ «ناوی هەژار نامێنێ» بەڵێ هەژاری و فەقیری نامێنێ چون ئەم وشە ئیهامی تێدایە دەنا ناوی هەژاری موکریانی لەسەر زمانی هەموو لاوانی کوردن، ئاواز دەگوترێ و لە سەدان کیلۆمەتر لە تەرەغە دوورتر فستیڤاڵی بۆ دەگیرێ.

تۆ خوا چاوکەن کێ ئاوا ڕاستگۆیانە و شاعیرانە و مێژووزانانە و دوور لە شیعار و خۆ هەڵکێشان هەڵبەستی وا حەماسی داناوە جگە لە هەژار. ئەم پیاوە مەزنە دەردی کوردایەتییەکەی هێندە لەسەر شانی قەڵەم قورسایی کردووە، بۆیە هەر دەیەوێ قسەیەک لەگەڵ یاران و کێوانیش بکا باسی مەزڵوومییەتی گەلەکەی و شکاتی بێ دەسەڵاتی نەتەوەکەی لای ئەوان بکا وەک ناسر خەسرەوی فارس شیعری کردە چارەوێی ئەندێشە



کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی، بۆیە هەندێ کەس لایەنگیری شیعری ناسکی وێنەیی دوور لە شیعار و سیاسەتن، پلەی شاعیری هەژار و لەخوارێ دەزانن و شیعرەکانیان ڕەق و قەبە دێتە بەرچاو. دڵنیام ئەگەر هەژار خەمی شیعرییەکەی هەر چوارچێوەی تەنگی هەستو نەست و کەفوکوڵی دڵی خۆیدا مابایەوە هیچ شاعیرێ نەیدەگەیشتێ. ئەو مەبەستی دڵی خۆی بە تەنیا نەبوو هەژار چۆن بۆ خۆی بە تاقی تەنێ یەک میللەت بوو هەمیشە خەمە شیعرییەکەی خەمی میللەتێ بوو. دیارە دەردی وا گەورە ئەو ڕەخنەگرانەی بەکتێبی وەرگێردراوی بلّحە ڕۆمیان بە قەولی حەیرانبێژان فێری هێرمێنۆتیک بوون هەست پێ ناکرێ.

ئەوان لە دووربینی بیری تەسکی خۆیانەوە چاویان لە دو تەسویری خەیاڵاوی وشە ناسکی خەیاڵ پەردازی سوننەت شکێنە و هەموو شیعری بە بەژن و باڵای ئەم فیکرە ناتەواوە دەبڕن. دیارە فیکر و ئەندێشەی هەژار هێندە لەوانە گەورەترە بە گەرووی قەڵەمی کوڵ و بیردۆڕاوی ئەمانەدا نەچێ. دیارە دێمە سەر بڕواکەی هەوەڵم هەژار شاعیر نییە. هەژار یەک ئوستوورەیە. بڕوا ناکەن گوێ ڕاگرن کە لەگەڵ مهاباد دەدوێ:

**گەرچی کەوتیتەوە بەر چنگوڕی دەڵ**
**گەرچی هێندێ لە چەمت بوونە چەقەڵ**
**زۆر کوڕی وات هەبوو خۆیان بەخشی**
**خوێنی گەشیان گڵی تۆی پێ نەخشی**
**گۆڕی پیرۆزی حوسێن و قازی**
**باشترین بەڵگەیە بۆ شانازی**
**نەچی دڵمەند بی لەوەی هاتە سەرت**
**زۆر کەسی وات هەیە بمرن لەبەرت**
**دوژمنت پێی وە نەبێ بۆی دەلوێ**
**کوڕە کورد خەنجەرەکەی بۆ دەسوێ..**

ئەمەیە ئەو شتە هەژاری تاق خستۆتەوە. کردوویەتە تاکی سەردەمی خۆی و چووەتە لووتکەیێ لە شیعری حەماسیدا کەسی نەگەییوەتێ جا لە داخان دەیدەنە بەر بەردی توانج و حەسوودی، بەڵام هەژار هێندە لەسەر لووتکەیە گوللەشی ناگاتێ نەک هەر بەرەی تانەی دڵبەردان. بۆ وەڵامی ئەوانەی هەر شیعری وێنەیی و هونەر بۆ هونەریان دەیەوێ هەوەڵ و ئاخری شیعرە شاکارە حەوت سەد بەیتییەکەی بەرەو موکریان دەکەمە پارووە خۆشەی دوایین بەیتی نووسراوەکەم و بەدوای ئەوەدا هەموو لایەکتان بەخودای گەورە و گران دەسپێرم.

**شەوەکی بولبولە ئەچرکێنێ**
**تا بەلاوک دڵی گوڵ بستێنێ**
**دە ئەتۆش هەستە خەیاڵی خاوم**
**من ئەگەر تۆم نەبی زۆر داماوم**
**لەم هەژار خانەیە بم هێنە دەرێ**
**بم بە دەشت و دەر و بمگێڕە سەرێ**
**دەست و بردێ شنەبام بۆ زین کە**
**جێم لەگەڵ خۆت لە هەیڤ دابین کە**
**سەیری خاکی موکریم دێ بە دڵا**
**تا نەچووین تویش و من و دڵ بە گڵا**
**سەرێ هەڵبێنەوە لەو مەڵبەندە**
**گەرچی لەش دوورە لەوێ دڵ بەندە**

کە پاش هۆنینەوەی (٥٧٥) بەیت دەردی دڵ و سەردانی مەڵبەندی موکریان لە دوایین بەیتی شیعرەکەدا. ئاوا دەفەرموێ:

**گیانە مەودا کەمە «ئاسێ» سوورە**
**بیر نەبوورێتەوە ڕێمان دوورە**
**وەختە لێلایی لەبەرچاو برەوێ**
**خێڵی شەو کۆچەرە ڕۆژ دەردەکەوێ**
**بەهومێدم کە بەرۆژی ڕۆشن**
**تیشکی ئازادی خەمان داپۆشن**
**ئاشکرا روو بەگوڵ و گوڵزاران**
**بێمەوە و دێمە دەس و ڕووی یاران**
**ئەی موکریان بەخودات دەسپێرم**
**یادگار وەرگرە ئەشکی سوێرم**
**بێ منیش خۆش بە مەکۆی بیرەوەریم**
**تۆ بەجێ هێشتنە هۆی کوێرەوەریم!!!**


**سەرچاوە:**

**(١) هەژار بۆ کوردستان.**

**(٢) ئەدەبیاتی فارسی پێش دانشگاهی.**

# شیعری هەژار و هەژاری شاعیر

کامەران جەوهەری - هەڵوەدا
(بۆکان)



هیچ شتێک لە هیچ چاخ و زەمەنێکدا لەگوێن «دەروەستی ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کۆمەڵگا»، بۆ چەوتی و کەموکورتییەکان، گێرەشێوێن و ترسێنەر وماڵوێرانکەر نییە، چونکە دەروەستی حەزیایەکی پاسەوانی بەنرخترین گەنجی گەردوونە. ئەو گەنجەی کە ناوی ئازادی و مافی ژیانی نەتەوەکانە»(١) (ئەحمەد شاملوو)

**سەربردەی شیعر و پێناسەی شاعیر و نازم**

شیعر سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستاش پێناسەیەکی دیاریکراوی گشت پەسند و هەمەلایەنی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بە گوێرەی سەرجەم بۆچوونەکان دیاردەیەکی زێتر خەیاڵی و دوور لە واقیعە. دەربڕینی هەستی دەروونە نەک پاتەکردنەوەی ڕووداوە بەرچاوەکان. ئەوەی لە ناوئاخنی شیعردا ڕەنگ دەداتەوە، یان دەبێ ڕەنگ بداتەوە، خولیاکانن، نەک هەستە عەقڵانییەکان. ئەوخوێنەرانەش کە دووتوێی دیوانە شیعرەکان دەپشکنن بەشی هەرە زۆریان تەوژمی خولیایەکی پەنگ خواردووی ناخیان دیوانەکانی پێ کردوونەتەوە، نەک ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە لەبەر چاویان ڕوودەدەن. واتە لەم ڕووەوە شیعر ئامرازێکی موزیکە و شاعیر موزیک ژەنێکە کە بەپێی ئەو تاسانەی لە ناخیدایە ئاوازێکی شاد، یان غەمگینی لێ پێکدێنێ. خوێنەریش بە هەمان ڕچەدا و بە پێی ئەو خولیایانەی دەروونی پەنا بۆ ئەم سازانە دەبا و ئاهەنگی دڵخوازی خۆی لێ دەبیستێ و کوڵی دڵی دادەمرکێنێتەوە. لەم بوارەدا شیعر مەودای خۆ خەملاندن و ڕازاندنەوەی تا ڕادەیەک کە لە وزەی

شاعیردا بێ، هەیە. لەم بەشەدا ڕەنگە شاعیر خۆشی سەد لەسەد بەئاگا نەبێ لەوەی کە ئاخۆ داڕژاوی قەڵەمەکەی لە سەرچاوەی دڵەوە هەڵهێنجراوە، یان لە مێشکەوە داچۆڕاوە. چەسپاندنی ئەم خەسڵەتە بەتەواوەتی بۆ هیچ کام لەمانە دەست نادا، بۆیە بە ئیلهام دەشوبهێنرێ و وەک ئیلهامێک لێی دەڕوانرێ. واتە چەمکێک کە لە جیهانی سەرەوەڕا و بەدەر لە ڕاستەقینە بەردەستەکانەوە هاتۆتە ماڵی شاعیر، بەڵام ئەم بۆچوونەش قەت سەد لەسەد پەسند نەکراوە و هەر بەرەیەک و میراتێکی پێوە هەڵپەساردووە.

کلاسیکەکان نەمامی شیعریان لەسەر ڕەقەنی تراژیدی و حەماسە چاند، پاشان شەپۆلی هەستونەست کە لە لای ڕۆمانتیکەکان بە شیعر ناسرابوو بە گوژمەوە ئەو نەمامانەی ڕامالی و خۆشی لە ئاکامدا شەتڵی شیعری لە دێراوی حوزن و تەنیایی و بێزاری لە کۆمەڵگادا لێدا و بووژایەوە و گەشەی سەند و باڵای کرد. دوابەدوای ئەمان ڕیالیست و ناتۆرالیست و پارناسیست و سەمبولیست و دەیان کۆمەڵە شاعیری سەر بە ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی تر هاتن و بە نۆبە خاوەندارێتییان گرتە ئەستۆ و هەر یەکەو بە شێوەیەک لەگەڵ ئەو میراتەی پێشینان تاووتووی کرد. تاقمێک وەک پارناسیستەکان دژی باو و باپیرانی ڕۆمانتیکی خۆیان شمشێریان هەڵکێشا و بەشێکیش وەک ڕیالیستەکان هەر نەیانتوانی ئەم نەمامە بگوورێن. هەتا ئەمڕۆش ئەم ڕێبازانە هەر لە زیاد بوونن و هەر لک و پۆپیشیان لێ دەبێتەوە. تاقیگەی ئەم هەموو وەرزانەش نەیانکرا جلوبەرگێکی تاهەتایی بە باڵای شیعر بدروون. ئیتر ئەوە قەدەرێکە و تووشی شیعر بووە کە «لامارتین»ێک دێت و بە ڕەنگی حوزن و سروشت دەیخەملێنێ، یان «مالارمێ»یەک دێت و لە شەپۆلی مۆسیقای هەڵدەکێشێ، گرمەی گەواڵەی «نیما»یەک دێت و ڕنووەشیعرێکی هەزار ساڵە هەرەس دێنێ، یان برووسکەی «شاملوو»یەک دێت و حاشا لە کوڵەکەی «سەعدی»یەک دەکا. کە وایە، وەک چۆن بەرگێکی تاهەتایی بۆ شیعر نەدووراوە و لە هەر چاخ و سەردەمان و هەر قۆناغ و هەرێمێک قوماشێکی سەر بەو چاخ و هەرێمەی بۆ دەستنیشان کراوە، هەر بەو پێیەش زۆر ئەستەمە بە بێ لەبەر چاوگرتنی شوێن و کات و زەمەن



پێناسەیەک بۆ «شاعیر» و «نازم»یش دیاری بکرێت. ئیتر لەو سەردەمانەش تێپەڕ بووین کە خاڵی هەرە گرنگی هەڵاواردنی شیعر و ناشیعر، کێش و سەروا بوو، بە بێ ئەوەی بیر بکرێتەوە کە بەر لەوەی «خەلیل ئەحمەدی فەراهیدی» پێوانەی کێش و سەروا بۆ شیعر دانێت، ئەو خەلەوخەرمانە هەر هەبووە و ئەو ئەوەندەی کرد هات و لە کەووبێژنگی دا و میراتەکەشی بۆ داهاتووان بەجێ هێشت. دیارە لە ڕوانگەی ئەو کاتانەوە دەست خستنە سەر شاعیر و ناشاعیر زۆر ئەستەم نەبوو، تەنیا پێویستی بە لە پێوانەدرانی کێش و سەروا هەبوو تا پێگەی خاوەنەکەی دیاری کرابایە. پاش سەرهەڵدان و سەقامگیربوونی ئەو شەپۆلەی ناوی لێنرا «شۆڕشی ئەدەبی» و سڕانەوەی بە حەق، یان ناحەقی ئەو پێوانەیە، ناوونیشانی دیوانی شاعیریش گۆڕدرا و هێندەیتر ئاڵۆز بوو.

کە وایە بەر لەوەی حوکم لەسەر باری «شاعیر»ێتی، یان «نازم»ێتی مامۆستا هەژار بدرێت دەبێ بەئاگا بین کە لە دەڵاقەی زەمەنەوە بۆی بڕوانرێ. ئیتر نە بەچاوی تەنگی دەمارگرژییەوە سەیری بکرێ و هەڵکێشرێ، نە ئەوەی کە بە ناوی ڕەخنە و نەریت شکێنی و وەبەر تەشۆدانی باڵای مەزنەکان پێڵوو لەسەر زەمان داخرێت.

مامۆستا هەژار خۆی لە لاپەڕەی ٤٥ی «چێشتی مجێور»دا بیروڕای لەم بارەیەوە ئاوا دەردەبڕێ: «...لە مابەینی هۆنەر و شاعیردا فەرق و جیاوازی هەیە. کەسێ کە هەڵبەستە دەڵێ و لەنگ و لۆڕی تێدا نییە هۆنەرە، بەڵام وشەی شاعیر لە شعوورەوە هاتووە، واتا هەست. هەموو هەستێکی باریک و پڕ لە مانای ناسک ، با مەوزوونیش نەبێ، دەتوانێ ناوی شیعری لێ بنرێ. کە وابوو وشەی هەستیار بۆ شاعیر پڕ بە پێستە و وشەی هۆنەر بۆ نازم ڕاستە.»

ئەگەر شیعرەکانی خودی مامۆستا هەژار بەم پێوانەیە بپێوین، بەپێی بەشێکیان شاعیر و بە پێی بەشێکیان نازم دەردەچێ، بەڵام ئاخۆ ئەو تاقمەی کە سەر بە شاعیرێتی هەژارن خانەخوێن، یان ئەو تاقمەی سەر بە نازمێتی ئەوون؟

بە بیر و بڕوای کورتی من لایەنی شاعیرێتی هەژار خانەخوێیە و تاقمەکەی تر میوانن. ئەم میوانانە بە هۆی

بارودۆخێکەوە هاتوون و بەرگێکیان پۆشیوە کە من ناوم لێ ناوە «چەکی شیعر».

## چەکی شیعر

به چاوخشاندنێک بەسەر ڕەوتی چەند هەزار ساڵەی مێژوودا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە ڕووداوەکان و دۆخە تایبەتییەکانی کۆمەڵگا دەچنە چوارچێوەیەکی زەمەنی تایبەتەوە و بەو گۆڕانانەی ڕەوتی مێژوو دەپێکێ چۆنیەتی کۆمەڵگا و ڕووداوەکانی سەر کۆمەڵگا دەبنە ئامانج و گۆڕانیان بەسەرا دێ، بۆیە ئەگەر نووسراوەیەک، تەنانەت بەدەر لە شیعریش، بۆ ڕووداوێک، دۆخێک، یان قۆناغێکی تایبەتی مێژوو نووسرابێت، لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو قۆناغەی دۆخەکەی لەخۆ گرتووە و چۆتە ناو بیرەوەری مێژووەوە، ئەو نووسراوانەش دەبنە بیرەوەری و لە کولێتی مێژوودا هەڵدەپەساردرێن. واتە تەمەنیان بەقەد تەمەنی ئەو دۆخەیە کە بۆتە مامانی ئەو نووسراوانە. ئەوە نەک بەو مانایە کە ئەو نووسراوانەی سەر بە زەمەنێکی تایبەتن سەرجەمیان بایەگانی دەکرێن و لەبیردەچنەوە. ئەوانەی ڕاپۆرت لە دەورانەکان دەکەن بۆ داهاتووان وەک ڕووناک کەرەوەی کووچە و کۆڵانەکانی مێژوو هەر دەمێنن، بەڵام ئەوی لێرەدا مەبەستە شیعرە بە هەموو خەسڵەتە شیعرییەکانییەوە و تیشک خستنە سەر ئەو شیعرانەی بۆ زەمەنێکی دیاریکراو دەنووسرێن.

ئەو چەمکە پیرۆز و موقەددەسانەی دێنە ناو شیعری ڕاستەقینەوە و گوزارشت لە ڕووە جوانەکانی مرۆڤ و بەهاکانی جیهان بە بێ هەڵاواردن و بەسەرجەمی دەکەن تۆزی زەمەنیان لەسەر نانیشێ و تەمەنیان شان بەشانی مێژوو هەڵدەکشێ. بۆ نموونە زۆربەی شیعرەکانی «حافزی شیرازی» کە ڕەنگی زەمەن و مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتیان لێ نەدراوە و ڕوحی هەموو مرۆڤەکان و گەردوونەکان دەگرێتەوە و بە باڵسووکی سنووره کێشراوەکان دەبڕێ، زۆر ئەستەمە گەردی زەمەنی لەسەر بنیشێ و لەسەر تاقچەکەی کوختی مێژوو لەبیربچێتەوە. بەستنەوەی شیعر بە ڕووداوە سنووردار و واقعییەکانەوە غەدرێکە کە لە شیعری ڕاستەقینە دەکرێ. واتە لەو کاتانەیدا کە ئەو هەست و نەستەی شاعیر دەکرێ بۆ خولقاندنی شیعرێکی ئازاد و بێ ئاڵقە و مۆرک کەڵکی



لێ وەربگیرێ، دەکرێتە دەستەچیلەی ئاورگی شیعرێکی کەم تەمەن. شیعرێک کە لەگەڵ بەسەرچوونی ڕووداوەکان بەسەر دەچێ و تاقە بەختی بۆ هاتنەوە بەرچاو و سەرلەنوێ گەشانەوە، دووپاتەبوونەوەی مێژووە و دەرکەوتنەوە و ڕوودانەوەی هەمان دۆخ کە بەرهەمهێنی ئەو شیعرە بووە. ئەوەش ئەگەر نەڵێین قەت نابێ، زۆر دەگمەنە.

بەڵام شاعیرە ڕاستەقینەکان لە وەها دۆخێکدا چۆنە شیعر دەکەنە قوربانی؟

«شێرکۆ بێکەس»ی ڕۆژگاری دووکەڵ و باروت دەڵێ: «شیعری ئەو ڕۆژگارانە ئەبوو مەشخەڵ و سروود و هەڵمەت بێت و بە قوڕگی داستان هاوار بکات.»

هەست بە بەرپرسیارییەت کردنی شاعیران لە هەمبەر ئەو ڕووداوە تاڵ و شیرینانەی کۆمەڵگاکەیان دەگرێتەوە، هۆی سەرەکی لەدایکبوونی شیعرە سنووردارەکانە. شاعیرانی مەزنی کورد شیعرییەتی شیعریان – بەدەر لە پێوانی نرخەکەی – قوربانی ئەو قۆناغانەی مێژوو کردووە کە گەلەکەیانی تێدا چەوساوەتەوە، یان کلاوڕۆژنەیەک بەدی کراوە کە توانراوە لێیەوە بە تیشکی زێڕینی شیعر مێشک و بیروباوەڕی خەڵک ڕوون کرێتەوە. دابەزاندنی پلەی شیعر لە وەها قۆناغێکدا و بەقوربانی کردنی شیعرییەتی شیعر، واتە بە قوربانی بوونی خودی شاعیر. وا کە شاعیر دەبێتە کەسێکی مەیلەو یاخی خۆکوژ کە هەوسار لەو هەست و نەستانە دەدا کە شیعری بێ سنووریان لێ هەڵدەقوڵێ و دەیانگێڕێتەوە ناو جەغزی سنووری کۆمەڵگاکەی. شاعیری کورد تەنانەت خەون و خولیاکانیشی کە ڕەنگە هەوێنی بەدیهێنەری زۆر شیعری ئازاد بن، کورت دەکاتەوە سەر ئەو خولیایانەی تەمەنی گەلەکەی تێدا درێژ کاتەوە. واتە شیعر دەکاتە چەک و بەو چەکەی نیشانگەی ڕووی دزێوی مێژوو دەپێکێ و بەری شیرینی ئاواتی لێ دەخوازێ، بەڵام ئەگەر ورد بینەوە مخابن لەباری شیعرییەوە شاعیر بە هەمان چەک ڕوحی شاعیرییەتی خۆشی دەپێکێ و ئەوەش خەفەتباترین و گەورەترین قوربانیدانە بۆ نیشتمان و مەزنترین پێشکەشە کە بە کۆمەڵگا دەدرێ.

جار هەیە شاعیر بە ئاگاوە شیعرەکەی دەکاتە چەکێک

بەرانبەر ئەو ڕەوتەی دەسەڵات، یان کۆمەڵگای پێ بەڕێوە دەبردرێ. جا چ ڕەوتەکە وەک لایەنێکی ڕوحی دیار بێ و چ وەک ڕەوتێکی لە بەرچاو و بەرهەست. ئەو کاتەی شاعیر بە ئاگاییەوە دەست دەداتە وەها کارێک، بێ گومان هەوێنی زۆربەی شیعرەکانی لە کۆمەڵگا و دەسەڵات و ئەو ڕەوتە وەردەگرێ کە ژیانی تێدا بۆتە قوربانی و گەلی تێدا بۆتە دەستەچیلە. لەم حاڵەتەدا «شاعیر» لە «مێژوونووس» نزیک دەبێتەوە. واتە لکی داری مێژوو لە پەلکی گوڵی شیعر موتوربە دەکا و کووژەکەی ڕەوتی مێژوو بە تاڵە دەزووی شیعر دەهۆنێتەوە. خوێنەری سبەینێی ئەم شیعرانە بەر لەوەی ڕوانگەیەکی ڕەهایان بۆ دامرکانەوەی تاسەکانی تێدا بدۆزێتەوە، لادیواری سینەمایەکی لەبەر چاو هەڵدەچنرێ و ڕیزە فلیمێکی لەسەر نیشان دەدرێ. ئەو شاعیرانەی لەسەر ئەم ڕێبازەن بێتو وریا نەبن، مێژووی دلڕەق وەک ئامرازێک کەڵکیان لێ وەردەگرێ و هیچ دوور نییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شیعرەکانیان بچێتە خانەی فەرامۆشییەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی کە لە شیعردا مەودای خەریکبوون بە سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگاوە نارەخسێ و لە هەردی شیعردا ئەو ئاماژەیەی بە مێژوو دەکرێت ئاماژەیەکی گشتییە، بەڵام لە لای مێژوونووسی سەربەخۆ(!) مەودای وردبوونەوە لە گشت ئاکار و کردەوە و کەلێن و قوژبنەکانی ئەم ماوە زەمەنییە و ڕوخسەتی تۆمار کردنیان بە درێژی دەست دەدات. کە واتە شاعیری ناوریا و نازیرەک هەردوو لایەنەکەی دۆڕاندووە: لە لایەکەوە باڵی شاعیرییەتی بە هۆی قورسایی باسی مێژووییەوە لەنگ بووە و لە لایەکی ترەوە باری مێژووییشی بەهۆی نەگونجاو بوونی ئەو دەفرەی بۆ باسەکەی تەرخان کردووە، واتە دەفری شیعر، پەک خستووە، چونکە ئەرکی مێژوونووس وێنە هەڵگرتن و کۆپی کردنە و کاری شاعیر ئەفراندن و داهێنان. ئیدی ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی ماڵوێرانی وەک کۆمەڵگای کوردەواریدا بە هۆی زەبر و زەنگی دەسەڵاتە دەرەکییە داگیرکەرەکان و کەمتەرخەمی ناوەکییەکان، هەلی خولقانی پەڕاوێکی مێژوویی پوخت بۆ کورد و زمانی کوردی نەڕەخساوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی هەموو شاعیرەکان وەک مێژوونووس سەیر بکرێن و بەسەد ئەڵڵاو وەڵڵا هەوڵ بدرێت لە ئەستێری دیوانەکانیان



شەربەیەک ئاوی مێژوو هەڵبهێنجرێ، شتێکی بە تەواوی جیاوازە.

خۆ ئەو شاعیرەی کە لە بێ ئاگاییشدا دەنووسێت دواتر بە پێداچوونەوەی ورد بە شیعرەکانیدا دەکرێ ڕوویەکی شاراوەی مێژووی تێدا بدۆزرێتەوە. واتە ئیلهامەکانی بۆ ناخی کۆمەڵگا و قووڵایی مێژوو ڕەگاژۆیان کردووە. وەک مامۆستا هەژار دەفەرموێ: «وێژەناسان لایان وایە هەر بوێژێک لە هەر دەور و زەمانێکا هەر ڕێبازێکی گرتبێ، یان بە بێ ڕێ ڕۆیشتبێ، بە هەر ئاوات و نیازێک هەڵبەستی هۆنیبێتەوە، ئەو بوێژە لە ماوەی ژیانی خۆیدا ڕمووزنێکی درۆزن، یان خووخۆش و ڕاستگۆ بێ، سفت بێ، یان بێ تانوپۆ بێ، بەلەنگاز، یان ساز و کۆک بێ، بوێر بێ، یان ترسەنۆک بێ، بێ ئەوە خۆی ئاگا بکا بێ گومان هەڵبەستەکانی ئاوێنەیەکی ڕوونوێنی ڕوودانی ژین و کردەوەی ئاپۆرەی ڕۆژگاری چەرخی خۆیەتی.» (٢)

لەم بێ ئاگاییانەدا باسە مێژووییەکان لە دەرکەی بیری خوێنەر نادەن و هەر خۆبەخۆ دەدەڵێنە ناخی خوێنەرەوە، وەک چۆن بە بێ ئاگاییش لە جەوهەری قەڵەمی نووسەرەوە داچۆڕاون. واتە چەکێک نەبووە بە دەست شاعیرەوە، بەڵکو گۆڕەپانێک بووە کە شاعیر و گشت کۆمەڵگای شاعیر هاموشۆیان تێدا کردووە، بەڵام خوێنەری ئەو بابەتە تێکەڵاو بە مێژووییانەی بە ئاگاییەوە نووسراون خۆی بە ئاشکرا دەچێتە ناو ئەو خانووچکەیەی شاعیر دایڕشتووە.

خوێنەری ئاسایی بەشی یەکەمینیان، ڕەنگە قەت هەست بەو شیلە مێژووییە نەکا کە لە دەماری شیعرەکاندا دێت و دەچێت. ئەوە ئەرکی لێکۆڵەران و توێژەرانە کە ئەم لەشە شیعرییانە جەراحی بکەن و ئەو شیلەیە دەرخەن. مخابن لەوەها کاتێکیشدا تامی شیعری لە کیس دەچێ و دەبێتە ڕاپۆرتێکی بێ تام و بۆ، چونکە لە ڕاستیدا شیعر بەرگەی جەراحی ناگرێت و زوو سارد دەبێتەوە. شیعری ڕاستەقینە خوناوی بەرەبەیانی سەر پەلکی گوڵێکە و سیحری جوانییەکەی بە دەست تێوەردان و ترازان و ڕژانە سەر عەرز شرت و گوم دەبێت.

ڕەنگە لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردەواریدا کەس بەقەد «مامۆستا هەژار» و «عەبدوڵڵا پەشێو» ئاوا بەزەقی قامکی لەسەر پەلەپیتکەی چەکی شیعر

نەترازابێت. بە چاوخشاندنێک بەسەر کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو شاعیرانەدا، باش دەردەکەوێت کە بێ دەسەلات بوون لە بواری شاعیرێتیدا وای نەکردووە ئەم لارێیازە هەڵبژێرن، چونکە لێرەو لەوێی دیوانەکانیاندا شاکارە شیعری وا خۆ دەنوێنێ کە بۆ دەسەلات و نەمریان بەڵگەیەکی سەلمێنەرە، بەلام ئەوە ژانی هەست کردن بە لارێداچوونی مێژووی گەلەکەیانە کە لێیان بۆتە بەرەژانی شیعر و وازی پێ لە چوونە ناخی خۆوە و خەریکبوون بە ڕوحی خۆ هێناون و فڕێی داونەتە ناو گێژاوی ئەو ژاوەژاوەی کۆمەڵگای پێ خنکێندراوە. «شێرکۆ بێکەس» بە ئاماژەیەکەوە بۆ ئەم قۆناغانە دەڵێ: «دەنگە هێور و نزمەکان، خەم و مەراقی تاکەکەسی، بەناچاری کپ ئەبن و ئیتر هاوار و خەمی گەورەتر لە خۆت، بە دەنگی بەرز و مانای زەقەوە دێتە پێشێ. ئێمە سەرەتای بەهرەمان ڕێکەوتی ناو ئەم زریانانە کرد.» (٣)

بڵێسەیەک کە لە ویژدان و دەروونی ئەم شاعیرانەدا هەڵگیرساوە پێش هەموو شت ئاقاری خولیا تایبەتییەکانی خۆیانی پێ هەڵپرووزاوە و بەرپێی ڕێبوارانی کۆڵانە نووتەکەکانی مێژووی پێ ڕوون کراوەتەوە. وەک «مام هێمن»یش دەفەرموێ :

**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم**
**کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ**

هەژار و پەشێو، وەک نموونە، لە نەبوونی ئەو ویژدانە وریایانەدا کە لە ڕێگای جیاواز لە شیعرەوە دەیانتوانی قامک لە چاوی هەڵەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت دەسەلاتە دەرەکی و ناوەکییەکان ڕۆکەن، ناچاربوون خۆیان فیداکەن و هەستی شاعیرانەی خۆیان لەو پێناوەدا هەم بکەنە چەک و هەمیش بکەنە قوربانی. ئەو دۆخانەی لە لای شاعیران و نووسەرانی تر قەڵەمیان پێ لە گیرفان دەخاتەوە و بێ دەنگی جاڕ دەدا، لە لای شاعیرانی وریا هەر نەبێ دەبێتە هەوێنی بەگژداچوونی خودی دۆخەکە. ئەوەی لە شێوازی نووسینی ئەم دوو شاعیرەدا تا ڕادەیەک وای کردووە بەرهەمە لە مێژوو نزیکەکانیشیان ڕەنگ و بۆی شیعریان لێ دانەماڵدرابێ و تەمەن کورتی بە ئاشکرایی پێیان نەوێرێ، ڕایەڵێکی شاعیرانەیە کە پۆی ئەم باسانەی تێهەڵکێشراوە. واتە لەزەتێکی شیعری کە لەگەڵ نواندنی کردەوە ڕاست و چەوتەکانی



کۆمەڵگا و دەسەلات، دەڕژێتە دەروونی خوێنەرەوە. - هەڵبەت ئەم بۆچوون و پێوانەیە بەدەر لە پێوانە کردنی نرخی بەرانبەری شیعرەکانی ئەم دوو مەزنەیە، کە سەر بە دوو ڕوانگە شیعری جیاوازن و نیشانگەی چەکەکانیشیان جیاوازی تێدا دەبینرێ، بەلام ئەو خولیایەی لە پێست و هێسقانیان کاری کردووە یەک ڕەنگ و یەک بۆیە -.

بەشێکی زۆری ناوئاخنی دیوانی ئەم شاعیرانە بە وەها چەکێک ڕەنگاوە. پەشێو خۆی بۆ ئەم خاڵە ئاماژە دەکات و دەڵێ: «فۆرمی شیعر وەکو باڵی مێشێ تەنکە، قورقوشمی مەوزووعی کۆمەلایەتی و شتی وا زۆر تەحەممول ناکا. من ئەو شتە دەزانم، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لێدەدەم.... ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان باری ژیانی نەتەوەکەم گۆڕا و ئەو شتانە بوون بە مێژوو، یاخوا سەد جار ئەو شیعرانە دەمردن، بلا بمرن»...(٤)

## ئەلبۆم و هیوا

هەڵکۆڵینی بنجوبناوانی مێژوو و دەرخستنەوە و تۆز لێ تەکاندنی ڕاستییەکانی تەم گرتووی مێژووی ڕابردوو و نواندنەوەی سەرلەنوێی مێژووی سەردەم و تۆمارکردنی ڕووداوە نەتەوەییەکان، یەکێ لەو ئەرکە پیرۆزانەیە کە «مامۆستا هەژار» بە بێ پارێز خستوویەتە ئەستۆی شیعری خۆی. لەم ڕووەوە کە جەغزی خوێنەری شیعر بە گشتی لە جیهاندا و بە تایبەتی لە کوردستاندا ڕەنگە زۆر بەربلاوتر بێت لە جەغزی تەسکی خوێنەران و تەنانەت نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمان، ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەم چەمکەش بەهەمان نیسبەت لە شیعردا زیاتر و نەخشینترە. «مامۆستا هەژار» لێرە و لەوێ، شیعری خۆی کردۆتە تابلۆیەک و وێنە جۆراوجۆرەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی تێدا نەخشاندووە. ئەم نەخشونیگارانە کە بە پێی مێژوو زۆربەیان تێکەڵ ئێش و ئازارن، پاش ئەوەی کە بوونەتە هەوێنی شیعر و هەستی شاعیریان بزواندووە، ئیتر بە بێ کەڵک وەرگرتن لە زانیارییەکانی مێشک و بیروباوەڕی شاعیر نەدەکرێ بووبێتنە شیعر و نە بووشنەتە شیعر. واتە «هەژار» بە ئێش و ئازاری گەلەکەی لە دڵەوە داخورپاوە و پاشان لە زانیاری هەڵکێشراوە و لەم

سووچەوە کەوتۆتە نواندنەوەی ڕابردوو و تۆمارکردنی ئێستا و تیشک خستنەسەر داهاتوو. ئەم شێوازە ڕەنگە زۆر دوور بێت لە پێوەری بیروڕای ئەو شاعیرە مەزنانەی لە ئیلهامی شیعری دەدوێن، بەڵام ئەو بیرکردنەوە و زانیارییانەی لەم شێوە شیعرییانەی مامۆستا هەژاردا بوونەتە کەرەستەی بنیادنانی قەڵای شیعرەکە ئەوەندیان سۆز و خۆشەویستی و ڕاستی تێکەڵاوە کە هەڵاواردنیان لە کاروانی شیعر و خستنە پاڵ قافڵەی نەزمەوە دڵێکی زۆر بەردینی دەوێ.

بۆ نموونە لە «بەسەرهاتەکەم» (ل١٧٤) و «کوتکی کاوە» (ل١٨٤) و «دوژمنی نەزان» (ل١٩٣)دا بە مێژووی ڕۆدەچێ و وێنە و گەوهەری لەمێژینی ڕەگەزی خۆی دەدۆزێتەوە و تۆزی لێ دەتەکێنێ و لەبەر چاومان ڕایدەنێ و وێنەی ئێستای ئاڵۆزیش دەخاتە بەرچاو و دەبێتە دنەیەک بۆ تێکۆشان لە ڕێگەی گەڕانەوەی ئەو پێگەیەی گەلەکەی هەیبووە:

**باپیرەکانمان لە زوودا**
**بە ناوبانگ بوون لە مێژوودا**
**ئازایەتی و کورد دوانە بوون**
**ترسێنەری بێگانە بوون**
**ماد و کەیانی زوو منم**
**زاڵ و گیو و برزوو منم**
**بناغەی زەند و ئاوێستا**
**لەسەر پەنجەی من ڕاوێستا**
**ئەوسا بوو یۆنانی و ئاشوور**
**ناویان نام کوردی خاوەن زۆر**

(بەسەرهاتەکەم – ل١٧٤)

لە «پەڵە هەورێک» (ل٦٤) و «ڕۆژێکم هەیە» (٧٥) و «باوەڕی بێکەس» (ل٩٠)دا لە لایەکەوە وێنەکانی ئێستا و ڕابردوو لە بەرانبەر یەک ڕادەگرێ و بیری نەتەوایەتی «خانی» و «حاجی قادر کۆیی» و «بێکەس» لێک دەبەستێتەوە و وێنەی ئەو ڕێچکەی سەدەفییە دەنەخشێنێ کە بیرەکەی تێدا گووراوە و فرچکی گرتووە و گەیشتۆتە ئەمڕۆ، لە لایەکیشەوە تابلۆی یەکێ لە دڵتەزێنترین ئاکامەکانی بوێرانەترین هەوڵدان بۆ ژیان دەکێشێتەوە:

**لە ناو دڵی ڕەشی شەوا**
**مەردم لە غوڕڕابی خەوا**



**هێندێک هەوری ڕەش و بڵاو**
**چەند ئەستێرەی زەرد هەڵگەڕاو**
**بووبووی کوندێک لە کەلاوێک**
**زیزەی سیسرێکە تاوتاوێک**
**لە مەیدانەکەی چوار چرا**
**داری سێدارە هەڵخرا**
**کێ ئازادی لە دڵدا بێ**
**گەرەک لاشی لەگڵ دابێ**
**دەرگای شێران کرایەوە**
**دار و بەرد دەنگی دایەوە**
**بۆ مەرگ دێن بە ئازایی**
**دەڵێی دەڕۆنە سەر شایی**

(ڕۆژێکم هەیە – ل٧٥)

لە «تۆڵەساندن» (ل١٥٢) و «ناموس پاراستن» (ل١٥٨)دا کۆمەڵە وێنەیەکی وای لە زەبر و زەنگ و زوڵم و زۆری داگیرکەران کێشاوە، کە ڕوحی هەموو ویژدانێکی خاوەن کەیان و ئینسانیەتی پێ هەڵدەچزێ و باوەڕی بۆشی هەموو مرۆڤێکی پێڵووداخراوی پێ هەڵگێڕ وەرگێڕ دەکرێ. ئەم وێنانە کە زیاتر شێوەی خەیاڵ و فەنتەزیا دەدەن، نواندنەوەی دوو بیرەوەری ڕێئال و ڕاستەقینەن کە هەژار ئەم نەخشانەی لێ پێک هێناون و بۆ هەتاهەتایە لە بیری مێژوودا وەک بەڵگەیەک تۆماری کردوون و بۆ وەچەی داهاتوو کردوونیەتە دوکیۆمێنتێک بۆ ورد بوونەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەکەیان.

ئەم ئەلبوومە شیعرییەی «مامۆستا هەژار» نەک تەنیا ڕابردوو و ئێستا، بەڵکو بە شاباڵی خەیاڵ و بە ڕوحسووکی تاسە، چاخە هێشتا نەهاتووەکانی داهاتووشی داگرتووە و وێنەی سبەینێش لەبەردەم نیگاکانی ئەم سەردەمەدا ڕادەگرێ و هێز و گوڕ وەبەر هیوابڕاوەکان دەنێتەوە:

**زوو بە زوو پێک دێ هەموو دڵخوامان**
**لە بڵندان دەشەکێ ئاڵامان**
**ساز دەبێ لەشکرێ بێ ئەندازە**
**بە هەموو جۆرە چەکێکی تازە**
**لە هەموو شوێنێ بزیشک و دوکتوور**
**داو دەرمانی لە هەر چەشن و جوور**
**بۆ ڕێگای ئاسن و بۆ ئوترۆمبیل**

**لەت دەکەن جەرگی هەژار وەک قەندیل**
**دەردەخەن مەعدەنی پۆلای ئاسن**
**چونکە زانا دەبن و دەیناسن**
**کورد زمانێکی وەکوو خۆت و خۆم**
**تەجرەبەی خاکێ دەکا بۆ ئاتۆم**
**ڕۆژێ هەڵدەفڕێ هەزار تەییارە**
**کە لەبن باڵی بژی کورد دیارە**
(خۆشی دوارۆژ - ل١٩)

## دەمەتەقە

لێدوان لە بارەی شاعیرێتی هەژار بە بێ تیشک خستنەسەر (دەمەتەقە)کانی ناتەواوە. ئەم شێوە شیعرییە کە دەکرێ ناوی «دیالۆگە شیعر»ی لێ بنرێت، چ لە ئەدەبیاتی بێگانەدا و چ لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگە یەکەم جار نەبێت کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا یەکەم جارە ئاوەها بەکۆمەڵ و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە دیوانی شاعیرێکدا میوانداری لێ دەکرێت. تەنانەت لە دیوانی شاعیرانی پاش (بۆ کوردستان)یشدا وەها شێوە شیعرییەک بەدی ناکرێ. کە وایە مۆرکی تایبەتی «هەژار»یان لێدەدرێ. لەم دیالۆگە شیعریانەدا کە سەرجەم ٢٣ کۆپلەن، چوار کەسایەتی «پیرۆت» (٢٢جار) و «باپیر» (١٢جار) و «بابیز» (١١جار) و «قۆیتاس» (١جار) خۆ دەنوێنن. ئەم دیالۆگە شیعرییانە بۆ مەحکووم کردنی ڕووداوێک، یان بیرکردنەوەیەکی چەوتی خۆیی و بێگانە تەرخان کراون. بە شێوەیەک کە ئەم کەسایەتییانە دوو بە دوو دەکەونە چاک و چۆنی و مەرحەبایی و باسێک دەورووژێنن و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ دەکەن و لەناو قسەکانیاندا تانە لە ڕەوشێک، بیرۆکەیەک، یان کرداری کەسێک، یان حکوومەتێک دەدەن. مامۆستا هەژار هەر جارەو دەچێتە قاڵبی یەکێ لەو کەسایەتییانەوەو لە زمانی ئەوەوە بۆچوونی خۆی بەرانبەر بەو بیرۆکەیەی بۆتە هەوێنی داڕشتنی دەمەتەقەکە دەردەبڕێ. لە باری هەڵسەنگاندنەوە ئەم دیالۆگە شیعرییانە لە شێوازی دەربڕینی قسەی ئاسایی نزیکن. داڕشتنێکی جوانیان هەیە و لە زۆر شوێندا بە وتە و قسەی نەستەق ڕازاونەتەوە و لە بیرەوەری کۆمەڵگا کەڵک وەرگیراوە.



بێ پەردەبوون و یەک ڕوویش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هەڵبەستانەیە، بە چەشنێ کە ئەو بیروڕایەی لە سای ئەم هەڵبەستانەدا دەردەبڕدرێن ڕوون و ئاشکرایە و ڕووکەشی تەشبیه و ئیستیعارە و پەردەپۆشی و وردەکارییە ئەدەبییەکانی تری بەسەردا نەکێشراوە.

## هەڵکێشان و داکێشان

خاڵێکی لاوازی کەسایەتی مامۆستا هەژار - لە ڕوانگەی ڕواڵەت بینانەوە - «پیاهەڵگوتن و مەدح»ە و لە لایەکەوە وەبەرپلار و تانە و تەشەردان و هەر جارە و لەسەر بارێک بوونە. مەدح بە گشتی بۆ سەرکردە لاوەکییەکانی وەک «ستالین» و «عەبدولکەریم قاسم» و بە تایبەتیش بۆ سەرکردەی کورد «مەلامستەفا بارزانی». پلاروتانە و تەشەریش لە زەمەنێکی تردا بە گشتی هەر بۆ ستالین و عەبدولکەریم و سەرجەم داگیرە لاوەکییەکان و بە تایبەتیش بۆ سەرکردەکانی تری کورد وەک «جەلال تاڵەبانی» و خوالێخۆشبوو «برایم ئەحمەد». مامۆستا هەژار خۆی لە پێشەکی چاپی دووهەمی دیوانی (بۆ کوردستان)دا بە گشتی و بە پوختی وەڵامی ئەم ڕەخنەیەی داوەتەوە و دەڵێ: «هەر کەس دۆستی کوردستان بێ و بۆ کورد بەهرەی هەبێ، من کۆیلەی ئاڵقە لەگوێی دەبم و پێی هەڵدەڵێم و لەبەری دەپاڕێمەوە و هەر کەس دژی ئازادی کورد بێ و کوردستان داگیر بکا، یان یاریدەی داگیرکەرانی کوردستان بدا ئەگەر هەزار جار سوور و زەرد و بۆر بێ و هەزار کۆمپەرادۆر و مۆمپەرادۆر بێ بە پێی توانا بە گژیدا دەچم و لەسەر تەناف هەڵیدەخەم و ئەگەر دەستیشم بیگاتێ دوو دانە شەقی تەڕیشی ڕێدەخەم. هەرکەسیش لەسەر ئەم بیروباوەڕەم لێم تووڕە دەبێ و جوێنم پێ ئەدا کەیفی خۆیەتی، بەڵام دەبێ ئەوەندە بزانن کە لەسەر کورد و کوردستان جوێنیشم پێ بدرێ و خوێنیشم برژێ هەر بە خەڵاتی دەزانم...» لە پێشەکی چاپی یەکەمیشدا پاش شیکردنەوەی وتەکانی دەڵێ: «کورت و کرمانجییەکەی ئەمەیە: کۆیلەی کوردستانم و نۆکەری باینجان نیم، هەرکەس بۆ کوردستان باش بێت سوپاسی ئەکەم و هەرکەسیش زیانی بۆ گەل و نیشتمانم هەبێ بەگژیا

ئەچم، جا با کوڕی حەزرەتی پەلەپیتکەش بێت.... من ڕەنگە لەم ماوەیەدا جار و بارە تۆزێک تامی زارم گۆڕابێ، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێ دەرئەکەوێ کە نیازی دڵم هەرگیز نەگۆڕاوە و هەر وەک هەمیشە پەپوولەیەکم بە دەوری گڕی ئەوینی کوردستانی جوانەوە و تا نەبمە چنگە خۆڵەمێشێک بە دەم باوە دەست لە باڵەفڕە و پەلەقاژە هەڵناگرم. وەک مەحوی فەرموویە:

**لەسەر خۆچوونە، شەیدا بوونە، قۆڕ پێوانە، سووتانە**
**هەتا مردن مەحەبەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ ئەگرم...».**

مامۆستا هەژار چ لە پێدەشتی پەخشانەکانیدا و چ لە قەدپاڵی شیعرەکانیدا هەر کاتێ یادی بارزانی بە مێشکدا هاتبێ ڕێزی لێ ناوە و پێیداهەڵگوتووە. دیارە بۆ ئەوەی ئەم خەسڵەتەی هەژار لە تای تەرازووی پەسندی و ناپەسندی نرێت و کێشانە بکرێت، دەبێ لە کەسایەتی مەلامستەفا و لە بۆچوونی هەژار ورد بینەوە. ئاخۆ مەلامستەفا بەڕاستی کێیە و مامۆستا هەژار بەڕاستی چی گوتووە و چی ویستووە؟. ئەوەی ئاشکرا بێت چکۆلەیی خوالێخۆشبوو مەلامستەفا نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم خەسڵەتەی مامۆستا هەژار ناکامڵ و ناشیرین بنوێنێ، بەڵکو مەزنی و گەورەیی خودی هەژارە کە وادەکا خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم هەموو پیاهەڵگوتنە، نزم بوونەوەی پلەی ئەوی بکەوێتە مێشکەوە و حەسرەت بخوا، بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا بۆ شیکردنەوەی کەمتاکورتێکی ئەم چەمکە دەبێ لە دوو خاڵ ورد بینەوە:

(١) مەلامستەفا کێیە؟

(٢) مامۆستا هەژار چی ویستووە؟

(١) حاشا هەڵنەگرە کە بارزانی خۆی کەسایەتییەکی دیار و بنەماڵەکەشیان بنەماڵەیەکی خاوەن مێژووی بەربەرەکانێی دژی داگیرکەران و خوێنمژان بوون. مەلامستەفا وەکو قیبلەیەکی ڕووناکی دەر لە نێو تاریکستانی ئەم مێژووەدا خۆ دەنوێنێ. هەر لە سەرەتای دەست پێکردن و شکاندنی قفڵ و قەڕازی بەندیخانەی دوژمنانەوە تا ئەو کاتەی وەک غەریبێک لە هەندەران سەری نایەوە بە هەزاران کەسی شەیدای خۆی کردبوو. ڕەنگە بارزانی چ وەک سیاسەتمەدارێک و چ وەک تاکێک



گەلێک ڕەخنەی لەسەر هەبێت، چونکە ئەویش مرۆڤێکە و کام مرۆڤ هەیە کامڵ بێت؟ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە لای دۆست و دوژمن ئاشکرایە کە لایەنی هۆشیاری و ئازایەتی و لەکارزانی بەسەر هەموو خەسڵەتە لاواز و ڕەخنە هەڵگرەکانیدا زاڵ بوو. خوردبوونەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەم سەرکردەیە لەم وتارەدا ناگونجێ، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت هەشتێ لە مشتێکی خەسڵەتەکانی ئەم کەسایەتییەی دەسکەوێ با جگە لە نووسراوەکانی مامۆستا هەژار وەک کوردێک، بڕوانێتە بیرەوەری بێگانەکانی وەک: «نەجەف قولی پسیان» و «مورتەزا زەربەخت» و «حەسەن تەفرشیان» و «سەفەرخانی قارەمانی»، یان مێژوونووسەکانی وەک «جاناتان ڕێندێل» و «مەک داوڵ» و «کریس کۆچێرا».

(٢) لە لایەکی تریشەوە مامۆستا هەژار بۆخۆی باش هەستی بەم نیگایەی داهاتووی خوێنەران و خاوەن ڕایان کردووە کە لە پێشەکی سێیەمی (بۆ کوردستان)دا دەڵێ: «بارزانی نەک تەنیا بۆ من، بۆ هەموو نووسەران چا بوو. بۆ بێکەس وەختی خۆی کەس بوو. بۆ قانیع و مام هێمن و جگەرخوێن و گشت نووسەر و شاعیرانی بێ بەش و ناکام برابوو.» هەروەها دەفەرموێ: «لە سای ئەودا بەرگی لالایی و مەرایی ساڵەهای ساڵم سووتاند و هەودای ترسانم پساند و دەروازەی خەمم داخراو گرێی دەمم کرایەوە. لەوساوە لەبەر پێی ئەودا تا لێک دیدار ئاخرەت بووین چیم بە دڵدا دەهات دەمکوت. هەر تەنگانەشم بۆ دەهات دەیپاراستم...» دواتر و پوختەی هەموو پیاهەڵگوتنەکانی لە چەن ڕستەیەکدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەگەر کەسانێک وابزانن کە من بۆرە خزمەتێکم بە زمانی کوردی کردووە با مەمنوونی بارزانی بن، چونکە ئەو نەبوایە کەس پەڕێکی چاپکراوی لە نووسراوی من نەدەدی...».

جا کەوایە ئەگەر ئەم پاراستن و دڵدەدانەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا نەبوایە ئاخۆ هەژاری بێکەسیش لە گوێن «عەبدوڕەحمانی زەبیحی» بە خۆ و بە نووسراوەکانییەوە بێ سەروشوێن نەدەکرا؟ تۆ بڵێی ئەویش وەکو مامۆستا «حەسەن قزڵجی» لە سووچی تاریکی زیندانێکدا چرای بیری ڕووناکی نەکووژابایەتەوە؟

هەیاران! ئاخۆ ئەگەر ئەم پەناگایە بۆ هەژار نەبوایە بە ملوێنان پەیڤی کوردی دەچوونە سەر کاغەز؟ ئاخۆ ئەم کۆڵەکە قایم و بناغە پۆلاییینەی زمان و نەتەوەکەمان هەرەسی نەدەهێنا؟ ئاخۆ ئێستا منداڵ و لاو و بەساڵاچووی کورد بە فەلسەفەی «خەییام» و «مەلای جزیری» ڕادەهاتن؟ ڕێیان دەکەوتە ژوانگەی «مەم و زین»ی حەزرەتی «خانی»یەوە؟ بە بێ ئیزنی خان و سەرۆک عێلەکان لە دیوەخانی «شەرەفنامە» وەژوور دەکەوتن؟ یان وەک نموونەی شیعری، شاکاری «بەرەو موکریان»یان بەرگوێ دەکەوت؟

پێم وایە ئەگەر پەرۆی ئیحساس دادڕین و ڕاستەقینەی ڕووت و قووت ببینین، حەق نییە بەو ئەمەگناسییەی مامۆستا هەژار ڕوومان گرژ کەین و نێوچاوانمان تێکنێین.

## وەرزی خەیاڵ و شاکاری خوڵقاو

جوانترین و ڕازاوەترین و پڕ لە هەستترین شیعری مامۆستا هەژار شیعره درێژە ٥٦٦ بەیتییەکەی «بەرەو موکریان»ە. ئەم شیعرە شاکاری مامۆستا هەژارە و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا بێ گومان شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێ. نۆستالژی و ڕەنگدانەوەی غوربەت و هەست و خەیاڵ و ئەوینی تێکەڵ بە زمانێکی پاراو، سەرجەم پێکهاتەی ئەم شیعرەی لەخۆ گرتووە. سەفەری خەیاڵاوی مامۆستا هەژار لە بێ دەنگی شەوا و هاوکات لەگەڵ هەڵهاتنی مانگ دەست پێدەکا و لەگەڵ ڕوونبوونەوەی ئاسۆ و بارگە تێکنانی خێڵی کۆچەری شەو و گەڕاندنەوەی خەیاڵ کۆتایی دێت. لەم سەفەرەدا «پەشێو»ئاسا وەک پەڵە هەورێکی نەوی بەسەر هەموو کێڵگە و بوورە و بەیار و چۆلگە و ئاوەدانی موکریاندا دەسووڕێتەوە و سەر لە هاواڵ و ناسیاو و کەسوکار دەدا، خۆ لە ئامێزی پڕ بەزەیی دڵدار هەڵدەکێشێ، دەچێتە مەتەرێزی ئازادی و ورە دەنێتەوە بەر دار و بەردی موکریان. نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکان بەسەردەکاتەوە و لە خەویان ڕادەتڵەکێنێ:

**هۆنەر و نووسەرەکانت لە چییان**
**چۆنە تا سەر بە هەوای تۆ نەژیان؟**
**نیشتمان هەرکەسێ بۆی بمرێ نەمرد**
**لەشی سەر دووشە ئەوی بەهری نەبرد**



دەچێتەوە کۆڵانە خۆڵینەکان و لەگەڵ منداڵانی سەرقوت و لە خۆڵا گەوزیو مل دەنێتەوە لە مێشێن و تەوغییە و تۆپەڕاکرن:

**خواس و سەرقووت و لە خۆڵا گەوزیو**
**پیتی چووی پەل بوو بە دەستی قەڵشیو**
**مەزرەقم یار و هەواڵ مەڕ مەڕ بوو**
**قۆچەقانیم چەکی ڕاو و شەڕ بوو**

دەچێتە بەر سێدارە و بەڵێنی لەگەڵ هیواکانی خۆی و گەلەکەی تازە دەکاتەوە:

**چوار چرا ڕەنگە ببیسی دەنگم**
**وام لەسەر تێزە، هەواخوای جەنگم**
**تۆزێ ڕاوەستە ئیتر گوێ هەڵخە**
**ڕاخە کەوڵی ... و خوێ هەڵخە**
**دەچەقێنینەوە داری تۆڵە**
**شاخی شاخدار دەپەڕێ بۆ کۆڵە**
**با بە خوێن لاچێ دڵ پیسان**
**دەشەکێ لەو سەرە ئاڵا دیسان**
**دەدڕێ تۆز و تەمی ژێر دەستی**
**دەیگرین ڕەشبەڵەکی سەربەستی**
**گۆڕە سەگ ئەو دەمە وا دائەتەپن**
**تا زەوی زەوییە ئیتر لێت نەحەپن**

لەبەر پێی دایک و باب چۆک دادەدا و لەگەڵیان دەکەوێتەوە ڕاز و نیاز:

**دایە شەوگاری درێژ گریابووی**
**بۆ کوڕت دڵ بە نزا و بریا بووی**
**برتە ژێر خاکەوە ئاواتی دڵت**
**هەر بەهارت بوو وەرین پەلکی گوڵت**
**باوە نیازت بوو وەکو تۆ وابم**
**لە جیهان دوورەپەرێز، بۆ خوا بم**
**پێت وتووم چەندی لە تۆم پرسیوە**
**نیشتماندۆست بە، خودات ناسیوە**
**نیشتمانم کە ڕوانیم دیلە**
**باغی وا خۆش بەرەڵا و بێ چیلە**
**هەرچی داهاتە لە لادێ و شاران**
**بگرە هات ئەنقەرە بەغدا تاران**
**نیشتمان کە ئەوینت کەوتە دڵم**

**بێم و پەرژینێ بکەم باغی گوڵم**
**ئەو دەمەی دابدڕم کورد ئەخوا**
**لای هەژاران بم و نێزیک بە خوا**

دەبێتە پیرە هەڵۆیەک و لەسەر تاشەبەردەکانی تەرەغە لەنگەر دەگرێ و لە مەتەریزەکان ڕادەمێنێ و تیژ بە قووڵایی مێژوودا ڕۆدەچێ:

**تەرەغە کێوی لە مێژینەی کورد**
**کۆنە هاوڕازی سەفین و هەڵگورد**
**بێنی خوێن، دووکەڵە شینکەی باڕووت**
**با کە بۆت بێنێ لەسەرخۆ بێ پشووت**
**ئاوەدان دەبنەوە ناو سەنگەری تۆش**
**دڵ پتەو بە بە هەوای ڕۆژی خۆش**
**ئاگرت هەڵبێ وەکوو ڕابردووت**
**لاشی دوژمن دەکەمە ئاوردووت**

پێکێکی کیمیا هەڵدەدات و دەگەڕێتەوە سەردەمی لاوەتی و دەکەوێتەوە ئامێزی گراوی و پەلک و چرۆ دەردەکا:

**داخەکەم باوی کوڕێنیش لاچوو**
**هیچ هەتا سەر نییە واهات واچوو**
**چاوشەهێنێک دڵی گرتم ئەوسا**
**چەن لەبەر نازی ئەوا گیان چەوسا**
**تازە لاوێ دڵ و ڕوومەت سادە**
**مەستی سەرخۆش دەگەڕام بێ بادە**
**ڕێ نەدیو، چاو دەگەڕا بۆ باڵا**
**داوی دڵداری لە گەردن هاڵا**
**دانە فرمێسکە لە لام: سوێراوێ**
**دڵ هەیە و سواڵەتە لەتیان ناوێ**
**مامەوە، توامەوە، برژام، ئێشام**
**بەزەیی هات و دەسی ڕاکێشام**

سیپارە لە بن هەنگڵ دەنێ و شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو ژوورە گڵێنەکانی خانەقا:

**خانەقا دار و دەرت چیمەن و چیم**
**لە هەمووی هەڵدەقوڵێ بیرەوەریم**
**تات و ئاوی ، بەر و ناوی حەوشان**
**هەر لە میحرابەوە تا جێ کەوشان**
**میچ و بان، ڕێڕەو و مافوورە و بەڕ**
**تووەکەت، ڕیزی چنار و عەرعەڕ**
**وشک و تەڕ، حەوز و دەر و دیوارت**



**تازە و کۆن و خویاو پیوارت**
**داخۆ ئێستاش وەکوو پێشوو ماوی؟**
**دڵنیا و دڵگری پیر و لاوی؟**

## دوا وتە

مامۆستا هەژار وەک چۆن بە ڕوانین بە سەرجەم نووسراوەکانیدا دەردەکەوێ، لە ناو دیوانی شیعرەکانیشیدا بە هەمان شێوە، هێندی سەر بە ئەم کەلێن و ئەم قوژبندا کێشاوە و شیلەی لەم گوڵ و خوناوی لەو تەلاشە بەرد وەرگرتووە، کە لێدوان لە گشت شیعرەکانی لە کورتەباسێکی ئاوەهادا جێ ناکرێتەوە. بۆ نموونە وەرگێڕانە شیعرییە بە پێزەکانی وەکو «بەیتی سەرەمەڕ» و کۆپلە شیعرە ئامۆژگاری و تەنزەکانی کە لە دیوانی «بۆ کوردستان»دا میوانداریبیان لێکراوە، خۆیان سەربەخۆ لێدوانی زۆریان دەوێ و تەرخان کردنی بابەتێکی تایبەتیان گەرەکە. ئیتر با باس لە «مەم و زین» و «خەییام» و «جزیری» هەرنەکرێ.

**پەراوێز و سەرچاوە:**
**(١) کتێبی جومعە – ژمارەی ٦ – خەرمانانی ١٣٥٨.**
**(٢) پێشەکی چاپی سێیەمینی دیوانی «بۆ کوردستان».**
**(٣) لەگوڵەوە هەتا سووتوو ل٢٣٧، وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری کاروان.**
**(٤) وتووێژی چەندین ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ med.tv.**



# لایەنە بەرجەستەکانی کەسایەتی هەژار

د. سەباح بەرزنجی
(سلێمانی)

**پێشەکی**

مامۆستا هەژار کەسایەتییەکی گەورەی ئەدەبیات و کولتووری کوردییە، کە ناوبانگ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە لەسەر زۆرێک لە نووسەران و شاعیران و تەنانەت سیاسەتوانانی کوردستان، ئەو لە یەک کاتدا شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆژنامەوان، مێژوونووس و چالاکوانێکی نەتەوەیی بووە. کۆبوونەوەی ئەم ڕەهەندانە لە تاکە کەسێکدا هەم مایەی سەرنجە و هەم مایەی سەرسامی، ئەمەش وامان لێدەکات ئافەرین بنێرین بۆ ئەو گەل و کۆمەڵگا و ژینگە و فەزایەی کەسێکی وا لە ئامێزیدا هەڵکەوتووە و پەروەردە بووە، بۆیە پێویستە لە یادی شازدە ساڵەی کۆچی دوایی ئەودا ئاوڕێک لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئەدەبی و کولتوورییەکەی بدەینەوە، بۆ ئەوەی باشتر و زیاتر بەنەوەی نوێی بناسێنین. لەو ڕووەوە کە ژیاننامەی کەڵەپیاوانی ئەدەبی و هزری و ڕووناکبیری گوڕوتینێکی بێ وێنە بە ڕەوتی بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی دەدات.

**ژیانی هەژار (١)**

ژیانی هەژار بۆ خۆی مایەی تێڕامان و سەرنجی قووڵە و کاروانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە تا بووە بەو هەژارەی هەنووکە بە لووتکەیەک لە لووتکەکانی زمان و وێژەی کوردی هەژمار دەکرێت. لێکۆڵینەوە لە وێستگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو گەلێک دەرهاویشتەی گرنگی لێدەکەوێتەوە کە گرنگترینیان، قۆناغی خوێندنی بووە لە حوجرەکانی کوردستان، لای بابی کە بۆ خۆی

زانایەکی ئایینی شارەزا بووە لە ئەدەب و ویژەی کوردی و عەرەبی و فارسی، لە فەزای پڕ لە سۆز و ڕاستگۆیی حوجرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان، کە شوێنی فرچک گرتنی خوێندەوارانی کورد بووە بە شیعرو ئەدەب و حیکمەتی بەرز و قسەی نەستەق و پەندی قووڵ. لەرێگای ئەدەب و شیعری نالی و حاجی قادری کۆییەوە بڕوای پتەوی بە ڕیبازی کوردایەتی هێناوە و بڕیاری داوە ژیانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات و ئامانجیشی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی نەتەوەکەی بووە و لەم پێناوەدا ڕووبەڕووی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی و ڕژێمی پان عەرەبیزمی بەغدا بووەتەوە، ئەم دوو ڕژێمە کە لە ڕووی بنەما و بۆچوونی فیکری و سیاسی و سیستەمەوە زۆر دژ بەیەک بوون، کەچی لە دژایەتی و پیلانگێران نیسبەت بە خەباتی گەلی کورد هاودەنگ و تەبا بوون. هەژار بە هۆشیارییەوە دەست دەکات بە خەبات و لە قۆڵی ڕۆشنبیری و کولتوورەوە دێتە مەیدان، بە چەکی پێنووس ڕووبەڕووی دوژمنان و ناحەزان دەبێتەوە و لەم پێناوەشدا تووشی چەندین گیروگرفت و ڕاوەدوونان و دەربەدەری و ئاوارەیی بووەتەوە. تا ماوەیەکی زۆر مامۆستا هەژار شوێنێکی جێگیری نەبووە و ساتێک نەبووە بە ئاسوودەیی تێیدا بژی و دووربێت لە پاڵەپەستۆی سیاسی و قورسایی ژیان و هەژاری، بەڵام ئەم تەرزی ژیان و کۆسپ و گرفتانە نەک سەریان پێ نەوی نەکرد لە بەرانبەر دوژمن و نەبووە هۆی ئەوەی ڕادەستی ئیرادەی داگیرکەران ببێ و لە خەبات و بەرخۆدان ببەزێت، بەڵکو بووە بۆتەیەک و ئەوی زیاتر قاڵ و ساغ کردەوە بۆ ئەوەی خزمەتی گەورەو شایان بە گەل و وڵات و ئەدەب و ژیارەکەی بکات.

**بەشداری سیاسی**

ئەو بەشدارێکی چالاکی شۆڕشی کورد بووە و لانی کەم سی ساڵ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شایەتی زیندووی ئەو شۆڕشە بووە لە هەردوو بەشە کوردستانی ئێران و عیراقدا پێوەندییەکی نزیک و دۆستانەی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە هەبووە، هەر بۆیە کەسێکی بەئەمەگ و وەفادار بووە بۆ هەردوو ڕەمزی نەتەوەیی پێشەوا قازی و مەلا مستەفای بارزانی، شیعری جوان و گەرموگوڕ و پڕ لە سۆزی بۆ گوتوون و پڕ بە پێستی وشە لە ویژدانی گەلدا



بە نەمری هێشتوونییەوە. ڕۆڵی ئەو تەنیا ڕۆڵیکی پیاهەڵدان و شاعیری مەدح و پەسەنکردن نییە، ئەو زیاتر لە ڕاوێژکار و تیۆریسیەنی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی شۆڕش دەچێت، باوەکو ناحەزەکانی، زۆر جار ویستوویانە لە پلەو پایەی ئەو کەم بکەنەوە و بە شاعیری دەربار ناوی ببەن. لەبەر ئەو شیعرە داشۆرین و گاڵتەجارییانەی لە دیوانی بۆ کوردستاندا دژ بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی نووسیونی، کە بە پێوەری ئەو سەردەمە پێویست بوون و بە پێوەری ئەمڕۆ ناپێویست. ئەو پڕ بە پێستی وشە لە کەسایەتی بارزانیدا تواوەتەوە، لە ڕوخساری ئەودا هەموو ڕاستییەکانی سیاسەت و هەموو چارەسەرەکانی کێشەی دۆزی کوردی دەبینی، نەک بۆ ئەم دنیا، بەڵکو بۆ ئەو دنیاش هیوایەکی زۆری بە بارزانی هەیە، ئەم ڕاستییە لە وەسیەتنامەکەیدا بەڕوونی و بە جوانی دەردەکەوێت، کاتێک دەنووسێت: منی هەژار لە هەموو تەمەنی ژیانمدا هیچ کەسێکم بە قەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش نەویستووە. کە بەرانبەر بەو حەدیسە دەبێ حەشرم دەگەڵ ئەو بێ(٢). تا لە ژیاندا بوو یار و یاوەرێکی دڵسۆز و گیانفیدا و دوای مەرگیشی کەسێکی بە ئەمەگ و بەوەفا بوو بۆ بارزانی. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لە گەڵ سیاسەت هی کەسانی خاوەن بڕوا نەگۆڕە و هەموو کاتێک مایەی ستایشە، پێوەندییەکەش لە پێوەندی شێخ و مورید دەچێت، تا سەرکردەو سەرباز، چونکە پێوەندیی نێوان شێخ و مورید پێوەندییەکی ڕوحی و دەروونی و بڕواییە، بەڵام هی سەرکردەو سەرباز پێوەندییەکی شکڵی و ڕۆتینی و فەرمییە، هی یەکەمیان بە جەوهەر و ناوەڕۆکە، بەڵام ئەوی تر بە عەرەز و بە ڕواڵەت، بەڵام بۆ کەسێکی بیرمەند ناشێت ئا بەو شێوەیە مامەڵە لە تەک سیاسەت بکات و ئاوەها ببێتە دەروێشی سەرکردەیەکی سیاسی، کە دیارە ئەمە ڕەخنەیەکە لە مامۆستا دەگیرێت، پێویستی بە وەڵامێکی موقنیعە، وەڵامەکەش ئەوەیە کە هەژار هەر لە سەرەتاوە نەیویستووە کەسێکی سیاسەتمەدار بێت بەو ئەندازەیەی کە ویستوویەتی لە ئێشوئازاری گەلەکەی بەشداربێت و لە کاروانی شۆڕشەکەی دوانەکەوێت و پێی وابوو یەک سیاسەتی گشتی هەیە کە پێویستە هەموو کەسێک پێوەی پابەندبێت ئەویش بەرگری و داکۆکییە لە مافە

ڕەواکان، بۆیە وەک سیاسییەکی پیشەیی ئەم حیزب و ئەو حیزب پەتپەتێنی حیزبایەتی نەکردووە و نەیویستووە بە پلە حزبییەکاندا سەر بکەوێت تا بگاتە پۆستی گەورە و گرنگ و سەرنجڕاکێش، چونکە ئەو بە ڕاستی هەژار بوو، بۆیە حورمەتی هەژارییەکەی خۆی نەشکاند. بە هەژاری ژیا و بە هەژاری مرد.

### باری ئەدەبی و ڕووناکبیری

بنەڕەتیترین پایەی کەسایەتی هەژار بریتییە لە بارە ئەدەبی و ڕووناکبیری و کولتوورییەکەی، بە جۆرێک ئەگەر کەسێک لە بەرهەم و نووسینەکانی ورد ببێتەوە، هەست بە فرەچەشنی و قووڵی و فراوانییەکی سەرسوڕهاوەر دەکات، کاتێک دەبینێت ئەو لە هەموو بوارەکانی زمان و ئەدەبیات و مێژووی کورد و ئایین و جوگرافیای کوردستاندا ئەسپی خۆی تاوداوە و شاکاری کردووە. شایانی وتنە بەهرە و ناوبانگی مامۆستا هەژار هەر لە تافی لاوییەوە لە لایەن کەسێکی شارەزای وەک مامۆستا حەسەن قزڵجییەوە لە ژمارە ٣ی گۆڤاری هەڵاڵەدا لە بانەمەڕی ١٣٢٥ هەتاویدا ئاماژەی بۆ کراوە و هەر ئەویش لەو وتارەدا باس لەوە دەکات کە ئەفسەری زانا و بەرزی سۆڤیەتی (جەعفەری خەندان) کە عاشقی شیعرەکانی هەژار بووە، شیعرەکانی ئەوی بە زمانی ئازەری تەرجەمە و چاپ کردووە. (٣)

لەبواری زماندا فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی نووسیوە، کە فەرهەنگێکی کوردی فارسییە و پتر لە ٧٠ هەزار وشەی لە خۆ گرتووە و دەشێت ببێتە بناغەی ئەنسکلۆپیدیایەکی کوردی بایەخدار، ئەگەر دەزگایەکی پانوپۆڕی بۆ دابمەزرێت و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زمان پەرە بە بابەت و دەروازەکانی بدەن و زانایانیش کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، وەک ئەوەی بۆ لوغەتنامەی دیهخودا کراوە و دەکرێت. بۆ ئەوەی ئەم فەرهەنگە ڕۆژ بە ڕۆژ تازە ببێتەوە. جگە لەوەی لە هەناوی نووسین و تەرجەمەکانیدا، مامۆستا هەژار توانیویەتی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکا و تازەی بکاتەوە.

ئەم بارە ئەدەبی و ئاستە زانستییە بەرزە، گەیاندییە ئەوەی ببێتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، لە کەناری کەسانی گەورەی وەک شێخ محەممەدی



خاڵ و عەلائەدین سەجادی و مامۆستا مەسعوود محەممەد. ئەو لە کۆڕدا پلەو پایەیەکی تایبەتی هەبوو، بە سەنگی خۆی و بە حوکمی توانا و بەهرەی خۆی ئەو شەرەفەی پێ بڕابوو. نەک بە خاتری خاتران، هەر بۆیە لە و ماوەیەدا زۆر بە چاکی جێی خۆی کردەوە و بەرهەمی باش و گرنگی خستە سەر خەرمانی وشە و کولتووری کوردی، یەک لەوانە وەرگێڕانی شەرەفنامە بوو. ئەو کەسەی سەیری تەقریزاتی سەرەتای شەرەفنامەکە بکا، کە زانا مومتازەکانی وەک مەسعوود محەممەد و سەجادی و کەمال مەزهەر و ڕۆژبەیانی و مام هێمن نووسیویانە زیاتر لە پێگەی هەژار حاڵی دەبێت.

ئەم پێگەیەی هەژار لە لایەن خەڵکانی ترەوە لە زانایانی غەیری کوردیش پەی پێبراوە، کە بێ گومان قسەی ئەوان لە هی ئێمە زیاتر دەبێتە بەڵگەو سەنەد. وەک ئەوەی دکتۆر حەقشناس و دکتۆر فریهوەشی بە گەورەیی و شکۆوە باسیان کردووە و جێی خۆیەتی دۆستان و هۆگرانی مامۆستا هەموو ئەو شایەتی و بۆچوونانە کۆبکەنەوە، بۆ ئەوەی بچنە سەر تۆماری شانازییەکانی ئەم کەسایەتییە مەزنەوە.

کاتێک لەبەغدا لە خەستەخانەی توێسە دەیخەوێنن و لەوێ بە مەلامحەممەدی چروستانی ئاشنا دەبێت و پێکەوە دیوانی نالی دەخوێننەوە، مامۆستای چروستانی بەم موڵاتەفەیە هەست و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ هەژار تۆمار دەکات:

**کە بێ (ژێ) هاری و بێ (هێ) کە ژاری**
**وەها وریا و و ژیری، چۆن هەژاری(٤)؟**

دوای ئەوەی توانی بەسەرکەوتوویی قانوونی ئەبو عەلی سینا لە عەرەبییەوە بکاتە فارسییەکی ڕەوانی ئەمڕۆژی، بە سەربەرزییەوە بووە ئەندامی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، کە بێ گومان ئەمەش شانازییەکی ترە دەچێتە سەر تۆماری شانازییەکانی تر.

### شاعیریەتی هەژار

بەپێی گێڕانەوەی قزڵجی بێت هەژار لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا دەستی داوەتە شیعر نووسین و لە ماوەیەکی کەمدا ٢٠٠٠ بەیتی نووسیوە(٥). بێ گومان مەبەست ئەوە نییە کە هەژار یەکسەرە لەو تەمەنەدا دەستی بە

شیعر وتن کردووە. بەبێ ڕێ خۆشکردن و بەبێ پێشەکی، چونکە مەحاڵە بەبێ بوونی بەهرەی شیعری هەر لە منداڵییەوە شاعیرێتی لە کەسێکدا چرۆ بکات.

لەئەدەبیاتدا خزمەتێکی گەورەی بە کاروانی شیعری کوردی و شیعری فارسی کردووە، دیوانەکانی (ئاڵەکۆک ١٩٤٥) و (بۆ کوردستان ١٩٦٦) شایەتی توانا و قەریحەی بەرزی شیعری ئەون. چوارینەکانی خەییامی بە جوانترین شێوە و بە هەمان دەربای عەرووزی گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی و بووەتە توحفەیەکی ئەدەبی لە کتێبخانەی کوردیدا و بەڵگەیەکی ڕووناکە لە سەر توانا و باڵادەستی ئەو لە هونەری هۆنەریدا.

بەم هونەرە و بە پابەندبوونی بە هێڵە سەرەکییەکانی ئینتیزامی سیاسی چووەتە ناو دڵی خەڵکی خەباتگێڕ و زەحمەتکێش و گوزارشتی لە دەردو مەینەتییەکان و هەروا لە هیواو ئاواتەکانی گەل کردووە، تا گەیشتووەتە ئەوەی لە گەڵ هێمنی شاعیر نازناوی شاعیری میللی پێدراوە، شیعرەکانی ڕەنگاوڕەنگن و پڕن لە تابلۆی جوان و دیمەنی ناوازەی ژیانی کوردەواری و حیکمەتی ژیان و نەفەسی بە ئەزموونی خۆی، وێڕای قسەو نوکتەی خۆش. چاوگێڕانێک بە دیوانی بۆ کوردستاندا ئەو ڕاستییەمان لەلا بەرجەستە دەکات، کە ئەو لە هەموو مەبەستە شیعرییەکاندا لە نیشتمانی و نەتەوەیی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی منداڵان و گاڵتەجاڕی و تانەو توانج و داشۆرین و پیاهەڵداندا شیعری جوان و تەڕ و پاراوی هەیە، لەڕووی فۆرمەوە بە قاڵبی کێشی عەرووزی پابەندبووە و لە شیعری نوێ بێزار بووە، شیعرەکانیشی پارچەو غەزەل و قەسیدەو مەسنەوین. لە کێش و سەروادا هیچ گرفتێکی نییە و ئوستادانە و بەجێ وشەکان و دێرەکان لە جێی خۆیان داناوە، بۆ نموونە با تەماشایەکی ئەم کۆپلەیە بکەین لە بەیتی درێژی (بەرەو موکریان):

**مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ**
**کۆمەڵی هەورە سپیلکەی بەردێ**
**وەک منالی کزی باب ئاوارە**
**چاوەڕێ بوون وەگەڕێ دووبارە**
**وا ڕەوی مژ لەبەر ئەو پیوارە**
**گەش و ڕوون بوونەوە بەو دیدارە**
**بەلەز و هەڵپە هەموو زۆر بەدەون**



**هێندێ پێشڕەون و بڕێ دوا ئەکەون**
**گش بەرەو پیری ئەچن زووی بگەنێ**
**مانگ لە خۆشیان دەگری و پێش دەکەنێ**

**دیەنی ڕوون و جگەر سووتاوە**
**ئاگری دووری بە تین و تاوە**
**یەک یەکی گرتنە هامێز ڕووخۆش**
**هەورییە هەورو لە ڕوودا ڕووپۆش**
**پاش گەلێ ماچ و لە باوەش کردن**
**تیشکی زیوینی لەسەر بەش کردن**
**چاک و خۆشی لەگەڵ ئەستێران کرد**
**کەوتە خۆ و بووکی زەمینی جوان کرد**
**ئاوی کانیاوێ کە وێنە نوێنە**
**دڵی خۆی داوەتێ دڵبزوێنە.(٦)**

ئەو توانییەتی هەردوو غەرەزی دڵداری و نیشتمانپەروەری لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا پێوە گرێ بدا. بۆ نموونە لەم غەزەلەدا:

**ئەرێ ئەی کیژە کوردەی چاوکەژاڵە**
**ئەرێ ئەی شۆخوشەنگی چاردە ساڵە**
**ئەتۆ خوت کورد و خوێنی لاوی کوردان**
**بە (تورک)ی چاوی مەستت کرد حەواڵە**
**بەخوێنی مەی دەدەی ئاوی مژۆڵت**
**بژانگت بۆچی سەرنێزەی (کەماڵ)ە**
**ڕنووی سەر (ئاگریی) ن لاجانگ و کوڵمەت**
**لە خوێنی نەوجەواناندا شەڵاڵە(٧)**

یان لە غەزەلێکی تردا دەڵێت:

**نەسرینی قوندیلانەوو نازداری نەوجەوان**
**چاتر نموونە سوورە گوڵی باخی کوردسان**
**کوڵمت گەش و بەتینە وەکوو جەوری موستەبید**
**پرچت ڕەش و درێژە وەکوو ڕۆژی کوردەکان**
**بەژنت هەقی ژیانی هەموو میللەتی بچووک**
**ئازادی کوردسانە دەمت لێی دەدا نیشان**
**دوژمن بە تانگ لەسەرتە ئەتۆ تازە ساز دەکەی**
**لەم قەرنی بیستە تیری مژۆڵ و بڕۆی کەوان**
**چاوت هەواڵی بەختی منە ڕۆژ و شەو بەخەو**
**نازت میسالی دەردی منە دەم بەدەم گران**
**ئەگریجەکەت کە دێتە نەزەر ڕووتی گرتووە**

**دڵ ژان دەکات و دێتەوە بیر وەزعی نیشتمان**
**بەم کیژییەش دەزانی کە هاوخوێنی خۆت نەبێ**
**نابێ بە یاری بگری، (هەژار) بەسیەتی ئەمان(٨)**

بەڵگەیەکی تر لە سەر توانای شاعیری هەژار، وەرگێرانی چوارینەکانی خەییامە، لەو ڕووەوە کە پێش ئەو کەسانێکی تریش وەریانگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام هیچیان هونەر و پاراوییەکەی ئەمیان تێدا بەدی ناکرێت، ئەوەی ئەوان لە کوێ و ئەمەی هەژار لە کوێ؟ با چەند نموونەیەک لەو چوارینە نایاب و ناوازانە بهێنینەوە.

**پەندێکی منالەکەت بدە مامەی پیر**
**با بازی بە خاک و گڵ نەکا ژیری بەبیر**
**بێژنگی لەدەس دەرێنە بەس دابێژێ**
**کەللەی سەری پاتشاهو میر و وەزیر(٩)**

لە چوارینەیەکی تردا:

**بۆ گۆزەکڕین دەچوومە لای گۆزە کەرێک**
**سەد گۆزە بەمن پێکەنی هەریەک لە بەرێک**
**ئێمەی وەکوو خۆت ئەبەی سبەینێ خۆشت**
**وەک ئێمە دەبی بە گۆزە لای بێ خەبەرێک(١٠)**

چوارینەیەکی تر:

**ڕۆژی و تەمەنت پتر بکەی ناتوانی**
**بۆ زۆر و کەمیش پەرۆش و سەرگەردانی**
**زۆر دەستەوسانیت و بزۆزیشی بەدەم**
**ئاواتی دڵت لە مێو بکەی نازانی(١١)**

چوارینەیەکی تر:

**ڕابرد تەمەنم هەموو بە نافەرمانی**
**نەینۆکی دڵم لە چەوتی ژەنگی هانی**
**هێشتا بە ئومێدی بەزەییم چون هەرگیز**
**پێم وانەبوو دوانی، هەر بەتاکم زانی(١٢)**

چوارینەیەکی تر:

**بەخشین لە گوناهـ و هەڵە چاوپۆشینە**
**تۆ چۆن هەڕەشەت بە ئاگری پڕ تینە؟**
**ببەخشی بە نوێژانەوە کەسمان لە کەسە**
**بە گوناهەوە ببەخشە دەڵێم بەخشینە(١٣)**

هەژار شاعیرێکی زۆر ورە بەرز و ئومێدەوار بووە، لە تاریکترین ڕۆژگاری ژیانیدا هیوای ژیان و سەربەستی لە دەست نەداوە و بە گەشبینییەوە لە دوارۆژی ڕوانیوە، چاکترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە پارچە شیعرێکی بڵندی ئەوە کە ساڵی ١٩٥٧ کاتێک لە سووریا پەنابەر بووە وتوویەتی، لەم شیعرەدا هەم هونەری شاعیری و نەفەسی درێژ و ئایدیای فیکری و سیاسی ئەومان بۆ دەردەکەوێ، هەم گەشبینی ڕادەی دڵنیابوونی لە دوارۆژی گەلەکەی. ئەم شیعرە بەلای منەوە بەڵگەنامەیەکی گەورەی سیاسی و مێژوویی و جوگرافیاییە، جگە لەوەی کەشکۆڵێکی میللی و فۆلکلۆرییە و سەرگوروشت و تۆمارێکی مرۆڤناسانەیە لە مەڕ کورد و کوردستان.



## هەژار و هونەری وەرگێران

وەرگێران هەم هونەرەو هەم زانست و هەم تێگەیشتن لە هەلومەرجەکانی کات و شوێن و بابەت، کەواتە بۆ وەرگێڕێکی سەرکەوتوو پێویستە چەند مەرجێک فەراهەم بێت:

١- زانینی زمانی ئەسڵ و زمانی فەرع، وەکو یەک، یان لە ئاستێکی نزیک بە یەک بن.

٢- شارەزابوون لە ژانرەکانی گەیاندن و هونەرەکانی ئەدەب و ڕەوانبێژی و ئیدیۆم و میتافۆر و...لە هەردوو زماندا.

٣- بوونی سەلیقەو بۆچوونێکی تایبەت بە هەڵبژاردنی بابەتی پێویست و زیندوو.

٤- زانینی زمانێکی سێیەم و یاریدەدەر لە نێوان ئەسڵ و فەرعدا. بۆ دەست خستنی وەرگێردراوی دیکە و بەراورد کردنیان بە یەکتر.

لەم ڕووەوە ئەمڕۆ لە هەموو وڵاتان و هەموو ناوەندەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوە دا گرنگییەکی زۆر بە وەرگێران دەدرێت، وەکو پسپۆڕییەکی تایبەت و ورد حسابی بۆ دەکرێت و لەم بارەوە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و وتار نووسراوە.

کە دێینە سەر مامۆستا هەژار دەبینین ئەو سەرەڕای بوونی هەموو ئەم مەرجانە لە ئاستێکی زۆر باشدا، تەرجەمەکانی،سیماو ڕوخسارێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە جۆرێک بە ئاسانی دەتوانی تەرجەمەی ئەم لە هی دیکە جیا بکەیتەوە.

گەورەترین بەرهەمی لە ڕووی ناوەرۆک و پیرۆزییەوە

تەرجەمەی قورئانی پیرۆزە بە زمانی کوردی، لە ماوەیەکی نزیکەی هەشت مانگدا ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاندووە. تەرجەمەی قورئان کارێکی ئێجگار دژوارە و زۆر ئەستەمە وەرگێڕ بتوانێت قورئان وەربگێڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا هەژار ویستوویەتی لە ڕێگەی قورئانەوە خزمەتێکی مێژوویی بە زمانی کوردی بکات. بۆ ئەوەی لە قودسیەتی قورئان پشکێک بەر دەقە کوردییەکە بکەوێت، لە کاتێکیشدا ئەو کارەی ئەنجام داوە، کە بۆ خۆی خاوەنی مێژوویەک لە ئەزموونی وەرگێڕان بووە، لە لووتکەی تەمەنیدا کە دیارە تەکامولێکی زیاتری کردووە و تەفاعولێکی زیاتری لەگەڵ ڕوحی قورئان کردووە. بۆ خۆشی چاک دەرکی بە گرنگی کارەکەی کردووە، هەر بۆیە سەرەتا بە حەزەرێکی زۆرەوە لێی ڕوانیوە، بەڵام کە چووەتە سایەو سێبەری قورئانەوە، ئیتر مەجزووبی بەیان و بەلاغە و ئیجاز و ئیعجازی قورئان بووە و خوای پەروەردگار ئەو فەیزەی بە نسیب کردووە کە ئەو شاکارە بەرهەم بهێنێت، بەڵام چونکە وەرگێڕان جودایە لە تەفسیر و تەئویل، خوێندەواری کورد ناتوانێت بە تەنیا بەم تەرجەمەیە لە مەبەستەکانی قورئان شارەزا ببێت بە بێ گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی تەفسیر، کە لە ڕووی جیاوازەوە توێکاری و شیکاری ئایەتەکانیان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا وەرگێڕاوەکەی هەژار بۆ ئەوە دەشێت کە هەموو زانایەکی ئایینی بیکاتە کلیل و ڕابەر بۆ چوونە ناو جیهانی دەقەوە، بۆ تەفسیر و لێکدانەوەکانی، بۆ نزیککردنەوەی ئەو مەبەستانە لە زەین و عەقڵی جەماوەر.

ئەوەی کە لەم وەرگێڕانەدا زۆر سەرنجمان ڕادەکێشێت تەفەننونی مامۆستایە لە هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکان، بۆ هەرجارێک بە وشەو ئیقاعێکی نوێوە دێتە مەیدان و خۆ دەنوێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی سوود وەردەگرێت، وەک ئامادەکاران و توێژەرانی ئەم کارە دەڵێن: لە قورئاندا وشەی وا هەن کە زۆر جاران دووپاتە کراونەتەوە، مامۆستا بۆ مانای فرەیەک لەمانە یەک بەرانبەری دانەناوە و بە چەشنێکی زانایانە، لە زۆربەی ئەو جێگایانە وشەی وای بۆ دابین کردووە کە پڕ بە پڕی مەبەستی ڕستەکەیە. بەم وێنە جارێکی تر و جۆرێکی تر هێز و توانی زمانە شیرینەکەمانی نیشان داوە. بۆ نموونە وشەی کافر، ئەم بەرانبەرانەی هەیە:



خوانەناس، سپڵە، دین دوژمن، خۆبەزلزان، لەدین لادەر، ناشکوری کەر، ئێرەیی بەر، لە ڕێی خوا لادەر، بێ باوەڕ، لەدین پەژیوان، پێنەزان و حاشاکەر(١٤)..،

هەندێک وشەی کە بینیوە لە کوردیدا پڕاوپڕی نییە مانای بە پێی مانایەکی پەیوەست لێکردووە، بۆ نموونە وشەی (وحی) لە سوورەی نەجمدا: بە تێگەیاندن مانا کردووە، وشەیەکی تر لەو بابەتە وشەی (تسبیح)ە کە مانای کردووە بە پەسندکردن، ئەم شێوازە لە ناو زانایانی تەفسیردا زۆر باش پەیڕەوی لێکراوە، هەربۆیە مامۆستا بێ سێ و دوو بە کاری دەهێنێت و بۆ ئەوە دەشێت وەرگێڕەکانمان چاوی لێبکەن، بە تایبەتی لە دەقە ئایینی و فەلسەفی و زانستییەکاندا، چونکە زمان بەمە دەوڵەمەند دەبێ و گەشەی زیاتر دەکات. لە ئایەتەکانی میراتدا لە سەرەتای سوورەتی (نیساء)دا، کاتێک خوای پەروەردگار دەفەرموێت:" مِنْ بَعْدِ وَصِيَةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ "، مامۆستا هەژار بەم شێوەیە تەرجەمەی دەکات: پاش دانەوەی قەرز و قۆڵە و پێکهێنانی وەسیەتەکە. وەک دەبینین ئایەتەکە وەسیەتی پێش خستووە، بەڵام تەرجەمەکە دانەوەی قەرزی خستووەتە پێش وەسیەتەوە، وادیارە مامۆستا ئاگاداری تەفسیری فوقەها بووە، کە لە هەموو مەزهەبەکاندا دانەوەی قەرز بە خاوەنەکانیان پێش دەخرێت بەسەر جێبەجێکردنی وەسیەتدا. هەرچەندە لە ئایەتی دواتردا ڕەچاوی ئەم نوکتەیەی نەکردووە و دەقاودەق وەک قورئانەکە هێناویەتی. ئەو بە شێوەی سەجع تەرجەمەی کردووە، بەبێ ئەوەی مانای دەقە ئەسڵییەکە بفەوتێنێت، بەڵکو جوانتر و شیرینتری کردووە.

لە زمانە زیندووەکانی ناوچەکە شارەزا بووە، بەتایبەت لە زار و زارۆکەکانی زمانی کوردی ئاگادار بووە – هەرچەندە بە ئیقراری خۆی زاری هەورامی نەزانیوە و خۆزگەی فێربوونی خواستووە، بۆ نزیک کردنەوەی زارەکانی زمانی کوردیش دوو کاری نایابی ئەنجامداوە یەکەم حەماسەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بە هۆنراوە هێناوەتە سەرزاری موکریانی و ئەلحەق جوانی وەرگێڕاوە، دووەم شەرحێکی زانستی و ئەدەبی لە دیوانی مەلای جەزیری کردووە و دەستی خوێندەوارانی کوردی گرتووە بۆ چوونە جیهانی جوان و فراوانی ئەم شێخە مەزنەوە. ئەم

زمانزانییەشی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخان کردووە و کتێبی گرانمایەی پێ وەرگێڕاوە و فەرهەنگی پێ نووسیوە. لەبواری وەرگێڕاندا کتێبێکی نایابی دکتۆر مستەفا جەواد (پیری سەردەستەی مێژوونووسانی هاوچەرخی عەرەبی)ی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی سەبارەت بە (هۆزی لەبیرکراوی گاوان) و بەشێک لە (آثار البلاد و أخبار العباد)ی قەزوینی کردووە بە فارسی، کە بۆ خۆی کتێبێکە کاتی خۆی لە پەراوێزی (الحیوان الکبری)ی دمێریدا چاپ کراوە و مامۆستا بە پێویستی زانیوە وەک شاکارێکی جوگرافیای مێژوویی بیکاتە فارسی. لە هەمان کاتدا ئەو ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ کە کتیبی (القانون)ی ئەبو عەلی سینا بکات بە فارسی و حەقی مێژوویی ئەو زانا و حەکیمە گەورەیەی خۆرهەڵات بەسەر گەلانی ئێران و ئیسلامەوە ئەدا بکات و بە شێوەیەکی ئوستادانەی وا ئەنجامی بدات، کە دوورو نزیک سەرسام بکات. زووتر مامۆستا هەژار تەرجەمەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی کردبوو، کە ئەم کارەش لە ڕووی قەبارە و ناوەڕۆکەوە بە شاکار و داهێنانێکی تری ئەم زاتە دەژمێردرێت، لەو ڕووەوە کە ئەسڵی کتێبەکە بە فارسی بە پەخشانێکی ئیجگار زانایانە و ئەدیبانە نووسراوە و کەسی تر جگە لە هەژار نەیدەوێرا خۆی لە تەنگە بدات، هەم بابەتە مێژووییەکان پێویستیان بە جۆرێک دەربڕینی حەماسی و هاندەرانە هەبوو کە تەنیا هەژار دەرەقەتی دەهات. لە درێژەی گرنگیدان بە مێژووی کورد، کتێبە بەنرخەکەی مەستوورەی (تاریخ اردلان) یشی کرد بە کوردی و پەراوێزی جوانیشی لەسەر نووسی.

مامۆستا هەژار لایەنی هزری کۆمەڵایەتی و ئایینیشی لە تەرجەمەکانیدا ڕەچاوکردووە، هەربۆیە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێراندا چوار نامیلکەی دکتۆر عەلی شەریعەتی بیرمەند و نووسەر و ئایدیۆلۆگی گەورەی ئێرانی بە پەخشانێکی موسەجەجەع وەگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەو نامیلکانەش بریتی بوون لە:

١- دایە باوە کێ خراوە ؟.
٢- عیرفان بەرانبەری، ئازادی.
٣- ئارێ برا وا ڕابرا.
٤- یەک لە پەنای خاڵ و سفری بێ برانەوە.

ئەم کتێبانە لەو سەردەمەدا بە نیسبەت لاوانی



ڕۆشنبیری کوردەوە تازەو سەرنجڕاکێش بوون و لە قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و بۆ سرینەوەی بیر و بۆچوونی پووچی ئەفسانەو خورافات ڕۆڵێکی باشیان بینی، چونکە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە واقیعی کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەڕوانن.

زمانی هەژار بە گشتی زمانێکی دەوڵەمەند و پاراوە و خاوەن ئیقاعێکی مۆسیقایی سەرنجڕاکێشە. لەم ڕووەوە نووسینەکانی بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەرز، یەک لەوانە تێزی دکتۆرای کەریمی ئەییوبییە کە بۆ بەدەست هێنانی دکتۆرا لە فەلسەفەی ئەدەبدا پێشکەشی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی جارانی کردووە.

بە گوتەی نووسەر و ڕووناکبیر فەلەکەدین کاکەیی، هەژاری موکریانی کۆڵەکەیەکی بزاڤی ڕووناکبیری کوردی هاوچەرخە، ئەو بیرمەند و پیتۆڵێکی کولتووریی میللی کوردە پێش ئەوەی شاعیر و وەرگێڕ و پەخشانووس بێت.

### هەژاری نوکتەبێژ و قسە خۆش

کۆمەڵی کوردەواری هەمیشە شانازی بە کەسانی حازر جواب و نوکتەسەنج و قسە خۆش و مەجلیس ئارا کردووە، کە بێ گومان یەک لەوانە هەژاری ڕەحمەتی بووە. ئەمەش لایەنێکی تری کەسایەتی هەژاری نەمرە و بۆ ئەوە دەشێت بەدواداچوون و توێژینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت و هەموو نوکتە و قسە خۆشەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا کۆ بکرێنەوە، دیوانەکانی پڕن لە تەنز و لە قسەی نەستەق و بەتام، جگە لەوەی لە ژیانی ئاسایی خۆیدا زۆر قسەی خۆشی لێدەگێرنەوە (چێشتی مجێور)ەکەی زۆر ڕووداوی سەیروسەمەرە و سەرنجڕاکێشی تێدایە. وادیارە مامۆستا ویستوویەتی بەو تەنز و بزە خستنە سەر لێوانە ئەندازەیەک لە ڕەنج و مەینەتییەکانی خۆی و دەوروبەری کەم بکاتەوە و جاروباریش تانە و توانجێک بگرێتە دیاردەیەکی ناشیرین، وەک ئەمەی لە بەشێکی دیوانی بۆ کوردستاندا هێناویەتی:

**هەڵەی زمان:**
**ساڵێک لە دێیەک کۆلکە فەقێیەک**
**لەناو کتێبێک دیتی لە جێیەک**

دەڵێ شێخ فەرمووی هەتاهەتایە
پێستی پیسی سەگ دەباغی نایە
ئەمەی هەژنۆ جار پاتە کردەوە
پاش ڕەوان کردن ئاوای خوێندەوە
سەگ فەرموویەتی هەتاهەتایە
پێستی پیسی شێخ دەباغی نایە(١٥)

ئایەتی گۆپاڵ
بۆ سەفەر ئەچوو مەلای مەزمووره
دەشیگوت ڕێگام گوندێکی دووره
ژنەکەی وتی: ئایەتەلکورسی
بۆ تۆ زۆر باشە لە سەگ دەترسی
ئەگەر بۆت هاتن بۆیان بخوێنە
وتی عافرەتێ بەسم بدوێنە
سەگەلی لادێ نەخوێندەواره
لە قورعان ناگا چارە هەر داره
سوورەی گۆپاڵیان لەسەر دەخوێنم
ئەگەر تێم نەگەن دەمیان دەشکێنم(١٦)

بە کۆچی مامۆستا هەژار ئەستێرەیەکی پرشنگداری زمان و ئەدەب و حیکمەت و ئەزموونی کوردی کوژایەوە، بەڵام بەبوونی بەرهەم و شاکارەکانی، ناوی ئەو هەتا هەتایە لە مێژووی کورد و ئێران و ڕۆژهەڵاتدا دەدرەوشێتەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو هەژارەی خۆی بووە سەرمایەیەکی گەورەی نەتەوەیی بۆ کورد.

پەراوێزەکان:

(١) عەبدورەحمانی شەرەفکەندی هەژار کوڕی مەلا محەممەد لە بنەماڵەی حەسەنخالییە کە تیرەیەکی ماقوول و نێوبەدەرەوەی کوردی موکریان بوون، لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە سابلاخ لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە عاشقی چیای بەرز و هەوای ساف و دیمەنی جوان و بێ هاوتای کوردستان بووە و بە چاوێکی شاعیرانەو دڵێکی پڕ لە میللییەت ڕوانیویەتە کێو و کەژ و دەشتودەری کوردستان. بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزلجی، پاشکۆی ژمارە ٤، ژمارە ٣ گۆڤاری هەڵاڵە.

(٢) بۆ کوردستان ل٣٦٧.



(٣) بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزلجی، ئامادەکردنی موحسین قزلجی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، پاشکۆی ژمارە٤.

(٤) بڕوانە: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ل١٠.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٦) بۆ کوردستان ل ١١٤ - ١١٥.

(٧) هەمان سەرچاوە ل١١.

(٨) هەمان سەرچاوە ل ١١ - ١٢.

(٩) چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار ل١١.

(١٠) هەمان سەر چاوە ل١٤.

(١١) هەمان ل٧١.

(١٢) هەمان ل٧٨.

(١٣) هەمان ل٨٣.

(١٤) بڕوانە: پاشەکی وەرگێڕاوی قورئانی پیرۆز.

سەرچاوەکان:


١- بۆ کوردستان، هەژار، انتشارات هەژار، سنە پاساژ عیززەتی.

٢- چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، انتشارات سروش، چاپ سوم، ١٣٨٣.

٣- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، تجدید چاپ انتشارات صلاح الدین ایوبی، ١٣٦٤.

٤- سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزلجی، ئامادەکردنی موحسین قزلجی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٣.

٥- وەرگێڕاوی قورئانی پیرۆز ، مامۆستا هەژار.



# یادێک و گەشتێک بە هێندێ لە بەرهەمەکانی هەژاردا

حوسێن ئیبراهیمی
(مەهاباد)

ئایا پیاوانی گەورە کە سەدە و هەزارەیان بۆ دەگیرێ و بە دەگمەن هەڵدەکەون، لە چ هەلومەرجێکدا گەشە دەکەن و دێنە سەرێ. ئایا هەروا بە هەوەنتە و هاسانی، یان زۆر بە سەختی و گرانی؟ مێژوو پێمان دەڵێ: تا لەمێژووی مرۆڤ و گەلاندا کەند و لەند و بەرزایی و نزمایی ژیان هەیە، یان بە وتەی مامۆستا هەژار «یەکێ کۆک و پۆشتەیە و ئەوی دی ڕووت و ڕەجاڵە»، «تا یەکێ کۆشکی دە قاتە و ئەوی دی وێرانەماڵە»، زگ پڕ بوونی دایکی نیشتمان بەو جۆرە پیاوانە، نیازی مێژوویی گەلی بن دەست و ڕێزلێنان و ساڵوەگەڕیان جێی شانازی و شکۆدارییە.

گەلۆ، ئەوە یاسای پاک و بێ گەردی سروشت و قانوون و سوننەتێکی ڕەببانییە کە لە تەنیشت کۆشکی هەر فیرعەونێک مووسایەک و لەبن چنگی هەر ئەبولەهەب و ئەبوجەهلێکدا محەممەدێک هەیە، بێ گومان ئەگەر زوڵم و زۆر و دەستدرێژی تۆرانییەکان نەبا و قارەمانی و جوامێری و بوێری ڕۆستەم لەبەرانبەر ئەواندا نەبایە، شاکارە بە نرخەکەی فیردەوسی، واتە شانامە، کە ئێستا هەزارەی بۆ دەگیرێ و منەت لەسەر عەجەم دەکا کە بە دروست کردنی ئەو کۆشکە بەرزە، هیچ باو بارانێک گەزەند بە وێژە و ئەدەبی فارسی ناگەیەنێ، بەدی نەدەهات.

ئەگەر عیرفانی بەرز و زەریفی ئیسلام لەلایەک و کوشت و بڕ و بێ ڕەحمی و بێ بەزەیی چەنگیزی مەغۆل و هۆلاکۆ و تەیموور و بەدوای ئەودا گەرم بوونی بازاڕی ڕیا و تەزویر و دووڕوویی خاوەن دینانی بە ڕواڵەت نەبووبا، ئێستە هەرگیز دیوانە قورئانییەکەی حافز نەدەخولْقا کە بە وتەی مامۆستا هێمن لە پەنا دیوانە نالییەکەی ئێمە دەبێ لەسەر تاقەی هەموو ماڵێک هەبێ. کەوابێ کاتێک پیاو دەبێ لە زگ و زاکی نیشتمان و بە وجوود هاتنی ئەو جۆرە مەزنە پیاوانە

نائومێد بێ، کە دڵی ژیان و کائینات، لە خورپە و چرپە و جووڵە بکەوێ و مرۆڤ بە بە هەشتی بەرین شاد بێ، چونکە ئەوە تەنیا لەوێیە کە هیچ دژایەتی و بەرتەنگی و کێشە و دووبەرەکییەک لەنێوان مرۆڤ و تیرەو بەرەدا نییە و هەمووی سەرگەرمی خواردنەوە و عەیش و نۆش و کەیف خۆشین. تەنیا ئەوکاتە دەبێ فاتیحای هەڵکەوتنی ئەو جۆرە پیاوانە بخوێنین.

چ جوانیان گوتووە کە «ئاوی ژیان لە دڵی ڕەشاییدایە» و ئەگەر بتەوێ قومێک لە ئاوی هەرمانی ئەو کانی ژینە بخۆیەوە، دەبێ دڵی ڕەشی تاریکایی شەق بکەی. دیارە بۆ ئەو سەفەرە ئەستەمە، خۆ تەیار کردن بە توێشووی هونەر و زانست پێویستە. بۆ بڕینی ئەو حەوت خانی ڕۆستەمە و گەڕانی ئەو حەوت شاری عەشقی عەتتارە، پیاو دەبێ تووش هاتنی هەموو سەیر و سەمەرە و کارەساتێک لەڕێی لە باوەش گرتنی گەوهەری یەکتای مەبەست لەخۆ بگرێ. هەر وەک مامۆستا هەژاری نەمر و هەڤاڵانی هێژای لەخۆیان گرت. بێ گومان ئەگەر مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی و هاودێکانی، ملهوڕی و ڕەشەکوژی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی و نەداری و هەژاری و بن دەستی گەلەکەیان نەدیبایە و لەپێناوی ئەودا شەقیان لە هەرچی بەرژەوەندی و قازانجی مەودا نزیکی دنیا هەڵنەدابا و دووریان نەنواڕیبا و ئاسۆی بەرز و بڵندیان بەڕوونی نەدیبا، ئێستا خەبەرێک لە «بۆ کوردستان»، «مەم و زین»ی موکریانی، «شەرەفنامە»، «خەییام»ی کوردی، «هەنبانە بۆرینە»، وەرگێڕاوی «قانوونی ئیبن سینا» و لەسەرووی هەمووان وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بەزمانی شیرینی کوردی کە بەو کارەی، فەرهەنگ و زمانی کوردی تێکەڵ بە زمانی وەحی و ئیلهام و دەنگی فریشتەکانی ئاسمانی کرد، نەدەبوو. بەڵێ بەو کارە، سەدان وشە و زاراوەی زانستی و ئایینی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد و ئەو زمانەی دەوڵەمەندتر کرد.

هەژار و هێمن لە ئەنگوستە چاوی شەوەزەنگی ڕژێمی پەهلەویدا بە ژەکی شیعر و ئەدەبی بەرەنگاری. «دوور لە چاوی چەتە» کوردی هێنان فرچکیان گرت و خۆیان ڕاهێنا و بەخۆدا هاتن و بوونە نەمام و شەنگەداری بەری بۆ گەلەکەیان.

مامۆستا لە گەرمێن بووبێ و چ لە کوێستان، کۆک و پۆشتە بووبێ، یان ڕووت و ڕەجاڵ، دەربەدەر بووبێ، یان لەماڵی خۆی، لە خاکی عەرەب بووبێ، یان لە ئێران و ڕۆم. ئازا و ڕزگار بووبێ، یان زنجیر لەمل لە کۆڵانان هەژاری کردبێ، سوێندێکی گەورەی خواردووە کە بێ



منەت و تەمەن و نان و بەرگ، تا ڕۆژی مەرگ بۆ گەلی بێژێ، سوێندی بە ڕەنگی زەردی بێ نانان و نووستووی شەو لەکۆڵانان خواردووە، کە ڕۆژێ دێ، زۆرداران و نەیاران وەکو بەفری پار دەتوێنەوە و لافاوی مێژوو بە گوڕ و تینی خۆی ڕایان دەماڵێ؛ کە هیچ دوور نییە مامۆستای قورئانزان ئیلهامی لەو ئایەتە وەرگرتبێ کە دەفەرموێ:

«فأما الزبد فيذهب جفاء وأما ماينفع الناس فيمكث في الأرض» سورەی ١٣- ئایەتی ١٨

مامۆستا لە وەرگێڕانەکەیدا دەڵێ: «ئا بەم تەرزە خودا باسی ڕاست و دەغەڵ دەخاتە ڕوو، جا کەفوکوڵ لەناو دەچێ و هەر شتێ کە بۆ مەردم بەهرەی هەس دەمێنێتەوە».

مامۆستا لە وتووێژەکانیدا، خۆی بە شاعیر نەدەناساند و زۆرتر خۆی بە وەرگێڕ و نووسەر دەزانی، چونکە بەتایبەتی هونەری وەرگێڕانی لە ئاستێکی ئەوەندە بەرز دابوو، کە کاتێک بابەتێکی وەردەگێڕا لە شکڵ و شێوە و قاڵبێکی وادا دایدەڕشت کە مەسیحایانە ڕوحێکی دی وەبەر دێنا. بە جۆرێک کە هەر کەس وەرگێڕاوەکانی بخوێنێتەوە، وا هەست ناکا ئەوە بەرهەمی یەکێکی ترە و ئەو وەری گێڕاوە. بۆ نموونە، خەییامەکەی، یان کتێبی «عیرفان، بەرانبەری، ئازادی»، یان «دایە، باوە، کێ خراوە»، یان نامیلکەی «یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە» و باقی بەرهەمەکانی تری ئەوەندە مامۆستایانە وەرگێڕدراون، کە دەڵێی خۆی دایناون و لە ئەسڵەکە جوانترن. دیارە خوای نەکردە مەبەست قورئانەکەی نییە، چون ئەو زمانی وەحییە و زمانی بەشەر کورتترە لەوەی شتی وا بڵێ، بەڵام ئەلحەق لەوێشدا دادی داوە. بۆ نموونە و متفەرک ئاماژە بەو چەند ئایەتە شەریفە دەکەین کە وەزن و ئاهەنگ و ڕیتمی قورئانەکە وێڕای مانای واقیعی ئایەتەکان وەبەرچاو گیراون. لێرەدا ئایەتێک کە باسی نیشتنەوەی تۆفانەکەی نوح دەکا، دەفەرموێ:

«وقيل يا أرض ابلغي مائك و يا سماء أقلعي و غيض الماء و قضي الامر و استوت على الجودي وقيل بعداً للقوم الظالمين»

«ئەوجا گوترا زەمین ئاوت هەڵقوڕێنە، بەرزایی بەس ببارێنە، ئاو ڕۆچوو بە ناخی ئاخاو کار سەری گرت، لەسەر جودی لەنگەری گرت، وترا تارن ئەوانەی ناهەقی کارن.»

یان لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ:

«إن للمتقين مفازاً حدائق و أعناباً و كواعب أتراباً وكأسا دهاقا»

«بۆ پارێزگارانیش جێگەی بە ئاوات گەیشتن هەیە، باغستان و ڕیزی ڕەزان، پۆلە کیژی مەمک خڕی هاوتەمەنیش، پیاڵەی پڕیش»

ئەگەر هەڵوێستەک لەسەر ئەم ئایەتە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە مامۆستا، چ مامۆستایانە وشە کورت و پڕ مانا زۆرەکانی عەرەبی، ئەوانەی پێیان دەوترێ «موفرەدات» بە جوانترین و دڵگرترین شێوە لێک داوەتەوە: «حدائق و أعنابا»ی بە باغستان و ڕیزی ڕەزان، «کواعب» کە کۆی «کاعبە»یە، بە پۆلە کیژی مەمک خڕ وەرگێڕاوە. کە بەهێنانی پۆل، مانا کۆیەکەی گەیاندووە و کیژی مەمک خڕیش مانای «کاعب»ەیە. واتای «کواعب» لەسەریەک یانی پۆلە کیژی مەمک خڕ. «أتراب» کە کۆی «ترب»ە، واتا هاوتەمەنەکان. ئەو بەهێنانی تەنیا مانا موفرەدەکەی لەسەریەک دەگەڵ پۆلەکیژی مەمک خڕ جۆشی داوە، کە لە زمانی تەڕ و پاراوی کوردیدا دەگەڵ هێنانی پیاڵەی پڕ بۆ «کاسا دهاقا» پڕاوپڕ بە پێستی تەرجەمەکەیەتی. لە ڕاستیدا هەر ئەوەندەیە قاڵبەکە گۆڕاوە دەنا هەموو تایبەتمەندییەکانی حەزی ڕوحی و هەست بزوێنەکانی خۆشی و ئارامی دەروونی بە باشترین شێوەی گونجاو بۆ خوێنەری کوردزمانی قورئانخوێن گوازتۆتەوە و لە بابەت مانا و چێژەکەی هیچ کەموکورتییەکی نییە، بەڵکو بۆ قورئانخوێنی کورد بە زمانەکەی خۆی حەز و خۆزیای زۆر تریشی تێدایە و ئیمان و بیر و بڕوای بە پەنامەکییەکانیش چاکتر لە دڵ و دەروونا دەچەسپێنێ.

یان لە سوڕەی فەجردا کاتێ خوا سوێند بە بەرەبەیان و دە شەوەکان و تاق و جووتەکان دەخوا، مامۆستا لە هێنانی وشەی ڕەسەن و واتای ناسک و جوان دادی مانای داوە و سیحری حەلاڵی خولْقاندووە. بۆ نموونە دەفەرموێ:

«والفجر، وليال عشر، والشفع و الوتر، والليل إذا يسر، هل في ذالك قسم لذي حجر»

«سوێندەکە بە بەری بەیان، لە شەوانیشدا بە دەیان، بە جووت و تاک، بەو شەوگارە کە ڕادەبرێ، ئاخۆ سوێندی وەها خواردن بۆ خاوەن ئاوەز بەس نییە».

یان لە سوورەی پڕ پیت و بەرەکەتی «العصر»دا کاتێ دەفەرموێ:

«والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا و عملوا الصالحات و تواصوا بالحق و تواصوا بالصبر»



«سوێند بە هەڕەتی ئێوارە، مرۆ گشتی زیانبارە، مەگین ئەوی بوونەتە خاوەن باوەڕ و کارچاک بوون و یەکتریشیان بۆ کاری ڕاست دنەداوە و بۆ خۆگری ڕاسپاردووە».

بە ڕاستی کاتێک دەقە کوردییەکانی وەرگێڕاوی سەرەوە دەگەڵ دەقە عەرەبییەکەی قورئانە پیرۆزەکە بەراورد دەکرێ و بە وردی سەرنج دەدرێ و لە ڕیتم و وەزن و سەجعدا لێک دەدرێتەوە و ورد دەکرێتەوە و شی دەکرێتەوە، مرۆ تێ دەگا کە مامۆستا چ پسپۆڕانە ئەم وشە ڕەنگین و ئاهەنگینە هەڵبژاردە کوردییانەی لە بەرانبەردا هێناوە، تا بەم جۆرە ڕوح و گیانی وەحی و ئیلهامە قورئانییەکە، وەبەر زمانی کوردی بنێ و تێکەڵ بەدەنگ و چپەی پۆلی پەریانی ئاسمانی بکا و سەرتاپا واتا و مانا قودسییە پیرۆزەکانی ئەم کتێبە پیرۆزە، کە زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵە ڕێبواران و زانایانی بوارەکانی پسپۆڕی تەفسیر و حەدیس و کەلام و بەلاغە و ڕەوانبێژی و عەقیدە و مەنتیق و وێژە و ئەدەبی عەرەب و عەجەمی مات و خولیای خۆی کردووە، بە باشترین شکڵ و شێوە هێناوە و لەجێی خۆی گونجاندوویەتی و هەموو تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی تایبەت بە ئەم پیرۆزەی بەجۆرێک داڕشتووە، کە خوێنەری کوردی قورئانی خوا و پێغەمبەر لە بەرانبەر شکۆداری و سەرسامی ئەم دەزگا گەورە و گرانە کە ناوی ئەرز و ئاسمانە و پڕ لە نەزم و ڕاز و نیازە، هەست بە گەورەیی خوا بکا و ئەنجا «چ بە وێستان و چ لەسەر پشت، چ بەڕازان و لەسەر تەنشت» بە تەواوی وجوودەوە هەست بەوە بکا کە ئەمە کاری بەفیڕۆ نییە و لەو دیوی پەردەی پەنامەیەکی غەیبەوەیە و بێژێ «ربنا ما خلقت هذا باطلاً»، «ئەی پەروەرەندەمان تۆ ئەم دەزگایەت بە فیڕۆ ساز نەداوە» (س٤، ئا ١٩١).

یان لە وەرگێڕانی سوورەی «مسد»دا کە خوا دەفەرموێ:

«تبت يدا أبي لهب و تب، ما أغنى عنه ماله و ما كسب، سيصلى نارا ذات لهب، وامراته حمالة الحطب، في جيدها حبل من مسد»

«ئەبولەهەب هەردوو دەستی شەلە بێ و عومری نەمێنێ، نە سامانی و نە ئەوەی پەیدای کردووە بەهرەی بۆ دا، هەربینا ئاگری بەگڕ ئەی سۆزێنێ، ژنەکەشی دەستەچیلە بەکۆڵ دێنێ، گورزەهۆنی سیرمەی دوبادی لە مل دا».

مامۆستا بەم تەرجەمە پەخشانییە لەم سوورەتە نورانییە، کە دەڵێی سیحری حەلاڵ و ئاوی زوڵاڵ و زێڕی قاڵە لە زمانی خودا بە زمانی کورد، خەسڵەتی دژە

ئایینی و ئینسانی بولههەب و ژنەکەی بۆ سەرجەم مرۆڤ و بەتایبەتی کەسانی ڕژد و چاوچنۆک بەیان دەکا، کە ئامانج لە ژیانی ئینسان هەر خڕ کردنەوەی ماڵ و سامانی بێ کەڵک و خێر و بێر نییە، کە زۆر جار بەرهەمی دەستدرێژی بۆ سەر هەقی خەڵکانی دیکەیە. پێمان دەڵێ ئەوە نییە ماڵ و سامان بۆ بولهەهەب سوودی نەدا و بە وەستانی لەبەرانبەر تەوژمی هەقدا دەگەڵ ژنەکەی کە گورزەهۆنی سیرمەی دوبادی لە مل دەکرد و دەستە چیلەی بەکۆڵ دێنا تا ئاوری شەڕ و ئاژاوە هەڵگیرسێنێ، لە پەسلان دەکەونە دۆژەهێش و لە دنیاشدا کەوتنە زبڵدانی مێژوو. کە وابێ لەم ڕوانگە سوننەتە ڕەبانییەدا، کە مزگێنی قورئانییە، ئەوە بەها پیرۆزەکانی وەک ڕاستی و دروستی و داد و خۆشەویستی و برایەتی و پێکەوە ژیانی ئینسانی و قەبووڵ کردنی یەک و لێک حاڵی بوونە کە هەرچەند، لە سەردەمی بولهەهەب و بوجەهلاندا، کزی بێن و زەرد بنوێنن، لە درێژخایەندا زاڵ دەبن و سەردەکەون و گەش دەنوێنن. «وترا تارن ئەوانەی ناهەقی کاران»، (و قیل بعد للظالمین).

پاش تەرجەمەی قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامی مامۆستا سەرنجڕاکێشن، هەرچەند بۆ شی کردنەوەی قووڵی ئەوان لە باری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، بە وتەی حەزرەتی مەولەوی: «دست ما کوتاه و خرما بر نخیل»ە، بەڵام وەک پێشتر باسم کرد، مامۆستا هونەری وەرگێڕانی لە حاندێکی ئەوەندە بەرز دایە، کە کاتێ بابەتێکی وەرگێڕاوە، لە شکڵ و قاڵب و شێوەیەکی وادا دایڕشتووە کە مەسیحایانە ڕوحی وەبەر ناوە. بە جۆرێ کە خوێنەر هەست بە وەرگێڕاو بوونی ناکا و وەک بەرهەمێکی سەربەخۆ لێی دەڕوانێ. ئەو مەبەستە لە چوارینەکانی خەییامدا دەردەکەوێ و هەر وەک مامۆستا هەژار خۆی لە ئاخر و ئۆخری سەرەتاکەیدا دەڵێ:

«نەشم ویستووە فارسی فێری کورد بکەم، واتا وشە بە وشە و بەند بە بەندم نەگۆڕیوە، تەنیا بیرمەندی خەییامم بە کەشم و بیچمێکی کوردانەوە خستۆتە بەرچاوی هاوزمانانم. جا ئەگەر چاک بن، یان چرووک بن... هەرکەس پەڵەم بۆ هەڵگرێ وشەم بۆ پینە بکا، سوپاسی دەکەم.»

نووسەری ئەم دێرانە لە هاوینی ساڵی ١٣٤٧، کە تازە چوارینەکانی خەییام بە وەرگێڕانی مامۆستا لەلایەن دەزگای شۆڕش لە چاپ درابوون و تازە کەوتبوونە بەردەستی خوێنەران، لە یەکێک لە گوند و زەنوێرەکانی کوردستان، «مارەدوێ»، لەبن سێبەری دارگوێز و هەنجیر



و توو، ئەوەندەم خوێندبوونەوە و وەرد دابۆوە کە زۆربەیانم هاتنەبەر، یان ئاگام لێ بوون. ئێستاش دوای چل ساڵ کە لەو کاتە تێ دەپەڕێ، هێندێکیانم هەر لەبەر ماوە و زۆر دەگەڵیان دەڕاوێنم و بە خۆشی و تەڕ و تازەبوونیان سەرسامم و بەخوێندنەوەیان شادم، بۆیە پێم خۆشە چەند نموونەیەکیان لێ بێنم و چ نەبێ لانی کەم تێیان ڕامێنم.

مامۆستا بەوپەڕی لێزانی و پسپۆڕی پوختە و کاکڵی هێندێ لەو مەبەستە گرێ پووچکانەی کە باری فەلسەفی، یان کۆمەڵایەتییان هەیە، یان هێندێ لەو ڕووداوانەی ئەم دەزگا گەورە و گرانە، کە ناوی ئەرز و ئاسمانە و بەسەر بەمۆر ماونەتەوە و جێی مشتومڕی زانایان و پسپۆڕانی بواری فەلسەفی و کۆمەڵایەتین، وەستایانە لەنێوان جەبر و ئیختیار و دیار و نادیار، یان تەمومژدا هێناویەتی و نیشانی داون، هەرکەسەش بەپێی زەوق و سەلیقەی خۆی مەبەستی خۆیان لێ دەردێنێ و بەهرەیان لێ هەڵدەکرێنێ. ڕەنگە باری گرێ کوێرەکانی زۆربەی ئەم چوارینانە، دەگەڕێتەوە سەرباری نەبوونی ئاگایی کۆمەڵایەتی و نەوێرانی دەربڕینی بەڕاشکاوی بیر و باوەڕی بوێری و ئازادی، هەروا دابونەریتیش، لە بەردەم لێکدانەوەی زانستی ڕێ گرن. نایشارینەوە کە هێندێ لە خاوەن ڕایانیش پێیان وایە، برێ لە چوارینەکان باری مەنفی کۆمەڵایەتییان هەیە و مرۆ بۆ فەلسەفەی خۆش باشی و دەم غەنیمەت ژمێری، یان بێ تەفاوەتی و دەرفەت قۆزتنەوە، جا دەستکەوتەکە بە هەر لایەکدابێ، هان دەدەن و دەڵێن: تا هەی ئەوپەڕی کەڵک لە خۆشی وەرگرە، تۆ مرۆی، نە سەوزە و کەوەری، ئەگەر بەواتایەکی «هێمنانە» بیڵێین: «دۆلار لە برەو نەکەوێ- با کوڵەوار و بێ داپیرێ». کە ئەو تەرزە بیرکردنەوە، ڕەنگە پیاوی لە تێکۆشان و هەستی بەرپرسی بەرانبەر بەکۆمەڵ، سست و سارد کاتەوە، کە ئەوانە کەم و بە دەگمەنن. شایەدیش لە باری فەلسەفییەوە هێشتا گرێ پووچکەی زۆرێک لەو باسانە نەکرابێتەوە. بەتایبەتی لەو دەور و زەمانە کە خەییام ئەوانەی تێدا وتووە، گرێ کوێرەی مەسەلەکان دەگەڕێتەوە سەر مومکین نەبوونی دەربڕینی بیر و ڕای ئازادانە و ڕاشکاوانە. کە خەییام وەها ئاماژەی پێ دەکا:

**ڕۆژ زۆر گەورەیە چۆن بەتۆیە قوڕ وەیشێرم**
**زانام بە گەڵێ نهێنی خۆ دەبوێرم**
**زۆر پڕ لە گەواهیراتە دەریای بیرم**
**دەرخستن و شاندانی بەکەس ناوێرم**

شاعیر زۆر بە ڕاشکاوی گلەیی لەوە دەکا کە ناوێرێ بیروباوەڕی لە مەڕ هێندێ بابەتی کۆمەڵایەتی، یان فەلسەفی بە ڕوونی دەربڕێ، بۆیە زۆرجاران مەسەلەکە بادەدا و دەیپێچێتەوە و لەدوان بەشێوەی زانستیانە خۆ دەبوێرێ، یان ناوێرێ بە واتایەکی تر زۆر سادە دەڵێ «لایان هەڵەیە لە ژینی خۆشم بدوێم». هێندێ لە چوارینەکان لە باری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە لووتکەدان، بە ئاشکرا پیاو بەرەو تێکۆشان هان دەدەن و دەڵێ گەنجی بێ ڕەنج و گوڵی بێ دڕک نابێ و ئەمە سوننەتێکی ئەم کائیناتەیە:

**گەنجت دەوێ ڕەنجی دەوێ وا هات، وا چوو**
**کێ گوڵ دەچنێ دڕکی لە دەستی ڕاچوو**
**تا شانە نەبوو لەت لەت و جەرگی و پارە**
**کەی دەستی بە کاکۆڵی جوانێکدا چوو**

هەروا خەییام لە چوارینێکی تردا پیاو بۆ ژیانێکی بێ منەت هان دەدا هەرچەندە برێ پەرگیری و دوورەپەرێزی پێوە دیارە:

**هەرکەس کە دەستی بە تیکە نانێ برەسێ**
**لاکۆخێ هەبێ شەوانە تێیدا وەحەسێ**
**چەند خۆشە ژیانی وا چ ئازادەیە دڵ**
**بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەستی کەسێ**

یان دەفەرموێ: «**مەردایەتی مەفرۆشە لەپێناو تاوێک**».

خەییام لە چوارینێکی تردا لە هەلومەرجی ناجۆردا هونەر و جوانی بەمایەی دەردەسەری دەزانێ و دەڵێ:

**گریا گوڵێ بۆ گوڵاو سەر ئاگر نریا**
**ئەم بۆن و بەرامەیەم نەبوویا بریا**
**نرخی هونەر و جوانییە دەیبا گەردوون**
**کێ پێکەنی جارێکی هەزار جار گریا**

گوڵ کە لێرەدا هێمای پیاوی هونەرمەند و بەکەڵکە، دەڵێ سەد بریار ئەم بۆن و بەرامەم هەر نەبوویا، چونکە ئەوەیە بۆتە هۆی دەردەسەریم، بۆیە ئاگرم وەبەر دەدەن و دەمکوڵێنن، تا عەتر و بۆن و بەرامەم لێ وەرگرن. کەوابێ ئەوە نرخ و هەزینەی هونەر و جوانی منە. هەر دابی زەمانە وایە و دڵێی یاسایەکی نەگۆڕی گەردوونە. هەر کەس جارێکی پێ بکەنێ، لە نرخی ئەو پێکەنینەدا دەبێ هەزار جار بگرێ. بۆ نموونە حافزی شیرازی-ش ئەو مانایە دەگەیەنێ و پێی وایە جاری وایە هونەر دەبێتە مایەی مەحروم بوون و بێ بەشی و دەرفەموێ:



**عشق می ورزم و امید که این فن شریف**
**چو هنرهای دگر موجب حرمان نشود**

ئێستاش بەهێنانی یەکێک لە چوارینەکانی خەییام کە تەمومژی بێ باوەڕی و دوودڵی لەمەڕ باوەرمەندی خەییام بەخوای تاک، دەرەوێنێتەوە، کۆتایی بەم بەشەی باسەکەمان لەسەر چوارینەکان دێنین:

**ڕابرد تەمەنم بە نافەرمانی**
**نەینوکی دڵم لە چەوتی ژەنگی هانی**
**هێشتا بە هومێدی بەزەییم چون هەرگیز**
**پێم وانەبوو دووانی، هەر بەتاکم زانی.**

مامۆستا هەژار هەرچەندە خۆی بە شاعیر نەدەزانی و بە هەڵە هێندێک پێیان وایە، زۆرتر نازمە تا شاعیر، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە لە هەڵەدان، چونکە لە شیعری «بەرەو موکریان»دا بیرو خەیاڵی ناسک و سنعەت و بەیانی شیعر بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، وەک (تەشبیە و ئیستعارە و کنایە و جیناسی تام و ناقیس و هەموو زاراوە هونەرییەکانی ئەو عیلمە)، دەبیندرێ. بەڕاستی بەرەو موکریان لە چڵەپۆپەی سنعەت و بەیانی شیعردایە. با چاوێکی کورتی پێدا بگێڕین، داخۆ وایە: مامۆستا کاتێک لەودیوی سنوور «سەیری خاکی موکری دێ بەدڵدا»، لە شەوێکی فێنک و خۆشی هاوینی، یان مانگەشەوێکی بەهاردا، خەیاڵی سواری کەحێلی شنەبا دەکا و سەفەرەکە بەو سەرەتایە دەس پێ دەکا:

**شەوە تاریکە کش و ماتە زەوی**
**کەوتە خەو کێوی، کەوی دار و دەوی**
**توتەک و گۆین و کوند و شیارن**
**ڕۆژ وچانیانە بە شەو پڕ کارن**
**لەو هەموو جانەوەرەی وەردەکەوێ**
**نازەنینیش هەیە لای لایەی دەوێ**
**شنە بای وردە گوڵاو دەپژێنێ**
**پێی سپێراوە گەڵا ڕاژێنێ**
**خوڕ خوڕی ئاوە لە بەفری سەرکەل**
**خۆش هەوای تێکەڵە زەنگی سەرگەل**
**مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ**
**کۆمەڵێ هەورە سپیلکەی بەردێ**
**ئاوی کانیاوێ کە وێنە نوێنە**
**دڵی خۆی داوەتێ دڵ بزوێنە**
**شەوەکی و بولبولە دەچریکێنێ**
**تا بە لاوک دڵی گوڵ بستێنێ**

**ده ئەتۆش هەستە خەیاڵی خاوم**
**من ئەگەر تۆم نەبێ زۆر داماوم**
**لەم هەژارخانەیە بم هێنە دەرێ**
**بمبە دەشت و دەرێ بمگێڕە سەرێ**
**دەست و بردێ شنەبام بۆ زین کە**
**جێم لەگەڵ خۆت لە هەیڤ دابین کە**
**سەیری خاکی موکریم دێ بە دڵا**
**تا نەچوین خۆم و دڵ و تۆش بەگڵا**

ئەنجا مامۆستا لەو سەفەرە خەیاڵییەدا دێتە دەشتی لاجان و یادی ئەوە دەکا کە کاتی خۆی چاوی کارمامزێک خستوویەتە کەمەند و دەڵێ:

**چاوی کارمامزی خستمیە کەمەند**
**نازی پێدام و دڵ و هۆشمی سەند**
**هێندە فرمێسکە لەوێ ڕشتوومە**
**هێندێ لەو ڕازە لەوێ ناشتوومە**
**بێتە دەر گۆلە لە خوێناو پڕ خوێ**
**بێتە بەر درک و گوڵی لێ دەڕوێ**
**چاوی من بوو بەدرێژی شەوگار**
**مەلە بارانی دەگەڵ هەوری بەهار**
**من و پەروانە دەمانکردە گرەو**
**کێ لە سووتان بەگڕە من یا ئەو**
**گڕ و یار کێیە لە کێ جوان چاکتر**
**شۆقی یار دەردەکەوت ڕووناکتر**

ئەنجا پاش یادێک لە «ماسوێ» و «قازباوێ» و «پردی سوور» و «باغی میکاییل» و «داری خەزایی» و «گراو» و «تاقەدار» دێتە ناوشار و یاد و بیرەوەری ڕۆژگاری تێکۆشانی بەدڵدا دێ.

ئەوجا گەڕەک و کۆڵان و مزگەوت و خانەقاکان و خەڵکی ناو بازاڕ و زۆر شوێنی تر بەسەر دەکاتەوە و یادێک لە دۆست و هاوەڵانی کۆنی دەکا و بۆ نموونە شاعیر و نووسەرەکانی ئەو مەڵبەندە دەدوێنێ و ڕوو لە هەڤاڵی هەرە خۆشەویستی دەورانی لاوی و گەنجی، واتا مامۆستا هێمن دەکا و دەڵێ: «دەبا بیشێلم».

**لێم گەڕێ دڵ بە زوخاو خوێنم**
**با لە دوور دوورە برام بدوێنم**
**کاکە مەرجی من و تۆ کەی وا بوون**
**کەی تیانابوو لە یەک دی جیا بوون**
**هەرچی دەرد و کوڵە بەر من بکەوێ**
**تۆش وەکو خۆشی بەجێ مێنی لەوێ**
**ئەوە چت کردووە بێ من هێمن**
**تیر و تانەت فرە لێمن پێمن**



**لێم ببوورە کە ئەوەند بەرلۆمی**
**شینە بۆ خۆمی دەکەم تۆش خۆمی**

کە هیچ دوور نییە ئەو شێلانە هۆیەکی هاندان و ئاوارە بوونی مامۆستا هێمن و پێک شاد بوونەوەیان لە هەندەران بووبێ. مامۆستا دوای ئەوە لە مەهاباد تێر دەگەڕێ، بە «زاوابووکان» و گوندی لاچین-دا دەشتە «شیلاناوێ» و دەڵێ:

**شایی هێمن بوو، هەژار هەڵدەبەزی**
**دۆیەکی هاتە دەس و مێشکی تەزی**

ئەنجا بە «سارەوانان»دا تێ دەپەڕێ و یادی «یادێ» واتە دایکی دەکا و دەشتە «شەرەفکەند» و «خانەقا». ئەوجا پاش یادی زۆر مەڵبەندی تر بەرەو ناوچەی بۆکان وەڕێ دەکەوێ، بیرەوەری کێوی «تەرەغە» و گوندەکانی دەوروبەر دەکا، دێتە سەر حەوزە گەورەکەی بۆکان و ڕوو بە «قەڵای سەردار» ڕادەوەستێ و دەڵێ:

**ئەو قەڵایە کە بەرز وێستاوە**
**دوور لە ئێستا کە هەوارگەی پیاوە**

ئەوجا دوای ئەوە کە لە شاری بۆکان سەیرێکی جوانی دەکا، مەبادا ڕۆژ بێتەوە و «جەزایەرچی» پێ بزانن بەم جۆرە دوایی بەگەشتەکەی دێنێ و ماڵاوایی دەکا:

**گیانە مەودا کەمە ئاسۆ سوورە**
**بیر نەبووژێتەوە ڕێمان دوورە**
**وەختە لێلایی لەبەرچاو بڕەوێ**
**خێڵی شەو کۆچەرە ڕۆژ دەردەکەوێ**
**بە هومێدم کە ڕۆژی ڕۆشن**
**تیشکی ئازادی، خەمان داپۆشن**
**ئەی موکریان بەخودات دەسپێرم**
**یادگار وەرگرە ئەشکی سوێرم**
**بێ منیش خۆش بە مەکۆی بیرەوەریم**
**تۆ بەجێ هێشتنە هۆی کوێرەوەریم**



# هەژار، خەییام وەرگێڕان، هێرمێنۆتیک

سەلاحەدین حوسێن پەناهی
(سنە)

## مەبەستی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە

مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە زەق کردنەوە و بەرچاو خستنی ئەم ئامانجەیە کە مامۆستا هەژار بە کەڵک وەرگرتن لەو کەرستانەی کە هەوڵی خوێندنەوەی سەرلەنوێی چوارینەکانی خەییامی پێ داوە. لەو تارەدا هەوڵ دەدەین چاوێک بەگرنگترینی ئەم کەرەستانەدا بخشێنین کە بریتین لە:

١- ڕێبازی هێرمێنۆتیک وەک هونەری تێگەیشتن لە ناخ و بیر و ڕای سەرەکی نووسەری دەق.

٢- بیروڕای مامۆستا هەژار دەربارەی کەسایەتی خەییام بۆ ئەوەی لە وەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتوو بێت.

٣- هونەری وەرگێڕان و تایبەتمەندکردنی وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام.

٤- داڕشتنی شێوازێکی نوێ بۆ وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا. واتە مامۆستا هەژار سەبارەت بە هەر وەرگێڕانێک خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێی هەبووە.

## پێشەکی

چوارینە، یان quartrain یەکێکە لە قاڵبەکانی شیعری سوننەتی فارسی کە لە چوار نیوەدێر پێکهاتووە. لە چوارینەدا نیوەدێرەکانی یەک و دوو و چوار هاوسەنگن، بەڵام جاری واش هەیە کە لە نیوەدێری سێیەمدا ئەم مەرجە ناپارێزرێ. نیوەدێرەکانی چوارینە لە باری ماناوە لێک گرێ دراون و ماکەی سەرەکی پەیام لە دێرەکانی ترەوە بە دەستەوە دەدات.

وشە دژوار و گرێدراوەکان: هەژار، خەییام، مەی، ساقی، هێرمێنۆتیک، وەرگێڕان، چوارینە.

## هونەری وەرگێڕان

وەرگێڕان کارێکی زۆر گرنگ و دژوارە و هیچ کاتێک ئاسان بە دەستەوە نایە، مەگەر وەرگێڕەکەی زۆر بلیمەت و لێهاتوو بێت، بۆیە زۆر کەس دەڵێن

وەرگێڕان وەک ژن، جوانییەکەی هەڕەشەیە لەسەر پاکییەکەی و جوانی و پاکی زۆر پێکەوە سازگار نین، بەڵام لە وەرگێڕاندا ئەگەر شارەزاییمان لە نەریت و زمانەکەدا هەبێت، ڕەوشتی بەرهەمەکان، هەم پاک دەبێت و هەم جوان؛ ژنەکەش ڕەنگی پاک و جوان و ڕازاوە لەخۆ دەگرێت!

کە باس لە ئاگاداری وەرگێڕ کرا، دەمەوێت ئیدیالێک بێنمەوە، بۆ وێنە پەندێکی سوێدی هەیە کە مانای وشە بە وشەی دەبێتە «هەموو منداڵان، منداڵی منن». مەبەست لە قسەکە ئەمەیە کە هەراشی ئەو وڵاتە، بەرپرسیارە لە هەموو منداڵانی تر. ئێمە لە کۆمەڵگای خۆماندا وێنەی ئەم وتەیەمان هەیە کە دەڵێین «کوڕی خۆت مەکە بە قوربانی کچی خەڵکی». ئەم وتەیە ئەگەر وەک خۆی بە سوێدی وەربگێڕدرێتەوە ڕەنگە بێ تام و ناحەز بێت، کەچی لەنێو کۆمەڵگای زمانی مەبەست خودی ئەم وشە و دێرە لە سەرەکییەکەی زۆر جوانترە، ئەگەریش وەک دەقە سەرەکییەکە وەربگێردرێتەوە دەبێتە هۆی ئەوەش خوێنەر وابزانێت دەقە سەرەکییەکە ناحەز و وێژەرەکەی نەزانە.

## وەرگێڕان

وەرگێڕ بۆ سەرکەوتنی هەر وەرگێڕاوەیەک دەبێ سێ خاڵ لەبەرچاو بگرێت:

١- تێگەیشتن لە کەلەپوور و زمان: وەرگێڕ دەبێ لەنێوان کەلەپووری زمانی سەرەکی و کەلەپووری زمانی مەبەست یەکێنەیەک بەدی بێنێت.

٢- ئامانج و مەبەست: وەرگێڕان یەکێکە لە سەرەکیترین شێوازەکان بۆ نزیک کردنەوەی دوو کەلەپووری جیاواز لە یەکتر و پەرەدان و دەوڵەمەند کردنەوەی کەلەپووری مەبەست. هەر وەرگێڕێک جیاواز لە هەموو لایەنەکانی تر، لەوەی کە دەقێک وەردەگێڕێتەوە مەبەستێکی تایبەتی هەیە، ئەم مەبەستە دەسکەوتنی وەرگێڕاوەیەکی باش و هەمە لایەنەیە. بۆ ئەم کارە وەرگێڕ ئەم چەند خاڵە لەبەرچاو دەگرێت:

أ- پەرەدان بە زانستی وشەکان، واتە زیادکردنی جەغزی دەستەواژەکان.

ب- نزیک کردنەوەی دوو کەلەپوور لە یەکتر.

پ- بەکارهێنانی زمانی نزیک لە زمانی مەبەست و زمانی جەماوەری خەڵکی.

٣- باش بوونی وەرگێڕدراوەکە: وەرگێڕان هونەرێکە کە تایبەتمەندییەکی خاس و جیاوازی لەگەڵ هەموو هونەرەکانی تردا هەیە. تەنیا کەسێک کە لە دوو زمانی سەرەکی و مەبەست شارەزایی هەبێت، دەتوانێ دەقێک



وەربگێڕێتەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک هەیە، چ کاتێک وەرگێڕ دەبێتە هونەرمەند و وەرگێڕان دەبێتە هونەر؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کارێل مەناهوور دەڵێت «وەرگێڕدراو و وەرگێڕ کاتێک بە هونەر و هونەرمەند دێنە ئەژمار کە هیچ ڕەخنەگرێک نەتوانێ ڕەخنەیان لێ بگرێت.» هەڵبەت ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە هەر وەرگێڕدراوەیەک دەبێ لە سەرووی هەموو وەرگێڕانەکانی تردا بێت، چون هەر دەقێک لەگەڵ دەقێکی تر جیاوازی هەیە.

## شێوەکانی وەرگێڕان

ئەو بەشەی کە لە زنجیرە دەقی سەرەکیدا لەلایەن وەرگێڕەوە وەک یەکەیەک بۆ هاوسەنگی دۆزینەوە هەڵدەبژێرێ، پێی دەڵێن «یەکەی وەرگێڕان». یەکەی وەرگێڕان لەلای هەر وەرگێڕێکەوە بە چەشنێک سەرنج دەدرێت و هەر کەسێک شێوازێکی هەڵدەبژێرێ. کستفورد کە یەکێکە لە گەورەترین وەرگێڕەکان و تیۆرەکانی لەلای هەموو وەرگێڕەکان بە بایەخە، لە یەکێک لە تیۆرەکانی وەرگێڕان لە زمانی سەرەکییەوە بۆ سەر زمانی مەبەست بەم شێوەیە دادەڕێژێت:




## وەرگێڕانی وشە بە وشە

یەکەمین وەرگێڕان لەم قۆناغەدا وشەیە، واتە لە بەری هەر وشەیەک لە دەقی زمانی سەرەکیدا، وشەیەک لە زمانی مەبەست بەکاربهێنرێ.

## وەرگێڕانی ڕستە

لەم قۆناغەدا بەپێی یاسای ڕێزمانی، شێوەی داڕشتنی وشەکان لە زمانی مەبەستدا دەپارێزریت و هیچ گۆڕانکارییەک وەبەر چاو ناکەوێت، چون لێرەدا مانای ڕستەی هاوسەنگ بەپێی مانای ڕستەی زمانی سەرەکی ڕەچاو دەکرێت.

جێراڵد، پرانۆی فەرانسەوی، گۆتەی ئەڵمانی و دەیهیمی ئێرانیش دەڵێن کە ئەم قۆناغە بە تەنیایی ناتوانێ وشە جوان و شیاوەکان بە دەستەوە بدات، بۆیە جاری واش دەتوانێ ناوەڕۆکیش تێک بدات.



مامۆستا هەژار لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامدا هەم لە وەرگێڕانی ئازاد و هەم لە لایەنەکانی تری وەرگێڕانیش کەڵکی وەرگرتووە، بەم جیاوازییە کە هەژار ئەم لایەنانەی خستۆتە بەرچاو:

١- جیاکردنەوەی شوێن بۆ بەکاربردنی وشەی دوور لە مانای زمانی سەرەکی.

٢- جیاکردنەوەی سەبک و فۆرمەکان بۆ ئەوەی کێش نەگۆڕدرێت.

٣- تێکەڵ کردنی هەموو قۆناغەکانی وەرگێڕان لە شوێنە دژوارەکان.

لەم چوارینەی خوارەوەدا مامۆستا هەژار بایەخی زۆرتری بە خوێنەر داوە، واتە لە وەرگێڕانی پێوەندی چێژی وەرگرتووە، بەڵام هەروا کە باسم کرد کێش و فۆرم و تەنانەت ناخی شیعرە سەرەکییەکە نەگۆڕدراوە:

**در دست هماره آب انگورم باد**
**در سر هوس بتان چون حورم باد**
**گویند مرا خدا تو را توبه دهاد**
**او خود بدهد من نکنم دورم باد**

**مەیگێڕ! بەسەرت پردی سیراتیش کەڵەکە**
**سەیرانی بەهەشت، سەیری دوو چاوی بەڵەکە**
**زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی**
**هەر تۆبەیە دەمداتێ، ئەویش نەم گەرەکە**

نە تەنیا هەر لەم چوارینەدا، بەڵکو لە وەرگێڕانی چوارینەکانی تری خەییامدا هەژار تا ڕادەیەکی زۆر وەکو شاملوو (چلۆن حافیزێکی جیاوازی بۆ خۆی خوڵقاندووە)، یان گۆتە و جێراڵد (کە بیری خۆیانیان تێکەڵی وەرگێڕانەکانیان کردووە) سەرنجی چوارینەکانی خەییامی داوە، بەم جیاوازییەوە کە وەرگێڕانەکەی هەژار لەسەر بنەمای هێرمۆنێتیکی دانراوە و بە تەئویلەوە سەرنجی دەقەکەی داوە. ئەم جۆرە سەرنجدانە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەژار زۆرتر سەنعەتە ئەدەبییەکان بەکاربێنێت. بۆ وێنە لەم چوارینەیەی خوارەوەدا، سەنعەتی جیناس و تەزاد زۆرتر لە چوارینە فارسییەکەدا دیارە:

**آن روز که توسن فلک زین کردند**
**و آرایش مشتری و پروین کردند**
**این بود نصیب ما ز دیوان قضا**
**دردی و غمی، قسمت ما این کردند**

**تیرێژ کە بە ڕۆژ و پێڵ بە دەریا دریا**
**لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی، بولبول گریا**

### وەرگێڕانی ئازاد

لەکاتێکدا کە زمانی سەرەکی مۆرکی «غیر قابل للترجمة» و دژواری بەسەردا دەسەپێنێ، تەنیا ڕێگای چارەسەرکردن وەرگێڕانی ئازادە.

لێرەدا وەرگێڕ دەبێت وەرگێڕانی «مانایی»ش لەبەرچاو بگرێت، چون لە وەرگێڕانی «مانایی»دا وەرگێڕ پتر لە هەموو لایەنەکانی تری وەرگێڕان، بایەخ بە پەیامی دەقەکە دەدات و نووسەری زۆر پێ گرنگترە (Source orinted) تا خوێنەر (target orinted).

جگە لەوەی باسم کرد لەم قۆناغەدا وەرگێڕ دەتوانێ وشەی دڵخوازی خۆی بەکاربێنێت، هەڵبەت وشەیەک کە لە فۆرم و مانای دەقەکە دوور نەکەوێتەوە، بەڵکو بتوانێ پەیامەکە باشتر بگەیەنێت، دیسانەوە لەم قۆناغەدا وەرگێڕ دەتوانێ لە شوێنی خۆی وەرگێڕانی پێوەندی بەکاربێنێت. هەرچەندە کە لەم چەشنە وەرگێڕانەدا خوێنەر زۆرتر لەبەرچاو دەگیردرێت، بەڵام بەپێی پێویست بوون وەرگێڕ دەتوانێ لەم قۆناغە سوود وەربگرێت.

بۆ وێنە لە دێری to win a congregauion بێ ئەوەی وەرگێڕانی پێوەندی لەبەرچاو بگێردرێت دەڵێین «ڕەخنە گرتن لەنێو خەڵکی ئایینی»، بەڵام ئەگەر لە وەرگێڕانی پێوەندی چێژ وەرگرین، دەتوانین بەم جۆرە دێرەکە بگۆڕین «پێش نوێژی کردنی خەڵک».

### خەییامی هەژار

پاش ئەم تێبینییە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە هەژار چلۆن چوارینەکانی خەییامی وەرگێڕاوەتەوە، لە کام لایەنەکانی هونەری وەرگێڕان سوودی وەرگرتووە؟

**دشمن به غلط گفت که من فلسفیم**
**ایزد داند که آنچه او گفت نیم**
**لیکن چو در این غم اشیان آمده ام**
**آخر کم از آنم که بدانم که کیم؟**

**زۆر کوڵکە مەلا و شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم**
**لایان هەڵەیە کە ژینی خۆشم بدوێم**
**خزمینە نەزانین چ بەڵایەکی زلە**
**هاتوومە جیهان دەبێ نەزانم من کێم**

ئەوەی کە لەبەرچاودایە و تەنیا بەپێی خوێندنەوەی یەکێک لە وەرگێڕاوەی ئەم چوارینانەی خەییام دەردەکەوێت ئەمەیە کە وەرگێڕانەکە وشە بە وشە نییە. وەرگێڕانی ڕستەش نییە، چون لەم وەرگێڕانەشدا فۆرم و- جار جاریش- مانای شیعریش دەگۆڕدرێت،

### خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمە بەشمان
### ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا و بریا

سەنگینی وشەی هەژار لێرەدا زۆرترە و ناخی فەلسەفی و ئەوەی کە شارەزایی دەروونی ئاسمانە (نجوم) پتر وەبەرچاو کەوتووە. لێرەدا سەنعەتە ئەدەبییەکان و هەروەها مانای شیعرەکە ئاسان بەدەستەوە هاتووە و بە جیاوازی ڕواڵەتی شیعرە فارسییەکە، بە یەک جار خوێندنەوەی شیعرە کوردییەکە خوێنەر بە سەپانی شەو بە مل ڕۆژدا ئاگاداری پەیدا دەکات. هەژار بە جۆرێکی شیاو و بە پێشینەیەکی فیکری و هەروەها تەئویل، کە لە ئەرشیڤی مێشکیدا کەندۆخ کراوە باس لە چارەڕەشی ئێمە لە ڕۆژی حەشر دەکات و ئامۆژگاریمان دەداتێ ئەو شتە کە لەناخی چوارینە فارسییەکەدا دەست دەکەوێت نەک لە ڕواڵەتدا.

### هێرمێنۆتیک

هێرمێنۆتیک بە زانستی تەئویل مانا کراوەتەوە و لە وشەی hermeneuin هێرمێنۆن، یان هێرمۆس وەرگیراوە کە بەمانای گۆڕانی زانستییە. گادامێر کە بناغەی زانستی هێرمێنۆتیکی نوێی دارشتووە، دەڵێت: «هێرمێنۆتیک بەر لەوەی خودایەک بێت، وشەیەکی یۆنانییە کە مانای هەمەگیری دەبێتە ڕای تێکەڵ بە فەلسەفە و تەئویل لەلایەکی جیاوازەوە». مانای کورت و ئاسانی هێرمێنۆتیک لەلای جەماوەری خەڵک و بەشێوەی گشتی «هونەری تەئویلی دەقە».

هێرمێنۆتیک فەلسەفەی مێتۆدێکی نوێ لە تێگەیشتنی دەقێک بەدەستەوە نادا، تەنیا بارودۆخی هاوڕێ لەگەڵ هەر چەشنە تێگەیشتنێک ڕوون دەکاتەوە. گرنگترینی ئەم بارودۆخانە مەودای زەمانییە، واتە هاوڕێ لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دەقێک کە لە ڕابردوودا نووسراوە و ئاسۆی ڕۆژگاری ئەو سەردەمەی تێدا پەیدایە، خۆمان لەگەڵ فەرهەنگی ئەو دەمەدا دانانێین، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی ترمان سەبارەت بەدەقەکە بێت.

بۆ وێنە لە وەرگێڕانی ئەم چوارینەدا مامۆستا هەژار زۆرتر ئاسۆی ڕۆژگاری خۆی لەبەرچاو گرتووە و بەجوانی بۆ ئەو سەردەمەی گوێزاوەتەوە:

**از گردش روزگار بهری برگیر**
**بر تخت طرب نشین به کف ساغر گیر**
**از طاعت ومعصیت خدا مستغنی است**
**باری تو مراد خود ز عالم برگیر**

**دەروێش وەرە ئەم حاو حووەت بێ خێرە**
**دەم بەستە و تۆزاوی وەکو گاگێڕە**



### خوا چاوی لە دەستت نییە ڕۆژووی بدەیەی
### ژیانێکی کە پێی داوی بە مەی بسپێرە

لەم وەرگێڕانەدا مامۆستا هەژار لێکدانەوەیەکی تەئویلی ئەنجام داوە و ئەم چوارینەی لە ئاسۆی ڕۆژگاری خۆیدا دیوە، بۆیە وشە بە وشەی لە زەمانی خۆیدا داناوە. هەژار لە بارودۆخێکدا ژیاوە کە شێخە درۆیینەکان ملۆزمی کۆمەڵگا بوون و دژ بە شەریعەت ڕاوەستا بوون و هەموو شتێکیان نەفی دەکردەوە و لەمپەرێک بۆ زانیاری بوون، بۆیە ئەوانی لەبەرانبەر وشەی فارسی «دشمن»دا داناوە و ژیانیشیانی بە بەتاڵ و بێ بایەخ زانیوە.

لێرەدا مامۆستا هەژار بە جوانی «یەکانگیر بوونەوەی ئاسۆ»کانی خستۆتە بەرچاو و هەر دوو زەمانەکەی لێک گرێ داوە، گرێدانێک کە هەموو کاتێ لە وتووێژدان و لەگەڵ زەمانی یەکتر دەدوێن. هۆی ئەم توانایەش بیرکردنەوەیەکی باش لە مێژووی ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی گرفت و مەسەلەکانی ئەو سەردەمە و سەردەمی ئێستان.

### هەژار و وەرگێڕاوەکانی تری خەییام بەزمانی کوردی

هەروا کە باسمان کرد مامۆستا هەژار تێڕوانینێکی تری سەبارەت بە خەییام و چوارینەکانی هەبووە، ئەگینا هیچ کاتێک نەیدەتوانی بەم جوانییەوە دەقەکە وەربگێڕێتەوە. پێش هەژار کەسانێکی تر وەکو شێخ سەلام و گۆران، چوارینەکانی خەییامیان وەرگێڕابووەوە سەر زمانی کوردی، بەڵام چون وەرگێڕانەکەیان تەنیا دەقاودەق بوو، بایەخێکی زۆریان پێ نەدراوە.

وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار، چەشنە تەئویلێکی کراوەیە، واتە خۆی لە قەید و بەندی هاوسەنگی وشە دانەناوە و بە پێچەوانەی پێش خۆی زۆر بەبیرێکی ورد و تیژ سەرنجی چوارینەکانی داوە. هەژار لە بیری خۆیدا ئاوا خەییامی دیوە: ئێشڵک لەبەرێکی هەژار لەسەر زەوینی خودا کە سەرنجی ئاسمانی داوە و بیری لە ئەجرام کردۆتەوە، چونکە دەزانێ کە ئەم کردارە ڕەنگین و سەنگینە بێ وەستا نابێت و ناکرێت و جووڵانی پێ نایەت، ئینجا لە سازکەری ئەم ئاسمان و زەوینە تێ دەفکرێت کە ئاخۆ چلۆن بێت و چلۆن ئەم دەزگایەی دروست کردبێت؟ حەتمی «یک جرعه شراب نوشیده و از آن، سرمست شد و جهان هستی را ساخت». باشە لە عالەمی مەستیدا دنیای خوڵقاندبێت، یان نە زۆر گرنگ نییە، ئەمە گرنگە کە بۆچی خۆی دیار نییە و شاراوەیە؟ ئەم مانگ و ئەستێرە بۆچی دێن و دەچن و لەکوێوە

هاتوون؟ ئەم خەڵکە ئاکامیان بە چی دەبێت؟ ئینسان بۆچی هێندە لاواز و هیچ بە دەستە؟ لە ئاکامیشدا دەزانیٚ کە ئەم تێفکرینە تەنیا سەر لێشێواوی بەدواوەیە و هیچی تر چۆن ئەوانیش لەم سوورِ خواردنەوەیان شتێک نازانن.

**اجران که ساکنان این ایوانند**
**اسباب تردد خردمندانند**
**هان! تا سر رشتەی خرد گم نکنی**
**کانان که مدبرند سر گردانند**

**ئەستێرە و مانگ ڕۆژ لە عاسمانن**
**هۆی گێچەڵ و مشتومڕی زانایانن**
**چین و چ دەکەن؟ کێوە دەچن؟ چۆن هاتن؟**
**خۆشیان وەکو من نەزان و سەرگەردانن**

ئێستا سەرنجی ئەم وەرگێڕانە بدەین تا بزانین جیاوازی نێوان شێخ سەلام و گۆران و هەژار لە چیدایە؟

**این کهنه رباط را که عالم نام است**
**وآرامگه ابلق صبح و شام است**
**بزمی است که وامانده صد جمشید است**
**گوری است که خوابگاه صد بهرام است**

**ئەم کەلاوەیە کە دنیای ناوە**
**ئارامگاهی بەیانی و شامە**
**بەزمێکە لە سەد جەمشید جیٚ ماوە**
**قەسرێکە تەکیەی سیٚ سەد بەهرامە** (شێخ سەلام)

**ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە**
**لەسەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە**
**بەزمێکە لە سەد جەمشید جیٚ ماوە**
**سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە** (گۆران)

**ئەم کۆنە سەرا و پەردە کە دنیای ناوە**
**شایی لەبەرێک، شینە لە پێنسەد لاوە**
**ئەم خوانچەیە بەر ماوی هەزار جەمشیدە**
**گۆڕی گەلیٚ بارامی تیا نێژراوە** (هەژار)

لێرەدا هەردوو وەرگێڕ (شێخ سەلام و گۆران) لە وەرگێڕانی ڕستە و وشە بە وشە سوودیان وەرگرتووە، بۆیە وەرگێڕانەکەیان چەندان باش نییە و لە باری فۆرمیشەوە چوارینەکەی خەییامیان گۆڕیوە. وەرگێڕانی ئەم دوو مامۆستایە لە باری وشەوە زۆر لاوازە، چونکە لە هەندیٚ شوێندا نەیانتوانیوە بەرانبەر وشەیەکی فارسی وشەی کوردی دابنێن و هەر فارسییەکەیان داناوە.

جگە لەمانەی کە باس کران گۆران و شێخ سەلام



نەیانتوانیوە بە باشی هەستی خۆیان دەرببڕن. بەڕای نزار قەببانی وەرگێڕانی باش وەکو شیعری باش دەبێت هەست و دەروونی خوێنەر بجوولێنێت، ئەگینا ناتوانیٚ سەرکەوتوو بێت، بەڵام بەپێچەوانەی وتەکانی نزار لە وەرگێڕانی ئەم دوو مامۆستایەدا زۆر جووڵانەوە و سەمای وشە و خوێنەر نابینرێت.

## کۆتایی

لەم وتارەدا مەبەست تاووتوو کردن و سەرنجدان بۆ ئەندێشەکانی خەییام نەبووە تا سەبارەت بە ئەندێشەکانی فەلسەفی و دردۆنگی، یان چۆن بەسەربردنی ژیان و ڕۆژگاری ئەو سەردەمە باس بکەین، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لێرەدا تێڕوانینێکی نویٚ بۆ سەر وەرگێڕانەکەی مامۆستای پایەبەرز هەژار بووە و ویستوومانە بزانین کە چلۆن ئەم مامۆستا بلیمەت و لێهاتووە، توانیویەتی تا ئەم ڕادەیە جوان و شیرین ئەو دەقە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

هەژار بەجیاوازی هەموو وەرگێڕاوەکانی تری چوارینەکانی خەییام بۆ سەر زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی، توانیویەتی زۆر سەرکەوتووتر بێت و پتر شارەزایی خۆی نیشان بدات. تەنانەت هەڵەکانی ئەم مامۆستایە سەبارەت بە هەڵبژاردنی چوارینەکانی خەییام زۆر کەمتر لەو کەسانە دیارە کە تائێستا ئەم چوارینانەیان وەرگێڕاوە.

هەرچەندە هەژار نوسخەی خەتتی «بودلێن»ی ئۆکسفۆردی لەبەر دەستدا نەبووە و دەستنووسی «مونس الاحرار»یشی نەدیوە، بەڵام لە ڕوانگەی هێرمێنۆتیکییەوە توانیویەتی ئەو چوارینانە کە لە بیری خەییامەوە نزیکترن گوڵبژێر بکات و وەری بگێڕێت، بۆیە هەر بەو بیرەشەوە توانیویەتی ئەو چوارینانە لە چەرخی هاوزمانی کوردی نزیک بکاتەوە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- «چوارینەکانی خەییام»، وەرگێڕانی هەژار، چاپی یەکەم، دەزگای چاپی سرووش ١٣٦٩.**

**٢- معین فر، سعید «ترجمه های ادبی «مجلەی ترسیم. چاپ ١٣٨٤. شماره ١٥.**

**٣- اروند، اروین «در تعریف هرمنوتیک» نشر نیستان، چاپ ١٣٨٠.**

**٤- احمدی، بابک «ساختار و تاویل متن» جلد ٢، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٢.**

**٥- محمودی، محمود «من و شاملوو» نشر کویر، چاپ ١٣٦٢.**



# لە سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی ڕا هەتا وەرگێڕانی قورئان

ناسر عەلی یار
(بۆکان)

هەڵکەوتن و ناوبانگ دەرکردنی هەژار لەناوچەی موکریان لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکەو چەند ئاڵوگۆڕی گەورە، چەندان ڕووداوی گرینگ، قەومانی هێندێک کارەسات، پێکەوە شان بە شان هاتوون. چەندە لە کەشوهەوای ئەوکات نزیک ببیەوە لە هەست و خوستی هەژاریش زێدەتر شارەزا دەبی، کۆمەڵە، کۆمار، کوردایەتی، شێخایەتی و ئاغایەتی و فەقێیەتی و مەلایەتی بنەماڵە گەورەکان، دیوەخانەکان، شیعر و هەڵبەست، ئەو وشە سەرەکییانەن کە سەرەتای هەودای ئاڵۆزی ژیانی ئەدەبی و وێژە و وێژەوانی هەژارمان دەدەنە دەست. موکریان ناوچەیەکی گرینگە لە کوردستاندا زۆر شت لەوێ ڕاداهاتووە، لە سیاسەت و ئەدەب ڕا پێدا وەرە تا دەگەیە ڕۆشنبیری و زۆرزانی، ڕووداو و کارەسات، شەڕ و پێکدادان، خوێن و خەبات و خیانەت، ئایین و عیرفان، ئەوین و دڵداری، پڕە لە ڕووداو و کەسایەتی سەیر و سەمەرە.

هەژار کە پێی ناوەتە ناو دنیای ئەدەبەوە بە هێز و تواناوە هاتۆتە ئەو مەیدانەوە، هەموو هونەر و هۆزانەکان بە کۆی دەنگ ملیان بۆ ڕاکێشاوە و ئەشهەدویان بۆ کێشاوە، وا نازانم پاشی شست حەفتا ساڵ ڕێزگرتن و ئەو هەمووە تاریفەی لە هەژار دەکرێ بەقەت ئەو مل ڕاکێشانەی ئەدیبە پایە بەرزەکانی ئەوکاتی موکریان بایەخی بووبێ، هیچ دیوەخانێک، هیچ تەکیە و خانەقایەک، هیچ حوجرەیەک نەبووە کە باس باسی شیعری هەژار نەبووبێ، ئەوانەی بە زەینتر بوون دەستیان کردووە بە لەبەرکردنیان، ئەوانەی خەت خۆش بوون دەستیان کردووە بە نووسینەوەیان، نوسخە لەبەر گرتنیان، ئەوەی کە کۆمەڵەی ژ-ک و کۆماری

کورد لەلای زۆر کەس لە ئاوێنەی شیعری هەژاردا تەماشاکراوە لێی دەگەڕێین. بێینەوە سەر باری ئەدەب بە تەنیا لە جەنگەی گەشەی ئەدەبی و دەرکردنی ناو و شۆرەتی هەژار دوو گەورە شاعیری موکریان یانی مەلا مارفی کۆکەیی و میرزا حەسەنی سەیفی قازی بە ساڵێک دوو ساڵ پێش هەڵکردنی ئاڵا و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕەحمەتی خودا چوون. ئەو دوو کەسەی هەژار لە تافی لاوێتیدا بە شیعری ئەوان فرچکی گرتبوو خۆی دەڵێ: وەک عەرەب گوتەنی ببوومە ڕاوییەی شیعری مەلا مارف هەر شیعرێکی دادەنا لەبەرم دەکرد، لەبابەت سەیفیش دەڵێ: شیعرێکی سەیفی کە لەسەر قاتیوقڕی ساڵێک لە ساڵەکانی زوو داینابوو لەبەرم کردبوو، وام بۆ خوێندەوە کە پێی خۆش بوو، پێی گوتم کەس شیعری من ئاوا چاک ناخوێنێتەوە.

ئەو شاعیرانەش کە لە ژیاندا بوون وەختی دەرچوونی یەکەمین شیعرەکانی هەژار زۆریان لە هەژار بە تەمەنتر بوون بە تایبەت دووانیان ئەزموونی شیعریشیان هەبووە هەمیشە بە شاعیری چاک ناسراون هەوەڵین لەو هاوچەرخانەی هەژار هەباسی حەقیقی بووە کە دواتر بە مامۆستا حەقیقی ناوبانگی دەرکرد دووەمیان کە هەژار زۆرتریشی پێ کاریگەر بووە خاڵەمینی بەرزنجی بووە، هەردووک لەوانە کە شاعیری باش و نێو دەرکردو لەناوچەی موکریان بوون بۆ شاعیریەتی هەژار ملیان ڕاکێشاو بۆیان سەلماند.

کەسانێکی دیکەی بە تەمەنیش لەوکاتەدا بوون کە زۆر نەناسراون هێندێکیان شاعیری چاکیش بوون وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا، مەلا عیسامەدین شەفیعی، عەلی بەگی حەیدەری، قازی کاکەحەمەی قزڵجی کە ئەوانیش هەموو شاعیریەتی هەژاریان سەلماند.

ناودارەکانی دواتری دەورەی کۆماریش وەک هێمن و هێدی و ئاوات و عەتری حەسابیان مەعلوومە و بە شوێنکەوتوو و شوێن هەڵگری هەژار دەناسران، هەڵبەت لە چاوی خەڵکی ئەو زەبانی موکریان ئەو هەڵسەنگاندنە بووە، دەنا دواتر ئەدیبەکانی هاوچەرخ جۆرێکی تر دەڕوانن. لە شاعیرەکانی ئەودەمیش بێینە خوارێ هێندێک ئەدەبناس و ڕەخنەگر هەبوون وەک زەبحی و حەسەنی قزڵجی و کاکەڕەحمانی ئێلخانی زادەی دواتر موهتەدی و وەک حاجی مەحموودی وەتەمیشی، هەروەها



هێندێک مەلای ئەدیب و سەر دەرچوو لە جوانکارییەکانی زمان و ڕەوانبێژی کە قسەی سەرزاریان و مەجلیسی دانیشتنیان باس لە ئەدەب و شیعر بووە، بەگشتی شاعیریەتی هەژاریان سەلماندووە(*). یەکێک لە دەسەڵاتی شیعری ئەودەم شەڕە شیعر و بە شیعر یەکتر شڕکردن ناسراوە، ئەلەو ڕۆژەشەوە کەس نەیوێراوە خۆ لە قەرەی هەژار بدا و لە بەرانبەری خۆی ڕاگرێ خوانەکا کەس وەبەر تاویری هەجووی هەژار کەوتبێ.

لە سەرنجی یەکەم ڕەنگە ئەوە بێتە زەینەوە کە چوون هەژار شاعیرێکی نیشتمانی بووە، ئەوکاتیش گڕی کوردایەتی و نیشتمانخوازی بڵێسەی سەندبوو، لەبەر ئەوە خەڵک شیعری هەژاریان پتر بە دڵ بووە، ئەوە ڕێی تێ دەچێ، بەڵام هۆی گۆشەیەک لە تاموچێژی شیعری هەژار لەبن ددانی خەڵکی ئەودەمی موکریان بەیان دەکا، لە کاتێکدا هەژار لە شیعرە «هجوو»ەکان و لە شیعری «سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی» کە هیچ مەبەستێکی ئەوتۆی نیشتمانی تێدا نییە توانای شیعری خۆی ڕاناو لە شیعرە نیشتمانییەکانی کەمتر برەویان سەند، لە ڕاستیدا هەژار لە دانانی وشەی ڕەسەن و توندو تۆڵ و لە تێکخستنی ئەو وشانەدا هەر وەستا بووە، لە شیعری نیشتمانیدا سۆزێکی تایبەتیشی تێدەخا. ئەوەیە کە ڕکێشەی هەستی هەر کوردێکی پێ کردووە و پێ دەکا یەکێک لەو دەستە شیعرانەی کە دەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەوتە سەر ڕووپەڕی زەینی خەڵکی ناوچەی موکریان شیعری «سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی» بوو. پێشی ئەو شیعرانەی هەژار «سیلسیلە»ی زۆر دانرابوون هەر لەمەولانە بیگرە تا مەلا ئەحمەدی نۆدشی، هەتا عەلی بەگی حەیدەری، هەمووی ناوی گەورەکانی نەقشبەندیان لە پێغەمبەرەوە هەتا شێخەکانی دوایی لە زنجیرە هاویشتبوو، بەڵام ئەو شیعرانەی هەژار لە هەموویان زۆرتر و سەرکەوتووانەتر بوو. لەوکاتی زۆربەی خەڵکی موکریان سۆفی نەقشبەندی بوون جا، یان موریدی تەوێڵە بوون، یان موریدی بورهان، یان موریدی نەهری، هەژار بە شارەزاییەکی تەواوەوە لەسەر ئەو پەنجا شێست نەفەرەی ناو زنجیرەکە هەریەک بە تایبەتمەندی سەربەخۆیەوە ناویان دەبا، وەختێ دەگاتە شێخە کوردەکان، بە تایبەت ئەوانەی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ بوون، شیعرەکان ڕەنگێکی دیکە

به خۆوه دەگرن. هەژار کە قۆناغی فەقێیەتی تازە تێپەڕاند بوو لەو شیعرەدا یەکەم هەستی ئاییندارى خۆی لە قاپۆڕی ئەدەب دەردەبڕێ، ئاییندارییەکی سوننەتی و کۆنینە کە بە دوو سەت ساڵێک بەر لەوکاتە خەڵک لەسەری بوون هەژاریش پێی ئاشنا بووە و هۆگری بووە. هەژار وەک بۆ خۆی لە چێشتی مجێوردا دەڵێ ژیانی فەقێیەتی بە قسەی خۆش و کاری منداڵانە و گەمە و زرمە زلێت و جحێلایەتی بەسەر بردووە، بەڵام وێدەچێ لە لای دوو مەلای نێو بە دەرەوەی موکریان بڕێک زەینی شلەقابێ و نەختێک لەو سۆفیەتییە خەستەی خانەقای بورهان تلاسا بووبێ کە بابیشی هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە بووە و خاڵی بابی مەلا صادق ناسراو بە مەولانا، خەلیفەیەکی هەرە گەورەی شێخی بورهان بووە.

یەکەمین لەو مەلایانەی ڕەنگ بێ کاری کردبێتە سەر بیر و هۆشی هەژار، مەلا حەمەدەمینی کوڕی مەلا عەولای وەڵزی ناسراو بە (ئەشعەری) بووە، ئەو مەلا حەمەدەمینە پیاوێکی باسەواد لە علوومی عەرەبی و ئیسلامی بووە، بەڵام هەڵگری پەیامێکی ئایینی ئاوەهانە بووە کە کار بکاتە سەر دەوروبەرەکەی، تەنیا یەک تایبەتی ڕووناکبیرانەی هەبووە کە ئەوی لە بڕێک مەلای دیکە و تەنانەت لە ڕێبازی باوکیشی کە خەلیفەی شێخ عومەری بیارە بووە جیاکردۆتەوە، ئەو تایبەتییەش لە مەلای گەورەی کۆیەڕا پێی گەییوە کە سەردەمێک فەقێی وی بووە. نەچوونە ژێر باری هەموو بیر و تارێکی سۆفیانە، چ بە گاڵتە و خۆدزینەوە، چ بە جددی، میراتییەک بووە کە مەلا حەمەدەمین لە مەلای گەورەی کۆیەڕا پێی گەییوە دوور نییە کاری کردبێتە سەر هەژاری خوارزازای مەولانای جێداری شێخی بورهان.

دووەمین لەو مەلایانەی کاریان کردۆتە سەر بیر و هۆشی هەژار لە باری ئایینەوە مەلا سەید محەمەدی حەمیدییە، کە هەژار بۆ خۆی لە چێشتی مجێوردا دەڵێ هەرچی سەوادی عەرەبی و مەلایانە بوو لەو ڕاوەدەستم کەوت هەروا هەژار دەڵێ کە مەلا سەید محەمەد زۆر لەژێر کاریگەری سەید جەمالەدینی ئەفغانیدا بووە. لێرەڕا ڕچەی ئایینی نوێخوازانەی مەلا سەید محەمەدی حەمیدیان بۆ دەردەکەوێ. هەر ئەو مەلا سەید محەمەدە بوو کە دواتر لە ساڵەکانی کۆمار، واتە ١٣٣٤ و ١٣٣٥ی هەتاوی بوو بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی



کوردستان ئۆرگانی ئەو کۆمارە ساوایە جارێکی تر لە بەستێنی کوردایەتی لەگەڵ هەژار یەکتریان گرتەوە.

دوو کەسی تر وێدەچێ لەسەر هەژار کاریگەری ئایینی و کوردایەتییان بووبێ، یەکەمیان کاکە ڕەحمانی ئێلخانی زادەی ئەوسا، واتە حاجی ڕەحماناغای موهتەدی دواتر بووە کە تەمەنی لە هەژار زیاتر بووە، تێکەڵاوی زۆریشیان بووە بە یەکەوە، ئەویش هەرچەند لە بنەماڵەیەکی ئاغا و عەشیرەتی بووە، بەڵام مەلایەکی خوێندەوار بووە، هەر لە ڕێگای حاجی ڕەحماناغاوە لەگەڵ خاڵەمینی بەرزنجی شاعیری نیشتمانی ئاشنا دەبێ، خاڵەمینیش هەرچەند بە شاعیرێکی نیشتمانی ناسراوە، بەڵام هەڵگری خەتێکی ئیسلامی نوێخوازانەش بوو، کە خۆی دەڵێ لە مەدرەسەی ناصری ساباڵاغ لە مەلا محەمەدی قزڵجی وەریگرتووە.

دەبێ بگوترێ سێ کەس لەو مامۆستا ڕەسمی و غەیرە ڕەسمییانەی هەژار، واتە حەمیدی و ئێلخانی زادە و بەرزنجی هەرسێکیان لە ئاکامدا باری مەزهەبیەکەیان بەسەر باری کوردایەتییەکەیاندا شکاوەتەوە، بەڵام هەژار بە پێچەوانەوە باری کوردایەتییەکەی بەسەر باری مەزهەبییەکی داشکاوەتەوە. وەختێک تەماشای کۆمەڵە شیعری لەچاپ دراوی هەژار لە تەورێزی ئەوکات، واتە «ئاڵەکۆک» دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هەژار وردە وردە باری مەزهەبییەکەی کەم ڕەنگتر دەبێ لە ڕێگای کوردایەتییەوە بەسۆسیالیزم و «استالینیزم» دەگا. ئەگەر سەرنج بدەین لەگەڵ ئەو هەموو تاریفە کە لە ستالینی کردووە، باسی لینینی کردووە، باسی تەواریشی کردووە هەر باری مەزهەبییەکە لە بنەوە ماوە، بۆیە لاسایی لاهووتی دەکاتەوە و دەڵێ:

**بێ قرە و بێ فرە و پەلە قاژە**
**خۆش دەڵێ شاعیری دەری واژە**
**بولشویکی است خضر راه نجات**
**بر محمد و آله صلوات**

ئەوە بۆ ئەوەدەم شتێکی کەس نەکردوونە بوو سەیفی قازی کە هەم پیاوێکی بە ساڵاچووتر بووهەم موریدێکی سەرسەختی شێخی بورهان، لە شیعرەکانی دوای ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی بە هەموو هەست و خۆشەویستی خۆی

ئۆردووی سوور و ستالین دەحوێنێ، کچانی بەلەک هەڵکراوی ئۆردووی سوور تاریف دەکا. جا بۆ هەژارێکی لاوی کوردی پڕ هەستی دڵ بەستراو بە حکوومەتی کوردی لایەنی مەزەبییەکەی هەڵپەسێرێ لەدوای دانانی شیعری بەرزی «سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی، یان کارخانەی قەندی» کە لە شیعرە بەرزەکانی ساڵانی هەوەڵینی شاعیریەتی هەژارە، هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی لە خزمەتی «ئایین و مەزهەب»دانەناوە. دوای ڕاکردنی بۆ کوردستانی ئەودیو وێدەچێ دیسان برێک لە هەستی مەزەبی کەم بووبێتەوە و زۆرتر کەوتبێتە بەر کاریگەری هێزی چەپی مارکسیستییەوە هەرچەند دۆست کەسێکی وەک «عەلائەدین سەجادی» بووە لە هەمبەر ئەودا دەیان دۆستی نزیکی دوور لە ئایینی سەر بە بەرەی چەپ و نائایینی هەبووە، ڕەنگ بێ تاڵ و ترشی ژیانی قاچاغی و غەریبایەتی هەر مەجالی پێداچوونەوە بە فیکر و ئەندێشەی پێ نەدابێ ئەویش بیر و ئەندێشەیەکی وا کە بنەماکانی سیستمی فیکری و سیاسی و موبارەزاتی چەسپاوی ڕۆژ هەڵوەشێنێتەوە، لەو کاتەدا بە شۆق و ئیشتیایەکی زۆریشەوە بەرەو «فیستیڤاڵی لاوان»ی وڵاتە سۆسیالیستییەکان ڕۆییوە ئەو شیعرانەی لەو سەروبەندەدا هۆنیوەتەوە هەر لایەنی مەزەبی تێیدا گومە، بەڵام لایەنی کوردایەتی هەر تێدا بەهێزە ئەو ویستانەی بە نوێنەرایەتی چۆمەکانی کوردستان. لە «ڕاین»ی شۆخ و شەنگی دەکا بەڵگەی ئەو کوردایەتییە بەهێزەیە. «مەم و زینی» خانی هەروەها شەرحی مەلای جزیری لەسەردەمی پێش شۆڕشی ئەیلوول و چواردەی تەمووز ڕەنگبێ دیداری دووبارەی هەژار بووبێت لەگەڵ «ئایین و مەزهەب» بە سۆنگەی ئەدەبەوە، بە تایبەت دیباچە بە سۆز و خەست و خۆڵەکەی مەم و زین لە ستایشی خودادا، ڕاست مرۆڤ دەباتەوە بۆ موناجاتەکەی ئاخری «سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی» لە ڕاستیدا ئەوەی وەک پێوەندییەکی بەردەوام و هەمیشەیی هەژار و ئایین دەکرێ باسی لەسەر بکرێ، خواناسییە کە لە زۆربەی بڵاوکراوەکان و نووسراوەکان هەژاردا بە گەرمەوە باسی لەسەر کراوە و بە ئاشکرا لێی دواوە. دوای شۆڕشی ئەیلوول وردە وردە هەژار لە بیر و ئەندێشەی سۆسیالیستی و چەپ و دنیای سۆسیالیستی ئەودەم بێزار دەبێ و لەسەر کوردایەتییە ڕووت و بێ پاشکۆکە



دەگیرسێتەوە. زۆرجاریش بەرپەرچی بیرکردنەوەی دەورەی کۆماری خۆی دەداتەوە کە لەژێر کاریگەری «ستالین» و بەهەویای پشتیوانی کردن لەکورد کراوە.

یەکێکی دیکە لەو نووسراوانەی کە لەوێدا هەژار لەگەڵ ئاییندا ڕووبەڕوو بۆتەوە، وەرگێڕانی خەیامەکەیە. ئەگەر وەک مامۆستا هەژار لە ڕاستی و دروستی ئەوەی وەپاڵ خەیام دراوە بگەڕێین، هەر ئەوەندەی بەناوی خەیام لەبەردەستدایە و مامۆستا هەژاریش هاتووە لێی نەدیوە و وەری گێڕاوەتە سەر کوردی، بە پێوەری ئایینی وە بەرهەڵسەنگاندنی بدەین، وەک مامۆستا ئەحمەدیان لە خەزێنەدا لە زەمانی ژیانی مامۆستا هەژاردا دەربڕیوە، لانی کەم بەشێکی زۆری لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئایین دژ دەوەستن. مامۆستا هەژاریش گوێی پێ نەداوە و وەری گێڕاوەتە سەر کوردی بە بەراورد کردنی ئەوەی لە خەیامەکەدا هاتووە لەگەڵ ئەوانە لە چێشتی مجێوردا هاتوون پەی بەوە دەبەین کە مامۆستا هەژار داخێکی زۆری لەفریودەرانی خەڵک و کەللە ویشکەکان لە دڵدا بووە. جا ئەوان و بنەما فیکرییەکانیانی داوەتە بەر تەوس و پلاروە لەڕاستیشدا مەبەستیشی نەبووە کە بە وردی سنوورەکان ڕاگرێ، لەو جێگایانە کە ئایین دەکەوێتە بەر پلار دەست ڕاگرێ. بێ پەروا هێرشی خۆی کردووە هەرچی بادا باد، بەڵام هەژار لە خەیام و هەم لە چێشتی مجێوردا بەشێوەیەکی سیستماتیک لەگەڵ ئایین بەربەرەکانی ناکا، بەڵکو بەشێوەیەکی ئیحساسی و ساکار و ڕووکەش لەگەڵ واتا و چەمکە ئایینیەکان جارجار تێک گیراوە بە جۆرێک دەکرێ ئەو کەسانەی ئایینداربیەکی قووڵ و عەقڵی و فەلسەفییان هەیە، بتوانن خۆ لە بازنەی جنێوەکانی هەژار دەرباوێن. ئەوەندەش بڵێین لەکاتی هۆنینەوەی خەیامیش هەستی خواناسی لە هەژاردا خۆی هەر دەردەخا:

**ڕابرد تەمەنم هەموو بەنا فەرمانی**
**نەینۆکی دڵم لە چەوتی ژەنگی هانی**
**هێشتا بە هومێدی بەزەییم چوون هەرگیز**
**پێم وانەبوو دوانی هەر بەتاکم زانی**

هەر لەوکاتەدا کە خەیامەکەی هۆنیوەتەوە، شیعری لووتکەی ئەدەبی کوردی، یانی بەرەو موکریانیشی داناوە

کە لەوێیدا ڕوودەکاتە خانەقای بورهان هەستێکی نوستالوژیشی بۆ پەیدا دەبێ لەلایەن باب و خاڵانەوە دەبێتە وتارێکی ئایینیش دیسان دەچێتەوە قاڵبی سۆفییەکی پڕ لە سۆز و بەشێخەکەیدا هەڵدەڵێ:

**گیان لە ڕێی چوونی بەلەز دەمداهان**
**کەوتە بەر کێشەری (پیری بورهان)**
**مانگە زەرد بوویەوە؟ ڕۆژت دیوە؟**
**دیارە تۆ بەر لەمنت ناسیوە...**
**دڵە دامرکێ خەیاڵ لێم لادە**
**گیانە بۆ دیتنی پیر ئامادە...**

*** * ***

**گومبەزی سپییە وەکو ڕووی چاکان**
**پاکە وەک گیان و دڵی دڵ پاکان**
**سەدەفە و گەوهەری یەکتای تێدا**
**بارەگا هێکە شەهەنشای تێدا**
**ماڵی سەرخێڵی خودا ناسانە**
**بێرەدا چوونە بەهەشت هاسانە**
**لێرە کەشکۆڵی هەژاری تژییە**
**هەرچی ئێرەی هەیە چاوی لە چییە**
**ڕۆژی تینی بەگەشە و تیرێژە**
**ڕۆژی ئایینی گەش و تیشک ڕێژە**

*** * ***

**سەروەرێکت هەیە پێی دڵشادی**
**ئا ئەوت ماوە لە خەم ئازادی**
**خۆشەویست (شێمحەمەد)ی ڕیش سوورە**
**لەخودا یار و لە دنیا دوورە**
**چۆرە ئاوێکە لە دەریای بێ پەی**
**دڵی دەریایەکە پەی پێ نابەی**
**وا لە جێی پیر و بە بیریش پیرە**
**لە نەزان شیرە بە زانا پیرە**
**سەدبری هێندە برای نەبوایە**
**پاک و بێ گورگە بوو ئەو کۆگایە**

بەڕاستی هەژار لە چوونە ناو قاڵبی کەسەکانەوە بە بیری جۆر جۆر هونەرمەندێکی سەرسوڕهاوەرە لە قاڵبی سۆفەیسدا لە مەلای جزیری و ئەو شیعرانەی بە خانەقای بورهان هەڵدەڵێ، لەقاڵبی چەپێکدا لە سەرێک شیعرەکانی بەرەو موکریان لە قاڵبی ڕووناکبیرێکی



ئایینی لەوەرگێڕانی نووسراوەکانی شەریعەتی. دوای شۆڕشی ئێران کە مامۆستا هەژار نیشتەجێی کەرەج بوو پڕوپاگەندەی ئیسلامی هەموو جێیەکی تەنییەوە وەک ئەدیب و وەرگێڕێک تووشی بە تووشی نووسەری شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیری ئایینی ئێرانی دکتۆر عەلی شەریعەتی هات چەند نامیلکەی ئەوی وەرگێڕایە سەر کوردی، بەڕاستی بە ئەوپەڕی تواناوە چۆتە قاڵبی ڕووناکبیرێکی ئایینییەوە هەروەها شارەزایانە جێگە شیعاوییەکانی لێ لابردووە بەبێ ئەوەی پەیامی نووسراوەکان زیانێکی پێ بگات بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەو ئەزموونە بۆ هەژار تازە بوو، بەڵام دیاریش نییە کە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەژار بووە، ڕەنگ بێ ئەزموونی ئەو دواییانەی هەژار لەگەڵ ئایین لە کەشوهەوای ئایینی حکوومەتی ئەزموونێکی چاک نەبووبێ، بۆیە لە چێشتی مجێوردا برێک بە تووڕەبییەوە لەگەڵ ئایین و کەسایەتییە ئایینیەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە(*) هەرچەند کەسانێکی وەک سەید محەمەدی حەمیدی لە دەورەی فەقێیەتی، یان عەلائەدین سەجادی لە دەورەی دەربەدەریدا، یان بابا مەردوخی ڕوحانی و کاک ئەحمەدی موفتی زادە لە دوای شۆڕشی ئێران بە باشی ناو دەبا، بەڵام ئەگەر سەرجەمی وتەکانی سەبارەت بە ئایین و کەسایەتییە ئایینیەکان لە چێشتی مجێور بخەینەوە سەر یەک جەمع و تەفریقێکی لێ بکەین زیاتر بە زیانی ئایین دواوە (با ئەوە کە کام ئایین بیخەینە دواوە) بەڵام زیاتر لەزمانی خەڵک دڵ ئێشترین و ئازار دەهەندەترین تەشەر و توانجی حەواڵەی کەسایەتییە ئایینیەکان هەر لە جوبرائیلەوە بگرە تا پێغەمبەر تا خولەفای ڕاشیدین تا ئیمامی شافیعی کاک ئەحمەدی سولەیمانی تا مەلا خەلیل و حاجی بابە شێخ و مەلا حوسێنی مارونسی کردووە، چۆن لە زمانی خەڵکە خۆشی لێ نەکردۆتە ساحیب. گریمان وابووبێ ئەوکەسانە ئەو شتانەیان لە قەپێلکی گاڵتە و گەپدا گوتبێ گەڕاندنەوەی بە عەینی لەفز کە جنێوە وا نازانم دروست بێ. ئەما چی لێ دەکەی هەژارە و خۆشەویستە و ئازار چێشتووە، تووڕە و دڵی ناسکە. جا ئەلێرەڕا دەچینە سەر باسێکی ئیجگار گرینگ ئەویش ئەوەیە:

ئێمە ئایین بە چ دادەنێین تا لەوە بڕوانین چ شتێک و چ کەسێک لە ئایین و ئایین نزیکە دیارە ئایین

دیاردەیەکی ڕوحی و کۆمەڵایەتی، تاکی و گشتی عەقیدەتی و فیکری، مادی و مەعنەوی، ئاداب و ئەخلاقە، ئێمە ئەگەر ئایین تەنیا بە چەند قسە و بەڵێنی سەر زمانی و برێک ئاداب و ڕسووم و مەناسیک دابنێین، دیارە ئی وەک مامۆستا هەژار بەو سەرەڕۆیی قەڵەمەوە ناچێتە خانەی ئاییندارى و موسڵمانییەوە، سەدان کوفری دەتوانی لێ هەڵدەی. بەڵام ئەگەر ئایین هەر بە ڕواڵەت و ناو نەزانین بەڕاستی و دروستی و سوود گەیاندن بە خەڵک و برەودان بە ئەخلاق و ئینسانییەت بزانین، ئەوکات قسانێکی نەگونجاو لەگەڵ ئایین کە کردوویەتی، یان تەوس و پلارێکی لە خراپێک، فریودەرێک، گوتووە گۆشەیەکی ئایینیشی گرتووە، ئەوانە وەک تەپوتۆز و ژەنگ و چڵکێکی سەرشتەکان دەزانین هەرکە لادراو دەستی پێدا هێنرا بریقە و جەلای ئەو شتە وەدەردەکەوێ دڵێکی پاک و نیازێکی خاوێن دەکرێ قەرەبووی زۆر وتە و نووسراوەی تاڵ و تفت بکاتەوە پاکانە بۆ مامۆستا هەژار ناکەم و ڕەخنەی توندیشم لەسەر چێشتی مجێورەکەی هەیە، بەڵام ئەو قسانەی لە کۆتاییدا گوتم، دەکرێ ببێتە پێوانەیەک بۆ قسە ڕەق و دەق و دوغر و قیناوییەکانی دیکەشی سەبارەت بە کەسایەتییەکان، هەر بەوەندەی مەبەستێکی نەپێکایان چاکەیەکی لە کەسێک دارنی ناحەزییەکی بە کەسێکەوە لکاند، خراپەی دیت و چاکەی نەدیت، چاکەی دیت و خراپەی نەدیت لە گێڕانەوەی نەقڵ و بەسەرهاتێک پاش و پێشی و چەوت و چەوێڵییەکی خستە ناو ڕووداوەکانەوە نابێ گشتی بیرەوەری و بۆچوونەکانی خزمەت و جزیا کێشانی لەبیرکەین و ژێر لچی خەین، هۆمیدوایە ئافرین سات و کاتەکانی ژیانی کە لەخزمەتی قورئاندا بردوویەتە سەر قەڵەمی لێبوردنێک بێ کە خوای ئینس و جن، خوای هەژاران و لێقەوماوان خوای خاسان و ڕاسان بەسەر عەیب و عار و قسە دڵ ئێش هێنەرەکانیدا هێنابێ ئێمە نازانین چ شەو و ڕۆژەکانی لەگەڵ کەلامەکەی خودادا بردۆتە سەر و بە بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی خوا و خستنە نێو وشە و ڕستەی کوردییەوە تێپەڕی کردووە، چەندی لە تەک خوای خۆیدا قسە کردووە پێغەمبەر فەرموویەتی: (من أراد أن یتکلم مع الله فلیقرأ القرآن) ئەو کارە گەورەیە لە ئاخری ژیانی خزمەتێکی گەورە بووە بە ئایینی ئیسلام بە قورئان و



بەزمانی کوردی، کە بۆشی بوو بە مۆری پایانی نا ئەعەمەلی ئەو دنیایەی خوای گەورە ڕووسووری ئەو لاشی بکا، لەنێو گەلەکەشمان وێنەی ئەو زیاد بکا، کە ئەگەر خراپەشی کرد و گوتی لەبەر خزمەتە زۆرەکانی لەبەرهەست و خوستی پاکی خودا و خەڵک لێی ببوورن (اذا مروا باللغو مروا کراما) رحمة الله علیه بمنه و کرمه.

**پەراوێز:**

**(*) ئەوەشمان لە یاددا بێ لەکاتی هەڵچوونی وزەی شیعری هەژار (قانیع)ی شاعیری بەناوبانگیش سەردەمێک لەناوچەی موکریان بووە.**

**(*) شیعری مەخابن کە لە پەسنی کەسایەتییەکی ناوداری حکوومەتی دانراوە جێگای گومانە و لێکۆڵینەوە دەری دەخا داخوا چۆن بووە.**



# هەژار و پەخشانی کوردی

عەلی ڕەزا نوسرەتی
(کرماشان)

## پێشەکی

پەخشان لەمانادا بە مانای پرژ و بڵاوە و لە ئەدەبدا بە وتەیەک دەوترێ کە پێبەندی کێش و پاشڵ نییە و نووسەر بە پەخشان بیری خۆی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، بە واتایەکی تر پەخشان وتەیەکی پرژ و بڵاوە کە لە چاو شیعر لە کێش و پاشڵ بەرییەو لەگەڵ عەرووزدا یەک ناگرێتەوە، هەڵبەت بەهۆیەوە بێت کە جۆرەکانی زانستی مرۆڤ وەکو بیری فەلسەفی، ئایینی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و بارهێنان لە چوارچێوەی پەخشاندا وتراوە و نووسراوە.

## پەخشانی کوردی

بمانەوێ، یان نەمانەوێ مێژوو ڕابردوویەکی بەرچاو بۆ سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی بە تایبەت پەخشانی ئەدەبی لە چاو شیعر دەسنیشان ناکرێت، مامۆستا عەلائەددینی سەجادی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دەڵێ: «ئینکار ناکرێ کە ئەدەبی پەخشان لە دەورێکی کۆنەوە لەناو کورددا هەبووە، با نەشنووسرابێتەوە و دەماودەم هەرگێڕاویانەتەوە» ، هەروەها دەڵێ: «ئەدەبی کورد لە پێشدا لەناو ئەشکەوتێکا بوو کە خێزانێک لە گوێ ئاگردانەکەیانا کۆدەبوونەوە و باسی کارەساتی ئەو ڕۆژەیان دەگێڕاوە کە لەگەڵ دڕندەکانا بەسەریانا هاتووە» ئەوجار کەوتە خێزانێکی تۆزێ ڕێکوپێکەوە، کەوتە دەوار و ڕەشماڵ، کەوتە گوند و ناوماڵ، کەوتە نێونیمچە خوێندەوار، کەوتە نێو خوێندەوار و میرزا، کەوتە شار و بازاڕ، کەوتە کۆشکی پیاوی ناودار، کەوتە سەر کاغەز و تۆمار، کەوتە سەر چاپ و نیگار، دوایی سەر ڕۆژنامە و گۆڤار.

### قۆناغەکانی پەخشانی کوردی

**یەکــــەم:** فــــۆلکلۆر، واتە ئەو بەیت و حـــەیران و حـیکایەتانەی پشـتـا و پشت هاتوون و گـەیشـتـوونەتە قۆناغی ئێستا، ئەم بەشە لەلایەن کەسانێ وەک محەمەد تۆفیق وردی و چەن کەسی دی هاتووەتە سەر کاغەز.

**دووەم:** پەخشان بەشێوەی دارشتن و نوێ کردنەوەی ئەو بەیت و باو و حـەیران و حـیکایەتانە کـە بەزمـانـی نوێ نووسراوەتەوە.

**سێیەم:** نووسینی ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر شێوازی ریالیستی، سۆسیالیستی بوون.

**چوارەم:** وەرگێرانی شوێنەواری بیانی.

**پێنجـەم:** پەخـشــانی رۆژنامـەگـەری و پەخـشــانی رامیاری.

**شەشەم:** پەخشانی ئایینی.

**حەوتەم:** پەخشانی ئەدەبی.

### پەخشانی کوردی

به هەست و سۆز و گر و گرڤەی دەروونی نووسەر گرێ دراوە و لەگەڵ بەهێزبوونی ناوەرۆک، قالب و قاپێک و فـۆرمـێکی رازاوە و نەخشین دەنەخـشـێنێ کـە چۆنایەتی دەسـەڵاتی نـووسـەر بەسـەر زمـان و بایەخی وشـە لەلای نووسەر تانوپۆی دەتەنێ.

### هەژار و پەخشانی کوردی

یەکێ لە هەڵکەوتەکانی ئەم گۆرەپانە مـامـۆستا هەژار کـە شـێـوازێکی نوێ لـە ئەدەبی کـوردیدا دەخـولقـێنێ. مـامـۆسـتـا سـەبارەت بە پەخـشـانـی کـوردی دەڵێ: «خـۆ دیاریشە پەخشان نووسین بۆ پاراستنی زمانمان لە شیعر و هۆنە باشـتـرە، چونکە مـەیدانی نووسـینی پەخـشـان، تا بێـژی پان و بەرینە، نووسـەر ریشی دەبەر دەستی وەزن و قافیە و هەیت و هووتی تردا نییە، خودا و راستان لەم چەرخی چاردەیەمـینی ئیـسـلامـیـدا ئەو دەروەشـمـان لێ کرایەوە و پەخـشـان و داسـتـان نووسـمـان لێ پەیدا بوون. ئێستا کە زۆری وامـان هەن، بەهۆی نووسـینی چیرۆک و کـــردەوە کـــۆیی دیرۆکـــان دەســـتـــەبەری هەرمـــانی کـوردیەکـەمـانن» هەژار لە پەخـشـاندا وشـەکـان جـووت دەکـــــات و یـەک لـەدوای یـەک دەیـانـچـنـێ و زۆربـەی پەخشانەکانی سەروادار، یان موسەجەعن وەکو ئەم وێنە «نەیارانمان ویستوویانە زمانە زگماکەکەمان لێ بەربەست کەن لە سایەی بێ زمانییەوە بە یەکجاری مافی رەوای



نەتەوەییـمـان پێ بەست بکەن، ئەگەر من و تۆ نەزانین ئاغـــاکـــانمان باش دەزانن هەر زمـانـە قـەباڵـەی بوونی گـەلانە، هەر گـەلێ زوانی نەمـێنێ قەت ناکرێ سـەرهەڵـێنێ و خــۆ بنوێنێ، مـــافی رەوای خــوداداوی وەدەست بێنێ».

پەخشانەکانی هەژار ئەوەندە وەکو شیعرەکانی بایەخی پێ نەدراوە و تـوێـژینەوەی قـــووڵ و هەمـــەلایەنە لەســـەر نەنووســراوە و لە هێندێ رۆژنامــە و گــۆڤــاردا بە پرژ و بڵاوی هەندێ شت نووســراوە کــە ئەوانەش باســێکی زانستی نەبوون، کەچی مامۆستا بە شارەزاییەکی بێ وێنە پێنووسی بۆ پەخـشـان خـسـتـۆتە گـەر وەکو نووسـەرێکی داهێنەر توانایەکانی تاقی کردووەتەوە و پێـشـتـریش ئەم هەنگاوە لەلایەن پیرەمێردەوە هەڵگیراوە، پیرەمێرد دەڵێ و لە سـایەی مـەتەڵ و ژینەوە، شـاعـیـر زۆر بوون با کـۆنە شـاعـیـرەکـان جـێـیـان بۆ چۆڵ کـەن ئـیـتـر من پەخـشـان ئەنووسم».

### تایبەمەندییەکانی پەخشانی هەژار

#### یەکەم: شارەزایی لە زمانی کوردی

هەژار وەکـــو چۆن لە نـوێـکردنەوەی زمـــان و ئەدەب پێـشـەنگ بووە، بەسـەر زمـاندا زاڵ بووە و رەوتی هونەری و چێژی جوانکاری و جوان کردنەوە بە وشەی کوردی باش زانیوە و لە هێنانی دەستەواژەی زاراوەکاندا زۆر وەستایە و لە تەواوی بابـەتەکـانیـدا بۆنی ئەدەب و هەسـتی ناسک تێکەڵاون.

«لاوانی کـــوردی دەست و دڵ گـــەرم و خـــوێندەوار-خوێنەوار بە زمـانی بێـگانە-کە زمـانە زگمـاکـەکـەی بابو باپیـرانی خـۆیان وا لەبەرچاو کـەوتبـوو، لایان وابوو لە زمـــانە مـــردووەکـــانە و هەر بەشی شـــوان و گـــاوان و دەشـتـیـیەکانە و رووی مەجلیسی یارانی نییـە و چڵکە هەورێکی هاوینە و هومـێدی بارانی لێ ناکرێ و ئەوەندە لاواز و داڵ گۆشتە ئەگەر مار مێلکەشی بە گەروودا کەی نابووژێتەوە و خۆی بەسەر کاغەزەوە ناگرێ. هاتن چاکی مەردایەتییان لێ بە لادا کرد و هەرچی زمانی بێگانەکەیە و هەرچی زمانی شوان و گاوانە خۆماڵییەکەی خۆشمانە بە گـەسک و بێڵ مـاشـتـیـان و ناشـتـیـان و سـەرلەنوێ کـەوتنەکـار و زۆر بە کـارامـەیی زمـانێکی سـەربەخـۆی ئەوەندە سـەیر و سـەمـەرەیان بۆ ئیـجـاد کـردین کە سـەری فـیل و نەهەنگیشی تێدا گێژ دەبێ، کوردییە و کوردیش

نییە! تەرجەمەی عەرەبییە و تەرجەمەش نییە! و عەرەبیش نییە! ئەدی چییە».

**دووەم: هەژار و بایەخی وشە**

هەژار زۆر بە وردی بایەخی وشەی زانیوە و هەوڵی ئەوەی داوە لە پەخشانەکانیدا بە کاری بێنێ، کەس ناتوانێ لە دێڕێکی ئەو پەخشانانە وشەیەک دەرباوێ و وشەی تری لە جێ دانێ و سەردێڕەکە تێک نەچێ، ئەو کارەی کەوا نالی لە شیعردا کردوویەتی، هەژار بۆ دەربڕینی مەبەستی لەبارترین وشە، تەڵ چن دەکات و لە هەڵبژاردنی وشەدا تالاوکە ناکا و هەوڵ دەدات وشەیەکی وا هەڵبژێرێ لە زار و گوێ خۆش بێ، بۆ وێنە لە یادی مامۆستا سەجادی وا دەنووسێ «لەپاش ساڵێ سڵاو ماڵێ وەخۆکەوتن بۆ یادی فایەق بێکەس و پیرەمێردی گردی یارە و مەرگی گۆران میوانی و نان و خوان درا.ڕووپەڕ بە جارێ وەرگەڕا دەبێ لەبیرتان بچن، دەشێ ناشتنی لاشەیان ئەم هەموو کردە باشەیان لەلای ئێمەی ڕۆشنبیر کە لە کوردی پەرستیدا ئاوی شەوێ شلوێ ناکەین وەبیر حەشاماتی مەردم بخرێتەوە، دەتگوت مەولوودنامە دەکەن، بەر دەرک و بان و بێلایی ئاو ڕشێن کەن، بەڕان ڕاخەن سەنێر و پاڵەپشت داخەن، شتی بۆنخۆش بسووتێنن، چرا و مۆمان داگیرسێنن، دنیا بکەنە چراخان، چەند کەس هەر گوڵاو بپرژێنن، کابانی دەستاوخۆش بانگ کەن با چەور بێ کشمیش و خورماشی تێکەڵ خۆرشت و ترشک زۆرخۆش، بێ وێڕای هاوسای کۆک و پوشتە و دەر و جیران، لەو ڕووتانەش بگێڕنەوە کە دەم دەشیعران وەردەدەن و زۆر تامەزۆن. با خێری مردووەکە تێر بخۆن، هەموو ڕۆژێ هەڵناکەوێ کفتەی مفتە وا بەلاش و بە لێشووبێ و... سا ئەوانیش لەسەریانە و بە وتاری بایەخدار و شیعری تەڕ و ئاوداریان کۆڕەکە بڕازێنێتەوە.

**سێیەم: پەخشان و نیشتمان**

نیشتمان بایەخێکی بەرچاوی هەیە لە پەخشانەکان نووسەردا هەیە، هەست و بیروباوەر و ئەندێشەی هەژار لەسەر جەغزی نیشتمان دەخولێتەوە، کەچی بابەتی زۆربەی پەخشانەکانی دڵەڕاوکێی نووسەرە لەسەر ئەو خاڵە، ئەگەریش بە وردی سەرنج بدەینە تانوپۆی پەخشانەکانی دەردەکەوێ کە نیشتمان و سروشت و مرۆڤ سێ کۆچکەی نووسراوەکانیەتی و خاوەن



پەیامێکی تایبەتن، ئەویش پاراستن و ڕاگرتنی بەرژەوەندی نیشتمان و هاورێ لەگەڵ خۆشەویستی و جوانی سروشت و مافی مرۆڤ، بەرزی پێکهاتە و دەنگی زمان و زەبری پێنووس هاورێ لەگەڵ جوان و خۆشەویستی نیشتمان یەک دەگرنەوە بۆ خۆی دەڵێ: «سەر لە هەوەڵەوە لەو شاگرد گارسۆنیە زۆر بەخۆمدا شکامەوە بە تەقیەوە ئامان و دەفرم لە پێش موشتەری لادەبرد بزەشم بەخۆمدا دەهات. بەیتێکی مستەفا بەگی کوردیم هاتەوە بیر:

**سەبا یارانی مەجلیس گەر دەپرسن حاڵی زارم لێت**
**بڵێ کێشایە مەیخانە دووچاوی بێچووە عەییارێک**

بێچووە عەییاری ئەو شاعیرە، بەچکە ئاغایەکی لووسکەڵە بووە، بێچووە عەییاری من کوردستان و چەندین ملیۆن کوردی لێ قەوماوە، بۆشی بچمە سووچی مەیخانە و لەوەش ڕەزیلتر بم جێی شانازیمە، ئیتر بە ڕاستی ئەم بەیتە شیعرە شەرم و تەقیەی لابردم و زۆر بە ڕاشکاوی کاری خۆم دەکرد».

**چوارەم: جەماوەر**

بۆ پەخشانەکانی هەژار گەلێک سەرچاوە دیاری دەکرێ کە لە هەموویان گرنگتر پێوەندی بە جەماوەرەوەیە، لە ڕاستیدا پەخشانەکانی لەباری ناوەڕۆکەوە تێکەڵاوی ئەندێشەی جەماوەرە هەروا کە دەنووسێ: «ئەگەر مێژووی کەون و تازەی ئەو میللەتە، لێقەوماو و لانەوازە، سەرفیرازە شی کەینەوە و بە وردی لێکی دەینەوە و لە هەر خەلوارەی لاوێمێک بۆ نموونە بێنینەوە کتێبێک وەک تەوراتی لێ چێ دەبێ».

**پێنجەم: نووسەرێکی جیاواز**

هەژار ئەگەر پلەیەکی بەرزی لە پەخشاندا دەست کەوتووە، زۆرتر ئەوە بووە وازی لە ڕێبازی کۆن هێناوە و هەوڵی ئەوەبووە گۆڕانێکی بنچینەیی لە پەخشانی کوردیدا بەدی بێنێ، ئەگەرچی تائێستاش کەسانێک هەن کەم تا کورتێک پەخشانی جوان دەنووسن، بەڵام دوای ئەوەی هەژار گۆڕەپانی پەخشانی کوردی بەرهەمی وامان نەدیوە کە بگاتە ئاستی بەرهەمەکانی هەژار، شارەزایی بەسەر مۆسیقای کەلام و هەروەها ڕەچاوکردنی ڕێبازی نوێ، لە هەژار نووسەرێکی وەها دەخوڵقێنێ «لەبیرتە جارێ هاوکاری قیت و زیت و لە باری چاویلکە لە چاو،

بەنێو خێوێ کۆشێک شادە و بڕوانامەی پلەی ژووروو،
زۆریش گەرمی کوردایەتی تەوس و توانجی دە مەم و زینەکەم دەگرت کە بۆچی «ببتە» نووسیوە و نەتزانیوە شێوەی هەولێر ناڕەوانە؟! عەرزم کرد چۆنم نووسیبا ڕەوانتر بوو، فەرمووی ئەبوا «ببێتە وانێ» بووبایەت کە شێوەی سلێمانییە، وەنا شکوری خودا نەوێ ئەم نەخۆشینە گرانە لە مەهاباد، سلەیمانی، لای هێندێکیش نووسەرانی بادینانی لە تەشەناکردنایە، ئەگەر زۆر زوو چاری نەکەین، لەم شەڕە شار و شەڕەکانە دەس بەر نەدەین ئەم شەڕە شاخە وێڵ نەکەین- دەبێ خوا بەو ڕۆژە نەکا- ئەوەندە کۆکە زمانەش لە چوار پەلان گوێی ساغە و ئاهێکی پێوە نەماوە، لە ناخی ئاخدا بنێژین و ئەلفاتیحای بە عەرەبی بۆ دابدەین».

**شەشەم: ئاوێنەی کۆمەڵگا**

ئاوەڕۆکی پەخشانەکانی هەژار باس لە ڕەسەنایەتی، تایبەتمەندی، سروشت و دابونەریتی کوردەواری دەکەن و دژی هەر چەشنە نەزانین و ستەمێکە بێ گومان تا ئاخرین چرکەکانی ژیانی لەسەر ئەو ڕێبازە بوو کەوا سوێندی پێ خواردبوو یەکە یەکەی وشەکانی هەڵگری خەم و ئەوین و نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤی کوردە «دەبینین لە دێیەک بووک ئەهێنن، سوار سوار بووە ڕمبازی ئەکەن داوەت دەگەڕێ کەسک و سوور تێکەڵ بووە، شادییە، بووکێکی تەواو بە تارایی سوورەوە بۆ ماڵی زاوا دەگوێزرێتەوە، زاوایەکەی زەبەلاحی چوار شانە گیڤەی سمێڵێ دێ و دەچێتە پاڵ بووک، بەرهەمی ئەو هەراو گرمە و بەزم و ئاهەنگە پاش چەن ساڵێک چەن منداڵێکی زیت و خونچیلانەیە، مناڵیش لەگاڵتەی خۆیاندا لاسایی ئەوان دەکەنەوە، پەڕۆیەک بەسەر کچکۆڵێکدا ئەدەن و یەکێکیش ناودەنێن زاوا و چەند مناڵێکیش سواری قامیش لە قەستی ئەسپ و بووک ئەبەن، بەلام پاش تاوێک بڕوانە هەر خۆشیان لەبیریان چۆتەوە چییان ئەکرد».

**حەوتەم: پەخشانی ئایینی**

ئەو چەشنە، پارچە ئەدەبێکی پەخشانە کە سەبارەت بە بابەتێک لە بابەتەکانی ئایین دەدوێ. زۆربەی پەخشانە ئایینییەکانی مامۆستا هەژار لە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزدا دەبینرێ، زاڵ بوونی بەسەر زمانی عەرەبی و شارەزایی بێ وێنە لە زمانی کوردیدا پەخشانێکی



سەرکەوتوو، خولقاندووە و شێوازێکی تایبەت وە بەردەگرێ و زۆربەی نووسراوەکانی لەم بوارەدا دەخرێتە یانەی پەخشانی سەروادار، یان (نثر مسجع) لەم نووسراوانەدا پاشبەندەکان تەراز دەکرێن و سەجعێکی جوان پێکدێنن.

«سوێند بە هەژار، بە زەیتونیش،- سوێند بە تۆزی سینایە- بەم باژێرەش کە مەترسی وەبەرنایە- ئێمە مرۆن لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە- پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ پلەی هەرە بەرە ژێر- مەر ئەوانەی باوەڕدار و ئەکار چاک بوون کە پاداشتیان دوایی نایە- {سا ئەی مرۆ} چی تۆی دەسخەڕۆ کردووە کە ژینەوت پێ درۆیە؟. ئاخۆ خودا لە هەموو فەرمانڕەوایان باشتر بە کاریان ڕا ناگا».

ئەنجامی باسەکەمان ئاوا بەرەو کۆتایی دەبەین کە بەبێ دوو تایبەتمەندی. یەکەم «تایبەتی بوونی پەخشان» دووەم پێوەندی لقە سەرەکییەکانی ئەدەب لەگەڵ یەکدا کە یەکێ لەوانە پەخشانە، دەبێ سەرنجی نووسەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، قوتابخانەی هەژار لە پەخشاندا قوتابخانەیەکی دەوڵەمەندە، ئەو پەخشانانەی مامۆستا کە وتارەکانیدا پرژ و بڵاون، کۆبکرێتەوە و لە فێرگە و زانستگاکان بخرێنە بەردەست خوێندەواران و پێویستە هاوڕێ لەگەڵ توێژینەوە و تاووتووی پەخشانەکانی، باس لە قووڵی ئەندێشە و تێڕوانین و دەست و بازووی هەژار لە پەخشاندا بکرێت هەر بەو هۆیەوە هەوڵ بدەین هزر و بیری کوردی خوێندەواران بخەینە چوارچێوەی پەخشان..


**سەرچاوەکان:**

**١- چێشتی مجێور، هەژار، چاپی یەکەم، ١٩٩٧.**

**٢- گۆڤاری ڕۆژڤار ٣٤، چاپی دووەم.**

**٣- گۆڤاری سروە، ژمارەی ١٣٣، ١٧٩.**

**٤- پیرەمێرد و نووسین و ڕۆژنامە، سەباحی غالیب.**

**٥- وەرگێڕانی قورئان، هەژار، چاپی یەکەم بڵاوگەی سروش.**

**٦- هۆشیاریمان، فوئاد تاهیر سادق، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.**

**٧- هەنبانە بۆرینە، هەژار، چاپی سێیەم، بڵاوگەی سروش.**

**٨- بۆ کوردستان، هەژار، بڵاوگەی ئاراس.**

**٩- خەییام بە کوردی، هەژار، چاپی دووەم، بڵاوگەی سروش.**

**١٠- تاریک و ڕوون، هێمن، زنجیرەی ٧٥، سالی ٢٠٠١ بنکەی ئەدەبی پێشەوا.**

**١١- وتار، محەمەدی ئەحمەدیان، مەهاباد.**



# هەژار و ئایین

**محەمەد ئەحمەدیان**
**(مەهاباد)**

بەشـێکی زۆر لەنووسـەران و هەسـتـیـاران و رووناکـبـیرانی کورد دەگەڵ ئەوە رێبازی سەرەکـیـان نەتەوە دۆستی و گەل ویستی بووە، لەو پەنجا ساڵەی رابردوودا، لە حاند ئایین و بیـروبڕوای ئایینی بەرێز و حورمەت دواون، بەرد و کلۆ و گلەمەتیان نەهاویشتۆتە بڕواداران و فـڕو تانە و تەشـەریان لەبیـروڕای ئایینی نەداوە، بەپێی ویستی رۆژ چەپ و چیـر نەسووڕاون، ئەگەرچی ئامانجی سەرەکیان کوردایەتی بووە، بەڵام لەو راستییە حاڵی بوون کە ئایین وەک ئەخلاق و یاسا بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە، ئایین وەک خاک و رەچەڵەک و زمـان، پاڵپـشت و پێناسەیەکی نەتەوایەتییە، بەو هۆیەوە لە حاند ئایین بەرێز و حورمەت هەڵسوکەوتیان کردووە، وێنەی ئەو کەسایەتییانە زۆرن وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی و سەیف و هەژار و خاڵەمین و ئاوات و ئیدی...

ئەگەر لەو دەلاقەوەرا بڕوانینە کەسایەتی مامۆستا هەژار، دەبینین نووسەرێکی بەهێز و خامەڕەنگین و نیشتمان دۆست و خوداپەرستە، هەژار هەڵکەوتەیەکی کوردی موکریانە، لە حوجرەی فەقێیەکانی موکریان پەروەردەبووە، لەو حوجرانەی بەدرێژایی سەدان ساڵ بێ پسانەوە لە دڵی تاریکە شەودا سەدان خۆریان لێ هەڵاتووە و چاوگەی هەڵقوڵینی رووناکبیر و نەتەوە خواز و هەستیار و خاوەن زمان و قەڵەم بووە، هەر بۆیە مێژووی نەتەوەی کورد شانازی بە حوجرەوە دەکا، مامۆستا هەژاریش ئەو شانازییە لەسەر شانی خۆی هەست پێ دەکا و بیرەوەری حوجرە لەبیر ناباتەوە و لە پێشەکی قانووندا دەڵێ: پدر روحانی بود، درعلوم عربی مهارت داشت، ازدسترنج خود می زیست و کشاورزی راپیشه می کرد... به مفاد مثل عرب:

جوجهء غا ز بایدشنا یادبگیرد، پدر پسرانش رادرس می
داد که ماهم روحانی شویم، شمه‌ای ازمبادی عربی
راپیش پدرآموختیم، پس مرا روانهء مدارس دینی
کرد،... ما «فقێ» هابایستی هرروز بعداز نمازعهر
درخانه های مسلمانان روستایی را بکوبیم وصدای بلند
سردهیم «نانی فەقێ ڕەحمەتی خودا و لێ بێ»، مامۆستا
هەژار لە چێشتی مجێوردا لە چەند جێ باسی حوجرە و
فەقێیەتی خۆی دەکا و دەڵێ: «زەبیحی وەک من فەقێی
دایمی و ڕەسمی نەبوو، دەرسی دەخوێند و دەگەڕاوە ماڵە
خۆی. بابم زۆری کەیف هات کە دەگەڵ «فەقێکان» بچمە
خانەقا کە شوێنێکی پیرۆزە و خوێندنی ئەوێ بەرەکەتی
هەیە.. لە خانەقا لە حوجرەیەکی بەرتەنگ دامەزراین و
خوێندن دەستی پێکرد، لەگوڵستان دەچوومە بوستان،
دەرسی عارەبی لە «تەسریفی ڕەنجانی و عەوامیل» ڕا
بەرەو «نموذج و سەمەدیە» ڕۆیشت، شێخ محەمەد-
کوڕی شێخی بورهان - بۆ خۆی دەرسی ئوسووڵ و
هێندێک شەرعی شافیعی پێ گوتم. پاش ماوەیەک
چوومە تورجان و لەوێڕا هاتمە سابلاغ لە مزگەوتی بازاڕ
بوومە فەقێ لەلای مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی، ئەو
کەسایەتییەی دوایە لەکۆماری مەهاباد بوو بە وەزیری
داد. جگە لەدەرسی سەرف و نەحو، قەسیدەی «بانەت
سوعادەی کەعبی ئیبنی زوبەیر» و «لامیەتولعەرەب»ی
«ئیبنولوەردی»م لای خوێند و لەبەرم کرد... دوایە
چووینە وشتەپەی خوار بۆکان و «شەرحی سیوتی لەسەر
ئەلفییەی ئیبنومالک» و «ئەدەبیاتی فارسی و حیسابم
خوێند. مامۆستا هەژار دەیان ساڵ دوای فەقێیەتی لە
وشتەپە یادی ئەو سەردەمە دەکا و دەڵێ:

**وشتەپە داخوا فەقێلەی دێنێ**
**یان لەجێی ئێمە پەپۆ دەخوێنێ**

لەدرێژەی باسی حوجرە مامۆستا هەژار لە لاپەرەی
٢٣ی چێشتی مجێوردا دەڵێ: «بابم دەیفەرموو، ئاواتم
ئەوەیە کوڕی من ببێتە مەلا و بە کەوای شۆڕەوە ببینم کە
دوو فەقێی لەدواوە دەڕۆن».

گێڕانەوە و هێنانە گۆڕی ئەو ڕووداوانە چ ڕوون
دەکەنەوە؟ ئەو مەبەستە ڕوون دەکەنەوە کە مامۆستا
هەژار لە حوجرە پەروەردە بووە وەک بۆ خۆی لە پێشەکی
قانووندا دەڵێ: (نە دانشگاهی دیدە ام و نە بە پایگاهی
رسیدەام کە مرا دکتر خطاب کنند) کەسایەتی مامۆستا
هەژار لە حوجرەدا شکڵی گرتووە، ئەو ڕووداوانەن



کەسایەتی هەژار دەخوڵقێنن و بیروبڕوای
لەگەڵ دەردێنن و خۆناسین و خوداناسین و
دوایە ئازایەتی و مەردایەتی و کورردایەتی
بەرهەم دێنن.

بۆ ڕوون بوونەوەی بیری ئەو کەسانەی زانیارییەکی
ئەوتۆیان لە حوجرە نییە دەڵێین: حوجرە خەزێنەی میللی
و مەزهەبی کوردستانە، ئەوەی هەمانە و سەردەستە و
پێشەنگی هەموو دەستانە بەرهەمی حوجرەکانە لە خانی و
مەلای جەزیری و مەولەوی و نالی و مەحوی ڕا تا قانیع
و هەژار و هێمن ئەوانە ئەستێرەی پرشنگداری نێو
حوجرەن. مەلا محەمەدی قزڵجی تورجانی زادە، ئەو
کەسایەتییەی ٩٠ ساڵ پێش ئێستا (١٣٤٠ی مانگی)
لە ورمێ ڕۆژنامەی «کورد»ی سەردەمی سمایل ئاغای
سەرپەرشتی کرد و بەڕێوەی برد، پەروەردەی حوجرە بوو،
هەروا مەلا مەحموودی بایەزیدی، ئەو کەسایەتییەی ٣٤
ساڵ (١٨٤٦- ١٨٦٩) هاوکاری ئەلیکساندر ژابای
کرد، ڕۆدێنکۆ دەڵێ: گەلی کورد زۆر قەرزداری مەلا
مەحموودە، ئەگەر هەوڵ و تەقەلای مەلا مەحموود و ژابا
نەبوایە، سەرچاوە گرنگەکانی ئەدەبی کوردی سەدەکانی
ناوەند تا ئەوڕۆ بە نەزانراوی دەمانەوە» حوجرە ئەو
جێیەیە کە مامۆستا هەژار لە پێشەکی قانووندا دەڵێ:
(زینهار نپنداری کە مدارس مساجد کردستان تحت
إشراف دولت یا بودجەمعین ادارە می شدەاست).

جا کەسێک لە حوجرە پەروەردە بووبێ، بۆ سەیرە ڕێز و
حورمەتی ئایینی لەبەربێ؟ مامۆستا هەژار بڕوای وابوو
نەتەوەی کورد وەکو چەند میلیارد ئینسانی سەر ئەو
عەرزە، لە موسڵمان و گاور و جوولەکە و بودایی ئەو
مافەی بۆ خۆی بە ڕەوا زانیوە بیرو بڕوایەکی هەڵبژاردووە
و ئیسلامەتی کردۆتە ڕێو شوێنی خۆی، زۆربەی هەرە
زۆری ئەو گەلە پەیڕەوی ئایینی ئیسلامە، فەرهەنگی
نەتەوایەتی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یاسا و دابو
بڕیارەکانی ئیسلامدا وا تێکەڵ بوون ناسینەوەیان
گەلێک دژوارە، هەر دێیەکی کوردستان تەنانەت ئەو
دێیانەی چەند ماڵێکن، مزگەوت و نوێژگەیان هەیە،
لەسەر هەر کانیاوێک تاتە بەردێک بە وێنەی بەرماڵی
سروشتی دابین کراوە تا ڕێوڕەسمی ئایینی بەهاسانی
بەڕێوەبەرن، ڕەنگدانەوەی ئایین لە کولتووری ئێمەدا وەک
شین و شایی و جەژن و پرسەو ژن هێنان و جلوبەرگ و
تەنانەت خانوو و خوو ڕەوشتەکان بەرچاوە، پێوەندی

ئێمە و ئایین لێک بەستراوە و پێک بەستراوە.

مامۆستا هەژار گازندە و ڕەخنەی لە یاسای ئیسلام و دەقی پیرۆز نەبووە، بەڵام لە چنگ موسوڵمانی کەمتەرخەم و زەنگۆڵ زاڵە و ناڵەی هاتووە، یاسای ئیسلامی پێ ڕەوایە و باوەڕی بە ئیسلامەتی و دەقی پیرۆز ئاشکرایە، دەڵێ: «ئەو ئیسلامە کە بەرنامەی قورئانە دەگەڵ ئاکاری ئەوانەی نزیکەی چاردە چەرخە بەناوی موسوڵمانەتی حوکم دەکەن پێکی بگرە! تا بزانی تا کوێ یەکتر دەگرنەوە؟! هەر لە دەورانی ئەمەوی تا سەفەوی، تا دەگاتە ئەو ڕۆژگارەی بۆ خۆمان تێیدا دەژین چەند خاوەن زۆر و هەژار خۆر، بەناوی دین، خواردوویانین و دەمانخۆن هەر ناکەسێک و تەرەفێک دەستی ڕۆیشت، بە زۆری کوتەک و قامچی، خۆی ناودەنێ ڕاسپاردەی ئاسمان و بەڕێوەبەری قورئان و بەرانبەر بە ئارەزووی خۆی مانای ئایەتان دەگۆڕێ و خۆ بەسەر موسڵماناندا دەسەپێنێ، کێ دەوێرێ هاوار بکا؟ کێ زات دەکا لە دەست زوڵم بناڵێنێ؟ هەر دەستبەجێ ئایەتێکی بۆ دێننەوە و بە کوتک لێی حاڵی دەکەن کە: هەربێژێ لەل، کافرە و ڕەوایە خوێنی برژێنن».

مامۆستا هەژار موسڵمانان هان دەدا بۆ یەکگرتن، ئاگاداریان دەکاتەوە کە فەلە و گاور و جوو ساڵیانی ساڵە پێکەوە شەڕ و هەرایانە ئەوڕۆ لە داخی دوژمنە سەرەکییەکەیان واتە ئیسلام بوونەوەیەک ماڵ و کاکە و برالەیی دەکەن، بڕوانە ئەو مەبەستە چۆن بزەی تاڵ دەخاتە سەر لێو بە ڕاوێژی خۆماڵی و ئایدیۆمی تایبەت بە زمانی کوردی دەڕازێنێتەوە و دەڵێ:

«یەکیان گرت خاچ پەرست و جوو، ڕێزی دوژمنان پتەو بوو، ئیسلام لێک جودابوونەوە بەرەو نەزانی چوونەوە، سڕبوون، بوونە ماران گەستە، بوون بە سەد تیرە سەد دەستە، تێک بەربوون، بە جارێک بێ سەروبەربوون... فەلە زل بوون، جوو بوو بەشت بەشی ئێمەش هەرقت هەرفت، هەرگیز و فت».

ئەوکاتەی مەرامی مارکسی برەوی هەبوو، مامۆستا هەژار ماوەیەک لە سۆڤیەت دەژیا، بەهیچ کلۆجێک ئۆگری ئەو مەرامە نەبوو، لەبەر ئەوە ئەو مەرامە سکلی خوداپەرستی و گەل دۆستی دادەمرکاند، نامۆیی لێ دەکرد و لای بۆژۆ بوو، مامۆستا هەژار دەڵێ: «پێم سەیر بوو کە لەشۆڕەوی دینێکی سەربەخۆ پەیدابووە، ئەویش بەپیرۆز زانینی لینینە، لاشەکەی مۆمیایی کراوە و ماوە،



بۆتە جێگە زیارەتی هەموو کەس، لە زستان و هاویندا هەمیشە بچۆ، بە درێژایی کیلۆمەترێک خەڵکە بۆ نۆرە زیارەت ڕاوەستاون».

لە بەینی ساڵەکانی ۱۹۵۷ تا ۱۹۵۸ی زایینی کە سەرسەری کارەسات مامۆستا هەژاری بۆ لینینگراد حەوادا، کە شارێکی ماتریالیستی و ناوەندی کۆمێنترن بوو، ئەو مەزنە پیاوە لەباتی ئەوەی وەکو هێندێک لە پیاوە گەورەکانی ئەو سەردەمە بچێتە سەر قەبری لینین و چاوێک بە مانیفیست داخشێنێ، دەچێتە مزگەوتی جومعەی لینینگراد و دەگەڵ مەلای ئەو مزگەوتە- عەبدولباری- لە بارەی قورئان و ئایین باس دەکا».

مامۆستا هەژار لەشەرەفنامەدا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ئایینی پاک و بێ گەردی ئیسلام ئاشکرا دەردەبڕێ، بەڵام وەک هەمیشە گازندە لەلایەنگرانی دەگرێ، کە یاسا پشتگوێ دەدرێ و ڕەگەزپەرستی وەبرەو دەخرێ، نەتەوەی بێ هێز وەلا دەندرێ، ئەوە هەڵوێستی مامۆستا هەژارە لە پێشەکی شەرەفنامەدا کە دەفەرموێ: «ئایینی پاک و بێ گەردی ئیسلامەتی کە لەسەرەتاوە پەیدابووە، تیشکی برایەتی و یەکسانی وەچیاکانی کوردستانیش کەوتووە، تاریکایی ئاگرپەرستی لەسەر ڕەواندووین و چاکان و پاکانی ئیسلامی تێ گەیاندووین کە موسڵمان هەموو پێکەوە بران و ڕەش و سپی و سوور و زەرد و کەوەیەک لە ئارادا نییە، هەموو ڕەگەز و تیرە و هۆز و نەتەوەیەک لە بەرانبەر بارەگای خودای بەرزدا یەک جۆرن و یەک تەرزن، نەژاد پەرستی ستەمکارانە کاری بەدکارانە و هەوێنی بێ ئاکاری و پەستییە، کەس لە کەس زلتر نییە هەموو موسڵمانێک خاوەنی هەر ڕەنگێک و خێوی هەر زمانێک بێ، لەبەر بەرِ بەرۆچکەی خۆرەتاوی ئیسلامەتیدا بە سانایی دەحەوێتەوە و هیچ بێ هێز و پینێک لە بۆتەی دەستەڵاتداراندا ناتاوێتەوە، پلەی لە پێشی و گەورەیی، بە ئەندازەی ئاکاری باش و لە خواترسانە. کوردیش کە چوونەتە ژێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی ئەو ئایینە پاکە، دیتوویانە وەک بیستوویانە وایە و موسڵمان هەمووی پێکەوە برایە و هەموو بۆ یەکتر پشت و پەنایە و ئەگەر جاران بێ کەس بوون وا لە سایەی ئەو فەرمانە ئاسمانییەدا کە قورئانە ماوەیەکی زۆر باش حەساونەتەوە».

مامۆستا هەژار دوای ئەو وەباڵکێشانە و ڕاستی

هەڵدانەدا، خەم و مەراقی خۆی بۆ لاڕێ بوونی ئیسلام و چەوسـانەوەی دووبارە ئاوا هەڵدەڕێژێ و دەڵێ: «بەڵام هەژار داخ و مخابن! کە ئەو جەژنە پیرۆزە زۆری نەخایاند و لەشکری خـەم و پەژارە دووبارە سـەری لێ دانەوە و بەسەربەستی نەمانەوە.. زۆرداری بەنێو موسڵمان، وەک گـورگی کـەپەنە بەشـان خـۆیان نێـو ناوە شـوان و لە فـەرمانـەکـانی خوا هەرچی بۆیان نەلواوە، پشـتگوێیـان خسـتووە و دەسـتیان کـردووە بە ڕەگەزپەرستی و ملیان ناوە لە نەتەوە هەڵاواردن و بێ هێز خواردن».

دەروونی ئەو پیاوە مەزنەی کورد ئاورگێک بوو کە دوو سکڵی زۆر گەورەی تێدا دایسا کە سەرِ سەرِی کارەسات نـە هـەر نـەیـدەکــــــوژاندنەوە، بـەڵـکـو زیاتـر و زۆرتـر دەیگەشاندنەوە، یەکێک ئاوری خوداپەرستی و ئەوی دی سکڵی ئاوری گەل دۆستی. ساڵەکانی ئاخری تەمـەنی هەمـوو کـارێکی وەلا ناو سەری بەسـەر کـەلامی خوا و قورئاندا گرت و بە زمانی کوردی تەرجەمەی کرد، هەموو کـوردێک دڵی پشکووت ئەوکـاتەی وەرگـێڕاوی کـەلامی خودای بەقەڵەمی هەژار و بەزمانی کوردی ڕەسەن و پەتی چاوپێکەوت چ هیـوا و ئومـێدێک سـەبارەت بە داهاتی داهاتووی ئەو کارە بەنرخە هەڵڕژایە نێو بیرگەکانەوە لەو کاتەدا کە پشوو سواری نەخۆشییەکانی چاخی زورهانی بوو، دەیفەرمـوو «تۆ خوا- لێم گەڕێن، بەڵکو کـارەکـەم تەواوکـەم» دەست بە وەکـاز و چاو لە ئاسۆی مـەرگ، لە هەورازی پیـری وەسـەردەکـەوت، باری گـرانی ئەو کـارە خێرەی خسـتە سەر کۆڵی خۆی و توانی بڵێ: «ئۆخەی ئەوە نەمردم و ئەو کۆڵە قورس و گرانەم وەسەرخست».

مامۆستایانی ئایینی کوردستان تێکڕا منەتباری ئەون، مـامـۆسـتـا ئەحـمـەدیان لە وتارێکدا نووسـیـویە: ئەمن بەنێوی کوردێکی بەرپرسیاری ئایینی، بەش بەحاڵی خۆم زۆر پاپای ئەو مـامـۆسـتـایەم و کـارەکـەشی زۆر پەسند دەکـەم» شـێـوەی وەرگـێـڕان و ڕازاندنەوەی ئەو بەرهەمـە، خـوێنەر بۆ لای خـۆی ڕادەکـێـشـێ، کـەڵک وەرگـرتـن لە زۆربەی زاراوە و دیالێکتـەکـانی کـوردی و بەکـارهێنانی زمـانی پەتی و ڕەسـەن بۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی زمـانی قـورئان، ئەو وەرگـێـڕانە بەهێـزتر دەکـا، کـاک خـالـەقی یەعـقـوبی لە دەنگی بلوورینی دەقدا دەڵێ: مـامـۆسـتـا هەژار خـوێنەری کـوردی لە چێـژی جـوانکاری سـەجع و سەرواى دەقی عارەبی، بە زمانە خۆماڵییەکەی بێ بەش نەکـردووە، پاراسـتنی وردەکـاری و پـەردە لەسـەر لادانی



مەبەستی شاراوە و تێکەڵاوی تەمومژ ئەو وەرگـێـڕانـە بەهێـز دەکـا، بەکـارهێنانی دەسـتەواژەی خـۆمـاڵی و ئایدیۆمی تایبەت بەزمانی کوردی بەجۆرێک خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بە خزمایەتی لەگەڵ زمانەکە دەکات وەک دەڵێ: ئەبولەهەب هەردوو دەستی شەلەبێ و عەمری نەمـێنێ، کەڕن لاڵن، چاویان کوێرە و لەتلـپـاتی تەڕیش ناگەن، لەپاش تەنگانە فـەرحانین، ئەوان کـاکـە و برالەی خۆیان کرد فێڵی بکەن، زۆر وێنەی دی.

مـامـۆسـتـا هەژار بەو وەرگێڕانە پردی خۆشەویسـتی و یەک مـاڵ بوونی لەنێـوان ئایینی ئیـسـلام و کـورد نۆژەن کـــردەوە، هەر ئەو پردەی کـــە لە ڕۆژی هەوەڵی هاتنی ئیسلام جابان (جاوان) گاوانێکی کورد لە کوردستان ڕا بەرەو مــەدینە و شــاری پێـغـەمـبـەری خـۆشـەویست هەڵیـبەستبـوو، جێی سەرنج ئەوەیە مـامـۆسـتـا هەژار ژیاننامـەکەشی بۆ وەبیرهێنانەوەی کۆڕی پیاو مـاقـوڵانی کوردەواری لە مزگەوت و ماڵی خودا نێو دەنێ چێشتی مجێور- مجێور واتە ئەو کەسەی خزمەتی نوێژگە و ماڵی خودا دەکا، مامۆستا هەژار بەدابی موسڵمانان و گەورە پیـاوانی کـورد وەسـیـەتنامـە دەنووسێ و سـەردێری ئەو وەسیەتنامە بە وتار و حەدیسی پێغەمبەر دەڕازێنێتەوە و دەڵێ:

**«لەو دنیـا هەر کـەس دەگـەڵ ئەوانە حـەشری دەکـرێ کە لەسەر دنیا خۆشی ویستوون»**

لەدواییدا دەپاڕێینەوە کـە خودا ئەو پاڕانەوەیە قـەبووڵ کا:

**ئیلاهی تۆ، بە زاتی زولجەلالت**<br>
**خودا تۆ، بەو سیفاتی بێ میسالت**<br>
**بە هەققی ئەو کەسەی فەرمووتە لولاک**<br>
**نەبوو مەتڵەب کە بیکەم خەلقی ئەفلاک**<br>
**بکە ڕوحمێ بەمن بەس ڕووسیاهم**<br>
**بدە دەورەی سیاهی هەر گوناهم**<br>
**عبوورم چۆن ئەبێ من لەو سنوورە**<br>
**کە تێشووی لازمە ئەو ڕێگە دوورە**<br>
**ئیتر من هەر بەمە ئومێدەوارم**<br>
**کە تۆ نێوت «کەریم»ە و من «هەژار»م**



# هەژار لە بەرەو موکریاندا

عەلی گوڵی
(بۆکان)

بۆ دەنووسم؟

(دەمزانی لەگەڵ وشەدا مامەڵەم خۆش و بێ گرێ و گۆڵ دەبێ، دەمتوانی ڕووبەڕووی کارەساتی ناخۆش ببمەوە) جۆرج ئۆرویل.

ئەگەر چاوێک بە شیعری (بەرەو موکریان)ی مامۆستا هەژاردا بگێڕین، زۆر شتی نهێنیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و ساردی و گەرمی ڕۆژگار، خۆشی و تاڵ و شیرین و ڕابردووی ژیانی پڕ لە کارەساتی شاعیر، مێژووی موکریان، هەڵسوکەوتی خەڵکی ناوچە بەرانبەر بە یەکتر، دابونەریتی هاوکاری خزم و کەسوکار و پێکەوە بوون لەو شیعرەدا تێکەڵاوە. شیعر دەبێ تەماشای واقیع بکات، دەبێ لە ڕووی دیاردەی کۆمەڵایەتیشەوە زەوقەکان بخاتە ژێر تیشکەوە. لە مەڕ گشت ئەو دژایەتی و دژوازیانە بدوێ کە ئایدۆلۆژیایەک خۆی پێوە خەریک دەکات.

**شنەبای وردە گوڵاو دەپڕژێنێ**
**پێی سپێراوە گەڵا ڕاژێنێ**

شنە، نیشانەی جووڵانی هەوای خۆشە بۆ ژیانی مرۆڤ، شنەبا دەتوانێ زۆر شتی تازە بە چاو و گوێ و دڵ هەست کەی. بای بەیانی تەکان و مرۆڤ لە خەودا هەستێنێ بۆ ژیانی نوێ، یان چاوگێڕان بۆ دنیای تازە. بۆنی خۆشی و هەستی پاکی دیمەنەکەی پاک بۆ ڕوحی مرۆڤ نیشانەی جوانی ژیانە.

**خورە خوڕی ئاوە لە بەفری سەر کەل**
**خۆشی هەوای تێکەڵە زەنکی سەرگەل**
**سەگ بە دەم پرخەوە دەم دەم دەمرێ**
**لەخەوا دیویە گورگ بەرخ ئەدڕێ**

خورە خوڕی ئاو: بەڵگەی ماندوو نەبوون، یان ڕانەوەستان لە ژیاندا. ئاو ڕووناکی ژیانە، یانی بێ



رووناکی، یان بێ هیوا و ئومێدە. ئاو بۆ گەیشتن بۆ باوەشی دەریا هەزاران بەرز و نزمی بە شەپۆلی سینگی ڕادەماڵێ، هەزاران گۆمی مەنگی ژیان لە خەودا بە خەبەر دێنێ و دەشڵەقێنێ. خوڕەی ئاو مرۆڤ هان دەدا بۆ تێکۆشان، بێ وەستان و ماندوو نەبوون بڕینی ڕێگای سەخت پێوان بۆ ئامانج و ئارەزوو.

محەمەد ئوزون دەڵێ: نووسەرە مەزنەکانی ئەمریکای لاتین باس لە کێشە و ئێشی وڵاتەکەی خۆیان دەکەن، بۆیە ئەمڕۆکە ئەوان بەشێکی نەپچڕاوی ئەدەبی جیهانین.

هەژار لە شیعری بەرەو موکریان شۆڕشی وشەی کردووە، زۆر وەستایانە وشەی تازەی خۆماڵی لە جێگای خۆی داناوە و لە وشەی نامۆ خۆی پاراستووە، هەرکەس کە لە تاراوگەدا ژیابێت ئەگەر جارێک شیعری بەرەو موکریان بخوێنێتەوە هەست بە زۆر بیرەوەری ژیانی خۆی دەکا. شیعری واقیعی کۆن و نوێی نییە. شیعری واقیعی هەمیشە نوێیە تەنیا زەمانە کە گۆڕانی بەسەردا دێ، شیعر وەک ئاوی چەمێک وایە زۆر زۆر تازە دەبێتەوە. هەر دێ و هەر ساتێ لە هەر کانیاوێک ئاوی تازە بۆ کاروانی ڕووبار زیاد دەکا. تەنیا جێگای چۆمەکەیە گۆڕانی بەسەردا دێ و ئاوەکە هەر ئاوە. تەنیا شتێ کە گۆڕانی بەسەردا بێت ڕەنگ و بۆنی ئاوەکەیە.

**لەم هەژارخانەیە بمهێنە دەرێ**
**بمبە دەشت و دەرێ، بمگێڕە سەرێ**
**دەست و بردێ شنەبای بۆ زین کە**
**جێم دەگەڵ خۆت لە هەیڤ دابین کە**

بە بڕوای من هەژار خولقێنەرە، شاعیرێکی بە توانایە هونەرمەندێکی چەکوش بە دەستە، واقیع خاپوور دەکات و لەسەر دار و پەردووی واقیعە خاپوور کراوەکە ساختمانێکی نوێ دروست دەکاتەوە کە هەتاوێکی نوێی لێوە هەڵبێ. ئەسپی شەماڵ زین کە و جێگای دەگەڵ مانگ لە ئاسمان بێت. هەمیشە بەرزە فڕێ خۆش ویستووە، دژی ژیانی دواکەوتوویی بووە، ئاواتی بووە ڕۆژێک وڵاتەکەی لەژێر مەنگەنەی سیخوڕانی کۆنەپەرستی ڕزگار بێت. دوور لە ژیانی تاراوگە ژیان بەسەر بەرێ و پرشنگی تیشکی هەتاو ماڵی هیوای ڕۆشن کاتەوە و خۆشەویستان لە باوەش بگرێ.

هەژار دەڵێ ئەرکی سەرشانی نووسەر و شاعیر ئەوەیە هەمیشە لە ڕاهێنان و هەوڵ و مەشق کردندا بێت بۆ پوخت کردنی مێشکی بەبیر هەموو بوارەکانی ئەدەب تاقی کاتەوە ئەوپەڕی توانایی و هێزی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بە قۆناغێکی نوێ و دیاریکراو بگا. لە ڕێگای گەیشتن بە ئاسۆ ماندوو نەبێ.

**مانگ ئەگەر تیشکی بدا ڕێ نوێنە**
**شنەبا بسک و کەزی بزوێنە**
**مانگ هەرچەند بەلەزی، ئەیزانم**
**لێم گەڕێ تۆزێ تریش بڕوانم**

١- فەلسەفەی شیعری بەرەو موکریان ژیانی شاعیرێکی تاراوگەی دوور لە نیشتمان: چۆن بە تاسە و حەزەوە بۆ مانگ هەڵدەڕێژێ.

٢- ئەوین لە فەلسەفەی ئەو شیعرەدا ئەوەیە شاعیر وەک وێنەگرێکی بە ئەزموون موو بەموو بیرەوەرییەکانی کاتی لاوی بە هەزاران ئاواتەوە وێنە هەڵدەگرێ و لە وێنەخانەی مێژوودا نیشانمان دەدات.

٣- ڕاڤەی دڵی شاعیر ئەوەیە چۆن ماسی و ئاو و گوڵ و خاک بێ یەکتر نابن، نیشتمانی مەل و شاعیر باڵە، یانی ئەگەر ئەوین لە دڵدا نەبێ ژیان تاریکە وەک چاڵ وایە. دەنگت بە گوێی کەس ناگا.

٤- سەرکۆی هەموو دەنگەکان ئەوەیە: نیشتمان، ئەوین، حەز و تاسە، بیرەوەری، دەورانی لاوی، هەموو بۆ نیشتمان و ئەوین بەخت کردووە. ئەو بەڵێنەی کاتی لاوی سوێندی بۆ دەخوا ئێستاش لەسەری سوورە و بەردەوام لە تێکۆشاندا تا دوا هەناسە ڕێبواری ئەو ڕێگایەیە و ئامادەیە ڕوحی پێشکەش کات.

ئەوەیە ڕازی ڕەنگدانەوەی ڕاستی لە ژیانی هەژاردا، مۆری مەزنایەتی و مانەوەی هەتا هەتایی پێوە دیارە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) گزینه اشعار منوچهر آتشی.**
**(٢) هەژار، بۆ کوردستان.**
**(٣) پشکۆ و خۆڵەمێش، ئازاد عەبدولواحید.**

# له دهستنووسهوه بۆ ئازارهكانی مرۆڤ له ڕۆمانی (خهونی پیاوه ئێرانییهكان)دا

ئارام سدیق
(سلێمانی)

## سەرەتا

ئەگەرچی تا ئێستا ژمارەی ڕۆمانی کوردی کەمە، بەڵام لەناو ئەو ژمارە کەمەدا دەنگی جوان و ڕۆمانی جوانی تێدایە، کە شایستەی خوێندنەوە و ڕامان و لەسەر وەستان بێت، بەڵام کێشەیەکی ڕۆمانی کوردی تا ئێستاش ئەوەیە کە "بەشێک" لەو ڕۆماننووسانە توانای گرێچنیان هێندە لاوازە، کە لە کۆی تێکستەکەدا نازانین نووسەر مەبەستی لەچی بووەو ئەم هەموو ڕووداوە بۆچی خوڵقاون، یان لەپێناوی چیدا ڕوویاندا. واتە خوێنەر ناتوانێت لەخاڵێکدا کۆیان بکاتەوە. نامەوێت نموونە بهێنمەوە، چونکە ئەوە باسێکی تایبەتی دەوێت و لێرەدا ناتوانین جێی بکەینەوە، بەڵام ئەم کێشەیە، کێشەی بەشێکی بەرچاوی ئێستای ڕۆمانی کوردییە. ڕۆمان تەنیا هەڵڕشتنی ڕووداو و خوڵقاندنی کەسایەتی نییە، واتە زۆری ڕووداو و کەسایەتی، تێکستێک ناکاتە ڕۆمان، بەڵکو ئەگەر ڕووداو و کەسایەتی بۆ خوڵقاندنی ڕۆمان دوو بناغەی گرنگ بن، ئەوە چۆنێتی کارپێکردنی ئەم دوو لایەنە و خستنە خزمەتی ئەو پەیامەی نووسەر گەرەکیەتی لەڕێی ئەو تێکستەوە بیگەیەنێت یەکێکی ترە لە خاڵە بناغەییەکانی ڕۆمان و لەپاش ئەمەش ئەو ئایدیایە گرنگە، کە نووسەر کاری لەسەر کردووە. ئایا ئایدیایەکی مرۆدۆستانەیە و خزمەتی فرەڕەنگی و فرەدەنگی مرۆڤەکان دەکات، یان داوا دەکات هەموو یەک ڕەنگ بپۆشن و لەژێرسایەی یەک سیستمدا کاربکەن، یان وەکو (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆروێل هەوڵی یاخیبوون لە سیستمە تۆتالیتارییەکانی تێدا دەخرێتەڕوو؟

تا ئێستاش بەشێک لە ڕۆمانی کوردی کێشەی

گرێچن و ئەو ئایدیایانەی هەیە کە لەپشت تێکستەکەوە وەستاون و بەشێکیان نەک خزمەتی چەمکە مرۆدۆستییەکان ناکەن، بەڵکو فیکرێکی مۆنۆپۆلخواز لە پشتیانەوە ئامادەیە، کە تا ئاستێکی زۆر ترسناکە کاتێک نووسەرێک دەیەوێت کۆمەڵگەیەکی فاشی بخوڵقێنێت.

لەنێو ئەو ڕۆمانانەی لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە ڕۆمانی (خەونی پیاوە ئێرانییەکان)ی ماردین ئیبراهیم، ڕۆمانێکە شایستەی لەسەر وەستانە، چونکە هەم ئاستی گێڕانەوەو گرێچنی تێدا بەرزەو هەم زمانی نووسینیشی زمانێکە کە تێیدا هەست بە سادەییەکی جوان دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی ڕووداو و کاراکتەری زیادەی تێدا نییە و نووسەر هەوڵی چڕکردنەوەی ڕووداوەکانی داوە. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین قسە لەسەر چەند لایەنێکی ئەم ڕۆمانە بکەین، چونکە تێکستەکە لە ئاستێکدایە، کە هیچ کام لەو خاڵە لاوازانەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، ئەوانەی لە ڕۆمانی کوردیدا هەن، لەم ڕۆمانەدا بەدی ناکرێت، بەڵکو ئەم ڕۆمانە سەفەرێکی جوانە بەناو مێژوویەکی نەبینراو، یان خوڵقێنراودا، کە نووسەر خوڵقاندوویەتی.

## لەبارەی ناوەڕۆک و ناوونیشانەوە

بێ گومان دووبارە گێڕانەوەی ڕۆمان لە نووسینێکی ئاوهادا کارێکی ئەستەمەو من لێرەدا ناتوام ڕۆمانەکە بگێڕمەوە، تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە ڕۆمانەکە کچێک بەناوی "ئۆفیلیا" دەیگێڕێتەوە کە لەپاش ڕووداوی کوشتنی باوکییەوە توانای قسەکردنی لەدەست داوە و لە خانەیەکی تایبەتی نەخۆشییە دەروونییەکان ڕووداوەکان دەنووسێت، کە تا هەناوی مێژوویەکی دوور دەگەڕێنەوە، چونکە ئەو ڕووداوە ئێستاییانەی لە ڕۆمانەکەدا کاری لەسەر کراوە ڕەگەکەی بۆ مێژوویەک دەگەڕێتەوە کە بە دەستنووسی مەم وزینی ئەحمەدی خانی دەگاتەوە.

ناوونیشانی ڕۆمانەکە، ناوونیشانێکە خوێنەر تا ڕۆمانەکە تەواو نەکات نازانێ بۆچی نووسەر ئەوناوونیشانەی بۆ تێکستەکەی هەڵبژاردووە. (خەونی پیاوە ئێرانییەکان) تەنیا ناوونیشانێکی سادە نییە، بەڵکو لەو ناوونیشانەوە هەست بە قووڵایی ڕۆمانەکە دەکەین، کاتێک سێ پیاو دەیانەوێت دەستنووسێک لە زەمەنێکی دووردا بفەوتێنن و دواجار گرنگی دەستنووسەکە لە فەوتاندن پەشیمانیان دەکاتەوە، بەڵام چەند نەوەیەکی ئەوان، دوای چەند سەدەیەک بۆ پاراستنی ئەو دەستنووسە سەری خۆیان دەکەنە قوربانی. واتە خەونی پیاوە ئێرانییەکان، خەونی پاراستنی دەستنووسێک بووە، نەک فەوتاندنی وەک پیاوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەنیازبوون لەناوی بەرن، بۆیە دەبینین قورسایی ناوونیشانەکە لەبەشی دووەمیدا (پیاوە ئێرانییەکان) دەردەکەوێت، کە خەونی ئەوان بۆ پاراستنی دەستنووسێک بووە و سەری خۆیان کردۆتە قوربانی ئەو خەونە.

ژنە نووسەری بەریتانی "پی.دی. جێمز" لەبارەی گرنگی ناوونیشانی کتێبەوە دەڵێت: ناوونیشانی کتێب زۆر گرنگی هەیە و دۆزینەوەی ناوی گونجاو کارێکی سەختە. من ناوونیشانی کتێب، یان زۆر زوو بێ هیچ گرفتێک دەدۆزمەوە، یان زۆر درێژە دەکێشێت و بە زەحمەت دەیدۆزمەوە. لەم قسەیەی "پی.دی. جێمز"ەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەڵبژاردنی ناوونیشانی گونجاو و سەرنجڕاکێش کارێکی ئاسان نییەو هاوکات خاوەنی گرنگییەکی تایبەتییە بۆ دەق.

ئەگەر لە ڕووی بنیادەوە سەیری ناوونیشانی ئەم ڕۆمانە بکەین وشەی "خەون" لە ناوونیشانەکەدا قورساییەکی زۆرتری هەیە لە "پیاوە ئێرانییەکان"، چونکە پیاوە ئێرانییەکان جێبەجێکاری وەسێتی دەستنووس دزەکانن، واتە دەکرێت وشەی "خەون" دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت یەکەمیان خەونی دەستنووس دزەکانە و دووەمیشیان خەونی ڕزگارکەرانی دەستنووسەکەیە، کە پیاوە ئێرانییەکانن. کەواتە ناوونیشان لەم تێکستەدا وەکو لوسیەن گۆڵدمان دەڵێت: چلچرای دەقە. وەک چلچرا دەدرەوشێتەوەو بۆتە خاڵێکی بەهێزی تێکستەکە و دەکرێت بڵێین نووسەر بە هۆشیارییەوە ئەو ناوونیشانەی بەکاربردووە و هەر لە ناوونیشانەکەوە گرێیەکی لای خوێنەر بەجێهێشتووە، تا بەدوایدا بچێت.

## فرەگێڕانەوە، تێکشکاندنی تاک دەنگی

بەڕای میخائیل باختین، ڕۆمان پیشاندەری ئەو تایبەتمەندییە "فرە دەنگی"، یان "فرە مانایی"یە، کە

سەروەری مانا بەردەستەکانی نێو زمان ئاشکرا دەکات. بەباوەڕی باختین، ڕۆمان لە چەندین توێژی گوتار پێکهاتووە کە بەشێوازی جۆراوجۆر لەپەنا یەکتر ڕیز دەبن، هەندێکیان بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ و ڕێکوپێک و هەندێکیشیان بەشێوەیەکی دژواز بەرانبەر بەیەک.

یەکێک لە جوانییەکانی ئەم ڕۆمانە بوونی فرە گێڕانەوەیی و تێکشکاندنی ئەو تاک دەنگییەیە کە بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی بەخۆیەوە بینیوە. لەم ڕۆمانەدا پاڵەوانەکان خۆیان چیرۆکی خۆیان دەگێڕینەوەو (ئۆفیلیا، خانی، میلیاس، لاس و بکوژەکانی) کە کاراکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانەی ماردین-ن هەموو ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە. ئەم فرە دەنگییە لە گێڕانەوە لە ڕۆمانی "من ناوم سوورە"ی ئۆرهان پاموکیشدا دەبینرێت، کە نیگارکێشەکان خۆیان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە. یەکێک لە خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم ڕۆمانەی ماردین و ئەوەی پاموک، کە ئێمە دەمانەوێت لە ڕووی بنیادی کارکردنی گێڕانەوەوە قسەی لەبارەوە بکەین لەو خاڵەدایە کە بەشێک لەبەشەکانی "من ناوم سوورە"ی پاموک بەناوی "ئێمە دوو عەودالین"ە، لەوێدا مامۆستا عوسمان و قەرە (کە دوو کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی پاموکن) بەدوای بکوژێکدا عەودالن و پێکەوە حیکایەتی ئەو بەشە دەگێڕنەوە، بەڵام لە ڕۆمانەکەی ماردیندا بەشی کۆتایی تەنیا لێی نووسراوە "کۆتایی" و گێڕەرەوە دیاری نەکراوەو گێڕانەوەی ئەو بەشە (ئۆفیلیا و میلیاس) پێکەوە دەیگێڕنەوە. واتە خاڵی لاوازی ڕۆمانەکەی ماردین لەوەدایە، کە تەنیا بە نووسینی وشەی "کۆتایی" گرنگترین بەشی ڕۆمانەکەی خستۆتەڕوو، کە ڕام وایە بەشێکی زۆر لە جوانی فرەگێڕانەوەی لەم بەشەدا بەهۆی نەبوونی ناونیشانێک بۆ بەشەکە کە وەک ڕۆمانەکەی پاموک ئاماژە بە گێڕانەوە هاوبەشەکە بدات، تا ئەو جوانییەی لەو بەشەدایە ون نەبێت، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد پاموک لەو بەشەدا بە دانانی "ئێمە دوو عەودالین" ئەو خاڵەی چارەسەر کردووە، کە لای ماردین بۆتە هۆی دروستبوونی بۆشایی.

خاڵێکی تر کە لەم ڕۆمانەدا چارەسەر نەکراوەو دەکرا چارەسەر بکرێت، ئەو بەشی کۆتاییەی ڕۆمانەکەیە کە "میلیاس" حیکایەتی کۆتایی خۆی (پاش مردن) دەگێڕێتەوە. لە کاتێکدا لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو ڕۆمانە لەلایەن کچێکەوە بەناوی "ئۆفیلیا" نووسراوە، بەڵام هاتنە ناوەوەی گێڕانەوەی " میلیاس پاش مردن" تا ئاستێکی زۆر توانای قەناعەت پێ کردنی بەخوێنەر لاوازە و من پاش چەند جار خوێندنەوەی نەمتوانی قەناعەت بە خولقان و گێڕانەوەی ئەو بەشە بکەم. دەکرا چیرۆکی میلیاس هەر نەگێڕدرێتەوە، واتە گێڕانەوەی حیکایەتی پاش مردنی میلیاس زەمینەسازییەکی ئیستێتیکی بۆ نەکراوە، بۆیە بە ڕەچاو نەکردنی ئەو زەمینەسازییە گێڕانەوەی چیرۆکی پاش مردنی میلیاس بەشێک لە جوانی تێکستەکەی ون کردووە.

خاڵێکی تری جوان ئەوەیە کە بکوژەکەش حیکایەتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە ڕۆمان لە زاڵکردنی تاک دەنگی و هەیمەنەی دەپارێزێت، یان دەتوانین بە دژوازییە ناوی بەرین کە لە وتەکەی سەرەوەدا باختین ئاماژەی بۆ کرد، بۆیە بوونی فرەگێڕانەوە لە ڕۆماندا توانای گرێچنی ڕۆماننووس دەخاتەڕوو، چونکە لەم ڕۆمانەی ماردیندا ئەو فرە دەنگییە بەشێوەیەک گرێچن کراوە، کە لە گێڕانەوەکەدا هەست بە بوونی بۆشایی ناکرێت.

ڕاجێر ویبستێر ڕای وایە گێڕانەوەو زمان دەکرێت وەک لایەنی شایانی یەکگرتنەوەی دەق، یان گوتارە ئەدەبییەکان ئەژمار بکرێت، هەروەها ویبستێر زیاتر باس لە گرنگی گێڕانەوە دەکات و دەنووسێت: گێڕانەوە ڕێگایەکە بۆ ئاوێتەکردنی یەکەکانی زمان و دامەزراندنی کۆمەڵێک پێکهاتەی گەورەتر. کارکردنی ماردینیش لەم ڕۆمانەدا هەوڵدانە بۆ ئاوێتەکردنی ئەو زمانە شیعرییە لەگەڵ گوتارێکی تۆکمەی گێڕانەوە، کە فرەدەنگ بێت.

## لە دەستنووسەوە
## بۆ ئازارەکانی مرۆڤ

میلان کۆندێرا لە کتێبی هونەری ڕۆماندا دەنووسێت: کاری مێژوونووس لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگادایە نەوەکو مێژووی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەو پێشهاتە مێژووییانەی لە ڕۆمانەکاندا دەردەکەون زۆرجار لەلایەن مێژوونووسانەوە نابینرێن.

خولقاندنی مێژوویەکی تر بۆ مەم وزینی خانی لەم ڕۆمانەدا بۆ خستنەڕووی ئەو مێژووە نەبینراوەیە کە مێژوونووسەکان نەیان بینیوە، کە ئەویش مێژوویەکی

ئەندێشەکراوە. بۆیە کاری ڕۆمانووسەکان نووسینەوەی مێژوو نییە، هەر ڕۆماننووسێک کاری نووسینەوەی مێژوو بکات، سنووری بۆ ئەو ئەندێشەکردنانە داناوە کە دنیای ڕۆمان دەیخوازێت، چونکە ڕۆمان ئەو دەروازەیەیە کە نووسەر بۆ بینین و خولقاندنی دنیایەکی ئەندێشەکراو بنیادی دەنێت. مەبەستمە ئەوە بڵێم ئەو مێژووەی ڕۆماننووس لە نێو تێکستێکدا تەوزیفی دەکات، هەم مێژوویەکی ئەندێشەکراوەو هەم مێژووی مرۆڤە پەراوێزخراوەکانی نێو ئەو زەمەنەیەو هاوکات حوکمدانی نووسەریشە لەسەر ڕووداوەکان.

ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە بگەڕێینەوە لای ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد) و بەتایبەت ڕۆمانی "گێلاسی خوێن" وەک نموونە وەربگرین، دەبینین ئەو ڕۆمانە باس لە مێژوویەکی ئەندێشەکراوی میری بابان لە شاری سلێمانی دەکات، مێژوویەک کە میری بابان هەموو خەم و خەونی بۆتە ئەوەی نەمری بەدەست بهێنێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو نەمرییە چۆن بەدەست دێت، تا دواجار بەوەش ڕازی دەبێت کە تەنیا لەنێو نەخشەکاندا نەمری خۆی بەرجەستە بکات. هەروەها دوو کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەش (مردن و هاوڕێکەی) ئەوانیش دوو کاراکتەری تا سەر ئێسقان ئەندێشەکراون. بۆیە ئەم گەڕانەوەیەی ماردین لە ڕۆمانی خەونی پیاوە ئێرانییەکاندا بۆ لای خانی و دەستنووسەکانی ئەوەندەی بۆ نووسینەوەو ئەندێشەکردنی مێژوویەکی پەراوێزخراو و نەنووسراوەیە، هاوکات ئەوەندە بۆ گەڕانەوەیەکی ئەبستراکی نێو ئەو مێژووە نییە. وەک چۆن عەتا محەمەدیش لە ڕۆمانی ناوبراودا خەمی نەبووە. ماردین لەم تێکستەدا هەوڵی داوە لە ڕێی دەستنووسەوە بۆ ئازارەکانی مرۆڤ بکشێت و بەئاماژەدان بە بوونی دەستەی "خەنجەرەکانی نیوەشەو" وەک دەستەیەکی "دەستنووس دز" ئەوەندەی تر ئەم گەمە ئیستێتیکییەی نێو ئەم ڕۆمانەی جوانتر کردووە، چونکە دواجار ئەحمەدی خانی بەئازاری دزرانی دەستنووسەکانییەوە سەر دەنێتەوە.

لە هەمان ئەو کتێبەی لەسەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کرد کۆندێرا ئەوە دەخاتەڕوو کە دەبێ پاساوی بوونی ڕۆمان لەوەدا بەرجەستە بێ هەمیشەو دووبارە "دنیای ژیان" ڕووناکی بخرێتە سەرو ئێمە لە "لەبیرچوونەوەی بوون" بپارێزێ. ئەوەی نووسەر لەم ڕۆمانەدا کردوویەتی هەم بەرجەستەکردنی دۆزینەوەی ژیانی نوێیە لەنێو مێژووداو هەم پاراستنی مێژوویەکە لە لەبیرچوونەوە، چونکە ئەحمەدی خانی، کە وەک کەسایەتییەکی مێژوویی لەم تێکستەدا ئامادەیی هەیە، تەنیا وەکو شاعیرێک بەرجەستە نەبووە، بەڵکو وەکو کاراکتەرێکی ئەکتیڤی نێو مێژوویەکی لەبیرکراوی ئێمەش بەرجەستەیە.

## دیدی تاک و دیدی جیهانی

یەکێک لەو کێشانەی تر کە ئەم ڕۆمانەی ماردین لێی بەدەرە کێشەی بە ڕۆمان کردنە، ئەمەش بەشێکی زۆری ئەو تێکستانەی کە بەناوی ڕۆمانەوە بڵاودەبنەوە ڕۆمان نین، یان سەرگوروشتەن، یان یاداشتن، یان نووسینەوەی مێژوویەکن کە هەموومان دەیزانین و مێژوویەکی شاراوە نییە. بەشێک لەو تێکستانە سکاڵای دەروونین، یان دروستتر بڵێم "دەردەدڵن" و بەناوی ڕۆمانەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆیە ڕەنگە لای ئەو نووسەرە و ئەو کەسانەی هەمان موعاناتیان هەیە ڕۆمان بێت، بەڵام لە سیاقێکی گشتیدا نابنە ڕۆمان. وەک لە سەرەتاشدا ئاماژەیەکی خێرام پێدا ئەوەی تێکستێک دەکاتە ڕۆمان تەنیا درێژنووسی خولقاندنی ڕووداو نییە، بەڵکو چۆنێتی گرێچن و توانایی گێڕانەوەو فرەدەنگی تێکستێک دەکاتە ڕۆمان. هەروەها ئێمەش بڕوامان بەو پێناسەیە هەیە کە دەڵێت: هیچ یاسایەک نییە سنووربەندی بۆ ڕۆمانی نوێ بکێشێت، چونکە دەرگاو پەنجەرەکانی ئاوەڵان بۆ هەموو جۆرە ڕووداو و ململانێیەک کە نووسەر توانای بەسەریدا بشکێت و بتوانێت بیان خولقێنێت، ئەوسا پێی دەوترێت ڕۆمان، یان ئەگەر خۆمان لەو سنووربەندییە قوتار بکەین، دەکرێت بەو تێکستانە بڵێین ڕۆمان کە تەنیا گوزارشت لە ناخی تاکێک، یان چەند تاکێک ناکەن، بەڵکو گوزارشت لە ئازارەکانی بەشێکی زۆری مرۆڤ، یان ئازارە وجودییەکان دەکەن.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستم دەمەوێت لەڕێی "ئیان وات"ەوە بگەڕێمەوە لای کارەکانی دانیال دیفۆ. ئیان وات پێی وایە دیفۆ یەکەم کەسە کە لە ڕۆمانەکانیدا وێنەی ژیانی تاکە کەسی لەچوارچێوە فراوانەکەیدا پێشکەش دەکات. ئەو وێنەیە دەکاتە کارگێڕییەکی مێژوویی کە لە پشت کۆمەڵێک کار و بیری ڕۆژانەی کورتەوە سەرهەڵدەدەن. لە ڕۆمانەکانی دیفۆدا هەندێک

جار هاوسەنگی كات تووشی دژایەتی دێت و لەگەڵ چوارچێوە مێژوویییەكەیدا ناگونجێت، بەڵام تەنیا ئەم بەرپەرچدانەوەیە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە كە دیفۆ توانیویەتی بەو شێوازەی خوێنەر هەست بەوە بكات كە پاڵەوانەكان پێوەندییەكی بنەڕەتییان بە مەودای كاتەوە هەیە و چاكی بەكارهێناوە.

لەم ڕۆمانەشدا لەگەڵ ئەوەی وێنەی ژیانی تاكە كەسەكان لە چوارچێوە فراوانەكەیدا پێشكەش دەكات، هاوكات پاڵەوانەكان پێوەندییەكی بنەڕەتیان بە مەودای كاتەوە هەیە و ئەو ڕێكەوتانەی نووسەر بۆ گەیاندنی دەستنووسی "مەم وزین" بەلاس خوڵقاندوویەتی كاركردن لەو دوو زەمەنە جیاوازەدا، یان دەتوانین بڵێین لە زەمەنە جیاوازەكاندا خاڵێكی تری سەركەوتنی ئەم ڕۆمانەیە.

لوسیەن گۆڵدمەن ڕای وایە ئەدەب پتر لە هەر بابەتێكی تر، توانای دەربڕین و گوتنی ئەو شتەی هەیە كە پێی دەوترێت "دیدی جیهانی" كە سەرلەبەری ئەو بیرۆكەو هەست و خوستانەیە كە گرووپێكی كۆمەڵایەتی پێكەوە كۆدەكاتەوە. لەم ڕۆمانەی ماردین-یشدا هەست بە بوونی ئەو دیدە جیهانییە دەكەین كە بۆ كێشەكان هەیە، ئەویش بە بەستنەوەی چیرۆكی ئەو دوو كاراكتەرە بۆسنەیییەیە بە ڕووداوە سەرەكییەكانی ڕۆمانەكەوە. پێویستە ئەوەش ڕوون بكەینەوە كە باسكردنی چیرۆكی هەر یەك لە "ئیشماعیلۆڤ و ئیبان" ئەم تێكستەی ماردین ناكاتە خاوەنی دیدێكی جیهانی، بەڵكو ئەوەی ئەم ڕۆمانە دەكاتە خاوەنی دیدێكی جیهانی بەستنەوەی ئەو كارەساتانەی "بۆسنە"یە، بەو كارەساتانەی كە لە ئەربائیلۆی نێو ڕۆمانەكەی ماریندا ڕوودەدەن، كە خوێنەر زیاتر هەست بەبوونی دوو كۆمەڵگەی پڕ لە بكوژ و كوژراودا دەكات، یان دوو كۆمەڵگە كە خوێنڕشتن بۆتە كولتووریان تا ئاستێكی ترسناك ئاسایی بۆتەوە لەلایان. واتە بوونی دنیابینییەكی قووڵ بۆ كێشەكان، یان ئەو دیدە جیهانییەی كە گۆڵدمەن باسی دەكات ئەم ڕۆمانە لە سەرگوروشتەیەكی تاكە كەسییەوە دەكاتە ڕۆمانێك كە دیدێكی قووڵی بۆ كێشەكان لەپشتەوەیەو نووسەر لە هەوڵی گێڕانەوە و خوڵقاندنی چیرۆكی بێ بنەمادا نەبووە.

**ئەنجام**

ڕاجێر وێبستێر پێی وایە هەندێك دەق، بەتایبەت ئەوانەی بە دەقی مۆدێرن ناودەبرێن، بۆیان هەیە سەربەخۆیانەتر بخوێنرێنەوە و پێویست ناكات لە تاقە سیستمێكی نەگۆڕاوی مانابیدا بمێننەوە. ئەم تێكستەی ماردین-یش ناكرێت تەنیا لە تاقە سیستمێكی مانایی نەگۆڕاودا بمێنێتەوە و دەكرێت لە ڕوانگەی ترو بەپێی تیۆرە ڕەخنەییەكان خوێندنەوەیەكی هەمە لایەنەی بۆ بكرێت، بۆیە ناكرێت ئەم نووسینەی ئێمە وەكو دوا خوێندنەوە تەماشا بكرێت، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بخەمەڕوو كە چەندین لایەنی تر لەم تێكستەدا هەیە ئێمە نەمانویستووە باسیان لێوە بكەین و تەنیا مەبەستمان بوو قسە لەسەر ئەم لایەنانەی ڕۆمانەكە بكەین، ئەمەش بە بڕوابوونی تەواومان بەو قسەیەی ڕۆلان بارت كە دەڵێت: دەق ڕووبەرێكە خوێنەر بۆی هەیە لەو ئاراستە جۆربەجۆرانەی كە دەق ڕێگای پێدەدات تێیدا بگەڕێت. ئێمە تەنیا ویستوومانە لەو ڕووبەرانەدا بەنێو ئەو دەقەدا بگەڕێین.

**سەرچاوە و پەراوێزە:**

*** ماردین ئیبراهیم، خەونی پیاوە ئێرانییەكان - ڕۆمان، بڵاوكراوەی ئایندە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٨).**

*** ڕاجێر وێبستێر، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر (٢٠٠٦).**

*** چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەكانی، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر (٢٠٠٧).**

*** میلان كۆندێرا، هونەری ڕۆمان، وەرگێڕانی: كەریم پەڕەنگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٨).**

*** ئیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی ڕەووف بێگەرد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا (١٩٨٦).**

# مایستەر ئیکهارت پێشەنگی سۆفیزمی ئەڵەمان


د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)


## پێشەکی

١- لەسەرچاوە ئەڵەمانییەکاندا بە ئیکهارتی هۆخ هایم (١٢٦٠- ١٣٢٨ز) ناسراوە. لەسەردەمێکدا ژیاوە تایبەتمەندی سیاسی و ئابووری و کولتووری کۆمەڵایەتی و لاهووتی و فەلسەفەی هەردوو سەدەی سێزدە و چواردەی سەردەمی خۆی بەرجەستە کردووە. بۆیە قۆناغی دەستبەکاربوونەکەی بە قۆناغی گواستنەوە دەست نیشان کراوە، گواستنەوەیەک کە گوڵی بەهاری کۆتایی هاتنی زستان و سارد و سۆڵەی سەختی درێژخایەنی سەدەکانی ناوەڕاست و دەستپێکی سەدەکانی نوێی تۆمارکردووە.

مایستەر ئیکهارت دکتۆری لاهووت ئەندامی مەزهەبی دومەنیکان بووە، لەبەر هەندێک بیروبۆچوونی کە گوایە لەگەڵ جیهاندیدی لاهووتی کلێسەدا نەگونجاون لە ١٣ی شوباتی ساڵی ١٣٢٧ ناچار کراوە لە بەردەم کلێسەی دومەنیکانی شاری کۆڵن- ئەڵەمانیا- بە دەنگی بەرز تۆبە بکات و پەشیمانی خۆی لەو شتانەی گوتوونی و لەو قسانەی کردوونی و نووسیونی ڕابگەیەنێ(١).

بە هەردوو زمانی لاتینی و ئەڵەمانی نووسینی لەپاش بەجێماوە. ئەگەر سەرچاوەکان لەو باوەڕەدان کە شتێکی نوێی نەهێناوە، بەڵام ئەو شتانەی وتوونی بەشێواز و ستایلێک دەری بڕیون کاریان لە دەوروبەری خۆیان کردووە. ئەو شێوازەی کە سروشتێکی لاهووتی سۆفیێتی هەبووە، لە سەرانسەری ئەوسای ئەڵەمانیادا بە تایبەتی لە کۆڕ و کۆمەڵە ئایینی و لەناو خوێندەوارەکاندا کە بەپێی ئەو سەردەمە کەم بوون کاری خۆی کردووە، بۆیە لە چوارچێوەی کۆڕە لاهووتی و

فەلسەفەییەکاندا مایستەر ئیکهارت بە دامەزرێنەری جیهاندیدی سۆفیێتی Mystik ئەڵەمان ناوبراوە. بە پێچەوانەی لاهووتی و فەیلەسووفەکانی پێش خۆی جیهانی دەوروبەر سەرنجی ڕانەکێشاوە، بەڵکو گەڕاوەتەوە سەر خۆی و لای لە ناخ و دەروون و باوەڕ و ئیمانی خۆی کردۆتەوە، ئەو توانا هزری و ژیرییەی هەیبووە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەب و نەفس (گیان) بەکاری هێناوە. ژیر و بوونی لە بەرانبەر یەکتری داناوە سەرگەرمی ئەوە بووە کە سروشتی ترانسندێنتسی (سەروو سروشتی) ڕەب لەسەروو هەموو مرۆڤ و بوونێکی داهێنراوەوە پشت ڕاست بکاتەوە، بۆیە هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە هیچ چەمکێک لە توانایدا نییە نهێنی و بێ وێنەیی و لەناولێنان بەدەربی ڕەب دەربخات و بەرجەستەی بکات einfangen. ساڵێک دوای ئەو تۆبەی لە کۆڵن پێیان کردووە کۆچی دوایی کردووە. بەرهەمەکانیشی لە ئەڵمانیا- کە بە هەردوو زمانی لاتینی و ئەڵەمانین- کۆکراونەتەوە و لەچاپ دراون.

٢- فەلسەفەی ئەفلاتوون، ئەفلوتینیزمی نوێ، سانت ئۆگۆستین و دیونیزوس ئاریوپاگیتە ئەو سەرچاوانە بوون کە جیهاندیدە لاهووتییە سۆفیەتییەکەی سوودی لێ وەرگرتوون و پشتی پێ بەستوون. ئەگەرچی خۆی و جیهاندیدەکەی لەلایەن کلێسە و ئاینیەکەیەوە لە خانەی گومان لێکردن و ئەگەردا دانراون و دوای مردنەکەشی لەلایەن پاپەوە چەند قسەیەکی بە گومڕایی دانراون، بەڵام وەک لە بەرهەمەکانیدا دەرکەوتووە تاوەکو دوا هەناسەی ژیانی دڵسۆزی بنەما بنەڕەتییەکانی دوگم و ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی مەسیحییەت بووە، ئەگەرچی ئەو دڵسۆزییە پتر لە چوارچێوەیەکی نیمچە ئەفسانەیی- سۆفیێتیدا بووبێ. هیچ کاتێک گومانی لە سێ ڕەنگی ڕەب، دەسەڵات و توانا لە ڕادە و سنوور بەدەرەکەی، کە داهێنەری هەموو داهێنراوێکە بەبێ ئەوەی سەرەتا و کۆتاییەکی بۆ دابنرێت، نەکردووە. بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە کۆشاوە ڕوونی بکاتەوە کە خۆشەویستی ئەو هاوبەندەیە «باوک و ڕۆڵەی» پێکەوە بەستۆتەوە، ئەو خۆشەویستییەش گیانی پاکە. مایستەر ئیکهارت بۆ پتر جێگرکردنی ئەو جیهاندیدە- بروا ئاسایەی نموونەی دەروون (نەفسی) مرۆڤی هێناوەتەوە کە لە سێ ڕەنگ پێکهاتووە:

- زانین و ناسین.
- تووڕە بوون و هەڵچوون.
- خواستن و ئیرادە. (٢)

ئەو سێ بەشەی دەروون- بە باوەڕی مایستەر- بەرانبەر بە سێ چاکەکاری ئایینی مەسیحییەت دادەنرێن: بروا (ئیمان)، خۆشویستن، هیوا و ئاوات.

ئیکهارت بەپێی ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانەی لەدوای بەجێماون بە پێشنوێژ و وتار خوێنی کلێسە Prediger، سۆفی، لاهووتی، دیالێکتیکی و سکولاستی دادەنرێت. لە بەکارهێنانی زمان و دەربڕینی مەبەست و ئامانجیدا، ئەگەرچی پتر پەنای بۆ ناخی دەروون و هەستی سۆفیێتی بردووە، بالادەست و دەست ڕۆیشتوو بووە. بەپێی ئەم فرمانەی دوای مردنی دەرچووە و پێی تۆمەتی گومڕایی دراوەتە پاڵ، دەبێ مایستەر- ئیکهارت بڕوای بە یەکڕەنگی بوون هەبوونی کە بە عەرەبی (وحدة الوجود)ی پێ دەگوترێ Pantheism، هەروەها لەو باوەڕەدا بووە کە لە ژیانی دوای مردن مرۆڤ سروشتێکی ڕەببانی پێدەبەخشرێ و لەگەڵ خودی ڕەبدا دەبێ بەیەک. (٣)

## ڕەب و جیهان

١- پاپ یوهانی ٢٢ لە فرمانێکی پاکدا کە پاشکۆیەکی لەگەڵ بووە تێیدا (٢٨) ڕستە لە بەرهەمەکانی ئیکهارت خراونەتە بەرچاو. بەپێی (١٧) ڕستەیان تۆمەتی گومڕایی دراوەتە پاڵ و ١١ ڕستەکەی تری گومانی گومڕاییان لێ کراوە. (٤)

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی فەرمانی پاپ و بەرهەمەکانی مایستەر ئیکهارت بدات و هەلومەرجی ئەوسای ئەوروپای ژێر دەسەڵاتی زەبروزەنگی کلێسەی مەسیحی لەبەرچاو بگرێ، دوو خاڵی ڕاستی ڕوون دەبنەوە:

**یەکەم:** ئەگەر ئەو ڕستەی فەلسەفە و لاهووتی مایستەر ئیکهارت لە بۆچوون و لەبەرچاوی پاپدا وەک گومڕایی دەرکەوتبن، ئەوە لە چوارچێوە گشتییەکەدا گومڕایی نەبوون و هیچ جۆرە گومان و ئەگەری گومڕایی هەڵناگرن، چونکە بەهیچ جۆرێک سنوورە گشتییەکەی دوگم و لاهووتی کلێسەی مەسیحییان نەبەزاندووە. بابەتەکە کە توێژینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) کە مایستەر کردوویەتی بەو لاوە نەبووە. بوونی ڕەب و سێ ڕەنگی و ژیانی دوای مردن و چوار مێخەکێشانی یەسوعی مەسیح

هیچ کاتێک لەلای ئیکهارت جێگای گومان نەبوون و دڵی لێـیـان کـرمێ نەبووە. خـۆ ئەگـەر لە هەندێک لێکدانەوەدا لەگـەڵ لاهوتی فـەرمی کـڵـێـسـەدا نەهاتبێـتەوە، ئەو نەهاتنەوەیە بەهیچ جۆرێک نابێـتە مایەی ئەوەی بڕواو ئیمانی لێ بستێندرێتەوە و بە گومڕا تۆمەتبار بکرێ، خۆ ئەگەر لە دیدی پاپدا گومڕا بووبێ، ئەوە لەچوارچێـوەی ئایینەکـەدا وەک ئیـمـاندارێک لە توێژینەوەی ئازاد بەولاوە شتێکی تری نەکردووە.

**دووەم:** کـۆتایی سـەدەی سـێـزدە و سـەرەتای سـەدەی چواردە ئەو قـۆناغـە بووە هەلومەرجی ئەوتۆ دەسـتـبـەکار بوون گـرۆڵـەی دەسـەڵاتی لە سنوور بەدەری دوگم و کڵێسـەی ئایینی مەسیحی و جیهاندیدەکەیان خستۆتە لێژی، بۆیە هەر بۆچوونێک تەنانەت ئەگەر لە بچووکترین گرێمانەدا لەگەڵیاندا نەگونجابێ و لەگەڵ بیروبۆچوونیاندا نەهاتبێـتـەوە گومـانیـان لێ کـردووە و زۆر بە ئاسـانی تۆمەتی گومڕایان داوەتە پاڵ. ئەو فـرمـانانەی پاپ دژی لاهوتی و هزرمـەند و فـەیلەسـووفـان دەری کـردوون، نەیانتـوانیـوە بەر بەو گـۆڕانە بگرن، ئەگـەرچی بە سەدان ساڵی کێشاوە تاوەکو پێگەیشتووە و هێمن و لەسەرخۆ بووە، کە بەهاری ڕێنێسانسی هێناوە. ئیکهارت بە هیچ جـۆرێک لە چوارچێـوەی ئایینەکـە نەچۆتە دەرەوە و سنوورەکـانی نەبەزاندووە، بەڵـکو بەشـێـوازێکی تەمومژاوی سۆفـییـانە ساغی کردۆتەوە کە دەبێ جۆرە گۆڕانێک، ئیتر هەندەکی، یان هەمەکی بکرێت.

٢- بابەتێک لەو بابەتانەی ئیکهـارت سـەرگـەرمی توێژینەوەی بووە بـابەتی ڕەب و پێـوەندی بە جـیـهـانەوە بووە. ئەو داهێنەری لاهووتی نارێ (نێگاتیـڤـە) کـە لەسەدەی بیسـتـەمـدا ئەوپەڕی گەشەی کردووە. مرۆڤ ئەگەر نەتوانێ بەزمانی ئاسایی ڕاستوڕەوان سروشت و خـەسـڵـەت و تایبـەتمەندی ڕەب سـاغ بکاتەوە، ئەوە دەتوانێ ئەوە بڵێ کە کـام سروشت و تایبـەتمەندییـە هی ڕەب نین و ناکرێ بدرێنە پاڵی. خۆ ئەگەر ئێمە نەتوانین باسی بابەتێک بکەین کـە چییـە؟ ئەوە دەتوانین ئەوە بڵـێین کـە ئەو بابەتە چی نییـە. بەپێی ئەو بۆچوون و بڕیارە دەگـوترێ، ناکـرێ چەمکی بوون بە ڕەب بدرێ، بەڵام دەکـرێ بگوترێ ڕەب هزر و بیـرۆکـەیە لە ناخ و دەروون و هزر و مێشکدایە. بەم دیار و دەستنیشانکردنە وەک بوونەوەرێکی نامـادی بێگەرد کـە لە هەمـوو

خەسـڵـەت و تایبـەتمەندییـەکی داهێنراوەکـان بەدوور بێ نیـشـان دراوە. ئەم بۆچوونە خـاڵێک بووە لەو خـاڵانەی فرمانەکەی پاپ ئەو لاهووتییەی بەوە تۆمەتبار کردووە گـــوایە بوونی لە ڕەب زەوت کـــردووە!! بەڵام وەک سەرچاوەکـان کە پشـتـیـان بە بەرهەمـەکانی بەسـتـووە، دەریان خسـتـووە ئەو لاهووتیـیە بەجۆرێکی دیکە لەبوون گەیشـتـووە و وای داناوە کە ڕەب خۆی لەخۆیدا بوون و هەمـوو بوونێکیش هەر لەوەوە کـەوتۆتەوە(٥) و پەیدا بووە.

لەو بڕیارەدا پشت بە گوتەیەکی مایستەر بەستراوە کە گــوتوویەتی، چاکـەکـاری هەر بە سـایە و بەهۆی چاکەکارییەوە چاک و باشە، دادپەروەری هەر بە سایە و بەهۆی دادپەروەرییـەوە دادە و ڕەنگی سـپی تەنیـا هەر بەهۆی سپێتییەوە سپییە..تاد.

لەبەر ئەوەی ڕەب هەمـوو بوونێکی داهێناوە و بوون بەبێ ڕەب نەدەبوو، لە ڕەب خـۆیدا بیـرۆکـەی هەمـوو بوونێک هەیە، بۆیە ڕەب خۆی تێروپڕی بوونە، بوون خۆی بوونی ڕەببە. بوونەوەرەکـان بەبێ ڕەب هیچ بوونێکیـان نابێ و بەبێ ئەو بوون لە هیچ بەولاوە نییە.

مـایسـتـەر ئیکهـارت پشت ئەسـتوور بە تەورات باسی ئەوە دەکـات کە ڕەب جیـهـانی داهێناوە. جیـاوازی ڕەب لەگەڵ داهێنراوەکـان لەوەدایە ڕەب لەسـەروو بوونەوەیە، بگرە سـەرچاوەی بوونە و لەودا بوون و گـەوهەر و ژیر و تێگەیشتن و خـواست یەک شتن، بە پێـچـەوانەوە لەبوونەوەراندا گـەوهەر و بوون دوو شـتی سـەربەخـۆ و جیاوازن.

ڕەب جـیـهـانی داهێناوە، بەڵام ئەو داهێنانە لەگـەڵ بەدیهێنانی ڕۆڵە نەمرەکەی، یان وشەی خۆیدا بووە.(٦) ئەگـەر مـرۆڤ لەو ڕسـتـەیەی مـایسـتـەر ئیکهـارت ورد بێـتـەوە دەگـاتە ئەو ئەنجامـەی کـە لێـرەدا بابەتی کـات لەنێـوان ڕەب و داهێناندا بەدی ناکـرێت، بۆیە پاپ ناهەقی نەبووە کە وتوویەتی ئیکهارت هەرە کۆنی و هەتا هەتایی جیهان ساغ دەکاتەوە و ئەو بۆچوونە لە مێشکدا گەڵاڵە دەبێت کە ڕەب لەپێش بوونی جیـهـانەوە نییـە، لەگـەڵ بوونی ڕەب خـۆی جیـهـانی داهێناوە، چونکە بیرۆکەی داهێنان و کاری داهێنان لەگەڵ گەوهەری ڕەب یەکن و لەیەکـتـری جیـا ناکـرێنەوە. ڕەب کـەوابـوو خـۆی بوونە و گەوهەر و ژیر و خواستی لە یەکتری جیا نابنەوە

و لەوەدا یەکن، هەروەها جیهـانیش کۆنە و هەر لەگەڵ ڕەبدا هەبووە، چونکە کاری داهێنان لەلای ڕەب لەکار و چالاکی هزر و بیرکردنەوە جیا ناکرێنەوە و یەکن. هەر لێرەوە دەکرێ جۆرە سۆفییەتییەکی ئیکهارت ساغ بکرێتەوە کە بگوترێ لە ڕەب بەولاوە و لە دەرەوەی هیچ شتێک نییە و بوونی نییە.

## گیان و دەروون

وەک سۆفییەک مایستەر ئیکهارت کە باسی گیان و دەروونی کردووە، گیان و دەروون و ژیر و تێگەیشتنی (فام)ی بەڕیز لە تەنیشت یەکترییەوە داناوە. ڕەب خۆی ژیرە، یان وەک مەسیحییەک وتەنی ڕەب بریتییە لە باوک، باوکیش ژیرە ئەو ژیرە داهێنەرە، بەکاری داهێنەرانە ڕۆڵە، یان وشەی دروست کردووە و ئەوانیش بوونەوەرە داهێنراوەکانیان داهێناوە. کە ڕەب داهێنراوەکانی بە واتایەکی داهێنان بە بیر و هزردا هاتووە، بوونی پێ بەخشیون.

گیان و دەروون هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەوە و ئینجا لەگەڵ دەرکەوتنی لاهووت و فەلسەفەی هەرسێک ئایینە جیهانییەکەدا «جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام» لە لەش و ماددەوە جیاواز بوون و وا وێناکراون کە جۆرە ڕۆشناییەکی ڕەببانیان تێدایە. مایستەر ئیکهارتی سۆفی لە کونجی بڕوا بوونی بەو خاڵە گەوهەری دەروون و گیان و ژیری بەیەک ڕەگەز داناوە و وای بۆ چووە کە ئەوان وێنەیەکی لەبەر گیراوەی دەقاودەقی ڕەبن(٧) Abbild، چونکە ڕەب خۆی ژیرە. گیان، دەروون (نەفس) بەهۆی گەوهەرەکەیەوە لە توانایدا هەیە بگەڕێتەوە بۆی ڕەبی داهێنەری سۆفیانە لەگەڵیدا یەک بگرێ. ئەگەرچی ئەو بۆچوونەی مایستەر ئیکهارت بە تەواوەتی لە دەریای سۆفێتیدا نقووم بووە، بەڵام پرۆسەی ژیر بەزێنی پەیدا بوونی عیسای بێ باوک و ئینجا دوای چوار مێخەکێشانی گەڕانەوەی بۆ لای ڕەب (باوک) بەرجەستە دەکات. ئەو گەڕانەوەیە و یەکگرتنە لەگەڵ ڕەبدا چۆن دەبێ و دەبێ چ ڕێگایەک بگرێتە بەر؟ وەڵامەکەی وا سووک و ئاسان نییە، ئایا ئەم کاروچالاکییەی چوونەوە سەر سەرچاوە و بنەما بە پەرستن و نوێژ و ڕۆژوو و چاکەکاری دەبێ؟ یان بە پشت کردنە خێر و بێر و خۆشی دنیا و ژین؟! ئایا ئەو قسەیەی ئینجیل (ماتیوس ٣:٥) ڕاستە کە لەوێدا هاتووە: خۆزگەم بەوەی هەژار و نەدارە؟! باشە هەژار چ کەسە، ئەوەیە لە دنیادا دەست کورت بێ و هیچی نەبێ؟ یان ئەو کەسەیە هیچی نەبێ، هیچ نیاز و مرازێکی دنیایی نەبێ و بگرە هیچیش نەزانێ؟

وا پێدەچێ ئیکهارت کە دەڵێ مرۆڤ هیچ خواست و نیاز و مرازێکی دنیایی نەبێ مەبەستی ئەوەیە مرۆڤی خاوەن بڕوا و ئیمان خۆی لەگەڵ خواست و ئیرادەی ڕەبدا بگونجێنی و بچێتە ژێر باری ئەوەی ڕەب دەیخوازێ و فەرمانی بوون و نەبوونی دەدات. بەپێی سەرچاوەکان ئیکهارت وتوویەتی: با مرۆڤ لە ژیاندا دەست کورت و هەژار و نەدار بێ، بەڵام کە بتوانێ کۆنترۆڵی دەروون (نەفسی) خۆی بکات و خواستی خۆی بکات بە ئامرازێک بۆ جێبەجێ کردنی خواستی ڕەب و بچێتە ژێر باری ئەوەی ڕەب دەیخوازێ، هەوڵ بدات بە نەمری و گەیشتنە ڕەب شاد ببێ، ئەوە بەهیچ جۆرێک هەژار نامێنێ(٨). مرۆڤی هەژار لێرەدا ئەوەیە کە دەروونی خواستن و مرازی دیاری کراوی نەبێت کە لێرەدا باس کران.

مرۆڤ کاتێک خاوەن ئەو خواستە دەبێ کە دەربارەی بوونی خۆی هۆشیار بێت، ئەو هۆشیارییە لەوە بەولاوە نییە کە مرۆڤ هەست بەوە بکات کە کۆرپە و ڕۆڵەی ڕەبە، ئەو هەست کردنە بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ ئینجا پێدەگا و خەت و خاڵ دەدات:

**یەکەم**: دەست بەرداربوونی هەموو بەدکاری و گوناهێک کە ڕەب نای کردوون و بوونەتە مایەی دابڕانمان لە ڕەب.

**دووەم**: گۆشەگیری و پشت کردنە دنیا. لەو قۆناغەدا دەبێ ئیماندار خۆی لە هەموو شتێکی ئەو دنیایە بە دوور بگرێ و ئینجا لە خودی خۆیشی بە دوور بگرێ و جیا بکاتەوە(٩) (abscheiden). ئەو ئامانجەی کە لێرەدا مرۆڤ هەیەتی و هەوڵی پێگەیشتنی دەدات تەنیا هەر ئەوە نییە کە خواستی خۆی بخاتە ژێر باری خواست و ئیرادەی ڕەببەوە، بەڵکو دەبێ خواستی تایبەتی ڕەب ببی بە خواستی ئیماندارەکە کە سەرگەرمی یەکبوونییە لەگەڵ ڕەبدا. ئیکهارت لەوە دڵنیا بووە کە هیچ هەنگاوێک بەبێ بەهرەی ڕەب ناهاوێژرێ و لەتوانادا نییە بهاوێژرێ و هەڵبگیرێ، کاتێک ڕەب ڕەحمی کرد و بەهرەی یەکبوونی ئیماندارەکەی لەگەڵ خۆی بەخشی ئەوکاتە

خۆشـویسـتنی گـیـان لە دەروونـدا کـڵـپـە دەکـات و دادەگیرسێ و مرۆڤ ئەو بەهرەیەی خۆش دەوێ و گیانی پاک لەو سێ قـۆناغـەدا کـە مـرۆڤ بە سـایەی بەهرەی ڕەببەوە دەیبڕێ یارمەتیدەر دەبێ:

ئەو سێ قـۆناغـە ڕێگای گەڕانەوەی دەروون- گـیـان بۆ لای ڕەب ڕەنگ دەڕێژێ:

ئەگـەر (نەفس) ئەو ڕێگایە بگرێتـە بەر سـەرگـەرمی گـەیشـتـنە بەوەی دانەهێنراوە، بۆیە دەبێ پشت بکاتە هەموو داهێنراوێک:

**یەکەم**: دەبێ ئیـماندار بەجۆرێک بژی کە وەک ڕۆڵەی ڕەب وابێ. لێرەدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕۆڵەی ڕەب و گـیـانـدا نامێنێ. ئەوەیە مـەبەست لەو گـوتراوە: دەبێ مرۆڤ لە خۆشەویستیدا بژی و بەخۆشەویستی بژی.

**دووەم**: مـرۆڤ لەو قـۆناغـەدا وای لێ دێ کـە خـۆی بە ئەندامێکی ئەو دابنێ کە ڕۆڵەی ڕاستەقینەی ڕەببە.

**سێیەم**: لەو قـۆناغـەی دواییدا هیچ جـیـاوازییـەک لەنێـوان ڕۆڵەی ڕاسـتـەقـینەی ڕەب و گـیـانـدا نامێنێ(١٠).

ئەمـە ڕێگای سـەخت و دژواری گـەڕانەوەی گـیـان (نەفس)ە بۆ لای ڕەب وەک چۆن مـایسـتـەر ئیکهـارت وێنای کردووە. ئەو جیهاندیدەی ئیکهارت بە تەواوەتی لە چوارچێوەی جۆرە سۆفییەتییەکدا کە پزیشکی لاهووت و دوگما ئایینیەکەی بەرکەوتووە، بەرجەستە بووە. لە لایەکی ترەوە بەپێی ئەو سەرچاوانەی گوتەکانیان کردووە بە ئەڵمانی، دەردەکەوێ کە لە فەلسەفە لاهووتییەکەیدا پەنای بردۆتە بەر لاهووتی ناکـراو (نێگاتیڤ) بۆ دەربڕینی بیـروبۆچوونی دەربارەی ڕەب کـە ئەو خـۆی شەیدای بووە و هەوڵیداوە لێوەی نزیک بێتەوە:

«ڕەب بێ وێنە و بێ ناوە، هیچ کـەسێـک ناتوانێ لە بارەیەوە شـتـێک بڵێ و تێی بگات، ئەوەی مـرۆڤ لە بارەیەوە نایڵێ، ئەو خـۆی ئەوەیە، نەک ئەوەی مـرۆڤ دەیڵێ کە ئەو ئەوە بێ.(١١)

ئەو قسـەیە پتر لە ورێنە (شەتەحاتی) شاعیرێکی نیـمـچـە سـۆفی دەچێ، نەک لە قـسـەو ئاخـاوتنی فەیلەسووفێکی لاهووتی، چونکە بەهیچ لایەکدا نەپاساو دەدرێ و نە پاکـانەی بۆ دەکـرێ. پشت کـردنە دنیـای ئەمرۆی ڕاسـتـەقـینە و هەڵکەوت، ئەگـەرچی خـۆی لە خۆیدا لە کولتوورێکی نالەبار بەولاوە نییە، گۆڕینی ڕاستەقینەیەکی ژیرەکییە بە هەموو واتا مرۆڤیەکانییەوە بە جیـهـانێک کە بەهیچ بنەمـایەک توانای پشت ڕاست کردنەوەی لە ئارادا نییە. هیچ مرۆڤێکی ڕیالیستی ژێر ئەوە پەسند ناکـات کە بەدکـاری و چەوتی و جـەوری لە ئارادا بوو بە ڕەوشێکی ئەفسووناوی گریمانە کراو کە هەر بە ئەندێشە ڕەنگرێژدراوە، بگۆڕدرێتەوە.

## رایمون لول

١- لە سەرچاوە ئەوروپاییەکاندا بە رایموندوس لیلوس (١٢٣٢- ١٣١٦ز) ناسراوە لە دوورگەی مایورکای نێو دەریای ناوەڕاستی سەر بە وڵاتی ئیسپانیا لە دایک بووە. گـوایە شـارەزاییـەکی باشی لە ئایین و لاهووت (شەریعەت) و فەلسەفەی ئیسلامیدا هەبووە. بە زمانی کەتەلانی (ئیسپانی) و لاتینی نووسیویەتی، لە لۆژیک و شیعر و وتار خوێندنەوە و سیاسەتدا دەست ڕۆیشتوو بووە. لە لۆژیکی سەدەکانی ناوەڕاستدا (سکولاستی) پلە و ڕۆڵی سەرنج ڕاکێشی هەبووە.

لە فەلسەفەی لاهووتیدا دژی ڕێبازەکەی ئیبن ڕوشدی ئەندەلوسی بووە، کۆشاوە فەلسەفە بۆ سوود و قازانجی بنەما و دۆگمەکانی کڵێسە و لاهووت بەکاربهێنێ. گوایە سەرگەرمی ئەوە بووە ئایینی مەسیحی لەنێو موسڵماناندا (کە ئەو بە سـارازین ناوی بردوون Sarazenen) بڵاو بکاتەوە، بۆیە داوای لە دەزگاکانی کڵێسە کردووە زمانی عەرەبی بخوێنرێ و لەوە دەچێ بە گوێیان کردبێ.

نووسینەکانی بە تێکڕایی تیشکدانەوەی ئەو دەورووبەرە فرە کولتوورەن کە تێیاندا ژیاوە و دەستبەکاربووە گوایە چوار جار یەسوعی مەسیح هاتۆتە خەونی و داوای لێ کردووە خزمەتی ئایینەکە بکات و کۆششی بڵاوکردنەوەی بکات. ئەو بەرهەمەی ناوبانگی پێدەرکردووە بابەتێکی لۆژیکە کە بەهونەری مەزن، یان هونەری هەمەکی «Ars generalis» ناودەبرێ.

لول هزرمەندی سەردەمی خۆی بووە، سەردەمێک مۆرکی فرە ڕەنگی و ململانێی کولتوور و لاهووت و ئایین و شارستانیەت و فەلسەفەی پێوە دیار بووە. جەنگی دەستە و یەخەی نێوان فەلسەفە و لاهووتییەکان لە کۆڕ و کۆمەڵە ئایینی و زانستییەکاندا گەرموگوڕتر بووە. ئایینی مەسیحی لەلایەن لاهووتییەکانەوە وا جاڕی بۆ دراوە کە دەبێ لە ئیمان و بڕوادا وەک سرووشێکی

(وەحی) ڕەببانی پەسندبکرێت، بەڵام فەلسەفە ئەنجامێکی سروشتی کۆششێکی هزری و ژیرییە کە مرۆڤ دەیکات. ئیتر ئەگەر دان بەو دابەش کردنەدا بنرێت دەبێ باسی دوو جۆر ڕاستی بکرێت ڕاستییەکی ژیر (فەلسەفە) و ڕاستییەکی ئایین کە بە سرووش هاتووە (لاهووت) ئایا دەکرێ ئەو دوو ڕاستییە بخرێنە دوو تای یەک تەرازووەوە، یان وەک دوو ڕووی یەک پارچە دراو سەرنج بدرێن؟ باشە چۆن دەکرێ وا لە مرۆڤێک بکرێت کە پشت بەژیر دەبەستێ و هەموو ئامرازێکی نا سروشتی ڕەت دەکاتەوە، بڕوا بە ڕاستی لاهووت و ئایین بهێنێ؟ لێرەدا دەبێ -لول- وتەنی زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنرێ، یان خۆش بکرێ بۆ ئەوەی لەسەر ئەو زەمینە خۆش کراوە وتوویژ لەگەڵ (بێ بڕوایان) دەست پێ بکرێت! لول کە بە چەند دەڤەرێکی موسڵمانانندا گەڕاوە و ویستوویەتی ئایینی مەسیحی بڵاوبکاتەوە و لەسەر ئەو چالاکییەی تووشی گرتن و دەربەدەری و دەردی سەری بووە، ئەرکی سەرشانی خۆی بەوە داناوە میتۆدێک، ڕێبازێک، ئامرازێکی هزری بدۆزێتەوە بەهۆیەوە گومڕاو بێ بڕوایان ڕازی بکات بڕوا بە ڕاستییەکانی مەزهەبی کاتۆلیک بهێنێ(١) لێرەوەساڵی (١٢٧٤ز) میتۆدە و تەکنیکێکی بەناوی هونەری مەزنەوە داناوە کە سیستمێکی چەمکەکان بەهۆیەوە دادەهێنرێ و هەردووک بابەتی لۆژیک و میتافیزیک پێکەوە کۆ دەکاتەوە و دەیانگرێتە خۆ. لەو هونەر مەزنەدا قانوونە ڕوخسارییە فۆرمییەکانی لۆژیک و سەلمێنە و بەڵگەنەویستە میتافیزیکییەکان بەکارهێنراون. ئەم هونەرە لەسەر شێوەی بازنەیەک دروست کراوە کە سێ بنەما پشت ڕاست دەکاتەوە:

**یەکەم**: ڕاستی ئەوەیە: ئەوپەڕی هەماهەنگی و هارمۆنی و سیمبۆلی لەنێوان داهێنەر و داهێنراوەکاندا دەستەبەر ببێ.

**دووەم**: دەبێ مرۆڤ بڕوا بەوە بهێنێ کە ڕەب ئەوپەڕی کەماڵ و تەواوەتی و بێ کەموکووڕییە.

**سێیەم**: دەبێ بڕوا بەوە بهێنرێ کە ڕەب لەو کارانەی کردوونی و لەوانەدا کە دایهێناون، ئەوەی بەدی هێناوە کە ژیر وەک باشترین بابەت زانیوونی و پەی پێ بردوون(٢).

ئەو بنەمایانە ئەگەرچی لە چەند گریمانەیەکی مرۆڤێکی ئیماندار بەو لاوە نین و بە هیچ جۆرێک و بە هیچ شێوازێکی ژیر و لۆژیک پشت ڕاست ناکرێنەوە، ئەوە بە ئاشکرا بڕوا و ئیمان دەخەنە سەر ژیر و بڕواو باوەڕ دەکەنە مەرجی سەرەکی و پێشەکی هەموو زانینێکی پشت ئەستوور بە ژیر لول پتر لەو باوەڕەدابووە، ئیمان و بڕوا دەبنە مایەی ئەوەی ژیر بتوانێ ڕاستییە سروشتی و سەروو سروشتییەکانیش پێشییانە بزانێ و پەیان پێ بەرێت.

٢- لول لەو باوەڕە دابووە کە هونەر مەزنەکەی- کە میتۆدەیەکی لۆژیکییە لەتوانایدا هەیە ئیدیۆلۆژی گشتی سکولاستی تەواوتر و کاملتر بکات. لەوەش پتر لەو باوەڕەدا بووە کە دوو جۆرە زانین و دوو پرۆسەی زانینی جیاواز لە ئارادان.

**یەکەم**: ئەو زانینەی دەربارەی پەنا دەباتە بەر هەستەکان و ئەو بابەتەی ئەو هەستانە و دەیدەنە دەست کە دەربارەی بوونە لەشییەکانی دەوروبەرن.

**دووەم**: جۆرە زانینێکی ترە و ئەوپەڕی لەیەکەمیان جیاوازترە و پەکیشی لەسەری نەکەوتووە. ئەو زانینە پێوەندی بە بابەتە سەروو سروشتییەکانەوە هەیە. ئەو زانینەی ڕەببە کە پەی بە بنەما گشتی و هەمەکییەکان دەبات.(٣) ئەو بنەما گشتییانە دەکرێ بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی Attributen ڕەب دابنرێن. تێکەڵ کردنی ئەو جۆرەی پرۆسەی زانین و ئینجا بەکارهێنان و جێبەجێ کردنی چەمکەکانی جیهانی سروشتی لەشەکان بەسەر جیهانی سەروو سروشتیدا هەڵەی کوشندەی لێدەکەوێتەوە.

لە سیستمی هونەری مەزندا ئەو بنەما گشتییانە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لێیانەوە زنجیرە و ڕیزێک چەمکی گشتیان لێدەکەوێتەوە و بە سای میتۆدەیەکی تایبەتی پێکەوە بەستنەوەی ئەو چەمکانەش تیۆرییەکان دەکەونەوە. لێرەدا بە تێروتەسەلی و وردی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ڕەب و هێز و تواناکانی گیان و دەروون پۆلێن کراون.

ئەو بنەما گشتییانە دەکرێن بە دوو بەشەوە: ڕەهاو ڕێژەیی:

- بنەما ڕەهاکان بریتین لە خەسڵەتەکانی ڕەب کە ئەمانەن:

- چاکەکاری

- مەزنی
- هەر هەبووە و هەر دەبێ (نەمری)
- بەتوانایە
- دانایە
- خواستی ئازادە
- ڕاستی و ڕاستەقینەیە
- ئەوپەڕی جوانی و شەنگییە Herrlichkeit
- دەست پاکی.

بنەما ڕێژەییەکان کە پێوەندی هەمەکی نێوان بوونەوەرەکان دەردەبڕن بەو جۆرەن:

- جیاوازی.
- پێکەوە هاتنەوە و هەڵکردن.
- دژ.
- بنەماو بنەڕەت.
- ئامراز.
- ئامانج.
- گەورەترین.
- یەکسان.
- بچووکترین.

بەم پێیە لە تەکنیکی هونەری (لول)دا نۆ بابەت و نۆ کێشە و نۆ چاکەکاری و نۆ بەدکاری هەیە و تۆمارکراون(٤).

بەم پێیە نۆ دەڤەر و کایەی هەڵکەوت Wirklichkeit هەیە:

- جیهانی ڕەگەزەکان.
- ژیانی ڕووەکی.
- ژیانی هەستەکییانە.
- ژیانی بۆچوونی هەستییانە.
- دەڤەری ئەوەی تێیدەگەیشترێ.
- جیهانی ئاکار.
- جیهانی ئەستێرەکان.
- جیهانی فریشتەکان.
- بوونی ڕەببانی(٥).

ئەو ژمارە (٩)یەی لە هونەری گەورەی (لول)دا هاتووە و کراوە بە سیمبۆلی دابەشکردنی شتەکان بە بوونەوە، جێ دەستی ئاشکرای ئەفلۆتین و ئەفلاتۆنیزمی نوێ لە بەرهەم و جیهاندیدی ئەو فەیلەسووف و لاهووتییە بەدەردەخات. کاتی خۆی فیتاگۆرس ژمارەی کردووە بە بنەماو بەرهەمی سەرەکی ئەفلۆتین بە تۆنۆیی ناسراوە.

بەلای لولەوە وەک شارەزا و سوارچاکێکی لۆژیک پێوەندییەکان ڕۆڵی تایبەتی لەجیهانی هزردا دەگێڕن و بوونیان ڕاستەقینەیە و لە بوونی بابەتە ڕاستەقینەکان کەمتر نییە. ئەو پێوەندییانە دەکرێ شان بەشانی کەرەسە و فۆرم، مادده و ڕوخسار بە بابەتی ڕاستەقینە لە جیهاندا دابنرێن. سەرەڕای ئەوەی لە پێوەندییە دەستیاوییەکانیاندا و لەو کارەی لەشت دەیکەن بنەمایەکی ئۆنتۆلۆژییان هەیە.

٣- لول بەزمانی عەرەبیش شتی نووسیوە، بەڵام وەک سەرچاوەکان باس دەکەن ئەو بەرهەمە عەرەبییە هەمەجۆرانە نەماون و فەوتاون، هەروەها دوژمنێکی سەر سەختی ئیبن روشد و ڕێبازی ڕوشدی بووە، ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ و وەک گرێ کوێرە دەمێنێتەوە و ناکرێتەوە ئەوەیە:

لول خۆی فێری زمانی عەرەبی کردووە لە دوورگەی مەیورکای نێو دەریای سپی (کە جاران لەژێر دەستی موسڵمانە عەرەبەکاندا بووە و دواتر کەوتۆتەوە دەست عیساییەکان) قوتابخانەی فێربوونی زمانی عەرەبی کردۆتەوە، هێرشی توندی بردۆتە سەر ئیبن روشد، ئایا مەبەستی ئەم لاهووتییە چی بووە؟! کەس لاری لەوە نییە کە لول موسڵمانەکانی بە گومڕا داناوە(٦). مۆڵەتی لە پاپ وەرگرتووە سەردانی وڵاتە عەرەبییە موسڵمانەکان بکات بۆ ئەوەی گوایە بیانکات بە ئیمانداری ڕاستەقینە- واتە ببن بە عیسایی!!!- باشە ئەو کارەی کە کردوویەتی لاهووت و فەلسەفە بووە، یان مەبەستی ئایینی و سیاسی و کولتووری هەبووە!؟.

ئەگەرچی ئەو کۆششەی لول کردوویەتی، مەسیحییەت لەنێو موسڵماناندا بڵاوبکاتەوە- زۆری لەسەر کەوتووە و گوایە ساڵی (١٣١٥ز) موسڵمانان تاوەکو گیانی داوە بەرد بارانیان کردووە(٧) و مردووە.

ئەگەر ئەو سەرەڕۆییەی لول هاندەرەکەی بڕوا و ئیمانی مەسیحییەت بووبێ و ویستبێ خزمەتی دوگم و کڵێسە و ئایینەکە بکات، ئەوە کردەوەکەی بەهیچ جۆرێک و بەهیچ بنەمایەک پاساو نادرێتەوە موسڵمان بکەی بە مەسیحی کارێکە مرۆڤی ژیری (وەک لول!) نە دەیکات و نە بیری لێدەکاتەوە! کەواتە چۆن لول ئەمەی کردووە و گیانی لە پێناویدا بەخت کردووە!؟.

لول بەر لە کەسانی تر زانیویەتی کە بڕواوباوەڕ (عەقیدە و ئیمان) هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە هەڵبژاردنی ئازاد و بڕیاردانی ژیرییەوە نییە. ئایین دوای ئەوەی یەکەم دەستەی «ئەوانەی بڕوایان پێ هێناوە» بووە بە کولتووری کۆمەڵگا ئەو کولتوورەی کە بەرلەوەی مرۆڤی دواتر لە دایک بووبێ، لە ئارادا بووە. لول لە سەردەمێکدا ژیاوە ئایینی ئیسلام بووە بە کولتووری میللەتانی موسڵمان و نەوە بەدوایانەوە وەک میرات بۆیان ماوەتەوە، کە چاویان کردۆتەوە و بیستوویانە و فێربوون، ئایینەکە ئەو کولتوورەیان بووە کە تێیدا گۆش کراون و پەروەردە بوون. گۆڕینی بڕوای ئەو مرۆڤانە لە گۆڕینی کولتوورەکەیان کە بەشێکی سەرەکی بووە لە ژیانیان و لەگەڵیدا گەورە بوون و ژیاون بەولاوە نەبووە، بۆیە ئەو گۆڕینە کە ئەگەر لە کردنیش بێت، ئەمە هەر نابێ، ئەوە تارادەی بێ ڕادە سەخت و گران بووە.

– خۆ ئەگەر بەلایەکەی تردا سەرنجی بابەتەکە بدەین، ڕاستە تاکوتەرا موسڵمان و مەسیحی ئەو کاتە خوێندەوار بوون، بەڵام شارەزایی و تاقیکردنەوەیەکی ژیانی ڕۆژانە و دابونەریتی خۆیانیان هەبووە. پشت ئەستوور بەو شارەزایی و تاقیکردنەوانە، ئایینی ئیسلام لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا لە مەسیحییەت پێشکەوتووترە. لە کاتێکدا مەسیحییەت بەند و کۆیلایەتی ڕەوا کردووە، هانی خەڵکی داوە بە ڕەبەنی بژین و ژن نەهێنن و پشت بکەنە خێروخۆشی دنیا و ژین، ئیسلام ئەو کۆیلە و بەندانەی ئازاد کردووە کە ئایینەکەیان پەسند کردووە. هانی کەوتنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤی داوە بەوەی داوای لە لایەنگرانی کردووە ژن بهێنن، ژن هێنانیش پێکەوەنانی بنەماڵە و خێزانە، ئەمانەش ئەو یەکەیەن کە کۆمەڵگا پێک دێنن. دوور نییە مەسیحییەت بڵێ مەسیحی وەک ئایینە جیهانییەکانی تر نییە، چونکە هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمایەکی ترانسندینتالی سەروو سروشتی- لەسەر بنەمای موعجیزە- دامەزراوە. لێرەدا دەوترێ مەسیحییەک باسی موعجیزەت بۆ بکات، جیایە لەوەی مرۆڤ خۆی بوونی موعجیزەکە هەست پێ بکات! خۆ ئەگەر مرۆڤ بە چاو شتەکە نەبینێ بە بەڵگەی ژیر دەتوانێ بڕوای پێ بهێنێ، ئەمە ڕاستە. ئەوی لێرەدا کێشەکە دروست دەکات بەلایەکی تردا شکانەوەی بابەتەکەیە. ئەوی باسی موعجیزەکەی کردووە خۆی جێگای ئەگەر و گومان بووە و بگرە بە چاوێک تەماشا کراوە کە گومڕایە و شەریک و هاوبەشی بۆ ڕەب پەیدا کردووە لەوەدا کە پێی لەسەر سێ ڕەنگی ڕەب داگرتووە و گوتوویەتی مەسیح ڕۆڵەی ڕەببە! ئەم قسەیە بۆ موسڵمانێک بکرێت کە بنەمای ئایینەکەی یەک ڕەنگی خوایە، نەک هەر سڵ دەکاتەوە! بگرە ئامادە نییە گوێ بگرێ. خۆ ئەگەر لول بەلای دەزگاکانی کڵێسەی مەسیحییەوە قوربانی نیاز و مرازێکی پیرۆز بووبێ و لەپێناوی گەیاندنی پەیامێکی ئاسمانی «شەهید!» بووبێ ئەوە بەلای کەسانی ترەوە بابەتەکە بە جۆرێکی تر هەڵدەسەنگێنرێت و لێک دەدرێتەوە.

لول بێ ئاگا و بێ خەبەر بووە لە دنیا! ئەگینا ئەو کارەی نەدەکرد. گوایە چوار جار یەسوعی مەسیح هاتووەتە خەونی! هەر چۆنێک بێت ئەو خەو دیتنە خۆی لەخۆیدا لە خەون بەولاوە نەبووە. لول بەداخەوە ڕێگای ڕاستی خۆی هەڵە کردووە. ڕێگا ڕاستەکە نووسین بووە نەک کەسانی تر ڕازی بکات دەست بەرداری ئایین و کولتووری خۆیان بن بگەڕێنەوە بۆ دواوە و بڕوا بە ئایینێکی پێشتر بهێنن.

لول دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە! بەداخەوە بایەکە تەنیا هەر کڵاوەکەی نەبردووە، بەڵکو خۆیشی ڕەوانەی مەرگێک کردووە کە نەدەبوو لەو پێناوەدا بووبایە!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Dr. Paul Deussen., Die Philosophie des Mittelalters. Leipzig 1915. S.448.**

**2- Hans Joachim Storig., Kleine Weltgeschte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.313.**

**٣- يوسف كرم: تأريخ الفلسفة الاوربية في العصر الوسيط. مكتبة الدراسات الفلسفية. دارالمعارف بمصر ١٩٥٧، ص١٨٩.**

**4- F.C. Copleston., Geschichte der Phi-**

losophie im Mittelater. Munchen 1976. S.265.
5- Johannes Hirschberger., Geschite der Philosophie. Bd.I. Altertum und Mittelalter. Komet. 1980. S.554.
6- F.c. Copleston., Ebenda. S.267.
7- F.c. Coplestan., Ebenda. S.269.
8- Franz Schupp., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Meiner 2003. S.497.
9- Dr. Paul Deussen., Ebenda. S.452.
- Wolfgang Rod., Der Weg der Philosophie. Bd.I. Munchen 1994. S.388.
10- Phil. Bohner und E.Gilson., Christliche Philosophie Bd.3. Auflag.2. Paderborn 1954. S.603 ff.
11- Wilhelm Weischedel., Der Gott der Philosophen. W.B. Darmstadt 1993. S.156.

سەرچاوە و پەراوێزی رایمون لول:

1- Fernand Van Steenberghen., Die Philosophie im 13. Jahrhundert. Munchen 1977. S.477.
٢- هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی، ل٤٧٨.
3- Maurice De Wulf., Geschichte der mittelaterlichen Philosophie. Tubingen 1913. S.366.
٤- يوسف كرم: تأريخ الفلسفة الاوربية في العصر الوسيط. دارالمعارف بمصر ١٩٥٧، ص١٨٤ وفي أماكن مختلفة.
5- Hans- Ulrich Wohler., Geschichte der mittelalterlichen Philosophie. Berlin (DDR) 1990. S.131.
6- Franz Schupp., Geschichte der Philosophie. Meiner 2003. Bd. 2. S.427ff.
7- Joseph Bernhart., Die Philosohische Mystik des Mittelalters. W.B.Darmstadt 1990. S.159.

# هۆزی لەک لە مێژوودا

عەباس سلێمان سمایل

هۆزی لەک یەک لەم هۆزە دێرینانەیە کە زێدی لەمێژینەیان ناوچەکانی نێوان ئوستانی هەمەدان، کرماشان، ئیلام و خورەم ئابادە، کە بە لەکستان ناسراوە. بەشێوەزارێکی تایبەت بەناوی شێوەزاری لەکی دەدوێن کە لەنێوان شێوەزاری لوڕی و جافی و کەلهوڕیدایە، هەروەها چەند هۆزێکی دەوروبەری ئەم هۆزەش بەم زاراوەیە دەدوێن.

هۆزی لەک لە زۆر کۆنەوە ناویان هاتووە و بەهۆی چالاکییان لە پاوانکردنی دەسەڵات و جموجوولیان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی لەکستان و بەهۆی مەڕداری و کاری فەرمانڕەواییان، هەروەها لەلایەن حکومەتی عوسمانی و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران بە تایبەتی سەفەوی و قاجارییەکان زۆریان لێ ئاوارە کراوە.

هەروەها (کەریم خانی زەند)یش لەسەردەمی فەرمانڕەواییەکەی (١٧٤٧-١٧٧٩) بەشێکی لەهۆزی لەک بەتایبەتی خانەوادەی سەربازەکانی بۆ چەند ناوچەیەکی باشووری ئێران گواستنەوە، بۆیە ئەمڕۆ هۆزی لەک لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران و کوردستانی گەورە و چەند ناوچەیەکی باشووری ئەنقەرە دەبینرێن.

جا بۆ نووسینەوەی سەربردەی بڵاوبوونەوەی ئەم هۆزە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و توێژینەوەیەکی تێر و تەسەلی دەوێت، ئەمەش بە لیژنەیەک و بە پشتیوانی حکوومەت نەبێ هەرگیز ئەم کارە ئەنجامێکی سەرکەوتووانەی نابێت.

هەروەها لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕیشەو زاراوە و ئایین و کولتووری ئەم هۆزە شارەزاییەکی باشی لەمێژووی گەلانی ئێرانی و گەلانی کۆنی کوردستان و ئایینی میترایی و زەردەشتی و مانی و مەزدەکی دەوێ، هەروەها شارەزایی لە زمانانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی

دەوێ، جا بەهۆی ئەم ئەگەرانەوە تاکو ئەمڕۆ کتێبێک لەسەر ئەم هۆزە ڕووناکی چاپی نەبینیوە کە هەموو بوارەکانی بپێکێ.

## زێدی لەک و زاراوەیان

لەک لەڕووی زمانەوە واتای (سەد هەزار) دەگەیەنێت، دوور نییە لەو سەردەمەی ئەم هۆزە سەد هەزار چەکداری هەبووبێ، یان ژمارەی ئەم هۆزە سەد هەزار بووبێ، بۆیە بەم ناوەوە ناسراون.

بەڵام ئەمڕۆ لەکی لەکستان دەڵێن ئێمە هەم لورین و هەم کوردین، واتە پیتی (ل) ڕەنگدانەوەی لوڕە و پیتی (ک)یش ڕەنگدانەوەی کوردە، بەڵام مەبەستی ئەوان لە کورد کەلهوڕ و جافە، کە لێیانەوە نزیکن، واتە مەبەستیان جیاکردنەوەی لوڕ نییە لە کورد، لوڕیش بەهۆزێک لە هۆزانی کورد دادەنێن. هۆیەکەشی زیاتر بۆ زێدیان دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە نێوان ئوستانی هەمەدان، کرماشان و ئیلام و لوڕستان، جا بەهۆی هەڵکەوتەی زێدیان زاراوەکەشیان لەنێوان زاراوەی لوڕی و زاراوەی کەلهوڕی و جافیدایە، ئەوان بە ئاسانی لە هەر سێ زاراوە تێدەگەن و قسەی پێ دەکەن و لوڕ و کەلهوڕ و جافیش بە ئاسانی لە زاراوەی لەکی دەگەن.

بەگشتی لەکی لەکستان خۆیان بەکورد دەزانن و بەزاراوەی لەکی دەدوێن، هەروەها چەند هۆزێکی دیکەی دەوروبەریشیان بە لەکی دەدوێن، بەڵام زۆربەی ئەو لەکانەی لە لەکستان دوور کەوتوونەتەوە بەزاراوەکانی دیکەی کوردی دەدوێن، ئەوانەی نێو قەشقاییان بەتورکی دەدوێن و بەشێکیش لە وانەی لە ئوستانی فارس و کرمان نیشتەجێن بەزمانی فارسی دەدوێن و ئەوانەی لەباشووری ئەنقەرە نیشتەجێن، بەزمانی تورکی دەدوێن.

## تیرە و بنەماڵەکان

لەکی لەکستان ئەمڕۆکە لەم تیرانە پێکدێن: زەمد، مافی، باجەلان، تەرخان، سەلسەلە، دەلوەند، زەندەگێلی. شێخ محەمەد مەردۆخی دەڵێت: لەک بەشێکە لە لوڕ و واتای ١٠٠,٠٠٠ دەگەیەنێت و لەم تیرانە پێکهاتووە: سەلسەلە، لالە، دلفان، ترهان، دالوەند، هەروەها لەخانەقین و خوڕەم ئاباد و لیشتەرو کولیایی، هەمەدان، ئیسفەهان، دەوڵەت ئاباد، سوڵتان ئاباد، ئیسفەند ئاباد و لەیلاخی سنە، قەزای سەلماس و شیراز نیشتەجێن.

ژەنەراڵ سێر پرسی سایکس دەربارەی ئەم هۆزە دەڵێت: بەشێک لە (لەک) لەساڵی ١٢٧٩ خورشیدی (١٩٠٠ز) لە جیرفت بەرەو گیسکان دەڕۆن کە زۆزانی و گەرمیانی هەیە و لەورە تاوەنهو زۆزانی و گەرمەسێری دەکەن، تیرەکانی ئەمانەن: درەمریدی، گوالی، لیاسی، میرزایی، یارغایی، خواجەدایی، زەردەشتی، شاهسوار، تەهرانی، دەروێشی، مرادی، سهرابی، خرو، زرایی و چارچی و گداری.

بەم جۆرە کتێبی ئاماری ئێران ساڵی ١٣٦١ خورشیدی لەکی دابەشی سەر ئەم تیرانە کردووە: سەرگداری، کوچک خانی، مهنی، سلطان شێخ و عەرەب سلنار.

تیرەی جمور یاجمیر گەورەترین تیرەی کۆچەری ئەم هۆزەیە، کە لەنێوان کرماشان و هەمەدان نیشتەجێنە، بەشێکیش لەم هۆزە لەمەهران و دەهلوران و خوزستان نیشتەجێن و لە هاوینانیش بەرەو کوێستانەکانی هەمەدان و کرماشان کۆچ دەکەن، بەشێکیش لەم هۆزە لە باکووری خانەقین نیشتەجێن، حکوومەتی عیراقی ناوی لە جموور بۆ هۆزی (جبور)ی عەرەبی گۆڕیبوو، گوایە ئەمانە لەبنەڕەتدا (جبور)ن، کەچی جمور لە وشەی گمو بەواتای گەڕۆک هاتووە.

دوور نییە (لەک)ەکانی ئوستانی کەرکووک، سلێمانی و هەولێر و مووسڵ هەر لە تیرەی جموور بن.

تیرەی جموور لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم بەشانە پێکهاتووە: عەبدەلی، گۆمەیی، بەرازی و شاهی. جیمزموریەتی گەڕۆکی ئینگلیزی لەساڵی (١٨١٠ز) سەری لە ئێران داوە و دەڵێت: لەک لەسەرتاسەری ئێران پەراگەندە بوونە کە هۆزێکی گەورەن و لە چەندین تیرە و تایفە پێکهاتوون، بەنەژاد ئێرانین و خۆشیان بە کورد دەزانن، دواتر نووسەر دەڵێت (لەک)ی کرمان لە ساڵی (١٠٥٠ک) لە بەندەر عەباسەوە هاتوون.

(وزیری)یش دەڵێت لە ناوچەی (بزنجان)ی کوێستانی، چەندین ناوی جوگرافی لەم ناوچەیە بەناوی لەک دەبینرێت، کە مولکی (لەک)انە، دواتر بەم جۆرە باس لە تیرەکانی (لەک)ی ئەم ناوچەیە دەکات: تیرەی درمریدی، گودالی، میرزایی، خواجە، زرروسی، شەهسواری، تەهرانی، دەروێشی، غزاوی خدر.

له ساڵی ١٢٧٩ز سێرپرس سایکس دەڵێت: گسکان ناوچەیەکی کوێستانییە هۆزی (لەک)ی تێدا نیشتەجێیە.

(اکبر وقایع نگار) دەڵێت: زۆربەی لەکی لەکستان لەکولیایی و کرماشان و هەمەدان و ئوستانی سنە نیشتەجێن، هەندێکیش لەمانە کاتی خۆی لە ئیسفەهان نیشتەجێ کراون. ئایەت محەمەد کەلهوڕ دەڵێت: هداوەند یەکێکە لە تایفە گەورەکانی هۆزی لەک، کە لەگەڵ کەریم خانی زەند بۆ شیراز چوون، لەدوای هاتنی قاجارییەکان بە فەرمانی ئاغا محەمەد خانی قاجار بۆ دەوروبەری تاران و دەماوەندو ورامین و لار و تۆچاڵ و بەشی ئێوانکی و دێهاتەکانی سنگاب و کورسی ژوورو، کورسی خوارو و چەنداب گوێزرانەوە، ژمارەیەکیشیان لە ساوە و زەرەند و قەزوین نیشتەجێ بوون، (لەک)ی هداوەند لە شارستانی ئەیوانکی پارێزگای سمنان لە سێ تایفەی سیرس، خانی، میرزابی پێکهاتووە و لە (٤٢) تیرە زیاترن، هەروەها محەمەد خانی قاجار بەشێک لە (لەک)ەکانی گواستەوە کلار ڕەشتی مازەندەران.

ژۆکوفسکی دەڵێت: لەک یەک لە هۆزەکانی تلخی دەشتە کە لە ساڵی ١٨٨٥ گواستراونەتەوە ئەوێ، ئەمانە بە زاراوەیەکی تایبەت نزیک بەزاراوەی هەورامی دەدوێن. تلخی دەشتی کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای شیراز.

له بەندی چوارەمی کتێبەکەیدا دەڵێت: (لەک)ەکانی تیرەی جاویدی مەمسەنی بە زاراوەی لوڕی مەمسەنی دەدوێن، هەروەها دەڵێت تیرەی دیکەی لەک بەناوی لەک زەندی لەناو مەمسانیان دەبیندرێن کە بەزاراوەی لوڕی مەمسەنی دەدوێن، هەروەها تیرەیەکی زەندی لە شیراز نیشتەجێن، لێ ئاماژە بە زمان، یان زاراوەکەیان نەکراوە.

د. جەمشید لە کتێبەکەیدا (کردان پارس) و کرمان باس لە (لەک)ەکانی نێو قەشقاییان دەکات و دەڵێت: ئەمڕۆکە لە تایفەی کەشکولی قەشقایی تیرەیەک بەناوی (لەک) هەیە و بە تورکی دەدوێن، بەڵام دەزانن کوردن.

(لەک)ەکانی ئوستانی کوردستان بەشێکیان لەسەردەمی کەریم خانی زەند نیشتەجێ کراون، زیاتریان لە ئیسفەند ئاباد و گوندی بەرزاب نیشتەجێن و بەکشتوکاڵەوە خەریکن.

(لەک) لەکوردستانی تورکیا لەم ناوچانە نیشتەجێن: قارەمان، کۆنیا، ئاسکیشەهر، نیغدە، قەیسەری، مەرەش، جوروم، ڤیرشەهر، جوقوراو ئەدەنە و بە تورکی دەدوێن. دوور نییە ئەمانە دەوڵەتی عوسمانی ئەوانی بۆ ئەم ناوچانە گواستبێتەوە.

لەک لە کوردستانی باشووریش هەر لە ئوستانی دیالەوە تا دەگاتە ئوستانی مووسڵ دەبیندرێن وەک چەند گوندێکی سەر بە خورماتوو، داقووق، خانەقین، کەرکووک، چەند گوندێکی نزیک تەق تەق و لە هەموو دەشتی هەولێر بڵاون هەر لە بەستۆڕەی تا دەگاتە قەراج چەند گوندێکی سەربەخۆیان لەم دەشتە هەیە وەک: جدیدە لەک، ئاو دەلۆک، دوشیوان و حوشترالوکی قەراج چەند گوندێکی دیکە.

هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ لە چەند گوندێک لەگەڵ شەبەک نیشتەجێن و بەزاراوەی شەبەکی دەدوێن.

## مێژووی هاتنی لەک بۆ دەشتی هەولێر

دەوروبەری ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی لەک لە گەڕەکی تەپەی کەرکووک نیشتەجێ بوون، حکوومەتی عوسمانی بە بیانووی ڕێگری و ڕووتکردنی کاروان و جەندرمەی عوسمانی لەناو گردۆلکەکانی سێکانی ئاگاداری کردنەوە کە لەکەرکووک بار بکەن، جا شەوی یەکەم بەشێکیان بۆ ناوچەی تەق تەق کۆچ دەکەن و چەند گوندێک ئاوەدان دەکەنەوە لەوانە: قەشقە، خوڕ خوڕ و ئاو مار و چەند گوندێکی دیکە، ئەوانەی دیکە شەوی دواتر بار دەکەن و دێنە دەشتی هەولێر و چەند گوندێک ئاوەدان دەکەنەوە لەوانە: دوو شیوان، ئاو دەلۆک، ئەسحابەلەک، دواتر بە هەموو دەشتەکەدا بڵاو دەبنەوە و لەم تیرانە پێکهاتوون: برایمی، سمایلی، خەمان و جەردیسی.

**پەراوێزەکان:**

* لەک لەناوگەلێکی زۆری جوگرافیدا ڕەنگی داوەتەوە وەک: گوندی جدیدەلەک، برایمەلەک، ئاوەدلۆک (ئاوەدەل لەک)، ئەسحابەلەک، گوندی (لەک)ی خورماتوو.

* بەلەکی ناوچەی خورماتوو دەڵێن لەکی گەرمیانی.

* لەنێو فارسەکانی ئوستانی شیراز ئەم شیعرە فۆلکلۆرییە دەربارەی لەک هەمیشە بەسەر زارانەوەیە:

**عرب رفت لک آمد**
**میرزا و دکدک آمد**
**این خان سرچماقی**
**دین و رعیت آمد**

واتە لە چاڵێکەوە هاتمە دەرەوە تووشی چاڵێکی دیکە بووم، مەبەستی عەرەب ڕۆیی و لە دەستی ڕزگارمان بوو، لەک هاتن و تووشی داوی ئەوان بووین.

لەدەشتی هەولێریش ئەم قسەیە بەسەر زارانەوەیە:

**لەک و کورد و ئۆرمزیار**
**بڕیان دەستی کەری وەیسی نازدار**
**بەنەعلەت بن هەزار جار**

دەڵێن وەیس ئەسحابەیەک بووە، گۆڕەکەی لەمایدەشتە، دانیشتووانی ناوچەکەی دەکردە ئیسلام گوایە سێ کەس هەریەکە و لەم هۆزانە دەستی کەری وەیس دەبڕن تا نەتوانێت ئیسلامەتی لەناوچەکە بڵاوبکاتەوە. (کورد)یش هۆزێکە، بەم ناوە لە دەشتی کۆیە و کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاون، بەڵام (کوردە) تیرەیەکن لە جاف.

* گوندی عەنکاوەی قەراج لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان کە دانیشتووانەکەی لەهۆزی لەک بوون، هۆزانی عەرەب هێرشیان بۆ دێن لە ئەنجامدا عەرەبێک دەکوژرێ، ئەوانیش گوند بەجێ دێڵن و گوند بە عەرەب دەکرێت.

* لەکەکانی دەشتی هەولێر پیرەکانی تا ساڵانی چلەکان هەر بە زاراوەی لەکی دەدوان.

* یەکێک بەناوی مام ئۆمەر دانیشتووی گوندی قەشقە لەناوەڕاستی حەفتایەکان کە تەمەنی لە ١٠٠ ساڵ تێپەڕی کردبوو، دەیوت لەسەردەمی باپیرەم لەک هاتوونەتە قەشقە، سەرەتا قەدی گردیان هەردەدرێ و دارەڕێیان دەکرد و تێیدا دادەنیشتن، جارێکیش لەبیرمە کە هەمەوەند هێرشیان بۆ قەشقە هێنا، شەڕەکە بەشیر و تۆبزی سەر بە قیر بوو.

* جان. ڕ. پێری دەڵێت: تایفەی زەند کە بەشێکن لە (لەک) لە باکووری لوڕستان بە مەڕداری هاتوونەتە گوندەکانی پەری و کۆمازان-ی نزیک مەلایەر.

* شوێنی سەرەکی لەک باکووری لوڕستان بووە، دواتر بەرە بەرە، بەرەو کرماشان و هەمەدان کشاون و لە ئاخر و ئۆخری سەفەوییەت ناویان بەلەک و لوڕ هاتووە.

* هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن لەک لەگەڵ کەلهوڕ و زەنگنە و مافی و باجەلان سەر بەلوڕن، واتە لەک یەک لە چل و هەشت تایفە گەورەکانی لوڕە.

**سەرچاوەکان:**


**(١) کردان پارس و کرمان، دکتر جمشید صداقت کیش، ١٣٨١- اورمیه.**

**(٢) عشائر وایلات وطوایف، اکبر وقایع نگار، به کوشش، محمد رؤف توکل، ١٣٨٤.**

**(٣) تاریخ کرد و کردستان، شیخ محمد مردوخ کردستانی، ١٣٥١.**

**(٤) مێژووی ڕامیاری کورد و کوردەکانی قوم، ئایەت محەمەد کەلهوڕ و- لە فارسییەوە: وریا قانیع، هەولێر، ٢٠٠٦.**

**(٥) فەرهەنگی لەک و لوڕ، حەمیدی ئێزەد پەنا، لێدوان و بەراوردکردنی مەحموود زامدار، بەغدا، ١٩٧٨.**

**(٦) مێژووی دەشتی هەولێر، عەباس سلێمان سمایل، ٢٠٠٣.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## کتێبی (سایەی هەیبەسوڵتان)

سەرەتا و بەر لە هەرشتێک پیرۆزبایی لە برای بەڕێز (ڕەهبەر سەید برایم) دەکەم، ئەو کتێبە وەک بابەت کۆکراوەی (گۆشەی ڕۆژنامەوانی - واتە چەندین نووسینی زووتری) ئەون، لە چاپخانەی (بینایی) چاپکراوە و ژمارەی سپاردنی (٢٣٣٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە. دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، حەزم کرد لێرانەدا باری سەرنج و ڕەخنەی خۆم دەخەمەڕوو، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی لێرەودوا بەرەوپێشبردنی ئاستی کتێبی کوردییە بە گشتی، لەناو ئەو کتێبانەش ئەوانەی تایبەتن بە شارەکەم (کۆیە)ی ئازیز بە تایبەتی، لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێی توانا هەڵیان سەنگێنم، بۆ ئەوەی کتێبە چاپکراوەکانمان تا دەکرێت بێ کەموکوڕی بن، بەو هیوایەی ئەم باری سەرنج و تێبینیانەم کەم تا زۆر لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا سوودیان لێوەربگیرێت. هەر بۆ نموونە: لە لاپەڕە (١٤)دا نووسراوە: خ ۆ یانی، کە دەبوو بەم شێوەیە بێت: خۆیانی. هەروەها لە لاپەڕە (٣٠) کۆیبیایەتی و خۆیبیایەتی نووسیوە، کە بەڕای من وەک بیستوومانە: کۆییاتی و خۆیاتی. لە لاپەڕە (٣١)یشدا نووسیویەتی: بەقەد سەرچاوەی شاری حەمامۆک، کە دەبوو بنووسێ: بەقەد سەرچاوەی ئاوی حەمامۆک و دەیان هەڵەی تری لەو بابەتە.

* لە لاپەڕە (٦)دا هاتووە: وەنەبێ تەواوی نووسینەکانم بووبێ، لەسەر کۆیە، کە دەبوایە بنووسرێ: وەنەبێ تەواوی نووسینەکانم بووبێ، لەسەر کۆیە.

* لە لاپەڕەکانی (٥ و٦)دا دوو وشەی بەکاربردوون،

نەمــزانی مــانایان چیـــیــە! بۆیە بەڕای من دەبوو (فەرهەنگۆک)ێکی لە کۆتایی کتێبەکەدا دروستبکرایە، بۆ ڕوونکردنەوەی مــانای ئەوجــۆرە وشــانە، وشــەی یەکەمـیان: لووتکە و هەڵەمـۆندێکە؟ دیارە مەبەستم لە وشـەی (هەڵەمـۆندێکە)یە. دووەمـیـان: گـشـتگیـری و ئازگار نییە؟ لەمەشیان مەبەستم وشەی (ئازگار)ە، کە مانایانم نەزانیوە.

* لە لاپەڕە (٢٠)یشدا بە هەمان شێوە وشەی (تا ڕمـوزنی بەغـدا)؟ نەمـزانی مـەبەست لەو دەسـتـەواژەیە چییە؟

* لە لاپەڕە (٤٥)دا هاتووە: لە شەڕ و سەنگەر فریای پێشمەرگە بکەون، بە ئاسانی بریندار شەهید نەبێت. کە بەڕای من دەبوو بگوترێ: لە شـەڕ و سـەنگەر فـریای پێشمەرگە بکەون، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بریندار شەهید نەبێت.

* لەلاپەڕە (٥٥)یشدا هاتووە: حاجی مەلا عەبدوڵلاو حاجی قادری کۆیی هاوفەقێ بووین. کە بەڕای من دەبوو بگوترێ: حاجی مـەلا عـەبدوڵلا و حـاجی قـادری کـۆیی هاوفەقێ بوونە.

* لە لاپەڕە (٦٨)یشـدا هاتووە: هەرمـۆتە گـوندێکی تاقـانە و ڕێزلێگیـراوە و (مـوسـوڵمـان)ی تێـدا دەژی!




بەڕای من دەبوو بگوترێ: هەرمـۆتە گـوندێکی تاقـانە و ڕێزلێگیـراوە و (دیانی) تێدا دەژی، یان بینووسیایە: لە هەرمۆتە لە تەک دیانەکان، موسوڵمانیشی تێدا دەژی.

* لە لاپەڕە (٦٩)شـدا هاتووە: مـەڕبێنی دەنگخـۆش لە تافی گەنجیدا برایەکی جوانەمەرگی دەبێ. بەڕای من دەبوو بگوترێ: مـەڕبێنی دەنگخـۆش لە تافی گـەنجیـدا برایەکی جوانەمەرگ دەبێ.

* لە لاپەڕە (٧٢)شـدا هاتـووە: جگە لە خـارە (تایەر تۆفـیق)ی هونەرمـەند کـە چەندین شـیـعـری کـاریگەری کردۆتە (سروود)! وەک: (شیرین بەهارە.. تاد).

جارێ یەکەم تێبینیم ئەوەیە (شـیرین بەهارە) سـروود نییە، بەڵکو (مەقام)، یان (شێوە گوتن)ە، هەروەها پێم خۆشە لێرەدا بە کـورتی هەندێ ڕاوبۆچوونی جیـاجیـای برادەرانی کـۆچکردووی کـۆڕی کـوردایەتی مـەی ئـامـێـزی باوکی کـۆچکردووم (ئەحـمـەدی حـەمـە مـەلا) بنووسم، (شــایـانی باســە ئەو چاوپێکەوتنانەم لای خـــۆم پاراسـتـوون)، ئەویش بەو مـەبەسـتـەی بۆ کاکە ڕەهبەر و هونەرمـــەندانی بـواری گـــۆرانـی و مـــــوزیـک و هونەردۆسـتـانـیش ڕوونی بکەمـەوە، ئـاوازدانەری ڕاسـتی (شیرین بەهارە) کێیە؟

یادی بەخێر کـاک (عـەونی)شاعـیر بۆی باس کـردم و گـوتی: (یەکـەم کـەس"شـیـرین بەهارە"ی گـوت باوکت بوو، یەکـەم جـار شـیـعـرەکـە لە گـۆڤـاری (گـەلاوێژ)دا بڵاو کرایەوە...تاد)(١).

مـامـۆسـتـا (مـەجـیـد ئاسنگەر)یش بابەتێکی لە ژێر ناوونیـشــانی (کـۆیە: لە بەر ڕۆشنایی هەڵبـەسـتـێـکی عـەونی)، لە گـۆڤـاری (کـاروان)دا بڵاو کـردۆتەوە، کـە عەونی لە شوێنێکی ئەو شیعرەیدا دەڵێ:

**ئەحمەد بەنای شیرینی بەهار**
**خۆشتر لە ئاوازی هۆزار**

لە پەراوێزی ئەو نووسـینەشـدا مـامـۆسـتـا (مـەجـیـد ئاسنگەر) نووسـیـویەتی: خـوالێـخـۆشـبـوو، (ئەحـمـەدی حـەمـە مـەلا) باوکی هونەرمـەند (وریا ئەحـمـەد)، زۆر دەنگخـۆش بـووە و هونەرمـەندێکی ڕەســەن بوە.(٢) شایانی گـوتنە ئەو ڕۆژەی کـاک عـەونی یادی بەخێـر، لە کۆیە لە ماڵی خۆیان میوانداری کردین، کاک (فەرهاد)ی کوڕیشی دانیشتبوو لێم پرسی، ئەم بەیتە شیعرەی تۆ چی

دەگەیەنێت؟ گوتی: ئەمە بۆ مێژووە کە (ئەحمەدی حەمە مەلا) یەکەم کەس بووە (شیرین بەهارە)ی بەم شێوەیە گوتووە.

کاک عومەر عەبدوڵڵاش بۆ هەمان بابەت گوتی: (شیرین بەهارە) یەکەم جار ئەحمەدی باوکت گوتی، ئەوکاتە هەموو کەس نەیدەوێرا بیڵێ! (ئیبراهیم ئەحمەد)ی دانەری (شیرین بەهارە) هاتە کۆیە و لە گەڵمان دانیشت و یەکەم جار بە دەنگی باوکت ئەحمەدی حەمە مەلا، گوێی لە ئاوازی شیرین بەهارە بوو، لە خۆشییاندا شاگەشکە بوو!

مامە ڕووتەش هەر بۆ ئەم مەسەلەیە گوتی: ساڵەکانی (٩٤٥-٩٤٦) کەپرێکم لە چایخانەی خۆم کە لە (سەرتەمتەمان) لەسەر حیسابی خۆیان (واتە حیسابی باوکم و هاوەڵانی) بۆ کردبوون، لە ناو ڕەزان هەندێ شەوان (کاک ئەحمەدی حەمە مەلا و کاک عومەر عەبدوڵڵا و کاک عەونی شاعیر) و گەلێ برادەری دیکەیان، دەیان نارد خواردن و خواردنەوەیان بۆ دەهات، هەندێ جار تا ڕۆژهەڵات دەمانەوە، جێگاکەش دیار و بەرچاو نەبوو، ئینجا کاک ئەحمەد لەو دانیشتنانەدا ئاوازی دیکەی وەک (شیرین بەهارەی)دادەنا. (٣)

(زیاد عەلی بەرزنجی)یش لە بابەتێکدا کە لەژێر ناونیشانی (کۆیەو مەقام و گۆرانی کوردی)دا نوسیوویەتی و دەڵێ: (ئەم ڕێبازەش لە سەردەست و لەرەی دەنگی خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمە مەلا (١٩١٣-١٩٦٩) خوڵقاو مامۆستا تایەر تۆفیق سوودی لێوەرگرت و بە سوارچاکی ئەو ڕێبازە دائەنرێت). (٤)

* لە لاپەڕە (١٤٤)ی کتێبەکەشدا هاتووە: مامۆستا (کەمال ڕەئووف) لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بە نووسینی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، لە ڕۆژنامەی (ژین) ی ژمارە (٣٢)ی ساڵی یەک لە (٩)ی ئەیلوولی (١٩٢٦) نووسویەتی. کە بەڕای من دەبوو بگوترێ: مامۆستا (کەمال ڕەئووف) لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بە نووسینی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە لە ڕۆژنامەی (ژین) ی ژمارە (٣٢)ی ساڵی یەک لە (٩)ی ئەیلوولی (١٩٢٦)دا نووسیویەتی....تاد.

* لە لاپەڕە (١٥٢)یشدا هاتووە:.. بوونە هێزێکی دیار و شەڕکەر، لە کوڕی ئازا و بە بیروباوەڕ. کە بەڕای من دەبوو بگوترێ: بوونە هێزێکی دیار و شەڕکەر، دەستەیەک لە کوڕی ئازا و بە بیروباوەڕ..... تاد.

* لە لاپەڕە (١٦٩) جارێک (فوئاد مەلا موسلیم) و دووجاریش (فوئاد مەلا موسلیح) نووسراوە!

* لە لاپەڕە (١٧٧)یشدا دەربارەی شاعیر و نیشتمانپەروەری کورد (خالید دلێر) هاتووە:... سی ئاوازی بۆ گۆرانی و سروود داناوە لەسەر لێوی گۆرانیبێژان دەلەرێتەوە. یەکێک لەوانە:

**درۆیە گەر بڵێم ئاگام لەخۆیە**
**بە چاوی تۆ بە گیانی تۆ درۆیە**

ئەو گۆرانییە ڕاستە لە هۆنراوەی خارە خالید دلێرە، بەڵام ئاوازی گۆرانییەکە هی بەندە نووسەری ئەم چەند دێرەیە و ساڵی (١٩٧٨) بە دەنگی گۆرانیبێژ (سەلاح محەمەد)، (تیپی هونەری هەولێر) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدای تۆمارکردووە.

ئەو زانیارییانەی لەم کتێبە وەرم گرتوون:

* لە لاپەڕە (١٤)دا نووسراوە: لە کاتێکدا لە کۆماری (مەهاباد) دوو شاعیری ناوداری وەک: (هەژار موکریانی) و (هێمن مەهابادی) هەبوون، کەچی شیعری (ئەی ڕەقیب)ی (دلدار) و (ئەی شەهیدان)ی (محەمەد تۆفیق وردی) دەبنە سروود و مارشی نەتەوەیی!

* لە لاپەڕە (١٨)دا نووسراوە: یەکەمین دەستەی هەڵچوونی چەکدارانە دژی چاککردنی کشتوکاڵ (مەحموودئاغای حەمە زیادئاغای حەماغای کۆیە) بوو، کە دواتر بووە سەرەتا و هەوێنی شۆڕشی ئەیلوول.

* لە لاپەڕە (٦٤)دا نووسراوە: عەزیزی ساڵح ئاغا، کەسێکی توند و بە زەوق بووە، بە (دەهۆڵ) و (زورنا) و (بەزم) و (ئەسپ سواری) لەخەو هەستاوە و گەڕاوە.

* لە لاپەڕە (٦٨)دا نووسراوە: (کلێسە) گوندێکی ئاوەدانی ڕۆژهەڵاتی کۆیەیە، دوایین گوندی دەشتی کۆیەیە و کەوتۆتە دەم زێی بچووکەوە. کۆنە شوێنەواری قەڵا و بەرد و بناغەی کلێسایەکی گەورەی تێدایە، کووپەی گەورەی تێدا دۆزراوەتەوە، ئێسک و پرووسکیان تێدا بووە، کێلی گۆڕی بە نەخشونیگار هەڵکۆڵراوی تێدا دۆزراوەتەوە، وێنەی مانگ و ئەستێرە و خۆری تێدا نەخشاوە، بەردی دێرین کە وێنەی (شێر)ی لەسەر هەڵکۆڵراوە، هەروەها نووسراوە: بە گوێرەی ناوەکەی (کلێسا) دەبێ (دیان - گاور) و(جوولەکە)شی تێدا ژیابێت. شوێنی لێیە بە ناوی (قەبرە جوولەکە و خەرمان

جوولەکە)! هەروەها شوێنی تری هەیە بە ناوی (قەبری ئەسحاب) بەو پێیە دەبێ شەڕی لێ قەومابێ....تاد.

* لە لاپەڕە (٧١)دا نووسراوە:..... مەلا ئەسعەد و سێوە و حەنیلەخرە و پووتێ و ئەحمەدی حەمە مەلا و....تاد وەک گۆرانیبێژانی ناوداری کۆیە بوون.

* لە لاپەڕە (٧٦)دا نووسراوە: سالّی (١٧٤٧) پاش شەڕی چیای (ئاوەگرد)، کە تیایدا (عوسمان پاشا) و کوڕ و براکانی سەربڕان، سەری براویان بۆ (ئەستانە) نێردرا و کۆیە کەوتەوە دەست بابانەکان.

**پەراوێز:**

*** سەید برایم: لە گەڕەکی (سەعیدئاوا - گردی جوولەکان) دراوسێمان بوو، هەردوو خانووی ئێمە و ئەوان (گۆشە - ڕوکن) بوون و نەخشەی هەردوو خانووش لە لایەن ئەندازیار (عەلی عەبدوڵلا)وە کێشرابوو، ئەوان لە دەستەڕاستی کۆڵان و ئێمەش لە دەستی چەپ بووین. باوکم و سەید برایم بەو پێیەی دوو کەسی نیشتمانپەروەر و ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و هەردووکیشیان دوکانی کوتاڵفرۆشییان هەبوو، لە بیرمە دەیان جار لە ماڵی ئێمە بوو بێت، یان هی ئەوان، یان دوکانەکانیان، پێکەوە دانیشتوون و باسی بارودۆخی سیاسی و شانسی میللەتی کورد (وەک زۆربەی میللەتانی دنیا)، لە گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی و وەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆ بوونیان کردووە.**

**سەرچاوەکان:**

**(١) گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە (٩٦)ی ساڵی (١٩٩٢)، لاپەڕە (٩٦ ـ ١٠٣).**

**(٢) مەجید ئاسنگەر، گ.کاروان. ژمارە (٨)ی ئایاری (١٩٨٣). ل (٢٨-٣٠).**

**(٣) گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٦٨)ی ڕێکەوتی (٢٠٠١/٤/٥).**

**(٤) پاشکۆی عیراق، ژمارە (١٣٠) ڕێکەوتی (١٩٩٠/٣/٢٨).**

# تەمیرە

مەنووچێهر جیهانی
(بۆکان)

## پێشینە و مێژووی ئامێری تەنبوور

کوردستان شوێنی ژیانی نەتەوەی کوردە، بەشێکی ئەم نیشتمانە بەناوی کرماشان، یان کرمانشاهان یەکێکە لە گرنگترین ناوچەکانی مۆسیقایی وڵاتی ئێران. موزیکی ئەم ناوچەیە بە گشتی لە سێ بەشی مەقامەکانی مەجازی، مەقامەکانی مەجلیسی، واتە مێژوویی و مەقامەکانی کەڵام، واتە یاری و حەقانی پێکهاتووە. مەقامەکانی مەجلیسی و مەقامەکانی کەڵام بە ئامێری تەنبوور واتە تەمیرە، یان تەموورە، کە ئامێرێکی پیرۆز و عیرفانییە، پێشکەش دەکرێن.

تەنبوور ئامێری مێژوویی وڵاتی ئێران و نەتەوەی کوردە، ئامێرێکی ئایینی و مەزهەبی زنجیرەی ئەهلی حەقە. ئەم ئامێرە یەکێکە لەو تاکە ئامێرانەی کە لە وڵاتی ئێران باوە و بە ئامێرێکی پیرۆز دێتە ئەژماردن.

تەنبوور لە ناوچەی گۆران و کرند بە تەمیوورە، لە ناوچەی سەحنە بە تەمیرە، لەنێو خەڵکانی لەکی پارێزگەکانی لوڕستان و کرماشان بە تەموورە ناسراوە. لە مەجلیسی نیاز و زیکری زنجیرەی یارسان، واتە ئەهلی حەق تەنبوور تەنیا ئامێرێکە کە ئیزنی هاتنە ژوورێی پێ دەدەرێت. یارسان زنجیرەیەک سروودی ئایینییە کە بەکەڵام ناسراوە، کەڵامیش شیعرگەلێکن کە کێشی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەم سروودانە لە جەمخانەدا بە تەنبوور، یان تەمیرە، یان تەموور و لەسەر ئاوازی تایبەتی دەگوترێن.

مۆسیقا لەلای ئەهلی حەق وەکو شتێکی زۆر پیرۆز سەیر دەکرێت. پیاوانی ئەهلی حەق لەکاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانە کە مەڵبەند و بارەگای



ئایینییانە، شیعر و سروودەکانی یارسان بە ئاوازی تەمووورەوە دەخوێننەوە و تەمووریش لەلای ئەوان ئامێرێکی پیرۆزە، بۆیە لەسەرەتای دەست پێکردنی هەر سروود خوێندنێکدا تەنبوور، یان تەمیرە، یان تەموورەکە ماچ دەکەن و لە دواییشدا دووبارە ماچی دەکەنەوە.

ئامێری تەنبوور لە کۆمەڵگەی ئەهلی حەقدا حورمەت و پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە. هەرچەندە بێجگە لە تەنبوورژەنانی ئەهلی حەق، ئامێرژەنەکانی دەرەوەی ئایینی ئەهلی حەقیش کەڵک لە تەنبوور وەردەگرن، بەڵام ئەو ئامێرژەنانەش گرنگی و حورمەتی ئەو ئامێرەیان بۆ دەرکەوتووە.

ئێستاکە بەربڵاویی ئامێری تەنبوور لە پارێزگەی کوردستان لە ئێران لە دوو بەشی گۆران و سەحنە و لە ناوچەکانی باکووری پارێزگەی لوڕستان، بەتایبەت لە ناوچەکانی شوێنی ژیانی (لەک)دا هەیە. بە گشتی لەهەر جێگەیەک کە کەسانێک لە پیاوانی زنجیرەی یارسان نیشتەجێن، ئامێری تەنبوور لەوێ دەبینرێت.

لە کتێبی فەرهەنگی وشەنامەی دێهخودا سەبارەت بە ئامێری تەنبوور نووسراوە:

ئامێرێک لە ئێران بەناوی تەنبوور مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. ئەم ئامێرە دوو سیمی هەیە و میزرابییە، کە بە قامکەکانی دەستی ڕاست دەیژەنن و ئێستاکە لە کوردستاندا باوە. بە پێچەوانەی عوود کە دەسکەیەکی خواری هەیە، دەسکەی تەنبوور ڕاست و بڵندە و وەکوو تار پەردەکانی دەبەسترێت.

هەروەها «دەروێش عەلی چەنگی» شاعیر و موزیکناسی سەدەی ١٦ی زایینی لەو بڕوایەدایە کە وشەی تەنبوور لە دوو وشەی یۆنانی «تەن» و «بورە» پێکهاتووە، بە واتای دڵ و خرۆشان، یان ڕووشاندنە، کە بەو پێیە تەنبوور بە واتای ڕووشاندنی دڵە، یان خرۆشی دڵ، بەڵام وشە و ناوی تەنبوور، یان تەموور لە سەرەتادا لە دوو وشەی لێکدراوی تار+ مور پێکهاتووە، کە یەکەمیان «تار» بە واتای ئامێرە ژێدارەکەیە و دووەمیشیان «مور» لە ناوچەکانی دامێنی کرماشان و ئیلامدا بە واتای کۆتەڵ و چەمەری و شیوەن دێت و بەهەردوو وشەکەش واتای ئامێری شیوەن دەدەن. کە مەبەست لەو ڕاز و گریان و سۆز و پاڕانەوە و لالانەوەیەیە، کە لە ناخی پاکی دڵدار، واتە یارەوە بۆ دڵبەر، واتە سان، یان خودا بە ئاوازەوە هەڵدەڕژێت.

لە ڕاستیدا تەنبوور مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و پیرێکی دنیا دیتووە. لە بواری مێژووی کۆنینەناسی دەردەکەوێت کە ئامێری تەنبوور مێژوویەکی ٦٠٠٠ ساڵەی هەیە و گرنگترین بەڵگەی مێژوویی بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەو پەیکەرەیە کە لە نزیک مەزاری حەزرەتی دانیال پێغەمبەر لە شووش دۆزراوەتەوە. ئەم پەیکەرە دوو پیاوی ئامێرژەنە، کە یەکێکیان تەنبووری بە دەستەوەیە و پێکەوە سروودی ژیان دەژەنن و دەچڕن.

هەروەها کۆنترین ئاسەوارێک کە لە تەنبوور لەبەر دەستدایە، چەندین وێنەی ئامێری تەنبوورە، کە بەشێوەی بەردینە لەسەر دیوار لە بەرزاییەکانی ناوچەی «نەبی یوونس» و «کیونجیک» لە نزیک شاری مووسڵ کێشراوە، کە بۆ نێوان ٥ تا ٧ هەزار ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە.

هەر سەبارەت بە ئامێری تەنبوور فارابی و بووعەلی سینا و عەبدولقادر مەراغەیی و چەندین زانای دیکە وتاریان نووسیوە و باسیان لە گرنگی ئەم ئامێرە لە وڵاتی ئێرانی کۆن کردووە، کە مێژووەکەی بۆ چەندین سەدەی بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

لە مۆزەخانەکانی جیهان بایەخێکی زۆر بەم ئامێرە دراوە و وێنەکان و پەیکەر و نموونەی ڕاستەقینەی ئەو ئامێرەیان پاراستووە، لەوانە: نموونەیەک لە تەنبووری ئێران لە مۆزەخانەی مووراوێسک لە شاری برۆن لە وڵاتی چیک پارێزراوە.

لێکۆڵەران و توێژەران لەو بڕوایەدان کە زۆربەی ئامێرە ژێدارەکان لە ئامێری تەنبوور جوێ بوونەتەوە و ڕیشەکەیان دەچێتەوە سەر ئەم ئامێرە کۆنە. سەرجەمی ئەو بەڵگە مێژووییانە گرنگی هەرچی زیاتری ئەم ئامێرە دەردەخەن، کە لە کۆنترین ڕۆژگاری مێژووەوە ئەم ئامێرە تایبەت بووە بە گەلی کورد و بە ناوچەکانی کوردنشین.

ئەو ئامێرە لە هەندێک لە ناوچەکاندا دوو ژێی هەیە، بۆیە پێی دەڵێن دووتار. بە لەبەرچاوگرتنی ناوی ناوچەکان و سایزە جۆربەجۆرەکانی ئەو ئامێرە بە گشتی دوو جۆر لەو ئامێرە بە ناوی تەنبووری خۆراسانی و تەنبووری بەغدادی ناسراوە. کە تەنبووری خۆراسانی لە ناوچەکانی خۆراسان و دەوروبەری و تەنبووری بەغدادی لە وڵاتی عێراق و ناوچەی ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران و لە پارێزگەی کرماشان دەبینرێت. ئێستاکە ئامێری تەنبوور بەشێوەیەکی زۆر و بەربڵاو لەناو گەلانی جۆراوجۆری ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە.

تەنبوور لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران گەلێک زۆرە و لە باکوور و ناوچەکانی باکووری عێراق، یان هەرێمی کوردستان و لە شارەکانی سەرسنووری تورکیا و ئێران بە ڕێژەیەکی کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

تەنبووری ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران و هەرێمی کوردستان بەناوی تەنبووری تیسفوونی، یان بەغدادی ناسراوە، کە کەسایەکی لە شێوەی هەرمێ گوڵاوی و دەسکەیەکی درێژ و بڵند و هەروەها ١٢ تا ١٤ پەردەی هەیە.

ئامێری تەنبوور لە باشووری کوردستان بە تەمموورەو تەمیرە ناودەبرێت. لەناو کوردانی ئێزدیدا کە لە ناوچەکانی دهۆک، مووسڵ، جزیرە، بۆتان، دیاربەکر، سەعرد، ماردین، نەسیبین، ئەرمەنستان و تفلیسدا نیشتەجێن و مەڵبەندی گشتییان لە شەنگار و بنکەی گرنگ و سەرەکیشیان لە لالشە، بەم ئامێرە دەڵێن تەنبیر، تەمیر و تەنبیور.

تەنبوور لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگەی کرماشان لەوانە: شاری کرماشان، سەحنە، کرند، تووت شامی، قەسری شیرین، سەرپێڵی زەهاو، ماهیدەشت، گەهوارە، ئیسلام ئاباد، دینور، کەنگاوەر، خودابەندەلوو، جەلالوەند، قەڵخانی، گۆران، سەنجاوی و گوندەکانی دەوروبەری کەنگاوەر و هەندێک لە گوندەکانی هەمەدان، ئەسەدئاباد و نەهاوەند هەیە.

ئامێری تەنبوور لە پارێزگەی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە ناوی تەمیرە ناسراوە و تایبەتمەندییەکانی هاوشێوەی تەنبووری هەرێمی کوردستانی عێراقە و لە شارەکانی سنە، کامیاران، سەقز، بۆکان و مەهاباد بەرچاو دەکەوێت. هەروەها لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران، بلووچستان، خۆراسان، باکووری خۆراسان، باکووری ئێران، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، زەنجان و تاران و دەوروبەر، ئامێری تەنبوور کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتی ئێران بەتایبەت لە کرماشان تەنبوور لە هونەرەکانی تاکژەنی و پێکەوەژەنیندا ئامێرێکی سەرەکییە و موزیکی عیرفانی کوردستان بە ئامێری تەنبوور گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی لە لووتکەی موزیکی هاوچەرخی ئەو سەردەمەدایە. هەر ئەمەش وای کردووە ئامێری تەنبوور پیرۆزییەکی یەکجار زۆری هەبێ و لە هەندێک لە شوێنەکان بەبێ دەستنوێژ ئەو ئامێرە ناژەنن. هەروەها ئامێرژەنەکان کە لە کەسانی ناودار و هەڵبژاردەی ئەو گەل و تایفەیەن، پێگەیەکی زۆر بەرزیان لەناو خەڵکیدا هەیە.

عەشیرەتی گۆران نزیکەی هەزار ساڵ دەبێ کە لە پێڕەوانی ئەهلی حەقن کە ئایینێکی بێگەردی کوردییە و لە ناوچەکانی کوردستاندا دەژین و کتێبی بەناوبانگیان بەناوی «سەرئەنجام» بە زاراوەی گۆران نووسراوە، لەکاتی سروود خوێندنەکانیاندا کە «سروودی یارسان»ی پێ دەڵێن و بە ئاوازەوە دەگوترێنەوە، لەگەڵیدا ئامێری تەنبوور واتە تەمیرە بەکار دێنن.

## پیرۆزبوونی ئامێری تەنبوور

هەر لە کۆنەوە تەنبوور وەکو ئامێرێکی عیرفانی ناسراوە و لە ناوچەکانی سەحنە و گۆران وەکو ئامێرێکی مەزهەبی و پیرۆز ناوی دەبرێت و ئەو ئامێرە هەردەم یار و هاودەمی پیاوانی حەقخواز بووە لە پێناوی ڕێگەی



گەیشتن بە حەقیقەت.

مونشییەکان لە ناوچەکانی کەلهوڕ، قەڵخانی، سەنجاوی و کرند کە ئەهلی حەق و یارسانن تەنبوور بە ئامێرێکی ئایینی خۆیان دەزانن و بە چاوی پیرۆزەوە سەیری دەکەن و ئامێرژەنەکانی تەنبوور بە پێشەنگ و گەورەکانی گەل دەزانن.

دەگێڕنەوە کە یەکێک لە گەورە پیاوانی ئەهلی حەق بە ناوی حەزرەتی شاه خووشین لە کاتی ئەنجامدانی ڕێورەسمی دینیدا موریدەکانی بەسەر گرووپەکانی ٩٠٠ کەسیدا دابەش دەکرد و خۆشی لەگەڵ ئەم گرووپانەدا ئامێری تەنبووری دەژەنی.

هەروەها دەگێڕنەوە کە بەهاتنی حەزرەتی سوڵتان سەهاک ٧٢ بەند کەلامی تایبەت بۆ زیکر کردن بە ئامێری تەنبوور ئامادە کرا و پاشان ئەو ٧٢ بەندە بوونە ئایینی و لە ڕێورەسمەکانی زیکر خوێنی و مەجلیسەکانی عیرفانی ناوچەی کرماشاندا دەبێتە باو.

مەقامەکانی تەنبوور لە دووبەش پێکهاتوون: ١- مەقامەکانی کەلام، یان نەزمی حەقانی ٢- مەقامەکانی بێ کەلام، یان باستانی. مەقامەکانی کەلام ئەو ٧٢ مەقامەن، کە بەشێوەی سەمبولیک لە ڕابردووەوە ماونەتەوە تەنیا بە تەنبوورەوە لێ دەدرێن و بەپێی جۆری بۆنە و مەجلیسەکە لەگەڵ شیعرگەلی هیجایی لە وەسفی پێغەمبەران و ئەولیا و پیاوچاکان لە ڕێورەسمی زیکرخوێنیدا لە شوێنی جەمعخانەکان، واتە جەمخانەکان پێشکەش دەکرێن. ئەو مەقامانە کە هەرە گرنگترینیان بە ناوی «فانی فانی» بە تەنبوورەوە دەیچڕن، لەبەر هەبوونی ئەو باس و ڕەمز و ڕێزە ئایینییانەی کە تێیاندا شاردراوەتەوە، تەنیا لە کۆڕی یاراندا لە جەمعخانەکان پێشکەش دەکرێن.

مەقامەکانی بێ کەلام بۆ زیکر خوێنی نابن و عیرفانی نین و لە زومرەی ئاوازەکان و میلۆدیی باستانییەکان دێنە ئەژماردن. ئەو مەقامانە لە دابو نەریتەکان و چۆنیەتی ڕوانین و شێوازی ژیانی خەڵکانی ئەو ناوچانە وەرگیراون.

هەڵبەت جیا لەو بەشانەی کە ئاماژەیان پێکرا ئامێری تەنبوور لە ڕێورەسمەکانی مەولوودی خوێنی لە هەرێمی کوردستان و لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەروەها ئامێری تەنبوور لەلایەن دانیشتووانی گۆران و قەڵخانی لە ناوچەی کرند بۆ بەخاک سپاردنی خەڵک بەکاردێت و لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا تەنبوورژەنەکان بە پێشکەش کردنی چەندین ئاهەنگ و مەقامگەلی تایبەت، خۆشەویستان و گەورە کۆچکردووەکانیان بە خاک دەسپێرن.

## بیۆگرافی مامۆستا ئەسەدوڵڵا فەرمانی ئامێرسازی تەنبوور

ئەسەدوڵڵا فەرمانی لە ساڵی ١٩٤٥ ڕێکەوتی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی لە گوندی گەهوارە لە ناوچەی گۆران لە پارێزگەی کرماشان هاتووەتە دنیاوە. نەوەی خوالێخۆشبوو مامۆستا «چەنگیز فەرمانی»یە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ژەنینی ئامێری تەنبووری لە باوکییەوە فێر بووە، پاشان بە هۆگرییەکی زۆرەوە ڕووی کردووەتە هونەری دروست کردنی تەنبوور و لەلای باوەگەورەی بەناوی مامۆستا چەنگیز خەریکی فێربوونی چۆنیەتی دروست کردنی ئەو ئامێرە بووە. ئینجا بە وەدەستهێنانی ئەزموونگەلی زۆر لە خزمەت ئەم مامۆستا بەرێزەدا، درێژەی بە هونەری باوک و باپیرانی خۆی داوەو خەریکی تەواو کردنی ئامێری تەنبوور بووە. هەر بەم هۆیەش لەو تەنبوورانەدا کە ئەو دروستی کردوون لەلایەنی شێوەو سیمای کاسە و دەسکەکەیەوە چەندین جیاوازی سەبارەت بە بەرهەمەکانی مامۆستا چەنگیز دەبیندرێت. تەنبوورەکانی بەرهەمی مامۆستا ئەسەدوڵڵا فەرمانی بە باشترین نموونە و جۆرەکانی تەنبووری یەک پارچە دێنە ئەژماردن.

ئەو بێجگە لە دروست کردنی ئامێری تەنبووری یەک پارچە ڕووی کردە سازکردنی تەنبوورەکانی تەرکەیی، واتە

دوو پارچە و لەم بوارەشدا چەندین ئەزموونی تازە و بەنرخی بەدەست هێنا.

ئەسەدوڵڵا فەرمانی لەکارگەکەیدا یەکێک لە باشترین بەرهەمەکانی مامۆستا «حوسێن فەرمانی» پاراستووە کە پێشەنگی بواری دروست کردنی تەنبووری یەک پارچە بووە و لە سەردەمی خۆیدا یەکێک بووە لە گۆرانیبێژانی ناوداری ئەم ناوچەیە. هەروەها هونەری دروست کردنی تەنبوور بەشێوەی مەورووسی هەتا ئێستا چوار پێنج نەوە دوای خۆی لە بنەماڵەکەیدا درێژەی پێ دراوە.

ئەسەدوڵڵا فەرمانی لە بەشێکی ناوقەدی دار کە پارچەیەکی زبر و گەورەیە، بەدەست و پەنجەکانی و بەشێوازێکی یەکجار هونەرمەندانە ئامێرێکی جوان، زەریف، دەنگ خۆش و خۆش فۆرم بەناوی تەنبوور بە قەوارەیەکی زۆر جوان دێنێتە بەرهەم. ئەو شارەزایی لە بواری مەقامەکان و دەزگاکانی مۆسیقادا هەیە و زۆر بە باشی ڕیتم، سۆز، دەنگ و میلۆدی دەناسێ و بەشێوەیەکی گەلێک هونەرمەندانە کارەکەی ئەنجام دەدات.

ئێستاکە لە وڵاتی ئێران ئەسەدوڵڵا فەرمانی یەکێکە لە مامۆستایانی ناوداری ئەم تەکنیک و هونەرە کە لێهاتوویی و شارەزاییەکی بێ وێنەی بەدەست هێناوە و ئامێرەکانی ئەم مامۆستایە زۆر دەنگ خۆشن و لەلایەن هونەرمەندانی ئامێرژەنی ناودار و بەتوانا و شارەزایان و چالاکوانانی ئەم بوارەوە پێشوازییەکی زۆریان لێ دەکرێت.

هونەرمەندانی ناوداری موزیکی کوردستان و ئێران و جیهان، لەوانە مامۆستایان: عەلی ئەکبەر مورادی، شەهرام نازری، کەیخوسرەو پوورنازری و چەندانی دیکە لە ئامێرەکانی دەستکرد و بەرهەمی مامۆستا ئەسەدوڵڵا فەرمانی کەڵک وەردەگرن.

مامۆستا ئەسەدوڵڵا فەرمانی ئێستا دانیشتووی گەهوارەی گۆرانە و هونەری دروست کردنی ئامێری تەنبوور بەشێوەی بنەماڵەیی وەک میراتێک بە منداڵەکانیان دەگات و چەندین قوتابی لەم بەشەدا پێ گەیاندووە لەوانە مامۆستا یەدوڵڵا فەرمانی کە برای خۆیەتی و هەروەها کوڕەکەشی فێری ئەم هونەرە کردووە.

مامۆستا یەدوڵڵا فەرمانی لەساڵی ١٩٥٨ ڕێکەوتی ١٣٣٧ی کۆچی لە دایک بووە. ئەو یەکێکە لە باشترین قوتابیانی مامۆستا ئەسەدوڵڵا فەرمانی و ئێستاکە لەلای ئەم مامۆستایە خەریکی دروست کردنی تەنبوورە و شێوازی دروست کردنی ئامێرەکانی براکەی پێڕەوە دەکات.

## جۆر و پێکهاتەی قەوارەی ئامێری تەنبوور

تەنبوور لە بنەماڵەی ئامێرە ژێدارەکانی میزرابییە، کە بەبێ میزراب و بە قامکەکانی دەست دەیژەنن، واتە بەسەر پەنجەکانی چوار قامکی دەستی ڕاست و جاری وایە بە پێنج قامک دەیژەنن.

جۆر و پێکهاتەی تەمیرەی ناوچەی کرماشان لە ٨ بەش پێکهاتووە کە بریتین لە: کاسەی دەنگدانەوە، سەفحە، دەستە، یان دەسکە، پەردە، یان دەستان، ژێ، گووشی، سیمگیر و خڕەک.

کاسەی تەنبوور بەشێوەی لەتی هەرمێ گوڵاوییە و لە داری توو سازی دەکەن. ڕێژەی ئەستوورایی ئەو کاسەیە ٢ تا ٤ میلیمەتر و درێژییەکەی ٣٧ سانتیمەترە.

لەسەر کاسەکە سەفحەی تەنبوور دادەنرێت، ئەویش هەر لە جۆری دار تووە. سەفحە دەنگی ژێیەکان کە بەهۆی کاسەکەوە کەمێک بەهێزبوونە، دڵنشین و خۆشتر دەکات. ئەستوورایی سەفحەی تەنبوور ١/٥ میلیمەترە. پێویستە هێڵەکانی داری ئەو سەفحەیە لەگەڵ دەسکەکەی پێکەوە موازی بن و دەبێ پاش شیرەگرتن بەشێوازێکی زانستی پێویست بەم هونەرە سەر ئەو سەفحەیە چەندین کونی تێ بکرێت.

دەسکەی تەنبوور لە سەختە دارەکانی وەکوو گوێز، هەرمێ و قەیسی دروست دەکرێت و زیاتر دار گوێزی کۆن بەکاردێت. درێژایی دەسکە ٥٩ سانتیمەترە و پەردەکان و گوشییەکان لەسەری دەبەسترێن و دادەنرێن. هەتا بەرەو کۆتایی دەسکەکە بڕۆین، ئەوە باریکتر دەبێتەوە و بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی دەستی ئامێرژەن بۆ گرتنی پەردەکانی ئامێری تەنبوور، دەسکەکەی بەشێوەیەکی خڕ دروست دەکرێت.

پەردە، یان دەستان، واتە تاڵ لە پەتی پلاستیکی پێکهاتووە کە لە چەندین شوێنی جۆراوجۆری ئامێری تەنبوور دەبەسترێن. ژمارەی پەردەکانی تەنبوور ١٤ دانەیە.

ژێی تەنبوور لە ژێیەکانی سیمی، واتە ئاسن




پێکهاتووە، کە لە ڕابردوودا لە هەورێشمی سروشتی دروست دەکرا. ئەو ژێیانە لە لایەکەوە بە سیمگیر و لەلایەکی دیکەشەوە بە گوشییەکانی سەر دەسکەکە گرێ دەدرێن و مەودای بەینی ئەوانە لە نێوان ١ تا ١/٥ سانتیمەترە. تەنبووری ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و کرماشان سێ سیمی هەیە.

گوشییەکانی تەنبوور لە سەختە دارەکان دروست دەکرێت و لە مەودای یەک لەسەر هەشتی کۆتایی دەسکەکەوە دادەبەسترێن. کاری ڕێکوپێک کردن و توندکردن و شل کردنەوەی ژێیەکانی تەنبوور کە پێی دەگوترێ کۆک کردن لە ڕێگەی ئەو گووشیانەوە ئەنجام دەدرێت.

سیمگیر شتێکە لە جۆری ئاسن، ئێسک، پلاستیک، یان شاخ کە لە پشت کاسەی تەنبوورەوە بۆ ڕاگرتنی ژێیەکان دادەبەسترێت.

خرەک لە تەنبووردا دوو جۆرە کە یەکێکیان لەسەر سەفحە و ئەوی دیکەشیان لە کۆتایی دەسکەکەدا دادەبەسترێت. جۆری ئەو خرەکەی سەر سەفحە لەسەختەداری قایمی وەکو شمشاد، عیناب و قەیسی دروست دەکرێت، هەروەها جۆری خرەکی سەر دەسکەکەش لە ئێسکان، یان شاخی ئاژەڵانە. ژێی تەنبوور دەبێ لە قەڵشتی ئەم دوو خرەکەوە تێپەڕبێ و لەسەر ئەو خرەکانە جێگەی ببێتەوە.

درێژایی ئامێری تەنبوور بە کاسە و دەسکەکەیەوە ٩٦ سانتیمەترە. پانتایی دەنگی ئەو ئامێرە یەک ئۆکتاو و جاری واشە یەک ئۆکتاو و یەک پەردەیە. لە بەستنی پەردەکانی تەنبووردا مەوداکانی بچکۆلەتر لەنیو پەردەی تێدا نییە و بە مەودای جۆراوجۆرەوە کۆک دەکرێت.

## چۆنیەتی دروست کردنی ئامێری تەنبوور

ئامێری تەنبوور بەگشتی لە سێ بەشی سەرەکی بە ناوەکانی کاسە، دەسکە و سەفحە پێکهاتووە. کاسەی تەنبوور بە دوو شێوازی یەک پارچە، واتە کاسەیی و تەرکەیی دروست دەکرێت.

کاسەی تەنبوور لە داری توو سازدەکرێت. ئەو دارانە لە ناوچە کوێستانییەکانی کرماشان و توویسرکان دەهێنن، لەبەر ئەوەی دارەکانی ناوچەکانی گەرمێن ڕەگی درشتی تێدایە و بۆ دروست کردنی تەنبوور باش نین، بەڵام داری ناوچەکانی کوێستانی و سارد ڕەگەکانی وردە و باشتر و لەبارترە بۆ تاشین و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئامێرەکە زۆر جوانتر بێت.

بۆ ئەم مەبەستە لە وەرزی پاییزدا دارتووەکە دەبڕن، واتە چینە بڕی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دارە ئاوی کەمتر تێدا بێت. ئەو دارەی کە لە پاییزدا بڕاوە لە وەرزی بەهار، یان هاویندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بۆ هەڵبژاردنی ئەو دارە دەبێ گرێی تێدا نەبێت، ئەگینا ئامێرەکە دەنگی خۆش نابێت.

هەرچی دارە کە لایەکانی پتەوتر بێت و کێشی قورستر بێت، ئەوە ئامێرەکەش دەنگێکی تیژتری دەبێت، لە هەمان کاتدا هەرچی ڕێژەی پتەوبوونی کەمتر بێت و لایەکانی درشتتر بن، ئەوە دەنگی ئامێرەکەش بەم واتە گڕتر دەبێت.

کاسەی تەنبوور دەبێ لە بەشی ناوەندیدا، واتە مەودای نێوەندی نێوقەدی دارەکە و بەشی دەرەوەی دروست بکرێت و بەشی ناوەندی تەنەکە پێی دەگوترێ ئاوەڕۆ، یان ئاوخۆر دەبێ لە تەنەی دارەکە جیا بکرێتەوە، بەرزایی تەنەکە دەبێ ٤٠ سانتیمەتر و پانتاییشی زیاتر لە نیو مەتر بێت.

ئەگەر پانتاییەکەی ٥٠ سانتیمەتر بێت، دەتوانرێ دوو کاسەی قەرینەی لێ ساز بکرێت و ئەگەر هاتوو پانتاییەکەی زیاتر بێت، ئەوە دەتوانرێ ٣ تا ٤ کاسەی لێ ساز بکرێت.

بۆ سازکردنی دوو کاسەی قەرینە لە پێشدا تەنەی دارەکە دەکەن بە دوو دانە نیوە کوڵەکە، پاشان ئەو لەتە کوڵەکەیە لە چەندین لاوە دەبڕن و دەیکەن بە شەشخانێکی لاکێشەیی تەواو لە سایزی ٢٠× ٢٠×٤٠. دواتر ڕایدەکێشن بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی کە لەو

دارەدا ماوەتەوە ببێتە هەڵم. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دارەکە نەرمتر بێت و کاری هەڵکۆڵین و تاشینی بە ئاسانی ئەنجام بدرێت، هەروەها داری کاسەکە لە کاتی هەڵکۆڵیندا نەقەڵشێ، یان خێرا نەشکێت.

مامۆستا ئەسەدوڵڵا فەرمانی ئامێرسازی ناوداری تەنبوور پێی وایە کە کوندەی دار دەبێ ١٠ تا ١٥ ساڵ بیخەوێنی و ئاگاداری بکەیت بۆ ئەوەی بتوانی لە داهاتوودا ئامێرێکی دەنگ خۆشی لێ ساز بکەیت.

دوای تێپەڕبوونی ئەم قۆناغانە دارەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی بتاشرێت. بۆ ئەم مەبەستە تەرح و دیزاینی کاسەکە لەسەر سایزی ئامادەکراودا لەسەر دار دەکێشنەوە. لەم ماکێتەدا بەرزی کاسە ٣٧ سانتیمەتر، پانایییەکەی ١٦ تا ١٨ سانتیمەتر و قووڵایی ناوەوەی کاسە ١٧ سانتیمەترە.

ئینجا بە تەشوێیەکی تایبەت بەم کارە بە تیغەی نیوە خڕ و تیژ و ئیسکنەی تەخت و نیوە خڕ خەریکی تاشینی کاسەکە دەبن. ئەوجار جێیەکانی دەوروبەری کاسە دەتاشن و بە کەرەستەیەک کە داری پێ دەساوێن بە جوانی ساف و ڕێکوپێکی دەکەن. لەم قۆناغەدا لایەکانی ناو دارەکە بەشێوەی چەندین هێڵی هاوتەریب بەسەر کاسەکەوە خۆ دەنوێن و لە پشت کاسەکەوە چەندین ئاڵقە کە هەموویان دەچنەوە سەر خاڵی ناوەندی دەبیندرێن.

دوای ئەم قۆناغە کاری تاشینی کاسە ڕادەگیرێت و بۆ ماوەیەکی ١٠ تا ١٥ ڕۆژ کاسەکە بە دیواری کارگەکەوە هەڵدەواسن، بۆ ئەوەی لە هەوایەکی خۆش و سروشتیدا لە نم و تەڕایی زەوی دوورەوە وردە وردە وشک ببێتەوە.

لە قۆناغی دواییدا کاری تاشینی ناوەوەی کاسە دەست پێ دەکات. هەڵبەت لەم قۆناغەدا شێوەی دەرەوەی کاسەکە وەکوو هێلکەی لێهاتووە و کۆنترۆڵ کردنی بۆ مامۆستای ئامێرساز کەمێک سەختە. ئینجا لە چەندین قۆناغدا ناوەوەی کاسەکە ئەوەندە دەتاشن هەتا ئەستوورایییەکەی دەبێتە ٢ تا ٤ میلیمەتر. ئەنجامی ئەم کارە گەلێک گرنگە، چونکە دەبێ زۆر ئاگاداری کاسەکە بن بۆ ئەوەی گێڕ نەبێ و نەقەڵشێت.

بەشی ملی کاسەکە دەبێ کەمێک زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئەستوورتر بێت و بەشی کۆتایییەکەی بە کەرستەی ئیسکنەی تەخت و بەدرێژایی نزیکەی ٣ سانتیمەتر و قووڵایی ٢ سانتیمەتر بۆ دابەستنی دەسکەی ساز خاڵی دەکرێت. لێرەدا هەرچی کاسەکە بە زەریفی بتاشرێت، دەنگی ئامێرەکە گڕترە و هەرچی ئەستوورتریش بێت، ئەوە دەنگی ئامێرەکە تیژتر دەبێت.

لە دوای تەواوبوونی کاری تاشینی کاسەکە بۆ ماوەیەک دەبێ ئەو کاسەیە لە کارگە بمێنێتەوە و هەوا لێی بدات، بۆ ئەوەی وشک بێتەوە و نمی و تەڕایی سروشتی ناو دارەکەی تەواو بێت. دوای وشک بوونەوەی کاسە، کارەکانی سەوهان لێدان و سومبادە کێشانی قۆناغی کۆتایی لەسەر ئەنجام دەدرێت.

بۆ سازکردنی دەسکەی تەنبوور لە سەختە دارەکانی وەکو گوێز، هەرمێ و قەیسی کەڵک وەردەگیرێت. ئەو دارە دەبێ وشک بێت و بەم هۆیەش زیاتر داری گوێزی کۆن کە ساڵانێکە بەکارهاتوون و ماونەتەوە بە کاری دێن، چونکە ئەو دارانە بە تەواوی وشک بوونەتەوە و دوایی خوار نابنەوە.

سەرەتا دارەکە بەشێوەی شەشخانی لاکێشەیی لە قەوارەی ٣/٥ ×٣/٥ ×٦٢ سانتیمەتر دەبڕرێت. سەرێکی بۆ پەیوەست کردنی بە کاسەوە بەشێوەی کۆڵەکەیەک بە درێژایی ٣ و پانایی ٢ سانتیمەتر دەردێنن و بەشەکەی دیکەی بە کەرستەی سەوهان نیوەخڕی دەکەن، بۆ ئەوەی دەستی ئامێرژەنەکان لە کاتی گرتنی پەردەکاندا بە خێرایی و ئاسانی بگوازرێتەوە. بەرەو لای سەروو دەسکەکەی واتە بۆ لای گوشییەکانەوە، کەم کەم پانایی دەسکەکە باریکتر دەبێتەوە و لە بەشی کۆتایییەکەیدا دەبێتە ٢/٥ سانتیمەتر.

درێژایی کاسە و دەسکە دەبێ پێکەوە یەکسان و بەرابەر بن، واتە ئەگەر درێژایی کاسە ٣٧ سانتیمەتر بێت، درێژایی دەسکەش تا شەیتانەک دەبێ ٣٨ سانتیمەتر بێت. بەشی دواوەی شەیتانەک دەبێتە کۆتایی دەسکەکە، پێی دەگوترێت شاخ و گوشییەکان لەسەری دادەبەسترێن. ئەندازەی ئەم بەشە لە نێوان ١٠ تا ١٢ سانتیمەترە.

بۆ دابەستنی گوشییەکان دوو کون بە پانایی ٦/٥ تا ٧ میلیمەتر بە مەودای ٥/٥ تا ٦ سانتیمەتر لە یەکتر دروست دەکرێن. لە لایەکەی دیکەی دەسکەش لە ناوەڕاستی ئەم دوو کونە کونێکی دیکە دروست دەکەن. لە کۆتایی دروست کردنی دەسکە، قەلشێک لە بەشی ژێرەوەی دەسکە بە مەبەستی ڕەت کردنی پەردەکان و گرێ

لێدانیان دروست دەکرێت، کە بەو قەڵشە دەگوترێت «ناو».

دوای تەواوبوونی دروست کردنی دەسکە، بەشی کۆڵەکەیی سەرەتای دەسکە چەسپی لێدەدرێ و بەشێوەی نێر و مێ لەناو ملی کاسەوە دادەبەسرێت و توند دەکرێت. ئەم بەشە، واتە دابەستنی دەسکە بە کاسەوە یەکێکە لە هەرە گرنگترین قۆناغەکانی سازکردنی ئامێری تەنبوور، لێرەدا ئامێرساز زۆر هەوڵ دەدات دەسکە بەشێوەیەکی تەواو ڕاست و هاوتەریب لەگەڵ کاسەی تەنبوور جێگیر بێت.

سەفحەی تەنبوور لە دار تووی خەت ورد دروست دەکرێت و ئەو دارەی کە کەڵکی لێ وەردەگیرێت، دەبێ زۆر کۆن بێ و هێڵەکانی تەریب و ورد و بەبێ گرێ بن، چونکە هەرچی هێڵەکانی سەر دارەکە وردتر بن، ئەوە دەنگی ئامێرەکە باشتر وەردەگیرێت.

بە کەڵک وەرگرتن لە کەرستەکانی مشار و ڕەندە، دارەکە بەشێوەی لاپەڕەیەکی ناسک بە ئەستوورایی ١/٥ میلیمەتر دەبڕن. دواتر لەسەر ئاوری دادەنێن، هەڵبەت کەمێک دوورتر لە گڕی ئاورەکە ڕایدەگرن هەتا شیرەی ناوەوەی بێتە دەرەوە کە بەم کارە دەڵێن شیرەگرتن. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەنگی ئامێرەکە بەرزتر و ساف و پاکتر بێت.

لەم قۆناغەدا سەفحەکە بە شکڵ و سایز و ئەندازەی لێواری کاسە دەبڕن، دواتر بە کەڵک وەرگرتن لە کەرستەی سرێش و چەسپ لەسەر کاسەکە دایدەبەستن و پێوەی دەنووسێنن، ئینجا بە جیری پلاستیکی بە توندی دەیبەستن و کۆنترۆڵی دەکەن.

لە کۆتایی ئەم قۆناغەشدا لەسەر سەفحە ١٥ تا ٢٠ کون دروست دەکەن، بۆ ئەوەی دەنگی ژێیەکان لەناو کاسەکەدا بڵاوبێتەوە و دەنگەکە پاکتر و ڕوونتر و بەهێزتر بێتە بەر گوێ.

هەروەها گوشییەکان لە دارگەلێکی نەرم دروست دەکرێن و سەرەکەیان بەشێوەی مەخرووتی و بەجۆرێک سازدەکرێت کە بە ئاسانی لەناو قامکەکاندا جێی ببێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئامێرژەن بە ئاسانی بتوانێت، ئامێرەکە کۆک بکات. هەڵبەت سەری گوشییەکان بە چەندین شێوەو شێوازی جۆراوجۆر دروست دەکرێت، بنەوەی گوشییەکان کە بە شێوەی مەخرووتییە لە کونەکانی کۆتایی دەسکەکەدا جێگیر دەبن. ئەگەر گوشییەکان بە جوانی ساز نەکرێن و وردەکاری پێویستیان لەسەر ئەنجام نەدرێت، لەوانەیە لە کاتی ئامێرژەنیندا، بسووڕێن و ئامێرەکە لە کۆک دەربچێت. هەروەها نەرمبوونی داری گوشییەکان ناهێڵێت لە داهاتوودا کونەکانی سەر دەسکەکە گەورە ببنەوە.

سیمگیر شتێکە بەشێوەی نیوە هێلکەیی، یان نیوە بازنەیی کە لە ئێسکان، پلاستیک و شاخی بزن دروست دەکرێت. سەر سیمگیر چەندین قەڵشتی تێ دەکرێت و ژێیە ئاڵقە کراوەکان لە ناو ئەم قەڵشتانەدا جێگیر دەبن. سیمگیر بە کەڵک وەرگرتن لە چەسپ و بزماری لە دار سازکراوی تایبەت لە کۆتایی کاسەدا دادەبەسترێت.

دوو جۆرە خرەک لە تەنبووردا کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە یەکێکیان لەسەر سەفحە و ئەوەی دیکەشیان لە کۆتایی دەسکەدا لە پێش گوشییەکاندا جێگیر دەبێت. ئەوەی یەکەم لە جۆری داری ورد و توند و قایمە وەکو شمشاد، قەیسی و عیناب و ئەوی دیکەش لە ئێسکان، یان شاخ دروست دەکرێت. بەخرەکی کۆتایی دەسکەکە دەگوترێت «شەیتانەک». سیمەکان بەسەر هەر دوو خرەکەوە تێپەڕ دەبن و لە ڕاستیدا خرەک دەبێتە هۆی ئەوەی ژێیەکان لە مەودایەکی باش و گونجاودا لەگەڵ سەفحە جێگیر بن.

هەروەها بۆ ئامادەکردن و دابەستنی پەردەکان لە پەتی پلاستیکی کەڵک وەردەگیرێت. بە شێوەیەک کە بەشەیتانەکەوە دەنووسێن، لەم لاو ئەولای گوشییەکانەوە بە توندی دەبەسترێن.

لە دوایین قۆناغی سازکردنی تەنبووردا نۆرە دەگاتە ژێیەکان. ژێی تەنبوور لە ژێیەکانی سیمی، واتە ئاسن پێکهاتووە کە لە سەرەتادا لە هەورێشمی سروشتی ڕەنگ زەرد دروست دەکران. ئەو ژێیانە لە لایەکەوە بە سیمگیر و لەلایەکی دیکەشەوە بە گوشییەکانی سەر دەسکەکەوە گرێ دەدرێن و مەودای بەینی ئەو ژێیانە لە یەکتری نزیکەی ١/٥ تا ٢ سانتیمەترە. دوای تەواوبوونی ئەم قۆناغانە کاری دروست کردنی ئامێری تەنبوور کۆتایی پێدێت.

ئامێرساز سەرەتا بۆ خۆی دەنگی ئامێرەکە و ژێیەکان و گوشی و پەردەکان تاقی دەکاتەوە، ئینجا دەیدا بە ئامێرژەنێکی بەتوانا بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامێرەکە

مـحـەک بخـوات و لایـەنە هونەرییـەکـانی وەکـو دەنگ و خرۆش و سۆزی ئامێرەکە دەرکەوێت.

### ئامێرسازەکان و ئامێرژەنەکانی تەنبوور

ناودارترین و گرنگترین مـامـۆسـتـایـانی ئـامـێـرسـازی تەنـبـوور لە ولاتی ئـیـران بریتین لە: خـوالێـخـۆشـبـووان مامۆستایان حوسێن فەرمانی، چەنگیز فەرمانی، نەریمان ئابنووسی، خـوداوێردی و حـوسـێن عـەلی جـەمـالی و ئێستاکەش مامۆستایان شەمسوللا فەرمانی، ئەسەدوللا فـەرمـانی، یەدوللا فـەرمـانی، عـەبدولڕەزا ڕەهنومـا، فـەرمان مـرادی، سەید تەهمورس چراغپـوور، ئیبـراهیم قـەنبـەری مێـهـر، شـاپوور کـەمـالی، عـادڵ کـەمـالی و چەندین مامۆستای دیکە.

ناودارترین مـامـۆسـتـایان و هونەرمـەندانی ئامـێـرژەنی تەنبووری ولاتی ئێران بریتین لە:

خوالێخۆشبووان مامۆستایان سەید عەلیار ئەفزەلی شا ئیبراهیمی، سەید قاسم ئەفزەلی شا ئیبراهیمی، سەید خـەلیل عـەلی نیژاد و ئێـسـتـاکـەش مـامـۆسـتـایان سـەید ئەمـروللا ئەفـزەلی شـا ئیـبـراهـیـمی، دەروێش عـابدین خـادمی، دەروێش ئەمـیـر حـەیاتی، سـەید مـەحـمـوود عەلەوی، سەید وەلی حوسێنی، تاهیر یاروەیسی، نوور عـالی ئیـلاهی، شـێخ مـحـەمـەد باقـر تەیمووریان، عـەلی ئەکبەر مورادی، عەلیڕەزا فەیزبەشی پوور، کەیخوسرەو پوورنازری، دەروێش چەنگیز عـەبدی پوور، بابا غـولام هیـمـەت ئابادی، سـەید ئارش شـەهریاری، فـەرەیدوون کـەمالی، شـاپوور کـەمـالی، عـادڵ کـەمـالی، بێـهـزاد مورادی، موزەفەر برینجی، مەنووچێهر نەزەری توشامی، عەبدولڕەزا ڕەهنوما و چەندانی دیکە.

ئامێری تەنبوور لە سالانی حەفتاکان ڕێکەوتی ١٣٥٠ بەولاوە لە کـۆڕی جـەمـعـخـانەکـان و ڕێورەسـمـە مـەزهەبییـەکـانەوە لە لایەن مـامـۆسـتـا «سـەید ئەمـروللا شائیبراهیمی» گەیشتە فیستیڤال و بۆنە هونەرییەکان. ئەمـە بووە هۆی دەسـتـپـێکی وەرچەرخـانێک لە تەنبـوور ژەنینـدا و مـەقـامـەکـانی مـێـژوویی تەنبـوور لەلایەن ئۆرکسـترای گەورە و گرووپی تەنبوورژەنانی پسپـۆڕ لە هۆلەکانی کۆنسێرتی موزیکدا پێشکەش کرا.

دواتر چەندین گـرووپی پسـپـۆڕی تەنبـوورژەن بە سـەرپەرشـتـیـاری هونەرمـەندانی مـوزیکزان کـەیخـوسرەو پوورنـازری، سـەید خـەلیل عـالی نیـژاد، علی ئەکـبـەر مورادی پێکهات و لە ناوخۆی ولاتی ئێران و لە ولاتانی جـۆراوجـۆری جـیـهـان بەرنامـەیان پێشکەش کـرد و بەشێـوەیەکی زانستییانە هونەری تەنبوورژەنین و پێگەی عـیـرفـانی و بەرزی ئەو ئامـێـرە و مـەقـامـەکـانی ناوچەی کرماشانیان بە هۆگرانی موزیک ناساند.

ئەمـڕۆکـە ئامـێـری تەنبـوور لەپاڵ ئامـێـرە کـلاسیـکی و ڕەسـەنەکان لە ئۆرکسترای گەورە و سەمفۆنیکدا کەلکی لێ وەردەگـیـرێت. هونەرمـەندانی مـوزیکزان و ئاوازدانەرانی گەورەی کـوردسـتـان و ئێـران بەشێـوەیەکی ئەکادیمی و بەرچاو لە ئامێری تەنبوور کەلک وەردەگرن و بەرهەمگەلی زۆر بە نرخ و جوانیـان لەسـەر ئەم ئـامـێـرە ئامادە کردووە.

لەم سالانەدا موزیک و مەقامەکانی عیرفانی تەنبوور لە زۆربەی ناوەندەکانی ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنی جیهان و بەشـێـوەی ئەلبـووم و سی دی تۆمـار و بلاو کـراونەتەوە، هەروەها لە مـوزیکی فـیـلم و زنجـیـرە درامـاکـانی تەلەفـیـزیۆنیـدا لە دەنگی بەسـۆزی ئەو ئامـێـرە کـەلک وەرگـیـراوە و تەنبـوور لە گـرنگـترین فـیـسـتـیـڤـالەکـانی موزیکی جیهان پێشکەش کراوە.

**سەرنج:**

**دوای وەرگێرانی باسە بەنرخەکەی (د. شەهرەزاد قاسم) لەبارەی تەنبوور و بە چاپ گەیاندنی لە لایەن منەوە، هەستم کرد ئەو باسە تەنیا لێتوێژینەوەیە لەو ئامێرە کوردییە لە کوردستانی عیراقدا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ڕووم لە کاک (مەنوچێهری جیهانی) نا تا لە مێژووی ئەو ئامێرە لە کوردستانی ئێران بکۆلێتەوە و زانیاریی کۆبکاتەوە. ئەو وتارە بەرهەمی ئەو پێشنیارەیە و ئەو زانیارییە ورد و بەسوودانەش کەلێنی باسەکەی (د. شەهرەزاد قاسم) پڕ دەکەنەوە.**

**«سەرنووسەر»**

# قەڵای سپی

**هاشم سەڕاج**

«قەڵای سپی» ڕۆمانێکی «ئۆرهان پاموک»ە و «ئیزابیل کەمال» کردوویەتی بە عەرەبی، پاموک لەم ڕۆمانەیدا بەوردی لەسەر کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی کاردەکات، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەوە پەیوەستن، بابەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە بەسەرهاتی زانایەکی گەنجی ئیتاڵی کە هونەر و زانستی لە شارەکانی فلۆرەنسا و ڤینیسیادا خوێندووە و هەندێک زانیاریش دەربارەی ئەستێرەناسی و ماتماتیک و فیزیک و هونەری شێوەکاری دەزانێ و لە گەشتێکی دەریاییدا دەیەوێ لە ڤینیسیاوە بەرەو نابۆلی بچێ، دواتر دەکەوێتە ژێر دەستی تاقمێک چەتەی دەریایی تورک و لە بازاڕی ئەستەمبوڵدا بە زانایەکی تورک دەفرۆشرێ کە شەیدای زانستەکانی خۆرئاوایە، دواتر لێکچوونێکی سەیر لە نێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا دروست دەبێ و کەس لێکیان ناکانەوە، بەڵام لەسەرەتای دەسگیرکردن و زیندانی کردنیان خۆی وەک پزیشکێک نیشان دەدات و چارەسەری چەندین نەخۆشی «سوڵتان» دەکات، لەوانە تەنگەنەفەسی و کۆکە، سەرەڕای چارەسەرکردنی نەخۆشی ڕۆماتیزمی پیرەچەتەکانی تورک و سەربازە گەنجەکانی لەشکری ئینکشاری کە دووچاری نەخۆشی پێست و ڕەنگ زەردی و سەر ئێشە هاتوون.




سەرەتا یەخسیرە ئیتاڵییەکان دەبەنە ماڵی «کازم پاشا»، پاشان لە زیندانی «سادق پاشا» بەند دەکرێن، دواتر بە دیمەنێکی کەرنەڤاڵی بەرەو ئەستەمبوڵ دەبرێن و ئاڵای تورکی بەرز دەکرێتەوە و ئایکۆنەکانی مەریەمی پاکیزە و خاچی مەسیح بە قڵپ کراوەیی نیشانی خەڵکی دەدرێ، بەڵام زانا ئیتاڵییە گەنجەکە دەتوانێ بە کەمترین ماوە خۆی فێری زمانی تورکی بکات و لە بواری پزیشکیشدا ناو و ناوبانگێکی باش دەربکات، ئەو دەمەی پاشا لە زیندانەوە داوای دەکات تا چارەسەری نەخۆشییەکانی بکات، دەزانێ تووشی کۆکەیەکی توند و تەنگەنەفەسی هاتووە- یەکسەر ڕوودەکاتە موبەقی کۆشکی پاشا و لە میوە و سەوزە و کەرەستەکانی نێو موبەقەکە کۆمەڵێک حەبی ڕەنگاوڕەنگ و شەربەتێکی سەوز ئامادە دەکات و پاشا لە نەخۆشییەکان ڕزگاری دەبێ، بەرانبەر بەم کارە و لەسەر داوای پاشا لە زینداندا بایەخی پێی دەدرێ و زنجیر و پێوەندی دەست و

قاچی دەکەنەوە، چەندین جار داوای لێ دەکەن واز لە دینی مەسیحی بێنێ و ببێتە موسلمان، بەڵام زانای ئیتاڵی وەک کۆیلەیەک لەسەر ئایینی خۆی سووردەبێت، بەبۆنەی بووک گواستنەوە بۆ کوڕی پاشا داوا لە «خۆجە»ی تورک و «زانا»ی ئیتاڵی دەکرێ پێکەوە کۆمەڵێک کەرەستە و کەلوپەلی ئاگربازی ئامادە بکەن و ئاسمانی زەماوەندەکەی پێ برازێننەوە، لێرەوە لە ڕێگەی کارکردن و پێکەوە ژیانی هەردوو زاناکەوە سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچوون و بیرکردنەوەیان دەتوانن بەهۆی چەردەیەک کافوور و باروت و گۆگرد و ڕەنگ و داوودەرمانی جۆراوجۆرەوە چەندین جۆرە [تیری ئاگرین] دروست بکەن و لە شەوی زەماوەندەکەدا ئاراستەی ئاسۆ و ئاسمانیان بکەن و بە هۆی تەقینەوەی تیری ئاگرین و تەقەمەنییەکانەوە ئاسمان بە ڕەنگی سوور و زەرد و سەوز بلاچە بدا، تێکست لە ڕێگەی گێڕانەوە و دیالۆگ و دیمەنی فەنتازی و کارکردنی لە نێو مێژوودا دەیەوێ ئەوە بدرکێنێ کە مرۆڤەکان دەتوانن لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێ کۆتایەدا پێکەوە بژین و پێکەوە بەشداری لە خولقاندن و بنیادنانی جوانییەکانی ژیاندا بکەن، واتە مرۆڤەکان دەتوانن سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچوون و ڕەگەز و ئایین و ئایینزاکان پێکڤە بژین و بەشداری لە پێکهاتەی جوانییەکاندا بکەن، بەتایبەتی مرۆڤی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی، چونکە کولتووره جیاوازەکان هیچ کاتێک نابنە ئاستەنگ و کۆسپ و تەگەرەیەک، نەخاسمە لەبەردەم زەینی کراوە و تێڕوانینە بالا و فراوانەکاندا، ئۆرهان پاموک لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا باوەڕی بە پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان هەیە و ئەوەتا لە پێشەکی ڕۆمانی «ناوی من سوورەیە» ئایەتێک لە سوورەتی «بەقەرە» وەردەگرێ کە دەڵێ: «ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش هی خودایە».

تەوەرێکی تری ڕۆمانی «قەڵای سپی» پێوەندی بە چرکەکانی غوربەت و هەست کردن بە ئازار و ئەشکەنجەکانی دووری، یان لە دوورکەوتنەوە لە وڵات هەیە، زانا گەنجە ئیتاڵییەکە هەمیشە لە دەرفەتێک دەگەڕێ خۆی لە بارودۆخی کۆیلایەتی ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە زێد و مەفتەنی خۆی، بەردەوام بیر لە دایک و باوک و براو جوانی شاری ڤینیسیا و دەسگیرانەکەی دەکاتەوە، یان ئەو چرکەساتانەی لەگەڵ دەسگیرانەکەی لە باخچەکانی ڤینیسیادا پیاسەیان دەکرد، یادکردنەوەی بیرەوەرییەکان و ڕۆژە خۆشەکانی دەورانی منداڵی، زۆرجار دەبێتە بارستاییەک لە نوستالیژیاو هەندێ جار لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئەگەر ئەم جارە بگەڕێمەوە وڵاتەکەم باسی ئەو کابرا تورکە بۆ هەموو خەڵکی دەکەم کە تا چ ڕادەیەک لە من دەچێ!، ڕۆمانی «قەڵای سپی» بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیالۆگی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە پێویست دەزانێ، یان دروستکردنی پردێک لە نێوان کولتوورێکی لاهووتی کە جەخت لە سەر دابونەریت و سرووت و کۆمەڵێک یاساو ڕێسای چەسپاو و نەگۆڕ دەکاتەوە، لەگەڵ کولتوورێکی عەلمانی کە بڕوای بەکرانەوە و فرە دەنگی و جیاوازی و بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، «خۆجە» و زانا ئیتاڵییەکە بایەخ و گرنگی بە «فەلەکناسی» دەدەن و لە بارەی مانگ و زوهرا و هەسارەکانی تر مشتومڕ دەکەن، هەروەها کرۆک و ناوەڕۆکی تیۆری «بەتلیمۆس» سەبارەت بە هەسارەکان و کوزموگرافیا شی دەکەنەوە و «خۆجە» بە هۆی کتێبەکانی زاناکە خۆی فێری زمانی ئیتاڵی دەکا و پێکڤە تەلیسکۆب و کەرەستەکانی فەلەکناسی ئامادە دەکەن و لە نهێنییەکانی گەردوون دەکۆڵنەوە و بەدوای تیۆری نوێی فەلەکناسیدا دەگەڕێن و خولانەوەی گۆی زەوی بە دەوری خۆی و بە دەوری خۆر و مەودا و دووری مانگ و خۆر و هەسارەکان... تاد. تا دێ شێوەو ناخ و دەروونی هەردوو زاناکە لێک نزیک دەبنەوە، یان مانەندی جمکانەیەک لێکدەچن، بەڵام «خۆجە» زیاتر مرۆڤێکی لاهووتییە، یان خاوەن زەینێکی غەیبانییە و هەوڵ دەدا کاتژمێر و قیبلەنوما بۆ مزگەوتەکان دروست بکات و هاوکات وەک مامۆستایەکی ئایینی لە مزگەوتەکانی ئەستەمبوڵدا دەرس بە قوتابییەکان دەڵێ و جێگەی متمانە و ڕاوێژی سوڵتان و پاشاشە، بەتایبەتی «سادق پاشا» بەردەوام پشتگیری دەکات و هانی دەدات بایەخ بەکارە فەلەکناسییەکانی بدات، کاتێ «حوسێن ئەفەندی» ئەستێرەناسی سوڵتان دەمرێ، «خۆجە» هەوڵ دەدات هەرچی کتێب و دەسنووسی بەجێماوی هەیە سوودیان لێ وەربگرێ، سوڵتانی هەرزەکار حەزو خولیای لە بەخێوکردن و ڕاگرتنی ئاژەڵی جۆراوجۆرە، بەتایبەتی وڵاغی بەرزە، بۆیە «خۆجە» کتێبێک دەربارەی کەر و سەگ و ئەسپ و کەروێشک و کیسەڵ و مارمێلک و تووتی و سمۆرە و مێروو دادەنێ. لە لایەکی دیکەوە تێکستی «قەڵای سپی» هەمیشە جەخت لەسەر ئەو پیلان و پیلانگێڕییانە دەکات کە لە خانەوادەی پاشا و سوڵتانەکانی

عوسمانی سەرچاوە هەڵدەگرێ، لە پێناو دەسەڵات و حوکمڕانی، بۆ نموونە داپیری سوڵتان کازم پاشا هانی ئاغا ئینکشارییەکان دەدا سوڵتان و دایکی بکوژن، تا میر سلێمان دەسەڵات بگرێتە دەست، کەچی پیلانەکە سەر ناگرێ.

هەروەها وڵات داگیرکردن و لەشکرکێشی و کەشتیرانییەکانی لەشکری عوسمانی بەردەوام بۆ سەر وڵاتانی دەرو دراوسێ و دەوروبەر، نەخاسمە خاکی ڤینیسیا و تینیدوس و لیموس.... هاوکات پەتای تاعوون سەرتاسەری شارو دێهاتەکانی گرتووەتەوە و ڕۆژانە سەدان کەس دەبنە قوربانی ئەم پەتایە، «خۆجە» پەتای تاعوون بە ویست و چارەنووسی یەزدانی لە قەڵەم دەدات، کەچی زانای ئیتاڵی هانی خەڵکی دەدات خۆ بپارێزن و بەدوای داوودەرمان و چارەسەریشدا دەگەڕێ، واتە بە ئەقڵێکی زانستی مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پەتاو نەخۆشییەکاندا دەکات، بەڵام تا دێ هەردوو کەسایەتییەکە وەک شکڵ و ڕواڵەت زۆرتر لێک دەچن، لە ڕووی ڕوانین و بیرکردنەوەش وردە وردە لێکدی نزیک دەبنەوە، نزیک بوونەوەیەک لە کردەی توانەوە دەکات، یان لە یەکتردا دەتوێنەوە. زۆرجار «خۆجە» دەستەواژەیەکی سۆفیزمی فرێ دەداو دەڵێ: «من ئەوم و ئەویش منم»، بەڵام کاتێ چەند زیپکە و پۆقلەیەکی سوور لەسەر لەشی خۆجەدا بەدیاردەکەوێ دەترسێ و وادەزانێ دووچاری تاعوون هاتووە و یەکسەر ڕوو لە دوورگەی «هیبلی» دەکات و بۆ ماوەیەکی زۆر لە خۆجە دادەبڕێ، لێرەدا [پامووک] زۆر بەوردی لە مەرگەساتی پەتای تاعوون و مەرگی مرۆڤ و تەرم و شەیتانی تاعوون دەدوێ، هەڵبەتە «خۆجە» لەسەرەتاوە خەریکی دروستکردنی جۆرێک لە تۆپ و تەقەمەنییە تا هاریکاری هێرش و شاڵاوەکانی لەشکری عوسمانی بکات کە بەسەرۆکایەتی «کۆپرلو» ئەنجام دەدرێ، چونکە سوڵتان دەمێکە دەیەوێ هێرش بکاتە سەر پۆڵەندییەکان و قەڵای «دوبیو» داگیر بکات، خۆجە لەگەڵ زانای ئیتاڵی پێکەوە بایەخ بە بواری سەربازی و دروستکردنی تۆپ و تەقەمەنی دەدەن، بەڵام خۆجە ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ، لە هەمان کاتدا خەوەکانی سوڵتان لێکدەداتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەبێتە ئەستێرەناسی تایبەتی سوڵتان، کەچی ئەوە بۆ بیست ساڵی ڕەبەق دەچێت زانای ئیتاڵی بە کۆیلەیی و دەردەسەری لەم بارە نالەبارەدا دەژی و بە هیچ شێوەیەک، دەستبەرداری ئایینی خۆی نابێت، ئەنجا دوایین چرکەی تێکەڵاو بوون و توانەوەی هەردوو کەسایەتییەکە لە ژووری «خۆجە»دا و لەبەردەم ئاوێنەکەدا ڕوو دەدا، کە هەریەک لە کەسایەتییەکان سەر لەبەری یادەوەرییەکانی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، بیرەوەرییەکانی دەورانی منداڵی، چرکەکانی بەختەوەری و گوناه و ناخۆشی و چۆنیەتی ژیانی خانەوادەیی، زانا کە باسی دایک و برا و خوشک و دەسگیرانەکەی دەگێڕێتەوە و لە باخچەکانی ڤینیسیا و سەردەمی قوتابخانە و زانکۆ دەدوێ، تا دێ دووکەسایەتییەکە [دوو کولتووری جیاواز] ئاوێزانی یەکدی دەبن و لەشێوە و ڕووخساریشدا تا ڕادەیەکی زۆر لێک دەکەن، لێکچوونێکی سەیر و سەمەرە، بەڵام چەک و تەقەمەنییەکانی «خۆجە» شکست دێنێ و لەشکری عوسمانی بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ [قەڵای سپی] داگیر بکات، لە هەمان کاتدا هۆکاری ئەم شکست و نوشووستییە دەخەنە ئەستۆی زانای ئیتاڵی و بەخیانەت و ناپاکی تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام خۆجە و زانای ئیتاڵی جلوبەرگی یەکدی دەگۆڕنەوە و خۆجە یەکسەر مەیدانی جەنگ بەجێ دێڵێ و ڕوو لە وڵاتی ئیتاڵیا دەکات.

زانای ئیتاڵیش لە تورکیا دەمێنێتەوە و ژن دەهێنێ و وەچە دەخاتەوە و لە هەمان کاتدا خەریکی نووسین و کتێب چاپ کردن دەبێت و بایەخ و گرنگییش بە گوڵ و باخچە دەدات، کەواتە خۆجە دەتوانێ لە ڕێگەی پۆشاک گۆڕییەوە زانای ئیتاڵی لە مەرگ ڕزگار بکات، بەڵام ئەگەر لە چەمک و شێوە و دیمەنی «قەڵای سپی» بدوێین، ئەوە دەتوانین بە هێمایەکی باڵای جوانی بچوێنین، چونکە «قەڵای سپی» لە ڕۆمانەکەدا دوایین جار مانەندی چراخانێکی سفت و سپی دەردەکەوێت، یان وەک کۆشک و تەلارێکی سپی هەمیشە لە دوورەوە دەدرەوشێ و بلاچە دەدات، کەس ناتوانێت لێی نزیک بکەوێتەوە، شەبەنگی قەڵایەکی بەفر ڕەنگە لە گەردیلەکانی نووری پاڵاوتە، هاوکات بە چلپاو گەلێک دەورە دراوە، ئەوەی لێی نزیک بێتەوە بەر لەوەی پێی بگات نغرۆ دەبێت- کەواتە [قەڵای سپی] تارمایی پێکهاتەی جوانییەکە لە نوور و لێوان لێو لە ترس و حەسرەت و شەیدایی و درەوشانەوە!

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: القلعة البيضاء «قەڵای سپی».**

**ناوی نووسەر: ئورهات پامووک.**

**[ئیزابیل کەمال] کردوویە بە عەرەبی، قاهیرە دەستەی گشتی میسری.**

**- بۆ کتێب- زنجیرەی خەڵاتەکان- «چاپی یەکەم»، ساڵی ٢٠٠٦.**

# شیعر و ڕۆڵی لە بەشاکارکردنێکی ئەدەبییانەی پرۆسەی ئەنفالدا
# (گۆڕستانی چراکان) بە نموونەوە


**محەمەد ساڵح مستەفا**
**(سلێمانی)**





## پێشەکی

باس کردنی پرۆسەی ئەنفال لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا زۆر بەرچاوە. وەنەبێت ئەم مەسەلەیە تەنیا لای شێرکۆ بێکەس باس کرابێت، بەڵکو لای کۆمەڵێک شاعیری تر ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لەلای شێرکۆ بێکەس زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر، بەوەی ئەگەر ئەوان بە شیعرێک و دوو شیعر باسیان لە پرۆسەی ئەنفال کردبێت، ئەوە شێرکۆ چەندین دیوانە شیعری تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە، بە تایبەتی دیوانەکانی (سروودە بەردینەکان- گۆڕستانی چراکان). هەروەها بەشێکی زۆری شیعرەکان لە دیوانەکانی: ئێوە بەخۆشەویستی ئەسپێرم- قەسیدەی کورسی- لە گوڵەوە هەتا سووتوو و لە دوایین دیوانیشیدا بەناوی «حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک» کۆمەڵە شیعرێکی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.

پلانی کارەکەشم بەسەر دوو تەوەرەی سەرەکیدا دابەش کردووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسم لە شیعر و ئەرکی شیعر، هەروەها باسم لە ئەرکی شیعر لە «گۆڕستانی چراکان»دا کردووە. لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی ڕۆڵی «گۆڕستانی چراکان» لە ناساندن و بەشاکار کردنی پرۆسەی ئەنفال لە ناو شیعردا کردووە.

### شیعر و ئەرکی شیعر

ئەدەبی (دانسقە)، تەنیا و تەنیا ئەدەبە. ئەدەبیش لەگەڵ زانستەکانی تر جیاوازە، بەوەی ئەرکی ئەدەب بریتییە لە جوان کردنی وێنەکانی واقیع، نەک پیشاندانی واقیع وەک خۆی. «ئەدەب جگە لە ئەدەبیاتبوونی خۆی جێگەی هیچ شتێک ناگرێتەوە. بەهیچ شتێکی دیکەش جێگەی پڕ نابێتەوە. ئەگەر بشێت باسی هزری ئەدەبی، ڕەنگی

ئەدەبی، ڕووناکی ئەدەبی و شێوەی میوانداری ئەدەبی بکەین، ئەوە ئەدەب هزری خۆی، ڕەنگی خۆی، تیشکی خۆی و شێوازی پێشوازی کردنی تایبەت بە خۆی هەیە». مانای وایە ئەدەب دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەویش ناونراوە (دنیای ئەدەبیات)، کە لەسەر کۆڵەکەی هەست و سۆز دامەزراوە.

«پێویست ناکات ئەدەب هەڵگری پەیامێک بێت، یان دەربڕی مانایەکی دیاری کراو».. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر پێویست ناکات ئەدەب هەڵگری پەیامێک بێت، جگە لە (ئەدەبی بوون)ی خۆی، ئەی لەو کاتە چ ناوێک لە (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس بنێین؟ کە ئەرکێکی تری دراوەتە پاڵ ئەویش باس کردنە لە پرۆسەی ئەنفال! خۆ ناکرێت لە قاڵبی ئەدەبیات دووری بخەینەوە کە کۆمەڵێک ئەرکی تری ئەدەبی هەڵگرتووە.

ئێمە دەزانین ئەرکی ئەدەب بەر لە هەموو شتێک ئەدەب بوونیەتی، واتە بە ئەدەبی کردنی شتەکانە. شیعریش وەک لایەنێکی ئەدەبی هەمان ئەرکی پێ سپێردراوە «شیعر دەبێت بە زمانی گوڵ بدوێت نەک گوللە، بەڵام ئەمە چارەنووسی شاعیری کوردی نیشتمان داگیرکراوە، کە ناچاری دەکات ئەرکێک بە شیعر بسپێرێت، کە ئیشی شیعر نییە». لە ڕوویەکی تریشەوە ئەدەب «ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵە» و دیوی دووەمی ڕووداوەکانە، ئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵابوونی خودی نووسەرە لەگەڵ ڕووداوەکان کە لە هەر بارودۆخێکی جیاوازدا جۆرێکی دیکەی ئەدەب لە دایک دەبێت، کە جیاوازە لەوەی پێش خۆی «پێم سەیرە کەسێکی نیشتمان داگیرکراو خۆی بە شاعیر بزانێت شیعرێکی وای نەنووسیبێت بکەوێتە سەنگەری بەرەنگاری بوونەوە، پێم سەیرە شاعیرێک کە بچووکترین ڕەخنەی لێ بگیرێت بێتە دەنگ و لە بەرانبەر قەلاچۆکردنی گەلەکەیدا بێ دەنگ بێت! پێم وایە نووسینی هۆنراوەیەک کە هەڵگری پەیامێکی بەرەنگاربوونەوە بێت گەلێک سەختترە لە نووسینی شیعرێک کە زادەی جوانی سروشت، یان چیرۆکێکی ڕۆمانسی بێت».

ئەگەر سەیری (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس بکەین دەبینین بەڕاستی گەیشتووەتە ئاستی بە شاکار کردنێکی ئەدەبییانەی یەکێک لە تراژیدیاکانی کورد کە ئەویش پرۆسەی ئەنفالە، شێرکۆ بێکەس توانیویەتی لە بەرگی وێنەیەکی ئەدەبیدا جوانترین نمایشی ئەدەبی بە بەرگی قێزەوەنترین کاری دوژمندا بکات. «قسە کردن لەسەر شێرکۆ بێکەس سەفەرێکی شیعرییە بۆ نیشتمان و بۆ بینینە ئەزەلییەکانی سروشت، بۆ گۆڕە نائارامەکانی ئەنفال و مردنی لەسەرخۆی نەوەکان» شێرکۆ بێکەس خۆیشی باس لەم جۆرە نووسینە دەکات و دەڵێت: «زۆرم پێ سەیرە ئەو کاتەی ئازادی میللەتێک سەر ئەبڕێ کە ئازادی شاعیر و هونەرمەندیشە، کەچی ئەو شاعیرە متەق لە خۆی ئەبڕێت.. من هەڵوێستی ئەو قەڵەمەم پێ سەیرە کە لە گەردەلوولی خوێنا بێ دەنگ ئەبێ». وەنەبێت شێرکۆ تاکە نووسەرێک بێت ئەو ئەرکەی دابێتە ئەدەب، بەڵکو دەیان نووسەری تر هەن کە هەمان ئەرکیان داوەتە ئەدەب و بەرهەمەکانیشیان ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگاکەیانن «سارتر زۆرجار دەچووە سەر مینبەر و گوتاری سیاسی دەخوێندەوە، کەچی ئەدیبێکی گەورەیشە». شاعیران و نووسەران ئەگەر لە ڕەگو ڕیشەی نەتەوەکەی خۆیان دوور کەوتنەوە ئەوە بێ ناسنامە دەمێننەوە. «ناسراوترین و دیارترین شاعیرانی فەرەنسا هەر ئەوانە نەبوون کە دیارترین و کاریگەرترین شاعیرانی بەرەنگاری دژی نازیزم بوون، ئاراگۆن، ئێلوار، ڕونێ، بلیک، دیسنۆس، دی لاڤیگری، مۆریس دریۆن، جۆزیف کیسیل، ئەندرێ فرینۆ.. تاد» دوور نەڕۆین ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی و چەندانی تر.

### ڕۆڵی «گۆڕستانی چراکان» لە ناساندن و بەشاکار کردنێکی ئەدەبییانەی پرۆسەی ئەنفال لەناو شیعردا

شێرکۆ بێکەس زۆر پەیوەستی مەسەلە چارەنووسسازەکانە، وەکو وتمان قسەکردن لەسەر شێرکۆ بێکەس سەفەرێکی شیعرییە بۆ نیشتمان و بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال و بۆ مردنی لەسەرخۆ. شێرکۆ بێکەس دەیەوێت وەکو مێژوونووسێک ئەم ڕووداوانە بنووسێتەوەو بەنەوەی داهاتووی بگەیەنێت. ئەوەتانێ لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**من ناهێڵم**
**ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە**
**من ناهێڵم**
**ئەم مردنە ژیان بیری بچێتەوە**
**من ئەم زوڵمە**
**لەناو شووشە بەندی شیعرا دائەنێم بۆ:**
**ئەو زارۆکەی**
**دوای چەند قەرنێ دێت و ئەزێ و**
**لە ڕەحمی ئەم وڵاتەوە سەر دەردێنێ و**
**ئەلف و بێی چرا فێر ئەبێ و**
**ئەم غەدرە ئەخوێنێتەوە!**

نووسینەوەی ئەم زوڵمەش بە ئەرکی سەرشانی خۆی و شیعرەکانی دادەنێ.

دەیەوێ نەوەیەک پەروەردە بکات و بە زمانێکی ئەدەبییانەی بەرز وێنەی دەسەڵاتێکی زۆردار لە زینیاندا بەرجەستە بکات، کە لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویدا هەوڵی نغرۆکردنی میللەتی کوردی داوە.

چۆن «ئەدۆنیس» شاعیری گەورەی عەرەب پێی وایە «شیعری عەرەبی دەربڕینێکی باڵایە لە شوناسی عەرەبدا» بە شانازییەوەش باس لەو مەسەلەیە دەکات، ئێمەش دەبێ زۆر بە شانازییەوە دان بەوەدا بنێین کە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەربڕینێکی باڵایان هەیە لە دەرخستنی شوناسی ئەنفالدا. ئەوەتانێ خۆیشی باس لەوە دەکات و دەڵێت:

**گوێچکەی شیعرم**
**زۆر پووکە پووک و کروزەو**
**ناڵە ناڵی عومری خۆمی بیرچۆتەوە**
**بەڵام ئەوەی کە بەردەوام**
**لە ناو گوێچکەی شیعری مندا**
**دێت و ئەچێ و ئازارەو ئەزرنگێتەوە**
**زریکەی ژنە ئەنفال و کچەکانە و**
**هەتا ئەمرم**
**ئەم کاروانی زریکەیە**
**هەر دێت و دێ و دوایی نایە و نابڕێتەوە!**

«بیابان» لای هەموومان لە پاش پرۆسەی ئەنفال شوناسێکی ناشیرینی وەرگرتووە. گۆران بابا عەلی لەم بارەیەوە دەڵێ: «بیابان بۆ زۆربەمان بووە فۆبیایەکی هەمیشەیی، کە تەنانەت باشووری عیراق و بیابانەکانی سعوودیەشمان لا ببووە ئەو دۆزەخەی چارەنووسمان پێوە بەسترابووەوە» سەرەڕای پێدانی ئەو هەموو سیفەتە ناشیرینانە بە بیابان، کەچی شێرکۆ بێکەس ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی پێ دەبەخشێت، بەوەی کە خودی بیابانیش ناتوانێت لە بەرانبەر ئەم کارەساتەدا بێ دەنگ بێت. ئەوەتانێ دەڵێت:

**نوگرە سەلمان!**
**(با)یەکی نائومێد وتی:**
**بیابان بۆ خۆی شەرم ئەکات**
**بڵێ مێژووم بنیاتی نا**
**تەیرێکی خۆڵاویش وتی:**
**من شایەتم**
**جارێک بیابان پێی وتم:**
**من شەرم ئەکەم وەختێ نامەو**
**هەر پۆستێکم لە ڕێی ئەمەوە پێ بگا!**

«شێرکۆ بێکەس» شوناسی مرۆڤایەتی لەو کەسانە ستاندووەتەوە کە ئەو کارەساتەیان ئەنجام داوە، بە (سەگ- گورگ- داڵ.. تاد)ی چوواندوون. تووڕەییەکەی بەرانبەر ئەوان دەگاتە ئەو ڕادەیەی دەڵێت:

**لەو ساڵەدا..**
**سەگی بیابانی خواروو**
**گورگی بیابانی خواروو**
**بەتازەیی**
**ئەوەندە کوردیان خواردبوو**
**خۆیان لە کۆنە بەرماوەی**
**قەل و داڵ و**
**لە لاکی تۆپیو لا ئەدا**
**لەو ساڵەدا!!**

شاعیر بۆ زیاتر گوزارشت کردن لەو کارەساتە گەورەیە بە ناخی مێژوودا چووەتە خوارەوە و مێژووی وەکو چەکێک بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە دەرخستنی سەردەمەکان و کەسایەتییەکان. ئەوەتانێ ڕەگو ڕیشەی بەعسییەکان بۆ نەژادی بەربەری دەگەڕێنێتەوە- دوورگەی تاریکی و حەجاج، کە ڕەمزی کەسایەتی خوێنڕێژە لە مێژوودا و دەڵێت:

**کۆمەڵێ پیاو لە ترومی هێلکەی پیس و**
**لە نەژادی بەربەریەکان**
**کۆمەڵێ سەر، هەموو لە دوورگەی تاریکی**
**کۆمەڵێ دەس، هەموو لە شمشێری حەجاج**
**کۆمەڵێ دەنگ، هەموو لە دەنگی ئافات و**
**کۆمەڵێ ڕەنگ، هەموو لە ڕەنگی نەهات و**
**کۆمەڵێ بۆن، هەموو لە بۆنی شانزدەی سێ و**
**پەیامێکی مەنجەنیقی و**
**پەیامێکی بێ پرسیار و**

**مێژوویەکیش لە منارەی کەللەسەر و سەروەرییەک لە جۆگەو خوێنی ئەبەدی.**

شاعیر بە دەستنیشان کردنی سەردەم و کاتی ڕووداوەکان زیاتر ڕاستی ڕووداوەکانی بەرجەستە کردووە، ئەوتانێ دەڵێت:

**شەوێک ئەسیاری هەناسەی**
**ڕۆژژمێری هەشتاو هەشت بووم**
**ئەمویست گۆڕیچەی بژمێرم**
**ئەمویست هەنسکێ بژمێرم**
**هەتا خودی ژمارە خۆی**
**هاتە جواب و**
**وتی: چێکەی؟!**
**منی ڕۆژژمێر ناوێرم**
**مەرگەساتی تۆ بژمێرم!**

لایەنێکی تری گەورەیی کارەساتەکە لەوەدا دەبینرێت کە کەرستەیەکی بێ گیانی وەک ڕۆژژمێر دێتە قسەو خودی ڕۆژژمێر خۆبشی لەم کارەساتە دورەپەرێز دەگەرێت، ئەمەش زیاتر بۆ دەرخستنی گەورەیی کارەساتەکەیە.

شایەتێکی تر لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال دەستنیشان کردنی شوێنەکانە. ئەو شوێنانەی کە مرۆڤی کوردی تێدا زیندەبەچاڵ کراوە لەوانە: نوگرەسەلمان- عەرعەر- تۆبزاوە... تاد ئەم شوێنانە بوونەتە ڕەمزی ئەنفال و ڕەنگدانەوەیەکی فراوانیان لە نێو شیعری نوێی کوردیدا هەیە و لای شێرکۆ زیاتر بەرجەستە بوون:

**نوگرە سەلمان!**
**قەلا قەلای ئازارێکی ڕەش داگەڕاو**
**تێنوویەتییەکی ئەزەلی و**
**پێناسەیەک بۆ ونبوون و بۆ**
**تاریکی و**
**شوێنێ بۆ زەمانی غەدرو**
**جێگایەک بۆ پیاسەی زوڵم و**
**گاڵتەی تاوان.**

عەدالەت تالەبانی دەربارەی نوگرە سەلمان دەڵێت: «قەلایەکی ترسناک و شێوەیەکی جەهەنەمی لێ بەدی دەکرێت. کۆمەڵێک یاساولی هەبووە کە ڕەنگیان لە پۆستاڵەکانی پێیان ڕەشتر بووە، شێوەیان لە درندەیەکی ناشیرینی ناو جەنگەڵ دەچوو.»

لە کۆتاییدا گەورەیی پرۆسەکە لای شێرکۆ بێکەس لەوەدا دەردەکەوێت کە شێرکۆ بە تەنیا غەم بەو دنیایە ناخوات، بەڵکو بیر لە دنیاکەی تریش دەکاتەوە بەوەی ئاخۆ لەوێش چیان بەسەر دێت و دەڵێت:

**من دڵنیام ئەگەر غەدرمان لێنەکرێ**
**نۆبڵی خوا**
**لە خەلاتی مەرگەسات و بێ کەسیدا**
**هەر ئەم کوردە وەری ئەگەرێ!**

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

(١) ئەنفال یەکێکە لەو کارەساتە گەورە و جەرگبڕانەی کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە کوردی ئەنجام داوە.

(٢) شێرکۆ بیکەس تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ پرۆسەی ئەنفال هەیە کە لە شاعیرانی تر جیاوازە بەوەی ئەگەر ئەوان بە شیعرێک و دوو شیعر باسیان لە پرۆسەی ئەنفال کردبێت، ئەوە شێرکۆ چەندین دیوانە شیعری تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە.

(٣) شێرکۆ بێکەس لە (گۆڕستانی چراکان)دا گەیشتووەتە ئاستی بە شاکار کردنێکی ئەدەبییانەی یەکێک لە تراژیدیاکانی کورد، ئەویش پرۆسەی ئەنفالە.

(٤) شێرکۆ بێکەس توانیویەتی لە بەرگی وێنەیەکی ئەدەبیدا جوانترین نمایشی ئەدەبی بە بەرگ قێزەوەنترین کاری دوژمندا بکات.

**سەرچاوەکان:**

**- لە ستایشی ئەدەبدا، کۆمەڵێ وتار، شێرزاد حەسەن، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.**
**- ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا، پەخشان سابیر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٤ی ساڵی ٢٠٠٢ هەولێر.**
**- شێرکۆ بێکەس «گۆڕستانی چراکان»، ڕۆمانە شیعر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.**
**- حەمە سەعید حەسەن، ئەگەر بەهەڵە دانەچووبم، ١٠ دیمانە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.**
**- د. ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣.**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# ئەمپرێسیۆنیزم Impressionisme

دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بۆساڵی ١٨٧٤ دەگەڕێتەوە، لە بنچینەدا لە زاراوەی ئەمپرێسیۆنیستەوە- Im-prossionniste-ەوە هاتووە، وەک ناوونیشان دراوەتە تابلۆیەکی مۆنێ-Monet، ئەمپرێسیۆن- Impres-sion- پاشان فراوانتر بووە و وەک بزووتنەوەیەکی بە پلەی یەکەم هونەری (شێوەکاری)، ئینجا لە ئەدەبیاتدا بەکارهاتووە: ئەمپرێسیۆنیزم.

ئەمپرێسیۆنیزم لە زمانی عەرەبی بەرانبەرەکەی (الإنطباعية)یە و ئەمپرسیۆنیست (إنطباعي) و ئەمپرسیۆن (إنطباع). لەزمانی کوردی، هەروەکو دەیان جار ئەوەمان دووبارە کردۆتەوە، بەکارهێنانی زاراوە ئەدەبی و فیکری و هونەرییەکان، بەو چەشنەی لە زمانە لاتینییەکان بەکاردێ، وەکو خۆی لە زمانی کوردی بەکاربهێنرێ لە زۆر کێشەی وەرگێڕانی ناتەواو ڕزگارمان دەکا، بەرانبەر بەم زاراوەیەش ئەم وەک خۆ بەکارهێنانە، زۆر گونجاوتر و جوانترە، چونکە بەداخەوە، لەبەر ئەوەی زمانی کوردی، فەرهەنگی کوردی بەگشتی، لەم لایەنەوە، کارێکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، هەر شتێکی دیکەی بە ناوی کوردی و کوردایەتی لەجێگای دابنێین، دووچاری سەرلێشواندمان دەکا. ئەوەی کە یاریدەدەرە لە لایەنی زمانی کوردییەوە، ئەو پێکچوونەیەتی لەگەڵ زمانە هیندوئەوروپییەکان، ئەمەش ئەگەر بە جوانی و بەپوختی سوودی لێ وەربگرین لەکۆڵ زۆر کێشەی ئاڵۆزمان دەکاتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام وەکو خۆی بەکاری بهێنین.

ئەمپرێسیۆنیزم ناوە بۆ کارە هونەرییەکانی نیگارکێشە ئەمپرێسیۆنیستەکان، مۆنی و ئەوانی تر. بزووتنەوەیەکی هونەرییە سەرهەڵدانی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە لە فرەنسا. هونەرمەندە ئەمپرێسیۆنیستەکان بەکارەکانیان هەوڵیان دەدا تەعبیر لەو شت و ڕۆشناییانە بکەن کە ئەمپرێسیۆنیان (إنطباع) لە لا دروست دەکردن. ئەمەش هەردەم وەک خەیاڵێکی خێرا و نەگیراو بوو، لە ساتێکی دیاریکراو دیمەنێک خەیاڵێکی ناوێزە بەهۆی ڕووناکی و ڕەنگ و سێبەر و شکانەوە و بەرجەستە بوون دروست دەکا. لە ئەدەبیات، (بە تایبەتی لە شیعر و ڕۆمان و تاڕادەیەکیش لە دراما، ئەمڕۆ زۆرتر لە موزیک و فۆتۆگراف و ڕێکلام و سینەما) زیاتر وەک شێواز و چۆنیەتی دەربڕین و نووسین سوودی لێ وەرگیراوە. واتە شێوازێکی نووسین لە ئەدەبیات لە ڕێگای زمان خەیاڵێکی هەڵاتوو و دەگمەن و سرک پیشان بدا. لە زمانی فرەنسایی بە مانای تریش بەکاردەهێنرێ. دەگوترێ: ئەمە چیرۆکێکی زۆر ئەمپرێسیۆنیستە، واتە

چیرۆکێکی توندوتۆڵ نییە، شل و خاوە. کە دەگوترێ ئەم کارە ئەدەبییە ئەمپرێسیۆنیزمانەیە، واتە ڕوانینی زاتی بەسەریدا زاڵە، زۆرجار ئەمپرێسیۆنیزم وەک دژێک بەرانبەر بە ئێکسپرێسیۆنیزم (ئەزموونگەرایی- التعبیریة) بەکارهاتووە.

پێشەنگانی هونەری ئەمپرێسیۆنیزم، بە پلەی یەکەم کلۆد مۆنێ-یە- C.Mont-، بەڵام لەلای ڕێنوار و ڕۆدان و ئەنتوان بووردێل و زۆری تر هەیە. ئەمانە هەوڵیان دەدا جووڵە و بزووتنەوەی سروشت، (سروشتی کۆمەڵایەتی-یش) تاڕادەیەک بەرجەستە بکەن و سەرەنجام جوانی پیشان بدەن. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە وەک دژایەتییەکی کلاسیسزم بوو لە هونەر و ئەدەبیاتدا.

لە ڕوانگەی ئەمپرێسیۆنیستەکان، دیمەنێک، هەر دیمەنێکی سروشتی، لە هەر چرکەیەک، بەپێی بزووتنەوە و گۆرانی ڕووناکی و سێبەر و شەوقدانەوە، ئینتیباعێک لەلای مرۆڤ دروست دەکا، دەشێ ئەمانە وەک زنجیرە دیمەنێک کە بەکاریگەری ئەمانەی سەرەوە، ڕەنگ دەگۆڕێ پیشان بدرێ، سەرەنجام خوێندنەوە، یان بینین و خەیاڵی دیاری کراو دواتر جوانییەکی بەرجەستەکراو لە چرکەیەکی دیاریکراو هەست پێ بکرێ.

بەڵام هەرچی لایەنی ئەدەبیاتە، ئەمپرێسیۆنیزم گرنگی بە وەسف و لێکدانەوە و بەرجەستە کردنی هەست و عاتیفە و خۆ خواردنەوە و تاڕادەیەکیش وێڕای سیمایەکی مێلانکۆلی دەدات. زۆر بە سادەیی و ساکاری ئەم لایەنە دەخاتە ڕوو. ئەمەش نەک بە مانا ڕیالیزمییە ئاشکراکەی، یان ڕیالیزمییانەی ڕووت و قووت، بەڵکو واقیعییەتێک لەسەر بنچینەی ئەوەی هەستی پێ دەکرێ بەشێوەیەکی پەنهان و تا ڕادەیەک سیمایەکی شاراوە و نەگیراو. واتە ئەمپرێسیۆنیزمەکان زیاتر ئەو کاریگەرییە پیشان دەدەن کە لە واقیعییەتێکی مەوزووعی دوورە. ئەوان هێزی کاریگەری و کاریگەربوون بە کلیلی تێگەیشتن دەزانن، بە کلیلی تێگەیشتنی واقیعییەتیشی دەزانن. ئەوان لەو باوەڕەدان هەقیقەت لە قووڵایی زیهندا خۆی شاردۆتەوە نەک لە نوێنەرایەتی واقیعی دەرەوەدا.

ئەمپرێسیۆنیزم وەک شێواز و وەک ڕوانین لەلای زۆر لە شاعیرانی فەرەنسایی و ئینگلیزی و هی تریش هەیە، بەگشتی لە ئەدەبیاتدا زۆر بەرچاو دەکەوێ.

لەناو ئینگلیزەکان والتەر پاتر کوشتەی تیۆرییەکانی جوانیناسی بوو، ئەو لەکتێبی لێکۆڵینەوەکان لە بارەی مێژووی ڕێنێسانس، زۆر بەکاری دەهێنێ و لەگەڵ ئەوەدایە نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر سەرەتا پێویستە باس لە ڕوانینەکانی خۆی بکا. لەلای ئۆسکار وایڵد و لۆرە ئەلفرێد دۆگلاس- L.A. Douglas و ئارتۆر سیمۆنز شیعری زۆریان بەشێوازی ئەمپرێسیۆنیزم نووسیوە، سیمۆنز لەو باوەڕەدا بوو کە شاعیری ئەمپرێسیۆنیزم بە پلەی یەکەم پێویستە هەست و هەستیاری خۆی بە ئەزموون پیشان بدا، نەک ئەزموون خۆی پیشان بدا. ئەوەی باس ناکرێ دەبێ باسی بکا. لە قەسیدەی (ئەمپرێسیۆنی بەیانی) ئۆسکار وایڵد، شێواز و بینینی ئەمپرێسیۆنیستی بە ئاشکرا دیارە. لە ڕۆمانی نوێش، لەلای مارسێل پرۆست- M.Proust و ڤێرجینیا وۆڵف و جیمس جۆیس هەیە. جۆیس لە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا) هەستی شاراوە و پەنهان و ئاڵۆزی ستێفان دێدالۆس بە وێنە و ئەمپرێسیۆنیزم پیشان دەدات، بەڵام دەربارەی ژیانی واقیعی ئەو گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. سەرەنجام دەبینین ئەم ژیانە، واتە ژیانی ستێفان دێدالۆس زۆر شاراوە و ناواقیعی دێتە بەرچاو، بەڵام ژیانی ناوەوەی زۆر پڕ لە جووڵە و زیندوویتییە.

لە ئەدەبی کوردیدا، ئەمپرێسیۆنیزم لەلای شاعیرانی وەک پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح، بەتایبەتی لەلای گۆران و ئەحمەد هەردی زۆر بەرچاو دەکەوێ.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**




# ڕەخنە و ڕەخنەسازی

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)



بەرکەوتنی جیهانی ناوەکی بە جیهانی دەرەکی بینین و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنە، کارلێک و پەرچەکرداری دەرەوەیە کە ناوەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاراستە دەکات، بەرهەمی پێوەندییەکە کە هیچیان بێ ئەوی تریان گەشەپێدان لەخۆ ناگرن و گۆڕانی گەوهەری ناکەوێتە سروشتیانەوە.. دیدگای ناوەوە هەڵهێنجان و وردبوونەوە و ئاکامی جیهانبینییە و ڕامانە قووڵەکان لە جیهانی چواردەور خولقاندوویانە، ئەو ڕوانین و بینینە تایبەتمەندە زۆرینەی کات بە ڕەخنە خۆی بەدەردەخا و دەناسێنێ، هەموو گۆڕان و وەرچەرخانێک ڕەگێکی بەندە بە دیدگای ڕەخنەییەوە بۆ گونجاندن و سەرخستنی هەردوو جیهانەکە بەرەو پەرەسەندن و یەکخستن.

ڕەوشی ژیانی ئێمە و بەرکەوتنی هەردوو جیهانەکە لە ڕەخنە بەدەر نییە، ویست و مەرام و هیواکان بەردەوام بۆ باشترکردن پەل دەکوتن، دیدگای هەمووومان نیگایەکی ڕەخنەئامێزە لە بنەڕەتدا، کەچی ڕەخنە ناسەلمێنین و دانی پێدا نانێین، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە کە ئەویش دیدگای گشتگیر و ڕۆژانەی هەمووانە و شتێکی نوێ ناگرێتە خۆی کە شیاوی سەرسوڕمان و وەستانەوە بێت، ڕەخنەگرتن هەر ڕەخنەیە مادامەکی خاوەنی ڕوانینی جیاواز و بۆچوونی جوداخوازانە بێت، لێ ئێمە هەمیشە ڕەخنە و ڕەخنەسازی بەدنیای ڕۆشنبیری و مەعریفەوە دەبەستینەوە و تەنیا ئامادەیی بە نووسراوەکان دەبەخشین نەک ئاخاوتنی ڕاگوزەر و سەرپێیی.

لە نێوەندی ڕۆشنبیریشدا دیسانەوە نائامادەیی دەبەخشینەوە ڕەخنە، نووسەر لە بنەڕەتدا گەوهەرەکەی ڕەخنەگرتنە و بۆ گۆڕینی ژیان و ڕێک کردنەوە و لە بارکردنی ژیان تێدەکۆشێت، نووسەرێک لە دەرەوەی ڕوانینی ڕەخنەییەوە بوونی نییە، جێی سەرسوڕمانە بەردەوام ڕەخنە بەو چاوەوە دەخوێنینەوە کە ئاراستەکردن بێت بۆ دەق و تێکستەکانی دیکە، بۆ وەشاندن و هەڵوێست وەرگرتن لە بەرانبەر بەرهەم و بەخششی ئەوانی دیکەدا، وەختێک ئەوەش ڕوودات پۆلێنکاریمان سەروەختێکە بە ڕەخنەی ڕووخێنەر و بنیادنەردا تێدەپەڕێت، بۆ دەقی ڕەخنەلێگیراو نە ڕەخنەی ڕووخێنەر بوونی هەیە نە بنیادنەریش، ئەوەی هەیە تیشک بەخشینە بۆ داهاتوو و ئایندەی بەخششی نووسەران نەک ڕابردوو، ڕەخنەگرتن لەتێکستێکی دیاریکراو هیچ کاتێک پووچکردنەوە و سڕینەوەی نییە وەک چۆن فریادڕەسیشی نابێت، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ گۆڕینی داهاتووی خاوەن دەق و هەمووانیش لە هەمان کاتدا، کە خەسڵەتی نووسەریش لە بنەڕەتدا ڕەخنەسازی بێ و بەپێی ئەزموون گەشە بکات، مەرجە ڕەخنەش قبووڵ بکا و بەر جیهانی ئەزموونە ناوەکییەکانیش بکەوێتەوە کە لای وی جیهانی دەرەکییە.